3

ڕۆژنامەنووسی

گۆڤاریکی وەرزییە
تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسیی

کۆنفرانسی دامەزراندنی لقی مووسڵی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان



2005

بەرەو پەرەپێدانی کاری سەندیکایی و تووندوتۆڵ کردنی پەیوەندییەکانی دەرەوە

فەرهاد عەونی

لەوانەیە هەلومەرجی کاری سەندیکایی زیاتریش لایەنی پیشەیی تاکو رۆژانی ئەمرۆ وەکو پێویست پیادەنەکرابی کە ئەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە:

- تەمەن کورتی ئەزموونی لایەنی پیشەیی لە چوارچێوەی کاری سەندیکایی ئاشکرادا.
- زاڵبوونی بەرنامەی سیاسی بە کارو چالاکییەکان بەسەر لایەنی پیشەییدا کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی کێشەی گەلی کوردستان و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ.
- ململانێی نێوان رێکخراوە سەندیکاییەکانی کوردستان لەگەڵ سەندیکا ناوندییەکانی هەمان جۆر لە بەغدا لەنێوانی مانەوەی قەوارەی سەربەخۆ یاخود ئەندامیەتی سەندیکاو یەکیەتیە کوردستانییەکان لە رێکخراوە هاوچەشنەکانیادا لە ناوەند کە ئەمیشیان لایەنێکی دیکەی ململانێی سیاسییە.
- زاڵبوونی هەڵسوکەوت و کارگێریەتی حزبیانە لە رێبەرەو و کاروانی سەندیکاییەکاندا کە ئەمانەو هەندێ هۆکاری کاریگەری دیکە تارادەیەکی گەورە رەنگدانەوەیان لەکار و چالاکی سەندیکایی لە کوردستان کردووە کە ئەمەشیان ئاکام و خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی ئەو بارودۆخەیە کە لە بنەرتدا قۆناغە سیاسیەکە لێی بەرپرسیارە و ناکرێ بیسوتێنین (حرق المراحل) بەڵام دیسان خەریکە سیمای سەرەتایی لەکاروانی بەرێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدیار بکەوێ و دیاریشە ئەوەی ئێستا هەیە لە ئارادا پێش دەسالێ نەبوو ئەوەی پاش دە ساڵی دیکەش دێتەکایەوە جیاوازییەکی زۆری دەبێت لەگەڵ ئەوەی ئێستا پیادە دەکرێ.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان خەریکە ئەو قۆناغە خێراتر ببڕێ پاش ئەوەی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسان لە کوردستان (١٣-١٥/٢٠٠٣- هەولێر) رێزەکانی بە تووندوتۆڵی رێکخست و بەرەو (تەکامولی) برد لەرووی پیشەیی و سیاسییەوە کە لە ئاکامدا کۆمەڵێ لە داخوازی رۆژنامەنووسانی بەدەست هێناوە کە بریتێن لە:-

- لەمپەر بوونی بەرامبەر هەر پێشێلکارییەك کە بەرامبەر ئازادی رۆژنامەنووس بکرێت سەرەڕای ئەو کەموکوڕیی و هەندێ لە (تەجاوزات) کە لێرەو لەوێ بە حوکمی نەزانین و لە روانگەی هەڵسوکەوتی حزبایەتی تەسك و پیادەکردنی دەسەڵات وەکو (دەسەڵاتی رووت) بێ گوێدانە مامەڵەی شارستانی کە دەخوازێ دیموکراتیەت پیادە بکرێ و رێز لە مافی مرۆڤ بگیرێت و یەکتری قبوڵ بکەین.
- حیساب کردنی خزمەتی رۆژنامەنووسی کاتێ رۆژنامەنووسی لە وەزیفەیەکی حکومی دادەمەزرێ لە هەردوو ئیدارەی کوردستان.
- بەخشینی سەدان پارچە زووەی لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان (تەنیا لە کەرکوك) نەبێت بۆ رۆژنامەنووسان، بەڵام دیسان دەیان رۆژنامەنووس تاکو ئێستاکەش بێ بەش لە بەخشش.
- ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان کە لە پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە دوو ساڵە بە یاسا دەرچووە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئەم ساتە لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە جێ بەجێ نەکراوە.
- گرێدانی کۆنفرانسی لقەکانی سەندیکاو رێکخستنی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا کە رۆڵێکی کاریگەری لەسەر ئاستێکی بەرزدا دەبینی و دەقی ئەو راپۆرتەی کە لەلاپەڕەی (٢٢٥)ی چالاکییەکاندا بڵاوکراوەتەوە ئەوە دەسەلمێنێ کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (حزوری) خۆی بە تەواوی لە سەر ئاستی ئامادەبوون و رۆڵی کاریگەر و قورسایی لەو چالاکیی و جموجوڵی و لەکۆڕ و کۆبوونەوەو (وۆرك شۆپ) و کۆنگرە جیهانییەکان پیادە کردووە سەرەڕای ئەوەی ئێستاکە وەکو لایەنێکی (تەرەفدار) لە چارەسەرکردنی کێشەی رۆژنامەنووسانی عێراق (بەبێ کوردستان) حیسابی بۆ دەکرێت و یەکێکە لەو دەستە سێ قۆڵییەی بۆ ئەم مەبەستە پێکهاتەوە کە لەلایەکی دیکەشدا (سەندیکا) لە رێگای سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەو دەستە سێ قۆڵییەی تەنسیق ئەندامەکە بەبێ ئەوان هیچ جموجوڵی و چالاکی رۆژنامەنووسی لە دەرەوەو ناوەوەی عێراق ئەنجام نادرێت.

لە داهاتووشدا وەکو پێشووتر راگەیاندراوە ئەنجوومەنی سەندیکا سەرقاڵی تاووتۆکردنی پرۆژەیەکە کە کاری رۆژنامەنووس لە کوردستان رێکدەخاتەوە کە تێدا مافی هاوواڵتیان و ئازادی رۆژنامەنووس و پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لە چوارچێوەی یاسایەکی شارستانی رادەگەیەنێ بۆ ئەوەی هەموولایەك لە چوارچێوەی یاساوە مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەین.

ژمارە
3
2005



Kurdistanjournalists.org

گۆڤاریٚکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسیی

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات

خاوەن ئیمتیاز
فەرهاد عەونی

سەرنووسەر
عەبدوللاٚ زەنگەنە
Mobile: 4568886

سکرتێری نووسین
خالید بەکر ئەیوب

دەستەی نووسەران
ئازاد عوبێد
ئەکەد مراد
ئەنوەر حوسێن
ئیسماعیل عەلی
رەفیق سالٚح ئەحمەد
سۆزان مامە
موسەدەق تۆفی

دەستەی راوێژکاران
حامد محەمەد عەلی
د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی
د.کەمال سەعدی
د.مۆفەق دەرگەلّەیی
د.هیمداد حوسێن
یونان هۆزایا

هەلّەچن: سالار عەبدولڕەحمان

تایپ و نەخشەسازی
هاوڕێ محەمەد زادە
هەوار محەمەد عەلی
ئەیوب محەمەد بابەکر

ناونیشان
هەولێر- شەقامی شەست مەتری (کوردستان) - گەڕەکی زانیاری
Tel: 2220367
Fax: 2294800

بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی

	سەرنووسەر	٣
هەندێ سەرنج و زانیاری پێویست لەمەڕ		٤
ئەزموونی رۆژنامەگەرییم	فەرهاد عەونی	٦
رۆڵی رۆژنامەی "ئازادی" لە رۆژنامەوانیی	فەتاح تۆفیق (مەلا حەسەن)	٢٤
رۆڵی رامیاری و رۆژنامەنووسیی	د.ئیسماعیل شوکر رەسوڵ	٣١
رۆژنامەی بانگی کوردستان	مومتاز حەیدەری	٤٢
بوونا رۆژنامەگەریا کوردی و هەلویستێ	و:موحسین عەبدولڕەحمان	٦٢
راپۆرتە هەوالّ	و: هیوا سالّح ئەحمەد	٩٩
چەمکی هەوالّ و چۆنیەتی داڕشتنی	خالد بەکر ئەیوب	١٢٩
هەوالّی ئەلکترۆنی چۆن دەنووسرێ	و: رەحیم سورخی	١٣٣
رابەری رۆژنامەنووسیی کوردی	ئا: عەبدوللاّ زەنگەنە رەفیق سالّح	١٣٩
رۆژنامەنووس... رەوش،سەلامەتی،ئەرك	شێرکۆ حەبیب	١٧٨
ناساندنی چوار بلاّوکراوەی نەناسراو	نەوزاد عەلی ئەحمەد	١٨٦
کورتیەك ل سەر کەتواری رۆژنامەڤانیا	و:موسەدەق تۆفی	١٩٠
ئەرشیفێ رۆژنامەڤانی	ئیسماعیل بادی	١٩٥
لاپەڕەیەك لە بەخششەکان	ئیسماعیل عەلی	١٩٨
چەند تیشکێك لەسەر گۆڤاری	مارلین ئەویشا	٢٠١
گەشتێك بەنێو لاپەڕەکانی گۆڤاری	عەبدولخالید سابیر	٢٠٦
هەوالّ و چالاکییەکانی سەندیکا		٢١١
ئاگاداری لە گۆڤاری (رۆژنامەنووس)ـەوە		٢٣٢

ڕێزبەندی بابەتەکان تەنیا پەیوەندی بە لایەنی هونەرییەوە هەیە

هەوالنامەی کتێب

"ئەگەر دەمزانی کەینێ دەمردم خانێ گەورە خرا دەکردم..!"

من پێم وایە توخمی مرۆڤ بە تێکڕایی هەرچەندەی لە پلەکانی شارستانێتی بچێتە پێشەوە، هەر دیلی دەورەبەرەکەی خۆی دەبێت، سوپاس بۆ خوا لەو رۆژەوەی راست و چەپی خۆم لێك جوایەز کردۆتەوە، هەر لەگەڵ پەڕە کاغەزو کتێب و قەڵەم بوویمە، پێموایە لەم بوارەدا لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانم بەشی خۆم باجم داوە، تەنانەت زیانی ماددیشم لێ کەتووە، بەڵام پێموایە رۆژێ لە رۆژان لە داب و نەریتی باب و باپیران و کوردەواری دوور نەکەوتوومەتەوە، هەر بۆیە هەر کارێکی لە ژیانمدا لە ئەستۆم گرتبێ، هەوڵم داوە بزانم چیم دەوێ و ئەوانەش کە لە دەوروبەری چییان لێم دەوێ. ئێستاش کە کاری (**سەرنووسەر**)ی (**رۆژنامەنووس**)م لە ئەستۆیە، پێم وایە هەر لە هەوەڵەوە زانیومە دەسەڵاتم تا کوێ بڕ دەکت، بەڵام ئەوەی پێم سەیرەو عەقڵم پێیدا ناشکێ و زۆریش بۆی بەداخەوەم بەم دواییانە جارووبار لێرەو لەوێ هەندێ تێبینی و سەرنجم دەخرێتە بەردەم، زۆر لە واقیع دوورەو تووشی سەرسوڕمانم دەکات.

یەك دوو رۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ژمارە (٢)ی **گۆڤارەکەمان**، (**خاوەن ئیمتیاز**) لەسەر ئەو سەرنج و تێبینیانەی هەرجارەی بە ناونیشانێك لە بارەی گرفتەکانی رۆژنامەنووسیی گۆڤارەکەمان دەینووسم پرسیاری لێ کردم ئەگەر ئەوە (**سەروتار**) بێت ئەدی ئەو لاپەڕەیەی ناوەوەی بەرگی یەکەم کە هەموجار ئەو پڕی دەکاتەوە دەبێت چی بێت؟

پێم وایە ئەوسا وەڵامەکەی من وابووە ئەوە نە بە ناوی (**سەروتار**) نووسراوەو نە منیش تاقەتی (**سەروتار**) نووسینم هەیە کە دەربڕی بۆچوونەکانی سەندیکا بێت، ئەوەتا بە پێچەوانەی ئەو دوو بەڕێزەی پێش خۆم، من ناوەوەی دوا بەرگی گۆڤارەکەمانم بۆ وردە بابەتەکانی کاری رۆژنامەنووسیی جێ هێشتووە، خۆ نابێ هەر جارەی چەند وشەیەك لەسەر گرفتەکانی گۆڤارەکەشمان نەنووسم و دەستنیشانی نەکەم، وا ئەم جارەش ئەم راپۆرتە بڵاو دەکەمەوە، کە کاتی خۆی لە کۆبوونەوەی گشتی سەندیکا خوێندوومەتەوە، ئێ کەواتە ئەی ئەو برادەرانەی شکاتتان لێ کردووم و لەسەر ئەو دەستەواژەیەی (**سەروتار**) لێتان لە هەللا داوم یان واز لەم قسەو قسەڵۆکانە بێنن و وەرن لە پێناوی بەرژەوەندی ئەم کارە پیرۆزە ببنە رێبەرو نیشاندەرم.

خۆ ئەگەر بەڕاستیش مەبەستتان ئیش کردنە وەرن ئەو مەسئولیەتەتان تەسلیم بکەم و تا بمێنم خزمەتیشتان بکەم..!!

سەرنووسەر

هەندێ سەرنج و زانیاری پێویست لەمەڕ چۆنیەتی دەرچوون و بلاوبوونەوەی گۆڤاری 

پێشەکی بەبۆنەی ساڵوەگەڕی یەککرتنەوەی ماڵێ رۆژنامەنووسان لەم بەشەی ولاتەکەماندا، پیرۆزباییەکی گەرمتان لێ دەکەم و دەستخۆشیش لەو کەسانە دەکەم کە بوونەتە هۆکاری ئەم یەککرتنەوەیە.

بەڕێزان:

وەکو هەموتان دەیزانن لەسەرەتای حەفتاکانەوە، سالانە کە یادی رۆژنامەنووسی کراوەتەوە، رۆژنامەنووسانی کوردیش، تەبای نەتەوەکانی دیکە، حەزیان کردووە ئەو ئومێدەی خۆیان دەربڕن گۆڤارێکیان هەبێت بایەخ بە کلتووری رۆژنامەنوسیی بدات، سوپاس بۆ خوا، وا لە ژێر سایەی حوکمی خۆبەخۆییدا ئەم ئاماڕنج و ئاواتە هاتۆتەدی، بەر لەیەککرتنەوەش، لە ژێر سایەی ئیدارەی ئەم لا، گۆڤاری (**رۆژنامەنووسان**) دەردەچوو و (۳)ژمارەی لێ بلاوکرایەوە، لەژێر سایەی ئیدارەی ئەم لایەش (**رۆژنامەڤانی**) دەردەچوو و ۱۲ ژمارەی لە (۱۰) بەرگدا لێ بلاوکراوەتەوە، ئەوەندەی من ئاگاداربم هەردوو گۆڤارەکە بوونەتە سەرچاوەیەکی متمانە پێکراو بۆ توێژەرو قوتابیانی زانکۆکان، تەنانەت چەند بابەتێکی گۆڤاری (**رۆژنامەڤانی**) وا تێزی ماجستێری لەسەر بنیات نراوە.

وا ئەمڕۆکە (**رۆژنامەنووس**)یش درێژە بە ئامانجەکانی هەردوو گۆڤارەکە دەدات، بەڵام وەکو هەموتان دەیزانن و زۆرجاریش لەسەر لاپەڕەکانی بلاوکراوەکانمان دووبارە دەکرێتەوە **رۆژنامەوانی** واتە: کاری ماندووبوون و سەرئێشە، بۆیە دەڵێم ئاساییە گۆڤارێکی وەکو (**رۆژنامەنووس**)یش، کەدەنگی ئەوانەیە بەدڵ حەز لەو کارەی سەرئێشەیە دەکەن، هەندێ کۆسپ و تەگەرەی بێتەڕێ، بەڵام ئەوەی لای من ئاسایی نییە، لێ بگەڕێین ئەو کۆسپ و تەگەرانە بەردەوام بن و دواتر بۆمان ببنە گرفت، بۆیە من وەکو (**سەرنووسەر**)ی گۆڤارەکە، پێش دەرچوونی هەر ژمارەیەک، بە ئاگاداری خاوەن ئیمتیاز و نەقیبی رۆژنامەنووسان، لەگەڵ دەستەی نووسەران کۆ دەبمەوەو دانوستانیان لەگەڵ دەکەم و گوێ لەڕاو بۆچوونەکانی یەک بە یەکیان دەگرم، لەبارەی هەر بابەتێکەوە سەرنجێکیان هەبووبێت بەهەندی هەڵدەگرم.

ئەوەتا لەماوەی حەوت مانگدا ژمارە ۱ و ۲ی گۆڤارەکەتان خراوەتە بەردەست، وا ژمارەی (۳)یەمیش بەڕێوەیە، بەتەماین لەکۆتایی ساڵدا دەربچێت، بەڵام وەکو لە وتارێکی ژمارە یەکی گۆڤارەکەدا نووسیومە: (**بەندەو تاقەت**)، بۆیە ئەوەی لەبارەی ئەم گۆڤارەوە لە ئێوەی بەڕێزم دەوێت وا لەچەند خاڵێك دا چڕیان دەکەمەوە:

۱. لەبەر ئەوەی ئەندامانی (**دەستەی نووسەران**)ی گۆڤارەکەمان هەریەک دوانێکیان لە شارێکن، بۆ کاروباری گۆڤارەکەو پرس و راگۆڕینەوە و چاپ و هەڵەچنی و زمانەوانیی هەر بابەتێك زۆر زەحمەتە پەیوەندییان پێوە بکرێ، بۆیە کارەکان بەبەردەوامی دەکەوێتە ئەستۆی یەکێکی وەکو (**سکرتێری نووسین**) و ئەندامێکی (**دەستەی نووسەران**) ومن کە لە هەولێر دادەنیشین، لەوانەیە ئەم کارانەش هەر هەمووی بە ئێمە جێبەجێ نەکرێت، بۆیە پێشنیاز دەکەم هەر هیچ نەبێت بەشێك لەکاری هەڵەچنیان لەکۆڵ بکرێتەوەو کەسێکی بۆ دابنرێ.

۲. لە ئەمڕۆی رۆژنامەوانی ولاتی ئێمەدا کاری دابەشکردنی بلاوکراوەکان تاوەکو ئێستا گرفتێکی بێ وێنەو بێ پاساوە، لە هەموو کوردستان رۆژنامەوانی بێ بەرهەمترین کالایە، بۆیە بڕواناکەم رۆژنامەیەك هەبێت تێچووی خۆی پەیدا بکاتەوە، بۆ (**رۆژنامەنووس**)یش کە هەرجارەی ژمارەیەکی نوێی دەردەچێت، دەتوانم بڵێم من تووشی (**خەمۆکی**) دەبم و بەردەوام پرسیار لەخۆم دەکەم چۆن بتوانین بیگەیەنینە کتێبخانەکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی،

وا بەم دواییانە کەرکووک و خانەقینیشی هاتۆتە سەر، (**مووسڵ**)یش ئەگەرچی هەتا نیوەی دانیشتوانەکەی کوردن، بەڵام وا دیارە لەوێ نەبۆتە عادەت رۆژنامەیەکی کوردی بڵاوبکرێتەوە، چ جای ئەوەی بڵاوکراوەی کوردی تێدا بفرۆشرێ، بۆیە پێشنیاز دەکەم هەرجارەی ژمارەیەکی نوێی (**رۆژنامەنووس**) دەردەچێت، لقەکانی سەندیکا خۆیان کاری دابەش کردنی گۆڤارەکە لەشارەکەیاندا بگرنە ئەستۆی خۆیان و بینێرنە کتێبخانەکان، خۆ ئەگەر رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانیش هان بدرێن هەرجارەی بابەتەکانی گۆڤارەکەیان هەڵبسەنگێنن دڵنیام دوای ماوەیەکی دیکە دەبینە خاوەنی میراتێکی بێ غەل و غەشی رۆژنامەنووسیی و گۆڤارەکەش ناوی ناخرێتە نێو ئەو بڵاوکراوانەی بۆ دەستەیەکی بژاردە دەردەچن.

٣. پێی ناوێ پێتان بڵێم ئەمڕۆی جیهانی **ئینتەرنێت** چەندە گرنگەو چ رۆڵێکی لەبواری (**رۆژنامەوانی**)دا هەیەو چۆن باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشاوە، چونکە لەمبارەیەوە ئێوە هەر هەموتان لەمن شارەزاترن، جا بۆ ئەوەی گۆڤارەکەمان بەتەنیا شەقڵی ئەرشیفی پێوەنەبێت، سەرباری نووسین لەبارەی بوارەکانی دیکەی راگەیاندن، داوا لەلقەکانی سەندیکا دەکەم هاوپێشەکانیان هان بدەن، هەر بابەتێکی تایبەت بە راگەیاندن و رۆژنامەوانیان لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت بەرچاو بکەوێ وەری بگرن و بۆمانی بنێرن، تا لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەیان جێی بۆ بکرێتەوە.

٤. چەند برادەرێکمان لە (**دەستەی نووسەران**) پێیان وایە سەر بەرگی گۆڤارەکە قەرەبالغە، گوایە وێنەی ئەم بڵاوکراوانەی لەسەر ئەم بەرگ و ئەو بەرگی گۆڤارەکە لە دوو ستووندا دانراون زیادەن.

٥. کاتی خۆی برادەرێکمان گلەیی لە ریزبەندی ناوەکانی(**دەستەی راوێژکاران**) کردبوو، ئێمەش دوای دانانەوەی ناوەکان لە وتارێکدا پاساومان بۆ ئەم کارەمان هێنایەوە، لەم رۆژانەدا دوای دەرچوونی ژمارە (٢)ی گۆڤارەکەمان، ئەو برادەرەمان وادیارە قەناعەتی نەهێناوە بۆیە داوای لێ کردووم ناوی لە ژمارە (٣)ی گۆڤارەکەمان لەگەڵ (**دەستەی راوێژکاران**) دانەنرێ، پێم وابە ئەم داوایەی ئەو بەرێزە پێویستی بە پرس و رای ئەنجوومەنی بەرێز هەیەو من لەخۆمەوە ناتوانم جێبەجێی بکەم.

٦. بە چاوپۆشین لەم خاڵەی سەرەوە، ئێمە لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا پێویستیمان بەراو سەرنجی هەر شارەزایەکی رۆژنامەنووسیی و رۆشنبیرێکی وڵاتەکەمان هەیە، لەم لایەنەوە درێغیمان لە پەیوەندی کردن نەکردووە، یەک لەو شارەزایانەی بواری راگەیاندن، دانیشتووی(**توزخورماتو**)ی شارە دزراوەکەی کەرکوکە، ماجستێر و دکتۆراکەی لەسەر بواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسییە، لە سەردەمی رژێمدا بەردەوام دزەی بە نووسینەکانی دەکرد و بۆ هەریەک لە (**رۆژنامەڤانی**) و (**رۆژنامەنووسان**)ی دەناردن، لەبەغداوە دەچووە سلێمانی و لەبەشی رۆژنامەنووسی دەرسی دەگوتەوە، ئەویش د.فاروق عەلی عومەرە، پێشنیاز دەکەم ناوی بخرێتە تەک (**دەستەی نووسەران**) یان (**راوێژکاران**)ی گۆڤارەکەمان، تابتوانین بەئاسانی سوود لە شارەزاییەکەی وەربگرین.

٧. وابزانم لقەکانی سەندیکامان لەهەموو کەس زیاتر شارەزای توانای ئەندامەکانی خۆیانن و باشترین دەناسن، کارێکی باش دەبوو ئەوانەیان کە ئەزموونێکی رۆژنامەنووسییان هەیە هان بدرێن بیرەوەرییەکانی خۆیان لەسەر لاپەڕەکانی (**رۆژنامەنووس**) بۆ نەوەی نوێ بگێڕنەوە.

٨. ئێمە لە (**دەستەی نووسەران**) بەشێکمان لە گۆڤارەکەمان لە ژێر ناونیشانی (**وێستگەی رۆژنامەنووس**) داناوە، پێمان وایە وەرزانە هەموو چالاکی رۆژنامەنووسیی، تەنانەت بواری کۆمەڵایەتی رۆژنامەنووسانیش لەم گۆشەیەدا جێی بۆ بکرێتەوە خزمەتێکی باشی ئەم بوارەی پێ دەکرێ.

پێم وایە لەم دانیشتنەدا هەر ئەوەند بوارەم پێ دەدرێ قسە لەسەر گۆڤارەکەمان بکەم .

ئیتر خۆشیتان و وڵات ئاوەدان.

عەبدوللا زەنگەنە

لەجیاتی دەستەی نووسەران

١٤-١٢-٢٠٠٤

ئەزموونی رۆژنامەگەریم

بەشی چوارەم





فەرهاد عەونی

هەوالنامەی کێبڕکێ

لە ژمارە(٢)ی رۆژنامەنووس ئەلقەی سێیەمی ئەم بابەتەم، مێژووی ١٩٩٦/٩/٢٧م بۆ دانابوو، چونکە ژمارەی (٢١٨٧) رۆژنامەی برایەتی لە رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٧، دوا ژمارەی خوولی مەسیف سەلاحەدینە کەتاکو ئەم رۆژەش برایەتی هەر لەسەلاحەدین دەردەچوو. خوولی برایەتیش کەلە ١٩٩٦/١٠/١٣ دەست پێ دەکات، خوولی گەڕانەوەی برایەتی بۆ هەولێری پایتەختە پاش نزیکەی (٢٠) مانگ لەئاوارەبوون و دەردەسەری، تێیدا کارە رۆژنامەنووسیەکەمان لە شێوازی سەردەمی هەردوو بەهەشتی حوسێن حوزنی و پیرەمێرد دەچوو، یانی گەڕانەوەبوو بۆ سەردەمی بیست و سیەکانی چەرخی بیستەمی رابردووە، چونکە شێوازی کارکردنمان هەر لە نووسین و ریپۆرتاژ و پەیامنێری و هەڵەچن و وێنەگری، تاکو رێکخستنی لاپەڕەکان لەسەر شێوازی (**مەلزەمە**)و تووند کردنی بە (**کابیسەی**) دەستی و کاری ئەرشیفی تێکەڵاو بووبوو، هەر هەموو خێزانی هەردوو رۆژنامە (**خەبات و برایەتی**) بەکارمەندی خزمەتگوزارەوە تاکو بەندە لەسەر ئەرز بۆی دادەنیشتین و زۆربەی کاتیش بێ رووناکی کارەبا، کارەکانمان لە (**قەلەندەرخانەکەی**) برایەتی، جێ بەجێ دەکرد. بەراستی دەتوانم بڵێم شێوازی هاریکاری تووندوتۆڵی یاریزانانی تیمی تۆپێن و یەک خێزانی پێوەدیاربوو، سەرەڕای نووستن ونان خواردنی بە کۆمەڵ، بەرادەیەک تاکە یەک کێشەش لەنێواندا رووی نەدا.

رۆژانی دوای یۆبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٤٦/٨/١٦ -١٩٩٦/٨/١٦) گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی شەڕی ناوەخۆ هاتە ئاراوە، تێیدا گەڕێکی دیکەی شەڕی خوێناوی بەرۆکی گەلی کوردستانی گرتبوو، بەرادەیەک ترسی ئەوەمان هەبوو شەڕەکە گەورەترو فراوانتربێت، کلاوقاسم و کەپکی حەمەدئاغا و رێگای نێوان هیران و شەقلاوەو زیارەت و دەرگەڵەو سپیلک و گەلاڵەو سیدەکان، ناونیشانی هەواڵەکانی راستەوخۆی رۆژی چەند جارەی (**دەنگی کوردستانی عێراق و دەنگی گەلی کوردستان**) بوو، لەنێواندا بەتەواوی (**هێرش و دژە هێرش**) سیمای قێزەوەنی ئەزموونێک بوو کەلە ئاکامدا هەرهەموو لایەکی خستە بەرەی چەند لایەنێک و لە ناخەوە و بەقەناعەتەوە لێی ئاگادارین، رۆژانە ئەو لایەنانە (٢٤) کاتژمێر خەریکی پیلان گێڕانن دژی (**کوردو کوردستان**) بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەو شەڕە ناوەخۆیە کەهەندێک بەشەڕی (دەسەڵاتی) ناودەهێنن، خەریک بوو ئەو دوو زلهێزەی کوردستان کە لە ٨٠ ٪ جەماوەریەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد پێکدێنن، بگەنە ئاقارێک رۆژانی لەناو چوونی هەندێ لە میرنشینە کوردمان بێننەوە یاد، چۆن نێوانی دوو برای باوک ودایکی و دوو سەرکردەی یەک ئامانج و یەک چارەنووس یان دوو ناوچەی نەژاد کوردی ولاتێکی دابەشکراو، دەگەیشتە ئاقارێک کە دووسەدو پەنجا جار لە دوژمنایەتی دوژمنە سەر سەختەکانمان بەهێزتربوو. بارودۆخی رۆژانی پاش یۆبیلی زێڕین و رۆژی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ تاکو رۆژانی بەکۆتا هاتنی ئەو شەڕە شوومە، سیماو ماهیەتی ناخی ئەو رۆژگارەبوو کە بەزەیی بەهیچ شتێک نەدەهاتەوە و تاکە پەرۆشیش کە بەخەیاڵدا دەهات، خۆپاراستن بوو لە لەناوچوون و تێکشکاندا، ئەوجا بەهەر جۆرێک و بەهەر نرخێک بووبێ.

رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٣ لەگەڵ هاوکارانم شێرزاد عەبدولڕەحمان و محیەدین عەزیزی وێنەگر بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی لەمەسیف سەلاحەدینەوە بەرەو

سیدەکان چووین کە تا ساتی گەیشتنمان شوێنەواری سووتان و دژە هێرشی تێدا مابوو، بوو بە بابەتێکی سەرەکی ڕێپۆرتاژێک کە لە ژمارەی ٢١٨٢ی ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٢٨ بلاوکرایەوە، تێیدا بۆ یەکەم جاربوو هەستم بە قورسایی و ترسناکی ئەو گەڕی شەڕی ناوەخۆ دەکرد، بەڵام دیسان دەسەڵات چییە دەبێ ملی بۆ رابکێشین و لە چاوەڕوانی ئاکامە بێ ئاکامەکانی دابین.

ژمارە ٢١٨٢ دوا ژمارەی پێش ڕووداوی ٣١ ی ئابی ١٩٩٦ بوو کە بارودۆخەکەی سەرتاپا گۆڕی، بەندە لێرەدا نایەوێ بچێتە ئاقاری شیکردنەوەی ئەو ڕووداوە، چونکە زۆر لە من گەورەترىوو، بەڵام بێ گومان هۆکارو وئاکامی خۆی هەبوو، کە لێرەدا جێگەو کاری شیکردنەوەی من نییە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باس کردنی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە بوو بە سەرکاری ڕۆژنامەنووسیمدا سەرەڕای کاریگەریەتی لەسەر لایەنی تایبەتی خۆمدا کە لێرەدا ڕاشکاوانە باسی لێوەدەکەم. مەبەستیشم تێیدا تەنیا باسی لایەنی پەیوەندداری بەبەندەوە هەیە، نەک خوانەخواستە بریندارکردن یاخود لەکەدارکردنی لایەنێک بێ، چونکە من دەمێکە هاتوومەتە ئەو قەناعەتە ویژدانی و سیاسییە کە هەر هەموو لایەکمان هەڵەمان کردووە و ڕاشکاوانەتریش گوناهەکان هێندە زۆرو فراوانن بەشی هەموو لایەکمان دەکات، بێ ئەوەی لایەنێک بە تەنیا تۆمەت بار بکەم و بەشە زۆرەکەی بدەمێ.

خوێنەری خۆشەویست نامەوێ لێتانی بشارمەوە کە بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە تا چ ڕادەیەک کاریگەریەتی لەسەر ئاستی باری دەروونیم کردبوو، باوەڕ مەکەن ئەگەر لێرەدا خۆشحاڵی ئەو کاتەی خۆم ڕانەگەیێنم بەڕووداوی ٣١ی ئاب، چونکە منێکی ڕۆژنامەنووس لەسەر ئەم کارەو بەحوکمی کارەکەش تەرەفگیری پارتی دیموکراتی کوردستان بووم کە لەپێشووتردا هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٦٣وە بەڕەسمی ئەندامی ئەو پارتی دیموکراتی کوردستانە بووم کە لە ڕێگەی پێشمەرگایەتیم لە **(دادگای بەرزی شۆڕش لەماوەت)** هاتمە ڕیزیەوە کە بوو بە هۆکاری یەکەمی ئەو هەموو دەردەسەرییەی ساڵانی ١٩٦٣ ، ١٩٧٥ ، ١٩٩٤ کە تووشی هاتووم بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر مانّ تاڵان کردنەکەم و سەرگەردانی خێزانم بوو بۆ ماوەی دووساڵ لەو مانّ بۆ ئەم مانّ و لەکیس چوونی ساڵێکی تەمەنی خوێندنی **(ڕێکان و لانە)** و تووش بوونی پەروینی هاوسەرم بە نەخۆشی حەساسیەت و سەرەڕای لەدەست چوونی کەلوپەل و کتێبخانەو وێنەو شەهادەی منداڵەکانم هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایان تاکو ئەم ڕۆژە، لەگەڵ سەرتاپای ئەرشیف و ئۆتۆمبێل، ئەوجا دەرکردنی دایکێکی ٧٥ ساڵەی ئەم کاتە(**هاوینی ساڵی ١٩٩٥**) لەگەڵ پوورم و خوشکێکی مامۆستای قوتابخانە لە شاری کۆیە، کە (**عەونی**) خوالێخۆشبووی باوکمان، لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی سالانی ٩٨٨ و ٩٨٩، کە کۆیە بە بڕیاری **(مجلس قیادة الثورة)**ی گۆڕبەگۆڕ، بووبە گوندو خەریك بوو بەدەردی قەلادزێ بچێت، ئەگەر ڕۆژگاری شەڕی داگیرکردنی کوێت نەبوایە، لەوکاتەدا (**عەونی**) باوکمان لەوەڵامی ئەو وردە گلەییانەی کە لەلایەن ئێمەوە، (**کورو کچانی**) لێ دەکرا کەلەبەرچی بیری لەوە نەکردۆتەوە خانوێك یاخود مولکێکی لە هەولێر نەکڕیوە، یاخود بۆ ئێستا کە (**ئەوکاتە**) نایکڕێ ئەویش زۆر بە هێمنی و لەسەر خۆ لە وەڵامدا دەیگوت **(ژیانم لە کۆیە بووە دەبێت مردنیشم هەر لەکۆیە بێت و تەنیا کۆیە)**شە دەبێت دوا مەنزلگا **(قەبرم)** بێتوو یەزدانی گەورەش ئاواتەکەی هێنایە دی و ڕامالێنی بەعسی لە بەهاری ١٩٩١ لە کوردستان بەچاوی خۆی بینی و کاتی کاك **(ڕەهبەری سەید بڕایم)**ی کادیر و پێشمەرگەی دێرینی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کە لە سەرەتای ساتەکانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٩ ڕۆژی ئازادکردنی کۆیە هەر زوو سەربەمالّی ئێمە دەکات و دەچێتە لای باوکم، داوای ئەوەی لێ دەکات کە ماوەیان بدات (مەبەست لەو دەستە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بە ڕابەرایەتی کاك ڕابەر خۆی) لەسەر بانی مالّی ئێمەوە تەقە لە باڵەخانەی **(مەنزومەی استخبارات)** بکەن، وەڵامەکەی باوکیشم لای کاکە ڕەهبەرەو کە چوون پێشوازی لە خۆی و پێشمەرگەکان کرد، بەڵام سەد حەیف و مخابن شەڕی ناوەخۆ ئەوەندەی یەکتری لا ناشیرین کردبووین کە ئەوەی پێمان کرا، لەگەڵ یەکتری کردمان تەنانەت، ئەو شەپۆلە خێزانی (عەونی)یشی گرتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی (**فەرهادی**) کوڕیان سەرنووسەری ڕۆژنامەی لایەنی بەرامبەرە، لەکاتێکدا (**فەرهاد**) لە ساڵی ١٩٧٠ وە مانّ و حاڵی

خۆی جیایەو دایکی فەرهادیش پێش ئەوەی دایکی فەرهاد بێت خێزانی (**عەونی**)یە کە (**عەونیش**) هەر لە سەرەتای سییەکانی چەرخی بیستەمەوە شیعری بۆ کورد و کوردستان گوتووە، تەنانەت دوا شیعریش لەسەردەمی بەعسدا ئەو چەند دێرە شیعرەی خوارەوەیەکە بۆ (یەکبوونی) کوردی نووسیوە، لە کات و ساتێکدا کە کەس دەیتوانی لەماڵی خۆشی بەم شێوەیە باس لەیەکبوونی کورد بکات. کەبە داخەوە پاداشتەکەی پاش مردنی پەراگەندە کردنی خانەوادەکەی بوو، دیسان بەوپەڕی داخەوە بڕیارەکەش لەسەر مێزی خواردنەوەی شەوێکی بەهاری ئەو شارە بوو کە عەونی لەسەردەمی بەعسدا دەیگوت (کۆیە) دەبێت (قەبرم بێت)، ئەو چەند دێرە شیعرەش شاهیدی حاڵی ئەو (یەکبوونە بوو) کە عەونی خەونی پێوە دەدیت کە لە ژمارەی ٨٨ ساڵی ١٩٩٠ی گۆڤاری (**کاروان**) بلاوکراوەیەوە، سوێندتان لەسەرم نییە، پاش بلاوبوونەوەی ئەم شیعرە بۆ ماوەی یەک دوو مانگ لەوە دەترسام بەم تەمەنە باوکم لێرەدا (**کە ئەوسا ٧٧ ساڵ بوو**) راپێچی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی بەعس بکرێت، لێرەدا شیعرەکە وەکو کە کاتی خۆی بلاوکراوەتەوە، ئەوە بلاوی دەکەمەوە تاکو خوێنەری ئازیز حوکمی خۆی لەسەربدات، کە بەناونیشانی:

یەکبوون

ئێستە من پیر بووم و شوێن دڵداری ناکەوم
ڕێ سەرەو هەورازە بۆ خۆم تێ دەگەم سەرناکەوم!
دوای هەموو زانست و تاقی کردنەوەم ماوەی ژیان
من بەهاندانی ئەم و ئەو تازە هیچ تێ ناکەوم
من بەڵێنم داوە تامام بەسەر بەرزی بڕۆم
گەر سەرم بڕوا لە ڕێدا قەت لەژێر پێ ناکەوم
تەندروستیم هەر نی یە ئیمڕۆ مەترسی مەرگمە
تاکو دوژمن شاد نەبێ بۆیە لەسەر جێ ناکەوم
نۆش داروویی دەردی گشت یەکبوونە دەیزانین هەموو
گەر هیواداریم بەیەکبوون شوێن ئەم و ئەو ناکەوم
ئاشنا گەر نەم کوژێ ترسم نی یە نا ئاشنا
با هەمیشە گوللە بارانم بکا پێ ی ناکەوم!!
خۆشە نەمرم تاکو ڕۆژی خۆم بەسەربەستی دەدی
بشمرم باکم نی یە ئەو ساکە شوێن سوێ ناکەوم

بەهەر حاڵ ئەو بابەتەی کە ئێستا ئیشارەتم بۆ کردەوە هۆکاری خۆشحاڵیبوونم بوو بۆ ڕووداوی ٣١ی ئاب کە لە حاڵەتی ئاوارەبوون و پەڕاگەندەی خێزانی بچووک و گەورەم و گەڕانەوەمان بۆ کۆیەو هەولێر بوو، بەڵام دیسان ئەم ڕووداوە خەریک بو نێوانی کاك جەوهەر نامیق و بەندە ئاڵۆز بکات چونکە کاتێ ئەندامانی هەردوو فراکسیۆنی زەردو سەوزو لیستی مۆری پەرلەمانی کوردستان بڕیاریان دابوو کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ببەستن و کاك جەوهەر وەکو سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەنەبوو ئەو کۆبوونەوەو هیچ کۆبوونەوەیەکی دیکەی پەرلەمان لە هەولێرو لەتەلاری پەرلەمان ببەستڕێت بە وجودی هێزەکانی (**گاردی کۆماری**) کە پێشتر بەیانێکی ناپەزایی سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە بۆ هەولێر (**لە ٣١/ئاب ١٩٩٦**) دەرکردبوو، کۆبوونەوەکە لەمزگەوتی گەورەی شارۆچکەی شەقلاوەدا لەکاتژمێری ٨ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩٦/٩/٣ بەسترا بەئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و زۆربەی زۆری ئەندامانی هەردوو فراکسیۆن و لیستی مۆر.

کاك جەوهەر وەکو سەرۆکی پەرلەمان دەیویست ناپەزاییەکەی بەرامبەر بارودۆخەکە کە خۆی لەو بەیاننامەدا دەدیتەوەو وێنەیەکی (دەقەکەی) بۆمن نادربوو، تاکو لەبرایەتی بلاوبکرێتەوە، بەڵام من رازی نەبووم ئەو ڕاگەیاندنە لە (برایەتی) بلاوبکرێتەوە، لەبەر چەند هۆکارێك کە ئەو کاتە بەکاك جەوهەرم گوت: کەیەکەمیان برایەتی ڕۆژنامەی پارتییەو سەرنووسەرەکەشی ئەندامی پارتی و ١٠٠٪ مولتەزیمە بەڕێبازو سیاسەتی پارتی، راستە ئێوە (مەبەست کاك جەوهەرە) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرۆکی پەرلەمان و خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەشن، سەرەڕای پەیوەندی خزمایەتیشمان بەڵام ئیلتیزامی پارتایەتیم و بەرپرسیاریەتی سەرنووسەری برایەتی لەوە بەهێزترە کە شتێك بلاوبکەمەوە لەگەڵ سیاسەتی پارتی نەگونجێ.

لەوەڵامی ناپەزایی ئێمە بەرامبەر بلاوکردنەوەی بەیاننامەکەی سەرۆکی پەرلەمان کاك جەوهەریش لەوەڵامدا بەهەندێ تووڕەیی و شێوازێکی گلەیی ئامێز پێی گوتم: من وەکو پارتییەك سەرەڕای پلەی لێپرسراویەتیم خۆم بەمولتەزیم ئەزانم و هەڵوێستی

جەنابیشت (مەبەستی بەندە بوو) بەتەواوی تەفاهوم دەکەم، پێم خۆشە هەڤالانی پارتیمان هەریەک لەجێگای خۆی وا مولتەزیم و گوێڕایەڵی بڕیاری سەرکردایەتی پارتی بن، بەڵام ئەمەی ئێمە مەسەلەیەکی دیکەی چەندلایەنی تایبەتی خۆی هەیە، بەدەر لەدروستی و نادروستی ئەوەی رووید لە ٣١ی ئاب..

یەکەمیان: بەندە یەکەم سەرۆکی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانم سوێندی یاساییمان خواردووە، یاسای ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢ و پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان وەکو سەرۆکی پەرلەمان هەندێ ئەرك و ئیلتیزاماتی لەسەر فەرز کردووین، (حەرەس جمهوری) هاتۆتە هەولێری پایتەختی کوردستان، تۆپبارانی باڵەخانەی پەرلەمانی کردووە، زیاتر لە (١٥) گوللە تۆپی بەرکەوتووە (حەرەس جمهوری) هاتوونەتە نێو باڵەخانەی پەرلەمان کەچی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ و پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانیش مەودا نادات بەهیچ هێزێکی چەکدار داخیلی سنووری تەلاری پەرلەمان بن بێ موافەقەت و فەرمانی سەرۆکی پەرلەمان، نەخاسمە نێو خودی تەلاری پەرلەمان، سەرەڕای ئەمانە چەند ژوور و هۆڵی پەرلەمانیان تێکداوە و سووتێندراوە، ژووری سکرتێری پەرلەمانییان کردۆتە تەوالێت و ژووری سەرۆکایەتی بۆتە ژووری عەمەلیات عەسکەری دەستییان بەسەر هەموو دیکۆمێنت و ئەرشیف و کتێبخانەی پەرلەماندا گرتووە، گوێزاویانەتەوە بۆ بەغدا.

دووەمیان: کاتێ جەولەی یەکەمی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی رووید هێزەکانی یەکێتی حورمەتی تەلاری پەرلەمانییان شکاند، ئێمەش موقاتەعەی باڵەخانەی پەرلەمانمان کردوو تاکو چۆلیان نەکرد، ئەو ئامرازانەی کە تاڵان کرابوو نەیانگەڕاندەوە نەچووینەوە بۆ تەلاری پەرلەمان و ئەو رووداومان مەحکوم کردو لەهەموو شوێنێکەوە دەنگی نارەزایی بەرز بۆوە، هەر هەمان شت کەبۆ جاری دووهەم هێزی چەکداری یەکێتی هاتنە نێو حەرەمی پەرلەمان لە گەڕی دووەمی ساڵی ١٩٩٥ لەکاتی مانگرتنی زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان بەشەڕی ناوەخۆ لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژییە هەم مانگرتنمان کۆتایی پێ هێناو هەم ئەو کارەمان مەحکوم کرد، لەهەردوو حاڵەتدا بەیان و راگەیاندنی رەسمیمان بلاوکردەوە.


لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣یش کاتێ هێزەکانی جندرمەی تورك سنووری کورستانییان بەزاند مەحکوممان کرد. دیسان کە ساڵی ١٩٩٥ هێزێکی پاسدارانی ئێران سنووری کوردستانییان شکاندو هاتنە شاری کۆیە لای هەولێر و لەسێبەری شەڕی نێوخۆدا هەوڵییاندا گورزێکی کوشندە لەبارەگاکانی حزبی دیموکراتی کورستانی ئێران و ئاوارەکانییان بدەن، ریسواو مەحکوممان کرد بەراگەیاندنێکی رەسمی لێرەدا چ مەنتیق و مەعقولییەتی تێدایە (حەرەس جمهوری) بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بکەن کە بەندە سەرۆکییەتی، تاکو ئێستاش تەڕاتێن لەهەولێری پایتەخت بکەن، ئێمەش لێرەدا بێ دەنگبین، ئەم بەیاننامەیەشم داوەتە دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی رۆژی ٣١ی ئاب، ئامادەیش بووم بۆ هەموو ئیجرائاتێکی حزبی، بەڵام وەکو سەرۆکی پەرلەمان شەرم و لاوازی و ناحەقییە ئەگەر بێت و بێ هەڵوێستە بم، ئەم هەڵوێستە، یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان فەرزی کردووە لەسەرمان، وەکو ئەرکێك و ناکرێ پیادەی نەکەم.

کاك جەوهەر نامیق وەکو سەرۆکی پەرلەمانی سوێندخواردووی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکان دەکردو پێی وابوو ئەوە ئەرکی راستەقینەی ئەوەو حەقداره بەحوکمی یاسا، بەڵام منیش سەرەڕای پێخۆشحاڵیم بەرووداوی ٣١ی ئاب کە لەپێشەوە باسم لەهۆکارەکانی کردووە نەدەکەوتمە ژێر کاریگەرییەتی قسەکانی کاك جەوهەر وەکو پارتییەکی مولتەزیم و کە تارادیەیەکی گەورە ماوەی مناوەرەو ئازادی رۆژنامەنووسیی و ئازادی رادەربڕین کە پارتی بڕوای پێیەتی و منی سەرنووسەریش مامەڵەم لەو روانگەوە دەکرد، وای لێکردم ئازادانە قسەکانی ئەو و خوالێخۆشبوو جێگری سەرۆکی پەرلەمان نەژادی ئەحمەدی عەزیز ئاغا و سەرۆك و جێگری هەردوو فراکسیۆنی زەرد و سەوزیو هەندێ پەرلەمانتاران کەلە مزگەوتی شەقلاوە بە رۆژنامەی برایەتیان راگەیاند وەکو خۆی بلاوی بکەمەوە لەو ژمارەی برایەتی (٢١٨٤) رۆژی ١٩٩٦/٩/١٠.

رۆژی١٩٩٦/٩/١ لە سەعات ١ی سەر لەبەیانی لەگەڵ رۆژنامەنووسان شێرزاد عەبدولڕەحمان و

حەیدەر عەبدولڕەحمان هاتینە هەولێرو یەکسەر رووما لەبارەگای پێشووی برایەتی و خەبات کرد، بەڵام چۆنمان دیت، دیتنێك بەڕاستی نیگەرانی کردم کە بریتی بوو لە باڵەخانەیەکی کاول و وێران و هەر ژوورەی مالێکی هەژاری تێدا حەوابوەوەو هیچی لەسەر هیچ نەمابوو، بە شێوەیەك دەتگوت رۆژێ لە رۆژان شوێنی ئەوە نەبووە مرۆڤ بتوانێ لێ ی دانیشتبێ، بەڵام دیسان خۆم بەخۆمم ووت دەبێ لەماوەیەکی کەمدا بیگەڕێنمەوە بۆ هەمان دۆخی جارانی، پاش یەك دوو رۆژێکی دیکە کاك سامی عەبدولرەحمان لەبارەگای (م.س) لە سەلاحەدین پێی راگەیاندم کە بەزووترین کات پێویستە بچمە هەولێر و ئەو بارەگایەی کە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ و الاتحاد)ی لێ دەردەچوو(کەبریتی بوو لە باڵەخانەی قوتابخانەی ئامادەیی هەولێری پێشوو) کە ئێستاکە بوەتە باڵەخانەی بەشێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان(ئیدارەی هەولێر)، کاك سامی پێی راگەیاندم کە باڵەخانەکە لەئەمانەتی (فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگە کە بەڕێز خالد محەمەد بوسەلێی)یە لێی وەرگرم گوتیشی کاك خالد بوسەلێ ئاگادار کراوەتەوە.

رۆژی ١٩٩٦/٩/٤ سەردانی هەولێری بێ ئاوو کارەبام کردو یەکسەر چووم بۆ شوێنی مەبەست، بارەگای هەردوو رۆژنامەی (کوردستانی نوێ و الاتحاد)بوو، کاتێ چوومە ژوورەوە بەو دیمەنە سەرسام و نیگەران بووم کەهاتەپێش چاوم، کاغەز و کتێب و وێنەی ساغ و دڕاو لەهەموو لایەکی بارەگاکە بلاوببۆوەو هیچ لەسەرهیچ نەمابوو بەشێکیش لە ئەرشیفی پێشووی دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات لەهەمان شوێن بلاوببونەوەو چەند وێنەیەکی خۆشمی لەگەڵدابوو کە وادیاربوو کاتی خۆی لەدەزگای ئێمەوە گواستراببۆوە بۆ ئێرەو کاتێ چوومە ژووری سەرنووسەری (الاتحاد) کە دۆست و برادەر و هەڤاڵی دێرینم کاك (عادل مراد) بوو، ئەم جارە دووجار نیگەران بووم کاتێ کەدوا ژمارەی هەفتەنامەی (الاتحاد)م بینی بە چاپکراوی و لەسەر مێزی سەرنووسەر دیاربوو رۆژی ٣١ی ئاب پێڕانەگەیشتبوون دابەشی بکەن ئەویش بەهەمان دەردی ژمارە (٢١١٨) برایەتی چووبوو، کاتێ بە ماکێتی هەر (٨) لاپەڕەی لەسەر مێزەکەی ژووری من لە برایەتی بەبێ خاوەن مابۆوە کە هەردووکیان چ (برایەتی) و چ (الاتحاد) تووشی هەمان (دەردە کورد) بووبوون، لە کاتێکدا تەنیا چوار ساڵ بەسەر تێپەڕینی چەرخی بیستەم مابوو ئێمەش (ئێمەی کورد) تازە خەریکی مالّ کاولکاری یەکتری و تالان کردنی مالّی رۆڵەی کورد بووین، لەو کاتەشدا ئەوەم بیرهاتەوە کە ٢٥ ساڵ پێش ئەوکاتە**(عادل مورادو بەندە)** هەردووکمان رۆڵی سەرۆك و سکرتێری گشتی گەورەترین رێکخراوی قوتابیانمان دەبینی کە ئەویش **(یەکیەتی قوتابیانی کوردستان)** بوو، پاشانیش بەخت و قەدەری بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان هەریەکەمانی فڕێدابووە لایەك کە مالّ و حاڵی یەکتری تالان بکەین (مەبەست لەهێزەکانی هەردوو لایە)، لەوانەیە کاك عادل و من حەزمان لەو حاڵە ئابڕووبەرە نەکردبێ، بەڵام چونکە هەریەکە لەلایەنێکی دژ بەیەك بووین لەوکاتەدا، دەبوایە ئێمەشی تێدا بکەوێ وببینە بەشێك لە تراژیدیای کوردی بەبێ ئارەزوو حەزی هەریەك لەئێمە.



کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ناوپردان ١٩٧٠/٧/١٤، عادل مراد و فەرهاد عەونی

ژمارەکانی برایەتی ٢١٨٣/ رۆژی ١٩٩٦/٩/٣ بە ٨ لاپەڕە لەگەڵ پاشکۆی ئاگادارییەکان و ژمارە ٢١٨٤/لە ١٩٩٦/٩/١٠ بە ١٢ لاپەڕەو ژمارە، ٢١٨٥ بە ١٦ لاپەڕە لە ١٩٩٦/٩/١٤ ژمارە ٢١٨٦بە ١٢ لاپەڕە بەهەمان ستافی ئاوارەیی مەسیف سەلاحەدین و لەهەمان چاپخانەی خەبات لە دهۆك چاپکرا، تێیدا

تـەنیا ئامـادەکردنی ئەوبابەتانـەی دەگرتـە خـۆ کـە بابەتی گـەرم و تـازەی رووداوەکـانی پـاش ٣١ی ئـاب بـوو، کەلـەوە زیـاتر چـونکە رووداوەکـان زۆر خێـراو گـرنگ بـوون نەدەپـڕژاینـە سـەر بابـەتی دیکـە، بـەلآم پاش دەرچـوونی ژمـارە ٢١٨٧ لـە رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٧ بەهەشت لاپـەڕە، تێیدا (**پەرلەمانی کوردستان باوەڕی بەکابینـــەی ســـێیەمی حکوومـــەتی هـــەرێمی کوردســتان**)دا، د.رۆژ نـوری شـاوەیس بـە سـەرۆکی حکومەت و نێچیرڤان بارزانی جێگری سـەرۆك دەسـت نیشان کران.

دواین ژمارەی بارودۆخە نائاسایی قۆناغی حاڵەتی ئاوارەبوون و ئیستینائی برایەتی بـوو ئـەم ژمارەیـەش کە دەرچوو زیاتر پەلەی ئەوەی تێدا کـرا کـە هاوکـات بوو لەگـەل بلاوکردنـەوەی دەنگوباس و کۆبوونـەوەی رۆژی ١٩٩٦/٩/٢٦ پەرلـــەمانی کوردســـتان تێیـــدا سـەرەڕای وتـاری سـەرۆك بـارزانی لەپەرلـەمان و راگەیانـدنی کابینـەی سـێیەمی حکوومـەتی هـەرێمی کوردستانی تێدا ئـەنجام درا، کـە دوو بابـەتی گرنگی ئـەو رۆژەبـوون، وتارەکـەی سـەرۆك و داڕشـتنی هەواڵەکـەی کابینـەی سـێیەم و پـەیامی برایـەتی ئـەو ژمارەیە کە لەژێر ناوی (**پشتگیری کردن لەحکومەتی هـــەرێمی کوردســـتان ئـــەرکێکی نیـــشتیمانی و نەتەوایەتیە**) تاکو سـەعات (١١)ی شـەوێ هێشتمەوە پاشـان بـە ئوتوتمبێلەکـەی رۆژنامـەنووس شـێرزاد عەبدولڕەحمان تاکو (**نەقلیاتی گشتی**) لەوێشەوە بۆ مەسـیف سـەلاحەدین بـە ئوتـومبێلێکی تاکـسی گەیشتمەوە ماڵ، چونکە تـاکو ئـەو رۆژەش مـاڵم هـەر لەسەلاحەدین بوو.

رۆژی ١٩٩٦/١٠/١٣ سـەرەتای قۆنـاغێکی تـازەی برایەتی بوو، پاش قۆناغی دوایـی راپـەڕین و قۆنـاغی مەسیف سەلاحەدین. ئەم قۆناغە تازەیـەش بـە ژمـارە ٢١٨٨ دەست پێ دەکات پاش ئەوەی توانیمان:

یەکەم: دابین کردنی شوێن و جێگای بارەگای برایەتی و خەبات بە شێوەیەکی کاتێ کە لـەبارەگای پێشووی **(کوردستانی نوێ و الاتحاد)** بـوو، چـونکە ئاشـکرایە کەبارەگای پێشووی **(برایەتی و خەبات)** چـی بەسـەر هـاتبوو و هـەموو هـەوڵێکم خـۆی لـەو چوارچـێوە دەدیتەوە کەبـە زووتـرین کـات (م.س) رازی بکـەم بـۆ پەیـداکردنی هەنـدێ پـارە بـۆ چـاکردنەوەی بارەگـاو کرپنی کەل وپەل و ئامێری تـازە. لەراستیـشدا بـەهیچ شـێوەیەك حـەزم نـەدەکرد لـەو شـوێنەی بارەگـای کوردستانی نوێ بمێنمەوە، چونکە هەمیشە کـە بـاس لە بارەگای برایەتی دەکرا، دەگوترا بارەگای پێشووی کوردسـتانی نـوێ، بـەلآم ئـەوەبوو خـوا هێنـای و سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران پـاش دامەزراندنی کابینـــەی ســـێیەم و فـــراوان بـــوون و رێکخـــستنی کارەکانیان وای کرد کە ئەوان لە ئێمـە بـە(عەجەلـەتر) بن بۆ ئـەو شـوێنە ئـەوەبوو بـرای شـەهید **(شـەوکەت شێخ یەزدین)** راستەوخۆ ئەو برەپارەی کە (**تـەخمین کرابـوو**) بـۆ چـاکردنەوەی بارەگـای برایـەتی بـۆی مەیسەر کردین و ئێمـەش لێژنـەکمان بـە سـەرۆکایەتی رۆژنامەنووس **(ئاسۆ کەریم)**کە هـەم ئەنـدامی دەسـتەی نووسـەران کـە پاشـان بـوو بـە سکرتێری نووسین پێکهیناو لەگەڵ کارمەند محیـەدین عـەزیز و کـاك شـێروان ئـەنوەر فـەیزی کـە ئـەو کاتـە بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و حیسابات بوو، توانیـان بەماوەی مانگێك کارەکان تەواو بکـەن، چـونکە شـەوو رۆژ بەبەردەوامی کاری تێدا دەکرا.

دووەم: رێکخستنەوەی ستافی رۆژنامەکـە لەپێـشەوە بـە پێکهاتـەی دەسـتەی نووسـەران دەسـتی پێکـرد، چونکە دەتوانم بڵێم دەستەی نووسەرانی برایـەتی کـە لەقۆناغی رۆژانی هەولێر پێش چوونـــە سەلاحەدین


برایەتی
BIRAYETÎ
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکا
بەیانی برایەتی
برایەتی و خولێکی دیکەی کاروانی سەروەری

لەکاردابوون و بە هۆی بارودۆخی ئەوان جۆری کارو بارودۆخی تایبەتی برایەتی (**پەراگەندە**) بووبوون و هۆکارەکانیش لە ئەلقەی پێشوودا باسم کردووە، بەڵام پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر و جێگیربوونمان بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی پێشووی کوردستانی نوێ، توانیمان جارێکی دیکە دەستەی نووسەران کۆبکەینەوە (**تەفعیل**) بکرێ و ئیشوکارەکان دابەش بکرێن کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١- رۆژنامەنووس زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر.

٢- رۆژنامەنووس ئاسۆ کەریم کە لەو قۆناغەدا تاکو رۆژی دەرچوونم لەبرایەتی لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ بە سکرتێری نووسیندا مایەوە، پێشووتر چ لە قۆناغی پێشووی هەولێر و مەسیف سەلاحەدین سکرتێری نووسین نەبوو لە برایەتی، بەڵکو لە رۆژی دەست بەکاربوونم لەبرایەتی رۆژنامەنووس ئەسعەد عەدۆ بەڕێوەبەری نووسین بوو تاکو هاوینی ساڵی ١٩٩٥ **کاتێ** بەماڵ و منداڵەوە بەرەو هەندەران بارگەی تێکنا و ماڵ ئاوایی لە برایەتی کرد.

٣- رۆژنامەنووس شەماڵ حەوێزی کە هەر لە ساڵی ١٩٩٤ وە بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران

٤- رۆژنامەنووس زادوق ئادەم کە هەر لەسەرەتاوە لەدوای راپەڕین کەبارەگای راگەیاندنی پارتی لە شەقلاوە بوو دەست بەکار بوو، بەڵام لەقۆناغی مەسیف سەلاحەدین دابڕا بەهۆی بەرپرسیاریەتی وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە حزبی (**بیت النهرین**)، بەڵام دیسان ناوەناوە لە سەلاحەدین سەردانی دەرکردین و هاوکارمان بوو.

٥- رۆژنامەنووس یاوەر نامق سالم کەلەپێش هاتنی منەوە بۆ برایەتی ئەو سەرپەرشتی لاپەڕەی وەرزشی دەکرد، بەڕاستی خۆی، چونکە وەرزشوان و پێشووتریش مامۆستاو ناوبژیوانی دەولی وەرزش بوو زۆر حەزی لەئیشەکە دەکرد و بەهەموو توانایەوە هەوڵی پێشخستنی لاپەڕەی وەرزشی دەکرد کە لەئەلقەکانی دیکەدا زیاتر دێمە سەرباسی لاپەڕەی وەرزش و رۆژنامەی برایەتی وەرزش و گۆڤاری وەرزشی برایەتی کە چ رۆڵێکی گەورەیان دەگێڕا لەو بوارەدا.

٦- رۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان لەدوا رۆژەکانی مەسیف سەلاحەدین بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەران وەکو خۆی مایەوە تاکو دوایی بەجێهێشتنی من.

٧- هەردوو رۆژنامەنووس فەیسەل دەباغ و فوئاد سەدیق لە دوو قۆناغی جیای پاش گەڕانەوەمان بۆ هەولێر پێم وایە لە ساڵی ١٩٩٨ەوە وەکو ئەندامی دەستەی نووسەران بۆ برایەتی گوازرانەوە پاشانیش زیاتر هەردووکیان (**تەفەروغیان**) بۆ گۆڤاری (**سەنتەری برایەتی**) کرد سەرەڕای نووسینی بابەت بۆ برایەتی و سەرقالابوون بەگۆڤاری (هەولێر) کەبرای شەهیدمان فەرەنسۆ هەریری خاوەن ئیمتیاز بوو.

کۆبوونەوەکانی دەستەی نووسەران سات و کاتی دیاریکراوی بۆ نەبوو، بەڵکو زۆرجاریش پێش وەخت بە رۆژێك یاخود بە دوو رۆژ کاتی بۆ دیاری دەکرا، لەگەڵ دیارکردنی ئەو بابەتەی کە کۆبوونەوەکەی بۆ تەرخان دەکرا، ئەویش بریتی بوون لە خۆئامادەکردن بۆ بۆنە نیشتمانی و کوردستانییەکان، یاخود ساڵوەگەری دامەزراندنی پارتی و رۆژی لەدایك بوون و کۆچی دوایی بارزانی نەمر و کاك ئیدریس بارزانی کە زۆربەی ئەم بۆنانە ژمارەی تایبەتی بەلاپەڕەی زیاتر دەردەچوو، پاشان باس لەو ژمارە تایبەتیانە دەکەم.

سەرەڕای کۆبوونەوەی دەستەی نووسەران ناوە ناوە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نووسەران (**یانی دەستەی نووسەران+لێپرسراوی لاپەڕەکان**) چ بە خۆئامادەکردن یاخود بۆ مەسەلەی (**هەڵسەنگاندن**)ی رۆژنامەکە یاخود سالانە پێش کۆتایی سەری ساڵ بەمانگێك یاخود زیاتر لە مانگێك کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجومەنی نووسەران و رۆژنامەنووسە سەرەکییەکانی لاپەڕەکان و لێپرسراوی بەشی هونەری وئەرشیف و نەخشەساز و هەندێ جاریش بەڕێوەبەری کارگێڕی و حیسابات) ئامادەی بەشێك لەو کۆبوونەوە فراوانە دەبوو، بەتایبەتی کاتێك کە ئەم بۆنەو ژمارە تایبەتیانە پێویستیان بەکاری ئیداری و پارە هەبوایە بۆیە ئیشو کارەکان زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچوون.

سێیەم: دابین کردنی چاپخانەو پێداویستی چاپ (**مستلزمات اصدار/ وطبع الجريدة**) لەسەرتاوە رۆژنامەی برایەتی لە چاپخانەی پەورەردە چاپەدەکرا، چاپخانەکە لە پاش رێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دامەزرابوو، ماندووبونی پێوەدیار بوو، بەڵام بەڕێوەبەرو کارمەندانی خۆیان زۆر هیلاك

دەکرد، شەوو رۆژ ئیشیان تێدا دەکرد و منیش بەهەموو شێوەیەك یارمەتیم دەدان، تەنانەت پەیدا کردن و کڕینی گازوایلیش لەسەر ئێمە بوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ و زۆر جاریش چ بەرۆژ و چ بەشەو، سەردانی بەڕێوەبەرو کارمەندانیم دەکرد، پێداویستی مانەوەی شەوانیانم بۆ دابین دەکردن، سەرەڕای ئەو پاداشتەی کە بۆیان تەرخان کرابوو وەکو مافێکی موستەحەقی خۆیان.

دەربارەی پێداویستیەکانی چاپ

قۆناغی ١٩٩٣–١٩٩٥ لە ڕێگای کاك عەبدوللاّ ئاکرەیی لە عیلاقاتی پارتی لەکۆماری ئیسلامی ئێران پێداویستییەکانی چاپ دابین دەکرا، بەتایبەتی بۆ برایەتی و خەبات (**کاغەزی ڕۆل**)مان بەکاردەهێناو لە بازاڕی کوردستان پەیدانەدەبوو، چونکە جارێ بزووتنەوەی بازرگانی لەگەڵ دەرەوەی هەرێم لەسەرتادابوو، لە قۆناغی مەسیف سەلاحەدین جۆری چاپ و جۆری کاغەزو گۆڕانکاری گەورەی تێ کەوت، چونکە (**ئامێری چاپی ڕۆل**) تەنیا لەهەولێرو لەچاپخانەی پەروەردە هەبوو، بۆیە ناچار بووین بگەڕێینەوە سەردەمی بەهەشتی (**حوسێن حوزنی موکریانی**) کە لێرەدا مەبەستم گەڕانەوەیە بۆ سەرەتای چاپی ڕۆژنامە لە کوردستان بۆ بیست و سییەکانی چەرخی پێشوو کەلە ئەڵقەی پێشوو باسم لە چۆنیەتی دەرچوون و جۆری چاپ کردنی کردووە، پاش گەڕانەوەشمان بۆ هەولێر و دەست پێکردنی قۆناغی تازەی دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی برایەتی لە ١٩٩٦/١٠/١٣، پێویستی بەوە دەکرد کەوا بیر لە پەیداکردنی (کاغەزی رول) بکەینەوە، لەسەرەتادا و بەهۆی ئەو دوو ژمارەی دواییەی کە لەسەلاحەدین دەرچوو (**ژمارەی ٢١٨٦، ٢١٨٧**) لەگەڵ هەندێ قەرزی کۆن نزیکەی ١٨٠,٠٠٠ سەدوهەشتا هەزار دیناری چاپی سویسری کاك (**صباح نوری**) قەرزار بووین کە کارمەندی چاپکەری چاپخانەی پەروەردەبوو، سەرەڕای سەرقاڵی بازرگانی کردن بەپەیدا کردنی پێداویستی چاپ، بەراستی مرۆڤێکی جوامێر بوو، چونکە کاتی بڕیاری دەرچوونەوەی برایەتی ڕۆژانە درا دەبوایە لەلایەکەوە مەل کەچی بڕیارەکەبم و بەهەموو جۆرێك سەرقاڵی دابین کردنی پێداوستی چاپ و ڕێکخستنی ئیشوکاری ناو ڕۆژنامەو کارمەند و نووسەر و هوونەرسازییەکانی بم کەلەو بارودۆخەدا بەتەواوی جۆرە نائارامییەکی پێوە دیاربوو، سەرەڕای قەرزاری پارەیەکی زۆر کە هەمووی لە ملی من بوو، چونکە کاك سامی هەفتەیەك بوو دەیگوت: (**کاکە فەرهاد**)، هیمەتێك وەختی دەرچوونی برایەتی بەڕۆژانە هاتۆتەوە و (**برادەرانی (م.س) استعجالم لێ دەکەن**)، منیش کاتێ دەمگوت (**کاك سامی پارەم بۆ پەیدا بکەو ڕۆژنامە پاش ٢٤ سەعات دەردەچێ**)، ئەویش زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ بە زەردەخەنەیەکی نەرمەوە دەیگوت (**دبرها**)، دەبرکردنەکەش لەلای کاك صباح نوری بوو کە قەرزەکەی پاش چەند ژمارەیەکی ڕۆژانە گەیشتە ٣٧٥,٠٠٠ هەزار دینار، لێرەدا زەنگی ترسناکی بۆ لێدام بەتایبەتیش، کاتی کاك صباح هات وای پێگوتم (**کاکە بیکە بەخاتری خودا لەمە زیاتر تاقەتم پێدا ناشکێ**) منیش یەکسەر بەرەو مەسیف بەڕێکەوتم، چوومە لای کاك سامی و کلیلی ژوورەکەم لەبەر دەمی داناو گوتم (**کاك سامی فەرموو ئەوە کلیلی ژوورەکەم منیش لەتوانام دا نەماوە چیدیکە ڕۆژنامە بەقەرز دەربکەم**)، پێداویستی سەرەکی چاپ بریتی بوو لە کاغەزی ڕۆل کە پارەیەکی زۆری دەویست، سەرەڕای گرانی هێنان وگوێزانەوەی کە پاشان لە قۆناغی دوایی توانیمان لەڕێگای بازرگانێکی چالاك و شارەزا ڕاستەوخۆ لەڕێگای (م.س)یەوە مامەڵەی لەگەل دەکرا کو ناوی کاك خالد خۆشناو بوو، تواندرا بەسانا کاغەزی ڕۆل دابین بکرێت و لە کۆگاکانی دەۆك دابندرێ و ئێمەش هەرسێ مانگ جارێك (**وەجبەی**) پێویستمان دەهێناو لەچاپخانەی پەروەردە دامانەناو ڕۆژانە بۆ برایەتی و هەفتانەش بۆ خەبات و چاپەمەنیەکانی دیکە بەکاردەهات. لێرەدا جێی باس کردنە کە ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم، ئەویش لێپرسراویەتی بەڕێوەبردن و دارایی هەفتەنامەی خەبات بوو، لەسەرەتاو لەپاش ڕاپەڕین، مامۆستا (**حەبیب محمد کەریم**) لێپرسراویەتی ڕاپەڕاندن و بەڕێوەبەردنی ڕۆژنامەی خەباتی بە کوردی و بەعەرەبی لە ئەستۆدابوو، بەڵام کاتی دەرچوونی برایەتی بەکوردی و خەبات بەعەرەبی بڕیاری لەسەر

درا، کاك حەبیب راستەوخۆ سەرپەرشتی هەردوو رۆژنامەکەی دەکرد و راستەوخۆش سەرنووسەری (**برایەتی**)یشی پێ سپێردرابوو، بۆیە پاش کۆنگرەی یازدەی پارتی کاتێ کاك حەبیب محمد کەریم بو بە لێپرسراوی دەستەی چاودێری و پشکنینی پارتی. (**م.س**) بڕیاری دا (**بەندە**) ئەرکەکانی کاك حبیب وەربگرم، کە خۆی لە سەرنووسەری برایەتی و لێپرسراوی کارگێڕی و دارایی هەردوو رۆژنامەکە پاشان بەکردار(فعل) کردمە دەزگا و لێپرسراویەتیم دەکرد، کارەکانی دیکەش هەمووی لەئەستۆی من دابوو، چونکە رۆژنامەنووس (**فەلەکەدین کاکەیی**) کە سەرنووسەری خەبات بوو، لەهەمان کاتیشدا وەزیری رۆشنبیریش بوو، هەفتەی جارێك بۆ ماوەی چەند سەعاتێك دەهاتە بارەگای دەزگا سەرقالّی نووسینی (**الافتتاحیة**) دەبوو یاخود نووسینی **هەندێ** بابەتی دیکەو ئەرکە کارگێڕییەکانیش هەر لە ئامادەکردنی پێداویستیەکانی چاپ تاکو ناردنە چاپخانە، ئەوجا مەسەلەی دابەش کردن و ناردنە سوریا و لبنان، سەرەڕای کارە کارگێڕییەکانی دیکە و چارەسەرکردنی پێداویستی و کێشەکانی رۆژنامەنووسانی خەبات هەمووی لە ئەستۆی من دابوو، کەرۆژانە لەگەڵ لێپرسراویەتی ئیشوکاری سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەو کارە کارگێڕییەکانی دیکە، وای لێ کردووم رۆژانە لەنێوانی ١٢ تاکو ١٤ سەعات لەبارەگای دەزگا بمێنمەوە، تەنیا بۆ نووستنی شەوانە روو لەماڵەوە بکەم. خۆش بەختانە ماڵەکەم راستەوخۆ لە پشتی بارەگای رۆژنامەبوو، ئەوەش کاتێکی باشی بۆ دەگەڕاندمەوە. بەڵام دیسان شەوانە تاکو پاش تەواو بوونی لاپەڕەکانی لە بارەگای رۆژنامە دەمامەوەو ئەگەر لاپەڕەیەکیش دوا بکەوتایە ئەوا لەماڵەوە چاوەڕوانی کارمەند (**کوردۆ**)ی سەرپەرشتیاری چاپم دەکرد کە مانکێتەکانی بە لاپەڕە (١)ەوە بۆ دەهێنامە ماڵەوە، ئەوجا جارێکی دیکەش بە مانکێتەکان دادەچوومەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هەر کەموکوڕییەك یاخود هەڵەیەك هەبا چاکم دەکردەوە و بۆ دواجاریش تەماشای لاپەڕەکانم دەکرد و بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ئەوەدا بووم کە هەڵەی چاپ و زمانەوانی و سیاسی روونەدا، بەڵام ئەوەی کاری رۆژنامەنووسی کردبێ، دەزانێ مەسەلەی هەڵە لەهەموو رۆژنامەو چاپەمەنییەکانی سەرتاسەری دنیادا روودەدات، تەنیا وەکو دەڵێن لەچاپەمەنییەکانی (اکسفۆرد) هەڵە روونادات و رووداني هەڵەش بۆ جارێك لەگەڵ هەندێ لەبرایانی (م.س) توشی کێشەی کردم، تێدا بۆ چەند جارێك بەنامەی ڕەسمی ڕەخنەی تووندم لێ دەگیراو واپیشان دەدرا من راستەوخۆ لە دووبارە بوونەوەی هەڵەکان (بە هەموو شێوەکانییەوە) لێی بەرپرسیارم. راستە سەرنووسەر راستەوخۆ بەرپرسیارە لەهەموو کەموکوڕییەك، بەڵام دیسان وەکو من تێدەگەم سەرنووسەر نابێتە (سوپەرمان) بەتایبەتی لەوڵاتی ئێمە کە کاری رۆژنامەنووس بەو فراوانییە پێشووتر نەبووە، من خۆم دەمزانی زۆرجار بۆئەوەی من (لەلایەن هەندێکەوە) تۆمەتبار بکەن (حبە)یەکیان لێ دەکردمە (کبە)، بەڵگەکانیش لای من وەکو (دیکۆمێنت) پاڕێزراوە و ئەو (٣) رۆشنبیرە (گەورەی) کە رۆژانە بۆ (رصد) کردنی هەڵەکانی برایەتی لە(بۆسە) دابوون، چاویان بە هەڵەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەی راگەیاندنی پارتی نەدەکەوت، چونکە ئەوکاتە وا پێدەچوو (فەرهاد عەونی) مەبەست بووبێ و پاشانیش مەسەلەکە لەلای من ئاشکرایە، وەکو رۆژی روونا‌ك بۆ ئەو برادەرانەش تەنیا (سامحهم الله)یان بۆ دەخوازم. پێك هاتەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و جۆری پەیوەندیمان لەگەڵی پاش کۆنگرەی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەسەرپەرشتی راستەوخۆی خوالێخۆشبوو کاك (**سامی عەبدولرەحمان**) بوو، کەبووبە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بە حوکمی بوونە ئەندامی لە مەکتەبی سیاسی پارتی، پاش تێکەڵ بوونەوەی حزبی (**یەکگرتن**) لەگەڵ (**پارتی**)، کە یەکگرتنیش لە ئاکامی تێکەڵ بوونەوەی (**پارتی گەل و سۆسیالیست و پاسۆك**) هاتە کایەوە، پاشتریش پرۆسەی تێکەڵ بوونەوەی یەکگرتن لەگەڵ پارتی کە (**بەندە**) لەسەرتادا بەهاریکاری برادەری دێرینم (**عبدالموجود طه**) رۆڵێکی دیار و کاریگەرمان بینی و بۆ چەند جارێك لەسەرەتادا بە نهێنی ئەلقەی پەیوەندی نێوان (**سەرکردایەتی پارتی و کاك سامی**

بووم)، تاکو گەیشتە قۆناغی **(قەناعەت)** ئەوسا ئێمەی لێ دەرچووین و گفتوگۆیەکانیش لەنێوان هەردوو لا بەڕەسمی دەستی پێ کرد و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە بەشی هەرە زۆری لەگەڵ پارتی تێکەڵ بوونەوە.

بەنیسبەت کاك سامی من بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٦٣ لە ماوەت چاوم پێی کەوت کەلاوێکی هێمنی ئەندازیاری دەرچووی ولاتی بەریتانیا بوو، بێ ئەوەی یەکتری بناسین، ئەو لەبەشی تەکنیکی وەکو ئەندازیاری کارەبا لە ئێزگەکەی شاخی گردەڕەشی نزیك شارۆچکەی ماوەت کە بارەگای **(م.س)**ی پارتیش لە گوندی **(عیساوی)**ی نزیك ماوەت بوو کاری دەکرد، ئەوکاتە **(بەندە)**ش کاتبی دادگای بەرزی شۆرش بووم لە ماوەت، بەڵام ناسین و ئاشنایەتیم بەتەواوی لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە سامی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ووتوێژی **نهێنی** نێوانی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی بەعس و هاتنی وەفدی کورد بوو لەبەغدا، لە مانگی دوازدەی ساڵی ١٩٦٩، لە **(کۆشکی سپی) (القصر الابیض)**، ئەو کاتە ئێمەش بەسێ قۆڵی **(عبدالموجود طه و جەلال خۆشناو وبەندە)** کە ئەوسا وەکو شاندی **(یەکیەتی قوتابیانی کوردستان)** بەشێوەیەکی نهێنی سەردانی **(الوفد المفاوض)**ی کوردیمان کرد لە کۆشکی سپی نیشتەجێ بوون.



بارەگای رۆژنامەی برایەتی، شەهید سامی عەبدولڕەحمان و فەرهاد عەونی– ٢٢/نیسان/١٩٩٨

تێدا خولێخۆشبووان **(ئیدریس بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، نوری شاویس، دارا تۆفیق، سالح یوسفی، نافیز جەلال حەویزی)** سەرەڕای سەرۆك مەسعود بارزانی ئامادەبوون. ئێمە **(هەرسێکمان)** توانیمان خۆمان بگەیەنینە ئەم شوێنەو لەلایەن شاندی کوردییەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێ کردین، بەڵام ئەوەی زیاتر لێمان نزیك بۆوە کاك سامی بوو، چونکە زیاتر ئەو وەکو سەرپەرشتیاری رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان دەهاتە پێش چاو، لەماوەی ئەو دوو کاتژمێرەی کەلای شاندی شۆڕش ماینەوە، کاك سامی بەڕاوێژکرن لەگەڵ کاك مەسعود بارزانی و خولێخۆشبوو کاك ئیدریس بارزانی، زیاتر هەوڵی ئەوەی لەگەڵ دەداین کە باشتر خۆمان بپارێزین لە پیاوو سیخوڕانی بەعس، چونکە جارێ هەمووشت تەواونەبووەو ئەگەری (سەرنەگرتنی وتوێژ) لەگۆڕێ دایە، لەو رۆژەوە تاکو سەروبەندی دەرچوونم لە برایەتی، بەچەند مانگێك نێوانمان (نێوانی کاك سامی و بەندە) زۆر هەڤاڵانەو دۆستانەبوو، بەتایبەتیش ئەزموونی چوار ساڵەی نێوان (١٩٧٠–١٩٧٤) کە لەقۆناغی یەکەم تاکو مانگی ئایاری ١٩٧٢ ئەو وەکو لێپرسراوی رێکخرا وو یەکێتی و سەندیکاکان و منیش وەکو سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، پاشانیش بەحوکمی بەرپرسیاریەتی سیاسی ئەو لەبەغدا و منیش وەکو بەڕێوەبەری رۆژنامەی **(برایەتی و التاخی)** (١٩٧٢–١٩٧٤)، دیسان لەنێوانی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٤–تاکو ئاداری ساڵی ١٩٧٥ کە ئەو کاتە لەناوچەی ئازادکراوی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی رۆژانە یەکترمان دەدیت هۆکاری یەکەمی ئەو پەیوەندییە بوو، بەدرێژایی ئەم ماوەیە و تاکو رۆژانی پاش راپەڕینە شکۆ دارەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ زۆربەی براو کەسوکاری کە پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ژەنگار دوورخرابوونەوە و نیشتەجێی هەولێر و دهۆك و زاخۆ بوون، پەیوەندی تونڈو تۆڵم لەگەڵیان هەبوو. بۆ یەك رۆژیش نێوان نەپساو زیاتریش بەهۆی برای ئازیز عبدالموجود تەها ئەنجام دەدران و ئامادەی هەموو بۆنەیەکیان دەبووم، بۆیە کاتێ کاك سامی بووبە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و لەسەر راسپاردەی مەکتبی سیاسی پارتی لەنێوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ لەڕێگای بروسکەیەك کە بە واسیتەی لێژنەی ناوچەی کۆیەی پارتی پێمگەیشتبوو کە تێدا داوام لێ کرابوو

پەیوەندی و سەردانی کاك سامی بکەم، بۆ ئەوەی بەئاگاداریو سەرپەرشتی ئەو رێوڕەسمی دەوروتەسلیم لەگەڵ مامۆستا حەبیب محەمەد کەریم بکەم کە ئەوکاتە سەرنووسەری برایەتی و لێپرسراوی دارایی و کارگێڕی هەردوو رۆژنامەی برایەتی و خەبات بوو، بەڵام لەرۆژی دیاریکراودا من بەتەنیا لەلایەن مامۆستا (حەبیب)ەوە ئەرکەکەم پێ سپێردراو کاروباری دەزگاو لێپرسراویەتی سەرنووسەری برایەتیم وەرگرت.

پێکهاتەی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی ئەوسای پارتی بریتی بوو لە برایان:

رێبوار یەڵدا لێپرسراوی T.V مەرکەزی

سەباح بیتواللە لێپرسراوی ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراق

بارزان مەلا خالید بریکاری وەزارەتی رۆشنبیری (چونکە مەکتەبی ناوەندی تەنیا بریتی نەبوو لە راگەیاندن بەڵکو مەکتەبی ناوەندی رۆشنبیری و راگەیاندن بوو)

نەژاد عەزیز سورمێ سکرتێری رۆژنامەنووسی سەرۆك بارزانی

سەرۆ قادر، ئاسۆ کەریم، زاهیر رۆژبەیانی، فەرهاد عەونی لە رۆژنامەی برایەتی پاشانیش کە رۆژنامەنووس سەرۆ قادر بوو بەلێپرسراوی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولان لە بەهاری سالی ١٩٩٤، ئەو وەکو نوێنەری دەزگای گولان لەمەکتەبی ناوەندی مایەوە، ئێمەش هەرسێکمان **(زاهیر و ئاسۆ و بەندە)** نوێنەرایەتی برایەتیمان دەکرد، کەئەمەیان خاڵێکی لاوازی پێکهاتەی مەکتەبی ناوەندی بوو، چونکە مادام سەرنووسەر ئەندامی مەکتەبە پێویست ناکات دوو رۆژنامەنووسی دیکە **(رۆژنامەنووسان زاهیر رۆژبەیانی و ئاسۆ کەریم)** ئەندامی مەکتەب بن، بەڵام چونکە پێش دەستبەکاربوونی من ئەو پێکهاتەیە بەم شێوەیە دامەزرابوو، نەدەکرا دەستی لێبدرێت، لە سەرەتادا رۆژنامەنووس کاروان ئاکرەیی بەنوێنەرایەتی یاخود بەرپرسی راگەیاندنی **(لقی١)**ی پارێزگای دهۆك ئەندامی مەکتەب بوو، پاشانیش رۆژنامەنووس فەهیم عبدالله بوو بە ئەندامی مەکتەب و رۆژنامەنووس کاروان ئاکرەیی بوو بە بەرپرسی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانی و بە ئەندامی مەکتەب مایەوە، لەنێوەڕاستی سالی ١٩٩٥ لەسەر بڕیارو پێشنیاری کاك سامی رۆژنامەنووس**(ئاریان فەرەج)**یش بوو بەئەندامی مەکتەبی ناوەندی و شێواز و پێکهاتەی مەکتەبی ناوەندی بەم شێوەیە مایەوەو تەنیا کاك بارزانی مەلا خالید نەبێت، هەر زوو وازی لە ئەندامی مەکتەب هێنا لەبەر هۆکاری چۆنیەتی دابەش کردنی مەسئولیەت لەمەکتەب کە حەق بەلای ئەو دابوو خۆی لەمەکتەب دەرکەنار کرد. لێپرسراوی مەکتەب خوالێخۆشبوو کاکە سامی تاکو بڵێی مرۆڤێکی هێمن و ڕێك و پێك و شارەزا و بەتوانابوو، دەیزانی چی دەڵێ و دەیزانی چی دەکا، ڕیزی لەهەمووان دەناو مامەڵەیەکی شارستانیانەی لەگەڵ دەکردین. لەسەرەتادا وابزانم رۆژی ١٩٩٣/١٠/٢٣ بوو، کاتێ لەگەڵ براو برادەری دێرینم عبدالموجود تەها کەمن ئەو رۆژە لەسەر داوای (م.س)ی پارتی کە بە بروسکە ئاگادار کرابووم ئێوارە درەنگانێك چوینە مالّی کاك سامی کە لە خانووەکانی ئێستای پەرلەمان، بەگەیشتنمان شادمان بوو، خۆشحاڵێکی گەرم و گوڕی نیشاندا بەتایبەتیش نێوانمان **(خوالێخۆشبوو کاك سامی و عبدالموجود و بەندە)** زۆر لەوە بەهێزترببو کە تەنیا کارێك کۆمان بکاتەوە، پاش ڕووداوەکانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵەکانی ١٩٧٦ بەدواوە بەبەردەوامی لەگەڵ عبدالموجود و برادەرانی دیکەی بەهەڵوێست و نیشتیمانپەروەر سەرقاڵی دەنگوباسی شۆڕش بووین **(شۆڕشی گولان–شۆڕشی تازەی گەلەکەمان)**ی قیادەی موەقەتەو بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان وکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، پاشانیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان کە هەموویان بەلای خەڵکانی وەکو ئێمە جێگای شانازی و حورمەت بوون چونکە **(میحنەتەکە)** هێندە گەورە بوو، بەعس هێندە درندەو فاشیست بوو زوڵم و زۆرداری بەشێوەیەك لەم گەلە ستەم دیدە دەکرا، ماوەی ئەوەی نەدا لەناو شار و شارۆچکەکان بەتایبەت تاکو ساڵی ١٩٨٠ خەڵکی کورد پەروەرو خاوەن هەڵوێست باس لە دووبەرەکی بکات، چونکە دوژمن وەکو پیشەی هەمیشەیی جیاوازی نێوان سەوز سووڕو زەردی نەدەکردو قەسابخانەکانی بەعس هەمیشە بەبەردەوامی خەریکی ئیعدام کردنی لاو و

تێکۆشەرانی کورد بوون، بەڵام کاتی پاش ساڵی ١٩٨٠ گوێ بیستی جیابوونەوەی کاك سامی بووم لە پارتی دیموکراتی کوردستان و **(البدیل الثوری)**ی دۆزییەوە، پێم هەزم نەدەکرا، چونکە بەڕاستی کاتێ رۆڵی کاك سامیم لەنێوان ساڵانی (١٩٦٤-١٩٧٠) (٩٧٠-٩٧٤)و (٩٧٤-٩٧٥)و (١٩٧٥-١٩٧٩) دواتر دەهاتەوە بەرچاو، پێم وانەبوو ئەم مرۆڤە بتوانێ رۆژانێك دوور لەپارتی گوزەران بکات، لەهەمان کاتیشدا وام لێکدەدایەوە دوورکەوتنەوەی کاك سامی لە پارتی بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات و بەئاسانی پڕناکرێتەوە. بۆیە سەرەڕای پابەندبوونم بە هەڵوێستە وسیاسەتی پارتی هیچ کاتێك هەستم نەدەکرد رقم لەکاك سامی بووبێتەوە بە پێچەوانەشەوە هەمیشە بەڕێز و حورمەتەوە لە رۆژانی پاش نسکۆ و تاکو رۆژانی راپەڕین لەلای براو ئامۆزا وخزم و کەسوکاری باسم دەکرد و هەمیشە بەمامۆستای خۆم دادەنا، بۆیە کاتی پاش نیوەڕۆی رۆژی ١٩٩١/١٢/٣١لەبارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لەمەسیف سەلاحەدین لەدیدارێکی سەرۆك بارزانیدا لەو خاڵانەی کە باس لێوە کرا بابەتێك کەمن وورووژاندم کەجۆرە (**پاڕانەوەیەك**) بوو لە سەرۆك بارزانی کەوا کارێك بکات کاك سامی بگەڕێتەوە ناو پارتی و لەوەڵامی پرسیارێکی سەرۆك بارزانی کە هۆکاری ئەو (**داوایەم**) چییە، وتم (زۆربەی کادیرانی پارتی تا ئێستاش کاك (**سامی**)یان خۆشدەوێ ئاشکراشە هۆکاری خۆشەویستیان بۆ کاك سامی چییە لەلایەکی دیکەوە، نەبوونی کاك سامی لەناو پارتی خاڵێکی لاوازی دروست کردووە، بۆیە بەرژەوەندی پارتی لەوەدایە کەوا کاك سامی بگەڕێتەوە ناو پارتی و هەوڵی جیدی بۆ بدرێ، ئەمەیان سەرەداوی چیرۆکی هاتنەوەی کاك سامی بوو بۆناو پارتی کە پاشووتر وەکو باسم لێوەکردووە (**بەندە**) لە سەرەتادا بەوە تەکلیف کرام کە پەیوەندی بەکاك سامی-یەوە بکەم و بزانم (**چی دەخوازێ**)، خوا مالّی هەڤاڵی دێرینم کاك عبدالموجود تەها ئاوەدان کات بەهەموو شێوەیەك لەسەرەتاوە پاڵپشتی ئەو هەنگاوە بوو، کە کاك (سامی) یش ئەو رۆڵەی ئێمەی نەشاردەوە، هەتاجارێك لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ نوێنەرانی (٨) حزبی کوردستانی سوریا، لە بەهاری ساڵی ١٩٩٦ئەنجامیدا، لەشاری (**قامشلی**) بەندەش لە چوارچێوەی شاندێکی حزبی لەگەڵیدا بووم گوتی (**باشترواید (٨) حزب ببێتە (٤)و (٤)و حزبیش ببێتە (٢)و دوو حزبیش ببێتە (یەك) وەکو ئێمە کردمان کە ئەو هەڤاڵەش (دەستی بۆ من درێژکرد) دەورێکی باشی تێدابینی**)، مەبەستی کاك سامیش لەباس کردنی ئەم بابەتە بەمەبەستی کەلك وەرگرتن بوو لەئەزموونی خۆی (**پارتی گەل + پاسۆك +سۆشیالیست**) پاشانیش یەکگرتنەوە لەگەڵ پارتی.

کۆبوونەوەکانی مەکتەبی ناوەندی لەسەرەتادا هەفتەی جارێك بوو، زۆر جاریش کاك سامی راستەوخۆ بەتەلەفۆن لەمەسیفەوە پەیوەندی پێوە دەکردین، راستەوخۆ ئەوەی (**مەتەلەب**)با پێی رادەگەیاندین، پاش بەجێهێشتنی هەولێریش لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٤و گیرسانەوەمان لەمەسیف سەلاحەدین، رۆژانە هەموو بەیانییەك لە ژوورەکەی خۆی کاك سامی پێشوازی لێ دەکردین و بەرنامەی راگەیاندنی ئەو رۆژەمان تاوتوو دەکردو بڕیاری لێ دەدرا.

وەك لەپێشەوە باسم لێوەکردووە قەت کاك سامی (**ئیرتیجالی نەبوو**) چ کاتی باسی بابەتێك دەکرا، یاخود کە کار دەگەیشتە بڕیاردان، مەبەستیشم لێرەدا لە (**ئیرتیجالی نەبوونی**) کاك سامی بەو مانایە دێت کە هەمیشە لەسەر کاغەز و بەنووسین و تێبینی قسەی دەکرد و ژیرانە شتەکانی لێك دەدایەوە، وەکو سەرکردەیەکی لێهاتوو، هەتا ئەگەر لەگەڵیشی ناکۆك بایەت ئەوا دیسان شارستانیانە مامەڵەی لەگەڵ بۆچوونەکانت دەکرد و دانوستانی هێمنانەی دەکردی، ئەم دیداردانەم هەمیشە لەکاك سامی دەدیت و تاکو رۆژی دەست بەکاربوونی وەکو لێپرسراوی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی. لێرەدا بەویژدانەوە دەڵێم تاکو رۆژانێ کە کاك سامی لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بوو ئیشوکارەکان، وەکو (**میلی سەعات**) بەڕێوە دەڕۆیشت، بەڵام لەپاش ئەو، مەکتەبی ناوەندی کەوتە بەر شەپۆلی میزاج و لێکناحاڵیبوون کە تاکو رۆژی مالّئاوایی لە راگەیاندنی پارتی لە ٢٠٠٠/٢/٢٠، بەم شێوەیە مایەوە. پاشانیش ئەو حەقە بەخۆم نادەم کە باسی لێوەبکەم چونکە (**لێم دوورە**)، بەڵام دیسان خوێندەواری ئازیز لەگەڵ ئەو هەموو خەسڵەتە باشانەی کاك سامی (**واذکروا حسنات**

امواتكم) كه خۆم بەقەرزاری دەزانم، هەندێ شت هەیە بۆ مێژوو كە ناتوانم باسی لێوە نەكەم ئەویش پەیوەندی بە **(كاری رۆژنامەنووسیمەوە)** هەیە خوداش وەكیل بێت، مەسەلەكە وەك خۆی باس بكەم كە بۆ هۆكاری ناڕازی بوونی كاك سامی لەمن، كاتێ ئەو جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بوو، بەهۆی خوالێخۆشبوو برای شەهیدم فەرەنسۆ هەریری وردە تێبینی و هەندێ جار نەرمە گلەییی بۆ دەناردم، دەربارەی جۆری بلاوكردنەوەی هەواڵ و چالاكیەكانی چ لەلاپەڕە (١) یاخود لەلاپەڕە (٤)دا كە دەتوانم بڵێم بەلای تێگەیشتنی منەوە **(المهم)** و **(الاهم)** لێكدەدرایەوە، سەرەڕای ناڕەزای هەندێ جاری **(سەركردایەتی)** پارتی لەجۆر و شوێنی بلاوكردنەوەی هەواڵ و چالاكییەكانی وەزیرەكانی حكومەتی هەرێم و بریكار و بەڕێوەبەرە گشتییەكان، دیسان لەگەڵ جۆرو بابەتی چالاكییەكانی لێپرسراوەكانی پارتی لە لق و ناوچەكاندا كە بەڕاستی دەبوایە **(وەستاكارییەكی)** وردی تێدا بكەم تاكو بتوانم جۆرە **(توفیق)**ێك لە میان ئەو هەموو **(تەناقوزاتە)**دا بكەم كەنەدەكرا ١٠٠ ٪ تێدا سەركەوتووبم و هاوكێشەكە بەدروستی رابگیرێ.

سەر لە ئێوارەی رۆژی ١٩٩٩/١٢/٣٠ خوالێخۆشبوو شەهید كاكە هەڵمەت حەمید كە سكرتێری كاك سامی بوو لە برایەتی هاتە لام پێی گوتم كەوا بەڕێز كاك سامی زۆر نیگەرانە لە بلاوكردنەوەی وێنەیەكی ئەو لەگەڵ ئەو وتارەی كە لەژمارەی برایەتی(٣٠٠٢)رۆژی١٩٩٩/١٢/٣٠ بلاوكراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی (هەڵوێستی سلبی و ئینقیسامی بەنووسین و گوتار داناپۆشرێ) كەتەواوی لاپەڕە (٣)ی گرتبوو، راستەوخۆش پێی گوتم كاك سامی دەڵێ: **(مع الاسف تاكو ئیستاكە برایەتی نەبوەتە رۆژنامەیەكی مەعقول)**. كاك هەڵمەت كە قسەكەی كردو پێی گوتم: (كاكە فەرهاد نصا ئەمە قسەی كاك سامیەو من داوای لێبوردن دەكەم)، لەراستیدا وەكو لە پێشەوە باسم كردووە، ئەمە جاری یەكەم نەبوو كەبەڕێز كاك سامی گلەیی و گازاندەی بۆ دەناردم، بەتایبەتیش لەڕێگای كاكە فەرەنسۆ هەرەیریەوە، بەڵام ئەمجارەیان مەسەلەكە بەبارێكی دیكەدا وەرگەڕا، كەئەویش لەلای منەوە بەجۆرە **(طعن)**و لە **(قیمەت)**كەم كردنەوەی **(برایەتی)**یم لێكدایەوە **(سەد جار بەداخەوە)** نەدەكرا لێی بێ دەنگ بم، چونكە بێ دەنگی وەكو قسەیەكی عەرەبی هەیە دەڵێ **(السكوت في الرضا)** دەبەخشی و نەخۆم و نەرۆژنامەنووسانی برایەتی و نەرۆژنامەی برایەتی شایانی ئەو **(طعن)**ە نەبوون، بۆیە منیش راستەوخۆ بە كاك هەڵمەتم گوت:



(براگیان دەزانم تۆ لەم مەسەلەیە هیچ ڕۆڵێكت نییەو وەكو دەڵێن **(ناقل الكفر ليس بكافر)** بوویە هیوادارم تۆش ئەو رایەی من بەبرای بەڕێز كاك سامی بگەیەنەكە ئەویش ئەوەیە **(ئەگەر كاك سامی وا بزانێ، بلاوننەكردنەوەی وێنەیەكی ئەو بوەتە هۆكاری نەبوونی برایەتی بە رۆژنامە، منیش دەڵێم برایەتی رۆژنامە نییەو نابێتە رۆژنامەش! تاكو رۆژی قیامەتیش ئەگەر من بەسەرنووسەر بمینێم برایەتی هەروا دەمینێتەوە)**. ئەمەو چەندین مەسەلەی دیكەی كەلە **(ئاسمان)**ەوە بۆم دەباریّ لەلایەن یەك دوو برادەری دیكەی (م.س) كە بەراستی غەدریان لێكردم و دوور لەقەناعەتی ویژدانی و سیاسیی مامەڵەیان لەگەڵ دەكردم كە لێرەدا جارێ نامەوێ بچمە درێژایی باسكردنی و بۆ هۆكاری راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆی دروست بوونی بڕیارێك كە دەتوانم بڵێم **(جارێ زۆری مابوو بگا)**، مەبەست لە بڕیاری دەرچوونمە لەبرایەتی وەكو سەرنووسەر، چونكە وەكو ئاشكرایە سەرنووسەری رۆژنامەیەكی ناوەندی حزبی نەبەو جۆرە دەست كرایەوەو نە بەو جۆرە ئازادە كەبتوانێ هەموو شتی بەلێكدانەوەی خۆی و ستافی بڕیاردەر لە رۆژنامە كارەكان بەڕێوەببات و تێدا زۆر جاریش دوور لەقەناعەتی ویژدانی سیاسی و هەندێ كار یاخود هەندێ نووسینت بلاودەكردەوە كە نێوان بۆچوونی سەرنووسەر و بابەتەكە نێوانی ئاسمان و ڕیسمان بوو.

لێكدابڕانی كاك سامی و من تاكو رۆژانی كۆنگرەی بەرهەڵستكارانی عێراقی كە لە لەندەن بەستڕا ٢٠٠٢/١٢/١٤ بەردەوام بوو، بۆ تاكە جارێكیش لێی

نەپرسیمەوە تەنانەت کاتی تووشی (**الجلطة القلبية**) و پاشووتریش کە گەیاندرامە تاران و نەشتەرگەرییەکی قورسی دڵم بۆ کرا و گەڕانەوەم بۆ کوردستان، کاك سامی و زۆربەی ئەندامانی (م.س) بەتەلەفۆنیش لێیان نەپرسیم و ئەوانیش حەقیان بوو، هەندێکیان لە روانگەی (**کە پۆستی سەرنووسەری برایەتی**)م لێستاندراوەتەوە و هەندێکیش لەوانەیە بەهەڵەدا نەچووبم ئەگەر بشمردبام ئامادەی خۆیندنی (**تاکە فاتیحایەك**)یش نەدەبوون (**سامحهم الله**)، بەهەرحاڵ ئەمیان مەسەلەیەك نییە زۆری لەسەر بوەستم، چونکە مرۆڤێك ئەگەر بەتەواو بڕوای بەخۆی هەبێت بزانێ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵی لەرێزی حزبێکی سیاسی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاری تێدا کردبێت و هەمیشە وەك پارێزەرێکی بەئەمەکی بووبێ بۆی، دەبێ لای ئاشکرا بێت کە هەندێ لەو (**برادەرانە**) حەزناکەن ئەو جۆرە مرۆڤانە (**پایەدار**) بن و هۆکارەکانیش وەکو رۆژی روونان دیارە.

بەڵام کاتێ لە لەندەن لە رۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٥ لەهۆڵی هوتێلی (هیلتون) روبەڕووی کاك سامی هاتم، من وبستم خۆمی لێ لادەم، بەڵام خواهەڵناگرێ ئەو دەستی بۆ درێژ کردم و گوتی (**عینادی مەکە بیناتنا خبز وملح و صداقه عمرها تتجاوز ربع قرن، وەرە بچینە کافتریا قەهوەیەك، چایەك بخۆین**).



کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراق– لەندەن ٢٠٠٢/١٢/١٤

خۆێنەری ئازیز لەوانەیە پرسیاری لای دروست بێت، بۆچی هێندە لەسەر ئەو (**پەیوەندییەی بەندە بەکاك سامی**)یەوە دەڕۆم لێرەدا باسی لێوەدەکرێت، لەبنەڕتیشدا بابەتەکە (**ئەزموونی رۆژنامەگەری**) منەو منیش لەوەڵامدا دەڵێم: لە ژیانی کاری رۆژنامەگەریم کاك سامی دووجار راستەوخۆ پەیوەندەی بەچون وکاری من بۆ ناو ژیانی رۆژنامەنووسییەوە هەبوو، پێشووتر باسم لێوەکردووە کە چۆن پاش بەجێهێشتن و تەواو بوونی کارم لە ریزەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان لە مانگی ئایاری ساڵێ ١٩٧٢ کاك سامی لە پشتی بڕیاری گوێزانەوەم بوو بۆ رۆژنامەی (**التأخی و برایەتی**) لەبەغدا، لەنێوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ و بەردەوامی پەیوەندی تاکو رۆژانی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی خایاند. جاری دووەمیش هەردیسان (**التاریخ یعید نفسه**) کاتێ بە بڕیاری (**م.س**) بوومە سەرنووسەری برایەتی و دەست بەکاربوونم لە ١٩٩٣/١٠/٢٦، خوالێخۆشبوو کاکە سامی پۆستی لێپرسراویەتی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی پێ سپێردرابوو کە زۆر سەرکەوتووانە رۆڵەکەی بینی و سەرکەوتوو بوو. ئەوجا ئەگەر (**سوء التفاهم**) یەك یاخود جۆرە لێك دورکەوتنەوەیەك لەنێواندا هاتبێتە ئاراوە ناکرێ، لایەنە باشە زۆرەکەی باسی لێوەنەکرێ، لێرەدا هەندێك وردەکاری هەیە کەپەیوەندی بەرۆژانی کاری رۆژنامەنووسیم لەبرایەتی ١٩٩٣–٢٠٠٠هەیە کەئێستاکە لەبەر هەندێ هۆکار نامەوێ باسی لێوەبکەم، ئەگەر تەمەن یاربێت بەنیازم لەئایندەدا ئەم بابەتەی بەردەست و ئەو وردەکاریانەی کەئێستاکە باسی لێوەناکەم بەزوبانی عەرەبی و بەناونیشانی(**سنوات فی برایەتی**) یان(**تجربتی فی برایەتی**) بەدرێژی بیخەمە سەر رووپەڕی نامیلکەیەك.

لەناوەڕاستی پایزی ساڵی ١٩٩٦ گەڕاینەوە بارەگای دێرینی خۆمان، پاش ئەوەی توانیمان بە پارەیەکی کەم ئاوەدانی بکەینەوە، بەگەڕانەوەمان بۆ بارەگای پێشوومان توانیمان بەرادەیەکی باشتر خۆمان رێکبخەینەوەو هەر لە دابەش کردنی ژوورەکان بە گوێرەی پێویست تاکو دابین کردنی پێداویستیەکان و دابەشکردنەوەی رۆژنامەنووسان و کارمەندان بەسەر بەشە جیاکاندا، بەگوێرەی کارامەیی و ئارەزوو و گونجان، ئەویش بۆ سەرەتای قۆناغێکی بەرهەم بەخشی ئەوتۆ تاکو ئێستاکەش خەڵکە بەویژدانەکەی خێزانی برایەتی و رۆشنبیر و خوێندەواران لەدەرەوەی برایەتیشدا (بەقۆناغی

زێڕینی)ناوزەند دەکەن، سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و گیروگرفتانەی کە لەکاتی کارکردنمدا دروست دەبوون و هەندێ لەوانە بە (ئەنقەست) بۆم دروست دەکرا، کە لە ئەقلەی داهاتوو باس لە هەندێکی دەکەم کە بواری بلاوکردنەوەی هەیە.

بە گەڕانەوەمان بۆ هەولێر راستەوخۆ و ناراستەوخۆ پەیوەندیم بەهەندێ لە رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کرد ئەوانەی پاش رووداوی **(٣١ی ئاب)** لەهەولێر مابوونەوە ئەویش بە دوومەبەست:

یەکەمیان: لە روانگەی خەم خۆریم بۆ ئەو برا رۆژنامەنووسانەی کە بژێوی ژیانیان لەسەر کاری رۆژنامەنووسی وەستا بوو پاش رووداوەکە بێ کار مابوونەوە.

دووەمیان: بڕوای تەواوم بەنەبوونی سنوور لەنێوان رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی لایەنە سیاسییەکانی گۆڕەپانی کوردستان، بەتایبەتیش لەنێوان رۆژنامەنووسانی **(پارتی و یەکیەتی)**، راستە دوو حزبی جیاوازن، بەڵام لەهەموو حزبەکانی دیکە لەڕووی نیشتمانی و نەتەوایەتی و عیلمانیەت لێک نزیکترن، چونکە هەردوولا ئامانجی سەرەکیان رزگاری **(کورد و کوردستان)**ە، وەکو دوو حزبی نەتەوەخوازی پێشکەوتووی دیموکراتی راستە لەهەندێ **(تەفاسیل)** دا جیاوازیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لە یەکترى چوونەکە کەمترە، بۆیە پەرۆشی ئەو رۆژنامەنووسانە بووم کە دەمزانی مرۆڤی پاک و کورد پەروەرن و لەوئاکامدا توانیم چەند رۆژنامەنووسێک قەناعەت پێ بهێنم، کە لە سەرەتاوە ئاگاداریشم کردن کەکەس بۆی نییە یاخود کەس ناتوانێ لەناو دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات داوای بە **(پارتی بوونیان)** لێ بکات، تا ئەو کاتەی کە خۆی قەناعەتی وێژدانی و سیاسی دیت و بە ئیختیاری تەواوە، هۆکاری توانینیشم بەسەرکەوتوویی لەو مەسەلەیەدا لەوکات و ساتانەدا راستەوخۆ خۆم سەرپەرشتی **(رێکخستنەکانی پارتی دەزگای برایەتی و خەبات)**م دەکرد و برایانی رۆژنامەنووسی ئەوکاتەی ئەو دەزگایە باش ئەو راستیەیان لەبیرە و تەنانەت زۆرجار برایەکی رۆژنامەنووس کەخۆم چووم لەدەرگای مالّەکەییم دا تاکو لەلای ئێمە کاری رۆژنامەنووسی بکات لەبرایەتی، بەڵام ئەوکاتە ئەو برا رۆژنامەنووسە رازی نەبوو کاری رۆژنامەنووسیمان لەگەڵ بکات، بەهەر حاڵ ئەوە بەشێک لەو بۆچوونەمە کە تاکو ئێستاکەش بڕوای تەواوم پێیەتی و ئیشی پێ دەکەم، ئەویش خۆی لەئازادکردنی رۆژنامەنووسی دەبینێتەوە لەو چوارچێوەی کە کاری تێدا دەکات و ناچار نەکرێت کەتەنیا بە ئاقارێکدا بڕوا کە پاشان لێی بێزار دەبێت، چونکە (**لەقالب**)دانی مرۆڤ جا نەخاسمە رۆژنامەنووس و رۆشنبیر کە لە ئاکامدا بەرهەمەکەش لەقالب دراو دەبێت و وەکو ئەو نووسینانەی لێ دێت کە خوێندەوار تەنیا ناونیشانەکەی بە بێزاری دەخوێنێتەوە و لەلایەکی دیکەوە رۆشنبیر و رۆژنامەنووسی لەقالب دراو ناتوانێ **(ابداع)** لەکارەکەی بکات، کە پاشانیش دەبێتە هۆکاری بەجێمان و بێ بایەخی لەکۆتایشدا(**في النهاية**) ئەو رۆژنامەی کە بەتەواوی ئەو رێرەوەی گرتۆتەبەر، دەبینین راژەی فرۆشتنی لەچەند **(سەدەیەک)** تێپەڕناکات.

(پارتی و یەکیەتی)، راستە دوو حزبی جیاوازن، بەڵام لەهەموو حزبەکانی دیکە لەڕووی نیشتمانی و نەتەوایەتی و عیلمانیەت لێک نزیکترن، چونکە هەردوولا ئامانجی سەرەکیان رزگاری (کورد و کوردستان)ە

زۆر سەرنووسەر یاخود رۆژنامەنووسی دەزگایەکی راگەیاندنی حزبی، بەشێوەیەک (**سانسۆر**) لەسەر خۆی قورس دەکات، ناتوانێ لەو بازنەیە بچیتە دەرەوە کە بە (**وەهم**) دروست کراوە، راستە رۆژنامەیەکی حزبی جیاوازی هەیە لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئەهلی یاخود (**کەرتی تایبەت**)، بەڵام دیسان سەرنووسەر دەتوانێ ئەو چوارچێوەیە فراوان بکات، یاخود خۆی بە (**ئازاد**) ببینێ، وەکو ئاشکرایە رۆژنامە

لە بنەڕەتدا بەدوو بنەمای سەرەکی پەیوەندداراە کە بریتیە لە (**هەوالْ + را "رأی"**) بەنیسبەت یەکەمیان جۆری داڕشتنی لەرۆژنامە بۆ رۆژنامەنەیەکی دیکە جیاوازی تێدا دەبینرێ، بەلأم جۆری داڕشتنەکەی ئەگەر هاتوو (**الاثارة یاخود ئاشکرا کردنی جۆرە نهێنیەك**) دوور لە قالْبدراویەتی دارشتن بێت، ئەو

تا رادەیەك بە پێی خوێندنەوەیەکی بابەتی سەردەم و ئازادی بیرورا و حزبیەتی برایەتی زۆرجار چوارچێوە وەهمیەکەم دەشکان کە هەندێ جار تووشی (سەرئێشەی) دەکردم

رۆژنامەیە دەتوانێ ببێتە جێگای سەرنج و مایەی عەودالّی خوێنەر بۆی، کە لێرەدا رۆژنامەنووس دەتوانێ هەتا ئەگەر لەرۆژنامەیەکی حزبیش کاربکات، ئەو شێوازە بگرێتە بەر کە رۆژنامەکەی بەرەو پێشەوە ببات. دووەمیشیان مەسەلە (**رایە ، الرأی**) کە بێگومان رۆژنامەی حزبی مافی خۆیەتی راو بۆچوونی خۆی دەربارەی هەر مەسەلەیەك دەربڕێ، بەلأم دیسان رێگانەدان بەلایەن و خەلّکی دیکە کەرای خۆیان دەربڕن لەو رۆژنامە حزبیە ئەوە ئەو رۆژنامەیە تووشی زەرەرێکی گەورە دەکات. (**بەندە**) تا رادەیەك بەپێی خوێندنەوەیەکی بابەتی سەردەم و ئازادی بیرورا و حزبیەتی برایەتی زۆرجار چوارچێوە وەهمیەکەم دەشکان کە هەندێ جار تووشی (**سەرئێشەی**) دەکردم، بەلأم لێرەدا دەمەوێ راستییەك ئاماژە پێ بکەم کە ئەو (**سەر ئێشەییەی**) کە تووشم دەهات، راستەوخۆ پەیوەندی بە بۆچوون و رای سەرکردایەتی پارتییەوە نەبوو، بەلّکو لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتییەوە دروست دەکران ئەویش نەك (**حبا بعلی وانما کرها بعمر**) مەعلومیشە (**عومەر**)ەکەش من بووم و ئەو هۆکارەی کە (**کرە**)ەکەشی دروست دەکرد مەسەلەیەك بوو دوور لەبەرژەوەندی پارتی، بەلّکو لەئاکامی ئەو (**ململانێ**)یە نامەعقول و ناپارتییەوە دەهاتە ئاراوە کە ببووە مایەی دروست بوونی حالەتی پاشاگەردانی لەراگەیاندندا کە لەئاکامدا برینی نانی دەیان کارمەند و رۆژنامەنووس و (**قەپات**) کردنی هەندێ لە چاپەمەنییەکانی ناو دەزگای برایەتی و خەبات کۆتایی هات کە دواتر دێمەسەری.

لەگەلْ رێکخستنەوەی بارەگای دەزگای دوو (**هۆلْ**)ی گەورە یەکەم بەناوی (**هەژاری موکریانی**) و ناونرا کە تایبەت بە شاعیر و چیرۆك نووس و رەخنەگران بوو کە پاشان بۆ هەفتانەی (**ئەدەب و هونەر**) تەرخان کراو چەندین ئەدیبی بیروڕای جیا کاریان تێدا دەکرد کە دیسان دێمەوەسەری. هۆلّی دووەم بەناوی (**هۆلّی میقداد بەدرخان**) ناوزەند کرا کە پێشەنگ و رابەری کاری رۆژنامەنووسی کوردە لەمێژوودا وهۆلّەکەش دەولّەمەند کرابوو بەسەدان (**کتێبی هەمەجۆرو دەیان رۆژنامەی مێژوویی**)،کە بەداخەوە لەپاش (**لابردنی من**)، هەندێك وەکو لێکدانەوەیەك بوو (**ئینقیلابێکی عەسکەری**) تەماشای ئەو رێکخستن و گرنگیدانەیان کرد کە لەدواتر نەهۆلّ بەناوی میقداد بەدرخان و نەهۆلّ بەناوی هەژاری موکریانی و نە ئەو کتێبخانەو ئەرشیفەی کە دەیان هەزار دیناری تێچووبوو هیچی وەکو خۆی نەما. لێرەدا دەبێت خوێنەر بزانێ لەو سەردەمەی کە ئەو کارانە رێك دەخران پارەو پوول وەکو ئەو سەردەمەی نێستا نەبوو کە تەخشان و پەخشان بەپارە دەکرێ و تەنانەت دەبوایە مانگانە سەرتاپای مەسروفات و داهات بگەڕێتەوە بۆ مەکتەبی ناوەندی دارایی بەمەبەستی تەدقیق کردنی و زۆر جاریش ئامۆژگاری دەکراین کە پێویستە خەرجیات کەم بکەینەوە.

برایەتی و چاپەمەنیەکانی دیکەی دەزگا

برایەتی بە ١٢ لاپەرە، برایەتی ئەدەب و هونەر، وەرزشی برایەتی، برایەتی وەرزش، سەنتەری برایەتی، کتێبە چاپکراوەکانی برایەتی. بەدوو شێوە هەر لە رۆژانی یەکەمی دەست بەکاربوونم لەرۆژنامە بیرم لە زۆر شت دەکردەوە، بەمەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی برایەتی کە ئەویش لە رۆژانی پێشووترەوە یاخود لەسالانی حەفتاکانەدا کە بەڕێوەبەری کارگێڕی (**التأخی**) و سەرپەرشتکاری رۆژنامەی برایەتی بووم، لەرووی رامیارەیەوە کە راستەوخۆ پەیوەندیم بەکاری رۆژنامەنووسیەوە هەبوو

کە پێشووتریش هەر لە سەرەتای لاویمەوە کە دەگەڕامەوە بۆ سەروبەندی دوای شۆڕشی ١٤ تەممووزی ساڵی ١٩٥٨، خولیای کڕین و خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤار بووم لە سەرەتادا بەکوردی و پاشانیش لەپۆڵی سێیەمی ناوەندی دەستم بەخوێندنەوەی عەرەبی کرد، دەتوانم بڵێم رۆژێ نەبوو کە من دووڕە پەڕێز کات لە دۆستایەتی خوێندنەوە چ رۆژنامە چ گۆڤارو چ کتێب. رۆژانەش پاش تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە **(موشتەری)** بەردەوامی **(کتێبخانەی گشتی)** کۆیە بووم، خوالێخۆشبووانی بەڕێوەبەر **(چ لەسەردەمی مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری و چ لەسەردەمی مامۆستا عبدالصمد حاجی تەها)** کە تاکو رۆژانی تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندیم مابوون، پاشانیش لەقۆناغی خوێندنم لەزانکۆی بەغدا **(کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان)** رۆژانە ماوەی نزیک (یەک کاتژمێرم) لەهۆڵی یانەی کۆلیژ بەسەردەبرد، بەمەبەستی خوێندنەوەی رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، پاشانیش کە (التأخی و برایەتی)ش لەقۆناغی یەکەمی دەرچوونیاندا (٤/٢٩ التأخی و ١٩٦٧/٥/٦برایەتی) بارەگای رۆژنامەو خوێندنەوەیان ئەرکی بەردەوامی رۆژانەم بوو کە تێکرای مێژووی دۆستایەتیم لەگەڵ رۆژنامەدا بۆ **(خەزینی)** رۆژانی دەست بەکاربوونم لەبرایەتی، بەرادەیەک کارەکەم لا خۆشەویست بوو، نەدەپرژامە هیچ کارێکی دیکە. تەنانەت رۆژانی (پشووودانیش) نیوەی رۆژەکەم هەر لەبارەگای رۆژنامە بەسەردەبردو زۆر جاریش لەسەر ئەم رێڕەوە خێزانم (سەرکۆنەی) دەکردم.

لە قۆناغی یەکەمدا کە (١٤) مانگی خایاند تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ توانرا لایەڕەکان بە شێوازێکی تازە رێک بخەینەوە و گرنگی بەڕۆڵی پەیامنێران بدەین، بەڵام بارودۆخی سیاسی بەتایبەتیش پاش ١٩٩٤/٥/١ کە سەرەتای قۆناغێکی دژواری شەڕی ناوخۆبوو، هەموو پرۆژەیەکی بەرەو پێشەوە بردنی برایەتی دواکەوت، سەرەڕای بایەخنەدان و لەڕووی ناوەڕۆک و هونەرییەوە، نەبەڕۆڵی رۆژنامە، چونکە لەوکات و ساتانەدا بەهۆی تووندوتیژی ململانێی سیاسی و نەبوونی هۆشیاری تەواویش، بەگرنگی بەرەو پێشەوە بردنی، بەڵام دیسان لەبارودۆخی پاش راپەڕین دەرچوونی رۆژنامەی رۆژانە، کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو دەبوایە شەونخوونی تەواو بۆ بکرێ.

ئەوەی رۆڵی سەرکردەکانی پێشووی گەلی کوردستان لەقۆناغە جیاجیاکانداو رۆڵی شاعیر و ئەدیب و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی لەبیر بچێت، کە تا چ رادەیەکی گەورە لەخزمەتی کێشەی گەل و کەلتوور و زوبان و ئەدەبی کوردی دابوونە، ناتوانێ خەمخۆری راستەقینەی گەلەکەی بێت

قەوارەی (٨) لایەڕەیی بەسیستەمی لەقالبدراوی رۆژنامەکان، تێدا برایەتیشی بەخۆوە گرتبوو نەدەکرا لەو کاتەدا باس لەزیاد بوونی لایەرەکان بکەیت، بەڵام دیسان لەبۆنە جیاکاندا توانیم جۆرە رایەك فەرز بکەم، ئەویش خۆی لەزیادکردنی لایەڕەکان دەدیتەوە، لام وایە یەکەم جاریش کە توانیمان ئەو قالبە بشکێنین ئەو ژمارە تایبەتییەی برایەتی بوو، بەبۆنەی سالیادی چوارەمی خوالێخۆشبوو (هەژاری موکریانی) بوو کە برایەتی ژمارە(١٨٧٩) لە رۆژی ١٩٩٤/٤/٢١ بە (١٦) دەرچوو، کە لام وایە بۆیەکەم جار بوو رۆژنامەیەکی رۆژانە بتوانێ ژمارەیەکی تایبەتی بە (١٦) لایەڕە تەرخان بکات، بەڵام چونکە بەندە هەر لەسەرتاوە هەمیشە لەگەڵ ئەو راوبۆچوونانەم کە دەڵێ (ئەوەی رۆڵی سەرکردەکانی پێشووی گەلی کوردستان لەقۆناغە جیاجیاکانداو رۆڵی شاعیر و ئەدیب و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی لەبیر بچێت، کە تا چ رادەیەکی گەورە لەخزمەتی کێشەی گەل و کەلتوور و زوبان و ئەدەبی کوردی دابوونە، ناتوانێ خەمخۆری راستەقینەی گەلەکەی بێت ئەوجا لەهەر بواریکدا کەکاری تێدادەکات ئەو دەستەواژەیەی کە لەمانشێتە سەرەکییەکەی ئەو ژمارەیەش کە بەکارم هێناوە بۆ یادی هەژاری موکریانی کە دەڵێ "لەیادی پاسەوانی زمان و گەورە رۆشنبیری کورد هەژاری موکریانی" سوودم لەو هەڵسەنگاندنەی "عەونی" شاعیر وەرگرتووە کەلە دیمانەیەکی "رۆژنامەی نوێ"ی ژمارە ١٠٩ ساڵی یەکەم پێنجشەممە رۆژی ١٩٩٢/٦/٤ کەلەگەڵ عەونی کراوەو دەڵێ "هەژاری موکریانی نەک تەنها شاعیرێکی

زۆر گەورەیە، بەڵکو پاسەوانێکی زمانی کوردیشە"ـە لـەو ژمـارە تایبەتیەشدا چـەندین رۆشـنبیری قەلـەم بەپێزی کوردی وەك بـەڕێزان "زاهـیر سـەوز، رەئـوف ئەحمەد ئالانی، سەرۆ قادر، ئەحمەد سـەلام، مستەفا سالح کەریم، عومەر محەمەد سالح، مومتاز حەیدەری، سیڤەر–زاد، کەریم شارەزا، مەحمود زامدار، نـورەدین سـەعید وەیـسی، محەمـەد سـالح سـەعید، نـاجی ئەرگوشی، محەمەد خدر مـەولود"، لەگـەڵ بابـەتێکی دیکـە کـە رۆژنامـەنووس سـەرۆ قـادر لـە فارسـییەوە وەری گێڕابـوو، بەناونیـشانی "چـەند بیرەوەرییـەك لەبارەی شەرەفکەندی هاوسەرمەوە" کـە دیمانەیـەکی گۆڤـاری "اصـحا انقـلاب"ە لەگـەڵ مەعـسومە خـانی هاوسەری مامۆستا هـەژارە، سـەرەڕای بلاوکردنـەوەی بابەتێکی گۆڤاری (سروە)ی کوردستانی رۆژهەلاّت کـە ماوەیـەك بـەر لەکۆچـی دوایـی خوالێخۆشبوو هـەژاری موکریانی لەژێر ناوی "وتوویژ لەگـەڵ مامۆستا هـەژار" کەوەکو خۆی بلاوکرایەوە.

لـە قۆناغی دووەمـی برایـەتیش لـە پـاش راپـەڕین مەبەسـت لـەرۆژانی گیرسـانەوەمان لـە هاوینەهـەواری سەلاحەدین کە لە سەرەتای سالّی ۱۹۹۵ دەسـتت پـێ دەکات، لاپەڕەکانی برایـەتی وەکـو لەئەلقـەی پێشوو دیـاری کـراوە، هـەرجارەی بەچـەند لاپـەڕەی جیـاواز دەرچووە، کە هەنـدێکیان دەگەیشتە ۱۲ ، ۱٦ ، ۲٤ ، ۲۸ لاپـەڕە بـەڵام دیـسان چـونکە لەبـەر بـارودۆخی ئەوکاتە رۆژانـە دەرنەدەچـوو نـاتوانین بڵـێین ژمـارەی لاپەڕ ُکانی لە ۸ لاپەڕە تێپـەڕی کردبـوو، لـە قۆنـاغی دوای گەڕانـەوەشمان زۆرجـار سیـستەمی (۸) لاپەڕەیی دەشکاو زۆر جـار دەبـوو بـە ۱۲ لاپـەڕە کـە ئـەویش بەبۆنـەی ئـەو بۆنانـەوە بـوو کـە دەیخواست لاپەڕەکان زیاد بکرێت، زۆر جـار هەنـدێ لەئەنـدامانی دەستەی نووسەرانی (پەست) دەکردن، بـەڵام دیسان زیـادبوونی لاپـەڕەکان لـە بۆنەکانـدا بـە هـەوڵ و کۆششی رۆژنامەنووسـانی برایـەتی دەهاتـە بەرهـەم و لەپێـشەوە کۆبوونەویـەکی چـەند سـەعاتی بـە ئامـادەبوونی ئەنـدامانی دەسـتەی نووسـەران و لێپرسـراوی لاپـەڕەکان ئـەنجام دەدرا. لەسـاڵیادی یەکەمی رووداوی (۳۱)ی ئابدا برایەتی بە (۳۱) لاپـەڕە دەرچوو تێدا بەدرێژی باس لـەو دەستکەوتانە کراوە کەلـەماوەی سـاڵی نوێدا لەلایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردستانەوەجێبەجێ کراوە.

مەسـەلەی زیـادکردنی لاپـەڕەکانی برایـەتی لـە ۸ لاپەڕەوە بۆ ۱۲ لاپـەڕە جـۆرە ماندوو بوونێکی زۆری تێـدا بـوو لـە سـەرەتادا بەقەناعـەت پێکردنـی رۆژنامەنووسان زاهیر رۆژبەیانی جێگری سەرنووسەر و ئاسۆ کەریم سکرتێری نووسین دەستی پێکرد، چونکە دەبوایـە بـۆ جێبـەجێ کردنـی (پلانەکـە) بـە ئەلقـەی یەکەمی ستافەوە دەست پێ بکەم.

لەسـەرەتادا رۆژنامـەنووس ئاسـۆ کـەریم لەگـەڵ زیـادکردنی لاپـەڕەکان نـەبوو، چـونکە ئـەو دەیگـوت زیـادکردنی لاپـەڕەکان بەتـەنیا نابێتـە گـۆڕان لەنەوعیەتـدا، پێویـستە زیـاتر گرنگـی بـەم لایەنـەی دوایی بدرێت، لەراستیدا قسەکەی رۆژنامەنووس ئاسـۆ کەریم مەعقولیەتی تێدا بـوو، بـەڵام دیسان وەکـو مـن بۆی دەچووم زیادکردنی لاپەڕەکان سـەرەڕای سـەنگ و قورسـایی رۆژنامەکـە لـەلای خوێنـەران کـە بەباشـی لێك دەدرایـەوە، بـەڵام دیسان زیـادکردنی لاپـەڕەکان دەرگـای رۆژنامـە زیـاتر والاّ دەکـات و مـاوەی زیـاتر بەنووسەر و رۆژنامـەنووس و رۆشـنبیران دەدات تێیدا بنووسن.

لەراسـتیـشدا رایەکـەی مـن لەلایـەن زۆربـەی رۆژنامەنووسـانەوە پەسـەند کـراو ئـەوەبوو یەکـەم ژمارەی بەردەوامی برایەتی بە (۱۲) لاپـەڕە دەرچوو.





ڕۆڵی ڕۆژنامەی "ئازادی" لە ڕۆژنامەوانیی کوریدا

فەتاح تۆفیق
"مەلا حەسەن"

کەم وابووە ئەو ساسییانەی بیرەوەری خۆیان دەنووسنەوە تەماشای سەرچاوە بکەن و دانوستان لەسەر رووداوەکان بکەن، وادیارە مامۆستا "مەلا حەسەن"یش هەر بەم هەناسەیەوە لەسەر "**ئازادی**" نووسیوە، لەبیرەوەری چەند هاوڕێیەکی خۆی بترازێ تەماشای سەرچاوەی دیکەی نەکردووە، بۆیە ساڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی "**ئازادی**" خستۆتە ١٩٤٥. کاتی خۆی بەمەبەستی بلاوکردنەوەی "**پەیمانا کوردان**"ی ئەو سالانەی حیزبی شیوعی کوردستان بوو، لەژێر ناونیشانی "**ڕۆژنامە یان گۆڤاری ئازادی**" من ئاماژەیەکی وام کردووە ئەم ڕۆژنامەیە لەساڵێ ١٩٤٥دا دەرچووبێ، ئەوەتا لە ژمارە (٥)ی "**ڕۆژنامەڤانی**" هاوینی ٢٠٠١دا نووسیبووم: **(هەرچی حیزبی شیوعی کوردستانیشە "ڕێگای کوردستان"ەکەی ئێستای بەدرێژەپێدەری "ئازادی" داناوە کە ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٤٥دا دەرچووە).**

وا دیارە دواتر مشت و مڕو دانووستان لەسەر لاپەڕەکانی "**ڕێگای کوردستان**" لەنێوان بەڕێز "**جەلال دەباغ**" و چەند هاوڕێیەکی دیکە لەسەر ئەم پرسە سەری هەڵداوە، دیارە ئەویان پێی وابووە "**ئازادی**" لەساڵی ١٩٤٥دا دەرچووەو لەسەر دەستەی نووسەران "**ڕێگای کوردستان**"یشی کردووەتەوە مالّ و ١٩٤٥یکی پێ لە سەر ڕووی ڕۆژنامەکە نووسیوون، بەڵام وا دیارە کادیرانی دیکەی حیزب ئەو کارەی ئەویان پێ ناخۆش بووە بۆیە لێی بەدەنگ هاتوون، ئەویش لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە وەڵامی دابوونەوە، منیشی تێوەگلاندبوو و کردبوومیە شاهیدی بۆچوونەکانی، ئەوسا منیش زانیاری دیکەم لەسەر دەرچوونی "**ئازادی**" لەلا کۆ ببۆوە، بۆیە ماوەیەك خەریکی نووسینەوەی بابەتێك بووم، بەڵام وا دیارە وەکو زۆر جاری دیکە نووسینەوەی ئەم بابەتەم لەدەست خۆم داوە، ئەوەبوو دواتر لەگەڵ مامۆستا "**ڕەفیق سالّح**" بەشی یەکەمی "**ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی**"مان لە ژمارە (١٢,١١)ی گۆڤاری "**ڕۆژنامەڤانی**"دا بلاوکردەوە، بەمەبەستی ئەوانەی بایەخ بەم بوارەی ڕۆژنامەنووسیی دەدەن و تا ئەو ژمارەیەی "**ئازادی**" بدۆزنەوە، لە ل١١٣ی "**ڕۆژنامەڤانی**"دا لەژێر ناوی ئازادی ١٩٤٤دا نووسیومانە: ژمارە ١ی لە نیسانی ١٩٤٤دا دەرچووە، ئێستا لە ئەرشیفی ئەکادیمیای کوردەواریی لەبەرلینی

رۆژئاوا پارێزراوە، کاتی خۆیشی "**ئازاد عوبێد**"ی هاوکارمان لە "**دەستەی نووسەران**"ی "**رۆژنامەنووس**"دا هەندێ زانیاریی دیکەی بۆ خستبوومە سەر ئەم باسانە، بۆیە هەر ئێستا و لەکاتی نووسینی ئەم دێرانەدا بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێیەوە کرد، ئەویش جارێکی دیکەی پشت راستی کردمەوە کە لەوانەیە فۆتۆی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەکە جگە لەئەدرێسی ئاماژە بۆکراو لای "**د.خەلیل جندی**"یش هەبێت، چونکە لەنامەی دکتۆراکەیدا بەراشکاوی ئاماژەی بۆ کردووە.

جگە لەمە لەهەمان ژمارەی "**رۆژنامەڤانی**"دا بە ئیمزای "**کوردێکی یەکڕەنگ**"و وەکو "**دیاری ژمارە**" فۆتۆی یەک لە ژمارەکانی "**ئازادی**" ساڵی ١٩٥٢ و یەک لە ژمارەکانی "**ئازادی کوردستان**"مان بلاوکردۆتەوە، ئەوەش ئەو بۆچوونەی مامۆستا "**مەلا حەسەن**" دەداتە دواوە گوایە "**ئازادی**" لە ساڵی ١٩٥٢دا دەرنەچووبێ.

عەبدوللا زەنگەنە

رۆژنامەی ئازادی کە لەناوەڕاستی ساڵانی چلەکاندا، کۆنگرەی یەکەمی حزبی شیوعی عێراق بڕیاری دەرچوونی داوە، تێکۆشەری هەرە زیندوو "**مەلا شەریف رەنگەڕێژانی**" بەراسپاردەی دامەزرێنەر و سکرتێری حزبی شیوعی عێراق شەهید یوسف سلمان یوسف "**فەهد**" کرایە بەڕێوەبەری ئەم رۆژنامەیە. هەروەکو مامۆستا ساڵح حەیدەری لەهەڵبژاردەی یادداشتەکانیدا دەنووسی، لەمەودواش مەلا شەریف ئامادەی کۆنگرەی یەکەم حزب بوو کە لەساڵی ١٩٤٥ دا بەستی و مەلا شەریف بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، هەرچەندە هێشتا ساڵێ زیاتر نەبوو کە هاتبووە ریزی حزبەوە، لەهەمان کاتدا ئەندامێکی نوێ بوو و لەئاستی ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندیدا نەبوو، دەرکردنی رۆژنامەی ئازادی سپێردرا، کەدوایی بووە ئۆرگانی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراقی[1]. رۆژنامەی "**ئازادی**" لەهەل و مەرجێکی زۆر سەخت و تایبەتی بریاری لەسەر درا. کە ئەوکاتە هیچ رۆژنامەی کوردی دەرنەدەکرا، ئامادەکردنی چاپخانەو کەرەسەی چاپ کردن زۆر بەزەحمەت پەیدا دەکرا، نووسەر و چاپکەر زۆر دەگمەن بوون.. لەم بڕیارە ئازادیانەیەشدا دووربینی هاوڕێ فەهد دەردەکەوێ، کەلەم سەردەمەدا بایەخی رۆژنامەی لەژیانی حزبایەتی زانیوە، رەنگە دەستنیشان کردنی "**مەلا شەریف**"یش هەر لە ئەوەهاتبێت کەلەو کاتەدا، نووسەرێکی کوردیزانی لەو باشتر لە حزبدا نەبووە، بەهۆی تازە بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستی لە کوردستاندا. ئەگەرچی ئەم بیروباوەڕە دەمێک بوو لە زۆربەی ولاتانی جیهان و لەعێراقیشدا سەری هەڵدابوو. بەڵام بەهۆی دواکەوتوویی خەڵکی کوردستان لەبواری زانیاری و زانیاری سیاسی بەگشتی ، لەبەر بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەلایەن حکومەتی بەغداوە بە تایبەتی ، دژی هەموو بیروباوەڕێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بەگشتی، بیروباوەڕی مارکسیزم–لینینزم بەتایبەتی و نەبوونی کێب و گۆڤاری پێشکەوتنخواز بەزمانی کوردی، هێشتا هەڵگری ئەم جۆرە بیروباوەڕە لەنێو خەڵکی رۆشنبیردا لەکوردستاندا بلاونەبووبووە.

لەم بارودۆخە دواکەوتووەشدا، هۆشیاری سیاسی، بەتایبەتی هۆشیاری چینایەتی، لەپلەیەکی زۆر نزمدابوو، سەرچاوەکانی زانستی لەبارەی مارکسیزم و سۆسیالیزمی زانستی، ئەگەر نەڵێم هەر نەبوو ئەوا زۆر کەم بوو، ئا لەم بارە ئالۆزە و سەختەدا رۆژنامەی ئازادی هاتە گۆڕەپانی رۆژنامەوانیی کوردییەوە، دیارە یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لەمانگێ گولان/نیسانی ١٩٤٥ دەرچووە، بەگوێرەی لێکدانەوە بەشی هەرە زۆرینەی لێکۆڵەرەوەکانی بواری رۆژنامەوانیی و هاوڕێیانی دێرینی حزبی شیوعی عێراق، بەم هەنگاوە گرینگەش رۆژنامەوانیی کوردی، هەنگاوێکی گەورەی بەرەو پێشەوەبڕی و ئەگەر هەل و مەرجی عێراق و کوردستانی عێراق نەختێ لەبار بووایە تووندو تیژیی سەرکوتانەی سیاسی بەم شێوە لە گۆڕێدا نەبوایە، رەنگە رۆژنامەی ئازادی بیتوانیبایە رۆلێکی زۆر کاریگەری لەبواری رۆژنامەوانیی و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بەوشەو زاراوەی سیاسی و زانستیانە هەبوایە، بەتایبەتی دوای

سەرکەوتنی حزب لەهێنانی کۆمەڵێك تێکۆشەری شیوعی کوردستانی بۆ ریزەکانی حزب، هەر وەکو بەڕێز سالّح حەیدەری لەیادداشتەکانیدا باسی دەکات.

دیارە دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەك لە "**ئازادی**" لە سالّانی ١٩٤٥–١٩٤٦ کەمن لەم ژمارانەدا هیچ یەکێکیم نەدیوە، لەسەرەتای سالّی ١٩٤٧، کەهاوڕێ "**فەهد**" لەلایەن دەزگای سیخوڕی رژێمی پاشایەتی دەستگیر دەکرێ، هەموو دامودەزگای حزب تووشی شلەژان دەبن، مەلا شەریفیش چالاکی سیاسی خۆی رادەگرێ و رایدەگەیەنێ کە تاسەرکردە مەزنەکەی "**مەبەست هاوڕێ فەهدە**" ئازاد نەکرێ چالاکی حزبایەتی ناکا، سالّح حەیدەری لەم بارەیەوە دەنووسێ: (لەسالّی **١٩٤٧ دەستی لەکاری حزبی کێشایەوە، ئەم هەنگاوەشی بەوە پاساو دایەوە کە باوەڕی بەسەرکردایەتی نوێ نییە (سەرکردایەتی مالك سیف–یهودا صدیق) نەشگەڕایەوە بۆ حزب لەسالّی ١٩٤٩شدا چەند سالّێك زیندانی کرا**)[٢] بەبۆچوونی من بەم هۆیەوە بووە ئازادی رادەگیرێ.

لە پاییزی سالّی ١٩٤٨دا، چاوم بە ژمارەیێکی رۆژنامەی ئازادی کەوت و لەبیرمە کە یەکێ لەوتارەکانی لەبارەی کێشەی زەوی و زار بوو، لەنێوان جووتیارەکانی "**عەربەت**" و خاوەن زەوی و زارەکانی ئەو گوندە، کە ئەوکات عەربەت گوند بوو، وتارەکە داوای دەکرد ئەم کێشە بۆ بەرژەوەندی جووتیاران چارەسەربکرێ، من بەسەرهاتێکی کورتم لەگەڵ ئەم ژمارە هەیە، حەز دەکەم هەر بۆخۆشی لەبارەی ئەم ژمارەیەی ئازادی رووادوێك بۆ خوێنەرە بەڕێزەکان بگێڕمەوە. لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ لەهەولێر بووم، هاوڕێیەکی ئەو سەردەمم دیت، لێی پرسیم کە ئایا بۆ رواندز دەگەڕێمەوە؟ منیش گوتم: بەڵێ هەر ئەمڕۆ دەگەڕێمەوە، گوتی: کەواتە وەرە پۆستەیەك هەیە، لەگەڵ خۆتدا بۆ رێکخراوی ئەوێ ببەرەوە. منیش گوتم باشە. بەیەکەوە چووین بۆ گەڕەکی عارەبان، بردمیە بۆ ماڵێك زەمبیلێکی لەگەڵای خورما دروست کراوی دایە دەستم و گوتی: ئەمە پۆستەکەتە، منیش چوومە گەراج، ئەو کاتە تەنیا پاسی تەختە "پەست" لەنێوان هەولێر و رواندز هاتووچۆی دەکرد کاتەکەشی دوای نیوەڕۆ بوو، پاسەکە کەوتەڕێ، تاگەیشتینە "**گەلی عەلی بەگ**" شەو داهات و لەوێ بنکەیەکی پۆلیس هەبوو، پۆلیسێك سەرکەوتە سەرپاسەکەو دەستی کرد بە پرسینی ناوی سەرنشینەکان و پشکنینی ئەو شتومەکانەی پێمان بوو، لە من نزیك کەوتەوەو فانۆسێکی بەدەستەوە گرتبوو، منیش زەمبیلەکەم لە ژێر خۆمەوە دانابوو، بەرێکەوتیش ئەفسەرێکی سەربازی لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، دیارە لەم کردەوەی پۆلیسەکە قەڵس بوو، بەعەرەبی پێی گوت: ئەمە تۆ چی دەکەی؟ کابرای پۆلیس بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕی بزانی ئەمە کێیە قسەی لەگەڵ دەکات، بۆیە بە وشکی وەڵامی دایەوە و گوتی نابینی ئەوە پاسەکە دەپشکنم. ئەفسەرەکە زۆرتر تووڕەبوو و پێی گوت: دابەزە هەی واو وا لێکراو. ئەنجا پۆلیسەکە سەری هەڵبڕی و دیتی کە ئەمە ئەفسەرەو یەکسەر سلاوێکی عەسکەری بۆ کرد و داوای لێبوردنی کرد، وازی لێهانین و رۆیشت. بەم شێوەیە لەم پشکنینە رزگارمبوو. زەمبیلەکەم هێنایە رواندز و دامە دەست هاوڕێیەکی بەرپرس، ئەمە یەکەم ناسینی من بوو لەگەڵ رۆژنامەی ئازادی، چونکە رۆژی دوایی ئەو ژمارەیەی ئازادیم بەدەست منیش گەیشت، کە نەختی پێشتر باسم کرد.

ئاماژەم بەو راستییە کرد، کە دوایی دەستگیر کردنی هاوڕێ "**فەهد**"، هەموو دەزگاکانی حزبی دووچاری شلەژان بوون، لەمانەش دەزگای رۆژنامەی "**ئازادی**" بەتایبەتی دوای دەست کێشانەوەی مەلا شەریف لەکاری حزبیدا، بۆیە رەنگە "**ئازادی**" ماوەیەك وەستابێ. بەڵام دوای سەرکەوتنی راپەڕینە مەزنەکەی کانوونی دووەم ١٩٤٨،کە حزبی شیوعی عێراق رۆڵی سەرەکی لەم راپەڕینەدا گیرا، کۆمەڵە دەستکەوتێکی سیاسی–دیموکراتی بەدەست هێنران و ژیانی حزبایەتی گورج و گۆڵییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و "**ئازادی**"ش جارێکی دیکە دەستی کردەوە بەدەرچوون. وەکو لەهاوڕێ "**عەزیز محمەد**"م بیستووە یەکێك لەوانەی لەوکاتەدا لە رۆژنامەی "**ئازادی**" کاری کردووە، هاوڕێ"**ئەحمەد**

غەفور"بووە کە دوای شۆڕشی ١٤/تەممووزیش یەکێك بوو لەنووسەرانی ئەم رۆژنامەیە.

شایانی باسە، لەپایزی ١٩٤٨ دا، بەهۆی خیانەتی مالك سیف، رژێمی پاشایەتی هێرشێکی فراوانی کردە سەر ڕێکخراوەکانی حزب، ئەم هێرشە تا ناوەڕاستی ١٩٤٩یش درێژەی هەبوو، زیانێکی زۆر بەزۆربەی ڕێکخراوەکانی حزب گەیشت و رژێم ئەم خیانەتەی قۆستەوە، بۆ دووبارە دادگایی کردنەوەی هاوڕێ **"فەهد"** و هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو سەردەمە، صارم و حازم– کە لەئاکامی ئەم داگایی کردنە ناڕەوایەی لەمێژووی دادگاییدا وێنەی زۆر کەمە، چونکە ئەم هاوڕێیانە لەکاتی خۆیدا لەساڵی ١٩٤٧ دادگایی کرابوون، تا ئەوکاتە هەر لە زیندانداا بوون، بەپێی هیچ یاسایێکیش ڕەوانییە، بەهەمان تۆمەتەکانی پێشوو جارێکی دیکە داگایی بکرێنەوە، بەڵام رژێمی پاشایەتی ئەم تاوانە مەزنەی ئەنجامداو ئەم سێ هاوڕێیە وچەند هاوڕێیەکی دیکەشی بە لەسێدارەدان حوکمدان، ئەم حوکمە قەرەقوشیەش لە ١٤ ،١٩٤٩/٢/١٥ جێبەجێی کرا، بەهۆی ئەو هێرشە بەرفراوانەش زیانێکی زۆرگەورە بەحزب گەیشت و جارێکی دیکەش رۆژنامەی ئازادی لەدەرچوون وەستایەوە.

وادەردەکەوێ کەدوای هێوربوونەوەی بارودۆخی سیاسی بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەگوێرەی حزبی شیوعی، لەساڵانی ١٩٥٠، ١٩٥١دا پاش ئەو پەلامارە دڕندانەیەی کرایە سەری لەساڵانی ١٩٤٨، ١٩٤٩ دا بیر لەدەرکردنەوەی ئازادی نەکراوەتەوە، چونکە **"بهاءالدین نوری"** کە ئەوکات تا ساڵی ١٩٥٣ سکرتێری حزب بوو، لەیادداشتەکانیدا هیچ باسی رۆژنامەی **"ئازادی"**ناکات، کەچی باسی کرێنی کەرەسەی چاپ دەکات کە بەچل دینار کڕیویانە و باسی ئەوە دەکات کە لەساڵی ١٩٥٢ دا چاپەمەنی حزب گەیشتۆتە ئەوپەڕی چالاکی و هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵێك کتێب و نامیلکە چاپ کراوە وێڕای بەیاننامە حزبییەکان[٣]، بەڵام هاوڕێ دڵزار لە نامیلکەی **"پاشکۆی بیرەوەرییەکانم"**دا باسی ئەوە دەکات کە لە ساڵانی ١٩٥٤، ١٩٥٥دا رۆژنامەی ئازادی لەکەرکووك ، بەسەرپەرشتی بەڕێز کاکەی فەلاح دەرکراوە، کەلەهەمان کاتدا سکرتێری لێژنەی لقی کوردستانی حزبیش بووە. هاوڕێ دڵزار خۆشی لە ساڵی ١٩٥٥دا ماوەیەك لەو ماڵە ژیاوە کە چاپخانەی کۆمیتەی لق و کاکەی فەلاحیش هەر لەوماڵە ژیاوە، بەهاوکاری هەردووکیان مانگانە **"ئازادی"**یان دەرکردووەو بەیاننامەی دیکەشیان چاپ کردووە، دیارە رۆژنامەکە لەسەردەستی کاکەی فەلاح و هاوڕێ دلزار لەرووی زمانەوانی و ئەدەبییەوە بەرەو پێش چووە، چونکە هەردووکیان شاعیر و نووسەر بوون[٤]، کاکەی فەلاح کە ئەندامی ك.ن حزبیش بوو پیاوێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو.

ئەوەی دێتەوە بیرم ئازادی لەساڵی ١٩٥٦ دا، رۆلێکی کاریگەری دەگێڕا، چونکە لەم ساڵەدا بەدەستپێشخەری هاوڕێی تێکۆشەر و هەمیشە زیندوو **"سەلام عادل"** ڕێکخراوەکانی حزب یەکیان گرتەوەو لەمانگی ئەیلوولی هەمان ساڵیشدا کۆنفراسی دووەمی حزب بەستراو لەم کۆنفراسە بەدواداچوونەوەیەکی زانستیانە بۆ ڕێباز و سیاسەتی حزب کرایەوە، بەتایبەتی لەبارەی کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان و بۆ یەکەمجار ڕێبازێکی زانستیانە لەبەر ڕۆشنایی مارکسیزم–لینینزم لەبارەی کێشەی نەتەوەیی ئەم گەلە داڕێژرا، کە پوختەکەی بریتی بوو لە دانان بە مافی بڕیاردانی چارەنووس لەلایەن گەلی کورد خۆیەوە، بۆ ئەو سەردەمیش دروشمی ئۆتۆنۆمی وەکو چارەسەرێکی کاتی بەرزکرایەوە. رۆژنامەی ئازادی–ش بەڵگەنامەکانی کۆنفراسی بەدرێژی بڵاوکردەوە، ئەم یەکبوونەوەی ریزەکانی حزب و بەستنی کۆنفرانسی دووەمیش، تەوژم و تینێکی قووڵێ بەڕێکخراوی حزبدا، بە تایبەتی بڕیاری حزب لەمەڕ کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان، ئەم دوو هەنگاوە مەزنەش لەکاتێکدا هاتن کە بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی عەرەبی بە سەرۆکایەتی **"جەمال عەبدولناسر"** لەگەرمەی جموجوول دابوو، لەهەندێ بۆچوونیدا لەگەڵ بزاڤی ئازادیخوازی کوردا هاوجووت بوون، بەتایبەتی لەدژایەتیکردنی پەیمانی سەنتو کە بە**"پەیمانی بەغدا"**ش ناوی دەهێنرا، ئەو پەیمانەی

بە پلەی یەکەم دژی مافە رەواکانی گەلی کوردستان و بزاڤە ئازادیخوازەکەی بوو، هێشتا لەبیرمە دوای هێرشە سێ قۆڵییەکەی ئینگلیز و فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری میسر، لەپایزی ساڵی ١٩٥٦ دا، ئازادی لە ژمارەیەکیدا بەناونیشانی "**دۆستی دۆستم دۆستمە، دوژمنی دوژمنم دۆستمە**" سەرۆتارەکەی بو دژایەتی ئەو هێرشە سێ قۆڵیە تەرخان کردبوو، لەم وتارەیدا پشتگیری گەلی کوردستانی بۆ گەلی میسر و سەرکردایەتییەکەی دەربڕی بوو، دەریخستبوو کە دوژمنی بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی عەرەبی، ئیمپریالیزم و پەیمانی سەنتو و کۆنەپەرستی عەرەبیە، بەرژێمی پاشایەتی بەغداشەوە، هەر ئەمانەش دوژمنی راستەقینەی گەلی کوردستانن، بۆیە پێویستە ئەم دوو گەلە تێکۆشەرە و بزاڤە ئازادیخوازەکانییان هاوکاری یەکتر بکەن، لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سەنتو و ڕووخاندنی رژێمی پاشایەتی لەبەغدا و پاکتاوکردنی پێگەکانی ئیمپریالیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە راستیدا رۆژنامەی ئازادی لەو سەردەمەدا، بڵندگۆی هەژار و چەوساوەکانی کوردستانی عێراق و ئالای برایەتی گەلی کوردستان و گەلانی عەرەب بوو، لەسەر بنەمای داننان بە مافە نەتەوەیەکانی هەر دوو نەتەوەو سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی ناوچەکەدا، لەژێر ئالای ئازادی و دیموکراتیدا، کە هەندێ مافی بەپەلەی چینە هەژار و چەوساوەکانیش دابین بکرێن. خەباتیش دژی رژێمی پاشایەتی و لەپێناو ڕوخاندنی یەکێك لە دڕوشمە هەرە بەرزەکانی بوو. لەو هەل و مەرجە سەخت و دژوارەی عێراق و کوردستان شێلگیرانە داکۆکی لەخەڵکی کوردستان لەهەموو پارچەکاندا دەکرد، لەیادمە لەیەکێ لە وتارەکانی ئەو کاتەی ئازادی داکۆکی لە بزاڤی چەکداری خێڵی جۆانرۆ کەبەشێکی ئەم خێڵە لەکوردستانی رۆژهەڵاتدا جێنشین کردبوو، بەوپێو دانگەی کە کورد بەگشتی نەتەوەیەکی ماف خوراو و چەوساوە بوون لەلایەن هەر چوار دەوڵەتی نۆکەر و کۆنەپەرستی ئەو سەردەم.

لەو سەردەمەدا کۆمیتەی لقی کوردستان دامەزرێندرایەوە و بەڕێز "**سالح حەیدەر**"ی کرایە بەرپرسی یەکەمی ئەم کۆمیتەیە و "**حەمید عوسمان**"یش جێگری بوو. "**سالح حەیدەری**" لەبارەی رۆژنامەی ئازادی لەو کاتەدا دەنوسێ: (**مالێکی حزبمان لەگەڕەکی شۆریجە دامەزراند، ئەو گەڕەکەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، چاپخانەی لقمان هێنایە ئەو مالە، خێزانی کاك "سەعید ناکام"مان لەو مالە جێنشین کرد، چونکە "سەعید" شارەزاییەکی باشی لەکاروباری نووسین و ڕێکخستن و چاپکردندا هەبوو، بەمەش بووە نووسەر لە رۆژنامەی "ئازادی کوردستان"ی ئۆرگانی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق، وێڕای نووسین پیتەکانی ڕێکدەخست و رۆژنامەکەشی لەهەمان کات چاپدەکرد**)[٥]. ئەم کارەش تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٧ دڕێژەی هەبوو. دیسان نەختێ گیرو گرفت لەچاپکردن و دەرکردنی ئازادی هاتە پێشەوە.

لەبەر ئەو هۆیەی کەلەسەرەوە باسمان کرد، دەرکردنی "**ئازادی**" تا دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووز دواکەوت، حزب هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٩ دا داوای کرد رۆژنامەی "**ئازادی**" بواری پێ بدرێ کەبەئاشکرا دەربچێت، چونکە دوای بەرپابوونی شۆڕش، کۆمەڵێك ئازادی دیموکراتی بەهۆی شۆڕشەوە بەگەلانی عێراق درا، دوای ماوەیەکیش ڕێگادرا لەلایەن حکومەتی شۆڕشەوە ئازادی بەئاشکرا دەربکرێ، حزب کاروبارەکەی ڕێکخست و هاوڕێ "**شەهید نافع یونس**" کرایە سەرنووسەری رۆژنامەکەو بڕیارپدرا کە لەشاری کەرکووکی مەڵبەندی دێرینی گەلی کوردستان دەربکرێ، ئەوە بوو چەند ژمارەیەکی لەوێ دەرچوو کە یەکەم ژمارەی لە ١/ی ئایاری /١٩٥٩ دەرچوو*، لەگەڵ هاوڕی "**نافع یونس**" دەستەیەکی نووسین لەکۆمەڵە هاوڕێیەکی خاوەن بەهرە پێکهێنرا، لەوانەی ناوەکانم لەبیرە هاوڕێ "**ئەحمەد غەفور، مامۆستا ، حەمەکەریم فەتحوللا**" بوون، بەڵام بەهۆی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ١٤/ی تەممووزی ١٩٥٩ بارودۆخی شاری کەرکووك ئاڵۆز بوو، بۆیە حزب دەرکردنی رۆژنامەکەی گواستەوە بۆ بەغدا، هەر هاوڕێ "**نافع یونس**"یش بە سەرنووسەری مایەوەو دەستەی نووسینەکەی فراوان کرا، هاوڕێ "**دلزار**" کە دوای گواستنەوی ئازادی بۆ بەغدا خرایە دەستەی نووسین، لەم بارەیەوە

دەنووسێ: ("**كاك نافع يونس"سەروتاری دەنووسی، بەڵام كورديیەكەی بەهێز نەبوو، بۆیە گەڵێ جار بەعەرەبی دەینووسی و كاك "حەمەكەریم فەتحوللا" بەكوردییەكی دروست دایدەڕشتەوە، مامۆستا "گۆران" لاپەڕەی شیعر و ئەدەبی دەنووسی و "حوسەین عارف" لاپەڕەی لاوان و قوتابیانی ئامادە دەكرد و "كاكە حەمەی مەلا كەریم"یش، "مامۆستا گۆران"ی لێ دەرچێ، یارمەتی هەمووانی دەداو فرە زیرەك و زیخ بوو**)[٦]. دیارە هاوڕێ "**دڵزار**" خۆشی بەرپرسی دوولاپەڕەی كرێكاران و جووتیاران بووە، بەڵام هەروەكو هاوڕێ "**دڵزار**" دەنووسێ (**جێی داخە كە لەرۆژی ١٩٦٠/١٢/١ دا، حەفتەنامەی ئازادی بەبڕیارێكی "عەبدولكەریم قاسم" لەدەرچوون راگیرا، منیش گەڕامەوە كۆیە**)[٧]. بەم شێوەیە ئازادی بۆ دواجار داخرا، چونكە حزب ماوەیەك دەركردنی رۆژنامەی راگرت و لەساڵێ ١٩٦٢ بڕیاری دا ناوی رۆژنامەی هەرێمی كوردستان بكرێتە "**رێگای كوردستان**"، كە ئێستاش هەر بەم ناوە دەردەچێت.

بەداخەوە هیچ ژمارەیێكی رۆژنامەی ئازادیمان لەوانەی لەسەردەمی پاشایەتی بەنهێنی دەردەچوو دەست نەكەوت، بەڵام نزیكەی پەنجا ژمارەی سەردەمی شۆڕشی ١٤ی تەموزی نەمر ماوە لەئەرشیفی "**رێگای كوردستان**"، شایانی باسە كە لەو سەردەمە پەیامنێری هەفتەنامەی ئازاد بووم لە رواندز و كۆمەڵێ دەنگوباسی ناوچەكە وتارم تێدا بلاوكردۆتەوە، كەیەكەم تاقیكردنەم لەكاری رۆژنامەوانیدابوو، هەرچەند ماوەكە كورت بوو، كەوەكو باسمان كرد لەسەرەتای مانگی كانوونی یەكەمی ١٩٦٠ ئازادی بەبڕیاری سەرۆكی وەزیرانی ئەوسای عێراق داخرا، "**عەبدولكەریم**" وەكو زانراوە هەر لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩، لەڕێبازی دیموكراسی هەڵگەڕایەوەو و دەستی كرد بە بەربەرەكانێ كردنی هێزە دیموكرات و پێشكەوتن خوازەكان. پێش ئازادی رۆژنامەی "**الاتحاد الشعب**"ی ئۆرگانی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی داخست.ئەو ساڵ و نیوەی كە رۆژنامەی ئازادی بەئاشكرا دەردەكرا، كۆمەڵە رۆژنامەنووسێكی بەتوانا و لێهاتووی وەكو گۆرانی شاعیری نوێخوازی كورد "**كاكە حەمەی مەلا كەریم و حەمە كەریم فەتحوللا**" لەهەموو رووێكەوە پێشكەوتنی باشی بەخۆیەوە دیت، دەتوانم لەو سەردەمەدا كە ئەوساش رۆژنامەوانیی، بەتایبەتی رۆژنامەوانیی كوردی زۆركەم بوو بڵێم، خزمەتێكی گەورەی بەزمان و ئەدەبی كوردی گەیاند، وێڕای بلاوكردنەوەی رۆشنبیریێكی دیموكراسیانەی پێشكەوتنخواز، بووە ئامرازێكی كارا بۆ بەرزكردنەوەی رادەی هزری جەماوەرێكی فراوان، بەتایبەتی لەنێو ریزی لاواندا، دەتوانم بڵێم رۆژنامەی ئازادی لەماوەی ئەم ساڵ ونیوەدا، نەوەیەكی نوێی گۆش كرد، بەبیرو باوەڕی نیشتمان و نەتەوەپەروەری، هەر مرۆڤێكی رۆشنبیر لاپەڕەكانی ئەو ماوەیەی ئازادی هەڵبداتەوە بۆی دەردەكەوێ، كە ئەم رۆژنامە تا چ رادەیەك بایەخی بە كەلەپووری گەلەكەمان داوە، چۆن بوێرانە لەدژی بیروبۆچوونی رەگەزپەرستی وەستاوەتەوە، كەبەداخەوە حكومەتی ناوەندی لە بەغدا رێگای دابوو هەندێ رۆژنامەی رووزەرد ئەم بیروباوەڕە ژەهراوییانە بلاوبكاتەوە** كە بەئاشكرا داوایان دەكرد گەلی لەنێو بۆتەی نەتەوەیعەرەبدا بتوێتەوە، هەر ئەم بیروباوەڕە كۆنەپەرستەش بووە یەكێك لەهۆكارەكانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول.***

رۆژنامەی ئازادی زۆر بەگەرمی بانگەوازی چارەسەری كێشەی نەتەوەی كوردی بەڕێگای ئاشتییانەی–دیموكراسییانە بلاو دەكردەوە، جێگای داخە "**عەبدولكەریم قاسم**" خۆی و بەشێك لەدام و دەزگای حكومەتەكە هەل خزابوونە سەر رێگای دیكتاتۆری و پشتگوێ خستنی مافە رەواكانی نەتەوەیی كورد كەدەكرا ئەو مافانە بەبێ شەڕ دابین بكرێن، بەڵام دیارە كەللەڕەقی سیاسی ئەو سەردەمە رێگربوو لەبەردەم چارەسەری ئاشتییانەی ئەم كێشەیە، بەم شێوەیە عێراق بەكوردستانیشەوە، بەرەو هەل و مەرجی زەبر وزەنگ رۆیشت، زیانێكی گەورە بەهەردوو گەلی عەرەبی و كورد گەیشت و خوێنێكی زۆر رژا، كە لە چل ساڵ زیاترە، لەم ماوەیە دیكتاتۆری تاكە كەسی توانی رۆڵێكی كاریگەر بگێڕێ، تۆوی بێبڕوایی لەنێوان هەردوو گەلەكە بچێنێ، ئەو گەلەی عێراق كە لە بەسراوە تا زاخۆ گۆرانی بۆ

برایەتی و تەبایی و یەکسانی دەچڕی، دانی بەمافە رەواکانی گەلی کوردستان دادەنا، بەداخەوە ئەمڕۆ وەکو ئەوسا نەماوە، چونکە دیکتاتۆری خوێنڕیژو باوەڕی رەگەزپەرستی گەلی عەرەبی عێراق، بەهێزی پارەو پوول و چەك بلاوەدەکردەوە.

وەکو پێشتریش ئاماژەم بۆکرد، رۆژنامەی ئازادی لەهەردوو سەردەمی دەرچوونیدا داکۆکی لە نەتەوەی کورد لەئێران و تورکیا و سوریاش دەکرد، بۆ نموونە لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٠دا، بەبۆنەی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەدووی مانگی رێبەندان، ژمارەیێکی تایبەتی دەرکرد و هاوڕێیکی کوردستانی ئێران بەناوی **"دکتۆر ئەنوەر"** لێتوێژینەوەیەکی تێرو تەسەلی لەبارەی ئەم تاقیکردنەوەیە ئامادەکردبوو، لەم ژمارەیەدا بلاوکرایەوەو سەدان دانەمان بۆ ناوەوەی ئێران رەوانە کرد، بەڕێگای گوندی زێنوێ سەرسنووری ئێران و رەنگە لەناوچەکانی دیکەش لەم ژمارەیە چەند دانەیەك رەوانە کرابێ، بۆ ئەوەی کوردەکانی ئێران بیرەوەری ئەم تاقیکردنەوە گرینگەیان لەیاد نەچێ، هەر لەحوزەیرانی هەمان ساڵدا کە تێکۆشەری ناسراوی گەلی گوردستانی ئێران **"غەنی بلوریان"** و هەڤاڵەکانی دادگایی دەکران، لەلایەن دام و دەزگاکانی رژێمی پاشایەتی گۆڕ کراوی ئێران، ئازادی زۆر بەگەرمی داکۆکی لێکردن و داوای ئازادی بۆ کردن و رای گشتی جیهانی هاندا، بۆ ریسواکردنی رژێمە کۆنەپەرست و دژی گەلییە و راگرتنی ئەم دادگاییە ناڕەوایە. لەیادم نییە ئەگینا لەو باوەڕەدام کە ئازادی داکۆکی لە مافە رەواکانی گەلی کوردستانی تورکیاو سوریاش کردووە.

بەم بۆنەیەوە داوا لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان دەکەم، کە بایەخێکی باش بەهەردوو سەرنووسەری هەڵکەوتووی رۆژنامەی ئازادی بدات، بەڕێزان **"نافع یونس و مەلا شەریف"** رەنگەڕێژانی کەدەتوانم بڵێم یەکەم رۆژنامەنووسی سیاسی بووە لەکوردستانی عێراقدا و مافی بەسەر هەموو لایەك هەیە، کە ڕیزلێنانێکی تایبەتی بۆ بکرێ. هەروەها بەپێویستی دەزانم ڕیزلێنانێکی تایبەتی بۆ هاوڕێ **"نافع یونس"**ی شەهید ڕێکبخرێ کەساڵ ونیوێك رۆژنامەی ئازادی بەڕێوەبرد و درێغی نەکرد لەداکۆکی کردن لەمافە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کوردستان، وێڕای داکۆکی کردنی لەچینە هەژار و چەوساوەکانی کوردستان، کەدام و دەزگاکانی حکومەتی ئەو سەردەمی بەغدا دەیچەوساندنەوە، مافە چینایەتییەکانی پێشێل دەکردن، لەمانە بۆ نموونە پاریزگاری ئەوسای هەولێر **"بەدرەدین عەلی"** کە کۆنە ئەفسەرێکی کۆنەپەرستی رژێمی پاشایەتی بوو، تاسەر ئیستقان دژی مافە نەتەوەیی و چینایەتییەکانی گەلی کوردستان بوو، هاوڕێ **"نافع یونس"** کە ڕۆڵێکی بەئەمەکی ئەم شارەی هەولێر و هەموو کوردستان بوو، مافی ئەوەی بەسەر حکومەتی هەرێم هەیە کە پەیکەرێکی بۆ بکرێ و لەیەکێك لە گۆڕەپانەکانی شاری هەولێری خۆڕاگر دابنرێ، بەم بۆنەیەش هەزاران سلاو بۆ یادی ئەم دوو کەڵە ڕۆژنامەنووسەی کوردستان و چینە هەژار و بەشە مەینەتییەکانی کوردستان و شاری هەولێر ڕەوانە دەکەم...

٢٠٠٥/٢/٢

سەرچاوەکان:

١-هەڵبژاردە لە یادداشتەکانی **"سالّح حەیدەری"** لاپەڕە -٣٧- بەزمانی عەرەبی.
٢-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە -٤١-.
٣-یادداشتەکانی **"بهاءالدین نوری"** لاپەڕە -١٠٤- بەعەرەبی.
٤-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە -١٠٩-.
٥-پاشکۆی بیرەوەرییەکانی **"دلّزار"**، لاپەڕە -١٠-.
٦-هەڵبژاردە لە یادداشتەکانی**"سالّح حەیدەری"** بەزمانی عەرەبی، لاپەڕە -٣١٢-.
٧-پاشکۆی بیرەوەرییەکانی **"دلّزار"**، لاپەڕە-١١-.
٨-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە -١١-.

پەراوێزی ڕۆشنامەنووس:

***١٣ ژمارەی لەکەرکوك دەرچووە.**


****وەکو رۆژنامەکانی "الثورة"ی یونس الطائی، رۆژنامەی بەغدا.**

*****ئەوسابوو رۆژنامەی "خەبات" بەوتاری (الامة الکوردیة والمادة الثانیة من الدستور) وەلامی رۆژنامەی "الثورة" و ئەم جۆرە کەسانەی دایەوەو بەوهۆیە درایە دادگای عورفی.**

رۆڵی رامیاری و رۆژنامەنووسیی:

مەعروف چیاووك ١٨٨٥ - ١٩٥٨

لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی



د. ئیسماعیل شوكر رەسول

كۆلێجی ئاداب ـ بەشی مێژوو

زانكۆی سەلاحەدین

هەوالنامەی كتێب

پێشەكی

مێژووی كورد بەگشتی و هاوچەرخەكەی بەتایبەتی تارادەیەك لە ئاستی پێویست لێكۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەكراوە، بۆیە گەلێ لایەنی بەشاراوەیی ماوەتەوەو تۆمار نەكراوە، ئەمەش چەند هۆكارێكی سیاسی هەیە، دەشێ لای هەموو كوردێكی رۆشنبیر ئاشكرابێت.

هەڵبەت رۆڵی كەسایەتییەكانی كورد، كە بەشێكە لە مێژوومان، تا ئێستا زۆربەیان تەم و مژاوییە، تەنانەت ژمارەیەكی زۆر لەم كەسایەتییە كوردانە لەسەدەی رابردوودا ژیانی خۆیان لەخزمەت كوردایەتی نەزركردووە و گەلێ بوێرانە و خۆنەویستانە شەونخونیان بۆ گەلەكەیان كێشاوە بەلأم تاوەكو ئێستا وەكو دەڵێن (في غيابة الجب) دان.

بەبێ دوودڵی دەكرێ بوترێ مەعروف چیاووك یەكێكە لەو كەسایەتییە كوردانەی كە نموونەی دڵسۆزی رێگای كوردایەتی بووە، كەچی تا ئێستا لەچەند لاپەڕەیەك زیاتر، كە لەلایەن مێژوو دۆست (تاریق جامبار) و دوو بەڵگەنامە كە لەلایەن د.عەبدولفەتاح بۆتانی بلأوكراوەتەوە، هیچی تری بۆنەكراوە، دەكرێ بوترێ ئەمە هۆی سەرەكی و راستەوخۆی دەستنیشان كردنی باسەكە بێت، جگە لەوەی بابەتەكە هەڵدەگرێ كە لێكۆڵینەوەی زیاتریشی لەسەر بكرێت، وەك وەفادارییەك بۆ ئەم مرۆڤە كورد پەروەرەو بەجێگەیاندنی ئەركی نووسینەوەی مێژووی كورد.

بۆ ئامادەكردنی ئەم باسە پشتمان بەگەلێ سەرچاوەی جۆراوجۆر بەستووە لەوانە:- بەڵگەنامەی عێراقی و بیانی بلأونەكراوەو بڕوانامەی زانستی و گەلێ سەرچاوەی دیكەی مێژوویی كە بن دەستن، هەروەها گەلێ زانیاری دەگمەن و دانسقەشم لەو بەڕێزانە وەرگرت كە بواریان بۆ رەخساندین، بەسوپاسەوە چاوپێكەوتنیان لەگەلێ بكەین، بەتایبەتی هەندێ لە ئەندامانی خانەوادەكەی وەكو شوكریە عەلی ئەكبەر كە دەكاتە كچی مامی و ئەحمەد جەمال چیاووكی برای و زێوەر خەتابی زاوایان و محەمەد روشدی كە لە سالأنی١٩٣٣ەوە كاتبی چیاووك بووەو بەردەوام تا چیاووك كۆچی دوایی كردووە، هەر بۆیەش ئەم چوارانەیان لە پەراوێزەكاندا چەند جارە ناویان دووبارە بۆتەوە.

باسەكە بریتیە لە پێشەكییەك و سێ تەوەرو ئەنجام، تەوەری یەكەم باس لە ژیان و پەیوەندی خێزانی چیاووك دەكات، تەوەری دووەم لەسەر رۆڵی سیاسی چیاووك دەدوێت كە لە پارت و رێكخراوە سیاسییە كوردییەكان كاری كردووە وەكو كۆمەڵەی

هاریکاری بەرزییەتی کورد و پارتی ئازادی وخۆیبوون و هیوا، ئەمە جگە لەدەست نیشان کردنی رۆڵی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی تا رادەیەکیش دەست نیشانکردنی هەندێ پلەی وەزیفی چیاووك دەکات.

دوا تەوەریش لایەنی رۆشنبیری روون دەکاتەوە، کە بریتییە لە دانانی چەند کتێبێکی مێژوویی و زمان و پەندی کوردی، هەروەها رۆڵی لە رۆژنامەنووسیدا.

لە دوا وتەدا نالێم توانیومە لەم چەند لاپەڕەیە هەموو لایەنەکانی کەسایەتی ئەم زاتەم نیشان داوە، بەڵام هیوادارم پەردەم لەسەر مێژووی ژیانی هەڵدابێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێ خۆشکەرو هاندەرێك بۆ کەسانی دیکە تا بتوانن بڕوانامەی زانستی لەسەر بنووسن، داوای لێبوردنیش لە خوێنەران دەکەم لەهەر کەم و کورتیەك.

تووێژەر

تەوەری یەکەم

کورتەی ژیانی:

چیاووك[A] لە سالی ١٨٨٥ز لە [١] دا لەشاری بەغدا لەدایك بووە، کوڕی عەلی ئەسغەر ئەفەندی کوڕی حاجی مەولود ئەفەندی [٢]. (باڵەکی)[B] یەو دایکی ئامینە خان لەبنەماڵەی بابانەکانە، چیاووك لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەرو زانست پەروەر پەروەردەکراوە، باوکی هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە لەموسڵ (ئیمام تابور)بوە، پاشتر گوێزراوەتەوە بۆ بەغدا و لەوێ ماوەتەوەو هەمان وەزیفەی بینیوە تاکو بەر لەهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆچی دوایی کردووە[٣] ،چیاووك خوێندنی سەرەتایی و روشدیەی لەبەغدا تەواو دەکات، لەتەك خوێندنی ئاینی لەسەر دەستی باوکی و چەند زانایەکی ئاییینی لەبەغدا، لەدوایدا بۆ مەبەستی خوێندن لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی[C] بۆ ئەستانە دەچێ، لەوێ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە قانوندا لە کۆلێجی حقوق وەردەگرێت، بەر لەسالانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا [٤]، لەکاتی هێرش کردنی ئینگلیز بۆ سەر بەسرا لەگەڵ تۆفیق سوێدی و چەند سەربازێکی تردا[D] بەدیل دەگیرێن و ڕەوانەی دورگەی بۆرما دەکرێن و بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەدیلی دەمێنێتەوە، تا لەبەهاری سالی ١٩١٩ ز دا ئازاد دەکرێن و دێنەوە بەغدا[٥] چیاووك لەسەردەمی حوکومەتی مەلەکی دا گەلێ وەزیفەی پێ سپێدراوە لەوانە: پلەی حاکمی لەشارەکانی هەولێر، کەرکوك، موصل، موسەیب، لەسالانی ١٩٢١ تا ١٩٢٧ دوایین وەزیفەش لەسالانی ١٩٤٤–١٩٤٦موتەسەریفی سلێمانی بووە[٦]. دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین لە سالی ١٩٢٨–١٩٣٠ دەبێتە ئەندام لە پەرلەمانی عێراقیدا، وەك نوێنەری شاری هەولێر[٧]، لەدوا سالانی ژیانیدا، دوای خانەنشین کردنی لەبەغدا دەمێنێتەوە و خەریکی کاری پارێزەری دەبێت تا لە ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٥٨ دا کۆچی دوایی دەکات، لەسەر وەسیەتی خۆی دەیهێننەوە شاری هەولێر[E] و لە گۆرستانی شێخی چۆڵی دەینێژن[٨]. لە ڕووی خێزانیەوە چیاووك دوانزە ژنی هێناوە، دووی یەکەمی کوردی کوردستانی باکوور و خەڵکی شاری ماردین بوون، یەکێکی ئەلبانی و چواری عەرەب و چواریشیان کوردی کوردستانی باشوور و خەڵکی شاری هەولێر دەبن، دوانزە کوڕ و شەش کچی دەبێ، ئێستاکە سێ کوڕ و دوو کچ و ژنێکی ماوە لە ئەمەریکا دەژین[٩].

تەوەری دووەم

رۆڵی سیاسی چیاووك:

نەتەوەی کورد هەر لە کۆنەوە ژێر دەستەی داگیرکەرانی کوردستان بووەو چەوسێنراوەتەوە بەشێوەیەکی گشتی، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەتایبەتیش لەسەدەی بیستەم، ئەمەش بووە بەهاندەرێك بۆ ئەوەی هەموو کوردێکی خاوەن هەست بە گشتی و تووێژە رۆشنبیرەکە بەتایبەتی بیر لەوە بکاتەوە چۆن و بە چ ڕێگایەك خزمەتی نەتەوەکەی بکات و هەوڵ و تەقەلای رزگار کردنی بدات، تا بۆی بلوێ، گەر لەسەر حیسابی ژیانی خۆشی بێت، دەتوانین بەبێ سێ و دوو بڵێین مەعروف چیاووکیش یەکێ بووە لەو کوردە رۆشنبیرانەی کە هەر لەکاتی چوونیەوە بۆ ئەستانە لەتافی لاویدا بۆ مەبەستی خوێندن، بیرۆکەی نەتەوە پەرستی کەوتە میشك و بوو بە خۆراکی رۆژانەی بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاشنایی لەگەڵ کوردە رۆشنبیرو سیاسەت مەدارەکانی کوردستانی باکوور بەگشتی و بنەماڵەی بەدرخانییان بەتایبەتی پەیداکرد، هەروەها دوای

کودەتاکەی تورکیای لاو لە ٢٣ی تەممووزی ١٩٠٨[F] لەدەوڵەتی عوسمانی، کە تا ڕادەیەک، نیمچە دیموکراتیەک هاتە کایەوە و بواریش بە کورد درا کە چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی بە ئاشکرا دامەزرێت [١٠]، وا پێدەچێ کە چیاووک پەیوەندی بەیەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردی کردبێت[١١]، (**کۆمەڵەی هاریکاری بەرزیەتی کورد**) (جمعیە تعالی وترقی الکردی)، بوو بەئاشکرا لە ساڵی ١٩٠٨ دامەزرا[١٢] دوای تەواو کردنی خوێندنی لە ئەستانە و گەڕانەی بۆ بەغدا، یەکەم کاری سیاسی ئەنجامی دابێت، دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری کەلتووری بوو بەناوی (**حقوق**)[G] کە دەتوانێت بەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی دابنرێت لەکوردستانی باشووردا، هەرچەندە ڕۆژنامەکە بەزمانی کوردیش نەنوسرابێتەوە، بەتایبەتی کەتیایدا نووسەر داکۆکی لەسەر مافی نەتەوەکەی کردووە، مێژوو نووسی عێراقی عەبدولڕەزاقی حەسەنی تاکە کەسە کە باس لەم ڕۆژنامەیە دەکات و دەڵێت:-

"ڕۆژنامەی حقوق ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری و کەلتووریە، خاوەن و دەرکردەی مەعروف چیاووکە، یەکەم ژمارەی لە ١٨ کانونی دووەمی ١٩١٢ دەرچووە، بەبەردەوامی ژمارەی بەچاپ گەیاندووە تا ژمارەی (٣٠)، دوای ئەم ژمارەیە لەبەرچاوان وون بوو"[١٣]

دەکرێت دەرکردنی بەزمانی تورکی و عەرەبی بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە کە لەعێراقدا زمانی خوێندن و نووسین و بازاڕیش لەو سەردەمەدا تورکی و عەرەبی بووە.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دامەزراندنی یەکەم حکومەتی مەلەکی لە عێراق [H] هەر وەک ئاماژەی بۆکرا، مەعروف چیاووک گەڵێ وەزیفەی حکومی وەردەگرێ بەڵام فەرمانبەرایەتییەکەی نابێتە ڕێگر لەکوردایەتییەکەی ئەوەتا لەساڵی ١٩٢٤ کە (حاکمی جینائی) دەبێ لە موسڵ لەگەڵ چەند کوردێکی ڕۆشنبیر و ئەفسەری پلەدار لەسەر پێشنیازی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی (حزبی ئیستیقلالی کوردستان) [I]، کەلە ساڵی ١٩٢٢ لەشاری ئەرزەڕۆم دامەزراوە[١٤]، لقێکی ئەم پارتە کوردیە دادەمەزرێنێ [١٥]، بەڕپرسی هێزی ئاسمانی بەریتانی ئەم لقە بە چالاکترین لقی پارتەکە دادەنێ[١٦].



مەعروف چیاووک

دوا بەدوای دامرکاندنەوەی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران کە لە ساڵی ١٩٢٥ دەستی پێکردبوو، لە سێدارەدانی شێخ و هەندێ لە هەڤاڵەکانی لەلایەنی حکومەتی تورکیەوە[١٧]، سەرکردە کوردە ئاوارەکانی شام و عێراق بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانی تازەیان دا لە ساڵی ١٩٢٧ ناویان نا (خۆیبوون)[١٨]، ئەم پارتە سیاسییە گەڵێ لقی هەبوو لەزۆرینەی شارە کوردییەکاندا، یەکێ لە لقەکانی شاری موسڵ بوو بەڕپرسی لقەکە ئەمین بەگی رواندزی[J] و جێگرەکەشی مەعروف چیاووک بووە[١٩]. شایەنی باسە لەکۆی (١٥) ئەندامی دەستەی پارتی خۆیبوون دوانیان کوردی کوردستانی عێراق بوون[٢٠].

چیاووک لەکاتی بەستنی پەیمانی عێراقی - بەریتانی لەساڵی ١٩٣٠دا، یەکێک بووە لەو ئەندام پەڕلەمانە کوردیانەی لە یاداشتێکدا داوایان لە حکومەتی بەریتانی و عێراق کردبوو کە دەبێ لەو پەیمانەش داواکارییەکانی کورد جێبەجێ بکرێت[٢١]، هەروەها چیاووک یەکێک بووە لە دیارترین و چالاکترین ئەندام پەڕلەمانە کوردەکان کە لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٠ داوای دامەزراندنی پارتەکی سیاسی کوردی کردووە لەگەڵ ئیبراهیم حەیدەری و داود حەیدەر و چەندانی تر[٢٢].

هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی ئەوە بەدیار دەکەوێت کە لەسەرەتای مانگی ئەیلوول(٢) مەعروف چیاووک دەچێتە سلێمانی و لەماڵی تۆفیق وەهبی دانیشتنێک لەگەڵ شێخ قادر و چەند کەسایەتییەکی سیاسی شارەکە ئەنجام دەدەن و باس لەوە دەکەن کە دەبێ بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدەن لەپەیمانی ١٩٣٠ عێراق- بەریتانی چارەسەری کێشەی کورد بکرێت لە عێراق[٢٣]، تەنانەت هەندێ پا هەیە دەڵێ حکومەتی مەلەکی ڕاپەڕینی بەر دەرگای سەرا لە سلێمانی، کە بە ڕۆژی ئەیلوولی ڕەش دەناسرێت خستۆتە سەر ئەستۆی چیاووک و تۆفیق

وەهبی و شێخ قادر و چەند کەسایەتییەکی شارەکە[٢٤].

هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەکی دیکەی بەریتانی ئەوە بەدیار دەکەوێت کە چیاووك رۆڵی هەبووبێ لە هەڵگیرسانی شۆڕشی شێخ مەحمودی ساڵی ١٩٣٠، چونکە باس لەوە دەکات دەڵێ دەبێ چیاووك و تۆفیق وەهبی لەبەر ئەم تۆمەتە لەژێر نیشتەجێی بەزۆر (الاقامة الجبرية) بن لەمالّی خۆیان[٢٥].

دەبێت ئەمەش بگوترێت، کە چیاووك خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردی بووە، بۆ ئەم مەبەستەش لەمالّی خۆیدا چەندین جار لەگەڵ کوردە رۆشنبیر و ناودارەکانی دانیشتووی شاری بەغدا کۆبوونەوەی سازداوە، وەکو مێژوو نووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی و شاعیری بەناوبانگ جەمیل سدقی زەهاوی و ئیبراهیم حەیدەری و رەفیق حلمی و چەندانی دیکە، تا دوا جار وا رێکەوتن کە یاداشتێك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکەن، لەبیستی مایسی ١٩٣٠دا بەفەرمانی تایبەتی ژمارە (٦٨٩٥) ماوەیان پێدان و یانەکەیان دامەزراند[٢٦]، دەبێ ئەم راستییەش بووترێ کەماوەی چاردەساڵ بنکەی یانەی سەرکەوتن لەمالّی (چیاووك)دا بووەو خانووەکەی لەگەڕەکی فەزلی بەغدا سێ ژوور بووە دوانی بۆ یانە تەرخان کردووە، بێ ئەوەی تەنیا پولێکیش وەربگرێ، هەر چەندە ئەنجومەنی یانە بەرەسمی بڕیار دەدات مانگانە پەنجا (روپیە)ی وەك کرێ پێ بدرێت، سالانە دەیکردە (٦٠٠) روپیە واتە ٤٥ دینار و چواردە ساڵەکەش دەیکردە (٦٣٠)دینار. چیاووك بەمەش نەوەستاوە، بەڵکو لەیەکەم کۆبوونەوەی یانەکە (٨٦٠) روپیەی وەك بارمتە پێشکەش کردووە، چیاووك جگە لەوەی خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی یانەکە بووە، کاتێ دەستەی بەڕێوەبردنی هەڵدەبژێرن محەمەد ئەمین زەکی دەبێتە سەرۆك و چیاووکیش بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ دەبێتە باوەڕپێکراوی گشتی (معتمد العام)ی یانەکە[٢٧].

هەرچەندە یانەکە ماوەی پێدرابوو لەلایەن حکومەتەوە وەك دەزگایەکی خزمەتگوزاری بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ئەو کوردانەی دەچوونە بەغدا لە شارەکانی کوردستانەوە، بەڵام باشترین پەناگەش بوو بۆ ئەوانەی کە بۆ مەبەستی خوێندنی زانکۆیی لەبەغدا دەمانەوەو تاجێ و شوێنیان پێ دەدرا، جگە لەوەی کە هەفتانە وەك مونتەدایەکی ئەدەبی و رۆشنبیری هەفتانە سمینار و کۆڕی لێ سازدەکرا[٢٨].

کاتێ چیاووك بۆی دەرکەوت کە بەم بڕە یارمەتییەی ئەندامانی یانەکە ناتوانرێ هەموو ئاواتەکانی یانە ئەنجام بدرێت لە دانیشتنێکدا پێشنیازی کرد بڕیار بدەن بۆ دەست نیشان کردنی لیژنەیەك بۆ وەرگرتنی یارمەتی لەخواپێداوەکانی کوردستان، دوای پەسەندکردنی پێشنیازەکە ئەنجومەنی یانە بڕیاریدا کە چیاووك و یەکێکی دیکە بەناوی عەبدولڕەحمانەفەندی ئەم کارە ئەنجام بدەن و لە ١٧ی تەمموز تاکو یەکی ئەیلوولی ١٩٤٣ چیاووك توانی کارەکە ئەنجام بدات و یامەتییەکی رادەبەدەریشیان کۆکردەوە.

لەبەر سەر راستی چیاووك دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا لەدوای چەند مانگێك هەر لەو ساڵدا کتێبێکی بەناوی (باربو) نووسی و ناوی هەموو ئەوانەی تیا تۆمارکرد کە یارمەتی یانەکەیان دابوو لەگەڵ بڕی پارەکەش، لەگشت شار و شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستان[٢٩]، بۆ هەرشارێکیش (١٠) دانەی لەکتابەکە ڕەوانە کردووە بەدیاری[٣٠]، هەر چەندە ئامانجی یانەکە بەڕواڵەت لایەنی رۆشنبیری بوو واتە بایەخدان بەبلاوکردنەوەی زانیاری و زانست لەنێوان گەنجە کوردەکان[٣١] بەڵام بەکردار و بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا کاری سیاسیشی ئەنجام دەداو پەیوەندی هەبووە لەگەڵ کۆمەڵەی خۆیبوون[٣٢] تەنانەت مانگانە یارمەتیشی بۆ خۆیبوون ڕەوانە دەکرد، رۆژنامەی (الاحرار)ی لوبنانیش لەم بارەیەوە دەڵێ:-

"ئەم یانەیە، مەبەستی یانەی سەرکەوتنە - هەوڵدەدات ببێتە بنکەیەکی سەرەکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە تورکیا و عێراق و سوریا و ئێران، بۆ مەبەستی رزگارکردنی کوردستان وەدەستهێنانی دەسەلاتێکی سەربەخۆ"[٣٣].

چیاووك ئەوکاتەی ئەندامی پەرلەمانی عێراقیش بووە وەك نوێنەری شاری هەولێر، لەسالانی ١٩٢٨-١٩٣٠هەرکاتێ دەرفەتی بۆ ڕەخسابێت باسی کێشەی نەتەوەکەی کردوەو هەوڵێ چارەسەری داوە، لەهەموو ڕووێکەوە، کۆمەلایەتی، سیاسی، رۆشنبیری، تەندروسی، دەتوانین بڵێین ماوەی ئەندامییەتی

لەپەرلەمانی عێراق هیچ دانیشتنێك نەبوو لەدووجار کەمتر چیاووك بەشداری لە وتووێژەکان نەکردبێ، ئامانجیشی لەبەشداری کردنەکاندا چاککردنی باری نالەباری نەتەوەکەی لە هەموو رووێکەوە، ئابووری، رۆشنبیری، سیاسی بووە.

وەك پێویستییەکی مێژوویی گەواهیەك بۆ ئەم راستیانەی لە ژیانی خەباتی چیاووك چەند دانیتشنێکی پەرلەمانی عێراق دەخەینە روو:- کاتێ نوێنەری شاری بەسرا لەدانیشتنی ٣٠ی ئابی ١٩٢٨ دا داوا لە وەزیری مەعارف دەکات کە قوتابخانەیەکی خانەی مامۆستایان لەبەسرا بکرێتەوە، دیارە ئەو سەردەم تەنیا لەبەغدا ئەم جۆرە قوتابخانەیە هەبووە، چیاووك پشتگیری لە داواکاریەکەی دەکات و هەمان داواکاریش بۆ ناوچە کوردییەکان ئاراستەی وەزیر دەکات ودەڵێ بەسراو رواندز لە دووریاندا لەبەغدا وەکو یەکن[٣٤]. هەروەها کاتێ سوپای عێراقی بەناوی مانۆری سەربازی دێتە کوردستان، بەتایبەتی ناوچەکانی بارزان ئامێدی زێبار، لەدانیشتنی ئەنجومەنی پەرلەمان لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩٢٨ چیاووك زۆر بەتوندی بە وەزیری بەرگری[٣٥] دەڵێت: ئایا نەدەکرا ئەم مانهورە لە بیابانی خۆرئاوا بکرابایە، با بەلایەنی کەم لەم وەرزە نەبوایە، بۆ دەبێت لەکوردستان بێت؟ بەتایبەتی ئێستاکە وەرزی بەرهەمهێنانی دانەوێلەیە لەناوچەکە، ئایا ئەمە مانۆرە یا هێرش بردنە بۆسەر کوردستان؟ئایا بۆ مەبەستی کاولکردنی کوردستانە یا بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشوورییە نەستوورییەکانە؟، لەدواییدا دەڵێ دەبێ هەموتان ئەم راستییە بزانن کە ئەم جۆرە کارانە دەبنە هەڵگیرساندنی ئاژاوەو شەڕ و دووبەرەکی لەنێوان کورد و عەرەب ئێوەش بەرپرسی ئەم ئەنجامەن لەمێژوودا[٣٦].

هەروەها کاتێ لەدانیشتنی ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٣٠ وەزیری دارایی یاسین ئەلهاشمی باسی باجی بەرهەم (ضریبة العشر)و چۆنیەتی وەرگرتنی دەکات، نوێنەری موسڵ و کەرکووك و سلێمانی رێگاو چۆنیەتی وەرگرتنی پەسەند دەکەن، بەڵام چیاووك دەڵێ: ڕێزم هەیە بۆ هەڤاڵانم کە ئەم جۆرە قسەیە دەکەن! بەپێچەوانەوە ڕێگا و چۆنیەتی وەرگرتنی هیچ جۆرە ئاسانکارییەکی تیا بەدی ناکرێت و جووتیارەکانیش لەباجەکە بێزارن و تەنانەت هەندێکیان خەریکن دێهات بەجێ دێڵن و هەندێکیشیان بەجێیان هێشتووە و دێی (زەنکبار) لەکەرکوك و دێی (پالأنیان) لەهەولێر باشترین بەڵگەیە بۆ ڕاستی قسەکەمان، لێرەدا داوا دەکەم کە ئەم باجە نەمێنێ و تکاش لەهەڤاڵانم دەکەم کە ڕاستییەکان نەشارنەوەو ئەوان نوێنەری شارەکانیانن[٣٧].(٤)

هەروەها چیاووك پشتگیری لەهەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی و چەکداری کوردی کردووە. لەکاتی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی سالأنی ١٩٤٣-١٩٤٥ بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفا[٣٨] دەست پێ دەکات، بۆ مەبەستی پشتگیری کردن و وەدەست هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەی لە ٢٩ کانونی دووەمی ١٩٤٤ لەیانەی سەرکەوتن ئاهەنگێك سازدەکات و بانگهێشتی گەلێ ڕۆشنبیری ناوداری عەرەبی و بیانی لە مێژینەی برایەتی کورد و عەرەب دەکات و لەدواییدا باس لە پەیوەندی نێوان کورد و ئینگلیز دەکات و دەیسەلمێنێ کە کورد و ئینگلیز لە بنچینەدا یەك ڕەگەزن و ئارین، لەدوا وتەکەیدا داوا دەکات ئاهەنگی یەکتر ناسین (حفلة التعارف) و وتارێك دەخوێنێتەوە باس کە مافی نەتەوەی کورد بدرێت و داواش لە ولأتانی ئەوروپی دەکات کە پشتگیری نەتەوەی کورد بکەن، شایانی باسە وتارەکە ڕاستەوخۆ دەکرا ئینگلیزی[٣٩].دەبێ ئەوەش بووترێ کاتێ مەلا مستەفا بارزانی دەچێتە بەغدا بۆ وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٤، چیاووك پێشوازی لێ دەکات و لەڕۆژی ٢٦ی هەمان مانگ میوانداریەك بۆ بارزانی و زۆر لە کەسایەتی عەرەب و ناوداره کوردەکانی بەغداش دەکات و لەدواییشدا باس لە هۆیەکان و داواکارییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکات[٤٠]، دەبێ ئەو ڕاستیەش بووترێ گەر چیاووك نەبوایە بارزانی لەبەغدا دەستگیر دەکرا، بەڵام کاتێ زانی نیازی حکومەت باش نییە توانی بە زووترین کات بارزانی و هاوڕێیەکانی ڕزگار بکات[٤١]، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە چیاووك ئەندامێکی کارامەی پارتی هیوا بووە[٤٢]، جگە لەوەی تاوەکو کۆچی دوایی کردووە ئالأی کوردستانی لەماڵی خۆی هەڵواسیوە کەبەدیاری لە پارتی خۆیبوون بۆی هاتبوو[٤٣]،بە ووتەی عەزەدین مەلا ئەفەندی چیاووك هەوڵ و

تەقەلایەکی زۆری لەگەڵ کاربەدەستەکانی عێراقی داوە تاکو چوار ئەفسەرە کوردەکە لەسێدارە نەدرێن[٤٤]، بەڵام تەقەلایەکەی بێ هوودە بوو، چونکە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ حکومەت کارەکەی ئەنجامدا.

دەبێ ئەوەش بووترێ کە چیاووك بەشداری لە یارمەتی دان و کۆمەکی کردنی کۆماری کوردستان (٥) کردیە، کاتێ گەنجە رۆشنبیرەکانی شاری هەولێر و دەوروبەری بڕە پارەیەك کۆدەکەنەوە، کەبەپێی بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی بڕی پارەکە (٧٠) دینار بوو[٤٥]. بۆ مەبەستی ناردنی بڕە پارەکە جەوهەر حسێن مەلا دەچێتە بەغداو کارەکە بە چیاووك رادەگەیەنێ کە ئەنجامی داون ئەمیش دەڵێ لەبەر ئەوەی من نوێنەری هەولێربووم لەپەرلەمانی عێراقی دەبێ من بە دوو ئەوەندە پارە بەشداری بکەم واتە (١٤٠) دینار[٤٦]، هەروەها دوای تێکدانی کۆماری کوردستان لە مهاباد لەلایەن حکومەتی ئێرانی بەپلانی ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلات و رۆژئاوا[٤٧]، گەڕانەوەی خێزانە کوردە شۆڕشگێڕەکان بۆ عێراق و دوورخستنەوەیان بۆ خواروی ولات، داواکاری لێبوردنی گشتی لەحکومەتی عێراقی بۆیان ببوە دروشمێکی سەرەکی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، بەتایبەتی لەنێوان رۆشنبیرەکان کە چیاووکیش یەکێك بووە لەوان، هەروەکو راپۆرتەکانی ئاسایش (التقارير الامنية) جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکەن، وەك پێویستییەکی مێژوویی بڕگەیەك لەدەقی یەك لەم راپۆرتانەوە دەهێنینەوە کە دەڵێ:-



"دەربارەی کورد، مەعروف چیاووك، باوەڕپێکراوی گشتییانەی سەرکەوتن بانگهێشتی چەندین ناوداره کوردەکانی دانیشتووی بەغدا و هەندێ لەئەندام پەرلەمانە کوردەکان دەکات، لە ئێوارەی ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧ بۆیانەی سەرکەوتن لەنێوان (العين السيد عبدالله المفتی)[٤٨] و بازرگانی ناسراو میرزا فەرەج[٤٩] و محەمەد عەلی کوردی و چەندانی تر ئامادەبوون داکۆکیان لەسەر ئەوە کردەوە کە چۆن کێشەی بارزانیە ئاوارەکان بخەنە بەردەم پەرلەمانی عێراقی و هەوڵدەن لێبوردنی گشتیان بۆ بدرێت لەلایەن دەوڵەتەوە"[٥٠]

وەك پێویستیەکی مێژوویی دەبێ بووترێ کە وا پێدەچێ چیاووك لەدوای هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیوا بەشداری لەپارت و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردی نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا درێغی لەکوردایەتی نەکردووە[٥١].

هەروەها چیاووك لەماوەی ژیانی وەك باوەڕپێکراوی گشتی لەیانەی سەرکەوتنی کوردی بەنهێنی، ئەگەر ماوەش درابی بە ئاشکرا یادی جەژنی نەورۆزی کردۆتەوە و گەڵ رۆشنبیر و قوتابیانی کورد لەزانکۆکانی بەغدا بەشداری ئەم ئاهەنگەیان دەکرد، تەنانەت لەساڵی ١٩٥٤دا چیاووك بەئاشکرا ئاهەنگی نەورۆزی گێڕاوەو خەڵکێکی زۆری لەرۆشنبیرە کورد و عەرەبەکان بانگهێشت کردبوو[٥٢]، دەبێ ئەوەش بڵێین کە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٤ یەکەم نەورۆز بوو کە لەهەموو کوردستان بە ئاشکراو بەڕەسمی رێگەی پێدرا یادی بکرێتەوە، چونکە ئەو سەردەمە نیمچە دیموکراتیەك لە عێراقدا هەبوو بەتایبەتی دوای ئەوەی دکتۆر محەمەد فازل جەمالی لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٥٣ دا، بە سەرۆکایەتی پۆستی وەزارەتی وەرگرت مرۆڤێکی دیموکرات خواز و رۆشنبیر بوو، دکتۆرای لەناوەڕاستی سیەکانی سەدەی رابردوو لە ئەمریکا وەرگرتبوو[٥٣].

چیاووك لەدوا رۆژانی ژیانیشی بەردەوام بووە لەخزمەت کردنی نەتەوەکەی، تەنانەت دوای ئەوەی کە تەمەنیشی بەسالاّ چووبوو، لەماڵەوە منالّەکانی فێری سروودی نیشتیمان پەروەری دەکرد و خەریکی نووسینی مێژووی کورد و کەلتووری کوردی بووە[٥٤] هەروەها کاتێ لەنەخۆشخانە دەبێ لەبەغدا/ نوری سەعید سەردانی دەکات و باسی ئەوەی بۆ دەکات کە عێراق و ئوردن یەکیەتی هاشمی (الاتحاد الهاشمی)یان پێکهێناوە، چیاووك دەڵێ: باشە شوێنی ئێمەی کورد لە ئیعراب دا چییە (ما محل الكرد من الاعراب). نوری

تاکەی ئێوە نایەنەوە هۆش خۆتان و دان بە مافی کورد دانانێن، ئایا ئێوە ئەم راستیە نازانن گەر مافی کورد نەدەن ئێوەش بەئاسوودەیی ناژین بۆچ بۆخۆت نابیتە خاوەن هەڵوێست و مافی کورد بدەیت تاکو لەمێژوودا ببیتە خاوەن هەڵوێست و بەچاکە باس بکرێیت[٥٥].

تەوەری سێیەم

رۆڵی رۆشنبیری:

لەکاتێکدا چیاووك قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، بزاڤی رۆشنبیری زۆر بەگەرمی لەکوردستاندا سەری هڵداوەو گەڵ رۆژنامەو گۆڤار دەرکرا[٥٦]. کە دەکرێ بووترێت یەکێ لەهۆیە هاندەرەکان بووبێت و کاری کردبێتە سەر چیاووك بۆ ئەوەی لەم بوارەشدا چالاکانە کاربکات، هەروەها دەشێ لایەنی نەتەوە پەرستیشی هۆکارێکی دیکە بووبێت!، گەر یەکەم هۆکار نەبێت.

یەکەم کاری رۆشنبیری کە چیاووك ئەنجامی داوە دەرکردنی رۆژنامەی (**حقوق**) بووە- کە باسی لێوەکرا[٥٧] چالاکی ئەم کارەشی دەرکردنی کتێب بوو بەناوی (**القضية الكردية**) (**کێشەی کورد**)، کە گەڵ بابەتی بە پێزی لەبارەی مێژوی کورد لەخۆگرتووە و لە ساڵی ١٩٢٥دا بۆیەکەم جار لەچاپ درا، لەبەر گرنگی کتێبەکەو زۆری خواست لەسەری ساڵی ١٩٣٩ دا بۆ جاری دووەم لەچاپ درایەوە لەبەغدا، ئەم کتێبە لە (١٢٣) لاپەڕە خۆی دەنوێنێ.

دووەم کتێبی بەناوی (**باربوو**) کە لەلایەن لیژنەی ناوچەی یانەی سەرکەوتن لەچاپ دراوە لەبەغدا لەساڵی ١٩٤٣،مێژووی یانەی سەرکەوتن، کە هەرگیز ناتوانرێ پشتگوێ بخرێت لەکاتی لێکۆڵینەو کە دەتوانرێ بووترێ باشترین سەرچاوەو کتێبێکی دانسقەیە دەربارەی مێژووی کورد لەکوردستانی باشوور لەناوەڕاستی سەدەی رابردوو.

سێیەم کتابی بەناوی (نیابەتی ١٩٢٨-١٩٣٠) کە لەساڵی ١٩٣٧ لەبەغدا لە چاپدراوە، هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراقی تێدا تۆمار کراوە بەگشتی لەماوەی مانەوەی لەپەرلەماندا، دەکرێ بووترێ گەر زێدە رۆیی نەبێت- باشترین کاری مێژوویی کە چیاووك ئەنجامی دابێت دوا بەرهەمی مێژووییەتی بەناوی (**مأساة بارزان المظلومة**) کە لەساڵی ١٩٥٤ دا بەغدا لەچاپ دراوە لە (٢١٣) لاپەڕە خۆی دەنوێنێ.

لە ڕاستیدا ئەم بەرهەمە مێژووییانەی چیاووك ناتوانرێ بەهیچ شێوەیەك پشتگوێ بخرێت هەرکەسێ بیەوێ باس و لێکۆڵینەوە بکات دەربارەی مێژووی نەتەوەی کورد، لەکوردستانی باشوور بەتایبەتی مێژووی هاوچەرخ.

دەبێ ئەوەش بوترێ، جگە لەبواری مێژوویی چیاووك دوو بەرهەمی دیکەشی هەبووەو گەیاندراوەتە چاپ، یەکیان بەناوی (**هەزارو یەك پەند و بێژە**) کە بریتییە لە پەند و قسەی نەستەقی کوردی (**الحكم والامثال**) لەساڵی ١٩٣٣دا لەبەغدا چاپ کراوە، دوا بەرهەمیشی کتێبێك بوو بەناوی (**ئەلف و بێ ی زمانی کورد**) لەناوەڕاستی سییەکانی سەدەی رابردوو لەبەغدا لە چاپدراوە، بە وتەی هەندێ لەو کەسانەی کە لە چیاووك نزیك بوونە، دەڵێن دەست نووسی دیکەی زۆری هەبوون، بەڵام واپێدەچێ زۆرگار دەرفەتی نەداوە تەمەنی درێژتربێت تا ئەمانیش بەچاپ بگەیەنێت، دوای کۆچی دوایی خۆشی بەرهەمە دەس نووسەکانی ئەم دەست و ئەو دەستی زۆریان کردووەو تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە[٥٨].

ئەنجام

ئەم راستیانەی لەم چەند لاپەڕانەدا هاتوون، ماوە دەرەخسێنن کە تۆێژەر بگەیەننە چەند ئەنجامێکی بنەڕەتی لەمانە:- چیاووك مرۆڤێکی خۆنەویست و کوردپەروەر بووە و هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەی تەرخان کردووەو بەئاواتی ئەوەبووە کەلە ژیاندا ببینێ کورد ئامانجەکانی خۆی بەدەست بێنێ.

هەروەها چیاووك مرۆڤێکی زیرەك و چاونەترس و سەر ڕاست و راستگۆ بووە، لەسەر راستی لەگەڵ هەموو کەسێك بەبێ گوێدان پلەو پایەی رەسمی و نارەسمی کەسەکە داکۆکی خۆی کردووە، ئەمەش بوتە هۆی ئەوەی کە چیاووك لەلایەن پیاوانی خاوەن دەسەلآت خۆشەویست نەبێت و تارادەیەکیش رقیان لێبۆتەوە، چونکە لەسەر حەق ئامادەبووە وەلآمی هەموو کەسێك بداتەوە، بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی، دانیشتنەکانی لە پەرلەمانی عێراقی سالآنی ١٩٢٨-١٩٣١ باشترین بەڵگەی ئەم راستیانەن.

هەروەها مێژوونووسێکی بەتوانا و راستگۆ بووە، لە نووسینەکانی بەهیچ شێوەیەك راستییەکانی نەشاردۆتەوە، هەروەك لەکتێبەکانی بەدیار دەکەوێت، دەتوانرێ بووترێ روناکبیرێکی سەردەمی خۆی بووە، لەنێو کورد لە کوردایەتیەش دریغی نەکردووە تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کردووە..

* پەراوێزەکان:

(A)دێیەکە لەنزیك سرێشمەی سەر بەناوچەی خەلیفان، چیاووك بچوککراوەی وشەی چیایە، ئەم دێیە لە قەد پاڵ رەوەزە شاخێك دروستکراوە، لەشاخەکانی دەوروبەری نزم تەرەو دانیشتوانی ناوچەکە بە (چیایۆکە)ی ناودەبەن و دێیەکەش بەم ناوەنراوە، باپیرانی مەعروف لەم دێیە بوونە و ئەویش چیاووکی بەنازناوی خۆی هەڵبژاردووە، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد جەمال چیاووك لە ٢٧/ی ئاداری ١٩٩٦، چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢.

(١) فاروق عەلی عومەر ساڵی لەدایك بووني بە (١٨٨٤ز) دادەنێ بێ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەك بکات، بەڵام راستییەکەی (١٨٨٥ز) بەپێی رەگەزنامەکەی، کە ئێستاکە لەلای شوکریە عەلی ئەکبەرە الصحافة الکردیة فی العراق–بدایات ١٩١٤–١٩٣٩ رسالة ماجستیر–غیر منشورة، کلیة الاداب جامعة بغداد،١٩٩٥، هامش ص٥٥.

(٢) پیاوێکی زاناو دانای سەردەمی خۆی بووە، لەدامەزراندنی قوتابخانەی روشدیەوە لەموسڵ بەڕێوەبەربووە: چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢.

(B) هۆزێکی کوردەو لەناوچەی خەلیفان نیشتەجێن لەپتر لە ٢٠ دێ بلاوبوونەتەوە.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد جەمال چیاووك لە ٢٧ی ئادار ١٩٩٧.

(C) لەوانە نوری سەعید، رەشید علی گەیلانی و چەندانی تر. چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ موحەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: تاریق جامباز، مەعروف چیاووك کوردێکی مافپارێز براەدرێکی نزیکی نوری سەعید و رەشید عالی گەیلانی بو، (هەولێر)، (گۆڤار)، ژمارە (١٠)، بەهاری ٢٠٠١ ل٧٣–٧٤.

(٤) هەر چەندە ساڵی گەڕانەوەی بۆ بەغدا نادیارە، بەڵام شوکریە عەلی ئەکبەر دەڵێ: هەموو جارێ دەیگوت تەنانەت دوای چوار مانگ گەڕانەوەم بۆ بەغدا، دەستم کرد بە دەرکردنی رۆژنامەی (حقوق)، دیارە یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیە لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩١٢وە دەرکردووە کەواتە لەسەرتای مانگی ئابی ١٩١١ گەڕاوەتەوە بەغدا.

(D) ئەو سەردەمە بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە چیاووك دەبێتە سەرباز و پلەی ئەفسەری یەدەگی پێ دەبەخشرێت، لەبەر ئەوەی خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسی قانون بووە. چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢،چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد جەمال چیاووك لە ٢٧ی ئاداری ١٩٩٧. فاروق عەلی عومەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە بەڵام ئەوەندی باس دەکات لەساڵی ١٩١٤ تا ١٩١٩ بەندکراوە ئاماژەش بۆ هیچ سەرچاوەیەك ناکات.

(٦) طارق جامباز، امین الرواندزی و معروف چیاووك ودورهما فی الجمعیة استقلال کوردستان ١٩٢٢–١٩٢٦، (گۆڵان)، (مجلة) العدد٦,٢٥ تشرین الثاني ١٩٩٦،ص٢٥، فاروق علی عمر، م.س و لاپەڕە.

(٧) دەربارەی چۆنیەتی بوونی بە ئەندامی پەرلەمان وەك نوێنەری شاری هەولێر بڕوانە: معروف چیاووك، نیابتي . مطبعة الزمان بغداد،١٩٣٧ ص٦–١٩.

(E) چیاووك بەر لەمردنی دەستنیشانی شوێنێکی تایبەتی کردبوو لەسەر رێگای هەولێر شەقلاوە بکرێتە گۆڕستانی تایبەتی بنەماڵەکەی و لەوێش بنێژرێ بەناوی گۆڕستانی چیاووك، بەڵام وەسیەتەکەی جێبەجێ نەکرا، چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشیر چیچۆ لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٧، چاوپێکەوتن لەگەڵ زێوەر خەتاب لە ٣ی ئاداری ٢٠٠٢، چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢

(٨)چاوپێکەوتن لەگەڵ کانەبی عەزیز بایز لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەیدەر عوسمان لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٦.

(٩)چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر ٥ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ ویداد خالس قازی لە ٢٣ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧.

(F) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی کودەتاکەی تورکیای لاو بڕوانە: لازاریف کێشەی کورد،١٨٩٠–١٩١٧، بەشی یەکەم و دکتۆر کاوس قەفتان، بەغداد، ١٩٨٩، ل ٢٢٣–٢٢٤،بلەج شێرکۆ، کێشەی کورد، و ، محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم ١٩٩٢، کوردستانی عێراق، ل٥٤–٥٦.

(١٠)لەوانە: کۆمەڵەی هاریکاری بەرزێتی کورد، کۆمەڵەی (نشر المعارف الکردیة، کۆمەڵەی هێڤی.

(١١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢، چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی ١٥ی نیسانی ١٩٩٧، د.مەعروف خەزنەدار لە ٢٧ی ئاداری ٢٠٠٢.

(١٢)دەربارەی زانیاری زیاتر لەسەر کۆمەڵەکە بڕوانە: د.جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٠–١٢.

(G) جێی داخە زۆر هەولّ و تەقەلاّ درا کە ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە دەست بکەوێت بەڵام وەك باسی لێوەدەکەن ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیە و چەندین بابەتی دەستنووسی چیاووك تا پەنجاکانیش مابوون لەماڵی خۆی، بەڵام دوای مردنی رۆژگار ونی کردوون، چاوپێکەوت لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢، چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٦.

(١٣) عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الصحافة العراقیة، الجزء الاول، الطبعة (الثالثة)، صیدا، لبنان،١٩٧١، ص٧.

(H) حکومەتی پاشایەتی لە عێراق دامەزرێنرا دوای هێنانی فەیسەڵی کوڕی حسێن– لەسەر پێشنیاری حکومەتی بەریتانیا کە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٢٨دا گەیشتە بەغدا و لە ٢٣ی ئابی هەمان ساڵ ئاهەنگی تاج لەسەرنانی پاشایەتیان بۆ گێڕاو حکومەتی پاشایەتی لە عێراق دامەزرێنرا، بۆ زانیاری پتر لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی حکومەتی پاشایەتی لە عێراق

بڕوانە: عبدالرزاق الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، الطبعة الرابعة، مطبعة دار الکتب، بیروت–لبنان، ۱۹۸۰،ص۳،ص۹–۱۱. غسان العطیة، العراق نشاة الدولة ۱۹۰۸–۱۹۲۱،ت–عطا عبدالوهاب لندن ۱۹۸۸، ص٤٧٤–٤٧٦.

(I) لەسەرچاوەکان بە کۆمەڵەو رێکخراویش ناوی دێت، بەڵام لەپەیڕەوو پرۆگرامی وا بەدیار دەکەوێت کە بیرۆکەی گشتگیری کوردستانی هەبووەو لقی لە زۆرینەی شارە کوردییەکان دامەزراندووە، بۆیە وا بە پەسەند دەزانرێت بە پارت ناوی ببرێت.

(١٤) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پارتەکە بڕوانە: اسماعیل حقی شاوێس، کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردستان، رۆژی نوێ، گۆڤار ژمارە ١یئادارى ١٩٦١. د.عبدالفتاح علی بوتانی، من وثائق الحرکة القومیة الکردیة، مەتین (گۆڤار)، ژمارە ئادارى ٢٠٠،ل٩٥–١٠٠.

(١٥) بۆ زانیاری پتر لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی لقەکەو دیارترین ئەندامەکانی بڕوانە: طارق جامباز، امین روانـدزی و معروف چیاووک و دورهما في الجمعیة استقلال الکردي ١٩٢٢–١٩٢٦، المصدر السابق، ص٢٧–٢٨.

(١٦) ضابط الخدمات الخاصة في الموصل، رقم الوثیقة، ٩/B/ ٣٤٧ في ١٠ تموز ١٩٢٦، الموضوع، الاستخبارات الکردیة، ص٢–٣.

(١٧) لەبارەی شۆڕشی شێخ سەعید و چۆنیەتی کۆتایی پێهێنانی بڕوانە: رۆبرت ئۆڵسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و:ئەبوبەکر خۆشناو، چاپخانەی سەردەم ١٩٩٩.

(١٨)دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی پارتی خۆیبوون و دەستەی دامەزرێنەر و ئامانجەکانی و گرنگترین بڕیارەکانی کۆنگرەی دامەزراندنی بڕوانە: محمد ملا احمد، جمعیة خویبون و العلاقات الکردیة الارمنیة، رابطة کاوة، للثقافة و نشر الکردیة، اربیل–کوردستان العراق، ٢٠٠٠، ص٣٩–٤٩، کونی رەش، جمعیة خویبون ١٩٢٧ ووقائع ثورة ارارات ١٩٣٠ تقدیم و مراجعة د.عبدالفتاح البوتانی، مؤسسة موکریان، اربیل ٢٠٠٠،ص٤١–٥٣.

(J) ناوی محەمەد ئەمین کوڕی حسێن ئەفەندی، لەساڵی ١٨٩٨دا لە شارۆچکەی رەواندزی سەر بەشاری هەولێر هاتۆتە دونیاوە، تاقانەی دایک و باوکی بووە، دوای خوێندنی سەرەتایی و روشدیە دەچێتە ئەستانەو لەکۆلێجی سەربازی بڕوانامەی بەکالۆریۆس وەردەگرێت، بەشداری جەنگی جیهانی یەکەم دەکات و لەسەردەمی حکومەتی پاشایەتی گەلێ بەرپرسیاریەتی سوپایی وەردەگرێت، تا لەساڵی ١٩٤٦ دا خانەنشین دەکرێت، رۆڵی بەرچاوی هەبووە لەکوردایەتی وەک ئەندامێکی کارامە لە رێکخراو وپارتە سیاسییەکانی کوردی ئەو سەردەم کاری کردووە–پارتی ئازادی کوردستان، خۆیبوون،دارکەر، هیوا. لە بەهاری ١٩٥٥دا کۆچی دوایی دەکات، لەگۆڕستانی بابولموعەزەم دەنێژرێت، هەرچەندە وەسیەتی کردبوو گۆڕەکەی لەسەر یەکێ لە شاخە سەرکەشەکانی رەواندوز بێت. اسماعیل شکر رسول، اربیل دراسة تاریخیة ودورها الفکري و السیاسی ١٩٣٩–١٩٥٥، اطروحة دکتوراه غیر منشورة–کلیة الاداب – جامعة صلاح الدین ١٩٩٩، ص١٥٠. د.عبدالفتاح علی البوتانی، م.ن ص٩٩، طارق جامباز، امین روانـدزی و معروف چیاووک.... ، م.ن، ص٢٥.

(١٩) دائرة السجلات العامة، وزارة الطیران،٤١٢/٢٣/ القسم الثاني، الموصل، رقم ٢٣/٣٠٧، والمؤرخ في الیوم الرابع من تشرین الثاني ١٩٢٧ الموضوع الاستخبارات الکردیة، ص٣.

(٢٠) محمد ملا احمد، م.ن، ص٤٤.

(٢١) د.ک.و الملف ٣١١/١١٩٣، الموضوع: قضایا الکردیة، کتاب مجلس الوزراء العراقي، رقم ١١١١ سری في ٥ نیسان ١٩٣٠.

Office, Arbil, Sect (22) Office of Special Service Ref.No.1/A/4,6088,17th Dec 1922,

عزیز حسین عزیز، الحرکة التحریریة الکردیة في الکردستان الجنوبیة، رسالة ماجستیر، غیر منشورة، کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین،٢٠٠٢، ص١٧.

(23) Air Staff Intallganea, 23-H 18, 612, Subject, Kurdish Wews, 4th march 1930.

(٢٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ شوکریە عەلی ئەکبەر لە ٥ی ئادارى ٢٠٠٢" چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧.

(25) Special Service Officer, Baghdad, No. 1/Bd/ 10. 6132 Seoret,14th April 1931.

(٢٦) دەربارەی یانەو چۆنیەتی دامەزراندنی بڕوانە: باربو، لەلایەن هەیئەتی ناوچەی یانەی سەرکەوتن لەچاپدراوە، چاپخانەی النجاح، بغداد ١٩٤٣–١٩٤٤، ل٢٦–٣٦.

(K)دراوێکی هیندییەو لەسەردەمی ئینتیدابی بەریتانیادا لەعێراق بەکارهێنراوە.

(٢٧) باربو، ل٣–٤، دەبێ ئەمەش بوترێ ئەم شایەدیە مێژوونووسی کورد محەمەد ئەمین زەکی بۆی داون، چونکە پێشەکی باربوو لەلایەن ئەم زاتە نوسراوە کە لەلاپەڕە یەکی تا شەشەمین لاپەڕەی کتێبی باربوو خۆی دەنوێنێ: چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ٢٥ی نیسانی ١٩٩٦.

(٢٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ کانەبی عەزیز بایز لە ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال شەریف لە ٣ی ئابی ١٩٩٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەیدەر عوسمان لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ خالیس شێخ جەواد لە ٢٧ی کانونی دووەمی ١٩٩٨.

(٢٩) باربوو ل٢٩–٧٨.

(٣٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ هادی رەشید چاوشلی لە ١٧ی تەممووزی ١٩٩٥.

(٣١)باربو، ص٣٧–٣٨.

(٣٢) بەکر عبدالکریم حەوێزی، گەشتێك بە کۆماری مەهابادا، بیرەوەریەکانم لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، ١٩٤١–١٩٤٧، بەشی یەکەم– دەزگای سەردەم ، سلێمانی–کوردستان ١٩٩٣، ل١٠.

(٣٣)جریدة الاحرار، العدد ١٤٨٧ في اب ١٩٣٠،لە کونی رەش، م.س، ص١٣١ وەرگیراوە.

(٣٤)المحکمة العراقیة، محاضر مجلس النواب، الاجتماع الاعتیادی لسنة ١٩٢٨، مطبعة الحکومة في بغداد، ١٩٢٨، ص١٥٣–١٥٤، معروف چیاووک، نیابتي، ص١٨٤.

(٣٥)وەزیری بەرگری محەمەد زەکی بوو.

(٣٦)محاضر مجلس النواب، الجلسة المنعقدة في ١٣ حزیران ١٩٢٨، ص١٨٦، معروف چیاووک، نیابتی، ص١٨٥–١٨٦.

(٣٧)محاضر مجلس النواب، الجلسة منعقدة في ١٨ من کانون الثاني ١٩٣٠،ص ٢٨٣–٢٨٤، معروف چیاووک، م.ن ص٢٢٤–٢٢٦.

(٤٨) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بزوتنەوەی (١٩٤٣–١٩٤٥) بڕوانە: مسعود البارزاني، بارزان والحركة التحررية الكردية، ثورة بارزان ١٩٤٣–١٩٤٥ كوردستان ١٩٨٦.
(٣٩)معروف چیاووك، نیابتی، ص٨٠–٨٥.
(٤١) معروف چیاووك، مأساة بارزان المظلومة، بغداد ١٩٥٤، ص١٦٣–١٦٤.
(٤١) المصدر نفسه، ص١٩٦٥.
(٤٢)اسماعیل شكر رسول، المصدر السابق، ص٣٥.
(٤٣) چاوپێكەوتن لەگەڵ حەیدەر عوسمان لە ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٦. چاوپێكەوتن لەگەڵ شوكریە عەلی ئەكبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێكەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧.
(٤٤) چاوپێكەوتن لەگەڵ عزەدین مەلا ئەفەندی لە ٥ی نیسانی ١٩٩٦. چاوپێكەوتن لەگەڵ عەلی حاجی ئەحمەد ئاغا لە ٩ی ئەیلولی ١٩٩٦، هەمان راستی دووبارە كردەوە.
(٤٥) موسوعة سرية الخاصة بالحزب الشيوعي العراقی، بغداد ١٩٤٩. ص٢، ٣٨٤–٣١٥. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اسماعیل شكر رسول، م.ن، ص١٥٤.
(٤٦) چاوپێكەوتن لەگەڵ كانەبی عەزیز بایز لە ٢٥ی كانونی دووەمی ١٩٩٦.
(٤٧) دەربارەی چۆنیەتی روخاندنی كۆماری كوردستان، بڕوانە:– Welam Egltn كۆماری كورد لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی .و:سید محمد سەمەدی، بەبێ شوێنی چاپ و مێژوو.
* وەكو: عزەدین مەلا ئەفەندی ، عەلی حاجی ئەحمەد ئاغا، خدر ئەحمەد پاشا و چەندانی یكە.
چاوپێكەوتن لەگەڵ عیزەدین مەلا ئەفەندی ٢٥ی نیسانی ١٩٩٦، چاوپێكەوتن لەگەڵ عەلی حاجی ئەحمەد ئاغا لە ٩ی ئەیلولی ١٩٩٦.
(٤٨) كوپری عەبدولرەحمان كوپری ئیحسان موفتی هەولێریە(١٨٩٠–١٩٥٠).
(٤٩)كوپری حاجی شەریف لە ساڵی ١٩٥٣ لەبەغدا كۆچی وایی كردووە، لە بنەماڵەیەكی ناوداری سلێمانییە.
(٥٠) م.و.د، القلم السری ١٩٤٧، وزارة الداخلية، التقارير الخاص، المؤرخ في ١٨ كانون الاول ١٩٤٧، ص٥.
(٥١) چونكە لە هیچ بەڵگەنامەیەكی عێراقی و بیانی كاتێ باسی رێكخراوە كوردییەكان دەكرێت باسی ئەو ناكرێت، هەروەها سیاسەتمەداری كوردەكانی كە نزیك بوونە لەو، ئەو راستییە دووپات دەكەنەوە.
چاوپێكەوتن لەگەڵ بەكر ئیسماعیل لە ٢٥ی شوباتی ١٩٩٨. چاوپێكەوتن لەگەڵ جەلال شەریف لە ١ی ئاداری ١٩٩٧، چاوپێكەوتن لەگەڵ رەشید عەبدولقادر لە ٢٣ی ئاداری ٢٠٠٢.
(٥٢)چاوپێكەوتن لەگەڵ هەمزە عەبدوللا لە ٢٩ی شوباتی ١٩٩٨. چاوپێكەوتن لەگەڵ مەلا جەمیل رۆژبەیانی لە ٢٧ی شوباتی ١٩٩٧. چاوپێكەوتن لەگەڵ كانەبی عزیز بایز لە ٢٥،ل٢، ١٩٩٦. جەوهەر حسێن مەلا لە ئاداری ١٩٩٦، چاوپێكەوتن لەگەڵ د.معروف خەزنەدار ٧ی ئاداری ٢٠٠٠.
(٥٣) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیانی دكتۆر محەمەد فازل جەمالی بڕوانە: رحیم كاظم محمد، الدكتور محمد فاضل الجمالی–نهجه التربوی ودوره السياسی، رسالة دكتوراه–غير منشورة، كلية الاداب– جامعة البصر، ١٩٩٧.
(٥٤) چاوپێكەوتن لەگەڵ شوكریە عەلی ئەكبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێكەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧. چاوپێكەوتن لەگەڵ ویداد خالیس ئەلقازی لە ٢٢ی ئاداری ٢٠٠٢، یەكێك بووە لەو منالانەی كە دەڵێ: من لەخاڵم فێری سرودی ئەی وەتەن بووم، یەكەم مامۆستاشم بوو لەكوردایەتی.
(M) یەكێتی هاشمی لەنێوان عێراق و ئوردون ئەنجامدرا، لە ١٥ی شوباتی ١٩٥٨دا لەلایەن حكومەتی هەردوو دەوڵەت مۆركرا.
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هۆیەكانی دامەرزاندنی یەكێتیەكەوئامانجەكانی بڕوانە: جام محمد حسن العدد واخرون، تاريخ الوطن العربي المحاصر، جامعة الموصل، ١٩٨٦، ص٦٢٤–٦٢٧.
(٥٥)چاوپێكەوتن لەگەڵ شوكریە عەلی ئەكبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەحمەد جەمال چیاووك لە ٢٧ی ئاداری ١٩٩٦. چاوپێكەوتن لەگەڵ ویداد خالیس ئەلقازی لە ٢٣ی ئاداری ٢٠٠٢. ویدادخان بەخۆی ئامادە بووە لەلای خاڵی (مەعروف چیاووك) لە نەخۆشخانە كە نوری سەعید سەردانی دەكات و دەقی قسەكانیشم لەبەرپێزیان بیست، دەبێ ئەوەش بوترێ كە چیاووك هەموو كات داوای خێر و خۆشی عێراقیشی كردووە و تەقەلاشی بۆ داوە.
(٥٦) وەكو رۆژنامەی كوردستان، كورد، گۆڤاری رۆژی كورد و چەندانی تر.
(٥٧) سەیری لاپەڕە (٥–٦) بكە لەباسەكەدا.
(٥٨) چاوپێكەوتن لەگەڵ محەمەد روشدی لە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧. چاوپێكەوتن لەگەڵ شوكریە عەلی ئەكبەر لە ٥ی ئاداری ٢٠٠٢. چاوپێكەوتن لەگەڵ ویداد خالیس ئەلقازی لە ٢٢ی ئاداری ٢٠٠٢.

سەرچاوەكان:

أ/ بەڵگەنامەی بڵاونەكراوە:

١–عەرەبییەكان:

رقم الملف	الموضوع
٤١٢/٢٣	الاستخبارات الكردية
٣١١/١١٩٣	القضايا الكردية
٢٠/١٧	تقرير خاص

٢–بیانییەكان:

1- Office of Special Service Office, April, Secret, Ref. No. 1/A, 6088,17th December1922.
2- Air Staff Intallganea, 23- H 18, 6132, Subject, Kurdish Wews, 4th March 1930.
3- Special Service Officer, Baghdad, No. 1/Bd/ 10. 6132, Secret, 14th April 1931.

ب/ بەڵگەنامە بڵاوكراوەكان (الوثائق المنشورة):

– الحكومة العراقية، محاضر مجلس النواب لسنة ١٩٢٨، مطبعة الحكومة، بغداد ١٩٢٨.
– الحكومة العراقية، محاضر المجلس النواب لسنة ١٩٢٩، مطبعة الحكومة، بغداد ١٩٢٩.
– الحكومة العراقية، محاضر مجلس النواب لسنة ١٩٣٠، مطبعة الحكومة، بغداد١٩٣٠.
– موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقی السری التحقيقات الجنائية، مطبعة الحكومة، بغداد ج٢، ١٩٤٩.

ج/ چاوپێكەوتنەكان:

– ئەحمەد جەمال چیاووك ٢٧ی ئاداری ١٩٩٧.

هەوڵنامەی كتێب

– بەکر ئیسماعیل ٢٥ی شوباتی ١٩٩٨.
– بەشیر چیچۆ ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٩٦.
– جەلال شەریف ٣ی ئابی ١٩٩٦.
– جەوهەر حوسێن مەلا ١ی ئاداری ١٩٩٦.
– خالس جەواد ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٩٨.
– حیدەر عوسمان ١٥ی ئەیلولی ١٩٩٦.
– رەشید عەبدولقادر ٢٧ی ئاداری ٢٠٠٢.
– شوکریە عەلی ئەکبەر ٥ی ئاداری ٢٠٠٢.
– عزەدین مەلا ئەفەندی ٢٥ی نیسانی ١٩٩٦.
– عەلی حاجی ئەحمەد ئاغا ٩ی ئەیلولی ١٩٩٦.
– کانەبی عەزیز ٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٦.
– د.مەعروف خەزنەدار ٧ی ئاداری ٢٠٠٢.
– محەمەد روشدی ١٥ی نیسانی ١٩٩٧.
– مەلا جەمیل رۆژبەیانی ٢٧ی شوباتی ١٩٩٧.
– ویداد خالس ئەلقازی ٢٣ی ئاداری ٢٠٠٢.
– هادی رەشید چاوشلی ١٧ی گەلاوێژی ١٩٩٥.
– هەمزە عەبدوللا ٢٩ی شوباتی ١٩٩٧.

د/ بڕوانامە زانکۆییەکان:

– اسماعیل شکر رسول، اربیل دراسة تاریخیة في دورها الفکری والسیاسی ١٩٣٩–١٩٥٥، اطروحة دکتوراه–غیر منشورة، کلیة الاداب– جامعة صلاح الدین ١٩٩٩.
– رحیم کاظم محمد، الدکتور محمد فاضل الجمالي– نهجة التربوي ودوری السیاسی، اطروحة دکتوراه غیر منشورة بکلیة الاداب جامعة البصرة ١٩٩٧.
– عزیز حسین عزیز البارزاني، الحرکة التحریریة الکردیة في الکردستان الجنوبیة ١٩٣٩–١٩٦٥، رسالة ماجستیر غیر منشورة کلیة الاداب جامعة صلاح الدین ٢٠٠٢.
– فاروق عمر علی، الصحافة الکردیة في العراق– البدایات ١٩١٤–١٩٣٩، رسالة ماجستیر، غیر منشورة، کلیة الاداب جامعة بغداد، ١٩٩٥.

هـ/ کتێبەکان:

– بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، گەشتێك بە کۆماری مهابادا، بیرەوەریەکان لە رۆژهەلآتی کوردستاندا،١٩٤١–١٩٤٥، بەشی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، کوردستان ١٩٩٣.
– بلەج شێرکۆ، کێشەی کورد، د. محمد حەمەد باقی، چاپی سێیەم ١٩٩٢.
– د.جەبار قادر، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
– رۆبەرت ئۆلسن، راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران و: ئەبوبەکر خۆشناو، دەزگای سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩.
– عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الصحافة العراقیة، الجزء الاول، المطبعة الثالثة، طبعة لبنان– ١٩٩٧ الجزء الاول.
– کۆتنێ رەش، جمعیة خویبون ١٩٢٧ ووقائع ثورة ارارات ١٩٣٠، تقدیم و مراجعة دکتور عبدالفتاح علی البوتانی، مؤسسة موکریان، اربیل ٢٠٠٠.
– لازاریف، کێشەی کورد وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، بەشی یەکەم بەغداد ١٩٨٥.
– محمد ملا احمد، جمعیة خویبون والعلاقات التحریریة الکردیة الارمنیة، رابطة کاوة، اربیل کوردستان العراق، ٢٠٠٠.
– مسعود البارزاني، بارزان والحرکة التحریریة الکردیة، ثورة بارزان، ١٩٤٢–١٩٤٥، کوردستان ١٩٨٦.
– مەعروف چیاووك، باربو، چاپخانەی ئەلنەجاح، بەغداد، ١٩٤٣.
– مەعروف چیاووك، ماساة بارزان المظلومة، بغداد ١٩٤٥.
– مەعروف چیاووك، نیابتی ، مطبعة الزمان، بغداد، ١٩٣٧.
– ولیەم ایگلتین، کۆماری کورد لە سالّی ١٩٤٦ی زایینی، و.سید محمد صمدی، بەشی دووەم، و د،ت.

و/ وتار و توێژینەوەکان:

– اسماعیل حەقی شاوێس، کۆمیتەی ئیستیقلالی کوردستان، (رۆژی نوێ) (گۆڤار)، ئاداری ١٩٦١.
– تاریق جامباز، مەعروف چیاووك کوردێکی پارێزەر و براەرێکی نزیکی نوری سەعیدو رەشید عالی گەیلانی بوو،(هەولێر) (گۆڤار) ،ژ١٠، بەهاری ٢٠٠١.
– طارق جامباز، امین الروانذزی و معروف چیاووك ودورهما في الحزب الاستقلال کوردستان، ١٩٢٢–١٩٢٦، (گولآن)،(مجلة) باللغة العربیة العدد–٦–ت ١٩٩٦.
– د. عبدالفتاح علی البوتانی، من وثائق الحرکة القومیة التحریریة، (مەتین) (گۆڤار)، ت ٩٨ن ئاداری ٢٠٠٠.
– جاسم محمد حسن واخرون، تاریخ الوطن العربي المعاصر، جامعة الموصل ١٩٨٦.
– عبدالرزاق الحسني، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، طبعة الرابعة بالاوفست مطبعة والکتب بیروت، لبنان، ١٩٨٠.

ملخص العربی:

معروف چیاووك الکردي ١٨٨٥–١٩٥٨ دراسة تاریخیة في دور السیاسی والثقافي

کما هو معلوم لدی الجمیع ان التاریخ الکردی بصورة عامة–الی حدما– سیما الحدیث والمعاصر منه، لم تدرس بصورة علمیة لاسباب سیاسیة معروفة لدی الکرد تقریبا.

ان الدور الشخصیات الکردیة السیاسیة والثقافیة هو جزء مهم من هذا التاریخ، الذین لعبوا دورا تاریخیا متمیزا لاجل حقوق شعبهم المظلومة. ولکن جلة هؤلاء لحد الان في غیابة الجب وفي عالم النسیان.

یمکن قول بدون تردد و بکل جدارة ان معروف چیاووك الکردی الاربیلی واحدا من بین هؤلاء، ان لم یمکن ابرزهم، ولم تصل الیه ید الباحثین–باستثناء ما کتب عنه طارق جامباز في صفحات محدودة و کذلك مانشر عنه الدکتور عبدالفتاح علی البوتانی وثیقتین للقوة الجویة الریطانیة، قد یکون هذا هو السبب الاول والاخیر لاختیاره.

تتالف البحث من مقدمة و ثلاثة محاور و قائمة المصادر وخاتمة، تشیر المحور الاول الی نسبة ونشأته اما المحور الثاني فیتحدث عن نشاط چیاووك السیاسی و دوره في الجمعیات والاحزاب الکردیة السیاسیة وکذلك من الحرکات والانتفاضات الکردیة في تلك الحقبة الزمنیة.

اما المحور الخیر فأنه تبحث عن دوره الثقافي مشیرا الی اهم مؤلفاته التاریخیة منها والادبیة والنحویة.

وفي الختام اتمنی ان ینال هذه الدراسة المتواضعة في تلك الوریقات رضی القراء الاعزاء مع تقدیری بأن بحثا کهذا الذی بین ایدیهم لایمکن ان یخلوا من الثغرات ان هنات و هفوات، حاولت جهد امکل ني تفاوتها قدر المستطاع ووفق اجتهادي.

اخر دعوانا ان الحمد الله رب العالمین

کورتە شیکردنەوەیەک

بە یادی ئەو شارەی کە تەمەنی ٢٢٠ ساڵە،
کەچی خاوەنی شارستانیی دوو هەزار ساڵانەیە...

ئەوان نەتەوەییانە نووسیویانە
منیش نەتەوەییانە دەخوێنمەوە...!!

ڕۆژنامەی بانگی کوردستان

عیلمی، ئیجتماعی، ئەدەبی، غەزەتەییکی حور و سەربەستی میللییە
هەفتەی جارێك دەردەچێ
(زەمانی گووزو روی رابووردو ئێستا پاڵەوانی عیلمە)
(سیلاحی دەستەی صەنعەتی باریقەی تیغ و وسنانی عیلمە)



مومتاز حەیدەری

هەوالنامەی کتێب

ئەم بابەتەم بۆ هەشتەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ ئامادەکردبوو، ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٩وەك وتاری میوان بەشێکی پێشکەش کرا. هاوکات بەڕێز کاك عەبدوللاّ زەنگەنە سەرنووسەری "ڕۆژنامەنووس" داوای لێ کردم کە بۆ ژمارەی مانگی ١٢ی ٢٠٠٤ی گۆڤارەکەیان ئامادەی بکەمەوە، منیش پێیداچوومەوەو هەندێ لەوتارەکانی بانگی کوردستان، کە پێشتر نەمگواستبوونەوە، لێرەدا بەتەواوەتی هەموویانم ڕاگواستن.

((ژیان، ئەوە نییە کە ئێستاکە تێدا دەژی،
بەڵکو ژیان ئەوەیە بەبیرت دێتەوە، بەڵام چۆن بەبیرت دێتەوە..؟ تاکو بیگێڕیتەوە..))
گابرییل گارسیا مارکیز - یادداشت-

((ئەوەی لەمەیدانی فیکر و سیاسەتدا کاربکات، ئەگەر مێژووی بەر لە دایکبوونی
خۆی نەزانی، ئەوە، هەر بە منداڵی لەو مەیدانەدا دەمێنێتەوە...))
محەمەد حەسنێن هەیکل

کورتە خوێندنەوەیەکی نەتەوەیی:

* سەرنج
* پێزانین
* یادی ٢٢٠ساڵەی شاری سلێمانی
* تەمەنی سلێمانی لە تەرازووی مێژوودا
* بەسەر کردنەوە...
* سلێمانی: یەکەمین مەڵبەندی رۆژنامەنووسیی کورد
* لێکدانەوە و دەقەکان
* ئەنجام

ئەلقەی یەکەم

سەرنج:

نیازم وابوو، هەر(١٤) ژمارەی بانگی کوردستان لە سلێمانی دەرچوون و هەروەها سێ ژمارەکەی شاری بەغدا، دەور بکەومەوە.. کاتێك دەستم بەخوێندنەوەیان کرد، هەستم کرد، مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەترە، کەمن نەخشەم بۆ کێشابوو، بگرە زۆر پەل هاوێژ و ئاڵۆزیش بوو، لەبەر ئەوەی باسی دەیان مەسەلەی زۆر گرنگی نەتەوەیی، سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەلایەتی، خوێندەواری، تەنانەت ئابووریش، هەواڵەکانی دەرەوەی کوردستانی لە خۆگرتووە... هتد سەرەڕای خاڵێکی سەرەکی، کە زمانحاڵی کۆمەڵەی کوردستان-جەمعیەتی کوردستان-پاشدان(دامەزراندنی حوکمدارێتیی شێخی مەزن و رەوشەکە بووە.. لەوەش زەحمەتر، تۆ وەرە لەم دەرفتە تەسکەدا، بە نووسینی ژمارەیەك کەڵە نووسەر و رۆشنبیری دونیادیدەی کارامەدا پێدابچوویە..!؟

نموونەی:

((مستەفا پاشا یامولکی، ئەحمەد خواجە، رەفیق حلمی، شێخ نوری شێخ سالح، ئەحمەد موختار جاف، ئەحمەد فائیز، ئەحمەد حەمدی، ئەحمەد فەوزی، رەشید زەکی کابان، حوسێن نازم، سالح زەکی ساحێبقران، عەلی کەمال باپیر، مستەفا شەوقی، دەیانی دیکە... بۆیە بەهیچ جۆرێ نەدەکرا، بەتایبەتی بۆ ئەم ڤیستیڤاڵە، تێکڕای ژمارەکان دەوربکرێن و جەوهەری گەنجینەی بیرو بۆچوونی ئەو گەورە نووسەرانە شی بکرێتەوە، بۆیە بڕیارم دا، بۆ ئەم ڤیستیڤاڵە تەنیا(٤) ژمارە واتە (١-٤) دەور بکەمەوە. ئەوەی مەبەستمە زۆر بە کورتی پێشکەشتانی بکەم...پاشان بۆ خۆم، پڕۆژەکە تەواو بکەم.. ئا لێرەدا گووتم، تەنیا ناوەڕۆکی(٤) ژمارە، ئەوەیش، هەڵبەت بەشە کوردییەکەی، وەك ئەلقەی یەکەم پێشکەش دەکرێ... پێشەکی هیوام وایە، نەشەرمەزاری ئەو گەورە پیاوانەی کورد و نە ئێوەی ئازیزان بم... دیارە، کەم خواردن لەبێ دەسەلاّت و کاتی دیاری کراوی خوێندنەوەی بابەتەکانە...

سوپاس



بانگ کوردستان

صفحه ١

صاحب امتیاز و مسئول مصطفی پاشا

محرر کوردی و فارسی ملا کاك رحیم توفیق

بانگ کوردستان

بو خارج بدل آبونه‌ی مانگی دو ٦ مانگی چوار مانگی ٨ روپیه اعلانات به دو دفعه ٥ آنه دەسیزیت

(زمان کوردی و فارسی و ایتا پاوان علمه) (سلاح دسته صناعت باوان تیخ ، دنگ طبله)

٢ آغستوس ١٩٢٢

علمی ، اجتماعی ، ادبی ، خبریکی حر و سیاست ملیه هفته جاریك دوه‌جی

سال ١ نمارە ١ [پیرانشهر] ٨ ذی الحجه ١٣٤٠ ٢ آغستوس ١٩٢٢

حزب قریبا

تقریب و سلوك امزجون قربان مبارکه بو هو ملت اسلام موجب فیض و رحمته بانگ کردستان بواسطه ام روزه مبارکده بو هو افراد جمعیت و بو اهل کردستان له زیاده ان پاك تنا و نیاز نجات و سعادت و عرض جزمه پیروزی دکات .

بانگ کردستان

اول روز جژن قربان پاش نوبژی جژن اعضایان دائی جمعیت کردستان له مال جناب حاجی مصطفی پاشادا اجتماع دکن . بو جژنه پیروزی لکل یکر لو وخته‌دا تشریف فرمودی هو افراد جمعیت کوردستانی رجا اکلین .

جمعیت کردستانه

لسر مراجعتی جناب صدارتلو حاجی مصطفی پاشای پیرانی لرکان حرب مقاومه و له سر ماموریت

و مساعدهٔ رسمی حکومت سیاسی سلیمانی له طرف بعضی ارباب حیث و فضل و منورانه‌وه قرار درا که سلیمانی جمعیتیکی کورده لشکی بکا . بو اده چند دوزی لزیش اساس دادن و مشاغل و اشراف و سائر منوران و اهل کب به ترتیب حروف تهجا داخل دائر کرا و دوزی جمعه ٢٩ تموز ٩٢٢ پاش نوبژی نیوه‌رو له مرکوت سید حسن مفتی‌دا کرد یونه‌وه . له طرف جناب مصطفی پاشاوه نطیقی اقتاحی دایر به مقصد و غایهٔ ام اجتماعه خویندرایه‌وه سامعین که یستیان غایهٔ ام فکره بو ترقی و تعالی ملت و وطنه به کمال افتخار قبولیان کرد .

بلاو کرده‌وهٔ ام فکرویش بواسطهٔ ام فرصتیه‌وه که حکومت امیاز داوه به جناب مصطفی پاشا و ایسا مطبعهٔ چاپخانه دوجی . امید وار اتفاقه بواسطهٔ هت ارباب حیثه‌وه ترقی یکات دائماً هو شیك ووره ورده زیاد اکات .

پێزانین:

دیارە، ئەمە هەشتەمین ڤیستیڤاڵی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژە، ئەنجامدەدرێ.. خۆی لەخۆیدا، بە گشتی دیاردەیەکی کلتووری هاوچەرخی نەتەوەیی ئامێزە، کە سالانە ژمارەیەکی زۆر لە رۆشنبیرو

نووسەر و چیرۆکنووس و شاعیرانی کوردستان لە ژێر چەتری بیری هاونەتەوەیی و ڕێبازی عەلمانی، لە پێناو ڕزگار کردن لە پاشماوەی تاریکی و دواکەوتنی دوێنێ و دەست نیشان کردنی پڕۆژەی بەرەو پێشەوەچوونی و گۆڕانی مرۆڤپەروەریی کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی و جەوهەری بیرو ئەدەب ڕۆشنبیریی کوردی لەسەدەی ٢١دا، بۆ ئەوەی گرەوی کۆمەڵێکی مەدەنی و قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆی نەتەوەیی زوو ببەینەوە.. جا ئەو ئەرکە پیرۆزە سالانە لەتەك ڤیستیڤاڵ و سمینارەکانی دیکەی دەزگاکانی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیری کوردستان ئەنجام دەدرێ، مایەی خۆش حاڵی و پێزانینە، زۆر بەگەرمەوە دەست خۆشی لەداهێنەرەکانی دەکەم، هیوام وایە، سااڵن دوای سااڵن، ئەرك و پەیامەکەی مەزنتر بێ، هاوکات پێشنیاز دەکەم، کە سالانە ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەش دەکرێن، بۆ سااڵی دوایی چاپ بکرێن. بۆ نموونە بابەتەکانی سااڵی حەوتەم لە سااڵی هەشتەمدا، دووبارە وێرای سوپاسی گەرم، خوازیارم سااڵن بە سااڵن دەسکەوتی مەزن وەدەست بێن. لە کۆتایی ئەم برگەیەدا، حەز دەکەم، سەرنجتان بۆ گرنگی هەشتەمین ڤیستیڤاڵەکە ڕاکێشم، کە ڕێکەوتی یادی دامەزراندنی شکۆداری ٢٢٠ ساڵەی(١٧٨٤-٢٠٠٤) شاری سلێمانییە، هەڵدەگرێ، ئەم ڤیستیڤاڵە زیاتر ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی ئەم شارە بێت کە لەیەکێ لە دیوارەکانی گەرەکی تووی مەلێك، سااڵی ١٩٨٢ نووسرابوو:

تانك و توپ و تەیارە، ناترسێنی ئەم شارە".

بەڵێ: تەمەنی ئەم شارە، ٢٢٠ ساڵە، بەاڵم ڕەوتی شارستانی و خەباتەکەی تەمەن دوو هەزار سالانەیە.. کەواتە چەپکی گوڵ و خۆشەویستی بەم یادەوە پێشکێشە:

*بەیادی دووسەد و بیست ساڵەی ئەو پایتەختەی دەستکرد و نیشانەی پێشکەوتنی شارستانی و ئاوەتی بابان-ی کوردان و لانەی نەتەوەیی شێخی هەردەم نەمر و مەڵبەندی نۆمێدی ئیستیقلال بوو..! بەڵێ، ئەو پایتەختە، کە دوو جار زیندە بە چاڵ کرا..؟!

*بەوشارەی دیوارەکانی قوڕەپەستی فرمێسك و خوێن و ئارەق و خەباتی جوامێران و جوانییە.

*بەوشارە، زیاتر لە دووسەدەیە، دۆڵی ژان و خەم و ئەشکەنجەی داگیر کەرانی کوردستان بووە.

*بەو شارەی بەخەنجەری دەبانی کورداییەتیی کۆمەاڵنی خەڵك و خوێنی نەوەستاوەی هەزاران شەهید کوردان، دڕندەترین دێوی فاشیی بەزاند..!!

*بەدایکی بەوەفای خاوەن ئەو قەڵەمە ڕەسەن و گەورە و پاك و تیژانە.

نالی، سالم، مەحوی، مستەفا پاشای یامولّکی، حەمدی، محەمەد ئەمین زەکی بەگ، شێخ نوری شێخ سالّح، جەمیل سائیب، شێخ سەلاّم، زێوەر، سالّح زەکی ساحیبقران، پیرەمێرد، گۆران، سالّح قەفتان، مستەفا شەوقی، عەبدولواحد نوری، بێکەس، قانیع، کامەران، توفیق وەهبی، برایم ئەحمەد، نوریشاوەیس، عارف سائیب، محەمەد سالّح دیلان، کاکەی فەلاح، دلّشاد مەریوانی،قادر کابان، قادر دیلان، دەیانی دیکە..

*بەیادی هەموو ئەو شەهید و جوانە مەرگەکانەی بۆ کامەرانی گەل و نیشتمان ژیان، و لەپێناوی ئازادیی کوردستان و پێشوەخت کۆچی دواییان کرد.

بەڵێ: بە شاری ڕاپەڕینی شەشی ئەیلوول و شیعر و شانۆ و هونەر و جوانی و گوڵ، شاری کارزان، فەرمان و ڕێبوار و ئازاد.

چەپکی گوڵ و خۆشەویستی پێشکێشە

*** *** ***

*بەسەرکردنەوە:

ئەوەی ڕاستی بێ، لەبەر زێدە دژوار و ئاڵۆزی ڕەوشی دەرێژ خایەنی: نەتەوەیی، سیاسی، کلتووریی گەلی کوردستان، بە تایبەتی لە بارەی مێژووی پڕ کەندو کۆسپی ژیانی ڕۆژنامەنووسیی کوردەوە، تا ئێستا نەتوانراوە بە تەواوی و چاکی بەسەرێکەوە مێژووی شکۆداری ڕۆژنامەنووسیی کورد، بە شێوەیەکی مێژوویی زانستی بنووسرێت..! بەاڵم لەگەاڵ ئەوەشدا، ژمارەیەکی زۆر نووسین و لێکۆڵینەوە، لە بارەی مێژووی سەرهەاڵدانی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردەوە بااڵوکراوەتەوە بە تایبەتی ئەو زاتانەی کە لەمەیدانی دۆزینەوە و ساغ کردنەوە و بە چاپ گەیاندنییان دووبارە، دەبێ ناویان هەردەم لەبەر چاوان بێت، چونکە ئەو نووسەرو ڕووناکبیرو توێژەرانە بە گشتی خزمەتێکی گەورەیان بە خودی جوواڵنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و بەتایبەتی ڕەوتی دژوار و شکۆداری ڕۆژنامەنووسیی کورد گەیاندویانە، نموونەی مامۆستایان:

د. کەمال فوئاد، جەمال خەزنەدار، د. کەمال مەزهەر، عەلائەددین سجادی، د. مارف خەزنەدار، جەبار جەباری، کەمال رەئووف محەمەد، د. عزەددین مستەفا رەسول، د. فەرهاد پیربال، جووتە برای ماندوو نەناس: سدیق سالح و رەفیق سالح، عەبدوللا زەنگەنە، نەوشیروان مستەفا ئەمین، محەمەدی مەلا کەریم، مەحموود زامدار، د.موفق دەرگەلەیی، ئاسۆس کەمال، عاسی رەباتی، د. مەغدید سەپان، د. هیمداد حوسێن، د. عەبدولفەتاح عەلی یەحیا، رەشید فندی، نەزار جەرجیس، تاریق جامباز، د.جەمشید حەیدەری، فەرهاد عەونی، هۆگر طاهر حەسەن، نەوزاد عەلی ئەحمەد، ئازاد عوبێد، مسەدەق تۆفی، ئیسماعیل بادی، نەژاد عەزیز سورمێ، ئیسماعیل تەنیا، وریا جاف، حەمەسالح فەرهادی، مومتاز حەیدەری و چەندانی دیکە.. هاوکات لە دەرەوەی کوردستان و بەغدا، واتا لە سوریا و ئەوروپا، ئەم زاتانە، وەکو ئەوانی دیکە دەبێ هەمیشە هەوڵی کوششییان لەبەر چاوان بێت:

مامۆستایان:


محەمەد بۆز ئەرسەلان، مەحموود لەوەندی، مالمیسانژ– محەمەد تەیفون– فورات جەواری، حەمە رەش رەشۆ، رەشۆ زیلان، د. حسێن حەبەش، هتد..

***سلێمانی لە تەرازووی مێژوودا..؟**

زێدە بەکورتی، دروست بوونی شاری سلێمانی وەک پایتەخت بەرهەمی میرنشینی بابانە، واتە لە زەمینەو بۆچوون و گیانێکی نەتەوەیی لە دایک بووە، ئەوەش لە چوارچێوەی بارودۆخێکی پێشکەوتووتر بە گوێرەی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی ئەوسای کوردستانی خوارووە، بە واتایەکی وردتر سەرکردە نەتەوە پەروەرەکانی میرنشینی بابان لە روانگەیەکی هاوچەرخانە سەیریان دەکردو ئومێدێکی گەورەیان بە دوارۆژی میرنشینیەکەیان هەبووە، کە شۆنێکی لەبار لە رووی ئابووری و سروشتی و بازرگانی بۆ پایتەخت دەست نیشان بکەن. لەمانەش گرنگتر ئەو سەردەمە جۆری ژیان و بۆچوونی دانیشتوانی سنووری بابان، بەتایبەتی ناوچەی شاری سلێمانی لە بارەی رژێمی دەرەبەگایەتییەوە لە ترازان دا بووە. واتە رەگەزی بورژوا چەکەرەی دەکرد ئەم سیمایەش هەست و هۆشی نەتەوەپەروەر و پیشەسازی–پیشەسازی بە گوێرەی ئەو سەردەمە– بەرەوپێشەوە دەباو زەمینەی ژیانی رۆشنبیری و هونەری و زانست خۆشتر دەکا. هەروەها بوونی کوردستانی خوارووە، بە تایبەتی ناوچەی میرشینی بابان، لە نێوان هەردوو دەوڵەتی دەربەگی عوسمانی و فارسی داگیرکەردا، هۆیەکی دیکە بوو، کە پایتەخت بە شێوەیەکی نەتەوەیی لە دایك بێت..!!



راستییەکەی چەندین هۆی دیکە لە پاڵ ئەم هۆیانەدا هەن، کە شاری سلیمانی ببێتە سەرچاوەی جوولانەوەیەکی نەتەوەپەروەر و پایتەختی کوردایەتی،. ئەوەی شایانی باسە، دروست بوون و مێژووی ئەو(۲۲۰) ساڵەی تەمەنی شاری سلێمانی پێویستی بەدەیان لێکۆلینەوە هەیە، بەڵام بەداخەوە، بەگوێرەی دەوڵەمەندی مێژووەکەی، ئەوەی پێویستە نەکراوە راستە ئەم شارە تەنیا تەمەنی دووسەد و بیست ساڵە، بەڵام زۆر کارەسات و رووداوە هەمە جۆرو هەوڵ و کۆششی نیشتمانیی هەلوێستی سیاسی و پێشکەوتنی شارستانی بەخۆیەوە دیوە، بۆیە لە شارێکی تەمەن دوو هەزار ساڵە دەکات..



ئەوەی راستی بێ، شاری سلێمانی بەپێی سیفەت و سیما جۆربەجۆرەکانی شتێکی ئاسایی نییە. ئەگەر

بهاتایە چەپۆکی خوێناویی دوژمنان بەسەرەوە نەبوایە، دەبوو بە یەکێك لە شارە ناوداركانی جیهان!

بەهەر حاڵ، بارودۆخی تایبەتی ئەم شارە، ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی و زانستی و رۆژنامەنووسی و هونەری و سیاسییەکەی، ناوەرۆك و هێز و روخسارێکی تایبەتی هاوچەرخانەی داوەتی و وای لێ کردووە، لە مێژووی نەتەوەیی کوردا، پلەی پێشرەوایەتی وەربگرێ، سەنگی تایبەتی خۆی هەبێ.

*** *** ***

*سلێمانی یەکەمین

مەڵبەندی رۆژنامەنووسیی کورد:

دیسان بۆ دەوری شاری سلێمانی لە پێشکەوتنی ژیانی رۆژنامەنووسیی کوردا، ئەگەر زۆر بە کورتیش بێ، پێویستە بە مێژووی سلیمانی دا بچینەوە، چونکە دروستبوون و پێکهاتە و گەشەسەندنی شاری سلێمانی، دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە، هەڵبەت ئەو دیاردەیە وای کردووە مێژووی تەمەنی زێدە کورتی ئەم شارە، مایەی سەر سوڕمانە، دیارە، ئەوەشیان لە ئەنجامی ژمارەیەك پرەنسیب و خەسڵەت و سیمای شارستانی و کۆمەڵایەتی ئابووری، رۆشنبیری، ئەم شارە وا دروست بووە، کە ئەم جۆرە هۆو فاکتەرانە وا بەئاسانی لە دروستبوونی شاران گەلاڵە نابی، بۆیە هەر لە جەرگەی ئەو دیاردەیە گەورەیەدا، دیاردەی ژیانی رۆژنامەنووسیی زوو و بەگەورەیی شارستانییەتی لێ هاتۆتە کایەوە بە کورتی پاشخانی مێژوویی و شارستانیی، هاوکات لە باوەشی رۆمانسی نەتەوەیی ئەم شارە، زۆر زوو ئەو دیاردەیە گەورەیەی: کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری لەرەوتی خەباتی کورددا بە گشتی و شاری سلێمانیدا بە تایبەتی شوێن و پایەکەی بەرچاوە، لەوەش گرنگتر، بۆتە سەرچاوەیەکی گەورەی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسیی گەلی کوردستان، بەهەق گرەوی نازناوی یەکەمین مەڵبەندی رۆژنامەنووسیی کوردی بردۆتەوە، دیارە، شاری سلیمانی خۆی لە خوێدا پایتەختی رۆشنبیری و زمانی و ئەدەبی کوردی شێوە زاری کرمانجی خواروو.

ئیستاش بۆ سەلماندنی ئەم راو بۆچوونەم، بە مێژووی دەرچوونی رۆژنامەکانی سلێمانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا داچینەوە، جارێ بەر لە هەموو شتێ، رێچکەی شاخاویی پر درك و داڵی هەمە جۆری مێژووی رۆشنبیری و ئەدەبی و رۆژنامەنووسیی نەتەوەپەروەری ئازادیخوازی کوردان، شەوەزەنگی زۆر دژواری لە ئامێز گرتووە، بەڵام لە ئەنجامی دڵسۆزی و گیانی نیشتمانی و هەستی نەتەوەیی و چالاکی بەردەوام و هەوڵ و کۆششی درێژخایەن، خاوەن دەیان، بگرە سەدان قەڵەم هەلوێستی رەسەنی کوردپەروەرانە، دەیان مۆمی پرشنگدار داگیرساوە، بەڵام بەداخەوە، پاش ماوەیەك، لە ئەنجامی سیاسەتی دوژمنانی کوردستان، بەناکامی کوژاونەتەوەو یان جوانەمەرگ و شەهید و زێندەبەچاڵ کراون و تێکەڵی فرمێسك و خوێنی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان بوون.

سەرچاوەی سەرەکی ئەو مێژووە و مەیدانە پڕ دژوار و رەوتە شکۆدارە، شاری سلێمانییە، کە بەهەق یەکەمین مەڵبەندی ژیانی رۆشنبیری و ئەدەبی بەتایبەتی رۆژنامەنووسییە، ئەوەش پاش یەکەم ئەستێرەی گەشی رۆژنامەنووسییە، کە لە غەریبی–قاهیرە–رۆژنامەی (**کوردستان**) لە دایك دەبێ، پاشان، روو لە ئەوروپا دەکات، پاش چەند ساڵێك، یەکەمین مۆمی رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی لە شاری سلێمانی–گرنگ نییە کێ دەری کردووە–، یەکەمین رۆژنامەی پێشکەوتن رێکەوتی ١٩٢٠/٤/٢٩، تا ١٩٢٢/٧/٢٧ بەردەوام دەبێ.(٢)

دیارە، رۆژنامەی پێشکەوتن، پاش ئەوەی ١١٨ ژمارە، لە ماوەی(٢٧) مانگدا دەرچوو ئەوەی لەم رووەوە مایەی زۆر سەرنجە، ئەوەیە، دوا ژمارەی پێشکەوتن رۆژی ١٩٢٢/٧/٢٧ دەرچووە، بەپێی نەخشەی هەفتەی خۆی دەبوایە ژمارە ١١٩ رۆژی ٢/ئابی ١٩٢٢ دەربچێ، کەچی دەبینین رۆژنامەی بانگی کوردستان رۆژی ٢ی ئابی ١٩٢٢ دەرچووە و تا ٣ی ١٩٢٢/١١ بەردەوام بووە، واتە بۆیەك هەفتەش، شاری سلێمانی سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بێ رۆژنامە نەماوەتەوە..؟! ئەوە نیشانەی زیندوویی ئەم شارە دووپات دەکاتەوە، هاوکات دەبینین پاش چوار مانگ هەمان ساڵ، واتا ساڵی ١٩٢٢ لە ١٥ی تشرینی دووەم، رۆژی

کوردستان دەردەچێ تا ١٥ی/٣ی/ ١٩٢٣ بەردەوام دەبێ، واتا هەر دوو رۆژنامەکە بەدرێژایی ساڵی ١٩٢٢، ١٩٢٣ بەردەوام دەبن.



بانگ کردستان

صحیفه ١

سال ١ نمره ٤ [دوشنبه] ٥ محرم ١٣٤١ ٢٨ آغستوس ١٩٢٢

سلیمانی ٢ آغستوس ١٩٢٢

له استامبول :

احوال مابطاق کرد

حرب عمومی که سریکی مشئوم و بو تخریب مدنیت و انسانیت فلاکتیکی عظیم و معلوم بو له روی یمنی بی میزان که به وعده و بارهٔ اسباب بی امان قرمنه بون دولت عثمانی و بتاراین اقوام اسلامیه‌ی و حق که ثبه‌ی غیر مسلمینی زوریان لی مجو و پریشان بو ، کردان که له شاهاوه بو جنوب قسم اعظم وطنیان بوبو به دارالحرب یعنی جیّ کذان و بریان بو به چه درجه‌یك متضرر و پریشان بون معلومه .

اوانه‌ی که ام منطقهٔ دار الحربی کردستانه‌ی دیّن دلخون‌نیشان بم پریشانی‌یه تمکن نیه صرفنظر له صد هزاران که به داله طوب به آگر میزالیوز و تفنك به خراقهٔ ویرای مألوف مجو بونه‌وه هزاران پتم و پیّ‌ی کردن عجزه‌ی نسوان پیران خسته و نالان له اثنای هجرت چیری‌دا له نار بنردا ، لاسر شاخادا له لاوله اولا ، له برسانا و له مسرمادا تلف بون .

هزاران شیره خوردی معصوم کریان و نالان بای مایق بیل قیدایی له آو چون ، له اوانه یعنی که مابونه‌وه له استامولا که بیش چاوی هوکاری‌دا وکو اسرای زمان جاهلیت به ملا تقسیم کران . زور اولاد معصوم خاندان کردان که یاز و بامنت پرورده بوون له زیر سهٔ بی رحمانه‌ازار و زیون بون حتی قسمیکیان دست مالهٔ خرستیان کوتن هرچند جمعیت کردستان استامول به تقیت له لای یعنی اجانب صاحب انصاف بو اصلاح ام کاره و بو دستکاری او کردان بی چاره سی و کوششیان کرد و حق هم کردیك که مندوب به جمعیت بو دو ٣ مندال هنیوی کردی بو لای خوان برد بلژ له عهدهٔ مع پریشانی مندال بی کسی کردان نهان ، و هزاران خانوادهٔ عشایر و اهالی مسکونهٔ کرد که له اطراف ارضروم ، وان ، خربوط و سایروه هریشان بی کرا بو اکثریان به تلف چون و له منیانیان هم پنج شش مایق له

سەرەڕای ئەوەش گرنگتر، دیارە بەپێی بارودۆخەکەی سەردەمی شێخی مەزن و ڕەوشی سیاسیی شاری سلێمانی و حوکمدارێتی مەلیك مەحموود، ژیانی ڕۆژنامەنووسیی لەو ماوەیە زۆر ئاڵۆز و ناسکەدا، هەر بەردەوام بووە، ئەوەتا بانگی هەق لەهەمان کات ساڵی ١٩٢٣ دوو ژمارەی لە ئەشکەوتی جاسەنە دەرچووە، ناونیشانی-پەیام-ی ڕۆژنامەکەش، زۆر گەورە بووە(**سیاسی، ئەدەبی، ئیجتیماعی، غەزەتەیەکی ڕەسمییە: غایە و ئەمەلی ئیستیحصالی حوقووقی کوردانە**)!! تەماشا دەکەین هەر لەوسەروبەندەدا، ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال ١٩٢٣-١٩٢٤-٢٥-ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە..!!

دیسان مایەی سەرنج و وردبینەوەیە، پاش ئەو قۆناغە تایبەتی و سیاسییەی شاری سلیمانی و دەوروبەری، هەر لە ساڵی ١٩٢٤ ڕۆژنامەی ژیانەوە- دوو ساڵ بەردەوام بووە، پاشان ساڵی ١٩٢٦ ڕۆژنامەی ژیان دەرچووە، پاش ژمارە-٤٠٦- پیرەمێردی نەمر دەری کردووە.

ئیتر ئەو ڕەوتە شکۆدارە، بەردەوام بووە و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە، نموونەی: ڕۆژنامەی زبان ١٩٣٧، گۆڤاری زانستی ١٩٣٨، ژین ١٩٣٩..هتد.. شایانی باسە، ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی لە دەرەوەی سلێمانی بەدەست پێشخەری ڕووناکبیرانی سلێمانی، وەك، لە بەغدا دەرچوونە: نموونە سێ ژمارەکەی بانگی کوردستان، دیاریی کوردستان، پەیژە، گەلاوێژ، هەر هەموویان پاشخانە ڕۆشنبیرییەکەی، واتا خاوەن و سەرنووسەر بوونە(ساڵح زەکی ساحیبقران، مستەفا پاشایا مولکی، مستەفا شەوقی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سجادی.. هتد..

ئەو کۆمەڵە زانیاری و سەرنجانەی سەرەوە، هەر هەموویان ئەوە دەسەڵمێنین، کە شاری سلێمانی یەکەمین مەڵبەندی ڕۆژنامەنووسیی کورد بووە.

دیسان ئەوەی شایانی گوتنە، لە مەر پێشرەوایەتیی شاری سلێمانی لەمەیدانی ڕۆژنامەنووسیدا، ئەوەتە، بەپێچەوانەی هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر کوردستان و سلێمانی هاتوون، لە ١٩٢٠ وە تا ڕاپەڕین، هەر وەکو گوتم سەرەڕای ئەوپەڕی دژواری ڕەوشەکە، بەتایبەتی شاری سلێمانی لە ماوەی(٧٠) ساڵدا ١٩٢٠-١٩٩١ زیاتر لە(٣٠) ڕۆژنامەو گۆڤار بلاوکراوەتەوەو دەرچوون..!! هەڵبەت، بەگوێرەی ڕەوشیی نەتەوەیی و سیاسیی باسکراو،نیشانەیەکی زۆر گەشی زیندووی خەڵکی سلێمانی بەگشتی و ڕۆشنبیر و ئەدیب و شاعیرانی بەتایبەتییە..

ئەم چەند دێڕەی ئەم بەشە، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە لەناو جەرگەی هەزار و یەك دەردەسەری و مالوێرانی، ئەو ژمارە زۆرە، ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەربچن، بەئاشکرا بلاوکراونەتەوە- باسی نهێنییەکانی نەکراوە- هەڵبەت هەر ئەم دیاردە مێژووییانەش، وایان کردووە، کەڵە نووسەر و ئەدیب و شاعیر و زانا و سوارچاك و جوامێری مەیدانی کوردپەروەری دروست بکات، زادەیەکی کەم وێنەی

ئەم شارە رەسەنە بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی شێخ مەحموودی نەمرە..

*** *** ***

خوێندنەوەی "بانگی کوردستان"

لێکدانەوە و دەق

تەنیا چوار ژمارە

بەرایی:

چۆن یاسای گۆڕانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری، بەپێی چالاکی ئاراستەکراوی مرۆڤایەتی، پەیتا پەیتا دەگۆڕێ و بەرەوپێشەوە دەچێ، دەبینن ئاوهاش ناوی رۆژنامەکان، واتە(بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستیقلال) هەمان ئەو یاسایانەی بەخۆوە گرتوون.، هەڵبەت لە ئەنجامی هۆشیاری دەستەی نووسەرەکانییان، ناوی هەر سێ رۆژنامەکە، گۆڕانییان بەسەر هاتووە، پەیامەکان گەوەتر بوون: لێرەدا، زێدە بە کورتی، رەوتی گۆڕانی ئەو سێ رۆژنامەیە شیدەکەینەوە:

یەکەم:

رۆژنامەی یەکەم ناو نراوە "**بانگی کوردستان**" لێرەدا وشەی(**بانگ**) دەنگدانەوەی دەربڕین و هاواری رەوای بارودۆخێکی ناهەمواری تایبەتی نەتەوەی کورد بووە، بگرە نیشانەی ناڕەزایی و خەباتی بۆ دوارۆژێکی روونا‌کی نەتەوەیی ئەو سەردەمە کە "**کۆمەڵەی کوردستان**" دەری کردووە و پاشانیش بووە بە زمانحاڵی حوکمدارێتیی کوردستان بەسەرۆکایەتیی شێخ مەحموودی نەمر..

دووەم:

وشەو زاراوەی "**کوردستان**"ە کە خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی هەست و گیانی نەتەوەپەروەرەکانە، بەڵکو سەلماندنی بوونی خاکی نەتەوەیی.. بە واتایەکی وردتر ئەوە دەگەێنێ، کە نەتەوەیەکی خاوەن نەژاد و رەگەزی سەربەخۆی و لە دێر زەمانەوە لەسەر خاك و لە چوار چێوەی سنوورێکی تایبەتی دەژی ناوی (**کورد.. ستان**)ە..

رۆژنامەی دووەمیش، ناونراوە(**رۆژی کوردستان**)، لێرەدا گۆڕانە بەرەو پێش، چونکە ئەوە بەدی دەکرێ، کە لەوشەی "**بانگ**" هوە بووە بە(**رۆژ**)، واتە بەپێی بەردەوامی خەبات و گۆڕان، کاربەدەستانی ئەم رۆژنامەیە(**ئەو کۆمەڵە نووسەرە گەورانە**) ئاوات و خەباتییان بۆ ئەوە، کە(**رۆژ**) ی کوردیش، وەکو رۆژی نەتەوە سەربەخۆکانی ئەو سەردەمە، هەلبێ، دووبارە بوونەوەی زاراوەی(**کوردستان**) لەپاڵ مەغزاو نیشانەکەی"**رۆژ**" هەمان شەقل و مۆرکی"**بانگی کوردستان**" زیاتر بەروونی و ئاشکراتر دووپات دەکاتەوە سەبارەت بەناوی سێیەمین رۆژنامەش، بەپێی جەوهەری ناوەرۆکی نووسێنەکانی(**بانگی کوردستان**) و(**رۆژی کوردستان**) بە تووندی ئەوە ساغ دەبێتەوە، کە ناوی رۆژنامەی(**ئومێدی ئیستیقلال**) بەپێی هەمان یاسای گۆڕانی ژیانی کۆمەلایەتی و نەتەوەیی و سیاسییە، لوتکەی پەیامەکەی بەخەڵك رادەگەینێ، کە داوای دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەن:

خودایا بەسیە ئیتر لابەری دەیجوورو ئیزمیحلال
تلووعی پێ بکە خۆرشیدی رۆژی پاکی ئیستیقبال
لەگەڵ خولیایی هیجرەتدا بەسەرچوو عومری شیرینم
دەسا نۆبەی ویساله اهـ..! ئەی ئومێدی ئیستیقلال

شایانی باسە، ئەم دوو دێرە شیعرە لە ژێر تایتلی رۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال نووسراوە

ئەوەی ئاشکرایە، رۆژنامەنووسیی، وەك چەکی تێکۆشان وایە، لە پێناوی کامەرانی و سەرفرازی کۆمەڵانی خەڵکدایە، هاوکات ئامرازێکی ئاراستەکراوی گرنگی راگەیاندنە، لەم حاڵەتەدا ناوی هەرسێ رۆژنامەکە، سەرەڕای ئامانج و ناوەرۆکییان، رەنگدانەوەی بۆچوون و هەلوێست و پەیامەکەیانە، کە ئەو رۆژنامانە بە نەتەوەیی لە دایك بوونە کەلێرەدا، دووبارە بە نەتەوەیی دەیخوێنینەوە..

بۆ رۆژنامەی بانگی کوردستان–م هەڵبژارد..؟

یەکەم:

لەبەر ئەوەی یەکەمین رۆژنامەی کوردییە، کە لە کوردستانی خواروو لە لایەن خودی رۆشنبیرانی کوردەوە دەرچووە.. لە کاتێکا بەر لە رۆژنامەی بانگی کوردستان، رۆژنامەی پێشکەوتن، کە لایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە بلاوکراوەتەوە، هەر چەند نووسەرەکانیشی بەگشتی هەر ئەو ژمارە نووسەرانەی کورد بوون، کە لە رۆژنامەکانی دواتر کارییان کردووە، بەڵام "**بانگی کوردستان**" بەتەواوی یەکەمین زادەی خواست و قەڵەمی رەسەنی کورد بووە..

دووەم:

دیارە، لە پێشدا، زمانحاڵی کۆمەڵەی کوردستان(**جەمعییەی کوردستان**) بووە، کە بوونی کۆمەڵەی کوردستانیش وەك رێکخراوێکی رۆشنبیری–

سیاسی، خۆی لە خۆیدا، دیاردەیەکی شارستانیی نوێی کۆمەڵایەتی- سیاسیی رەوتی جوولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە.. واتا لە خەباتی کورددا، قۆناغێکی نوێ هاتۆتە پێشەوە، ئەوەش لە مەیدانی سیاسیدا، نیشانەیەکی گەشە، چونکە بەپاشخانێکی دەوڵەمەندی ژیانی حزبایەتی دەژمێرێ، تا دەگاتە راپەرینی بەردەکی سەرا، پاشدان دروست بوونی حزبی هیواو ئەوانی دیکە.. هتد.

سێ یەم:

رۆژنامەی بانگی کوردستان، کە پاشدان بووە بە زمان حاڵی حکوومەتی شێخ مەحموودی نەمر، وەک دیکومینتێکی کلتووری گەورەی نەتەوەیی لە رەوتی خەباتی کوردایەتی بەگشتی ودەوری کورد پەروەرانەی شێخی مەزن و شاری سلێمانی و تێکڕای رۆشنبیرو رووناکبیرانی دەژمێردرێ.

هەڵبەت لەبەر رۆشنایی، ئەم سێ خاڵەدا، کە زۆر بە کورتی ئاماژەم پێ کردن، بۆیە رۆژنامەی بانگی کوردستانم هەڵبژارد..

نامەوێ، جارێکی دیکەش، باسی گرنگی سیاسی و نەتەوەیی، دامەزراندنی کۆمەڵەی کوردستان بکەم، بەڵام ئەم کۆمەڵەیە، بەراستی دەسکەوتێکی گەورەی سەرەتای ژیانی حزبایەتیی شورشگێڕ بووە، بە تایبەتی زمان حاڵەکەی رۆژنامەیەکی، زۆر پێشکەوتووی سیاسیی سەردەمی خۆی بووە. جا لێرەدا لەیەکەم ژمارەی، لەیەکەم ستوونییدا، کە نووسینێکی زۆر کورت لە شێوەی هەواڵدا، لەژیر سەر دێری "**جەژنی قوربان**" بڵاوکراوەتەوە،. ناوەرۆکی ئەو چەند دێرە ئەوە دەگەێنی، کە تەنانەت لە مەسەلەی پیرۆزبایی جەژنی قوربان لە ئەندامانی کۆمەڵە، رەهەندێکی نەتەوەیی پێی داوە، ئەوەتە:

(تەقەرب و حلولی ئەم جەژنە قوربانە موبارەکە، کە بۆ هەموو میللەتی ئیسلام موجیبی فەیزو رەحمەتە بانگی کوردستان بەواسیتەی ئەم رۆژە موبارەکەوە، بۆ هەموو ئەفرادی-ئەندام-جەمعییەت و بۆ ئەهلی کوردستان لە یەزدانی پاک تەماناو نیازی نەجات و مەسعەدەت و -سەعادەت، بەختیاری-عەرزی جەژنە پێرۆزی دەکات.

بانگی کوردستان

لێرەدا، تەنیا مەبەستی سەرەکیم، لەبەکار هێنان(**ئەهلی کوردستان**)،(**گەلی کوردستان**) بەواتایەکی ورد، کۆمەڵە خۆی بە پێشرەوی خەڵکی کوردستان زانیوە، ئەو بەشە کوردستانەی سنوورەکەی لە زاخو تا چیای حەمرین بووە. بۆیە جەژنە پیرۆزەی لێکردوون.

لەوەش زیاتر، کۆمەڵە، مەڵبەندەکەی تەنیا شاری سلێمانی بووە.. بەڵام خۆی بە ئاڵاڵ هەڵگری پێشکەوتن و سەرکەوتنی کوردستان زانیوە.. تەنانەت ئەم دوو وشەیە،(**ئەهلی کوردستان**) نیشانەی بیرکردنەوەی نەتەوەیی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی بانگی کوردستان بووە. هەر لە هەمان لاپەڕە و ستووندا، وەک هەواڵی دووەم، بە بۆنەی جەژنی قوربانەوە، داوای کۆبوونەوەی گشتی ئەندامانی کۆمەڵە لە ماڵی جەنابی حاجی مستەفا پاشادا دەکات... هەرچەند، ئەم ئاگادارییە، لە روخسارە، بۆ پیرۆزباییە، بەڵام کە هەموو ئەندامەکان ئامادەبوون، زیاتر گفتوگۆیی و ئاڵوگۆڕ دەکرێ، زیاتر گیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی پتەوتر دەبێ..هتد.

نیشانەیەکی پەیڕەوکردنی بنەماکانی بیروباوەڕی دیموکراسی لەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە هەردەم زانیاریی هەمەجۆری پەیوەست بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە خەڵك رابگەیەنرێ، ئەوەتە، ریپۆرتاژێکی فراوانی گرنگ لە مەڕ دامەزراندن و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی کوردستان-ە.. ئەوەی راستی بێ، ئەو ریپۆرتاژە، دیکۆمێنتێکی رۆشنبیری- سیاسی مەزنە، بەڵکو نیشانەیەکی عەقڵی ئەرشیفی رۆژنامەگەری دووپات دەکاتەوە، هاوکات ناوەڕۆکی ریپۆرتاژەکە، زیاتر لە بەیاننامەیەکی سیاسی، یان راگەیاندنی کۆبوونەوەیەکی حزبی سیاسی نموونەی ئەم سەردەمانە، کە کۆمەڵێك، زانیاری و بۆچوون و پەیامی سەرەکیی کۆمەڵە و پڕۆژەی نەتەوەیی سەرکردە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەی کوردستانە.. هەڵبەت دەورکردنەوەی شیکارانەی ئەم ریپۆرتاژە زۆر هەڵدەگرێ، بەڵکو دەکرێ بکرێتە بابەتێکی سەربەخۆ، بۆیە لێرەدا، تەنیا دووبارە دەقەکەی، کە زۆر رۆشن و مانا بەخشە پێشکەشتانی دەکەین.. مایەی سەرنجە، لە کۆتایی ریپۆرتاژەکە چەند دێرە شیعرێکی سیاسیی بەهێزی بلاوکردۆتەوە، خۆی لە خۆیدا، شێوازێکی نوێ بووە:

تەواوی دەقەکە: ژمارە-١- لاپەڕە-١-:

جەمعیەتی کوردستان:

لەسەر موراجەعەتی جەنابی سەعادەت مەئاب حاجی مستەفا پاشای میر لیوای ئەرکان حەرب موتەقاعید و لەسەر مەئزونیەت و موساعەدەی ڕەسمی حکومەتی سیاسیی سلێمانی لە تەرەف بەعزێ ئەربابی حەمیەت و ئەفازیل و منەوەرانەوە قەرار درا کە لە سلێمانی جەمعیەتێکی کوردی تەشکیل بکا. بۆ ئەمە چەند ڕۆژێ لەمەوپێش ئەسامی عولەما و مەشایخ و ئەشراف و سائر منەوران و ئەهلی کەسەبەو بە تەرتیبی حروفی هیجا داخل دەفتەر کراو، ڕۆژی جومعەی٢١ی تەموووزی٩٢٢ پاش نوێژی نیوەڕۆ لە مزگەوتی سەید حەسەن موفتیدا گردبوونەوە. لەتەرەف جەنابی مستەفا پاشاوە نوقتەیکی ئیفتیتاحی دایر بە مەقسەد و غایەی ئەم ئیجتیماعە خوێندرایەوە، سامعینی کە بیستیان غایەی ئەم فیکرە بۆ تەرەقی و تەعالی میللەت و وەتەنە بە کەمالی ئیفتیخار قبوولیان فەرموو. بلاوکردنەوەی ئەم فیکرەش بە واسیتەی ئەم غەزەتەیەوەیە کە حکومەت ئیمتیازی داوە بە جەنابی مستەفا پاشا و ئێستا هەفتەی جارێک دەردەچێ، ئومێد وایە ئینشائەللا بە واسیتە و هیمەتی ئەربابی حەمیەتەوە تەرەقی بکات. زاتەن هەموو شتێک وردە وردە زیاد ئەکات.

بۆ تەماشاکردنی ئەم غەزەتەیە و سائیرئموری ئیدارەی ئەم جەمعییەتە لەتەرەف حوزەرای کیرامەوە لەژێر ریاسەتی پاشای موستەفا ئیلەیهیدا(١٣)کەس بۆ ئەعزایەتی-ئەندامێتی- ئینتیخاب کران، ناویان و عەدەدی و ڕەئیان بەم ڕەنگەیە:

عەدەدی رای (ژمارەی دەنگەکان):

٦٥ ڕەفیق حلمی،٦٢ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگ، ٥٤سالح ئەفەندی قەپتانچی،٤٥فایق بەگ مەعروف بەگ، ٤١حاجی ئاغا فەتحوللا،٣٩ عیزەت بەگ عوسمان پاشا، ٣٨ئەدهەم ئەفەندی یوزباشی، ٣٦ئەحمەد بەهجەت ئەفەندی یوزباشی، ٣٢شێخ محەمەد ئەفەندی گولانی، ٣١ شێخ عەلی ئەفەندی سەرکار، ٢٩ عەلی ئەفەندی باپیر ئاغا،٢٤عەبدوللا ئەفەندی محەمەد ئەفەندی، ٢٤شوکری ئەفەندی عەلەکە.

ئیتر ئومێدمان وەهایە کە بۆ تەرەقی و تەعالی وەتەن و میللەت هەموو لاییک تێبکۆشی و ئەگەر قسوورێک ببینرێ بەبێ ئەمەی لەملا و لەولا بەحس و تەنقیدبکرێ پیاوانە خەبەر بەجەمعیەت بدرێ تاوەکو بەپێی ئوسوولی جەمعیەت ئەو مەسەلەیە فەورەن داخیل موزاکەرە بکرێ و نەتیجەی بە واسیتەی غەزەتەوە ئیعلان بکرێ..

لەم خسووسەوە وا ئەزانم لەمە زیاتر بەستی مەقال زایدە، ئەمە قانوونێکی تەبیعییە کە لە عەسری یازدەهەمی هیجریەوە یەعنی لەو تاریخەوە کە غەزەتە پەیدابووە هەر قەومێ ڕەغبەتی بە مەعاریف و بە ئەم واستیە موقەدەسە کردبێ بە تەدریجی تەرەقی کردووە و ئەگەر وەکو ئێمە مابێتەوە بینائەن عەلەیهی ئێمەش لەسەرمان لازمە کە بۆ تەرەقی عیلم و مەعاریف فال خیر. باقی تۆفیق لە خودا و معاوەنەت و غیرەت لە ئەربابی حەمیەت تەمەنا دەکەین.

*** *** ***

لەبارەی ئەم ریپۆرتاژە، حەزدەکەم، سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاکێشم مەسەلەی تۆماری ژمارەی دەنگەکانی هەڵبژاردن، لە مێژووی ڕێکخراوەیی و ڕۆژنامەنووسیی بلاوکراوەتەوە.

هەروەها دروشمی ڕۆژنامەکەش مانایەکی بەرز دەبەخشێ، چونکە دەڵێ: زەمانی گوورزو ڕم بەسەرچوو، بەڵکو زەمانی عیلم و مەعریفەتە، تەنانەت دەوری عیلم بەپاڵەوان لەقەڵەم دەدا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پەیام و ئامانجێکی هەرە پێشکەوتووی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە دەرچوونی ڕۆژنامەی بانگی کوردستان بە ئامرازێکی زانستی گەورە دەزانرێ.

هەر لەگەڵ ڕیپۆرتاژەکە، وتارە بەنرخەکەی خاوەن ئیمتیاز: میر لیوا مستەفا پاشا یامولکی بلاوکراوەتەوە، **ئەمەش دەقەکەیەتی:**

"ئەلسەلام و عەلەیکم، ئەی کوردان، ئەی قەومی قەدیمی پەهلەوی گوێ بگرن لە (بانگی کوردستان) ئەم بانگە بۆ خەبەرداری هەموو کوردانە بۆ هۆشیاری شێرانە، بۆ بیستنی باوک و دایکانە، گوێ بگرن ئەم بانگە چی تیایە، ئەم هاوارە بۆ چییە، هەموو هەفتەیەک گوێ لێ بدەن، بزانن ئاخیرەی چییە قصەی پڕوپوچی کۆلانان، درۆ هەڵبەستن (وشەیەک نەخوێندرایەوە) بەسیە، تەمەشای بکەن، لەصەنعت و

مەعریفەتدا، لەئێمە پاشکەوتووتر کێ هەیە؟ کالأیەکمان نییە بۆ ستر و عەورەتمان کافی بێ دەرزی و دەزوێکمان نییە، کە دەستکردی ولأتمان بێ، نیشانەی عەزەمەت و خانەدانێتی کە ئێستا عیبارەت لەشەکر و چایە، ئەوانەیش هی کوردستان نییە، لەجێگایانی دوور دێتن، پارچە کاغەزی کەبۆ نووشتەی چرو شیرینی بێ، ئەوەیش لەفەرنکستانەوە دێت لە صەدا چوارمان تیانییە کە کاغەزی بۆ کەس و کاری و شەریکی مەحرەمی بۆ عائیلەی خۆی بنووسێ، مشکی و مێزەرمان لە ئێران فەرەنکستان، کورونی کونی ئۆقەمان لە هندوستان، عەبای کوپە کوپەی نازدارمان لە عەرەبستان، کفنی مردومان لە ئەوروپاوە، مەلۆتکەی منداڵانمان لە ئەمریکاوە دێت. وەلحاصل لەهەموو چشتێك مەحروومین، لە حەوادیسی عالەم بێ خەبەرین، ئەمە هەمووی سەببی بێ عیلمیە لە فنون، جیهان بێ بەهرەییە لەکوللی ئەمەشدا، هەر یەکتری تەنقید و هەر کەسێ ئیش بکا لە پێش بینینی لەبەر جەهل و حەسوودی ئەو ئیشە بەخراپی تەئویل دەکەین، ئەی برادەرانی کوردان وەرن گوێ لە بانگی کوردستان بگرن، بزانن چی لێ حاصل دەبێ، چ سەمەرەیەك دەدا، حوسنی نیەت و برادەری سەببەب سەرفیرازیە، نیفاق و غەیبەت باعثی پەرێشانی و رووسیاهییە،—رووەشییە— زەمان گۆڕاوە، عیلم و دانش بەسەر هەموو کارێکا حاکمە، گوێ بگرن لە بانگی کوردستان دەڵێ: (زەمانی گورز و ڕم رابردوو، ئێستا پاڵەوان عیلمە، سلاحی دەستە صەنعەتی باریقەی تیغ و سنان عیلمە، هەر کەسێ فکرێکی چاکی هەیە و بۆ ئەولادی وەتەن و میللەت بەخێری دەزانی بە پیاوەتی ئاشکرا بکا، تا لە عیلم و ئەدەبدا بخوێنرێتەوە) قصەی پرووپوچی شەوان ببڕێتەوە، ئەوە بانگی کوردستان، دەست پێ کرا، ئەوە بەندە ناصیح برادەری بە ئاشکر نووسرا:

بەبێ عیلم و سیاسەت ئەی بە قوربان
مەحاڵە ئەندەر مەحاڵە ژینی کوردان
قسەی خۆش فەقەت چاکی لەدووبێ
نەوەك بۆ روپیە و تەحکیمی جێ بێ
لە ترسی دەنگی پۆلیس سەربکەون کا
بە پەنهانی دووسەد فتنە بە پاکا

صاحب ئیمتیاز
میر لیوا مستەفا

دیسان لە ژمارە یەکدا، لاپەڕە سێ، وتارێك لەژێر سەردێری(**بانگی کوردستان**) بە قەڵەمی عەلی کەمال بلأوکراوەتەوە.. ئەم وتارە، دیارە لە جیاتی سەروتارە، پەیامی رۆژنامەکەیە، ئەوەش لە روانگەی گیانێکی شارستانی و هەستێکی نیشتمانی لەپێناو خزمەت کردنی میللەتی کورد رادەگەیەنێ.. پاش دەستنیشانکردنی گرنگی رۆژنامەکە لە ژیانی میللەتان، داوای ئەوە دەکات، کە خەڵك گرنگی بدەنە ئەو رۆژنامەیە و بیکڕن، بیخوێننەوە، بۆ چەندین جار دووپاتی ئەوەدەکات، کە رۆژنامەکە هۆیەکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵە، هاوکاتیش گەلی کورد زۆر دواکەوتووە و پێویستی بە هەڵسانەوە هەیە، جا یەکێ لە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی پێشکەوتن و سەرفرازیی کوردستان، بلأوبوونەوەی رۆژنامەیە، بەتایبەتی رۆژنامەی بانگی کوردستان، هەروەکو خۆیان دەست نیشانی ئەوەیان کردووە، پەیامی رۆژنامەکە لە پێناو پێشکەوتنی خوێندەواری عیلم و سەرفرازیی کوردستانە:

دەقی وتاری: ژمارە—١— لاپەڕە سێ:

بانگی کوردستان

لە نەتیجەی سەعی و کۆششدا، کە لەتەرەف جەنابی رەئیسی جەمعیەتی کوردستانە وە واقیع بووە حکومەتی سیاسیی سلێمانی بۆ نەشری غەزەتەی(**بانگی کوردستان**) موساعەدەی فەرمووە. مەقسەد لەم غەزەتەیە، چونکە رەهبەری و خزمەتە بۆ قەومی کوردانە، لەسەر هەموو کوردێك لازمە ئەم غەزەتەیە بخوێنێتەوە و بە دڵ گوێی لێ بگرێ.

مەعلومە کە هیچ قەومێك غەزەتەکی نەبێ نە کەس لە فیکر و خەیاڵی ئەو قەومە و نە ئەو لە ئەنجامی کاروباری خۆی تێ دەگا و ئەو وەختە لەناو قەومانی دنیا بێ ناو و نیشان دەمێنێتەوە.

بینائەن عەلەیهە بۆ سەرفرازی میللەتی کوردستان لە پێش هەموو شتێکا لازمە رەغبەتی بەم غەزەتەیە بدرێ.. چونکە غەزەتەیێکی میللی تەرجومانی ئەفکار و خادم قەومی کوردانە.

مەسرەفی چاپکردن و سایرەی ئەوەل نوسخەی ئەم غەزەتەیە لە تەرەف ئەعزایانی دائمی جەمعیەتی کوردستانەوە تەئمین کرا و ئەم ئەوەل نوسخەیەی تەبەروکەن و مەجانەن تەوزیع و تقدمی برادەرانی وەتەن دەکرێ... فقط لەبەر ئەمە کە حکومەت

پێشینەن داوای مەسرەفی چاپ کردنی ئەم غەزەتەیە ئەکات رجا و تەمەنا ئەکەین کە حەمیەت مەندان و وەتەن هەریەکی ئابوونەی ٣، یا ٦ مانگی پێشینەن بنێرن و بۆ قەیدکردنی ناوییان موراجەعەتی بە موحەریر غەزەتە شێخ نوری ئەفەندی بفەرموون.

ئومێد ئەکەین هەموو کورد زبانێك بەناوی موحیبەتی وەتەن و زمانی خۆیەوە بە ئابوونە قەید ببێ و بۆ کرینی ئەم غەزەتەیە میلییە رەغبەتی کامیلە بنوێنێ.

عەلی کەمال

هەر لە ژمارە یەکدا، شیعرێکی مامۆستا زێوەر بلاوکراوەتەوە، شایانی باسە، مامۆستا زێوەر، نەك تەنیا شاعیرێك بووە و بەس، بگرە یەکێکە لە گەورە پیاوانی کورد و نیشتمانپەروەرێکی ناسراوی تێکڕای کوردستانە، بۆیە کە بە شیعرێك پیرۆزبایی لە دەرچوونی رۆژنامەی بانگی کوردستان دەکات، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هاوکات ناوەڕۆکی شیعرەکەی هەموو لەبارەی نەتەوەپەروەری و نیشتمانی و خوێندن و خوێندەواریە، بەڵکو دیکۆمێنتێکی کلتووریی هاوچەرخە.. هەمان کات دەوری گەورەیی شیعر لە رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵدا، بەتایبەتی سەبارەت بە شیعری کلاسیکیی نیشتمانی کوردی دووپات دەکاتەوە.. بە کورتی ئەم شیعرەی مامۆستا زێوەر لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی رۆشنبیری، سیاسی، بەڵگەیەکی گرنگە.. واتە ئەم شیعرەش دەچێتە خانەی دەوری نەتەوەپەروەریی رۆژنامەی بانگی کوردستانەوە:

موبارەك
بانگی کوردستان نیشانەی هۆشیاریی میللەتە
بۆ ئەسەر خوانی"مەعاریف" تەزکەرەی سەر دەعوەتە
دەورەی"ئیقباڵە" دەورەی بانگی کوردستانمان
بانگی"سوبحی سادقە" بەم دەنگە هەستین فرسەتە
سایەیی باڵی هومایە بازی زەرین شاپەرە
چوونە ژێر سایەی نیشانەی بەختیاری و دەوڵەتە
باخچەییکی پڕ گوڵە، دەریاچەیی پڕ گەوهەرە
رەنگو دەنگی فەیز ڕێژە"نیعمەتی" بێ منەتە
بۆ"تەرەقی قەومی کورد" دادخوامی حاڵی
-تەرجومانی- حاڵی زاری میللەتی کەم قودرەتە
بانگی کوردستان لە(خارا و حەریر)(لایق)تەرە
دەك موبارەك بێ بە بالأی(قەومی کورد) ئەم خەلعەتە
ئاسمانێکە سەراسەر(مەتلەعی نەجمی وەفا)
گوڵستانێکە سەراپا مەزهەری سەد(رەحمەتە)
ئەم(جەریدە تازە)یە جەردەی جەهالەت لائەبا
سێ زبان سێ تیری دەستەی واسیتەی سەد نەسرەتە
"رەبی" بۆمان هەربمێنێ"خادمی مەلیك" و وەتەن
ئەم لەبۆ پێشکەوتن ئەمڕۆ پیشتیوان و"قووەتە"

ئەوەی شایانی باسە، بانگی کوردستان، بە سێ زمان، واتا، بە کوردی، تورکی، فارسی دەرچووە.. جارێ پێش هەموشتێ دەرکردنی بە زمانی تورکی و فارسی نیشانەیەکی بەهێزی، رامانی سیاسی و دووربینی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە دەسەلمێنێ... هاوکات ئەوە نیشان دەدا کە لەولاتدا، ژمارەیەك خەڵك هەن، لەوانەیە، هەر واشبوو، خوێندنەوەی کوردییان لاوازبێ، زیاتر لەگەڵ زمانی تورکی و فارسی ئاشنان.. دیارە مەبەستی رۆژنامەکەش گەیاندنی پەیامەکەی بووە.. لە سەرێکی دیکەوە، لەبەرچاو گرتنی زمانی ولاتانی دراوسێی کوردستان:"ئێران و تورکیا:. ئەوەی راستی بێ، بابەتەکانی، کە بەزمانی تورکی و فارسیش نووسراون، چ لە رووی ناوەرۆکەوە، چ لە رووی چوارچێوە گشتییەکەیدا، هەر هەمووی لەبارەی کێشەی کورد و ناساندنی جەوهەری مافی رەوای کوردە، واتە هەمان پەیام و هەڵوێستە، بۆیەکە لێرەدا، لەبەر کەمی ماوە و دەرفەت، باسی ناوەرۆکی ئەو بابەتانەی کە بە زمانی تورکی و فارسی نووسراون باسیان ناکەین.

مایەی سەرنجە، نووسەرەکانی تورکی و فارسی هەرهەمان نووسەرە سەرەکییەکانی زمانی کوردین، نموونەی:"عەلی کەمال، شێخ نوری شێخ سالح، رەفیق حلمی..هتد" دیسان سەرنجێکی دیکە دێتە پێشەوە، کە بە زمانی عارەبی هیچ شتێك بلاوکراوەتەوە تەنانەت، ئەو سێ ژمارەیەی بانگی کوردستان، کە لەبەغدا دەرچوون، بابەت و هەواڵی بەزمانی عارەبی بلاو نەکردۆتەوە..! بەڵای منەوە، ئەوە دوو شت دەگەیەنێ، یەکەمییان بە گشتی لە کوردستان زمانی عارەبی لاواز بووە.. دووەم ئەوان، گرفتی سەرەکییان لەسەر کێشەی کوردەوە، لەگەڵ

بەغدا بووە، لەوەش زیاتر هەندێکیان رقیان لە عارەب بۆتەوە، ئەوەتە لە ژمارە-١٤-٢-١٥ی شووباتی ١٩٢٦ لە لاپەڕە دووی بانگی کوردستان لە کۆتایی سەروتارەکەیدا کە زۆر درێژە بە چەند دێرە شیعرێك کۆتایی هاتووە:

لە یەکەم دێریدا دەڵێ:

ئێمە کوردین دۆستی ئینگلیزین ئەگەر گێولیمان کا
ئیدیعای ئێمە ئەساسی تەسلیمی گورگانمان نەکا..

دیسان، لەبارەی گرنگی شیعر، لەو سەردەمەدا، بە تایبەتی شیعری سیاسی، کە زیاتر بۆ هاندان و هەڵسانەوەی رۆشنبیری و نەتەوەیی بووە، لەوەش زیاتر دیارە، ئەو کات، لەناو خەڵك ئەم جۆرە شیعرانە. وەك بەیاننامەیەکی سیاسی دەوری خۆی گێڕاوە، بۆیە دەبینین، رۆژنامەی بانگی کوردستان، لە ژمارە-دوو- لە ستوونی یەکەمدا، لە شوێنی سەروتاری رۆژنامەکەدا، شیعرێکی ناوەڕۆك سیاسی روخسار نەتەوەیی بلاوکردۆتەوە، مرۆ کە دەیخوێنێتەوە، لەبەردەم دڵسۆزی و گیانی کوردپەروەرانەی ئەو نووسەر و شاعیر و ئەدیبانە، دۆش دادەمێنێ، هەموو خەم و پەژارە و ئێش و ئازاریان، ئەوەبووە، کورد زۆر دواکەوتووە و چۆن پێش دەکەوێ و تەنانەت دەگاتە پلەی بەرزی ئەو میللەتە پێشکەوتووانەی خاوەن قەوارەی نەتەوەیین..!!

فەرموون، ئەوە شیعرەکەی ژمارە دووی لاپەڕە یەکی رۆژنامەکە بزانن"عەبدولقادر حیشمەت" چ دەڵێ:

نێزیکە هەڵ کرێتەوە، بۆمان چرای کورد
پرتەو بدا هەمیشە، شوعاعی وچیای کورد
ئەم بانگی کورد و جەمعیەتە، بوونی رەحمەتە
مەقسوودی سەعی و خزمەتە، بۆ ئیعتیلای کورد
عالەم خەریکی مەعریفەت و سەعی یە، بۆ صعود
هەرکەسێ گەیشتە مەرتبەیێ، ماسیوای کورد
کەی بێ بگاتە مەقصەدی ئەم قەومە بێکەسە
کەی عیلم ئەبێتە واسیطەی و رەهنەمای کورد
کورد عونسرێکی پاك و قەدیم و موقەدەسە
عالەم هەمووی موقیرە بە مەدح و پنای کورد
ئەی خالقی زەمین و زەمان سا بە مەرحەمەت
لادەی نیفاق و بوغز و حەسد، بۆ بەقای کورد
حیشمەت خەیاڵی وایە لە پێناو میللەتا
دانی سەرو بکا دڵ و جانی فیدای کورد
سلێمانی (عەبدولقادر حیشمەت)

دووەم بابەتی، ژمارە دووی رۆژنامەکە،بریتییە لە هەواڵێکی تەنیا یەك دێری و لێدوانێکی تووندی سیاسیی رۆژنامەکە بەرانبەر هەواڵەکە، کە لەژێر سەردێری: (ئەڵێن هەئیەتێکی ناصیحە لە بەغدادەوە دێت) مرۆ بە وردی ئەو هەواڵە یەك دێرییە و رای لێدوانی-تەعلیق- رۆژنامەکە، پێش(٨٢)سال کە هەڵوێستی رۆشنبیریی و رونەکبیرانی کوردستان بەرانبەر بەغدای عارەب چوون بووە..؟! ئەمرۆکەش هەڵوێستی سیاسیی کوردستان، جیاوازییەکەی رێسمان و ئاسمانە..؟! کە ئەوسا، زۆر بە نەتەوەیی و بوێرانە، مامەڵەیان لەگەڵ تەوژمی شۆڤێنیستی عەرەبیان کردووە..؟!

بە ئیمزای رۆژنامەی بانگی کوردستان، رەدێکی زۆر تووندی هەواڵەکەی دراوەتەوە، بە تایبەتی، رەدی ئەو کەس، یان ئەو لایەنە رەسمی و سیاسییەی بەغدا داوەتەوە، لەوەش زیاتر بە(**تەحەداوە**) دەڵێ:" **بیری کوردایەتی، وا رەگی داکوتاوە، بەوجۆرە قسە و یان کردەوانەی بەغدا تۆزقاڵێك لەق نابێ زۆر بە کورتی**"، ئەم چەند دێرەی رۆژنامەکە، بە بەیانێکی سیاسیی نەتەوەیی دەژمێردرێ، هەروەها رۆژنامەکەش لە کۆتایی نووسینەکەیدا، دوو نیوە دێری شیعرێکی سیاسی بلاوکردۆتەوە، دیارە خاوەنەکەشی نەزانراوە کێیە.؟ بۆیە رۆژنامەی بانگی کوردستان بەناوی خۆیەوە، دەست خۆشی لەخاوەن شیعر دەکات..

ئەڵێن هەیئەتی ناصیحە لە بەغدادەوە دێت:

لەم رۆژانەدا، شایعەیێك هەیە دەڵێن هەیئەتێکی ناصیحە لە بەغدادەوە دێت بۆ کوردستان.

١-تێناگەین ئەم هەیئەتە بە ئەمری کێ دێت.؟ بە تەنسیقی چە کەسانێ رێك خراوە.؟

٢-نازانین ئەمانە کە دێن نەصیحەتی چیمان دەکەن.؟

٣-ئەگەر مەقصەدیان ئەمەبێ نەصیحەتمان بکەن تابعی عێراق بین وەختی خۆی لام باش نییە بێژراوە.. و فکری کوردایەتی هەتا بێت، رەگ دادەکوتێ و(**بانگی کوردستان**) لەگەڵ مەعاریف بۆ تەرەقی تەنویری کوردان سەعی و کۆشش دەکات. ئەمجا لەبەر ئەمە نازانین ئەم هەیئەتە ناصیحە دێن چی دەڵێن..؟

شیعرەکە:
(کورد ئەوەندە کوردن، بە صەد شەیتان لە کوردی ناکەون)
(ئێکە خەلقی بۆچی بۆخۆی دەردە سەر پەیدادەکا)
ئافەرین بۆ ناظمی ئەم بەیتە
بانگی کوردستان

خودی رۆژنامەی بانگی کوردستان و تێکڕای نووسەر و رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی بەتایبەتی و شارەکانی دیکەی کوردستان بە گشتی، رۆژانە لەگەڵ ئێش و ئازاری کۆمەڵانی خەڵك و مەسەلەی خوێندن و پەروەردە فێرکردنی منداڵانی کورد و پێشکەوتنی رەوشی کۆمەڵایەتی و هۆشیاری نەتەوەیی، ژیاون، بگرە جوامێرانە هەڵوێستیان بەرانبەر دوژمنان نواندووە.. ئەوەتە لە ژمارە دووداً، وتارێك لاپەڕە و نیوێکی رۆژنامەکەی داگیرکردووە، زۆر بە گیانێکی شارستانی و پەروەردەیی و نەتەوەیی ئەو وتارە نووسراوە، کوردانە گیروگرفتەکان دەخاتە بەرچاوان، کە لەژێر سەردێری:
(مەسەلەی مەکتەب کردنەوە) بەقەڵەمی زەکی صائیب–ە.. وتارەکە هەرچەندە زۆر درێژە، لەبەر گرنگی، هەر هەمووی بە رێنووسی نوێ بلاوەکەمەوە، بەڵام چەند دێرێکی پێشکەشتانی دەکەم.. ئەوەی راستی بێ، ئەم وتارەش، هەروەکو ئەوانی دیکە بە گشتی نیشانەیەکی زیندووی، لەمەر ئاڵۆزی رەوشی کۆمەڵی کوردەواری و چۆنیەتی چارەسەرکردنی مەسەلەی خوێندن و پێشکەوتنە لە کوردستان.. هاوکات باسی جۆری ژیانی خەڵکی کوردستان، بەراورد لەگەڵ بەغدا و شوێنەکانی دیکەی عێراقی عارەبی دەخاتە بەرچاوان..! هەروەها باسی نەبوونی مامۆستای کورد دەکات، ئەگەر هاتوو خوێندکار و قوتابیانی کوردستان رووبکەنە بەغدا و شوێنەکانی دیکە.. سەرەڕای جیاوازی نێوان زمانی کوردی و عارەبی..هتد..

مەسئەلەی مەکتەب کردنەوە

لەم دوو ٣ رۆژانەدا، لێرە باسی کردنەوەی صنفێکی تر ئەکریت. وەکو بیستوومە باوکی طەلەبەکانی صنفی یەکەمی ثانەوی رازیبوون، بەوە کە منداڵە بێ تەجروبەکانیان بنێرن بۆ بەغدا، لەوێ بێ صاحیب و بێ تەربیە بمێننەوە کە ئەمە عیللەت و بەد ناوێکە بۆ کورد، بەڵێ من مەقصەدم ئەوە نییە کە ئەچن بۆ ناو عەرەب خراپە. ئەمڕۆ هەموو عالەمی ئیسلامی دینانەن موحیبی لیسانی عەرەبە، بەڵام من ئەڵێم حەیف و عەیبە بۆ میللەتی کورد کە ئەوەندە نەجیب و قەدیمە و صاحیبی عەزم و ئیدیعایە ئێستا تابع ببێ، بە خەلقی تر و خۆی سەربەخۆ مەکتەب و مەدرەسەیێکی وای نەبێ کە منداڵەکانی خۆیان تیا بخوێنن و بڕن بە پیاو، ئەمرۆ ئەم باسی کردنەوەی مەکتەب بە عائیدە بە هیمەت و مەعنەویاتی میللەت. لەبەر ئەوە لازمە لە سەر هەموو کەسێ کە بە جدی تەماشا و تەدقیقی ئەم مەسئەلەیە بکا و زۆر تێکۆشن بۆ کردنەوەی ئەم صنفە. ئێمە کە شەش حەوت تەلەبەین لە کەرکوکەوە هاتوینەتەوە بە ئیزن بۆ وەتەنە موقەدەسەکەی خۆمان ئەتوانین لەسەر ئەم تەجروبەی یەك ساڵەدا ئیتر بچین بۆ جێگایانی دەوروو پشت و بە هەموو ئەزیەت و مەرامەتی تەحصیل بکەین، بەڵام تەحصیل لە بەغداد و ئەو جێگایانە بۆ ئەهلی سلێمانی و ئەم ناوە زۆر زەحمەتە و بە قەد نیوەی تەحصیل ئێرە ئیستیفادەی نییە. چونکە لەو جێگایانە هەوەڵ قەومیەت، دووەم لیسان، سێیەم مەوقعی جیاوازە و لێك ئەدرێتەوە، ئێمەی کورد و کوردستانین، ئەوان تورك و عەرەبن. زمانمان کوردییە، ئەوان تورکی و عەرەبییە،ئێمە شاخستانی و فێرە هەوای فێنکین، ئەوان دەشتی و فێرە هەوای زۆر گەرم و بێ ئاون. کەوابوو قەت رێ ناکەوێ بۆ طەلەبەی کورد کە لەوناوە ئیستیفادە بەتەواوی بکات.

موعەلیمەکانیان یان تورکە یان عەرەبە لەبەر ئەوە ئیمڕۆ تەماشای قەومیەت و جنسیەت ئەکەن. بە چاوی سووکی و خواری تەماشای ئێمەمانان ئەکەن. لیسانیان چونکە یان تورکییە یا عەرەبییە و منالّە تازەکانی کوردیش ئیختیصاصیان لەم زمانانەدا نییە، لە دەرس و تەقریری دەرسەکان ناگەن، مەگەر هەروا بینووسنەوە و وەکو طوطی لەبەر بکەن کە لە ئاخیریش هیچ ئیستیفادە نەکەن و مەسەلەکێ فێرنابن. ئێمە کە حەوت کەسین لە کەرکوکەوە هاتوینەتەوە، چونکی ئەم هەموو دەردانە کە عەرزم کردن دیومانە و بەسەرمانا هاتووە، هەر لەوێ خەیاڵمان کرد کە هاتینەوە ولاّتی خۆمان لەگەڵ

هەموو رەفیقەکانمانا کە جددەن حەز بە خوێندن ئەکەن.. تەشبث بکەین بە مەرحەمەت و معاونەتی حکومەتی فەخیمە یاریپە و ئیعانەی هاوولاتی. تاوەکو براکانی خۆمان ئەم مەزبەتە و ئیستیدعایە کە نووسیومانە هەر بۆ ئەوەیە. ئینجا هەرچی ئەربابی حەمیەت و ئینسانیەت بێ کەسێ کە وەتەن و میللەتی خۆی بناسێ و حەز بە سەرکەوتن و بەرزبوونەوەی وەتەن و میللەتی خۆی بکا حەز بە پیاوبوون و ئینسان بوونی ئەولادی خۆی بکا ئاوا بۆ ئەم ئیشە ئەقدەسە بە هەموو نەوعی یاری یەمان ئەدا، جا مەعلومە کە کەسێ بۆ ئیشێکی وا ئەقدەس، بە دلّ و بە گیان تێ ئەکۆشێ و حەزی پێنەکا لە نەزەر هەموو کەسدا مەنفوز دەبێ.

لەم مەسەلەیەدا، کوللی کەس لەگەلّ ئیمزاکردنا وەعدی ئیعانە و یاری یەشیدا کە ئەو کەسانە من بە ناوی هەموو لایەکمانەوە بە دلّ و تەقدیر و تەبجیل ئەکەم.. بەعزێکیان وەعدیان نەداوە، بەلاّم چونکە ئیمزایان کردووە زۆر زۆر تەشەکوری ئەوانیش ئەکەین.. ئیمرۆ کردنەوەی ئەم مەکتەبە هەر بۆ ئێمە نییە بۆ هەموو میللەتە بۆ هەموو براکانمان کەوا لە ژێر باری جەهالەتدا ئەتلێنەوە، تکا لە باوك و براکانی خۆمان ئەکەم کە منالّەکانی خۆتان مەنێرن بۆ ولاّتان. ئەمین بن بەم کەم تەجروبەیەوە چوونە ولاّتی ئەجنەبی بۆ ئەولادتان خراپی فەلاکەتە لەوێ یا لە بە قەومیەت مەوقیع بێ صاحیبی تەحصیلی پێ ناکرێ یا ئیستیفادە لە دەرس و موعەلیمەکان ناکا. بە نائومێدی و دەستە پاچەی ئەگەڕێتەوە و بەشکو بەدئەخلاق و سەرگەردان ئەبێ و ناوی باوك و ئەجدادی خۆی رەش ئەکاتەوە. لەبەر ئەوە تکاتان لێ دەکەم کە ئێوەش وا لە منالّەکانی خۆتان مەکەن. مەبن بە سەبەبی مەحویان بۆچی خۆمان تێنەکۆشین مەکتەبێکمان نەبێ کە تەرەقی بکەین؟ بەناوی ئیستیقبال و حەیاتی برا و هاولاّتییەکانمانەوە بەکام دلّ نیازتان لا ئەکەم کە تێبکۆشن بۆ کردنەوەی ئەم صفە و یاریپەمان بدەن تاکو هیچ نەبێ ئیکمالی تەحسیل تالییەکەمان لە ولاّتەکەی خۆمانا بکەین.

کە لەدواییدا خزمەتی ولاّتەکە و هاولاّتییەکانی خۆمانمان پێ بکرێ، ئینجا ئەو وەختە چونکو هیچ نەبێ نەختێ شارەزایی لە زمانی تر پەیدا دەکەین.

ئەگەر بچین بۆ جێگایانی دووریش قەیناکا ئیتر نەختێ هۆشمان بێتەوە بەخۆمان لەم خەوە زەهرناکە خەبەرمان بێتەوە.

خوێندن قەت بەس نییە.خصوصەن ئێمە کە لە معاریف زۆر بەجێ ماوین نابێ قانیع ببین و دەقەیەك بێ خوێندن رابوێرین. ! (اطلبوا العلم من المهد الی اللحد) بە فەرموودەی پێغەمبەر(صلعم). ئیتر بە دلّ تکاتان لێ ئەکەم لە مەعاوەنەت و یاریپەمان مەوەستن تێبکۆشن بۆ ئەم مەکتەبە کە بکرێتەوە و ئەولادەکانی خۆتان لەم فرسەت و نەعیمەتە بێ بەش مەکەن. ئەگەر خۆمان هەولّ بدەین و تێبکۆشین ئەمینم کە حکومەتی فەخیمەش کە هەر بە خادمی ئینسانیەت و مەعاریف ناسراوە معاوەنەت و موساعەدەمان ئەفەرمووی: "حی علی الفلاح"

سلێمانی–زەکی صائیب

*** *** ***

هەر لە ژمارە دووداً، لاپەڕە سێ: شیعرێکی رەفیق حلمی بلاّوکراوەتەوە، ئەم شیعرەی رەفیق حلمی، یەکێکە لە شیعرە سیاسی و نەتەوەییەکانی رۆژنامەی بانگی کوردستان، کە زۆر بە پەرۆشەوە، داوا لە کوردان دەکات، لە پێناوی پێشکەوتنی خوێندن و کۆمەڵی کوردەواری، هەروەها گرنگی بە زانست و کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگا بدرێ، هاوکات بەراوورێکی ورد لە نێوان رەوشی دواکەوتووی کورد و جیهان بە تایبەتی ئەوروپا دەکات، ئەوە دەوویات دەکاتەوە، کە کورد لە چاو ئەوروپا زۆر دواکەوتووە تەنانەت ناونیشانی شیعرەکە مایەی سەرنجە:" بۆ کوردان

واتا بانگەوازێکە بۆ کوردان هەڵسنە سەر پێ و بەرەو پێشەوە بڕۆن..

ئەمەش دەقی شیعرەکە:

بۆ کوردان

هیمەتی ئەربابی غیرەت بێستوون ئەمحا دەکا
ئەوکەسەی ساحێبی حەمیەت بێ وەتەن ئەحیا دەکا
یەعنی ئەولادی وەتەن، موحتاجی عیلم و سەنعەتە
گەر وەتەنپەروەر بێ شەخسی مەکتەبی ئینشا دەکا
نور و عیلم و مەعریفەت وا شەرق و غەربی گرتەوە
قەومی ئێمە تازە تەعلیمی خط و ئیملا دەکا
ئێستا خۆ نەوعی بەنی ئادەم لە سایەی فەننەوە
بێ موحابا کەشفی"گەورە ئەسراریپە بالاّ دەکا"

بەسیە فیکری بێ ئەمەر، ئەمڕۆ کە عەصری غیرەتە
مەلیکی کوردستان لە ئێمە هیمەتێ داوا دەکا
چونکە هەر ئەربابی عیلمە گەر بکا چارەی مەرەضی
کورد ئەگەر عەقڵی ببێ جێگەی علوم ئاوا دەکا
ئێستا بێ عیلم و هونەر ژین بەشەر قابیل نییە
چۆن لە فەنی عەسری حاضر کوردی ئیستغنا دەکا
ئەوروپا کەشفی لیسانی ئێستر و بارگیری کرد
تازە کوردستانی ئێمە بە خەتی ئەلف و با دەکا

رەفیق حلمی

*** *** ***

سەروتاری ژمارەی سێی رۆژنامەکە، کە وتارێکی درێژە، دوو بەشە، جەنابی مستەفا پاشای یامولّکی نووسیویەتی، لەناخەوە بۆ خراپی رەوشی کوردان لە رووی کۆمەلاّیەتی، نەخوێندەواری، دووبەرەکی، چاوچنۆکی هەندێ کەس..هتد لە هەمان کاتدا، زۆر بە تووندی رەخنە لەو خەلّکە دەگری، دیارە زیاتر لە رۆشنبیر و کەسایەتییەکانی شاری سلێمانییە.. کە بایەخ بە پێشکەوتنی کوردەواری نادەن.. هەوڵی ئەوەیان نییە، خوێندن و زانست لە کۆمەلّدا بلاّوبکەنەوە.. بە کورتی–بەگوێرەی نووسینەکەی مستەفا پاشا– ئەو خەلّکە لەگەلّ ئێش و ئازار و خەمی میللەتیان نییە، بۆیە زۆر بە ئاشکرا گلەیی خۆی دەکات و دەلّێ:" لە ژمارە یەکی رۆژنامەی بانگی کوردستان لەبارەی رەوشی دژوار و خراپی کوردستان زۆرم باس کرد، بەتایبەتی جەخت لەسەر ئەوە کرا، کە دەرکردنی رۆژنامەی بانگی کوردستان بۆ ئەوەبوو، کە کۆمەلاّنی خەلّکی کوردستان لە خەوی غەوفلّەت و نەزانین راپەڕن، کەچی بەداخەوە گوێیان لە قسەکانم نەگرت..؟! جەنابی مستەفا پاشا یامولّکی لە وتارەکەیدا، بەراستی بەشێوەیەکی فراوان و گیانێکی زێدە دڵسۆزانە، ئاکاری خراپی رەوشی کورد بەراوورد لەگەلّ رەوشی بەرەوپێشچوونی نەتەوەکانی دیکە بەراوورد دەکات.. شایانی گووتنە، ئەم وتارەی جەنابی مستەفا پاشا یامولّکی، لەبەر رۆشنایی شێواز و رێبازی ناوەڕۆکیدا، بە دیکۆمێنتێکی گرنگی مەیدانی لێکۆڵینەوەی کۆمەلاّیەتیی– سیاسیی نەتەوەیی دەژمێرێ، بۆیە دەقەکەی بەتەواوی بلاّو دەکەینەوە:

ئەی ناس، ئەی برادەرانی کوردانم، لە ئەوەل نوسخەی بانگی کوردستاندا، لەپاش سەلام، بە بەعزێ قسە بۆ ئینتیباهتان جەسارەتم کردبوو، وام دەزانی کە لەو قسانە، کە لەو رموزانە، ئینتیباهێکتان بۆ حاصلّ بووە. وە ئەسەف هیچ تەئثیری پەیدا نەبووە، حرصی جاە و حەسودی، سەعی و کۆشش تەنها بۆ مەنفەعەتی زاتی هەر دەوام دەکا. ئایا موحیبەتی قەومی و وەتەنی وا دەبێ؟ لەپاش خۆتان بۆ ئەولاد و ئەحفادتان تذکارێکی چاك بەجێ بێنن. لە پاش مردنتان فەرزندانی وەتەن رەحمێکتان بۆ بنێرن. بەسەر قەبرەکانتاندا، بە ئەسپایی و بە سەلام و تەعزیم پێ هەلّبێنن. ئەولادەکانتان بە عەزم و کرداری ئێوە خۆشحالّ و خۆبەرز بنوێنن، ئەوانیش هەر مالّ و ئەو مالّ نەکرێن، هەر بۆ تووتن کێشان و بە نۆشینی چایی خاوەن مردوو مەشغوول نەبن، فیکری تەحصیلی عیلم بکەن. دونیا تێبگەن با مەجالیسی مەدەنییەتدا ئیثباتی مەوجوودیەت و مەدەنیەت و بە سەربەستی ئیزهاری ئەفکار و مەنویاتی بکەن تاکەی بۆ چاکی و تەرەقی وەتەن دەنگ نەکرێ..! هەر بەحسی لیرە و کلیرە، و هەر قسەی تووتن و کەتیرە بکرێ.. هەر دەفتەری خصومەتی جەهالەتی پێشوومان بخوێندرێ. بەم ئەخلاقی مەذمومە بۆچی(عفی الله عما سلف) ببێژێ.. کرێی مەئمۆریەتێکی بێ، هەر کەسێ چێوەی زالمێکی بە دەستەوەبێ، دەرحەق هەموەتەنای خۆی دەبێ بە فرعەون، بە ئەضراری غەیر خۆشحالّ دەکا، بەفەلاکەت زدەبێ، لە جیاتی معاوەنەت موضرەت ئەگەیەنێ، دەوری وەرەسەکانی دەدەن، کە بە قیمەتێکی مفت، چیان هەیە، لەدەستیان دەربێنن لەگەلّ ئەم حالّ و حەرەکاتە، ئەگەر لە مەجلیسێکدا یابەیەکێ –عارەب– لووت خورا، پارچە ئەفەندییێکی پۆتین درِاو، یاخود کلا و بەسەرێکی دەرلنگ هەلّکراو ببینن هەرچی حەقیقەتە دەیپۆشن، هەرچی لەدەم ئەواتانە دەچێ بە ئەوە (نەعم یا سەیدی) (ئاوت ئەفەندم) (بەلّێ قوربان صاحب)ی زۆر چاکە ئەرێ وەللاّ هەر وایە.

دەلّێن وەزیفەی ئینسانیەت و وەتەنپەروەری بەم رەنگە بەجێ دێنن، فەقەت لەم حالّە هەر وەکو خودا رازی نابێ، نە ئینگلیز حەزدەکا، نە ئیبلیس بەدڵ تەصدیق دەکا.

لەقەدیم دەمان بیست کوردان زۆر موسلّمان و راست گۆن، من ئێستا دەبینم هەر چەند بە زاهیری خودا

شوکر ئیسلامەتی ماوە، فەقەت بەدرۆ وەللاّ وەبیلا باوە، لەناوماندا جەسارەتی مەدەنیە مەفقودە، مەدلول (النجاة في الصدق) زۆرکەم عەمەلی پێکراوە، دەرحەق بەیەك خزمایەتی، دراوسێیایەتی لەعەمەل کەوتووە، لەمەجلیساندا بۆ ئیفتیتاحی غەیبەت مسەلەن: ئەسپی کابرا خۆش بەزە، تانجی یارو زۆر کزە، دەڵێن و غەیبەت و حیکایەت دەست پێ دەکرێ، ئەی برادەرانی وەتەن، فیکری ئەحەوالّی خۆتان کەن، صەرفە نەزەر لە ئەقوامی عەزیمە موتەمەدینە وەك ئینگلیز، ئەلمان، موسقوف – مۆسکۆ، رووس، فەرەنسا، ئەمریکا، ژاپۆن و سائیرە، ئێوە هەر قەومی ئەرمەنی و میللەتی موسەوی – جولەکە– مولاحەزە بفەرموون لە زۆری‌دا، بەنیسبەت قەومی پەهلەوی خۆمانەوە، هەر چەندیش یەك و دەیەکیش نابن، فەقەت لەنەزەر مەعارف و صەنایعەوە وەك گردە کورەوی و کێوی ئەلبەرز فەرقمان هیە، هیچ ئەرمەنییەك قالکوتەیی نییە، کە ئەحوالّی ئەرمەنی ئیستامبول نەزانی، هیچ ئەرمەنییەکی وانیە کە لە ئەفکار و تەشەبوساتی ئەرمەنییەکانی ئەمریکا خەبەردار نەبێ، هیچ منداڵی ئەرمەنییەك نییە کە هەموو غەزەتەی –رۆژنامەی– ئەرمەنی، حەتا ئەو غەزەتەی کە ئەمریقاشەوە دێ نەیخوێنێتەوە، لە نەفسی ئەستامبولدا بەزبانی ئەرمەنی–غەیراز ئەم ووشەیە تێنەگەیشتم – ریسالەو کتێب پێنج شەش لە جێگایانی تر موتەعەدید غەزتەیان دەردەچێ، ژن و پیاو حەسەب ئەلحمیە هەموو دەیکڕن و دەیخوێنن و بەم نەوعە مەغریب و مەشریق لە یەکتری خەبەردار دەبن، لە ئەستامبولدا مەکاتبی مونتەزەمەی موعەلیمان موتەعەدید غەزتەیان، مەریضخانەی–نەخۆشخانەی– مەخصوصی موکەمیلیان هەیە، لە حوکەما لە جەواهێرچی، لەتوجاری گەورە، لە ئەجازاچی– دەرمانخانە، لە طەبیب، حەتا لە موحەریر–نووسەری رۆژنامە –و ئەودەبا، سائیر قسمێکی زۆر هەموو ئەرمەنییە، لەگەڵ یەك بەرەحم و بەشەفەقەتن. مەسەلەن لە ئەنادۆلدا، لە تەنهادا ئەرمەنیەك بکوژرێ لە پایتەختی ئەڵماندا لە پێش چاوی عالەم بەزەربەی دەمانچە حەقی دەسێنرێ. موسەویەك – جولەکەیەك– لە مۆسقۆ–مۆسکۆ– هیجرەت بکا، جەمعیەتی سەهیۆنیزم، بۆ ئیستراحەت، ئەو موهاجیرە غەریبە نەناسراویش هەر چی لازم بێ لە فەلەستیندا بچی ئەهێنرێ، بۆ تەحصیلی منداڵان لە تەرەف رۆمێکی دەولّەمەندی بە غیرەتەوە، مەکتەبێکی چل هەزار لیرەیی لە ئەستامبولدا بینا دەکرێ کەچی ئێمە غەزەتەیەکی هەفتەیی موختەصەرمان پێ ئیدارە ناکرێ، ئەژین بەکەدەر، حەتا لەنان خواردنیشدا راحەتیمان نییە، لەهیچ مالێکدا ئوطەیەکی –ژوور– مەخصوص بۆ تەعام نییە، بۆ کەشیدەی شیرین بەستراو بۆسەر پۆش بە پولەکە چنراو، بۆکەوای بەقیمەتی ئوتوندراو بۆ کلاو ئالتونی نازك رێکخراو نەدولاب مەخصوص و نەجێگایەکی موشەخەصی هەیە، لەگەڵ ئیدیعای تەعصوب ئیسلامەتیمان دەتوانم بڵێم لەهیچ مالێکدا غەسلخانەیەکی پاکی حازر بەدەستی تیا نییە، وەلحاصل لەهەموو چشتا بێ سەلیقەین، هەر پلاّوو وبامیە.ئەحوالّی حەمامەکانمان لەگەڵ ئەم ئاوە زۆرانەیان هەیە مەنزەرەیان موجیب ئەسەف عەزیمە، صەرف نەزەر لە تاقمی حەمام لە فوتەو پەشتەمالّ، لەمندەر –رایەخ–و بابوج و قاپ قاپ عادیشی تیانییە بەبێ پێ خاوس بەسەر هەموو چرکایێ ناو حەمام دەرۆن لەقەدەم خانەیەش دەردەچن بەئەو حاڵەوە و بەدەرمان و چوریانەوە روو بۆ خەزینەی ئاوی گەرم دەکەن – لەم رستەیەدا، دوو وشەم بۆ نەخوێنرایەوە. م.ح – عارەقی بن باخەڵ و سائیرە و سائیرە لەو خەزینەدا کرد دەبێتەوە، یەك لەدوای یەك بە ئاو ئاوە گەرمەی خاصیت گۆڕاوە ئەوە غەرغەر و غەسل دەکەن، عەجەبا عولەمای کیرام بۆ ئەمە چی دەفەرموون صاحبی حەمامەکان تاکەی بەم حاڵە رازی دەبن، ئەی باوکی باوکم، (النظافة من الايمان) فەرموواوە، مەعنای نەزافەتیش بە تەحصیلی عیلم و فنون مەعلوم ئەبێ، لە نوسخەی پێشووی (بانگی کوردستان) عیبرەت بزانن توجارێکی هیندستانی (بۆمبایی) چوار ملیۆن روپیەی بۆ ئەتامخانەیەکی موسلمین کە منداڵان تێدا ئەخوێنن هەدیەی کردووە، لە کوردستاندا لەوەقتی رۆستەمی زاڵەوە هەتا وەقتی دەوامی زۆرخانەی (خواده گل) چە پەهلەوانێکی بەغیرەتمان ئەم هیمەتەی کردووە.

ماویەتی

مستەفا پاشا

ئەو وتارەی مستەفا پاشا یامولکی لەم ژمارەیەدا، واتا ژمارە سێ، دووەم بەشیتی، دیارە هێشتا تەواو نەبووە، چونکە لەکۆتاییەکەیدا، نووسیویەتی ماویەتی..

شایانی باسە بۆ باسەکەی سلێمانی تەنیا ١٩ دێری نووسرابوو، کەچی لێرەدا هەر هەمووی نوسراوەتەوە..

*** *** ***

هەم دیسان، لە ژمارەی سێ دا، لاپەڕەی سێ دا شیعرێکی نەتەوەیی ئەحمەد موختار بەگی جاف قائیمقامی هەڵەبجە بە بۆنەی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستانەوە بلاوکراوەتەوە، هەرچەند حەوت دوو نیوە دێرە، بەڵام ناوەڕۆکی زۆر دەوڵەمەندە، زیاتر لە وتارێکی رۆشنبیری گشتی دەکات، بەڵکو لەبارەی پێشکەوتنی گەشبینە.. ئەم شیعرەش نەتەوە پەروەرییەی شاعیری گەورەمان ئەحمەد موختار بەگی جاف دووپات دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە، ئەوە دەسەلمێنێ، کە رۆژنامەی بانگی کوردستان مایەی ئومێدی و سەرفرازی کورد بووە.. بە واتایەکی دیکە خۆی بانگی کوردستان رۆژنامەیەکی نەتەوەیی راستەقینە بووە.. بە هەر حاڵ لەوە زیاتر هەڵدەگرێ لەبارەی ئەم شیعرەوە، لێرەدا بنووسرێ، بەڵام دەرفەتەکەی کەمە بۆیە دەقی شیعرەکە بە رێنووسی تازە وەکو خۆی پێشکەش دەکەین:

"بانگی کوردستان"ە وا دنیایی ئەحیا کردەوە
زامی قەلبی کوردی بێچارەی مۆداواکردەوە
باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەو مەتبەعە
ئەلحەق ئەمرۆ خاکی کوردستانی زێبا کردووە
سەد شوکر وا لەشکری عیرفان و عیلم و عاقڵی
شاری پڕ شۆڕی جەهالەتیان کە یەغما کردووە
لایەقی تەحسین و فەخری قەومی کوردە چونکە وا
ئەم جەریدەیە پیر و فەرتوویشی بەرنا کردووە
بانگ و هاوارێکی بەرزە بانگی کوردستان دەکا
مێشکی دنیای پڕ لە دەنگ و شۆڕ و غەوغا کردووە
ژەنگ و تاریکیی جەهالەت وا لەدڵدا دەردەکات
قەلبی مەحزوونی هەموو کوردی موسەففا کردەوە
لاچووە تاریکیی هەوری جەهالەت ئیستاکە
نەجمی ئیقبالی هەموو کوردانی رەخشاکردەوە
قائیمقامی هەڵەبجە: ئەحمەد موختار

بانگی کوردستان/ ژمارە-٣-ل:٣

لەبارەی گرنگی چاپخانە،م. نوری-شێخ نوری شێخ سالح- وتارێکی زۆر بەپێزی نووسیوە، سەرەڕای گرنگی چاپخانە، کە دیاردەیەکی شارستانییە، دەورێکی گەورە لە پێش کەوتنی کۆمەڵدا دەگێڕی.. نووسەر ئەو گرنگییە بە پێداویستێکی زۆر مەزنی بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان گرێداوە... بە کورتی ئەو نووسەرانە، باسی هەر بابەتێکیان کردبێ، هەموو ئامانج و پەیامییان بۆ ئەوە بووە، نەتەوەی کورد رۆژێك زووتر لە ژیانی تاریکستانی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی رزگاربیان بێت و بگەنە کاروانی گەلانی پێشکەوتوو و سەر فراز.. بەراستی وتارەکەی-م. نوری-لە بارەی(ماکینەی چاپ)ەوە نیشانەیەکی زیندووی گەورەیی و گیانی کورد پەروەریی نووسەرەکە دووپات دەکاتەوە، بەواتایەکی ورد، رێبازو پەیامی نەتەوەیی رۆژنامەی بانگی کوردستان دەسەلمینێ..!

ئەم وتارە زۆر بەنرخەی شێخ نوری شێخ سالح، کە لە ژێر سەردێری"ماکینەی چاپ" ە، ئەوە دەقەکەی بەتەواوی پێشکەش دەکرێ، ئەو جابفەرموون، بزانن گەورەیی نووسەرەکەو دەوری نەتەوەپەروەریی رۆژنامەی بانگی کوردستانی، لە چ ئاستێك دابووە:

ماکینەی چاپ

ماکینەی چاپ یەکێکە لە نەشئەتانەی تەرقیاتی میللەت قەومی میللەتی کە واسیتەیەکی ئینتیشاری فیکرو ئیفهامی مەرامی بنی ئەو فیکرە، ئەو غایەیە بێ ئەوەی بگاتە کێوێك، یان گیوی گرێك بێ تەئسیر و عەقیم ئەمینەتەوە، بەڵام هەر میللەتی ساحێب مەتبەعە و ماڵێکی غەزەتەیەکی میللی خۆی بێ! بۆ تەرەقی و تەعالی میللەتەکەی هەر غایە و ئەمەلێك تەعقیب بکات، ئەتوانێ بە دەنگێکی بەرز و بڵند بیگەیەنێتە گوێی ئەو کەسانەی کە گوێگر و خاوەنی مەعاریف و وەتەنن.

ئەمجا لە پێش هەموو شتێکا لازمە گەشتێك واسیتەی(بۆمن نەخوێندرایەوە) بە هەوڵێکی زۆر پەیدای بکەین ئەمەش ماکینەی چاپە بۆ هەموو ئامێرێکی میللی، ئیجتماعی، ئیقتیصادی، جاردەرێکی داخلی و خارجییە و بۆ تەوحید ئەفکار و حسیات قەومی عامیل و واسیتەیەکی زۆر موئەسیرە. جگە لەمانەش ژمارە و ئەدەبیاتی ئەو قەومیە ئەو میللەتە

ئەگەر خۆیشی مونقەریض بێ ئاسارەکەی باقی ئەبێ تا دونیا بمێنێ ناوی ئەمێنێ لەو ئاسارە نوسخەیەکی بفەوتێ هەزاری ئەمێنێ..بەلأم ئاسارێکی نەفسی کە سەمرەی سەعی و مەحصولی خەباتی عالیم و شاعیرێکی بەقیمەتە لەبەر ئەوە کە هەر نوسخەیەك یا دووی بەدەست خەتێکی ناخۆش نووسراوەتەوە، وە لە مودەتێکی زۆر کەمدا ئەفەوتێ و لەناو دەچێ، ئەو ئاسارەیە لە کوللی ئاساری ون ئەبێ سەعی و جەهدی ئەو زاتانە بێ نەتیجە ئەمێنێتەوە.

مەعلومی هەموو کەسێکە کە لە هەشتەمینی عەصری میلادیدا، یەعنی لەپێش ئیجادی مەتبەعەدا، ئەم عالەمە(**خەلك**) لەسەر (**پاپیروس**) کاغەز و (**پارشومن**) یەعنی پێستەیان نووسی، کاغەز لەبەر ئەمە مقاوەمەتی زۆر نەبوو، مەجبور بوون لەسەر چەرم – پێستەی ئاژەڵ– ئاساریان ئەنووسی، لەبەر ئەمە چەرم رەغبەتی پەیدا کردو زۆر گران بوو، ئەو کتێبانە لەو وەقتەدا هەبوو، هەمووی بەدەست نووسرابووەوە و بۆنووسینەوەی زۆری پێ ئەچوو، بەم ئەحوالّە کتێب کەم هێنرایە وجود و ئەوانەی کە ئەنووسرانەوە زۆر گران بوون، حەتا ئەو کتێبانە کە بەدیقەت ئەنووسرایەوە، بەچوارصەد، پێنج صەد فرانق– فرانك– ئەفرۆشرا، لەبەر ئەم جیهەتە ئەم کتێبانە بە دەوڵەمەند نەبوایە بەکەسی تر نەدەکرا و لەو زەمانەدا هەر دەوڵەمەندەکان خوێندەوار بوون.

بۆ ئەوەی ئاساری عولەما تازەکانییان بنووسن و ئیستیفادەی لێ بکەن مەجبور ئەبوون، ئەو ئاسارە نەفیسانەی قەدیمییان کە لەسەر چەرم نووسیبوویان، ئەیان کراند و لەسەر ئەوە ئەیان نووسی، لەچواردەهەمین عەصردا کە دار ئەلفونەکان ئەحداس کران بۆ پەیداکردنی کتێب زۆر موحتاج بوون، لەو قەتەدا (لەسەر تەختەیەك کردن) (کۆلین) داهات، یەعنی کتێبەکانییان، لەسەر ئەو تەختەیەك حەك ئەکرد، بەلأم لە (١٥) هەمین عەصری میلادی دا، کەلە تەرەف گۆتەنبەرگەوە، مەتبەعە ئیجاد کرا لە ئەلّمانیا هەرچی ئاساری قەدیم و تازەیان هەبوو هەموویان چاپ کرد و بەم نەوعە فەقیر و دەوڵەمەند مومکینییان بوو کتێب بکرن و بێخوێننەوە، کە مەتبەعە بلاّوبووەوە بە ئیتالییاو سایر حکومەتەکانی تردا، ئەوانیش ئەو ئاسارانەی کە مابوویان نەیان هێشت بفەوتێ و هەموویان چاپکرد، وە بەهەموو مەنتیقەیەکی خۆیانا بۆ ئەوەی ئیستیفادەی لێ بکەن بلاّویان کردەوە.

ئەمجا بۆ ئەوەی ئێمەش ئەم ئاسارە نەفیسانە و ئەم ئەدەبیاتە بە قیمەتانە لەکیس نەچێ و بە مروری زەمان نەفەوتێ لازمە لە تەرەف غیرەتمەندانی موحتەرەمی وەتەنەوە بۆ هێنانی و کرینی ماکینەیەکی چاپ قصور–درێغی– نەکرێ لە حەمیەتمەندانی ئەهالی موحتەرەمەکەی کوردستان وا ئومێد دەکەم بەناوی مەنفەعەتی میللەتەوە هیمەت بۆ هێنانی ئەم ماکینەیە بکرێ، ئەمەش تەکلیفێکی ئەوەندە گران نییە، کە لەهەموو کەس هەلّنەستێ.. بەندە بۆ ئەم ئیشە خێرە دەلالەت و تەشەبس ئەکەم هەر کەسێ بەقەدەر ئیقیدار و هیمەتی خۆی معاوەنەت بفەرموون، بەناوی میللەت و کوردییەتەوە ئیسترحام ئەکەم..

سلێمانی:م.نوری

یەکێ کە ئەم وتارە زۆر بەنرخە دەخوێنێتەوە، لەبەردەم گەورەیی ئەو رووناکبیرە، –م.نوری– دۆش دادەمێنێ، کە ٨٢ سالّ لەمەوبەر چۆن لەبارەی گرنگی چاپ و چاپخانە بیری کردۆتەوە، تەنانەت گەیشتۆتە ئەو رادەی، کە لەناخەوە لەخەلّك دەپارێتەوە، بۆ هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان..؟! ئەوە نیشانەی ئەقلی شارستانی و گیانی نەتەوەپەروەری ئەو رووناکبیرانەی سەرەتای سەدەی بیستەمە... بۆیە رۆژنامەی بانگی کوردستان لەتای تەرازووی مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا، شوێن پایەکی نەتەوەیی گەورەی داگیر کردووە.

*** *** ***

رۆژنامەی بانگی کوردستان، وەك ئۆرگانێکی رەسمی، سیاسی، نەتەوەیی، پەیامە پیرۆزەکەی تەنیا، خەمی ئالۆزی کورد لەسەر ئاستی کوردستان نەبووە، بگرە، خەمی ئەو کوردانەش بووە، کە لە دەرەوەی خاکی نیشتمان بووینە.. بۆ نموونە، خەمی گەڕانەوەی ئەو کوردانەی، کە لە ئەنجامی تێکچوونی رەوشی سیاسی دەوڵەتی عوسمانی و کۆتایی هاتنی شەری یەکەمی جیهانی و چارەسەر نەکردنی کێشەی رەوای کورد لە

چـوار چـێوەی مـافی نەتەوەییـدا، تووشـی چـەند گیروگرفت هاتن بەتایبـەتی ئەفسەرەکانی کورد، جا لەبارەی ئەوانەوە، لە ژمارە (٤) لاپەرە یەکدا، وتارێك و سـکالانامەیەکی ئـەو ئەفـسەرە کوردانـە لـەژێر سەردێری: **لە ئەستامول ئەحوالی ضابطانی کورد،** کە لە ئەستەمبول مابوونەوە بلاوکردۆتەوە.

وتارەکە، پێشەکی باسی کارەساتی، ئـەنجامی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی دەکـات، کـە زیـانێکی گـەورەی بـە مرۆڤایـەتی و شارسـتانی گەیانـدووە، بەتایبـەتی زیانێکی زۆرن بە گـەلی کوردسـتان _خـاك و نەتـەوە_ لـە میللـەت و نەتـەوەکانی ژێـر دەسـەلاتی عوسمـانی پێکەوت:

ئەوەی راستی بێ، زۆربەی وتارەکانی رۆژنامەی بانگی کوردسـتان، درێـژ و شـیکارانەیە لـەبارەی هـەر مەسـەلەیەکی نووسـیبوویان، زۆر وردو هەسـتیارانە نووسیویانە، بە تایبەتی مرۆ سەری سووڕ دەمێنێ لەو سەردەمە دواکەوتووە، زۆربـەی نووسـین و بابەتـەکان پـڕ زانیـاری و رۆشـن و نەتـەوەیی بـووە... بـەڵای منەوە، هەریەکێ لەو وتارانە، کە تـا ئێستا ئاماژەیان پێکـراوە، وەك بەیاننامەیـەکی رۆشـنبیریی، گـشتیی سیاسـیی نەتەوەییـە. بۆیـە کـە ئاسـت و نـاوەرۆکی رۆژنامەکە بەرزو دەوڵەمەندە، بەراستی بە هیچ جۆرێ ناکرێ، بە وردی، لەم دەرفەتە تەسکەدا، بـە تـەواوی ناوەرۆك و جەوهەری، نەك تـەنیا شـیبکەینەوە، بگـرە دەورکردنەوەشی زەحمەتن... لـەبارەی ئـەم وتـارەی ژمـارە ٤ و سـکالانامەی ئـەو چـەند ئەفـسەرانەی دانیـشتوون ئەسـتامولّ، ئەگـەر بـە وردی پیایانـدا بچمەوە، ئەوەی دووپات دەکاتەوە کە ئـەم رۆژنامەیـە جارێکی دیکەش رێبـاز و هەڵوێستی نەتـەوەیی خـۆی بە خەڵك رادەگەیەنێ کە بە تەواوی لە خزمەتی ئەوانـە (خزمـەتی کـورد و کوردسـتان) هاتۆتـە کایـەوە هەمدیسان لەبەر درێژی ئەم وتارەش چـەند دێرێك لـە دەقەکەی دەخەینە بەرچاوان، وتارەکەش بـە قەڵـەمی مـستەفا پاشـای یامولّکییـە، شـایانی باسـە نامەکـەی ئەستەمولّ، بە ئیمزای ئەمانە بووە:

زەهاوی زادە بیکباشی، حاجی عبدولرەحمان بـاپیر زادە، یوزباشی ئەرکان حەرب مستەفا کامیـل بیـك، باشی ئەرکان حەرب محەمەد ئـەمین، ئالوسـی زادە تەیب ئیبراهیم، ثابت بەگ زادە نووری.

ئەحوالی ضابطانی کورد

حەربی عمومی کە حەربێکی مەشئوم بوو بۆ تـەخریبی مەدەنییـەت و ئینـسانییەت، فەلاکـەتێکی عـەزیم و مەعلوم بوو لە رووی بەعزێ مەغزان کـە بـە وەعـدەوە پـارەی ئـەجانب بـێ ئامـانی فەریفتـەبوونی دەوڵـەتی عوسمانی و سائیر ئیبنی ئەقوامی ئیسلامییەی وحـەتا لـە تەبەعـەی غـەیر موسـلیمەش زۆریـان لێ مـەحوو و پەرێشان بوو.. کوردان لە شیمالەوە بۆ جنوب قـسمی ئەعزەمی وەتەنیان بوو بـوو بـەدار ئەلحـەرب، یـەعنی جێـی کوشـتن و بـڕین بـوو، بـە چـە دەرەجەیـەك موتەزەریر و پەرێشان بوون مەعلوومە.

ئەوانەی کە ئەم مەنتیقەی دارئەلحـەربی کوردسـتانەی دی بێ دڵخۆش نـەبووینان بـەم پەریـشانییە مـومکینی نییە، سەرف نەزەر و لەسەد هەزاران کە بەدانە تـۆپی بە ئـاگری میترالیـۆز و تفـەنگ، بـە تەرەقـەی بۆمبـای مـەلعون مـەحوو بوونـەوە هـەزاران یـەتیم و یەتیمـەی کوردان عەجەزەی نیسوانی پیرانی خەستە و نـالان لـە ئاسـنای هیجرەتـدا جـەبری دا لـەناو بـەفردا، لەسـەر شـاخان دا لـە ئـەم لاو لـە ئـەڵا، لەبرسـاو لەسـەرمادا تەلەف بوون.

هـەزاران شـیرەخۆەی مەعـسوم گریـان ونـالان بـە بـێ دایـك، بـەبـێ غیـدا –بـەبێ خـواردن– لـەناو چـوون. لەوانە بـەعزێ کـە مابوونـەوە لـە ئەستەمبولا لـەپێش چاوی هەموو کەس دا وەکو ئەسراری (ئەسیر زەمـانی جاهیلییەت) بە مالآنا تەقسیم کران.

هـەروەکو، وتمـان، ژمـارەی چـواری رۆژنامـەی بـانگی کوردستان دوو نامەی بلاوکردۆتەوە، باسی یەکـەممان کـرد کـە لەئەسـتەمبوولّەوە هـاتووە جـەنابی مـستەفا پاشـا، لەبـەر رۆشـنایی نـاوەرۆکی نامەکـە، وتـارێکی هەمـەجۆری سیاسـی، نەتـەوەیی، کۆمەڵایـەتی بلاوکردۆتـەوە، کـە چـەند دێرێکـی لێـرەدا بلاوکراوەتەوە. نامەی دووەمیش، لەشاری موسـلەوە بـەناوی(دوعـای کـوردان بـۆ موسـلییان) هـاتووە. هەرچـەندە، نـاوەرۆکی نامەکـە پەیوەسـتە بـە دامەزراندنی حاکمێکی کورد بە نـاوی ئەمینـە فەندی، لـە هەنـدێ دانیـشتوانی شـاری موسـڵ، بەربـەرەکانێ

دەکەن، چونکە کوردێکی دڵسۆزە، هەروەك لە ناوەرۆکی نامەکەدا هاتووە: (ئەم ئەمینە فەندیی کوردێکی تەواو موسڵمانە و لە تەرەف بەعزێ کەسانی، عەلەیهی –دژی– کوردن، مەسئەلەی مەزهەببیان هێناوەتە ناوو وتوویانە، قازی لازمە حەنەفی بێت، ئەم ئەمینە ئەفەندییە شافیعییە نابێ ببێ، بە قازی لەسەر ئەمە مانعی مەئموورییەتی بووین...).

لە نووسینی رۆژنامەکە، لەبارەی ئەم نامەیە مەسەلەی کورد و عەرەب هەروەها باسی لە هەندێ بنەماڵە ناوارەکانی شاری مووسڵ کە کوردن دەکات... بە هەر حاڵ، رۆژنامەکە ناوەرۆکی نامەکەی کوردانە خستۆتە بەرچاوان بەوەش رەهەندێکی نەتەوەیی پێی بەخشیووە... بگرە بڵاوکردنەوەی نامەکەو دوان –**تعلیق**– لەبارەیەوە، نیشانەیەکی لێهاتوویی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە دووپات دەکاتەوە... لەگەڵ ئەوەشدا، دوو دێر لە کۆتایی نووسینەکەدا، رەخنە هەڵدەگرن، کە رۆژنامەکە تووشی هەڵەیەك هاتووە، کە بڕا ئێزیدییەکانی دانیشتوانی شەنگال و شێخان بە قەومی تەبەعەی شەیتان لەقەڵەم دەدات.

ئەنجام

١– ئەوەی راستی بێ من لەم نووسینەدا توانیم تەنیا چوار ژمارەی بە گشتی وبە پەلە لە روانگەی نەتەوەییدا بخوێنمەوە، کە لە ئەنجامەکەدا ئەوەم بۆ ساخ بۆوە، رۆژنامەی بانگی کوردستان –هەرچوارده ژمارەو پاشکۆکەی بەسەریەکەوە– ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی رۆژنامە نووسی کورده بە گشتی وشاری سلێمانی سەردەمی شێخی مەزن بە تایبەتی.

٢– بانگی کوردستان، بەپێی تێکرای بابەت و کورتە هەواڵەکانییەوە، رۆژنامەیەکی رۆشنبیریی، گشتیی، سەرتاسەری کوردستانیی خواروو دەژمێرێ... بە واتایەکی ورد تر رۆژنامەیەکی نەتەوەیی کوردستانی بووە...!

٣– دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی بانگی کوردستان چ وەك و خۆیان دیارن کە کەسایەتیی نیشتمان پەروەر و رۆشنبیر و گەورەی کوردن، شاری سلێمانی بە تایبەتی، بەڵام بەپێی چۆنییەتی دەرکردنی رۆژنامەکەو جەوهەری بابەتەکان، ژمارەیەکی نووسەرو روناکبیری ناسراوی کوردن کە جێی دەستی قەڵەم و هەڵوێستییان لە رەوتی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، وەك رۆژ دیارن.

٤– زۆر بە دڵنیاییەوە، دەڵێم، کە رۆژنامەی بانگی کوردستان بەشێکی زیندووی رەوتی رۆژنامەنووسی کورد دروست دەکات. هاوکات ئەرشیفێکی زێدە دەوڵەمەندی کەلتووری نەتەوەییە... بە واتایەکی وردتر، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، زانستی لەمەڕ رەوتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بە تایبەتی لەسەرەتای بیستەکان ناکرێ، ئەگەر بە وردی رۆژنامەی بانگی کوردستان، رۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستیقلال بە وردی نەخوێندرێتەوە.

لە کۆتاییدا، هیوام وایە، ئەم نووسینە ، لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، نەتەوەیی، کەرەستەیەکی سەرەتایی بێت و کەڵکی لێوەربگیرێت.

بژی کورد.. بژی کوردستان.. سوپاس...

پەراوێزەکان:

(١) بۆ زیاتر زانیاری، تەماشای کتێبی: رۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود بکەن...ئامادەکردنی رەفیق سالح لەسەر نووسینی سەدیق سالح ل: ٩.

(٢) سەبارەت بە کوردستان –ئێران– ئەوە سالی ١٩١٢ لە شاری ورمی، کۆڤاری کوردستان دەرچووە..

(٣) ئامێری چاپ بۆجاری یەکەم بەشێوەیەکی نوێ لەلایەن یۆهان گۆتەنبەرگ لەشاری ماینزی ئەڵمانیا رۆژی (٢٣ی شووباتی ١٤٤٠) هاتە کایەوە.

یۆهان گۆتەنبەرگ: (١٣٩٧ – ١٤٦٨)

سەرچاوە:/ سەمیر شێخانی– احداث واعلام

سەرچاوەکان:

١– رابەری رۆژنامەگەریی کوردی ، ئا: جەمال خەزنەدار

٢– رۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحمودی نەمر، ئا: رەفیق سالح، لەسەر نووسینی: سدیق سالح

٣– ژیانەوەو شوێنی لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا، عەبدوللا زەنگەنە، پێشەکی د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، بلاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠

٤– رۆژنامەی پێشکەوتن، ئا:سیروان بەکر سامی.

بوونا رۆژنامەگەریا کوردی و هەلویستێ رۆژنامە کوردستان ژمەسەلێن نەتەوەیی (١٨٩٨ـ١٩٠٢)



نڤیسینا : هوگر تاهر توفیق

یەك- قوناغا ئێکێ: رۆژنامە کوردستان ل سەردەمێ دامەزرێنەرێ وێ میقداد مەدحەت بەدرخان.

دوو- قوناغا دوویێ: رۆژنامە کوردستان ل سەردەمێ (عەبدولرەحمان بەدرخان)ی.

یەك- قوناغا ئێکێ: رۆژنامە کوردستان ل سەردەمێ دامەزرێنەرێ وێ میقداد مەدحەت بەدرخان

ل ٢٢ نیسانا ١٨٩٨ یەکەم رۆژنامە کوردی ل هەندەران، بدورستی ل باژێرێ قاهیرە ل وەلاتێ میسرێ" ل سەر دەستێ میقداد مەدحەت کورێ بەدرخان پاشای دەرکەفت"و ب کوردستان ناڤکر[١].

رۆژنامە کوردستان یا نیڤ هەیڤانەبوو، و پێنج ژمارێن ئێکێ، میقداد مەدحەت بەدرخانی ل قاهیرە دەرئێخستینە. و دەرئێخستنا ژمارێن (٦ـ٣١) برایێ وێ- بچوکتر (**عەبدولرەحمان بەدرخان**) وەرگرتیە، و بەلاڤکریە ل باژێرێن جیهانێ ێن جودا، ژمارێن (٦ـ١٩) ل جنیف دەرئێخستینە، و ژمارە (٢٠ـ٢٣) ل قاهیرە، و ژمارە (٢٤) ل لەندەن، و ژمارێن (٢٥ـ٢٩) ل باژێرێ فولکستون ل باشورێ لەندەن، و هەردوو ژمارێن داویێ (٣٠ـ٣١) دوبارە ل جنیف، و ژمارا داویێ (٣١) ل رێکەفتی ١٤ نیسانا[٢] ١٩٠٢ دەرچوو.

بەری بچینە د ناڤ هویرێن رۆژنامێ د قوناغا ئێکێ دا، دێ ئەگەرێن بووینە هوکار ژ بۆ پەیدابوونا رۆژنامەگەریا کوردی ل دەرڤەی کوردستانێ ل قاهیرە دیارکەین.

رۆژنامەگەریا ئازاد د دەولەتا ئوسلمانلیدا ل سەر دەمێ سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ (١٨٧٦ـ١٩٠٩) ئێکجار نەبوو، و ژێ د ترسییا، و ئەڤ چەوساندنا هزری و نەبوونا ئازادیا دەربرینێ بوونە ئەگەرا کوچبوونا گەلەك هزرڤانێن ئازاد و رۆژنامەڤانان بۆ دەرڤەی وەلاتی، و دەربارەی ڤێ چەندێ کازم ئەلمیقدادی دیار دکەت، کو ئەگەرا سەرەکی ل پشت ڤێ کوچبوونا مێژوویی، لێگەریان ل ئازادیا دەربرینێ بوو[٣].

ئازادیخوازێن ئوسمانی یێن ژ دەولەتا ئوسمانی کوچبەربووینە، و ل گرنگترین باژێرێن هەردوو کیشوەرێن ئوروپا و ئەفریکا کومبوون، وەك پاریس و لەندەن و جنیف ل کیشوەرا ئوروپی، بەلی گرنگترین باژێری ئازادیخوازا ل ناڤەندا خو ناسی ل کێشوەرا ئەفریکی قاهیرە بوو، و د نیڤبەرا سالێن (١٨٩٤ـ١٩٠٥) لێ کومبوون، و ل وێرێ بەرهنگاریا خو بەرامبەر کریارێن سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ د رۆژنامە و گوڤارێن خودا دیار دکر[٤] و لوی دەمی وەلاتێ مسرێ بیاڤێ هزری و رەوشەنبیریدا ژ وەلاتێن عەرەبی و ئیسلامی پشکەڤتی تربوو، و ئەگەرا ڤێ چەندێ ڤەدگەرت بوو داگیرکرنا فرەنسا ل سالا (١٧٨٩)، کو ڤێ داگیرکرنێ ژمارەکا زانایێن

بسپور ژ بۆ ڤەکولینان دەربارەی کاودانێ مسریێ ژ هەمی ئالیانڤە ل گەل خو ئینابوون، و ڤان زانایان پەرتوکەك دانا لژێر ناڤێ (**وصف مصر**) و ژ چەند بەرگان پێکدهات، و ئەڤێ کارتێکرنا خو لسەر نێزیکرنا میسریێ بۆ ئەوروپا کر[٥]، زێدەباری دەستهەلاتا ئوتونومی دناڤ دەولەتا ئوسمانیدا هەبوو، هەر ژ سەردەمێ محەمەد عەلی پاشایی (١٨٠٥ـ١٨٤٩) ئانکو تنێ بناڤ بسەر دەولەتێ ڤەبوو، و ئەنجامێ شۆرشا ئەحمەد عورابی[٦]دا ئینگلیز چونە د مسریێ دا و د سالا دویڤدا داگیرکر[٧].

و دەربارەی رۆژنامەڤانییا وی سەردەمی جورجی زیدان دیار دکەت، دەمێ ئینگلیزی میسر داگیرکری و فرنسا دگەلدا نەبوو، مەسەلا داگیرکرن و خوڤەکێشان، و مەسەلا میسری و ئوسمانی پەیدابوو، رۆژنامە دابەشبوون، هندەکا لایەنگریا دەولەتا ئوسمانی دژی ئینگلیزان دکر، و هندەك بو فرنسا دژی ئنگلیزی، و هندەکێن دی لایەنێ ئینگلیزی گرت[٨]. هەروەسا حوکمەتا داگیرکەرێ ئینگلیزی ئاسانی د گەل یاسا چاپەمەنیێ ئوسمانی ئەوا ل ١٨٨١ دەرچووی کر، ئەوا بەند و مەرج لسەر ئازادیا رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنڤیسان دسەپاند، چونکە راگرێ داگیرکاریا ئینگلیزی (**لورد گرومەر**) ئەوێ بوویە کونسلێ گشتیێ ئنگلتەرا ل مسریێ د نیڤبەرا (١٨٨٣ـ١٩٠٧) بەندکرنا رۆژنامەگەریێ بۆ ئینگلیزان ب قازانج نەددیت[٩] و گوتنێن لورد گرومەری: "**ئەگەر مەنجەل چ کون لێ نەبن دێ پەقت، بەلێ ئەگەر تە رێك بۆ دەرکەڤتنا هەلمێ هێلا دێ یا ب سلامەت بیت**"[١٠].

٢- هـەواڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوێکـی دیـاریکراوە، لـە کاتێکـدا ڕاپـۆرت لێکدانـەوەی خـودی هەواڵەکەیـەو ڕێنوێنی و ڕێ نیشاندانی لە خۆگرتووە.

٣- پێدەچـێ ڕاپـۆرت ڕا یـا حوکمـدانێك بـە سـەر ڕووداوەکەی تێدابێ، ئەمە لە هەواڵدا گونجاو نییە.

٤- دەکـرێ نووسـەرێکی کـەم ئـەزموون هـەواڵ بنووسـێتەوە، بـەڵام ڕاپـۆرت مەرجـە ڕۆژنامەنووسـیی خـاوەن ئـەزموونی دوورودرێـژو ڕۆشـنبیرییەکی بـەرفراوان بینووسـێو ئاسـۆی سیاسـی ڕوون بـێ، سەرباری هەردوو توخمی گێڕانەوەو ئەندێشەی چیرۆك توانای زمانەوانی زۆرباشی هەبێ.

٥- هـەواڵ هـەر ئەنجامـەکانی ڕووداوی بـە لاوە مەبەسـتە، ڕاپـۆرتیش ئامـارو زانیـاری وەرگـیراو لـە چـەندین سەرچـاوەی جیاجیـاوە لـە خـۆ دەگـرێو لەوانەیشە ڕای کەسـانی پەیوەسـت بـە ڕووداوەکـە لـە خۆبگرێ.

٦- هێندێ جیاوازی لـە شـێوەدا هـەن وەك پێویسـتی هەبوونی ناونیشانێکی کـورت بـۆ هـەواڵو بـۆ ڕاپـۆرت ناونیـشانی درێـژو پێدەچـێ چـەند ناونیـشانێکیش پێویست بێت.

٧- ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی بە چاوپۆشی کردن لـەو قالبـەی تێیـدا نووسـراوە بـە زۆری مـۆرکی چیرۆکەهەواڵی پێوەیە. لە کاتێکدا هـەواڵ مـەرج نییـە بەو جۆرە بێ.

پەیوەندی نێوان ڕا پۆرت و ڕیپۆرتاژ

١- ڕاپـۆرت لـە بـارەی هـەواڵێکی گەرماوگـەرم یـا کێشەیەکی گـەورەوە دەنووسـرێ، بـەڵام ڕێپۆرتـاژ لـە بـارەی فیکرەیـەك یـا گیروگرفتێـك یـا کێـشەیەکەوە دەنووسرێ.

٢- ڕاپـۆرت بـە درێـژی لـە بـارەی وردەکارییـەکانی هـەواڵ یـا کێـشەیەکەوە دەنووسـرێ، بـەڵام ڕێپۆرتـاژ سـەرباری ئـەوە بایـەخ بـە دۆزینـەوە یـا پێـشنیازی چارەسەری کێشەکەیش دەدات.

٣- لەوانەیە ڕاپۆرت هەر یەك وێنەی تێدا بێ، بەڵام لە ڕێپۆرتاژدا چەندین وێنە پێویستن، لەوانـە وێنـەی ئـەو کەسانە کە لە ڕێپۆرتاژەکەدا ناویان هاتووە.

٤- ڕاپـۆرت بـە یـەکێك لـە قالبـەکانی نووسـینەوەی هـەواڵ دەنووسـرێ، لـە کاتێکـدا ڕێپۆرتـاژ بـە پێـی بنەمای پێشەکی پاشان دەقو دواتر کۆتایی باسـەکەو بـە کـورتی دەنووسـرێ، سـەرباری ئـەوەی ڕێپۆرتـاژی نوێ مۆرکی چیرۆکی پێوەیە.

٥- لەوانەیە ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسـیی پێویستی بـە ماوەیەکی دوورودرێـژو هـەواڵی زۆرو چـەند قۆنـاغ بـێ، بەڵام ڕاپۆرت بە پشت بەستن بەو سەرچاوانەی لەبـەر دەستدان یـا هـەر بـە سـەردانێکی شـوێنی ڕووداوەکـە دەکرێ هەر لە بارەگای ڕۆژنامەکەدا بنووسرێ.

٦- سەرکەوتنی ڕێپۆرتاژ لە سـەر ئـەوە وەسـتاوە تـا چـەند بـە لای خوێنـەرەوە مایـەی بایـەخ پێدانـەو، هەروەها لەسەر توانای ڕۆژنامـەنووس دەوەسـتێتەوەو چـۆن بـە شـارەزاییەوە دەینووسـێ، بـەڵام دەبیـنین ڕاپـۆرت گەرماوگـەرمی هەواڵەکـە یـا کێـشەکە دەبێتـە مایەی سەرکەوتنی.

٧- بایەخی ڕێپۆرتاژ بە شـێوەیەکی ئاسـایی لـە سـەر ئـەو کۆمەڵگایـە دەوەسـتێتەوە کـە ڕۆژنامەکـەی تێـدا دەردەچـێ، لـە کاتێکـدا زۆرجـار پێوەندییـە نێودەوڵەتییـەکانو ڕووداوە سیاسـی و ئابووریـە جیهانییەکان تەوەرێکی ڕاپۆرت دەبن.

٨- یـەك ڕۆژنامـەنووس یـا زیـاتر لـە نووسـینی ڕێپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسییدا بەشداردەبن، لـە کاتێکدا نووسـەر ڕاپۆرتەکـەی بـە پـشت بەسـتن بـە زۆر سەرچـاوەی جیاجیـای وەك هـەواڵو ئاژانـسەکانی هەواڵو بەیاننامـەی حکومـەتو دەسـتە جیاوازەکـانو کـۆنگرە ڕۆژنامەنووسـییەکانو تـۆڕی پەیامنێرانـەوە دەنووسێ.

٩- مەرجـە ڕێپۆرتـاژ ناونیـشانێکی سـەرەکی و چـەند ناونیشانی لاوەکی هەبێ، بەڵام بـۆ ڕاپـۆرت تاقـە یـەك ناونیشان بەسە.

١٠- ئەرکی سەرەکی ڕاپـۆرت لێکدانـەوەی هەواڵـە لـە کاتێکدا ئـەرکی سـەرەکی ڕێپۆرتـاژی ڕۆژنامەنووسـیی ئاڕاستەکردنو ڕۆشنبیرکردنە.

ڕا پۆرتی سادە

ڕاپـۆرتی سـادە شـێوەیەکی ڕۆژنامەنووسـیی نوێیـە، ناکرێ درێژدادڕی پێبدرێو زیـاتر سـەبارەت بـە تاقـە بابـەتێکی دیـاریکراویش دەنووسـرێ. باشـترواپە پـاش تەتەڵەکردنو پوختەکردنی لە باسی لاوەکی و زیـادەو ڕوونکردنـەوە کـە هـەر لـە بنەڕەتـەوە هـەن، کـرۆکو نـاوەڕۆکی بابەتەکـەو زانیـاری و ڕاسـتییە هەرەگرنگەکان بخرێنەڕوو.

ئەمانەی لای خوارەوە نموونەی راپۆرتی سادەن:

١- داپۆشینی گوتارخوێندنەوەی کەسایەتییەکی گەورە.

٢- داپۆشینی کۆنگرەکانی ڕۆژنامەنووسیی.

٣- داپۆشینی کۆبوونەوە.

٤- داپۆشینی سەردانێکی گرنگ.

٥- داپۆشینی لێدوانی هەر کەسێك سەبارەت بە ڕووداو یا کێشەیەکی گەرماوگەرم.

٦- داپۆشینی بەیاننامەی حکومەت یا ڕێکخراو یا هەر کەس و لایەنێك.

٧- داپۆشینی هەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیەکی نوێ.

دەکرێ ئەم نموونانە بوارە جیاجیاکانی ژیان، وەك سیاسەتو هونەرو ئابووری و دادگاو کارەساتو..بگرنەوە:

یەکەم: داپۆشینی گوتارخوێندنەوە:

چیدی ئەو کەسەی هەواڵێکی پێدەگات نە حەوسەڵەو تاقەتی هەیەو نە ماوەی ئەوەیشی هەیە گوێ لە گوتاری کەسایەتییەکی دیاریکراو بگرێ یا بیخوێنێتەوە، سائیدی کاریگەری ئەو کەسایەتییە هەر چەندێك بێت، چونکە گوتاری سیاسەتمەدارو کەسایەتییەکانی دیکە بە مەبەستی ڕازی کردنی بەرانبەرەکەیو بیانووهێنانەوە بۆ هەڵوێستو هەڵسوکەوتیان پڕیەتی لە وشەی ڕەنگاورەنگو بریقەدارو ڕوونکردنەوەو نموونەی زۆر، هەر بۆیە خوێنەر ئەوەندەی بەسە گرنگترین خاڵی گوتارەکە بزانێتو لە هەڵوێستی نوێو زانیاری سەرنجڕاکێشو ڕای کاریگەرو هۆکارەکانی ڕاو هەڵوێست وەرگرتنێکی ئاوەها بە ئاگا بێت، هەروەها کاردانەوەی چاوەڕوانکراوی گروپو جەماوەر لە بەرانبەریدا.

سەرباری ئەوەی سیاسەتمەداران توانیویانە جڵەوی ئارەزوویان بکەنو گوتارەکانیان کورت بکەنەوەو زانیاری بە سوود بهێننەوەو تەنیا باسی گەوهەری مەسەلەو بابەتەکە بکەن، بەڵام زۆر جار ڕوودەدات کە خوێنەر پێویستی بەوەیە زیاتر لە گەوهەری بابەتەکە بزانێتو، پێی خۆشە کەمێ لە ژیانناممەی قسەکەر بزانێتو ئاگای لە بەشێکی ئەو هەلومەرجە بێت کە بۆ گوتار خوێندنەوەکە هاندەری بووە، هەروەها لەوانەیە حەز بکات ئەو کاریگەرییەیش بزانێ کە لە ساتی خوێندنەوە یا پەخشکردنی گوتارەکەیدا بە سەر ڕووخسارییەوە دەرکەوتووە، پاشان کاریگەری چاوەڕوانکراوی گوتارەکە بە سەر ڕووداوەکانو گروپە ڕکابەرەکانو جەماوەرەوە.

ڕاپۆرتەهەواڵ کە گوتارێکی دیاریکراو لە گشت لایەنێکەوە وردەدەکاتەوە.

مەرجە ئەم زانیارییانەی لای خوارەوەی تێدابێ:

١ــ گرنگترین خاڵی بەرچاوی گوتارەکە وەك هەڵوێستو ڕاو زانیاری یا هەر دەقێکی بە هێزی پڕمانا.

٢ــ گوتارەکە بۆچییەو جێو شوێنی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا.

٣ــ کاردانەوەی چاوەڕوانکراوی گوتارەکە لەسەر جەماوەرو گروپی دیکە.

٤- پێشینەیەکی مێژوویی و ئەرشیفی گونجاوی لەگەڵ بێ.

دەکرێ لە کاتی نووسینی ڕاپۆرتەهەواڵدا پەنابەرێتە بەر شێوازی گێڕانەوەی چیرۆك کە بە پێشەکییەکی کورت دەست پێ دەکاتو بە دەقێك پشتگیری لێ دەکرێ، هەر وەك دەکرێ بە زانیاری هەستو سۆزداری سەرنجڕاکێش دەست پێبکرێ کە بە دەقی وەرگیراو لە گوتارەکەوە پشتگیری لێ بکرێ. لەوانەیشە زۆربەی نووسەران لە خاڵێکی سەرەکییەوە دەست پێ بکەن کە کەسی قسەکەر وروژاندوویەتی، یا بە وەسفکردنی خودی کەسەکە یا ئەو هەلومەرجەی گوتارەکەی تێدا خوێندراوەتەوە یا بە گێڕانەوەی حیکایەتێکی دانسقە کە پێوەندی بە گوتارەکە یا بە کەسایەتییەکەوە هەیە، دەست پێ بکەن.

با پێکەوە ئەم گوتارە بخوێنینەوە:

کاسترۆ... قەیرانی ئابوری جیهانی

هاڤانا - ئەی ئێف بی - فیدڵ کاسترۆی سەرۆکی کوبا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە کاریگەری قەیرانی ئابوری جیهانی قووتاری نەبووەو، ئاماژەی بەو ئاستەنگییانە کرد کە ڕووبەڕوی کوبا بونەتەوە کە بەبێ بازاڕی گەشتوگوزاری و دابەزینی نرخی شەکر کالای سەرەکی هەناردەی وڵات کاری تێکرا. گوتی ژمارەکان هاندەر نین و، بە لەبەر چاوگرتنی کێشی قورسی ئابوری وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر تەواوی جیهان و بە کوبایشەوە. سەرباری ئابلۆقەی سەپێنراو

ناڕاستەوخۆ قەیرانی ئابووریی جیهانی کاری کردووەتە سەر ولاتەکەی).

لە گوتار خوێندنەوەیەکی دا لەبەردەم نزیکەی ١٥٠,٠٠٠هەزار کەس لە سیاگۆ دی ئەڤیلا (٦٠٠ کیلۆمەتر ڕۆژهەلاتی هاڤاناوە) و بە بۆنەی ساڵیادی ٤٩ ی شۆڕشی کوباوە پێڕێ ئێوارە لەو هۆکارانەوەی باسی لێوەکرد(نرخی دابەزیەی شەکرو نیکل) بوو دوو کالای سەرەکی هەناردەی کوبان.

هەروەها ئاماژەی بەو (هێرشە وێرانکارییە)کرد کە دەستدرێژییەکانی ١١ ی ئەیلول (سێپتەمبەر) کردیانە سەر کەرتی گەشت و گوزاری.

لە لایەکی دیکەوە کاسترۆ جەختی کردەوە (کێشەی گومان لێکراوی پارەو سپی کردنەوەی دراو و قاچاخچێتی تلیاك و ... لە کوبادا نین). وەسفی ئەو ئابڕووچوونە دارایانەی کرد کە حاڵی حازر ولاتە یەککرتووەکانی هەژاندووە کە (دزی ئابڕووبەرانەو نەنگی) و(دەست بڕینی تاوانکاری)ە، بەڵام سەرکردەی کوبا سوپاسی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریکای کرد کە دەنگیان لەسەر سێ یاسا داوە بۆ سووککردنی ئابلۆقەی سەپێنراوی سەر ولاتەکەیدا.

گوتی :- هەمیشە منەتباری ئەم دەستپێشخەرییەین، دەمەوێ سوپاسی گەلەکەمان وەك یەك بۆ کۆماریخواز و دیموکراتەکان دەربڕم کە زیرەکانەو سەربەخۆ و شێلگیرانە کاریان کردووە.

ئەنجومەنی نوێنەران شەوی سێ شەمە لەسەر چوارشەمە لە واشنتۆن دەنگیان بۆ لابردنی کۆت و بەندی ئەمەریکی سەپێنراوی سەر ئالۆگۆڕی بازرگانی لە بواری ماددەی خۆراك و دەرمان و سووککردنی کۆسپی سەفەرو حەوالەکردنی دراودا داوە، بەڵام سەرۆك بۆش ڕایگەیاند کە ڤێ ی لە سووك کردنی سەفەرکردنی ئەمەریکییەکان بۆ کوبا دەگرێ.

کاسترۆ بە بۆنەی ساڵیادی ٤٩ ی هێرش بۆسەربازگەی مونکادای سانتیاگۆ دی لە ١٦ ی تەموزی (یولیۆ) ١٩٥٣ دا کە بە خاڵی هەڵایسانی شۆڕشی کوبی دادەنرێ.

سەرچاوە پەسمییە کوبییەکان باس لەو ئاستەنگییە ئابووری یانە دەکەن کە ڕوبەڕوی کوبا بوونەتەوە. بەوپییەی پیشەسازی شەکر لە ولاتدا هەرە گرنگترینەو ناکرێ بە هۆی دابەزینی بەردەوامی نرخی نێودەوڵەتی هەروا درێژە بکێشێ. لە کۆی ١٥٥ کارگەی شەکر ،٧١ کارگەیان بە تەواوەتی دادەخرێت و ١٤ ی دیکەیان بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمە شەکرییەکان دەگۆڕێن ، ٧ یشیان دەکرێنە مۆزەخانەی شەکر تا پەرە بە کەرتی گەشت و گوزاری بدرێ.

ئەو ڕاپۆرتەی سەرەوە سەبارەت بە گوتاری (فیدڵ کاسترۆ)ی سەرۆکی کوبا نموونەیەکی ڕاپۆرتی نوێیە، فیکرەی تەوەرەیی سەرەکیی ڕۆژنامەنووس لە گوتارەکەی سەرۆکی کوباوە وەرگیراوەو لەسەر کاریگەریی قەیرانی ئابووریی جیهانییە بە سەر ئابووریی ولاتەکەیەوە، بڕگەی پێشەکی بە پێی ڕاگەیاندنەکەی سەرۆکی کوبا تەواو وێنەی هەڵوێستەکەی گرتووە. دواتر بڕگەی پشتگیری کردنی ئەم قسانە هەر لە زمانی خودی سەرۆکەوە وەرگیراوە، بڕگەیەکی گوتارەکەو پاشان بڕگەی سێ یەم کە زیاتر مەسەلەکە ڕوونەدەکەنەوەو تێیدا ئاماژە بە ڕاگەیاندنی سەرۆك و قسە وەرگیراوەکانی لەو گوتارەیەوە کراوە کە لە شارێکدا ٦٠٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژهەلاتی هاڤانای پایتەختەوە دوورەو لەبەر دەمی ١٥٠ هەزار کەسداو بە بۆنەی یادی ٤٩ ساڵەی شۆڕشی کوباوەیە. ڕاپۆرتەکە لە سەر هەمان شێواز درێژەی پێدەدرێ، بڕگەیەکی دیکەی بە دوادا دێت. ڕۆژنامەنووس لە ناوەڕۆکی دیکەی گوتارەکە خوێنەر ئاگادار دەکاتەوەو دواتر لە خودی گوتارەکەی وەردەگرێت، لە بڕگەیەکی دواتردا قسەی سەرۆکی تێدا هێنراوەتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات، ئەمە شێوازێکی باوی قاڵبی هەڕەمی هەڵگەڕاوەی پلەپلەکراوە، لە ناوەڕاستی ڕاپۆرتەکەدا قسەیەکی سەرۆك باسکراوە کە سوپاسی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەکات کە بۆ سووککردنی گەمارۆی ئەمریکا لە سەر ولاتەکەی دەنگیان داوە، پاشان چەند ڕستە بەو مانایە لە دەقەکەوە وەردەگرێ، دواتر لە گێڕانەوەی ناوەڕۆکی گوتارەکە دەوەستێو باسی ئەو بڕیارە دەکات کە ئەنجومەنی نوێنەران لە واشنتۆن دەنگی لەسەر داوە بە هەڵوەشانەوەی کۆتو بەندی سەپێندراوی ئەمریکا بە سەر ئالۆوێڕی بازرگانی لە هێندێ بواری مرۆڤایەتیدا لەگەڵ کوبادا. بەڵام ڕاپۆرتەکە لە بڕگەیەکی دیکەدا خێرا باسی ناڕازی بوونی سەرۆکی ئەمریکا دەکات لەسەر ئەو بڕیارەو

پاشان راپۆرتەکە بۆنەی گوتار خوێندنەوەکە بە ڕۆژو شوێنی هەڵایسانی شۆڕشی کوباوە بە بیری خوێنەران دەهێنێتەوە، بە جۆرێ ڕۆژنامەنووس بیرخستنەوەی بۆنەکە دەکاتە دەروازەیەك بۆ سەر لە نوێ قسەکردن لە سەر ڕەوشی ئابووریی کوباو ئەمجارەیان لە (**سەرچاوەی ڕەسمی کوبا**)ەوە چەند ژمارە وەك بەڵگەی ڕاستی قسەکانی لەسەر پاشکەوتووویی ئابووریی کوبا دەهێنێتەوە.

چەند سەرنج لە بارەی ڕاپۆرتەکەوە:

١ــ خاڵەکانی چوونە ناو باسەکە بریتین لە: ناونیشانەکە خوێنەر تێدەگەیەنێ کە کاسترۆ قسە لە بارەی کاریگەریی خراپی قەیرانی ئابووریی جیهانی لە سەر کوبا دەکات. پاشان وێنەیەکی لە شوێنی گوتار خوێندنەوەکەوە گیراوەو تێیدا جەماوەری گوێ قوڵاخ بۆ گوتارەکەی سەرۆك دەردەکەوێ، دواتر لێدوان لە بارەی وێنەکەوە، ئەم زانیارییانەی تێدایە لە بارەی: ژمارەی کوباییەکان+ ئەوانەی گوێقوڵاخن بۆ بیستنی گوتارەکە+ گوتاری کاسترۆ+ لە گۆڕەپانی شۆڕش لە (سیاگودی ئەقیلا)+ شوێنی گوتارخوێندنەوە دەکەوێتە ٦٠٠ کیلۆمەتری ڕۆژهەلاتی هاڤانای پایتەختەوە+ سەرچاوەی وێنەکە (أب).

٢ـ سەرچاوەی ڕاپۆرتەکە لە هاڤانایەو لە (ئاڤ ب) واتا ئاژانسی ڕۆژنامەنووسیی فەڕەنسییەوەیە.

٣ـ ڕاپۆرتەکە بە (**سەرۆکی کوبی ڕایگەیاند..**) دەست پێدەکاتو بە خوێنەرانی ڕادەگەیەنێ کە وڵاتەکە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی قەیرانی ئابووریی جیهانی، ئاماژەشی بەو دژوارییانە داوە کە بە هۆی پاشەکشەی گەشتوگوزارو دابەزینی نرخی شەکر، کە دوو بواری سەرەکیی ئابووریی کوبان، قوڕەکەیان خەستکردووەتەوە.. پاشان لە بڕگەی دواتردا دەقێك لە گوتارەکەی کاسترۆ وەردەگرێ کە سوودی ئەوەی تێدا بێت.

٤ـ نووسەر لە ڕێی ڕستەیەکی هانا هێنانەوەوە کە بەمجۆرە دەست پێدەکات (**کاسترۆ لە گوتارێکیدا لەو کارانەی لە بەردەمی... باسی کردوون**) بۆ بڕگەی سێیەمی دوای دەخات بە خوێنەر دەڵێت کە قسەکانی پێشوو ناوەڕۆکی گوتارەکەی سەرۆکی کوبایە.

٥ـ گوتارەکە باس لە کێشەی دیکەیش دەکات کە کاسترۆ وروژاندوونی، نووسەر لە بڕگەیەکی نوێ داو دوای ئەم ڕستەیە (**لە لایەکی دیکەوە کاسترۆ جەختی کردووەتەوە لە سەر...**) باسی دەکات. چونکە ئەم بڕگەیەی داپۆشینی گوتارەکە ئاماژەیەکە بە ڕەخنەی کاسترۆ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بڕگەی دواتر کە تێیدا سەرۆکی کوبا سوپاسی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا دەکات کە چەند بڕیارێ لە بەرژەوەندی کوبا دەرکردووەو بە وشەی بەڵام دەست پێدەکات.

٦ـ پاشان ڕاپۆرتەکە هێندێ زانیاری سەبارەت بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە چەند ڕۆژی پێشوودا بۆ بیرخستنەوە دەهێنێتەوە، کاتێك باس لە ناڕەزایەتی سەرۆکی ئەمریکا دەکات لەسەر ئەم کارڕاییەو بڕگەی نوێ بە وشەی (**بەڵام**) دەست پێدەکات.

٧ــ ڕاپۆرتەکە سەر لەنوێ دەگەڕێتەوە سەر بیرخستنەوەی بۆنەی گوتارخوێندنەوەکەی کاسترۆو ڕەوشی سالیادی ٤٩ ساڵەی هەڵایسانی شۆڕشی کوبا، هەر لە هەمان ئەو جێگایەی گوتارەکەی تێدا خوێندراوەتەوە.

٨ـ ڕاپۆرتەکە باسی پێشینەیەکی زانیاری لە بارەی دۆزەی قەیرانی ئابووریی کوباوە دەکات کە لە (**سەرچاوەی ڕەسمی کوبا**)وە وەرگیراون.

٩ــ سەرنج دەدەین ڕاپۆرتەکە هەر بەوەندەوە گیرنەبووە، باس لە گرنگترین ناوەڕۆکی گوتارەکە بکات، بەڵکو ڕەوشو بۆنەی گوتارخوێندنەوەکەو ئاپۆرەی جەماوەرو دەلالەتی شوێنەکەو، دواتر بەستنەوەی ناوەڕۆکی گوتارەکە بە زانیاری دیکەی وەك بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکاو ناڕەزایەتی سەرۆکی ئەمریکا لە سەر بڕیارەکەو، پاشتر ئەو زانیارییانە سەبارەت بە دژوارییەکانی ئابووریی کوبا لە سەرچاوەی ڕەسمی وڵاتەکەوە وەرگیراون، هەموو ئەمانەیش پاڵپشتی تەوەرەی سەرەکین کە کاسترۆ لە گوتارەکەیدا زیاتر چاوی تێبڕیبوونو.. هەموویشی بە دەوری چەقە خاڵی سەرەکی گوتارەکەوە دەسووڕێتەوە.

دووەم: داپۆشینی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی:

کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی سەبارەت بە قسەکەر هەروەك گوتارخوێندنەوەیەکی ڕاستەوخۆی بەردەم جەماوەر وایە، بەڵام لێرەدا ئاساییە کە جەماوەر

کۆمەڵێك رۆژنامەنووسیی خۆ تێ هەڵقورتێنەرن، ژمارەیەکیان هەوڵدەدەن قسەکەر تەنگەتاو بکەن، سەرباری ئامادەبوونی هەمووان لە هۆڵی کۆنگرەدا خواخوایانە زانیاری و ڕوونکردنەوەیەکیان دەست بکەوێت، لە کاتی کۆنگرەدا ئاساییە کە قسەکەر دەکەوێتە ئاخاوتن، لەوانەیە پێشتر قسەکانی بە نووسراوی بە سەر ئامادەبووانداا دابەش کرد بێت، گەرچی هێندێ کەس هەن ئارەزوویانە لە دوا ساتدا چەند بڕگەو ڕستەی نووسراوەکە بگۆڕن، ئەمەیش ڕۆژنامەنووس ناچاردەکات وریای هەر حاڵەتێکی ئاوها بێت.

ڕۆژنامەنووسان پاش کۆتایی هاتنی خوێندنەوەی گوتارەکە لە لایەن کۆڕگێڕی یاریدەدەری کەسی قسەکەر یەك لە دوای یەك پرسیاری خۆیان دەکەن، ئاساییە ئەو زانیارییانەی لە وەڵامی پرسیارەکاندا دەست دەکەون گرنگترین لەو زانیارییانەی کە لە گوتارەکەیدا هاتوون، ئەمەیش وا لە ڕۆژنامەنووس دەکات زیاتر چاو ببڕنە ئەم لایەنەی کۆنگرەکەو، ڕۆژنامەنووسی زیرەك بە دوای لایەنە شارراوەکانی پرسیارەکاندا دەگەڕێ، لە لایەکەوە دەتوانێ کاردانەوە تایبەتییەکانی هەر پرسیارێك بخوێنێتەوەو، لەوانەیشە پاش کۆتایی کۆنگرەکە دەرفەت بڕەخسێ سەبارەت بە چەند لایەنی دیاریکراوی کەسەکە زانیاری زیاتری دەست بکەوێت. یا لێدوانی ڕۆژنامەنووس لە دەرەوەی هۆڵی کۆنگرە بە لای جەماوەری خوێنەرەوە یا ئەو کەسەی زانیاری و بیروڕای ئەو ڕاپۆرتەی پێدەگات کە لە بارەی گشت لایەنێکی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەوە نووسراوە لەوانەیە گرنگترو بە بایەختر بێت.

مەرجە ڕاپۆرت ئەم چەند خاڵە لە خۆی بگرێ

١ــ زانیاری لە بارەی ئەو کەسەوە کۆڕەکەی بەستووە.

٢ـ هۆکارو پێشینەی بەستنی کۆڕەکە.

٣ـ گرنگترین خاڵو دەقی کۆنگرەکە، بە تایبەتی لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسانو کاردانەوەی لە سەر هەر پرسیارێك.

٤ـ ڕەوشی کۆنگرەو ئەو شوێنەی تێیدا دەبەسترێ گەر کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێ.

٥ــ تێڕوانینی گروپە هاوپەیمانەکانو بەرهەڵستکارەکانو کاردانەوەیان لە کۆنگرەدا یا بە پێی ڕەوتی مەنتیقی ڕووداوەکان یا بە پشت بەستن بە ڕووداوی هاوشێوەی لەوەو پێش و ڕەنگدانەوەی بڕیارەکانو هەڵوێستی نوێی پاگەیەندراو لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا لە سەر کارو ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتردا و چ کاردانەوەیەکی چاوەڕوانکراویان دەبێ.

بۆ ئەم ڕاپۆرتە سەبارەت بە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بخوێنینەوە:

مۆڵەت بە کۆمپانیای نوێ دەدرێت و لەم بارەوە لە بازاڕ دەکۆڵرێتەوە

سەرمایەگوزاری بیانیش لە کەرتە ئابوورییەکەدا بەدوور نازانرێ

سعودیە: دەستەی پەیوەندی کردن بڕیار لەسەر گەلاڵەنامەی جێ بەجێ کردن دەدات. وەزیری بروسکەو پۆستەو تیلیفون (خالد محەمەد ئەلقەسیبی) لەبری سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستەی پەیوەندی کردنی سعودیە جەختی کردەوە کە دوێنێ دەستە بڕیاری لەسەر گەلاڵەنامەی جێ بەجێ کردنی سیستەمی پەیوەندی کردن داوە، کە تا ئێستا لە وڵێنە ئاستی ئەوە لە جیهانی عەرەبیدا نەبینراوە (کەسیستەم و بەڵگەنامەی پەیوەندی کردنی لەو ئاستەدا تێدا فەراهەم نییە).

ریاز–محمد ئەلیامی.

ئەلقەسیبی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا کە دوێنێ لە بارەگای دەستە لە ریاز بەستی گوتی ئامادەکردنی گەلاڵەنامەکە کاتێکی زۆری پێچووەو گفتوگۆو ڕاوێژی زۆری لەناوخۆو دەرەوەدا لەبارەوەکراوەو، هەروەك ڕاگەیاندنی ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی دەستە وایە لەڕێی ٩٦ مادەوە کە گەلاڵەنامەکەی لێ پێکهاتووە و لەڕێی (کێ بەرکێ و شەفافیەت و دادپەروەری و ڕەخساندنی دەرفەتی وەك یەك بۆ هەموو لایەکی شایستە) کەرتی پەیوەندی کردن ڕێکدەخات.

سووربوو لەسەر ئەوەی وەك هەر(مشغل)ێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ (کۆمپانیای پەیوەندی کردنی سعودیە)ەوە دەکرێ و هیچ خاسیەتێکی دیاری کراوی لەبەرامبەر کۆمپانیاکانی دیکە نابێ).

هەروەها بە دووری نەزانی دەرقەت بە سەرمایەگوزارانی بیانیش بدرێ،کە تا ئێستاکە ناتوانن لە کەرتی پەیوەندی کردندا سەرمایەبخەنەوە. لە دواڕۆژدا گەر ڕێورەسم (الچوابگ) ی پێویست بەدی هات و لە هەمووی گرنگتر دەبێ سەرمایەگوزاری

لەڕێی کۆمپانیای هاوبەشی گشتییەوە بێ و هاوواڵتیان خاوەنی بن.

ئەلقەسیبی گوتی دەستەکە چاو بە هەموو داواکاری پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی پێوەندی کردندا دەخشێنێ پاش ئەوە لە بازاڕ دەکۆڵرێتەوەو جگە لە کەرتی تەلەفونی ئاسایی و مۆبایل کە کردنەوەی دەرفەت تیایاندا بە بڕیارێکی سیاسی دەبێ و دواتر حکومەت ئەو بڕیارە دەدات.

بانگەشەی لاوازی ژێرخانی وڵاتی پەتکردەوە و بە لایەوە (لە هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی دا بەهێزترین ژێرخانی ئابورییەو، لێرە کێبڵی بینین (بصریە) هەیە کە لە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا نییە).سەبارەت بە خستنە بازاڕی پشکەکانی (کۆمپانیای پەیوەندی کردنی سعودی) بە مەبەستی تۆمارکردنی گشتی(اکتتاب عام) وەزیر ڕوونی کردەوە کە بەرفراوانەو پێش کۆتایی ئەم ساڵ وادەکە ڕادەگەیەنرێ! و بەپێی ڕێنوێنی حکوومەت دەبێ. وا چاوەڕێ دەکات ئەو پشکانە تەنها ٢٠–٣٠٪ ی پشکی کۆمپانیاکە دەبێ.

(ئەندازیار جەمیل محەمەد مەلا) ی بڕێزگاری دەستەی پێوەندی کردنی سعودیە لای خۆیەوە ڕای گەیاند کاری دەرکردنی مۆڵەتنامەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سەربارەی گەلاڵەنامەی جێ بە جێ کردن پێوەندییەکان لە دەستە داوادەکرێ. لێکۆڵینەوەی دوورودرێژی لەبارەی ڕەوشی ئێستای بازاڕی پێوەندی کردنەوە ئامادەکردووەو بۆ کردنەوەی بازاری پەیوەندی کردنی بە مەبەستی کێ بەرکێ پلانی داڕشتووە. (لەگەڵ ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی شانشیندا بگونجێ) لێکۆڵینەوەکە خشتەیەکی زەمەنی کردنەوەی بازاڕەکان لەخۆدەگرێ تا لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانیدا هەنگاوی پێویست بۆ بەخشینی پەیوەستنامەکان هەڵ بێنێتەوە.دەستەکە پێی وایە نزیکەی دوومانگ لەمەوبەر ئەم لێکۆڵینەوانەی کردووەو پێش کۆتایی ئەم ساڵ کۆتایی پێ دەهێنرێ.

گەلاڵەنامەکە دەستنیشانی ئەو (المشغل)ەی کردووە کە کۆنترۆڵی بازاڕ دەکات دەست بەسەر لە ٤٠٪ی بازاڕ و زیاتریش دا دەگرێت. لەم بارەوە پارێزگار ئاماژەی کرد بەوەی کە دەستەکە کۆنترۆڵی ئەم جۆرە کۆمپانیایانە دەکات تا پەیوەندی خۆی بە لایەنەکانی دیکەوە لەڕووی نرخەوە بە تونڊی ببەستێتەوە ، تا دەرفەتی کێ بەرکێ و گەشەی سەرمایەگوزەران بەدی دێت، لە ئاماژەکردندا بۆ(کۆمپانیای پێوەندی کردنی سعودیە) کە لە وڵاتدا تەنهایەو پارێزگار هەبوونی نیازێك بە دابەشکردنی بەدرۆخستەوە(بەڵام ئەگەر دەستەکە یا حکومەت گەیشتنە ئەو قەناعەتەی پێویست بکات لێك هەڵوەشێنرێ دەکرێ هەنگاوی پێویست لەوبارەوە هەڵبهێنرێتەوە).

باس لەوە دەکرێ کەڕێکخستنەوەی کەرتی پەیوەندی کردن و مۆڵەتدان بەکۆمپانیاکان خراوەتە ئەستۆی دەستەکە و تالەوبووارەدا بکەوێتە خۆی و سیاسەت و پیلان و بەرنامە پشت پێبەستراوەکان خێبەخێ بکات، بەڕێك و پێکی ژێرخانی پەیوەندی کردن فراوان پێ بکات. ژمارەی دیاری کراوی قەبارەی بازاڕی پەیوەندی کردن لە وڵاتدا لەبەردەستدا نین، کەتاقە کۆمپانیایەك بۆخۆی قۆرخ کردووە کەوابڕیارانە بەم دووایانە لەو هەنگاوانەی حکومەت بەمەبەستی چاکسازی ئابوری هەڵی دەهێنێتەوە تایبەتمەندی بکرێ. بەڵام تێکڕای گەشەی دانیشتیوان زۆربوون و فراوان بوونی کەرتەکانی کار و گەورەیی ڕووبەری سعودیە ئاماژە بەبازاڕێکی گەورەو بەردەوام فراوان بوون دەکەن.

ڕاپۆرتی پێشوو لە شێوازو سروشتی خۆیدا نموونەیەکی ڕاپۆرتە لە بارەی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی نوێوە دەنووسرێ، سەرنج دەدرێ ئاڵۆزی و پێکداچوونی کار لە بواری ئابووری و وەرزشی و زانستی و سیاسی دا ئەرکو فرمانی زۆری لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی دا هێناوەتەگۆڕ. پێدەچێ ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییانەی ڕۆژانە دەبەسترێن، بەشێکی هەڵمەتی پێوەندیی گشتیی کۆمپانیاو ڕێکخراوو داوودەزگا جیاجیاکان بێ، ئەمڕۆ زانراوە کە پێوەندیی گشتی لە بەستنەوەی نێوان تێڕوانینەکانو پێکەوەنانی وێنەی جیاجیاو ئاسانکاری مامەڵەو ئاڵوگۆڕکردن دەورێکی هەروا کەمی نییە، کۆمپانیای پێوەندی کردن کە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی

بەستووەو پۆژنامەیش بڵاوکردووەتەوە بە مەبەستی پوونکردنەوەو پاگەیاندنی بڕیارو کارپایی تازەی کۆمپانیا دەبەسترێ، بیانوو بۆ دەرکردنی ئەو جۆرە بڕیارانە دەهێنرێتەوەو لەبەردەم جەماوەردا بەرگری لێدەکرێ، سەرنج دەدرێ زیاد لە یەک کەس لە کۆنگرەی پۆژنامەنووسی دا بەشداری دەکەنو وەڵامی پرسیاری پۆژنامەنووسان دەدەنەوە، پاشان کۆنگرەکە ئاماژە بە ژمارەی پۆژنامەنووسەکانو جۆری پرسیارەکانیان ناکات، بەڵکو ئەوەندەیە کە ئاماژە بە گرنگترین قسەو باسی ناو کۆنگرەکە دەکات بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پۆژنامەنووسانو پرسیارو.. بکرێ. بەڵام پۆژنامەکە ناوی ئەو پەیامنێرە دەنووسێ کە راپۆرتەکەی نووسیوەو مەرجە ئامادەی کۆنگرەکەیش بووبێ.

ئەم چەند سەرنجە لێرەدا تۆمار دەکەین:

١ــ ناونیشانێکی سەرەکی و ناونیشانێکی لاوەکی هەیە. خوێنەر لە هەردوو ناونیشانەکەوە فیکرەیەکی خێراو پوونی لەسەر راپۆرتەکەی لە لا گەڵاڵە دەبێ.

٢ـ راپۆرتەکە بە گرنگترین زانیاری و کەسی خاوەن پلەوپایەی بەرزی کۆنگرەکە دەستی پێکردووەو هەر ئەویش لە بری حکومەتەکەی لەو کەرتەی تایبەتە بە خۆی قسە دەکات.

٣ــ لە پێشەکییەکەدا بە خوێنەر ناگوترێ کە ئەو قسانەی بەرپرسی ناوبراو کردوونی بەشێکی کۆنگرەی پۆژنامەنووسییەو لە بارەگای دەستەی ناوبراودا بەستراوە، بەڵکو ئەوە بۆ بڕگەی دواتر دوادەخرێ.

٤ــ راپۆرتەکە بە بەردەوامی ئەو زانیارییانەی کەسایەتییەکە پایدەگەیەنێ لە بڕگەکانی دواتردا تیا تۆمار دەکرێو، بە پێی بایەخی زانیارییەکە ڕیزدەکرێن کە هێشتا نەبوونەتە واقیع، دواتر تا کۆتایی قسەکانی ئەو کەسایەتییە وادەی بۆ دادەنرێ دوادەخرێت.

٥ــ راپۆرتەکە بە قسەیەکی کەسایەتییەك کە لە پلەیەکی نزمدا بێتو بە پستەی (**لە لای خۆیەوە گوتی:.....**) دەست پێدەکات بە بێ ئەوەی باسی ئەوە بکرێت کە ئەو کەسایەتییە لە کۆنگرە پۆژنامەنووسییەکەدا بووە، لەوانەیە ئەمە لەوەوە بێ لە کاتی قسەکاندا ڕوون ببێتەوە کە ئەویش لە کۆنگرەدا بووە.

٦ـ نووسەر لە تۆمارکردنی قسەکاندا پشت بە شێوازی تایبەتی خۆی دەبەستێت بەڵام زۆرتر پەنا دەباتە بەر هاوردنی دەقی وەرگیراو لە دەقی ئەسڵی قسەکانەوە، تا لە قسەکانی خۆی جیایان بکاتەوە دەخرێنە ناو جووتە کەوانەوە.

٧ـ راپۆرت زانیاری پێشین لە بارەی بابەتەکەو ئەو لایەنەی کۆنگرە پۆژنامەنووسییەکەی بەستووە لە کۆتایی راپۆرتەکەدا دەخاتە بەردەست، ئەو بڕگەیەی ئەو زانیارییانەی تێدایە بە پستەی (**ئاماژە دەکرێ کە.....**) دەست پێدەکات.

سێیەم: داپۆشینی کۆبوونەوە

زۆرجار ئەو کۆبوونەوانەی کە ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان دەیبەستن، پاستەوخۆ کاردەکەنە سەر ژیانی جەماوەر، بەڵام ئاساییە کە جەماوەر بێ ئاگایە لەوەی چی لەو کۆنگرانەدا پوودەدات، سەرەڕای ئەوەی کە ئەرکی پۆژنامەنووسە سەرنجی جەماوەر بە لای ئەو کۆبوونەوانەدا ڕابکێشنو کارێك بکەن کاریگەرییان لە سەر ڕەوتی پووداوەکاندا هەبێ. بەڵام هەر بە تەنها ئامادەبوونی پۆژنامەنووس لە هۆڵی کۆنگرەدا کاریگەریی بە هێزی لە سەر ئامادەبووانی کۆڕەکە دەبێت. چونکە هەمیشە وای دادەنێن کە ئامادەبوونی پۆژنامەنووس بە مانای ئامادەبوونی جەماوەری خوێنەرانەو ئامادەبوونی کەسێکە دەتوانێت هەڵوێستو ڕای بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بۆ جەماوەر ئاشکرا بکات، ئەمەیش وایان لێدەکات بەلێپرسراوێتییەوە هەڵسوکەوت بکەن، بەمجۆرە کاتێك پۆژنامەنووس ئامادەی کۆبوونەوەیەك دەبێ پێویستە چالاکو وریا بێت، بەو پێیەی چاوو گوێی جەماوەرەو زانیارییەکان بە سەر بکاتەوەو پرسیار بکاتو سەرنجو تێبینی لای خۆی بنووسێتەوە، بە تایبەتی لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمانو شارەوانی و ئەنجوومەنی سەندیکاکان کە بۆ پۆژنامەنووس بە تایبەتی لە جیهانی سێیەمدا ئاواڵەو کراوەنو دەتوانێ ئامادەی بێتو ئازادانە لە بارەیانەوە بنووسێو ڕەخنەیان لێ بگرێ، بە

ئەمانەتەوە سەبارەت بە ڕەوتی کۆبوونەوەکان بێ ترس لە هەڵچوون و تووڕەبوونیان بە جەماوەریان بگەیەنێ، بە تایبەتی گەر ڕۆژنامەنووس لەو کەسانە بێت گوێ بە پێکەوەنانی پێوەندی بەرژەوەندخوازانە نەدات تا بە هۆیەوە قازانجێکی دەست بکەوێت، بۆ داپۆشینی کۆبوونەوەی ئاوا مەرجە ڕۆژنامەنووس هەر زوو ئامادەی کۆبوونەوەکە ببێ و ناوی ئەندامانی ئەنجومەن و بەرپرس بزانێ و چاو بە خشتەی کاری کۆبوونەوەکەدا بخشێنێ و هەوڵ بدات پێوەندی بە ئەندامەکانەوە بکات تا پاش کۆبوونەوەکە قسەیان لەگەڵدا بکات و سەبارەت بەو باسە دیاریکراوانەی لە کۆبوونەوەکەدا مشتومڕیان لە بارەوە دەکرێ گوێ لە ڕاو لێدوانەکانیان بگرێ. ڕۆژنامەنووس لە ماوەی کۆبوونەوەکەدا دەبێ هەموو شتێك لای خۆی بنووسێتەوە، گەر کەسانێك لە جەماوەر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون وەك لە ئەنجومەنی دایکان و باوکان، دەبێ ناوو قسەکانیان لای خۆی تۆمار بکات و پاش کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی هۆڵ بیانگرێ و زانیاری زیاتریان لێ وەربگرێ، چونکە ئاساییە کە لێدوانی کەسەکان لە گفتوگۆی وشکی سەبارەت بە چۆنیەتی خەرجکردنی بڕێك پارە یا قیرتاوکردنی شەقام یا بنیاتنانەوەی قوتابخانەیەك یا دەرکردنی یاسایەکی نوێ زیاتر سەرنجڕاکێشتر دەبێ. بە هەر حاڵ گەر ڕۆژنامەنووس ژوانێکی ڕۆژنامەنووسیی گرنگتری نەبێت مانەوەی لە کۆبوونەوەکەدا تا کۆتایی هاتنی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، لەوانەیە هێندێ جار ڕووبدات کە کۆبوونەوەکان بە ڕووداوی دراماتیکی کۆتاییان پێ بێت وەك شەڕ هەڵایسانی نێوان ئەندامان یا دەست لە کار کێشانەوەی بەڕێوەبەر.

کاتێك ڕاپۆرتێکی تایبەتی لەو بارەوە دەنووسرێ باشترە لە پێڕاگەیاندنی بەستنی کۆبوونەوەو گفتوگۆکردنی لە بارەی کێشەیەکی دیاریکراوەوە خۆ بە دوور بگیرێ، بەڵکو وا باشترە پێشەکییەکەی بە **(باسی چی کراوەو بڕیاری چی دراوە؟)** دەست پێ بکرێ، لە هەموو باریکدا کۆبوونەوەکان درێژخایەن و مایەی وەرسین، پێویست ناکات ڕۆژنامەنووس ئەوە بۆ خوێنەران باس بکات، چونکە خوێنەر زیاتر بایەخ بەوە دەدات کە تایبەت بە خۆیەتی، سەرەڕای ئەوەی گەر پێوەندییەك هەبێ لە نێوان ماوەی گفتوگۆکردن و بایەخی بڕیارەکەدا، ئەوا دەبێ باس لەو ماوەیە بکرێ کە بۆ بڕیارەکە پێویست بووە.

مەرجە بۆ نووسینی ڕاپۆرتی تایبەت بە کۆبوونەوە پەیڕەوی لەم چەند خاڵە بکرێ

١ـ گەر شوێنگۆڕکێ بە کۆبوونەوەکە کرا یا لە جێیەکی نائاسایی بوو، ئەوا باسی شوێنی کۆبوونەوەکە بکرێ.

٢ـ ژمارەی دەنگەکان بنووسرێ، لە باسی گرنگو مایەی مشتومڕدا ناوی ئەو کەسانە بهێنرێ کە پێوەندییان پێوەی هەیە.

٣ـ باسی کاریگەریی بڕیارەکان لەسەر جەماوەری خوێنەر بکات.

٤ـ پێشینەی کێشەکانو بۆ تێگەیشتنی ئەوەی ڕوویداوەو، خوێنەر چی گەرەکە؟

٥ـ باسکردنی ئەو کێشانەی دوادەخرێنو هۆی دواخستنیانو وادەی تازەی گفتوگۆکردن، هەروەها دەقو قسەکان کە مایەی سەرنجڕاکێشانو بایەخ پێدانن دەنووسرێتەوە.

ڕاپۆرتی باش لە گرنگترین خاڵی سەرەکی تایبەت بە خوێنەرانەوە دەست پێدەکات، ڕۆژنامەنووس پێشەکییەکی ڕوونو گونجاو هەڵدەبژێرێ، بە تایبەتی باشترین شێوازی گێڕانەوەی کۆبوونەوە بە جۆرێکە کورتو پوختو سادەیەو لەگەڵ خوێنەراندا دۆستانە بدوێ.

چوارەم: داپۆشینی سەردانێکی گرنگ:

سەردانی سیاسەتمەداران و هێندێ جاریش ئەستێرە (**هونەرمەند**)ەکانی کۆمەڵگایش ڕووداوی گرنگیان لێ دەکەوێتەوە کە شایەنی بڵاوکردنەوەو بە دووداچوون، بە جۆرێ چەندین دەلالەتی دوورخایەنیان هەیەو زۆرجاریش بەلای جەماوەرەوە مایەی بایەخ پێدانن، ڕاپۆرتەهەواڵ سەبارەت بە سەردانە میری (**حکومی**)یەکان لەوانەیە پێش وادەی سەردانەکە بکەون، لە ڕۆژنامەیش لە ماوەی ڕۆژانی سەردانەکەدا ڕۆژانە بە دوویدا دەچێ، لەوانەیە ڕۆژنامەکە پاش کۆتایی هاتنی سەردانەکە بە مەبەستی دانگدانەوەو هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی و پێشبینی کردنی بەرەو پێشچوونەکانی داهاتووی ڕاپۆرتێکی دوورودرێژو هەمەلایەنە بڵاوبکاتەوە.

ڕاپۆرتی نووسراو سەبارەت بە سەردان، دەبێ پەیڕەوی لەم چەند خاڵە بکات

١ـ میوان: ناوو نازناوو سیفەتو پیشەو سروشتی ئەندامانی وەفدی یاوەر، سەرۆك وەزیران بە یاوەری بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانیو وەزارەتی پیشەسازی بە نیازی گرێبەستی بازرگانییەو...

٢ـ مەبەستو هەلومەرجو پەوشی سەردانو دەلالەتی وادەی سەردانەکە.

٣ـ بەجێهێشتنی نیشتمانو گەیشتن بە وڵاتی خانەخوێو هۆکاری گواستنەوەو کەسایەتی سەرەکی لە پێشوازیداو ئەو بەرپرسانەی دیکە کە لەگەڵیدان.

٤ـ بە گەیشتنی باسی چی دەکاتو لەوانەیە کەسی پێشوازیکەریش شتێك بڵێت.

٥ـ خشتەی کاری سەردانەکە، وەك کۆبوونەوەکانو سەردانی شوێنەوارەکانو..

٦ـ سروشتی وتووێژەکانو ئەو بەیاننامەی لێوەی دەردەکرێنو بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە پەراوێزی سەردانەکەدا.

٧ـ کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیی سەرپێی کە دووبەدوو بەڕێوەی دەبەن.

٨ـ گەڕانەوە، هەر لە مەراسیمی مالئاواییەوە بگرە تا ڕوودەکاتە کوێندەرێو سروشتی کاردانەوەی جەماوەر بەو سەردانە.

٩ـ لێکدانەوەو شیکردنەوەی سەردانەکەو بە دوواچوونی دەنگدانەوەکەی لە ڕۆژنامەکانو لایەنە نێودەوڵەتییە دیاریکراوەکانداو پاشان دوائەنجامی سەردانەکە.

پێدەچێ سەردان هەروەك کۆبوونەوەو کۆنگرەی لوتکەو.. بە مەبەستی داپۆشینی هەواڵەکانی پێویست بە زنجیرەیەکی یەك لە دوای یەکی ڕاپۆرت بکات. بە دڵنیاییەوە ڕاستییە بنەڕەتییە گرنگەکانی یەکەمین ڕاپۆرت کە نزیکبوونەوەی وادەی سەردانەکەی تێدا ڕادەگەیەنرێ لە ڕاپۆرتەکانی دواتردا دووبارە دەکرێتەوە، بەڵام بە ڕستەی کورتو سەرپێی سادەو لەوانەیشە لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا زانیاری ئەرشیفی یا پێشینەیەکی پێویست باس بکرێ. ئەو ڕاپۆرتانەی لە بارەی سەردانەکانەوە دەنووسرێن کە خشتەی کاروکۆبوونەوەکانو وتووێژەکانو مەراسیمەکان لە خۆ دەگرێ ڕاپۆرتی وشك و برینگو بێگیانن، خراپ نابێت گەر تامو بۆیەکی مرۆڤدۆستانە یا ڕەنگ و بۆیەکی هەستوسۆزی تێدا باس بکرێ، وەك ئەوەی کەسێك لە ناو جەماوەری پێشوازیکەرەوە بەرپرسی دایە بەر هێلکەو، گەر وێنەی ئەو هەڵوێستە بگیرێو جنێوەکانی جەماوەری تووڕەو، کاردانەوەی بەرپرسی میوانو خانەوادەکەی و تەنانەت پاسەوانەکانیشی تۆماربکرێ، ئەوا کەمێ ڕاپۆرتەکەی پێ سەرنجڕاکێشتر دەبێ.

باپێکەوە ئەم ڕاپۆرتە بخوێنینەوە:

بەریتانیا بە سەردانێك پاداشتی لیبیا دەداتەوەو تەڕابلوسیش بە قەرەبووکردنەوەو خۆڕاستکردنەوە چارەسەری ڕابردوو دەکات.

لەندەن– ئەلحیات–

(مایك ئۆبراین) ی وەزیری دەوڵەتی لەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە هەنگاوێکی بێ وێنەدا و لە ماوەی بیست ساڵدا بە مەبەستی وتووێژ لە مانگی داهاتوودا سەردانی لیبیا دەکات بە سەرکەوتنی دەرفەتێك بە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی تێکچووی نێوان هەر دوو وڵاتدا و بە گشتی لە نێوان تەرابلوس و بەرەی ڕۆژئاوادا دەکات.

وەزارەتەکە ڕای گەیاند کە (ئۆبراین) لە تەرابلوس لەگەڵ بەرپرسانی لیبیادا باس لە هاوکاری لیبیا دەکات لە هەڵمەتی دژ بە تیرۆری نێودەوڵەتی و قەرەبووکردنەوەی خێزانی قوربانیانی تەقینەوەی فڕۆکەی ئەمەریکی لەسەر لۆکەربی لە ساڵی ١٩٨٨ دا هەروەها باس لە قەرەبووکردنەوەی لیبیا دەکات بە قەرەبووکردنەوەی ژنە پۆلیسی بەریتانیا(ئیفۆن فلیچەر) کە ساڵی ١٩٨٤ کەوتە بەر گوللەو دەسەلاتدارانی بەریتانی دەڵێن لە ناو باڵوێزخانەی لیبیاوە تەقەی لێکرابووو، باس لەوە دەکرێ کە تەرابلوس قەرەبووی بۆ خێزانی فلیچەر کردبێتەوە.

ئۆبراین دوێنێ ڕای گەیاند بەریتانیا سیاسەتی لیبیای هەڵسەنگاندووەو پوختەکەی ئەمەیە کە موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا(لەمەودوا نایەوێ پێوەندی بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتییەوە هەبێ)ئاماژەی بەوە کرد کە (ئەلقاعیدە) ی پیسواکردووە و تووڕەیی خۆیی بەرانبەر هێرشەکانی ١١ ی ئەیلوول دەڕبڕیوە.

سەرچاوە دیبلۆماسییە ڕۆژئاواییەکان لە لەندەن پێیان وایە سەردانەکەی ئۆبراین دەرفەتێك بە ڕژێمەکەی موعەمەر قەزافی دەدات تا لەو

گۆشەگیرییە دەربچێت کە پایتەختە ڕۆژئاواییەکە وەرەکان بەسەریاندا سەپاندووە. سەرنجیان لە ئارەزووی بەریتانیا داوە(لە سەرلەنوێ ڕاهێنانەوەی ڕژێمی لیبیا تا پەیوەندییەکی سروشتی لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبێ پاش ئەو بارە قورس و گرانەی کە لە پەیوەندییەوە بە کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانەوە مابووە وەکو واشنتۆن و لەندەن پێیان وایە (تیرۆریستین). سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕژێمی لیبیا لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەوپەڕی بەنەرمییەوە هەڵسوکەوتی کردووە. سەرەڕای بە دەستەوەدانی هەردوو تاوانباری ڕووداوەکەی لۆکەربی، ناوی تەرابلوس لە هیچ کارێکی تیرۆریستی تازەدا نەهاتووە. لیبیا هەر لەو ماوەیەدا هەوڵی داوە پێوەندی خۆی لەگەڵ هەموو ئەو کۆمەڵانەدا بپچڕێ کە پێشتر داڵدەی دابوون و پارەی دەدانێ ئەوانە کۆمەڵەی عەرەبی و بیانی بوون، هەروەها تەرابلوس ئامادەیە هەر مەلەفێکی لەو بارەوە کۆتایی پێ بهێنێ و گەرچی پێ ی باشە بە قەرەبووکردنەوە بێ نەك بە بەرپرسیارێتی خۆی لە ڕووداوی لۆکەربی و فڕۆکەی (یۆتا) و قاوەخانەی (لابیل) لە بەرلین ڕابگەیەنێ. سەرچاوەکە جەخت دەکاتەوە کە لیبیا پاش هێرشەکانی ١١ ی ئەیلول(سێپتەمبەر) زیرەکانە هەڵسوکەوتی کردووە و پاش ڕیسواکردنەکەشی (ئامادەیە هاوکاری دەزگاکانی ئاسایشی ڕۆژئاوا بکات) و بەم دوواییانەش هەڵمەتی بردۆتە سەر ئسوڵییەکان و پێ ی وایە تەرابلوس زیاد لە یەك بەڵگەی خستووەتەبەردەست لەسەر ئارەزووی داخستنی لاپەڕەی ڕووبەڕووبونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و لەوانە دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی عەرەبی- ئیسرائیلی و پشتگیریکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان. تێبینی دەکرێ دەوری سەرهەنگ موعەمەر قەزافی لە ئەفەریقیا دەکەوێتە خانەی دوورکەوتنەوە لە مەلەفەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بارە گرانەکەی و پاشماوەکانی.

ڕاپۆرتەی سەرەوە لە بارەی سەردانێکەوەیە وەزیرێکی پایەبەرزی بەریتانیا پاش چەند ساڵ دابڕانو دوژمنایەتی نێوان هەر دوو وڵات بە تەمایە بۆ لیبیای بکات، هەر لەبەر ئەوە بایەخی سەردانەکە دووچەندانەیە، پاشان ڕاپۆرتەکە بە نزیکەییەك مانگ پێش وادەی سەردانەکە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕەنگدانەوەو شوێنەوارو کاریگەرییو لێکدانەوەی ئاسۆکانی سەردانەکە، واتا ڕاپۆرتەکە لە ساتی ڕاگەیاندنییەوە بایەخی بە هەواڵەکانی سەردانەکە داوە، بە دڵنیاییەوە ڕۆژنامەگەری لەم بایەخ پێدانەی بەردەوام دەبێو بە درێژایی ڕۆژانی پێش سەردانو کاتی سەردان بە بەردەوامی و بێ پسانەوە ڕاپۆرتی دوورودرێژو لێکدانەوە بڵاودەکاتەوە، لەوانەیشە چەند ڕۆژ پاش کۆتایی هاتنی سەردانەکەیش هەروا درێژەی پێ بدات، لە هەوڵدا بێ بۆ خستنەڕووی ڕەنگدانەوەکانی لەسەر داهاتووی پێوەندی نێوان هەردوو وڵاتو لەسەر ڕەوشی جیهانیش بە گشتی.

ڕاپۆرتەکە بە ئاماژەیەك دەست پێدەکات کە سەردانەکە (**بیست ساڵە بۆ یەکەمین جارە سەردانێکی لەو جۆرە کرابێ**). دواتر بەرپرسی میوانو وادەو مەبەستی سەردانەکە (**بۆ وتووێژکردن**) دیاری دەکات، هەروەها گەر وتوێژەکان سەرکەوتووبوون، لە داهاتوودا چی لێ چاوەڕوان دەکرێ؟!.

پاشان ڕاپۆرتەکە باسی خشتەی کاری چاوەڕوانکراو یا نەخشەی سەردانەکە دەکات، پاشتر لێدوانی بەرپرسی بەریتانیایی کە سەردانی لیبیا دەکات، کە مەبەستی سەردانەکەو ئەو مەسەلانەی وتوێژیان لە بارەوە دەکرێ دەسەلمێنێ، ڕاپۆرتەکە بەم سەردانەو بەوەی کە دەینوێنێ باس لە ڕای سەرچاوە دیبلۆماسییە ڕۆژئاواییەکانی لەندەن دەکاتو ئەو زانیارییانەی ئەو سەرچاوانە ئاشکرای دەکەن نزیکەی نیوەی ڕاپۆرتەکە دەگرێتەوە، بایەخی زانیارییەکانی ئەم سەرچاوانەو بیرخستنەوەی سیاسەتی لیبیایە لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردووداو چاودێری کردنی گۆڕانکارییەکانیەتی، کە سیاسەتێك بوو بە گۆشەگیری گەیاند، گۆڕانکارییەکانیش بوونە مایەی سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بەو دابڕانەدا.

بڕگەکانی ڕاپۆرتەکە لەم زانیارییانەی لای خوارەوە دەکۆڵێتەوە:

١ــ ڕاگەیاندنی سەردانەکەو ناوی بەرپرسی میوانو پلەوپایەو وادەو مەبەستی سەردانو بەرەو پێشچوونەکانی لە داهاتوودا گەر بە مەبەست گەیشتو.... هەموو ئەوانە لە یەکەمین بڕگەدایە.

٢ــ هەموو ئەو بابەتانەی لە ماوەی سەردانەکەدا وتوێژیان لە بارەوە دەکرێ لە بڕگەی دووەمدا دەخرێنە بەرچاو. هەروەك وەزارەتەکەی بەریتانیا ڕایگەیاندووەو وەزیرەکەیشی سەردانی لیبیا دەکات.

٣ـ لێدوانی ئەو بەرپرسەی سەر لە لیبیا دەدات‌و، ئەو فاکتەرانەی زەمینەی سەردانەکەیان خۆش کردووە.
٤ـ لێدوانی سەرچاوەی دیبلۆماسی رۆژئاوایی لە لەندەن، ئەو پایتەختەی لە ماوەی سەردانەکەدا لاپەڕەیەکی نوێ لەگەل لیبیادا هەڵدەداتەوە، هەڵسەنگاندنێکی سەردانەکەو ئەوەیش کە بۆ لیبیای دەنووێنێ، بەریتانیایش بە ناردنی وەزیرەکەی بۆ ئەو وڵاتە چ نیازێکی هەیە. پاشان لە ڕێی ڕای خودی ئەو سەرچاوانەوە سەرلەبەری سیاسەتی لیبیاو ئەو هەنگاوە باشانەی بە مەبەستی سڕینەوەی شوێنەواری ڕووداوە خراپەکان هەڵهێنراونەتەوەو پێوەندییان بە کارەساتەکانەوەو ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕۆژئاوا بە تیرۆریستیان دادەنێ، هەڵدەسەنگێندرێن. پاشان هەڵوێستی نوێی لیبیا لە کێشەی فەلەستینی کە ڕۆژئاوا بە تایبەتی چاوی تێدەبڕێ.

پێنجەم: لێدوانی لێپرسراوان:

سیاسەتمەدارانو ئەستێرەکانی کۆمەڵگا لە ماوەی ڕووداوە گەرماوگەرمەکانو قەیرانەکاندا وا ڕاهاتوون کە قسە بۆ ڕۆژنامەنووسان بکەنو ئەوانیش لای خۆیانەوە هەروا ڕاهاتوون لە سەر ڕێگایاندا ئاپۆڕە ببەستن، لەوانەیە کەسی لێپرسراو پێوەندی بە ڕۆژنامەیەکی دیاریکراوەوە بکات یا قسەکانی بە نووسراوی ببەشێتەوە یا بە شێوازی دیکەی دەربڕینی ڕاو هەڵویست.

هەر وەك ئەوە، دیداری سەرپێی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ بەرپرسێکی دیاریکراو، دایەلۆگەکە سەبارەت بە ڕاستی ڕووداوێکە یا بۆچی ڕوویداوە، بە جۆرێ ئەم چەشنە دیدارانە هۆکارێکی لێکدانەوەی هەواڵو ڕووداونو لەگەڵ هەواڵەکانی ڕۆژدا شایانی بڵاوکردنەوەن، هەر بۆیە نووسینەوەی دیداری ئاوهاو لێدوانی بەرپرسێك بە ناچاری دەبێ پەنا ببرێتە بەر قاڵبی نووسینەوەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی، دەکرێ سەرنج لەم چەند ئامۆژگارییە بدەین:

١ـ گرنگترین لێدوانی کەسایەتییەکە لە ڕاپۆرتدا باس دەکرێ، بە تایبەت ئەوەی پێوەندی بە کێشەیەکی گەرماوگەرم یا ڕووداوێکی هەنووکەییەوە هەیە.
٢ـ پەنابردنە بەر هەڵهێنجانی پیت بە پیتی دەقی وەرگیراوو، ئەو قسەو لێدوانانە لە ناو دوو کەوانەدا جیادەکرێنەوە.
٣ـ لە بەرچاوگرتنی زنجیرەی مەنتیقی خاڵە سەرەکییەکانو ڕستە ڕوونکردنەوەکانی بە جۆرێ پارێزگاری گێڕانەوەی چیرۆك ئاسای بابەتەکە بکات.
٤ـ بەستنەوەی لێدوانەکە بە ڕووداوەکەوە کە قسەوباسی لەسەر دەکرێ.
٥ـ نووسینەوەی زانیاری لەوەو پێشی پێویست.

با ئەم ڕاپۆرتە بخوێنینەوە:

"عێراق و ئەمەریکا لە سەرووی لیستی شەریکەبازرگانی ئەردەنن"

ئەلعیدوان بە (ئەلحەیات)ی ڕاگەیاندووە: بەندەری ئەلعەقەبە

هیچ قاچاخچێتییەکی نەوتی تێدا نەکراوە

دوێنی ئەردەن جەختی کردووەتەوە کە ڕازی نابێت ئەمەریکا بکەوێتەوە پشکنینی ئەو کەشتی و پاپۆرانەی لە بەندەری ئەلعەقەبە لەنگەر دەبەستن و لێوەی دەردەچن، ڕەتی کردووەتەوە کە ئەو تاقە دەروازە دەریاییە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هیچ قاچاخچێتییەکی نەوتی تێدا کرابێت.

(محەمەد ئەلعیدوان) ی وەزیری ڕاگەیاندنی ئەردەنی بە ڕۆژنامەی (ئەلحەیات)ی ڕاگەیاندووە کە عەممان (ڕازی نابێت ئەمەریکا پاپۆڕەکان لە بەندەری ئەلعەقەبەدا بپشکنێت گەر بە ڕەسمی داوای بێ بکات)، جەختی کردەوە کە (هێزە دەریاییەکانی ئەمەریکا تا ئێستا لە کەنداوی ئەلعەقەبە کە لە باشوورەوە بەسەر دەریای سووردا دەڕوانێت ڕێی بە هیچ کەشتییەك نەگرتووەو نەی پشکنیون.)

کۆمپانیاکانی کەشتیوانی بە ئەردەنیان ڕاگەیاندووە بڕیاریکیان لە هێزە ئەمەریکاییەکانەوە لە دەریای سوور پێ گەیشتووە بە پێی ئەوە بە نیازن هەر کەشتییەك ڕوو لە عەقەبە بکات و لێوەی دەرچێت ئەوا دەپشکنرێت تا ڕێ لە ئەگەری هەر قاچاخچێتییەك بگیرێ کە بە نەوتی عێراقەوە دەکرێ. (ئەلعیدوان) بە لایەوە سەیر بوو وڵاتە یەکگرتووەکان پەنا ببات بەر (ئەم کارە کە پاساوی بۆ نییەو، بە بێ ئەوەی لە ڕێی کەناڵە ڕەسمییەکانی نێوان هەردوو وڵات حکومەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە) هەروەها گوتی:(بێزاری و ڕازی نەبوونی ئەردەن بەم کارە لە سۆنگەی ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

زۆر باش دەزانێت ئەردەن بە تەواوی پێملە بە بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە عێراق، هەروەك دەزانێت زۆر زەحمەتە لە ڕێی ئەلعەقەبەوە قاچاخچێتی بە نەوتەوە بکرێ لە سایەی پشکنینی وردو تایبەتی کە دەسەلاتدارانی ئەردەنی لەم بارەوە جێبەجێ ی دەکەن.

بریکارە کەشتیوانە ناوخۆییەکان دەڵێن (قاچاخچێتی نەوت لە ڕێی ئەلعەقەبەوە کاریکە لە کردن نەهاتووە). (تەلال ئەلحەلەوانی)ی بریکاری گواستنەوەی دەریاوانی بە (ئەلحەیات)ی ڕاگەیاندووە: (گواستنەوەی نەوت لە ڕێی دەریاوە پێویستی بە کەشتی نەوتهەڵگری گەورەیەو، ئێستا ئەوە نییەو لە بەندەری ئەلعەقەبەدا لەنگەر ناگرێ). ئاماژەی کرد کە (پێوەندی کەشتیوانی ئەردەن بە گواستنەوەی نەوت لە ساڵی (١٩٨٢)ەوە نەماوە، کاتێك کۆمپانیا بیانییەکان نەوتی عێراقیان دەکڕی و لەڕێی کەنداوی ئەلعەقەبەوە دەیانگواستەوە).

ئەردەن پێویستی نەوتی خۆی کە ساڵانە دەگاتە (5.5)ملیۆن تەن بە گەلە نەوتهەڵگریگەورە لە عێراقەوە بە تاقە پاڵێوگەکەی نەوتی شاری ئەلزەرقا لە ڕۆژهەڵاتی عەممان دەگوازێتەوە، دەسەلاتی ئەردەنی بە شوێن قاچاخچییە بچوکەکانەوەیە کە بە (کەشتیوان) ناودەبرێن و هەوڵ دەدەن بڕێك لە بەرهەمە نەوتییەکان بەرەو ناوچەی ئەلسەفاوی نزیك سنووری ڕۆژهەلاتی نێوان ئەردەن و عێراق بڕفێنن.

(ئەلعیدوان) گوتی: (حکومەت لەگەل ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەونە وتوێژ لە بارەی ئەم هەڵوێستەی ئێستای) کە لە ساڵی ١٩٩٤ ەوە کاری پێ ناکرێت (تا لە هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوەو لایەنەکانی ڕوون ببێتەوە) بە تایبەتی کە (ئەردەن سوورە لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەپەڕی هەوڵ دەدات ڕێ لە هەر کارێکی قاچاخچێتی بگرێت).

بریکارە کەشتیوانە ئەردەنییەکان ئەم کارەی ئەمریکایان بە هەڵمەتی سەربازی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق بەستەوەوکە واشنتۆن خۆیی بۆ سازو ئامادەو دەکات، دەپرسن هۆی چییە تەنگ بە ئەردەن هەڵدەچنن کە ناڕازییە هێرش بکرێتە سەر عێراق، هەروەها بۆ هەر بەندەری ئەلعەقەبە هەڵبژێردراوە کە عیراق نەوتی خۆیی لێوە دەباتە دەرەوە.

هەر بۆیە، حکومەتی ئەردەن ڕایگەیاند کە بازاڕەکانی عێراق و ئەمەریکا لە ماوەی یەکەمین پێنج مانگی ئەم ساڵ لە سەرلەبەری هەناردەی ئەردەندا لە پلەی یەکەم و دووەمدا دێن.

ئاژانسی ڕەسمی هەواڵی ئەردەن (پێترا) ڕایگەیاند کە هەناردەی ئەردەن بۆ بازارەکانی عێراق بە ڕێژەی ١٩٪ ی سەرلەبەری هەناردەی ولات لە پلەی یەکەمدایەو بە بەهای ١٦٠ ملیون دۆلارە، لە کاتێکدا بە ڕێژەی ١٥٪ ی سەرلەبەری هاوردەی لە بەغداوە بە بەهای نزیکەی ١٠٠ ملیون دۆلار کالای هاوردووە، زۆربەیشی پێترۆل و بەرهەمەکانیەتی.

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش لە پلەی دووەمدا دێت، ڕێژەی هەناردەی ئەردەنی بۆ بازاڕەکانی ئەمەریکا ١٣,٣٪ و بەرامبەری نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلارە، لە کاتێکدا ئەردەن بە ڕێژەی ٩٪ و بە بەهای ١٨٠ ملیون دۆلار کالای لە ئەمەریکاوە هێناوە.

ئەم ڕاپۆرتە بە شێوەیەکی سەرەکی نموونەیەکی زیندووی ڕاپۆرتێکە کە پەیامنێر بە مەبەستی ڕاپرسی هەواڵێکی ڕەسمی لە بارەی ڕووداوێکی دیاریکراوەوە یا هەواڵێکی بلاوکراوەوە لە دیدارێکییەوە سازیدەکات، بە جۆرێ پەیامنێر قسەی کەسی بەرپرس تێکەڵ بەو هەواڵانە دەکات کە پاڵیان پێوە ناوە چاوی بە کەسی بەرپرس بکەوێت تا کاردانەوەی بزانێ، هەروەها تێکەڵ بە زانیاری پێشینەی دەکاتو لەوانەیشە بە هەمان ئاڕاستە تێهەڵکێشی بکات. بە زانیاریدیکەی نوێ خراپ یا باش، هەروەها پێدەچێ هەموو ئەوانە بەراوردی لێدوانی کەسایەتییەکیدیکە بکات. سائیدی هاوپەیمان بێ یا ڕکابەر یا گروپی دیکە بێت.

چەند سەرنجێك لەسەر ئەم ڕاپۆرتە:

١- ناونیشانی سەرەکیی ڕاپۆرت لێدوانی کەسایەتییەکی بەرپرس ئاشکرا دەکات کە تایبەتە بە ڕۆژنامەکە.

٢- پەیامنێری ڕۆژنامەکە چاوی بە کەسایەتییەکە کەوتووەو، هەر ئەویش بە دووی باسەکەدا چووەو لە ناو جەرگەی ڕووداوەکەوە ڕاپۆرتەکەی نووسیوە.

٣ـ سەرەڕای ئەوەی کەسایەتییەکە وەزیرە، بەڵام پێشەکی هەڵوێستەکە بۆ دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە کە کەسایەتییەکە وەزیرە، لە بارەیەوە دواوەو نوێنەری حکومەتەو ئەو کەسایەتییەش بەشێکییەتی.

ڕاپۆرتەکە لە سەرەتای بڕگەی دووەمدا هەڵوێستی پێشوو ئاشکرا دەکات کە بەشێکی لێدوانی وەزیری ڕاگەیاندنی ئەردەنییە بۆ ڕۆژنامەکەو چەند ڕستەیشی لە قسەکانی وەزیرەوە وەرگرتووە.

٤ـ پەیامنێر لە بڕگەی سێیەمدا پێشینەیەکی زانیاری دەخاتە بەرچاو کە لێدوانەکەی لە بارەوە دراوەو هەڵوێستێکی نوێی لە بارەوە وەرگیراوە کە سەلماندنی هەڵوێستی پێشووە.

٥ـ ڕاپۆرت لە بڕگەی چوارەمدا دەگەڕێتەوە سەر قسەی کەسایەتییەکە بە جۆرێ تێکەڵێکی شێوازی دەربڕینی پەیامنێرو دەقەکانی قسەی کەسایەتییەکەیە.

٦ـ ڕاپۆرت لە بڕگەی دواتردا بە مەبەستی سەلماندنی قسەکانی وەزیر پشت بە قسەی بریکارانی کەشتیوانیی ناوخۆ دەبەستێو ناوی یەکێکیان دەهێنێ.

٧ـ ڕاپۆرت لە بڕگەی دواتردا سەبارەت بە قەبارەی بزاوتی بازرگانی و باسی هەڵوێستی نوێ زانیاری کۆن دەخاتە بەرچاو.

٨ـ پاشتر بە مەبەستی کارڕایی دواڕۆژ کە لەو بارەوە جێبەجێ دەکرێن، ڕاپۆرتەکە کۆتایی بە قسەکانی کەسایەتییەکە دەهێنێو، سەر لەنوێ جەخت دەکرێتەوە سەر خودی هەڵوێستەکەو سووربوون لە سەر بە لاڕێدا نەبردنی.

٩ـ ڕاپۆرت لە بڕگەی دواتردا دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکردنی لێدوانو چاوەڕوانی لەوەوپێشی بریکارانی کەشتیوانانی دەریایی و بەستنەوەیان بە هەواڵی نوێو بەرەو پێشچوونە چاوەڕوانکراوەکان.

١٠ـ پاشان ڕاپۆرتەکە لە ڕووی بازرگانییەوە ئامارێک دەهێنێتەوەو پێوەندی بە خودی باسەکەوە هەیەو، ئاژانسی دەنگوباسی نیشتمانیی ڕەسمی باسی کردووەو، ڕاپۆرتەکە ڕاگەیاندنی ئامارەکە دەخاتە پاڵ حکومەتو بە ڕستەی (**بۆئەوە، رایگەیاند....**) کە ئاماژەیەکە بە بەستنەوەی ئەم ئامارەو بڕگەکانی پێشوو، ڕاپۆرت ناوی (**ئاژانسی دەنگوباسی ڕەسمی**) لە بڕگەی دواتردا وەک سەرچاوەی حکومی ئامارەکە ئاشکرا دەکات.

شەش: بەیاننامەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرتی تایبەتی:

دەرچوونی بەیاننامەی حکومی لە بارەی مەسەلەیەکی گشتییەوە، یا بەیاننامەی ڕێکخراوێکی دیاریکراو، وەک ڕێکخراوەکانی ژینگە یا دەستەی ڕوانگەی کەشناسی یا بڵاوبوونەوەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی یا زانستی یا ڕاپۆرت سەبارەت بە دۆزینەوەی نوێ... پێویست بەوە دەکات بە جۆرێ بنووسرێتەوە تا بۆ ئەوە بشێت وەک ڕووداوێک لە ڕۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوەو وەک ڕاگەیاندنی پێناسینێک لە بەرژەوەندی گشتی دا بێو بە مەبەستی کورتکردنەوەو دەرخستنی گرنگترین خاڵی سەرەکی بێ.

دەکرێ کێشەی گەوهەری بەیاننامەکە یا توێژینەوەکە بە دیاردەکانی کۆمەڵگای ئەو ڕۆژگارەوە ببەسترێتەوە، بەو مەبەستەی زانیارییەکان بخرێتە بەرچاوی جەماوەر کە دەرکردنی بەیاننامەکەی تێدا پێویست بووە. پێدەچێ بڵاوکردنەوەی گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە یا بەیاننامەکە بۆ شارەزایی لەسەر چۆنیەتی تەواو بوونی توێژینەوەکە بێ کە لەبەر ڕۆشناییەکەیدا ڕووداوەکان قەوماون، لەو پێناوەدایە جۆرێ لە ڕاستگۆیی بە زانیارییەکانی توێژینەوەکە ببەخشێو جەماوەریش بە هۆکارەکانی سەرقاڵبوون پێیەوە ڕازی بکات.

باپێکەوە ئەم ڕاپۆرتە بخوێنینەوە:

"پاریس داوا لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات موسەوی لە سێدارە نەدات"

واشنتۆن هاولاتییەکی کەنەدی سەر بە (ئەلقاعیدە) دەستگیر دەکات،

ددانی بەوەدا ناوە نەخشەی هێرش بردنە سەر سەنغافورەی دارشتووە

واشنتۆن،پاریس - ڕووەیتەرز،ئەی ئێف بی: بە پێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەنووسییەکان دەسەلاتدارانی ئەمەریکا هاولاتییەکی کەنەدی یان دەستگیر کردووە ددانی بەوەدا ناوە کە خۆی ئامادەکردووە تا بە بۆمب هێرش بەرێتە سەر بالیۆزخانەی ولاتە یەکگرتووەکان و ساختمانی دیکە لە سەنغافورە، لە کاتێکدا فەرەنسا لە چوارچێوەی کێشەی زەکەریا موسەوی داوای لە ولاتە یەکگرتووەکان کردووە و دووپاتی کردووەتەوە کە رازی نابێت هاولاتییەکی لە سێدارە بدرێت.

پایەڵەی (ئین بی سی)ی تەلەفزیونی ئەمریکی رایگەیاند کە بەر پرسانی ئەمریکا پیاوێکیان هێناوەتە قسەو گومانی ئەوەی لێ دەکرێ سەر بە پێکخراوی (ئەلقاعیدە) بێت، ددانی بە هەوڵێکی سەرنەکەوتوودا ناوە تا بالیوزخانەی ئەمریکا لە سەنغافورە نغرۆ بکات.

پێرێ رایەلەکە رایگەیاندووە کە پیاویك ناوی محەمەد مەنسور جەبارەیەو ماوەیەك لەمەوبەر لە سەلتەنەتی عوممان دەستگیرکراوە، بەلام حالی حازر لە بنکەیەکی سەربازی باکوری رۆژهەلاتی ولاتە یەکگرتووەکانی دەست بەسەرە، هەروەها گوتی (جەبارە) ی ٢٠ ساڵە هاوکاری دەکات و زانیاری نوێ لە بارەی چالاکییەکانی ریکخراوی (ئەلقاعیدە) وە داوە بە دەستەوە، لە ناویاندا پلانی جێ بە جێ کردنی هێرش بردن، هەر لە کاتی هێرشەکانی ١١ ی ئەیلول (سیپتەمبەر)ی رابردووەوە دانراون.

پایەڵە تەلەفزیونییەکە باسی لەوە کردووە کە جەبارە بە تۆمەتی تیرۆر تاونبار کراوە، بەڵامرازی بووە لە داهاتوودا لە دادگادا شایەتی لەسەر هەر کەس بدات گومانی لێ بکرێ سەر بە ریکخراوی (ئەلقاعیدە) بێ، رایگەیاند لەسەر داوای بەرپرسانی ئەمریکا کە ترسیان لە سەلامەتی جەبارە هەیە (ئین بی سی) رازی بووە ناوی ئەو دەزگا سەربازییە ئاشکرا نەکات کە جەبارەی تێدا دەست بە سەرە.

وەزارەتی داد یا نووسینگەی لێکۆلینەوەی یەکێتی فیدراڵی لە بارەی ئەم راپۆرتەوە هیچیان نەدرکاندووە. (ئین بی سی) دەڵێ دەسەلاتدارانی ئەمریکاو سەنغافورە پیلانگیری نغرۆکردنی هەر دوو بالیوزخانەی ئەمریکاو ئیسرائیلیان لە کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی رابردووداو نغرۆکردنی نووسینگەی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو ئوستراڵیاو بارەگای کۆمپانیا ئەمریکییەکانیان لەو ولاتەدا ئاشکرا کردووە، روونی کردەوە دەسەلاتداران کەسانیکیان دەستگیرکردووە دەستیان لەو پیلانگیرییەدا هەبووە، بەڵام جەبارە لەو کاتەدا هەلاتووەو ناوبراو لای ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەکە بە ناوی (سامی)ەوە ناسراوە.

راپۆرتەکە دریژەی پی دەدات: جەبارە فەرمانی بە یاریدەدەرانی داوە حەفدە تەن پەینی نێتراتی ئەمۆنیۆمی بۆ بکرن تا ئۆتۆمبیلی پێ مینرێژ بکات و، دەڵێ: جەبارە لە شاری (ئۆنتاریۆ)ی کەنەدا ژیاوەو هێشتا دایك و باوکی سەر لە کوێت و کەنەدا دەدەن. لە لایەکی دیکەوە، (دۆمینیك دوفیلپان)ی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دوێنێ بە ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی راگەیاندووە کە پاریس سەبارەت بە کێشەی موسەوی داوای لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کردووەو گوتی: دوو پرنسیپی سەرەکی حوکمی هەڵوێستی فەرەنسا دەکەن یەکەمیان (ئەرکی یارمەتی دانە)و روونی کردەوە کە موسەوی (داوای هاوکاری لە دەولەتی فەرەنسا کردووەو بالیوزمان چاوی پێی کەوتووە). پرنسیپی دووەمیان (ڕەتکردنەوەی سزای لە سێدارەدانە) کە (بەو ئومێدەین بە سەر هیچ هاوولاتییەکماندا جێ بە جێ نەکرێ و، بە ولاتە یەکگرتووەکانمان گوتووە: بە ئومێدین لە هیچ قۆناخێکدا بریاریکی ئاوا جێ بە جێ نەکرێت.)

دەسەلاتدارانی ئەمریکا موسەوی بەوە تاوانبار دەکەن کە لە هیرشەکانی ١١ی ئەیلولدا بەشداری کردووە. موسەوی رۆژی پینج شەممەی رابردوو لە بەردەم دادگای ئەلیکساندریا (فیرجینیا) لە ددان پێدانانێکی سەبارەت بە بەرپرسیاریتی لە هێندێ لەو تۆمەتانەی پاشگەز بووەوەو، کاتێ لەبەردەم دادگادا رایگەیاند (لە هێندێ لەو تاوانانەدا تاونبارە نەك هەمووی)، موسەوی پاش ڕاگرتنی دانیشتنی بۆ ماوەیەکی کورت و لەسەر داوای خۆی ئەو بەتەواوی لە هەموو قسەکانی پەشیمانە (لە پێناوی رزگارکردنی خۆیداو بەو شێوەیەی ئەرکی سەرشانییەتی لە بەرانبەر خودادا.)

ئەم راپۆرتە نموونەیەکی کورتکراوەی راپۆرتی ڕۆژنامەنووسییە کە تۆرێکی تەلەفزیۆنی بیانی بڵاویکردووەتەوە. بەڵام سەرنج دەدرێ لەگەڵ ئەوەیشدا راپۆرتەکە لێدوانی کەسێکی بەرپرسی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بە هەر حاڵ راپۆرتەکە بە دووی کێشەی دوو تاوانبارەکەوەیەو هەریەکێکیان سەر بە ولاتێکی جیاوازە، بەڵام هەر دووکیان لە کێشەیەکداو لە ئەمریکا دەستگیرکراون کە هێرشی ڕێکخراوی (ئەلقاعیدە)یە بۆ سەر ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شەڕی ئەمریکایە دژ بە شێوازی شەڕکردنی ئەم ڕێکخراوە لەوەی کە بە (شەڕی دژە تیرۆر) ناوی

دەبات. وا دیارە ئەم بە دووداچوونە دوو لایەنەیە لە تەرخانکردنی ناونیشانی لاوەکی بۆ هەڵوێستی یەکێك لە تاوانباران‌و تەرخانکردنی ناونیشانی سەرەکیشە بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە بارەی تاوانباری دووەمەوە.

خودی مەسەلەکە لە پێشەکی راپۆرتدا ڕووبداوە بە جۆرێ سەرجاوەی زانیارییەکان تۆماردەکرێن و هەر دوو شاری واشنتۆن‌و پاریس هەر دوو ئاژانسی (**ڕووەیتەرز**)و (**ئ ڤ ب**) کە هەواڵەکانیان لێوەرگیراوە ناویان لە راپۆرتەکەدا هاتووە. خودی مەسەلەکە (**واتا بە دووداچوونی دوولایەنە**) لە پێشەکەیشدا دووبارە بووەتەوە، پاشان (**دوای بڕگەی پێشەکی**) راپۆرتەکە کەوتووەتە بە دووداچوونی هەموو کێشەیەك بە شێوەیەکی درێژخایەن بەڵام لە هەمان کەش‌و هەلومەرجدا. بڕگەی دووەم ئەو زانیارییانە دەخاتە بەرچاو کە لە راپۆرتە ڕۆژنامەنووسییەکانی وەك ڕایەڵەی تەلەفزیۆنی (**ئێن بی سی**) ئەمریکییەوە وەرگیراون.

لەو بارەوە چەند سەرنج تۆمار دەکەین:

١- پێشکەشکردنی راپۆرتی تەلەفزیۆنی بە (**ڕایەڵەی... ڕایگەیاند**) دەستی پێکردووە.

٢- راپۆرتەکە لە بڕگەی دواییدا کە سێیەمە، ئەو وادەیە دەهێنێتەوە کە تۆڕە تەلەفزیۆنییەکە راپۆرتەکەی تێدا بڵاوکردووەتەوە، هەروەها لەم بڕگەیەدا لە بارەی ناوی کەسەکەو وادەو ئەو شوێنەی کە تێیدا گیراوەو شوێنی دەست بە سەر داگرتنی ئێستای زانیاری تەواو دەهێنرێتەوە. پاشان کاتێ باسی هاوکاری خۆی دەکات ڕاستەوخۆ تەمەنی لە نێوان دوو کەوانەدا دوای ناوەکەی تۆمار دەکات.

٣- لە بڕگەی دواتردا بەردەوام دەبێ لەسەر پێشکەش کردنی زانیارییەکان بەڵام بە ئەنقەست دەقی قسەیەك لە تۆڕە تەلەفزیۆنییەکە وەردەگرێ‌و وەك بەڵگە دەیخاتە ناو جووت کەوانەوە.

٤- راپۆرتەکە لە بڕگەی پاشتردا زانیارییەکی زیادە دەهێنێتەوە، ئەوەیش ئەو دەزگا ڕەسمییانە کە باس‌و خواسەکەی تۆڕی تەلەفزیۆنییان بە لاوە مەبەستەو هیچیان لە بارەوە نەگوتووە.

٥- راپۆرتەکە دەچێتە سەر ئەوەی کە تەلەفزیۆن گوتوویە، سەرنج دەدەین ئەو کردارانە کە نووسەر بۆ پێشاندانی زانیاری راپۆرتە تەلەفزیۆنییەکە بە کاری هێناون بریتین لە (**چەند راپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی گوتوویانە، تۆڕی تەلەفزیۆنی "ئێن بی سی" رایگەیاندووە، راپۆرتەکە لە سەری بەردەوامە...**).

٦- راپۆرتەکە بەم قسەیە (**لە لایەکی دیکەوە.....**) دەچێتە سەر دووەم کێشە کە بریتییە لە لێدوانی وەزیرێکی فەرەنسایی بۆ ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی.

٧- راپۆرتەکە چەند وتەیەکی کورتی کاریگەر لە دوو تۆێی بابەتی لێدوانی وەزیرە فەرەنسییەکە هەڵدەبژێرێ‌و لەگەڵ گوزارشتەکانی نووسەردا بۆ پێشکەشکردنی زانیارییەکان تێکەڵیان دەکات.

٨- راپۆرتەکە بڕگەیەکی درێژی تایبەت بە زانیاری پێشوەخت سەبارەت بە کێشەی تاوانباری دووەم کە کێشەیەکی بەردەوام‌و دادگایی کردنەکەی هەروا درێژەی پێدەدرێ لە کۆتاییدا پێشکەش دەکات.

را پۆرتی ئاوێتە

راپۆرتی ئاوێتە سەبارەت بە تاقە باسێکی تەوەرییە، بەڵام ئەوەندەی بکرێ‌و لە توانادا بوو بێ گشت لایەنێکی و تێڕوانینی جیاجیای لە بارەوە لە خۆدەگرێ، سا ئیدی زیاتر لە کەسایەتییەکەوە یا کۆمەڵێکەوە، یا لە یەك حکومەت‌و دەوڵەت زیاترەوە بێ، هەر بەوەندە ناوەستێتەوە تەنها زانیارییە هەواڵەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو لێدوان‌و قسەو باس‌و لەوانەیشە ئامارو هەڵوێست‌و ڕاو تەنانەت هەواڵی لەوەو پێشی پێوەند بە باسەکەیشەوە لە خۆدەگرێ، هەروەها زانیاریی مێژوویی و ئەرشیفیی جێگیر، لەوانەیشە بەراوردکاریش، لە بارەی باسەکان‌و ڕووداوی لەو شێوەیە پێویست بن.

راپۆرتی ئاوێتە لەوانەیە بچێتە هەر بوارێکی ژیانەوە کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بایەخ بە پەخش‌و بڵاوکردنەوەی دەدەن، ئەوا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بوارەی باسی دەکات پۆلێن دەکرێت، وەك راپۆرتی سیاسی و ئابووری و کەلتووری و وەرزشی و.. تد، بەڵام دەتوانین راپۆرتی ئاوێتە بۆ سێ جۆر دابەش بکەین:

١- راپۆرتی ئاوێتەی تاك.

٢- راپۆرتی ئاوێتەی بەردەوام.

٣- راپۆرتی ئاوێتەی سەرەکی.

١- راپۆرتی ئاوێتەی تاك: تاقە راپۆرتێکە لەبارەی ڕووداوێکی دیاریکراوەوە یا سەبارەت بە هەڵوێستێکی

نوێی ڕاگەیاندراو دەنووسرێ، ئەم جۆرە ڕاپۆرتە وەك هەر ڕاپۆرتێکی‌دیکە وایە، بەڵام خاسیەتی جیاکەرەوەی ئەوەیە کە ڕاپۆرتێکی تاکەو هیچ پێوەندییەکی بە ڕاپۆرتی پێشتر یا دواترەوە نییە، تەنها ئەوەندە نەبێ کە ڕووداوەکانیان لە یەك دەچنو ڕۆژنامەیش پاش داپۆشینی بڵاوی دەکاتەوە.

لەوانەیە هەموو ڕۆژێك لەم جۆرە ڕاپۆرتە لە بارەی پێشهاتی تازەی ڕووداوەکانەوە بنووسرێ، سائیدی ناوخۆیی بێت یا نێودەوڵەتی، لەوانەیە بە جێگرەوەی هاوچەرخانەی هەواڵیش دابنرێ، سەرنج دەدرێ لە ڕۆژنامەی جیهانیدا هەر لە گۆشە دیاریکراوەکانی ڕۆژنامەدا کورتەهەواڵ بڵاودەکرێتەوە سا بۆ جوانکاری دیزاینی ڕۆژنامەکە بێ یا بۆ کەمکردنەوەی ڕووبەری بەر فراوانی ڕاپۆرتو پڕوپاگەندەکان بێ، یا بە هۆی نامەعقولیەتی وازهێنانی ڕۆژنامە بێ لە هەواڵ بڵاوکردنەوە، پاشان هێندێ ڕووداو شایەنی ئەوەنین ڕاپۆرتیان لە بارەوە بنووسرێ. چونکە ئاساییە ڕاپۆرت درێژەو ئەو توانایەی هەیە بایەخی ئەو ڕووداوە دەربخات کە لە ڕاپۆرتەکەوەو لە چەندین گۆشەوەو بە پێی بە دووداچوونی چەندین پەیامنێر تاوتوێی باسەکە دەکات، یا تێکەڵەی (ڕاپۆرتی چەند ئاژانسی دەنگوباس یا هی دیکەیە)، پێدەچێ گرنگترین هۆیەك پاڵ بە ڕۆژنامەگەرییەوە بنێ پەنا ببات بەر ئەم جۆرە ڕاپۆرتەو ڕاپۆرتە هەواڵ بە گشتی پێویستی ڕۆژنامەیە بە جیاکردنەوەی لە هۆکارەکانی دیکەی وەك ئێزگەو تەلەفزیۆن، ئەم هۆکارانە ناچارن باری سەرشانی جەماوەرەکەیان سووك بکەن کە زیاتر بە مۆسیقاو گۆرانی لە ئێزگەداو وێنەی جۆراوجۆری تەلەفزیۆنی شاگەشکە دەبن، بەمجۆرە دەوری وشە ڕوو لەکزییەو ئێزگەو تەلەفزیۆنیش لە کۆرتی دەیبڕنەوەو بە خێرایی بابەتەکانیان پێشکەش دەکەن.

بەڵام هاندەری پەنابردنە بەر ڕاپۆرتەهەواڵ لە ڕۆژنامەدا هەر قوڵبوونەوەو تێڕامانو کپیو پێشکەشکردنی زانیارییە لە چەند جێگایەکو پێدەچێ لە ماوەی جیاجیایشدا بێ، ئەمە مەسەلەیەکە لە ڕاپۆرتدا فەراهەمە، لەبەرئەوە ڕۆژنامە پێی وایە بەم ڕێگایە خوێنەران بە خۆیەوە دەبەستێتەوە، چونکە هەر بە ئەوەندەوە ناوەستێتەوە بۆ نموونە ئەنجامەکانی یارییەکی تۆپی پێ پێشکەش بکات یا تەنانەت تەواوی یارییەکە پیشان بدات، بەڵکو بە ئەنقەست ڕاپۆرتی تەواو لەو بارەوە پێشکەش دەکاتو لەوانەیە باس لە گشت لایەنێکی یارییەکانو بیروڕای پسپۆرانو لەوانەیشە جەماوەریش بکات، زانیاری گونجاو لە بارەی یاریزانەکانەوەو بیروڕاو ئاستی توانایان لە یاریکردندا پێشکەش دەکات. سەرباری زانیاریی مێژوویی پەیوەست بە یارییەکانی هەر دوو تیپی یاریکەر سا پێکەوە بووبێ یا لەگەڵ تیپی دیکەدا بوو بێ.

٢- **ڕاپۆرتی ئاوێتەی بەردەوام**: ئەو ڕاپۆرتەیە تەواوی مەرجە زانراوەکانی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسیی تێدایەو بەوە جیادەکرێتەوە کە ڕووداوێك یا دیاردەیەك دادەپۆشێ کە چەند ڕۆژ یا لەوانەیە چەند هەفتە بخایەنێ، پێدەچێ ناوبەناو سەرهەڵبداتەوە بە هەمان شێواز دادەپۆشرێ، بە جۆرێ لە گشت لایەنێکەوەو چەند ڕۆژ پێویستی بە ڕاپۆرتی هەمەلایەنەی تێروپڕی شیکەرەوە هەیە کە بەردەوام بە دووی ڕووداوەکانەوە چووبێ.. چونکە ڕووداوێکی گەرموگوڕەو هەر ڕۆژە شتێکی تازەی پێیە، کەسێ بە دووی بەرەو پێشچوونەکانی یەوە بچێ هەموو ڕۆژێ لەم شێوازەی ڕاپۆرتدا دەبینێ کە ڕاپۆرتی دوینێ لە ڕاپۆرتی ئەمڕۆدا دەبێتە پێشینە یا ڕۆشناییەکە بۆ بیرخستنەوەی ڕووداوەکانی دوێنێو بەستنەوەی بە بەرەو پێشچوونەکانی ئەمڕۆ لە پێناوی بەستنەوەی بەردەوامی خوێنەر بە ڕووداوەکەوە، ڕۆشنکردنەوەی هەر بەرەو پێشچوونێکی ڕۆژی پێشترە کە بە سەریدا تێپەڕبووە.

لەم ڕاپۆرتەی دواییدا، بە دووداچوونی ڕەوشی گرژبووی هیندستانی - پاکستانییەو نموونەیەکی بە دووداچوونی لەم جۆرەیە، لێرەدا ئەم سەرنجانە دەخەینە بەرچاوان:

١- هەر دوو ناونیشانی لاوەکی و سەرەکی ڕاپۆرتەکە لە سێ ڕستەدا کورت دەکەنەوە: دەستگیرکردنی خەفیەو دەستکیزی هیندستانی لە پاکستانو تۆپبارانی دوولایەنە لە سەر سنووری کشمیر، پاشان وەزیرەکەی هیندستان (**کە دەوڵەتێکی زلهێزە**) بەکارهێنانی چەکی ناوکی بە دوور دەگرێ کە ترسو تۆقاندنێك بوو لە ماوەی قەیرانەکەدا جیهانی سەرقاڵ کردبوو.

٢ـ وێنه‌كه‌ سروشتی ژیان له‌ پەناگه‌كانی سنووری نێوان هه‌ردوو ولاّتدا پیشان ده‌دات. لێدوانه‌كه‌ی ژێره‌وه‌یش به‌ ئاشكرا ڕه‌وشه‌كه‌ ڕوون ده‌كاته‌وه.

٣ـ سه‌رچاوه‌ی ڕاپۆرته‌كه‌ هه‌ر دوو ئاژانسی هه‌والّیی فه‌رەنساو ڕووه‌یته‌رزن له‌ پایته‌ختی هه‌ر دوو ولاّتی خۆ ته‌یاركردوو بۆ جه‌نگ.

٤ـ ڕاپۆرته‌كه‌ به‌ گرنگترین زانیاری ده‌ست پێده‌كات، ئه‌ویش ڕه‌وینه‌وه‌ی مه‌ترسیی جیهانییه‌ له‌ هه‌لاّیسانی جه‌نگی ناوكی و ئه‌مه‌یش له‌ زاری وەزیری به‌رگری هیندستانه‌وه‌یه‌و به‌راوردێكه‌ یا باشتر بلّێین هاوتایی نێوان عه‌قلاّنیه‌تی ده‌ولّه‌ته‌ زلهێزه‌كانی خاوەن چه‌كی ناوكییه‌و به‌رزبوونه‌وه‌ی ئاستی به‌رپرسیاریّتی به‌رپرسانی هیندستانو پاكستانه‌، پاشان ڕاپۆرته‌كه‌ لێدوانێكی گه‌وره‌ به‌رپرسێكی پاكستانی سه‌باره‌ت به‌ قه‌یرانه‌كه‌ بلاّوده‌كاته‌وه‌، ڕاپۆرته‌كه‌ چه‌ند ده‌ق له‌ لێدوانی هه‌ر دوو وەزیره‌كه‌ وەرده‌گرێو ئه‌و ده‌رفه‌ته‌ به‌ به‌رپرسانی هه‌ردوو ولاّت ده‌دات تا قسه‌كانیان له‌ ڕێی خوێنه‌رانی ڕۆژنامه‌كه‌وه‌ به‌ ڕای گشتی بگه‌یه‌نن، ئه‌مه‌یش ڕۆژنامه‌كه‌ له‌ تاوانبارکردنی به‌ لایه‌نگیری یا ڕاپۆپاگه‌نده‌كردنو بانگه‌شه‌كردن بۆ لایه‌نێكی ناكۆكییه‌كه‌ ده‌به‌خشێ.

٥ـ ڕاپۆرته‌كه‌ ده‌چێته‌ سه‌ر خستنه‌ڕووی ڕاگه‌یاندنی پاكستانی به‌ ده‌ستگیركردنی خه‌فیه‌و ده‌ستكیزی گومانلێكراوی هیندستانی. ئه‌مه‌یش به‌ ناونیشانێكی لاوه‌كی له‌ سه‌رچاوه‌ی ڕه‌سمی‌و عه‌سكه‌ری پاكستانییه‌وه‌ ده‌گوازرێته‌وه‌، دواتر ڕاپۆرته‌كه‌ ژماره‌ی خه‌فیه‌كان ئاشكرا ده‌كات كه‌ له‌ سه‌ره‌تای قه‌یرانه‌كه‌وه‌ ده‌ستگیركراون.

٦ـ ڕاپۆرته‌كه‌ ده‌كه‌وێته‌ وەسفكردنی حاڵوبارو گوزه‌رانی ژیانی مه‌ده‌نی له‌ سه‌ر سنووره‌كانو له‌ هێڵه‌كانی ڕووبه‌ڕوو بوونه‌وه‌دا، به‌ جۆرێ ده‌نگی شاوری وریاكردنه‌وه‌و بڕینی ته‌زووی كاره‌باو ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌وه‌ به‌ سه‌ر دانیشتوانی مه‌ده‌نییه‌وه‌.

٧ـ دوای ئه‌وه‌، ڕاپۆرته‌كه‌ ده‌چێته‌ سه‌ر خستنه‌ڕووی ڕه‌وشی به‌ره‌ی جه‌نگی نێوان هه‌ر دوو سوپای دژ به‌ یه‌ك، به‌ جۆرێ تۆپبارانی به‌رده‌وامی نێوان هه‌ر دووڵاو ئاماژه‌ كردن به‌ زیانی گیانی‌و پاشان ڕاپۆرته‌كه‌ باسی ژماره‌ی كوژراوو بریندارى هه‌ر دووڵا ده‌كات، هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای قه‌یرانه‌كه‌وه‌و ئاماژێك له‌و باره‌وه‌ ده‌خاته‌ڕوو.

٨ـ پاشان ڕاپۆرته‌كه‌ به‌ ده‌ربڕینی (**في غضون ذلك/ له‌و ماوییه‌دا...**) ده‌چێته‌ سه‌ر پێشكه‌شكردنی هه‌والّێك پێوه‌ندی به‌ قه‌یرانه‌كه‌وه‌ هه‌یه‌و به‌ به‌رده‌وامی ترس‌و دڵه‌ڕاوكێ له‌ ئه‌گه‌ری هه‌لاّیسانی جه‌نگ ده‌گه‌یه‌نێ، باس له‌ زۆر وڵات ده‌كات كه‌ به‌ خێرایی هاوولاّتیانی خۆیان له‌ هه‌ردوو ولاّت ده‌كێشنه‌وه‌.

٩ـ ڕۆژنامه‌كه‌ به‌ ڕاپۆرتێكی دیكه‌و له‌ پەراوێزه‌وه‌ به‌ دووی قه‌یرانه‌كه‌دا ده‌چێو ده‌كه‌وێته‌ پاڵپشت كردنی ڕاپۆرته‌ تێرو ته‌سه‌له‌كه‌ی له‌ باره‌ی ئه‌و قه‌یرانه‌وه‌، كه‌ ده‌كرێ به‌ ڕاپۆرتی پاڵپشت ناوی ببه‌ین، ئه‌م ڕاپۆرته‌ سه‌ر له‌به‌ری بایەخ به‌و هه‌وڵه‌ نێوده‌وڵه‌تییانه‌ ده‌دات كه‌ مه‌به‌ستییه‌تی سه‌رۆكی هه‌ر دوو وڵات ڕێك بخه‌نه‌وه‌و هۆكاره‌كانی قه‌یرانه‌كه‌ له‌ به‌ین ببه‌ن، ڕاپۆرتی پاڵپشت گشت خاسیه‌تێكی ڕاپۆرتی ڕۆژنامه‌وانی تێدایه‌، سائیدی ڕاپۆرتی ساده‌ یا ئاوێته‌ بێ، به‌ڵام دواجار هه‌ر چاره‌سه‌ری بابه‌تی ڕاپۆرته‌كه‌ی پێشووه‌، له‌ لایه‌كی دیكه‌وه‌ پێده‌چێ له‌ باره‌ی لایه‌نه‌ جیاجیاكانی ژیان‌و گۆڕانكارییه‌كانه‌وه‌ بێت له‌ سایه‌ی قه‌یرانه‌كه‌دا، یا زیانی كه‌سانی دیكه‌ی دوور له‌ مه‌ینه‌تییه‌كانی جه‌نگ بێ، یا قازانجی كارگه‌كانی چه‌ك بێ، یا....

١٠ـ ڕاپۆرتی پاڵپشت داپۆشینی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی كۆبوونه‌وه‌ی سه‌رانی ده‌وڵه‌تانه‌ له‌ ڕێكخراوه‌ هه‌ڕێمایه‌تییه‌كاندا، به‌ جۆرێ كه‌ سه‌رۆكی پاكستانی و سه‌رۆك وەزیرانی هیندستان ئاماده‌ی ده‌بن، ده‌كرێ بۆنه‌یه‌ك بێت هه‌ر دوو سه‌رۆك كۆبكاته‌وه‌، به‌ جۆرێ سه‌رۆكی پوسیاش پاش ئه‌وه‌ی سه‌رۆكی چه‌ندین ده‌وڵه‌ت ڕوویان لێناوه‌ به‌و ئه‌ركه‌ هه‌ڵسێت، هه‌وڵ ده‌دات ڕێكیان بخات. ڕاپۆرته‌كه‌ باس له‌ كاردانه‌وه‌ی هیندستانی و پاكستانی ده‌كات له‌ باره‌ی ئه‌و هه‌وڵانه‌وه‌، هه‌ر وەك باس له‌ ڕای سه‌رۆكه‌كانی دیكه‌یش ده‌كات، سه‌رباری ئه‌گه‌ری چاوەڕوانییه‌كانی سه‌ركه‌وتن یا سه‌رنه‌كه‌وتنی ئه‌م هه‌وڵانه‌.

ئه‌م دوو ڕاپۆرته‌ی لای خواره‌وه‌ نموونه‌ی ڕاپۆرتی به‌رده‌وامو ڕاپۆرتی پاڵپشتن:

ئیسلام ئاباد چه‌ند سیخوری هیندی ده‌ستگیر ده‌كات

تۆپباران كردنی خه‌ستی كشمیر

وەزیری به‌رگری هیندستان شه‌پی ناوكی به‌دوور ده‌زانێ

ئیسلام ئاباد - نیودەلهی - ئەی ئێف بی، پۆیتەرز - دوێتێ جۆرج فەرنانریزی وەزیری بەرگری هیندیستان هەڵایسانی شەڕی ناوکی نێوان وڵاتەکەی و پاکستانی بەدوور زانی، پێی وایە هەردوولا لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکەدا (هەڵەشە) نابن. وەزیرەکە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (ئینتەرناشونالّ هیرالّد تریبۆن)دا ڕایگەیاند: بەو بیرکردنەوەیە ڕازی نیم کە پێ ی وایە هیندستان و پاکستان هەڵەشە و هەڵچوون تا ئەو ڕادەیەی چەکی ناوکی لەبیر بکەن). هەروەها گوتی لەو بڕوایەدام کە دەبێ لەوە دڵنیابین کە لە ئاسیای باشوردا بەرپرسانێك هەن لە ئاستی بەرپرسیارێتی خۆیاندان. لەوانە شەڕێك هەڵبگیرسێنن و خاوەنی بەڵێنی خۆیان نەبن، بەڵام کاتێك کێشەکە پەیوەندی بە چەکی ناوەکییەوە هەیە، ئەوا نیمچە کیشوەری ئاسیا بە کاریگەرییەکانیەوە پەیوەستە).

وەزیر سوورە لەسەر(ئەگەر هێزە ناوکییە ڕۆژئاواییەکان و چین دەتوانن کۆنترۆڵی چەکی ناوکی بکەن، ئەوا هیندستان و پاکستانیش هەروان).

لە بەرانبەردا (عەزیز ئەحمەد خان) ی دەمڕاستی وەزارەتی دەرەوەی پاکستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا دوێنێ پرسی (لە سایەی ئاپۆرەی هێزە چەکدارییەکانی هیندیا چۆن دەکرێ چالاکی تیرۆریستی لە سنورەکانی کشمیر بکرێ) و گوتی (بە درێژایی ٧٥٠ کیلۆمەتر هێڵی چاودێری کردنی نێوان هەردوولای کشمیر ژمارەیەکی زۆر مین و بەربەست هەن ڕێ لە دزەکردن دەگرن و، بە تایبەتی کە سوپای هیندی لە توانایدایە شوراپەکی مرۆیی پێك بهێنێ.

سیخوڕی هیندی:

دەسەلاتدارانی پاکستانی ڕایانگەیاند ٤ سیخوڕی هیندی لە سنوری بانجاب (ناوەڕاست) دەستگیرکردووە، سەرچاوە سەربازییەکان دەڵێن (بەڵگەنامەی گرنگ و نەخشە و ئیزگەو ئامێری بێ تەل) بەو چوارکەسە گیراون و بەرگی شوانیان پۆشی بوو.

سەرچاوە ڕەسمییەکان ڕایانگەیاند (نامەیەك بە شیفرە بۆ وڵاتێکی هاوسێ نێردراوە و گیراوە و دوو تیمی لێکۆڵینەوەیش کەوتونەتەخۆ). یەکێ لەوسەرچاوانە ئەوەشی گوت کە منالانی گوندەکانی ڕۆژئاوای مولتان ئەو چوار کەسەیان ناسیوەتەوەو دواتر پەلبەست کراون بۆ لێپرسینەوە. سەرچاوە سەربازییەکانی مولتان ئەم دەستگیرکردنەیان ڕاگەیاندووەو بەڵام ڕازی نەبوون زیاتری لەبارەوە بدوێن، بەمەیش ژمارەی ئەوکەسانەی بە سیخوڕی هیند دانراون گەیشتووەتە هەشت کەس کە لە مانگی ڕابردووەوە دەستگیرکراون.

شەپۆری ئاگادارکردنەوە دەنگی دەدایەوەو، بەتوندی شەوی یەك شەممە لەسەر دوو شەممە لە زۆر(ناوچەی هەستیار) ی کشمیری پاکستانی قەدەغەی هاتوچۆ کرابوو، بەجۆرێ تا دوێنێش ڕەوشەکە هەروا گرژ بوو. لە ئێوارەی پێڕێوە بۆ جاری دووەم و یەك لە دوای یەك لە گشت ناوچەکانی موزەفەر ئاباد و پایتەختی هەرێم تەزووی کارەبا بڕاو، ئەمەیش لە ترسی هێرشی ئاسمانی هیندی بوو.

بڕینی کارەبا بەبێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی لەوەو پێش لەم ماوەیەی وەرزی گەرما و نزیك بوونەوەی وادەی تاقیکردنەوەی قوتابیان گیروگرفتی زۆری بۆ دانیشتوان لێکەوتووەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا شەوەزەنگ ڕێ ی لەبەردەوامی تۆپبارانی شەوانەی سووپای هەردوولا نەگرتووە. تۆپبارانی هیندی بووە هۆی کوشتنی ٣ کەس و بریندارببوونی ٩ کەس.

بەرپرسانی هەردوولای هیندی و پاکستانی گوتویانە کە سەرلەبەیانی دوێنێ سەربازێکی پاکستانی لە تۆپبارانی چڕی هەردوولا بە چەکی مۆرتەرو چەکی ئاگرپژێن لەسەر سنووری نێوانیان کوژراوە.

هەواڵەکان باس لە بریندارو کوژراو لەلایەنی هیندی دەکەن ، بەڵام بەرپرسانی پاکستان گوتویانە سەربازێکی کوژراو، دوو کەسیش لە بۆردوومانی ناوچەکانی دەوروبەری شاری (سیالکوت)ی هەرێمی (بەنجاب) بریندار ببوون نزیکەی ٦٨ پاکستانی هەر لە سەرەتای تۆپبارانەوە لە ١٧ ی ئایار(مایۆ)ی ڕابردوودا کوژراون.

لەوماوەیەدا،(گلۆریا ئاروییو) ی سەرۆکی فلیپین دوێنێ بڕیارێکی دەرکردووە بە گواستنەوەی فەرمانبەرانی وڵاتەکەی و خێزانەکانیان کە سەرەکی نین لە پاکستان دووربخرێنەوە نەك شەڵ لەنێوان هەردوو وڵات هەڵبگیرسێ و (مالیزیایش) هاوولاتیانی خۆی و ژمارەیەك لە دیپلۆماسییەکانی ئامۆژگاری

کردووەتەوە هیندستان و پاکستان بەهۆی مەترسی شەر هەلا؟یسانەوە بەزووترین کات بەجێ بهێڵن.

* * *

ناوبژیوانی نێودەوڵەتی دەسەلاتی

بــە پــۆتین داوە بکەوێتــە نێــوان فاجبــایی و موشەرەفەوە...

قسەکەرێکی هیندی بە دووری نازانێ تەوقە لەگەڵ یەکدی بکەن.

وەزیری بەرگریی ڕووسیا پاکستان بــە نێوەنێودانی هیندستان تاوانبارەدکات.

ئەمڕۆ لە ئاڵمائاتای کازاخستان کۆنگرەی لووتکەی (هاوکــاری و گەڕانــەوەی متمانــە)ە لــە ئاســیا دەبەستڕێ، بەڵام لەو کۆنگرەیــەدا زیــاتر ڕۆشنایی دەخرێتە ســەر ناوبژیوانی ڕوسیا تــا گــرژی نێوان نیودەلهی و ئیسلام ئاباد خاوبکاتەوە. لە کاتێکدا بە ئاماژەیەکی پۆزەتیف وەسف کراو، قسەکەرێکی هیندی بە دووری نەزانی سەرۆکی پاکستان پــەرۆیز موشەرەف و ئەتاڵی بیهاری فاجبایی لەگەڵ یــەکترێ بکەونە تەوقە کردن و نێردراوی ١٦ وڵاتی ئاسیا لــە نێویانــدا چــین و ڕوسیا و پاکستان و هیندســتان و فەلەستین و ئەفغانستان و تورکیا و میسر بەشداری لەو کۆنگرەیەدا دەکەن. (ئەلحیات) بەوەی زانی بوو وا بڕیار بوو (یاسر عەرەفات)ی سەرۆکی فەلەستین بەشــداربێ و چــاوی بــە فلادمــیر پــۆتینی ســەرۆکی ڕووسی بکەوێت، بەڵام دەستەبەری ئەوە نــەکرا کــە بگەڕێتــەوە ناوچــەکانی ژێــر دەســەلاتی فەلەســتین، لــەبری ئــەو وەفــدێك لــە ئاســتی وەزارەت چــوون و ئیسرائیلیش بە وەفدێکی هاوشێوە بەشداری دەکات. بەڵام ناکۆکی نێوان هەردوو دەوڵەتی خاوەن چەکی ناوکی لە ئاسیا تەوەری سەرەکی کۆنگرەکە دەبێت، (فلادمــیر پــۆتین) ی ســەرۆکی ڕووســیا دەکەوێتــە ناوبژیوانی و ناوبژیوانی سۆڤیەتی ساڵی ١٩٦٦ دوبارە دەکەنەوە کە توانرا لەو سەردەمەدا ئــاو بــە ئــاگری قەیرانێکی توندو تیژدا بکرێ.

بەڵام مۆسکۆی (ڕوسی) هەمان قــەبارەو دەســەلاتی مۆسکۆی (سۆڤیەتی) نییە، بەڵکو ئەمڕۆ پۆتین ئەو دەســەلاتەی لــە وڵاتــە یــەکگرتووەکان و یــەکێتی ئــەوروپاوە پێــدراوە بکەوێتــە ناوبــژیوانی نێــوان هیندستان و پاکستان. سەرباری ئەوەی کــە ڕوسیــا هەوڵــدەدات بکەوێتــە نێوانیانــەوە، بــەڵام (ســێرگی ئیڤانۆڤ) ی وەزیری بەرگری دوێنێ قسەیەکی کرد کە لەوانەیە یاریدەی سەرۆك پۆتین نەدات، ئەو گوتی:- پاکستان ڕۆکێتــی تاقیکردۆتــەوە کــە لــە توانایدایــە کلاوەی ئەتۆمی هەڵبگرێ، لە ڕەوشێکی گرژدا ئەوە (نییۆنێودان)ەو لەوانەیە پاڵ بــە هیندســتانەوە بــێ کاردانەوەی هەبێ.

وا بڕیارە سەرۆکی ڕووسی دوو کۆبونەوەی جیا لەگەڵ سەرۆك وەزیرانــی هیندســتان و ســەرۆکی پاکســتان ببەستێ، سەرۆکی پاکستانیش ڕایگەیاند کە ئامادەیە (بەبێ هیچ کۆتوبەندو مەرجێك) چاوی بــە فاجبــایی بکەوێت.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا لە ئاڵمائاتــا بەســتی گوتی:- کاتێك چاوی بە(نوور سوڵتان نزار بایف)ی سەرۆکی کازاخستان کەوت کەوا ڕووسیا (پێوەنــدی نزیکــی) بــە هیندســتانەوە هەیــە دەکــرێ بــۆ ئاشتبوونەوە سوودێکی هەبێ.

هــەروەها (نــزار بــاییف) لەگــەڵ فاجبــای کۆبــۆوەو هەردوو سەرۆك (ڕێکەوتنێکیان بۆ هاوکاری سەربازی و یاداشتنامەیەك بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر) ئیمزا کردووەو سەرۆك وەزیرانی هیندستان بە تووندی ڕەتی کردەوە کە لە کۆبونەوەیەکی سێ کەسیدا لەگــەڵ پــۆتین و موشەرەف دا کۆببێتەوە.

قسەکەرێك بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی هیندستانەوە دوێنێ جەختی کردەوە کە ئەگەری ئەوە دیدارە (لە گۆڕێدا نییە) و بــەڵام گــووتی (پێدەچــێ ئەگــەرێکی گریمانەیی) لە گۆڕێدا فاجبایی و موشــەرەف تەوقــە بکــەن هــەروەك ســاڵی پــار لــە کــۆنگرەی لوتکــەی دەوڵەتانی باشوری ئاسیا لە(کاتماندۆ) تەوقەیانکرد.

(ئەلەکســەندەر ئوســیوکوف)ی جێگــری وەزیــری دەرەوەی ڕووسی گوتی پۆتین هەوڵ دەدات هەردوولا ڕازی بکات (دان بە خۆدا بگرن و دەست لــە کــاری سەربازی هەڵگرن) و پێ ی وایە ئــەوە لانــی کەمــە، بەڵام لانی زۆر کــە مەبەســتە کۆبوونــەوەی هــەردوو ســەرۆکی هیندســتان و پاکستانەو تەوقەکردنیانــە. پۆتین و جیانگ زەمینی سەرۆکی چین بۆ ڕێکخستنی هەڵوێســتەکان کۆدەبنــەوە، لەوانەیــە فــشار بۆهــەردوولاش بهێــنن، شــایانی باســە کــە مۆســکۆ

هـەروەك زانـراوە پـشتگیری هیندسـتان دەکـات لەکاتێکدا پەکین پاڵپشتی پاکستان دەکات.

٣- راپۆرتی ئاوێتەی سەرەکی: راپۆرتی سەرەکی لە هەر ڕۆژنامەیەکدا بێ لە یەکەم لاپەڕەدا ڕاپـۆرتی زاڵو باڵا دەستە، بـە مانشێتو وێنـەی پـڕماناوە پێشان دەدرێو بە جۆرێ دادەڕێژرێ کە ئەم ڕاپۆرتە بکەوێتە خانـەی چارەکی یەکـەمی لای سـەرووی لاپەڕەکـەوە، ئەو خانەیەیە کە یەکـەمین جـار سـەرنجی خوێنـەر بـە لای ناوەڕۆکەکەیدا ڕادەکێشێ. وا باوە ئەم ڕاپۆرتە لـە لاپـەڕەکانی نـاوەوەدا درێـژەو تەواوکـەری دەبـێ. هەروەها ڕۆژنامە لە سەرلەبەری لاپەڕەکانیدا بـە دووی بابەتەکەدا دەچێ، سا ئیدی بە ڕاپۆرتی دیکـە بـێ کـە لە گۆشەی دیکـەی جیاجیـای مرۆڤایـەتی یـا ئـابووری یا... یا بە گوتارو ستوونو تەنانـەت دیدارو هونـەری ڕۆژنامەنووسیی دیکە چارەسەری باسەکە دەکات.

ئاسـاییە کـە بابـەتی ڕاپـۆرتی سـەرەکی ڕووداوی گەرماوگەرمی نێوخۆیی یا هەرێمایەتی یا نێودەوڵەتی دەبـێ، کـە خوێنـەران لـە بارەیـەوە عـەوداڵی هـەر هـەواڵێکی تـازەن، چـونکە بـە هـەر شـتێوەیەك بـێ پێوەندییان پێـوەی هەیـەو لای هەموان مایـەی بایـەخ پێدانە.

ئاساییە کە بابەتی ڕا پۆرتی سەرەکی ڕووداوی گەرماوگەرمی نێوخۆیی یا هەرێمایەتی یا نێودەوڵەتی دەبێ، کە خوێنەران لە بارەیەوە عەوداڵی هەر هەواڵێکی تازەن

ئـەم ڕاپۆرتـەی لای خـوارەوە لـە لاپـەڕەی یەکـەم وەرگـیراوە، لـە دیـزاینو قـەبارەی پیتـە چـاپکراوەکانیدا ناونیـشانە سـەرەکییەکەی و زۆری ناونیـشانە لاوەکییـەکانی ئـەو ڕادەیە دەنوێنێ کە ڕۆژنامەکە بایـەخی بـە ڕووداوەکـە دابێ، کە ڕووداوێکی جیهانییەو لە دنیـادا بایـەخی پـێ دەدرێ، پاشـان ڕاپۆرتەکـە تێکەڵـەی ڕاپـۆرتی پـەیامنێرانی ڕۆژنامەکەیـە لـەو پایتەختانـەی ڕووداوەکەیان بە لاوە مایەی بایەخ پێدانە.

*** نۆ کەس لە خێزانەکەی مەلا عومەر کوژراون**
*** خۆپێشاندانی ناڕەزایەتی لە میسر و ئێران و تورکیا**
*** جیـاوازی نێـوان واشـنتۆن و ئیـسلام ئابـاد لـە فراوانبوونداید**
*** دیمەشق ناڕەزایە بە لێدوانەکانی ئارمیتاج**
*** بەم زووانە کیومالکردنی ووشکانی دەست پێدەکات و لـە ئەمـەریکا سـەربازگیری بـۆ هـەر چـالاکییەکی تۆڵەسەندنەوە**
- واشنتۆن- مۆفەق حەرب
- ئیسلام ئاباد- ئەحمەد مۆفەق زیدان
- قاهیرە - تاران - (ئەلحیات)

چالاکییە سەربازییەکانی ئەمـەریکا لـە ئەفغانستان هـەروا بـۆ ڕۆژی شەشـەم بەردەوامـە سـەرەتایەکی دەست پێکردنـی چـالاکییە ووشـکانییەکان، وولاتـە یەکگرتووەکان لە حاڵەتی سەربازگیری دایە نـەوەك چـالاکییەکی تیرۆریستی تۆڵەسـەندنەوە ڕووبـدات. وەزیری بەرگری ئەمەریکا ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەی بۆ (هاوپەیمانێتی باکور)ی بەرهەڵستکار خستە بەرچاو تا بەرەو ناوچەکانی (تاڵیبـان) بکشێن کـە ڕۆژانـی ڕابردوودا فڕۆکەکان بۆردوومانیان کردووە.

سـەرباری سـوربونی سـەرۆك جـۆرج بـۆش لەسـەر هاوولاتیان تـا بگەڕێنـەوە سـەر کاروبـاری ڕۆژانـەی خۆیـان، نوسـینگەی لێکۆڵینـەوەی فیـدراڵی (ئێف،بی،ئای) ئەمەریکییەکانی وریاکردۆتـەوە کـە لەوانەیـە دژ بـە بەرژەوەنـدی ئەمـەریکا لـە ڕۆژانـی داهاتوودا چالاکی تیرۆریستی تازە ئەنجام بدرێن.

بەرپرسانی ئەمەریکا دەڵێن لە ماوەی ١١ی ئەیلولەوە هەرەبـەمێزترین ووریاکردنـەوەبوون. ئـەمیش لـە ئـەنجامی ئـەوزانیاری یانەوەیـە دەست دەزگاکـانی ئاسایش کەوتوون و، ئاماژە بەوەدەکەن کە کۆمەڵە تیرۆریستەکان هەوڵی بلاوکردنەوەی ترس و خۆف لە مـاوەی پـشوی کۆتـایی هەفتـەدا بـەڵام بەرپرسـان ئاماژەیان بە ئامانجی دیاریکراو نەکردووە، سـەرۆك بۆش هەوڵی دا وریاکردنەوەی توندی (ئێف،بی،ئای) سووك بکاتەوەو گوتی: ئەو وریاکردنەوانە(گشتین)و بەشـێکی (وریـایی ئاسـایی)یـە، بـۆش ڕای گەیانـد (پێشکەوتنێکی گەورەی) لـە جـەنگی دژەتـیرۆردا ڕووی داوەو، وە ئاماژە بـە بلـۆك کردنـی ملوێنـەها دۆلاری ڕێکخراوەکان کە بە تیرۆرەوە گرێ دراون.

بۆش دەرفەتێکی دیکەی بە سـەرانی تاڵیبـان دا تـا لەناوبردنیان دووربکەوێتەوە. بەوەی ئوسامە بن لادن بدەن بە دەستەوە و دەسـت لـە پـشتگیری کردنـی تیرۆر هەڵبگرن. بەڵام باڵوێزی ئەفغانستان لە ئیسلام

ئابد(عەبدولسەلام زەعیف) پایگەیاند کە (تالیبان) پازی نابێت ئوسامە بن لادن بدات بە دەستەوەو، بە پۆژنامەنوسانی گوت: ئەم داوایە پەت دەکەینەوەو، دنیا دەزانێ کە بزوتنەوەکە مل بە مەرج و داواکاری کەس نادات (ئەلحیات) زانیویە کە سەرکردەی بزوتنەوەکە مەلا محەمەد داوای لە کۆمەڵە ئیسلامییە پاکستانییەکان کردووە جەنگاوەری خۆ بەش نەنیچرن مادامەکی جەنگی ئاسمانی هەروا درێژەی هەیە، داوای کرد چاوەپوانی دەست پێکردنی جەنگی وشکانی بکەن. سەرچاوە ئەفغانییە ئاگادارەکان دوێنێ بە(ئەلحەیات)یان گوتووە کە ٩ کەس لەکەس و کاری سەرکردەی تالیبان لەماوەی چالاکییە سەربازییەکانی ئەمەریکادا کەلەقەندەهار سێرەیان لە ماڵەکەی گرتبوو، هەروەها ئەو سەرچاوانە دەڵێن هەردوو کوڕشەکەی و کچەکەی و ژنەکەیو دوو برای و برازنەکەی و زاواکەی و مامی بوون.

جەنگی وشکانی و نزیکبونەوەی زستان

(لویس مونی) وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری بەرگری دەڵێ: توندی بۆمبارانی ئەفغانستان (بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش) لە ماوەی پشووی کۆتایی هەفتەدا بە هۆی یادی شەوڕەو میعراجەوە کە موسوڵمانان جەژنی بۆ دەگێڕن. (جیف هۆن) وەزیری بەرگری بەریتانیا پایگەیاند کە هێرشی وشکانی چاوەڕوانکراو لە ئەفغانستان مەرجە لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتودا دەست پێ بکات، یا ئەوپەڕەی تا سەرەتای مانگی زستان، بە پێچەوانەوە دەبێ بۆ بەهاری داهاتوو دوابخرێ .هۆن بۆ (بی بی سی) گوتووە: هەمووان دەزانن کەش و هەوا پاش چەند هەفتە گەلێك سەخت دەبێت، ئامازەیە بەوەی کە (شەڕی براکوژی لە ئەفغانستان بە درێژای مێژوو لە مانگەکانی زستاندا وەستاوە)، هەروەها گوتی: هێرشی وشکانی (مەسەلەیەکە خراوەتە بەر لێکۆڵینەوە و بڕیارێکی لە بارەیەوە نەدراوە)

لەو ماوەیەدا، سەرچاوەکانی پێنتاگۆن دەڵێن: قۆناغییەکەمی چالاکییە سەربازییەکان پاش دڵنیابوون لە ئامانج و بنکەکانی سەرکردایەتی و پێوەندی کردن و بەرگری ئاسمانی کۆتایی هاتووە. هەموو ئەوانە دەڵێن چالاکییە سەربازییەکان لە شەشەم پۆژیدا هێرش دەباتە سەر ئاپۆڕەی (تالیبان).

دیمەشق نارازییە بەلێدوانەکانی ئارمیتاج:

ئێوارەی پێنج شەممە بۆش لە کۆنگرە پۆژنامەنوسییەکەیدا دەرفەتی قۆستەوە تا ئاوڕێك لە جیهانی عەرەبی بداتەوە، بەوەی کە ولاتە یەکگرتووەکان چاوێك بە ترسی عەرەبی دا دەخشێنێتەوە، پێشوازیشی لەو کارانەی یاسر عەرەفات کرد کە بۆ (جڵەوکردنی گرووپە تووندڕەوەکان و کۆنترۆڵکردنی تووندو تیژی) کردووەی، لایەنگیری ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستینی دووپات کردۆتەوە بەو مەرجەی ددان بە مافی هەبوونی ئیسرائیلدا بنرێت.

بۆش داوای لە سوریا کرد بێتە نێو هاوپەیمانێتیی نێو دەوڵەتی دژ بە تیرۆر (بەڵام لە سەریەتی بە کردەوە بەشداربێت). بەڵام ئیسرائیل دوێنێ لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە پەهەندەکانی لێدوانی سەرۆکی ئەمەریکی سوك بکاتەوە و بەوەی ترسی لەوە هەیە ئەو لێدوانانە (پاستگۆییەکی گەورەتر) بە پژێمی سوریا بدات.

وەزارەتی دەرەوەی سووریا دوێنێ (تیودور قەتوف)ی بالۆێزی ئەمەریکی لە دیمەشق بانگ کردووە تا ناپەزای تۆندی لەسەر لێدوانەکانی (ریتچارد ئارمیتاج)ی جێگیری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا پێ ڕابگەیەنێ.کە گوتبووی دەوڵەتێکی وەك سوریا لە قۆناغی داهاتووی هەڵمەتی ئێستای دژ بە تیرۆردا دەکرێ ڕووبەڕوی کردەوەی (عەسکەری) ببنەوە، وەزارەتی دەرەوەی سوریا سەرنجی دا لێدوانی ئارمیتاج لەگەڵ لێدوانی سەرەك بۆشدا ناگونجێت.

خۆپیشاندانی پاکستان:

هەزاران کەس لە شارە گەورەکانی پاکستان پژانە سەر شەقامەکان و کەوتنە خۆپیشاندان دژ بە هاوکاری پاکستانی - ئەمەریکی و دروشمیان دژ بە پەروێز موشەرەفی سەرۆکی پاکستان بەرزکردەوە، لە کاتێکدا زۆربەی خۆپیشاندانەکان ئاشتیانە بەڕێوەچوون، بەڵام خۆپیشاندەران لە کەراچی هێرشیان بردە سەر دوو لقی چێشتخانەی (کنتاکی)و

بارەگـاو ئۆتـۆمبیلی حکـومی. خۆپیـشاندەران و هێزەکانی ئاسایش کەوتنە تەقەکردن لە یەکتری و لەو ناوەدا چەند کەس بریندارببوون. کۆمەڵە ئیـسلامییە پاکستانییەکان دوێنێ مانگرتنێکی سەرتاسەرییان لە گشت لایەکی وڵاتدا کرد تا پۆژی دووشەمەی داهاتوو بەرێوە بچێت، وەک ناڕەزایی دژ بەهاوکاری پاکستان لەگەڵ ئەمەریکا لە هەڵمەتیدا دژ بە ئەفغانستان.

سەرچـاوە پاکـستانییە ئاگادارەکـان لـە بـارەی دەستوەشـاندنی ئەمـەریکا بـۆ (ئـەلحیات) دووان و ناکۆکی لـە نێـوان ئەمـەریکا و پاکستان هەیـە، لـە کاتێکدا پاکستان لەو بڕوایەدایە لەو ماوەیە درێـژتر بووە کە بە پاکستان ڕاگەیەندرا بوو پۆژێك یا دوو پۆژ دەبێ، بە تایبەتی سەرۆك بۆش ڕای گەیاندبوو کـە دەکرێ ئـەو پەلاماردانـە یـەك تـا دوو سـاڵ درێـژە بکێـشێ، ئەمـەیش دەبێتـە مایـەی شـەرمەزاربوونی حکومەت لەبەردەم خەڵکی وڵاتەکەی. بـەڵام دووەم خاڵی ناکۆکی ئەوەیە هاوپـەیمانێتی باکوری دژ بـە پاکستان هەلومەرج بقۆزێتـەوە و دەسـەڵات بگرێتـە دەست، بـەم جـۆرە لەبـەری پۆژئـاوای سـنوورییەوە حکومـەتی کـی دژ بـە پاکستان بێتـە سـەر کـار. چاودێران پێیان وایـە بـە قـەیران بـوونی ڕەوشـەکە ترسی پاکستان زیـاتر دەکـات لـەوەی هیندستانی دوژمنە دێرینەکەی هەلەکە بقۆزێتەوەو هێرش بباتە سـەر کـشمیرییەکان کـە هینـد بـە ناوەنـدی مەشـق پێکردنـی تیرۆریـستانی دادەنـێ و پـەلاماری بـدات. هەروەك (ئەتال بیهاری فاجبایی) ی سەرۆك وەزیرانی هینـدی و (جاسـوانت سـینغ) ی وەزیـری دەرەوە هەڕەشەی لەبارەوە دەکرد، گەر ئەوە ڕووبدات ئەوا ئاسایـشی پاکستان شـلۆق دەبـێ. بەرپرسـێك لـە بزووتنەوەی تالیبـان دوێنـێ بـە (فـرانس پـرێس)ی ڕاگەیانـدووە: چـاوی بـە لاشـەی مـردۆڤ و بـۆمبی ئەمەریکی کەوتووە کـە نەتەقیوەتـەوەو هـەموو لـە دەوروبـەری گونـدی (قـەدەم)ی (پۆژهـەڵاتی ئەفغانستان) و لە دووری ٤٠کیلۆمەتر پۆژئاوای جەلال ئاباد بلاۆ ببونەوە.

بەرپرسێك لە ئاژانسی ڕەسمی (بەختیار)ی تالیبـان پۆژی هەینی سەردانی (شیرشا هەمـدەرد) کـردووە، ئەم گوندە پۆژی چوارشەمەی ڕابردوو کەوتبووە بەر بۆمبابارانی فڕۆکەی ئەمـەریکی و گـوتی: (بەرگـەی بۆنی لاشەی بۆگەنیوو ڕەشەوڵاخ و بینینـی دیمـەنی ئاوا ترسناك ناگیرێ ، بەڵام پێم خـۆش بـوو بینـیم، دەبێ جیهان بزانێ ئەمەریکییەکان لێرە چ کاریکیان کردووە).

خۆپیشاندانی دژ بە جەنگ:

دوێنێ لە جیهانی عەرەبیدا پۆژی خۆپیشاندانی دژ بە جەنگ بوو، هەزاران میسری و فەلەستینی و ئێرانی، پاش نوێژی هەینی، کەوتنە خۆپیشاندان و ناڕەزا و بێزاربوون لە هێرش و پەلاماری ئەمـەریکا بـۆ سـەر ئەفغانستان، پاش ئەوەی ئیمام و خوتبەخوێنەکانی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە ڕیسوایان کرد، لـە قـاهیرە زیاتر لە سێ هەزار میسری لەناو حەرەمی مزگەوتی ئەزهەر کۆبونەوە، (شێخ تەنتاوی)ی ئیمامی ئەزهەر گـوتی مـافی هـیچ دەوڵـەتێك نییـە بـە تـاوانی دەستدرێژیکەر سەرلەبەری گەلێك بە لاوو ژن و پیری بێ گوناهەوە سزا بدات).

لە ئێران دەیان هەزاران ئێرانی و لە نێویاندا وەزیران لـە چـەندین شـاری گـەورەدا کەوتنـە ڕێپێـوان، لـە زانیدان (باشوری ڕۆژهەڵات) خۆپیشاندەران پەلاماری کۆنـسوڵخانەی پاکـستانیان دا و پەنجـەرەی خانووەکەیان شکاند

لە تاران دەیان هەزار خۆپیشاندەر لە زانکۆوە بەرەو گۆڕەپانی فەلەستین لەناو جەرگەی شار کەوتنە ڕێ، ئەحمەد مەسجد جامعی وەزیری کـەلتور و محەمـەد شەریعەتمەداری وەزیری بازرگانی بەشداریان تێیدا کرد و خۆپیشاندەران ئالای ئەمەریکا و ئیسرائیلیان سووتاند، خۆپیشاندانی دیکە لە ئەسفەهان و تەورێز و شیراز و بەندەر عەباسی کەنار دەریا بەڕێ خران.

لە کەناری پۆژئاوا، بەبێ هیچ ڕوداوێك خۆپیشاندان دژ بە ئەمەریکییەکان بەڕێ خران بە تایبەتی لە نابلوس نزیکەی دوو هەزار کەس کۆبونـەوەو لـە پامـەڵڵایش ١٥٠٠ کەس کەوتنە خۆپیشاندان.

ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵ (ئـەی ئێـف بـی) چـەندین خۆپیـشاندان لـە ئەسـتەمبول و قۆنیـا(ناوەڕاسـتی تورکیا) پاش نوێژی هەینی دژ بە پەلاماری ئەمەریکا بەڕێ خران پۆلیس سەد کەسی دەستگیرکرد.

خۆپیشاندان لەکاتی ناڕەزایەتییاندا لە ئەندەنوسیاوە و بەناو پاکستان و بەنگلادیش و مالیزیادا بەرەو ئێران ڕەت بوون. پەلاماری هێماو نیشانە ئەمەریکییەکانیان

دا وەك چێشتخانەی ژەمی سەرپێی سەرباری خانوی بەڕێوەبەرێتی ناوخۆیی. (شێخ ئەحمەد کەفتارو) موفتی کۆماری سوریا لە خوتبەی دوێنێیدا داوای پاگرتنی (جەنگی ناعادیلانە)ی ولاتە یەکگرتووەکانی دژ بە ئەفغانستان کرد.

سەرۆکی پەرلەمانی ئەندەنوسیا دوێنێ داوای لە (میگاواتی سۆکارنۆ پۆتری)ی ژنە سەرۆك کرد دژ بە هەڵمەتی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئەفغانستان تووندوتیژی دەربڕێ. (تانجونگ) لە کاتی دیداری سەرۆکدا پایگەیاند مەرجە حکوومەت (داوا لە ولاتە یەکگرتووەکان بکات هێرشی خۆی پابگرێ. ئەگەر ئەمەریکا بە پاستی دەیەوێت تیرۆرستان لە ناوببات دەبێت لە حەشارگەکانیان بیاندۆزێتەوەو هێرشیان بۆ سەر شارەکان قوربانی زۆری لە مەدەنییەکان دەکەوێتەوە).

بە مەبەستی نزیکبوونەوە لەوەی ڕۆژنامە چۆن چۆنی چارەسەری ڕاپۆرتەکەی کردووە. ئەم چەند سەرنجە تۆمار دەکەین:

١ــ ناونیشانە لاوەکییەکانو ناونیشانی سەرەکی نزیکەی ٨ هەواڵ لە حەوت ولاتی پەیوەست بە ڕووداوەکە دەگرێتەوە.... لە ناونیشانی هەواڵی ڕۆژی پێش جەنگو چاوەڕوانییەکانی ڕۆژانی داهاتووی و هەواڵی خۆپیشاندان لە چەندین ولاتداو هەڵوێستی دەوڵەتانی دیکەو دەرکەوتنی ناکۆکی نێوان هەر دوو دەوڵەت لەو بارەوە. هەموو ئەوانە لە ناونیشانەکەوەیە.

٢ـ ڕۆژنامەکە ناوی سەرچاوەکانی ڕاپۆرت دەهێنێ کە پەیامنێرانی ڕۆژنامەکەن لە چوار پایتەختی جیهانییەوە.

٣ــ وێنەیەك بە ڕوونکردنەوەیەکی گونجاوەوە لە بەرەی جەنگەوە... هەر بە پاستی سەرچاوەی وێنەکەیش لە نێو دووکەوانەدا کە ئاژانسی ئەسیوشییەتیدپرێسە تۆمارکراوە.

٤ـ تەنها ١٩ پستە لە ڕاپۆرتەکەدا لە ستوونێکداو لە لاپەڕەی یەکەمدا بڵاوکراوەتەوەو لە دوا پستەدا بە مەبەستی بە دوواچوونی تەواوکەری بابەتەکە بە هێما ئاماژەکراوە، دەکرێ ڕووبەری دیاریکراوی دەقەکە لە لاپەڕەی یەکەمدا بۆ چەندین هۆکار شی بکرێتەوە، سەرباری ئەوەی ڕاپۆرتی سەرەکییەکە بریتین لە:

١ــ بایەخی زۆر بە خاڵەکانی چوونە نێو باسەکە دراوە، وەك ناونیشانو وێنەو ڕاڤەکردنی وێنەو دیزاین.

٢ـ لاپەڕەی یەکەم کە لە نموونەکەدا دەرنەکەوتووە ڕاپۆرتی دیکەی سەبارەت بە هەمان بابەت لە خۆگرتووە، بەڵام لە گۆشەی جیاجیاوە، بەڵکو دەکرێ بڵێین بەشێکی زۆری لاپەڕەی یەکەم بۆ ئەو بابەتە تەرخان کراوە.

٤ـ لە کۆتایی چەند دێڕی یەکەمی پاش هەواڵەکردن بۆ تەواوکەری بابەتەکە لە لاپەڕەکانی ناوەوەدا بە پیتی درشت ئاماژەکراوە بۆ گەڕانەوەی خوێنەر بۆ هەشت لاپەڕەی هەمان ڕۆژنامە تا زیاتر لەبارەی خودی بابەتەکەوە بخوێنێتەوە.

٥ــ سەرەڕای ئەوەی تەوەری ڕاپۆرتەکە واتا خاڵی سەرەکی بەرەو پێشچوونەکانی جەنگی ئەمریکایە دژ بەوەی ئەمریکا بە تیرۆر ناوی دەبات، بە تایبەتی لە ئەفغانستان، زۆربەی ئەو ڕووداوانەی بەم تەوەرەوە پەیوەستن، ڕاپۆرتنووسی ناچارکردووە زانیاری جیاجیا بە پێی ناونیشانە لاوەکییە بچووکەکانەوە بخاتە بەردەست.

٦ـ ڕاپۆرتەکە بە پانۆرامایەکی هەمەلایەنەی دیمەنی جەنگ دەستپێدەکات، بە جۆرێ تێکەڵەیەکی هەواڵەکانی بەرەی جەنگ لە ئەفغانستانو ڕەوشی دەنگدانی خەڵکە لە ناوخۆی ئەمریکاداو لە ترسی هێرشی نوێ.

٧ـ ڕاپۆرتەکە لە بڕگەی دواتردا بە دریژی لەو دوو هەلومەرجە دەکۆڵێتەوە کە لە پێشەکیدا خرابوونە بەرچاو، لەبەرەکانی جەنگیشدا بۆردوومان هەروا بەردەوامەو دریژەی هەیە، وەزیری بەرگری ئەمریکیش فەرمان بە هێزە وشکانییەکان دەدات هێرش بەرن، ئەوە لە کاتێکدا لە ناو ئەمریکادا سەرباری دڵنیاکردنەوەی سەرۆك، خەڵکی پاش ئەوەی بە ڕەسمی وریاکراونەتەوە ترسیان لە هێرشی تیرۆریستی هەیە.

٨ــ پاشان ڕاپۆرتەکە دەکەوێتە هەڵسەنگاندنی ئەو وریاکردنەوانەو دواتر دەچێتە سەر لێدوانی سەرۆکی ئەمریکی لە بارەی جەنگەوە، پاش ئەوەی بە

هەواڵنامەی کتێب

تێڕوانینی سەرۆك لە بارەی ئەو وریاکردنەوانەوە ڕێی بۆ خۆش دەکات. دواتر ڕاپۆرتەکە دەچێتە سەر تێڕوانینی ئەفغانی لە بارەی جەنگەوەو بەرەو پێشچوونە جیاوازەکانی، ئەمیش لە ڕۆژنامەدا بە جۆرێك لە هاوسەنگی دادەنرێ لە نێوان هەردوو لایەنی ناکۆکداو بێ لایەنی ڕۆژنامەکە دەنوێنێ.

٩ــ پاش ئەمە ناونیشانە لاوەکییەکان دێنو هەر یەکەیان هەواڵێکی جیاوازەو پەیوەستن بە هەمان خاڵی سەرەکییەوە، واتا سەبارەت بە بابەتی ڕاپۆرتەکەیەو دەیخەنە بەرچاو، لێرەیشدا مەبەستمان لە هەواڵ لەوانەیە لێدوان یا بەیاننامە یا سەردان یا کۆبوونەوە یا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بێت یا هەر هەواڵێکی ئاسایی وەك هەواڵی خۆپیشاندانو بانگکردنەوەی باڵیۆز یا گۆڕانی هەلومەرجی کاریگەری ڕووداوەکانو.. بێ.

١٠ــ دەکرێ زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە سەرەکییە (**زانیاری ناو چوارچێوەی سەرەکی**)و کاردانەوەی ڕاستەوخۆیەتی، بەڵام وردەکارییەکانی دیکەی ڕۆژنامەکە بە ڕاپۆرتەکانی دیکە چارەسەریان دەکات کە لە خوار ڕاپۆرتە سەرەکییەکەو لە لاپەڕەکانی دیکەدا بە وشەی (**راجع– بڕوانە بۆ**) ئاماژەیان پێدراوە، پاشان دەستنیشانکردنی ژمارەی لاپەڕەکانو...، دەکرێ چەند ناونیشانی ئەو ڕاپۆرتە بخوێنینەوە تا بە درێژی لە بایەخ پێدانی بگەین، کە بیانووی بۆ جیاکردنەوەی لە ڕاپۆرتی سەرەکی هەبوو.. با پێکەوە بیخوێنینەوە:

*** لاپەڕەی یەکەم:**

ـ بۆ بلۆککردنی حسابات و پشتیوانەی دراو (**الارصدة المالیة**) گەرهەبوو/ گەڵاڵەنامەی بەریتانیایی - ئەمریکایی بۆ ڕاوەدوونانی ٣٨ تاوانبار بە تیرۆرو زۆربەیان عەرەبن.

ـ لە کوێت لە هەڵمەتێکی دەستگیرکردندا ٢٤ کەس دەستیگر دەکرێن کە زۆربەیان عەرەبن.

ـ سەرانی ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکان بە عەمامەی ئەفغانییەوە لە پیشاوەر.

– بەیروت: باڵیۆزی ئەمریکا لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەدا (**لیستی داواکراوەکان**)ی حزبوڵڵای ڕووژاندووە.

– تیراوێ (الجمرة الخبیثة) سەرلەنوێ هەڵمەت دەباتەوە: پاش فلۆریدا توشبوویەك لە نیویۆرك.

*** لاپەڕەی دووەم:**

(ڕۆژنامەکە لای ڕاستی سەرووی لاپەڕەکەوە نوسیوویە (**جەنگی دژە تیرۆر**) لە کاتێکدا وێنەی فڕۆکەیەکی جەنگی لای ئەوسەری چەپی لاپەڕەکەوەیەو، بە هەمان شێوە.

لە لاپەڕەکانی دووەمو سێیەمو چوارەمو پێنجەمو شەشەمو حەوتەمو هەشتەمو دەیەم)دا.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هیوا سالح ئەحمەد

ـ هەفتەی داهاتوو پاپۆڕە جەنگییە کەنەدییەکان لە دەریای عەرەبەوە بەشداری لەچالاکییەکاندا دەکەن/ یادی شەوڕەوی (**الاسراء والمعراج**) ئاگربەست لە ئەفغانستان دەسەپێنێو، لەندەن باس لە هەڵمەتێکی وشکانی دەکاتو بەمزوانە یا بۆ بەهار دوادەخرێ.

(سەرنج دەدرێ ئەم ڕاپۆرتەیش هەر وەك ڕاپۆرتی سەرەکی وەهایەو زۆربەی خەسڵەتەکانی ئەم جۆرە ڕاپۆرتەی تێدایە... زیاتر وا بە بیردا دێت کە ڕۆژنامەکە وەك ڕاپۆرتێکی سەرەکی ئامادەی کردووە، بەڵام هەواڵەکانو بەرەو پێشچوونی نوێ هاندەر بوون بۆ نووسینی ڕاپۆرتێکی سەرەکی تازە، بەو هۆیەوە کە وەك ڕاپۆرتە سەرەکییەکە وایە خراوەتە لاپەڕەی دووەم).

*** لاپەڕەی سێیەم:**

ـ بە دەستپێکردنی هێرشی وشکانی لە ماوەی ٣ ڕۆژدا چاوەڕێی هێرشی ڕووسی دەکرێ: دابەزاندنی کۆماندۆس بە تەوافە (گوافە)و بە پشتیوانی فڕۆکەی جەنگی.

ـ فاتیکان بیانوو بۆ دەستێوەردان دەهێنێتەوە.

ـ پاکستان: ئەفغان بارمتەی کۆمەڵێ بیانین.

*** لاپەڕەی چوارەم:**

ـ حزبە ئیسلامییەکان بە بۆنەی سەردانەکەی پاوڵەوە بانگەوازی خۆپیشاندانی گشتی دەکەن.

ـ پاکستان: پۆلیس لە کەراچی دەکەونە تەقەکردنو لە شارەکانی دیکە خۆپیشاندان دژ بە ئەمریکا بە ڕێ دەخرێ.

– قونسوڵگەری ئەڵمانیا لە بۆردۆ چۆڵ دەکرێو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە لاهای ترسو دڵەڕاوکێیان لێ نیشتووە/ کۆمپانیایەکی ئەمریکایی باس لە دەوری

فڕینەرانی فڕۆکە دەکات لە پیسکردنی نووسینگەکانی بە بەکتریای تیراوێ.

– یەکەم پۆژی هەینی پاش بۆردوومانەکەی ئەفغانستان/ خۆپیشاندانو کاری توندوتیژ لە ئاسیاو ئەفریقیا بە پێ دەخرێ.

– ئەمریکا بۆ نەهێشتنی تیرۆر یاسایەکی نوێ دەردەکات/ لەندەن درێژە بە ماوەی دەستگیرکردنی ئیسلامییەك دەداتو ئازەربایجانیش داواکراوێك لە میسرەوە پەوانەی وڵاتەکەی دەکاتەوە.

ــ بن لادن (**کاری چەکدارانە لە مەغریب پەت دەکاتەوە**): مەرجە وازی لێ بهێنین جێیەکی ئەمینو بنکەیەکی پشتەوەی چەوساوەکان بێت.

ــ سەرۆکی شارەوانی نیویۆرك: هەر بیانوو هێنانەوەیەك بانگەوازێکە بۆ دووبارەبوونەوەی هێرش بردن لە داهاتوودا/ کۆمەکو بەخشینی (**ئەلوەلید بن تەلال**)ی بۆ سەنتەری بازرگانیی جیهانی پەتکردەوە.

– خستنە پێشی قەرەبووکردنەوە لە پارەی بلۆککراویان لە ئەمریکا/ یەکەمین بانگەواز بۆ سەر بن لادنو تالیبان.

– لێپرسراوی پەنابەران داوای پاگرتنی هێرشەکان دەکات تا پێ بە گەیشتنی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکان بدرێ.

ـ ئەمرۆ دادگایی کردنی هەشت کەسە پۆژئاواییەکە لە کابوڵ دەست پێدەکات.

(سەرنج دەدرێ هێندێ لە پاپۆرتەکانی لاپەڕەکانی ناوەوە درێژەی زانیارییەکن کە بە کورتی لە پاپۆرتی سەرەکیدا باسکراون..... واتا پاپۆرتی سەرەکی لەم بارەدا کورتەیەکی هەمەلایەنەی هەموو پاپۆرتەکانو ئەو هەواڵانەی لە پۆژنامەکەدا هاتوون لە بارەی تاقە بابەتێکی گەرماوگەرمەوە دەنوێنێ کە مایەی بایەخ پێدانی پای گشتی و خوێنەرانی پۆژنامەکەیشە).

*** لاپەڕەی پێنجەم:**

– دیمەشق خراوەتە دەرەوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر/ ئارمیتاج بە دووری نازانێ هێرش ببرێتە سەر سوریاو بە گومانە سودان بەدەم داواکارییەکەی واشنتۆنەوە بچێت.

ــ هاوولاتیەکی سوریایی بە ماددەی کیمیاییەوە لە تورکیا دەستگیرکرا.

ــ خوتبەخوێنەکانی مزگەوتەکانی ئیمارات: قەمەو نێزە بۆ ئەوانەی بە تیۆرەوە گلاون.

ـ سەنعا: پێنج هاوولاتیی یەمەنی لە دەستدرێژییەکانی ئەمریکاو کەنەدا کوژراون.

ـ پاپۆرتی دیکە لە بارەی هەمان بابەتەوە.

*** لاپەڕەی هەشتەم:**

ـ (**ئیخوان**) لە ئەزهەر دەکەونە خۆپیشاندان و دژ بە ئەمریکا بانگەوازی جیهاد دەکەن.

ـ پاپۆرتی دیکە لە بارەی هەمان بابەتەوە.

ـ تەواوکەری پاپۆرتە بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی یەکەم.

*** لاپەڕەی نۆیەم:**

ـ بن لادن تا بۆش ناچار بە پاشەکشە بکات جەنگێکی ئایینی بەرپادەکات.

ـ گوتاری دیکە لە بارەی هەمان بابەتەوە یا پێوەندی پێوەی هەبێ.

*** لاپەڕەی دەیەم:**

ــ چاوێك هەر لە سەر عیراقەو ئاماژەیەك بە تاقیکردنەوەی نیازی سوریاو لایەنگری فەلەستین/ بۆش: دەرفەتێکی دیکە بە (**تالیبان**) دەدرێ تا بن لادن بەدەستەوە بدەن.

سەرباری گوتارو دیدارو بە دووداچوونو پێپۆرتاژ لە بارەی هەمان بابەتەوە لە گشت لاپەڕەکانی پۆژنامەدا، بەڵکو لاپەڕەکانی ١٥و ١٩ بۆ هەمان بابەت تەرخان کراون.

*** وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:**

هیوا سالح ئەحمەد

●

چەمکی هەوارْ و چۆنیەتی دارِشتنی (*)



خالد بەکر ئەیوب

ئەو بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە، لەساتە وەختێکی ناخۆشدا بوو بڕیاری لەسەر درا بلاوبکرێتەوە، چونکە ئەو رۆژە نووسەرەکەی خواحافیزی لێ کردین تا خۆی بخاتە بەر چەقۆی پزیشکان.

لەم رۆژانەی دواییشدا کە نۆبەتی هەڵەبژێری دوا پرۆفەی بابەتەکە بوو، زانیبوومان نووسەرەکەی لەبەردەستی پزیشکان دەرچووە، بۆیە بەپێویستمان زانی بیبەینەوە لای خۆی، تا هەڵەبژێرییەکەمان بۆ بکاو مانشێتەکانیش بەدڵی خۆی دابنێ، بەبڕیشی بێنینەوە "ژیان" وا خۆشە و درێژەی دەبێ، تەمەن درێژی بۆ کاك "خالید بەکر ئەیوب"ی سکرتێری نووسین و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەخوازین، ئومێدەوارین تەندروستی ئەوەندە باش بێت تاکو هەموو هەڵەبژێرییەکەی ژمارەی داهاتوو بەو بسپێرین.

رۆژنامەگەری کوردی

لەبەرایی گوتارێکمدا کە لەژمارە (١٠)ی گۆڤاری **(رۆژنامەڤانی)**دا بلاوکراوەتەوە بەم شێوەیە وەسفی هەوالّم کردووە: **(هەوالْ وەکو خوێنە لەنێو جەستەی ژیاندا هاتووچۆ دەکا بە نەگەیشتنی بۆ هەرشوێنێ یا ئەندامێ شوێنەکە بێ جوولّە دەبێ و ئەندامەکە ئیفلیج دەبێت....)** بەو واتایە هەوالْ بەشێکی سەرەکی و هەرە گرنگ لەسەرجەم بوارەکانی ژیان پێك دێنێ... بەو رادەیەی گەر مرۆڤ لە هەوالْ دابڕێ ... بۆ نموونە لەشوێنێك دابنرێ... هەوالّی نەگاتێ ... ئەوا بێگومان ئەم مرۆڤە دووچاری نامۆیی و دابڕان دەبێ و هەست بەبوونی خۆی ناکا و دوورنییە نەتوانێ درێژە بە ژیان بدا ... گەر وەکو غەریزەیەکیش لە ژیان بەردەوام بێ ئەوا ناتوانرێ بە مرۆڤێکی هۆشیارو بە ئاگا و رۆشنبیری و کاریگەر و چالاك لەبوارەجیاجیاکانی ژیاندا بژمێردرێ...

سەرەڕای ئەمەش وەرگرتنی بڕیاری گرنگ و چارەنووسساز پەیوەستە بەو رووداو و هەواڵانەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی یا کۆمەڵایەتی یاخود ئابووریدا روودەدەن.

هەڵوێست وەرگرتنیش چ لەسەر ئاستی ... سیاسی ... هزری ... کۆمەڵایەتی...بەندە بەو هەواڵانەی سەرهەڵدەدەن.

هۆشیاری مرۆڤیش بەهۆی هەواڵەوە قوڵتر و فراوانتر دەبێ ... **(رای گشتی)**یش بەهۆی هەواڵەوە سەر هەڵدەداو پەرە دەستێنێ و کاریگەری بەسەر رووداوەکانەوە دەبێ... نموونەی فرە زیندووی ئەمەش کۆچڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستان بوو... کەبەهۆی گواستنەوەی رووداوە مەرگەساتەکانی ئەم کۆچڕەوە... وەك **(هەوالْ)** لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە، بووە هۆی ئەوەی **(رای گشتی)** جیهانی بخولقێ و فشار بخاتە سەر دەسەلاتەکان بۆ ئەوەی سنووریّك بۆ ئەم تراژیدیایە دابنرێ، ئەوەبوو ناوچەی ئارام لەکوردستانی باشووردا دانرا.

ژیانی رۆژانەشمان هەر هەمووی هەواڵە... لەسەرەتای دەست بەکاربوونمان تا دەگاتە کاتی خەوتنمان زنجیرە هەواڵێك پێشوازیمان لێ دەکا... تەنانەت لەکاتی نووستنیشا هەوالْ جار...جار... سەردانمان دەکاو بەسەرمان دەکاتەوە، جگە لەمانەش **(هەوالْ)** پەیوەندییەکان تونددوتوڵ دەکاو هاوسۆزی لەکۆمەڵگای مرۆییدا بەتێن دەکا... ئا ئەوەتا هەوالْ لەهەموو دەزگاکانی راگەیاندنا پەخش دەکرێ و بلاودەکرێتەوەو بە بڕبڕەی پشتی راگەیاندن دەژمێردرێ... پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکانی سەردەمیش لەبواری شۆرشی گەیاندنا هەمووی لەخزمەتی هەواڵە و هەواڵی سیاسی... کۆمەڵایەتی... رۆشنبیری ... هونەری... وەرزشی... زانستی...

هـزری...هتـد. بـەهۆی ئـەم تەکنـەلۆژیا هاوچـەرخە بەسەرتاپای جیهاندا بلاوەکرێتەوە.
بەکورتی نە مرۆڤ ... نەکۆمەڵگا... ناتوانن بێ هـەواڵ بـن... رەوتـی ژیـانی سـەردەمیانەش بـە هـۆی **(هەواڵ)ەوە** بەرەو پێشەوە هەنگاو دەهاوێژێ...

پێناسەی هەواڵ

زۆر بەکورتی هەواڵ بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە دەکرێت

(هەواڵ گێڕانەوەو باسکردنی رووداوێك یا چالاکیەکی مرۆیی دیاریکراوە...) مەبەست لـە **(رووداو یـاخود چـالاکی)** لێـرەدا، تـەنها رووداو و چـالاکی سیاسـی و کۆمەلایـەتی یـا رووداوەکـانی جـەنگ و پێکـدادان و بەسـتنی کۆبوونـەوەکان نییـە بـەڵکو بەشـێوەیەکی گـشتگیر هـەموو چەشـنە چـالاکییەکی مرۆیـی دەگرێتەوە.

هـەروەك لـە پێناسـەکەدا هـاتوو هـەواڵ گێڕانـەوەی رووداوە... کـرداری گێڕانەوەشـی بـۆ ئـەوەی سـەرنج راکـێش و کاریگـەر بـێ... پێویـستی بـە بەهرەیـەکی تایبـەت هەیـە، ئـەم گێڕانەوەیـەش زۆر لـە گێڕانـەوەی **(چـیرۆك)**دەکـا، ئەگـەر زێـدەڕۆیی نەکـەین دەتـوانین بڵێین **(هەواڵ)** چیرۆکێکی زۆر کورتە کە لە **(سەرەتا و لوتکەو کۆتایی)** پێك هاتووە.

هـەواڵ کـە بەرامبەرەکـەی لـەزمانی ئینگلیزیـدا (NEWS)ە، هەنـدێ لەسەرچـاوە پێیـان وایـە لەووشەی (NEW) وەرگیراوە... بەواتای **(نوێ، تازە)** ئەمەش مەرجێکە لەمەرجەکانی هەواڵی سەرکەوتوو.

سەرچاوەی دیکەش هەن وەك کتێبـی **(بـەناوبانگترین دادگایی کردنەکانی رۆژنامەوانی لەجیهاندا... اشهر المحاکمه الصحفیه فی العالم)** ئاماژە بەوەدەکا دەڵێ: زاراوەی (NEWS) هـەر پیتێکـی لـە پیتـی یەکـەمی ناوەکـانی هـەر چـوار لای زەوی وەرگـیراوە بـەم شێوەیە: (N) پیتی یەکەمی ووشەی (NORTH)ە کـە (باکوور)ە... هـەروەها پیتـی (E)پیتـی یەکـەمی (EAST) رۆژهـەڵات و (W) پیتـی یەکـەمی (WEST) رۆژئـاوا و پیتـی (S) پیتـی یەکـەمی (SOUTH) باشوور، وەرگیراوە.

بۆیـە رۆژنامـەکان لەسـەرەتای سـەدەی شـازدەهەم.. لەبـەریتانیا و وواڵتـە ئەوروپیەکانـدا لەسـەروی لاپـەڕەی یەکەمیانـدا وێنـەی **(رووگەنامـە.. قیبلەنامە)**یان داناوە، وەك ئاماژەیـەك بـۆ هـەر چـوار لای زەوی.

داڕشتنی هەواڵ

وەك چـۆن نووسـینی داهێنەرانـە **(شیعر...چیرۆك...پەخشان)** پێویستی بـە بـەهرەو توانا هەیە، ئاواش نووسین و دارشتنی هـەواڵ بـەهرەو هونەرێکی تایبەتی پێویستە، جگە لەبـەهرەو هونـەری نووسـین، هەریـەك لـەم جـۆرە نووسـینانە تارادەیـەك مـەرج و رێ و شـوێنیان بـۆ دانـراوە، وەك ئـەوەی لـە دانـانی شـیعردا(**سـۆز...خـەیاڵ.....وێنـەی شیعری....کێشوقافیە)**،لەچیرۆرکیشدا(**سەرەتا...لوتکـە...کۆتـایی)** وەکـو رێـسایەکی بـەرایی دەسـت نیشانکراون، بە هەمان شـێوەش نووسـین و دارشـتنی هەواڵ مەرجە تایبەتیەکانی خـۆی هەیـە... پێکهاتـەی هـەواڵیش لـە دوو بـەش پێکدێ، بـۆ دارشـتنی هـەواڵ پێویـستە رەچـاوی ئـەم دووبەشـە بکـرێ بەشـی یەکـەمیان پێـی دەگـووترێ (LEAD) کـە بـەواتای **(فەرماندەیی- سەرکردەیی، پێشەوایەتی)** دێ، کە بە پێشەکی هەواڵ دەژمێردرێ... لـەم بەشـەدا پێویستە هەواڵ وەلاّمی چوار پرسیار بداتەوە:

أ - چ رووێـداوە.. بەرامبـەرەکەی بـە ئینگلیـزی (WHAT HAPPEN)... واتـا چەشـن و جـۆری رووداوەکـە... چـالاکیەکە رووی بکرێتـەوەو دەسـت نیشان بکرێ.

ب - کـێ..؟ بەرامبەرکـەی بـە ئینگلیـزی (WHO)لـەوەلاّمی ئـەم پرسـیارەدا بەشـدار بـووانی رووداوو چالاکیەکە دەست نیشان دەکرێت.

ج - لـەکوێ؟ بەرامبەرەکـەی بـە ئینگلیـزی (WHERE)ە لێرەدا مەبەست دیاری کردنـی شـوێن و جێگەی رووداو و چالاکییەکانە.

د - کـەی..؟ بەرامبەرەکـەی بـە ئینگلیـزی (WHEN)ە... لـەوەلاّمی ئـەم پرسـیارەدا کـات و بەروار دیاری دەکرێ.

ئـەم چـوار پرسـیارەی بەشـی (LEAD) بـە شاپرسـیارەکانی هـەواڵ دەژمێـردرێ... بەوەلاّمدانـەوەیان بەشـێکی زۆر لەداڕشـتنی هـەواڵ دێتەدی.

بەشـی دووەم لـە پێکهاتـەی هـەواڵ بـە (BODY) ناوەدەبرێـت واتـا **(جەسـتە یـان هەیکـەلی هـەواڵ)** دەشـتوانین بـە **(درێـژەی هـەواڵ)**ی ناوببـەین.. لـەم بەشەدا هەواڵ وەلاّمی دوو پرسیار دەداتەوە:

أ - بۆچـی..؟ بەامبەرەکـەی بـە ئینگلیـزی (WHY) مەبەست لـەم پرسـیارەش رووونکردنـەوەی هۆیـەکانی ئەنجامدانی یا رووداوی چالاکییەکە و رووداوەکەیە.

ب ـ چۆن..؟ کەبەرامبەرەکەی بە ئینگلیزی (HOW) ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی چالاکیەکە یا ڕووداوەکە لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەست نیشان دەکرێ، هەرچەندە وەڵام دانەوەی ئەم (٦) پرسیارە، بەشێکی هەرە زۆری دارشتەی هەواڵ پێکدێنێ، بەڵام لەهەموو حالەتێکدا بەوەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە هەواڵ شێوە کۆتاییەکەی وەرناگرێ، جاری وا هەیە، پێویست بەوە دەکا هەواڵ درێژەی دیکەی هەبێت، بۆ نموونە: هەواڵی وا هەیە **(پێشینەی)** هەیە، گەر لە پێشەکیدا ئاماژەی پێ بکرێ.. یا لەکۆتایی هەواڵەکەدا .. ئەوا هەواڵەکە ڕێکتر و چاکتر دەردەچێ..، هەندێ جاریش

داڕشتنی هەواڵ تازەگەری و نوێ بوونەوەی بەسەردا هاتووە...

لەبەشی (LEAD) هەواڵ کورتە پێشەکییەکی پێویستە کە ڕەنگە سەرنج ڕاکێشتر و بەهێزتری بکا جگە لەوەڵامدانەوەی ئەم شەش پرسیارەش پێویستە هەواڵنووس ئاماژە بەسەرچاوەی هەواڵەکەی بکا..، جۆری سەرچاوە ڕاست گۆیی هەواڵ دیاری دەکا.

وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانەش وەک زنجیرەو یەک لەدوای یەک لە پرنسیپە بەراییەکانی هەواڵن، وەکو مەرجە سەرەکییەکانی **(چیرۆک و شیعر)** جا چۆن **(تازەگەری)**و نوێ بوونەوە بەسەر چیرۆک و شیعر داهاتووە بۆ نموونە تازەگەری لە نووسینی چیرۆکدا پەیڕەوی **(سەرەتا و لوتکە و کۆتایی)** ناکاو جێگۆڕکێ بە شوێنەکانیان دەکا کۆتایی دێتە شوێنی سەرەتا... یا سەرەتا لەگەڵ لووتکەدا تێهەڵکێش دەکرێ ئاواش هەواڵنووس بۆی هەیە... دارشتەی نوێ پێکبهێنێ و شوێنی (WHERE)پێش بخاو (WHAT)داوبخا و چەندین ئاڵۆگۆڕ کردنی دیکە هونەرمەندانەو وەستایانە بە ئەنجام بگەیەنێ بۆ ئەوەی هەواڵەکە سەرکەوتووبێت وەرگر بۆلای خۆی رابکێشێ، هەروەک لە پێناسەی هەواڵدا ئاماژەمان پێکرد، هەواڵ چیرۆکێکی زۆر کورتە، بۆیە پێویستە هەواڵنووس هونەری چیرۆک نووسینی تیابێ و لە گێڕانەوەی ڕووداو چالاکیەکاندا کارامەو شارەزا بێ و پێشەکی هەواڵ و کۆتاییەکەی بە شێوازێک بێ هۆش و سۆزی وەرگر ڕاکێشێ و کاری ئایەتیانەی **(ئیجابی)**ی لێبکا و بەشێوەو ناوەڕۆکێکی تازە بێتە گۆڕەپانەوە، بەجۆرێک وەرگر بەپەرۆشەوە پێشوازی لەهەواڵەکانی بکاو دووچاری بێزاری نەبێ.

زمانی هەواڵ

بۆ ئەوەی هەواڵ ڕوون و ئاشکرا و لە تێگەیشتنەوە نزیک بێ و هۆشی تاکەکانی کۆمەڵگا بوروژێنێ و سۆزیان بجوڵێنی.. پێویستە:

أ ـ ووشە بەکار هێنراوەکان فەرهەنگی نەبن و لەزمانی خەڵک نزیک بن.

ب ـ دەربڕینەکەی چڕ و پڕ مانا بێت ... لە درێژەی وەرسکەر بەدووربێ.

ج ـ رستەکانی کورت و پڕ واتا بن. بەشێوەیەک داڕێژرابێ گەر رستەیەکیش لاببرێت.. کار لەمانا گشتیەکەی نەکا.

هـ ـ دوور کەوتنەوە لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی **(گەورەیی و پایەداری و پلەداری)** لەپێش ناوی سەرۆک دەوڵەت و کاربەدەستان و پلەداران.

ح ـ زێدەڕۆیی نەکردن لەگێڕانەوەی ڕووداو و چالاکیەکان... کە قەبارەیەکی لەخۆگەورەتر بەخۆیەوە بگرێ.

مەرجەکانی (هەواڵ)ی سەرکەوتوو

بۆ ئەوەی هەواڵ کاریگەر و سەرنج ڕاکێش بێ ... پێویستە چەند مەرجێکی تیابێ.. لەمیانیاندا:

أ ـ ڕووداوەکە ڕووی دابێ، واتا حەقیقەت و واقیع بێ.

ب ـ ڕووداوەکە تازە ڕووی دابێ و کاتێکی زۆری بەسەردانەچووبێ، چەند تازە بێ ئەوەندە هەواڵەکە سەرکەوتووە.

ج ـ هەواڵنووس هەواڵ بەشێوەیەکی بابەتیانە و بێ لایەنانە بگوازێتەوە و سۆز و بۆچوونی کەسیەتیش بەلاوەنێ.

د ـ هەواڵ بە ئێش و ئازار و ویست و ئارەزوو و داواکارییەکانی خەڵکەوە پەیوەندیدار بێ.

هـ ـ هۆکارەکانی ڕووداندنی تیابێ و سەرنج ڕاکێش بێ بەشێوەیەک دابڕێژرێ هۆش و هەستی وەرگر ڕاکێشێ و کاری تێبکا، سەبارەت سەرنج ڕاکێشان و ڕووداندنەری هەواڵ، **(لۆرد بیڤر بڕۆک)** کە یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسەکانی بەریتانیا دەڵێ: **(کاتێک سەگێک مرۆڤێک دەگەزێ ئەمە هەواڵ نییە، بەڵام کاتێک مرۆڤ گاز لەسەگێک بگرێ ئەمەیان هەواڵە...!)**

ناوونیشانی هەواڵ

هەواڵ بەناوونیشان دەڕازێتەوەو بەرجەستە دەبێت، ناوونیشان دەروازەی هەواڵە، بۆیە چەند رێکوپێك و سەرنج راکێش بێت ئەوەندە وەرگر زێدەتر بۆ خوێندنەوەو گوێگرتن رادەکێشێت... ناونیشانیش چەند مەرجێکی هەیە وەك:

أ ـ کورت و چڕ و پڕ واتا بێ.

ب ـ لەناوەڕۆکی هەواڵەوە نزیك بێ و لەبەشی (LEAD) وەرگیرابێ... بەو مانایەی ناوونیشانی هەواڵ و ناوەڕۆکەی یەکبگرنەوە... نەك ناونیشانەکە گەورەو وروژێنەربێ، ناوەڕۆکەکەش وەرگر تووشی نائومێدی بکا لە ئاستی ناوونیشانەکە نزمتر بێ.

ج ـ جاری واهەیە پێویست بەوەدەکا، پوختەی هەواڵەکەی گەلاڵەکردبێ.

ئەم مەرجانە پرسیارەکان ئاسا مەرجی گشتین، وردەکاری و جوانکاری بۆ بەهرەو توانا و لێهاتوویی کارامەیی هەواڵنووس دەگەڕێتەوە بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین، سەرکەوتن لەهەڵبژاردنی ناونیشاندا مانای سەرکەوتنە لە دارشتنی هەواڵەکەدا، بۆیە پێویستە فرە بایەخ بە ناوونیشانی هەواڵ بدەین.

سەرچاوەکانی هەواڵ

دیارترین سەرچاوەکانی هەواڵ ئەمانەن:

١.سەرچاوەی فەرمی (رەسمی):

ئەم گوتە و لێدوانانە دەگرێتەوە کە لەلایەن دەزگا حکومی و یاسایی و سیاسیەکانەوە دەردەچێت، یاخود لەسەرزاری کەسێکی دیایکراو بلاوەکرێتەوە ئەم کەسەش بە قسەکەری فەرمی (ناطق رسمی، متحدث رسمی) ناودەبرێت.

٢.سەرچاوە نزیکەکان (المصادر المقربە):

ئەو سەرچاوانەن کەلەدام و دەزگا فەرمیەکاندا نزیکن، یاخود لەنزیکەوە ئاگاداری رووداوو چالاکیەکانن سەبارەت ئەم سەرچاوانە هەواڵنووس دەتوانێ بە ژیری و شارەزایی خۆی رادەی بڕوا بوون و متمانە و پشت بەستن پێیان دیاری بکا.

٣.سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان (المصادر الموثوقة):

ئەم سەرچاوانە بۆچی باوەڕ پێکراون؟ ئەوا یا ئەوەتا لە شوێنی رووداوەکەن یا بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاگاداری نهێنیەکانی رووداوەکانن یاخود بەپێشینە و ئەزموون سەلماندویانە کە باوەڕ پێکراون، رادەی بڕواو متمانەش لەلایەن هەواڵنووس و دەزگاکانی راگەیاندن بڕیاری لەسەر دەدرێ.

٤.سەرچاوە ئاگادارەکان(المصادر المطلعة):

ئەو سەرچاوانەن کە نزیکن لە چۆنیەتی رووداوەکان یا ئاگاداری سازدانی چالاکیەکانن و دەرچوونی بڕیار و پەیامە جۆراو جۆرەکانن.

٥.چاودێران (المراقبون):

ئەمانە یا تاکە کەسن یا کۆمەڵێکن یاخود دەزگایەکی چاو دێرین جا لە نزیکەوە یان لەدوورەوە بە بەکارهێنانی جۆرەها شێواز چاودێری رووداوەکان دەکەن هەنگاو بەهەنگاو زانیاری دەربارەی رووداوو چالاکیەکان کۆ دەکەنەوە و پەیوەندی نێوانیان دەخەنەڕوو.

٦.ئاژانسەکانی هەواڵ (وکالات الانباء):

ئەمانە سەرچاوەی گرنگن زۆربەی هەواڵەکانیش لەم ئاژانسانەوە وەردەگیرێن، بەڵام پێویستە راست گۆیی ئەم سەرچاوانە یەك لا بکرێتەوە چونکە هەندێکیان بەپێی بەرژەوەندییەکان و بیروڕای سیاسی و ئایدۆلۆژیی کاردەکەن.

٧.بینەری رووداو (شاهد عیان):

کەسێك یان زیاتر لەکەسێك لەشوێنی رووداوەکە بێ و بەچاوی خۆی چۆنیەتی ڕوودانی رووداوەکە ببینێ لەم سەر چاوەیەدا رەنگە سۆز و هۆکاری دیکەی کەسیەتی کار لەگێڕانەوەی رووداوەکە بکا بۆیە پێویستە پشت بەوگێڕانەوەی چەند کەسێك ببەستڕێ ئینجا دوای شیکردنەوە و وردبوونەوە گێڕانەوەیەکی نزیك لەراستی و دروست هەڵبژێردرێ.

٨. ئامادەبووانی راستەوخۆ لە شوێنی رووداو و چالاکی (التواجد فی محل الحادث):

لێرەدا هەواڵنووس خۆی سەرچاوەی هەواڵە ئەمەش راست گۆترین سەرچاوەیە گەر هاتوو هەواڵنووسەکە چالاك و وردبین و لێهاتوو بێ کەوا گەشە بەهەواڵەکە دەدا... واش لەوەرگر دەکا هەست بەوە بکا خۆی لە شوێنی رووداوەکەیە.

سەرچاوەکان

١ ـ فخری کریم / اشکالیة الخبر/ بغداد
٢ـ احمد فوزی / اشهر المحاکمات الصحفیة
٣ـ خالد بکر ایوب/ گوتاری هەواڵ و هەواڵنووس لە کورتە باسێکا، گۆڤاری رۆژنامەڤانی ژمارە (١٠)

*** ئەم بابەتە ئامادە کرابوو تا لە یادی ١٠٦ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی لە ڤیستیڤاڵی بەدرخان بخوێندرێتەوە، بەڵام بەمەبەستی بوار رەخساندن بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی دیکە، نووسەر بابەتەکەی نەخوێندەوەو داوای لێبوردنی کرد. "خالید"**

هەواڵی ئەلکترۆنی چۆن دەنووسرێ

ئەگەر هەواڵ بۆ میدیا ئەلکترۆنییەکان دەنووسن، ئەم خاڵانە لەبەر چاو بگرن

د.یۆنس شوکر خوان

هەواڵنامەی کێبڕکێ

پێشەکی وەرگێڕ:

نووسین دەربارەی هەواڵنووسی ئەلکترۆنی کاتێک کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی رایەڵە ئەلکترۆنییەکان لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا بۆتە دیاردەیەکی باو و پەیامنێرانی کورد لەم ڕێگەیەوە سنوورە جوگرافییەکان دەبەزێنن و دەتوانن بە هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە لە رۆژنامەنووسیی، لەسەر رای گشتی بەملیۆن مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان شوێن دانەر بن و یەک دەنگی و یەک هەڵوێستی کوردیش بۆ سوور بوون لەسەر داوا رەواکانیان بگەیەنن.

هەواڵی ئەلکترۆنی بەو شێوەیە لەهەواڵنووسیی دەگوترێ کە لە رادیۆ، تەلەڤزیۆن و رایەڵەکانی پێوەندیدا بەکاردێت، دیارە پێکهاتەی ئەم جۆرە هەواڵانە، رۆنانی ووشەکان، شێوەی بەکارهێنانی ناوەکان و ناونیشان و گواستنەوەی گوتەکان و ... لەگەڵ هەواڵنووسیی بۆ رۆژنامەکان جیاوازە.

بۆ نموونە رۆژنامەنووسێک کە لە میدیای چاپی دا کاردەکات، سەرەڕای هەڵبژاردنی پێکهاتەی (Structure)ی شیاو بۆ هەواڵنووسیی و هەڵبژاردنی شێوازی گونجاو (قوچەکی سەراوبن، میژووویی و ...)، سەرنجێکی تایبەتیش دەداتە شێواز (Style)، دانانی خاڵ، کێشانی هێڵ لەژێر هێندێک لەوشەکان (بۆ ئەوەی پیتچن بۆ پۆینتی درشتتر بیانچنێ)، دانانی هێماکانی وەرگرتنی گوتە لەزمانی کەسێکی دیکەوە (نقل قول)، گواستنەوەی گوتە، بەکارهێنانی پۆینتی ئیتالیک بۆ جەخت کردن لەم جۆرە نموونانەیە.

ئەم کارە ئەوەندە گرنگە کە هەواڵدەری ئاسۆشەیتێد پرێس (AP)پێرەوی ناوخۆی تایبەتی بۆ ئامادەکردووە و زۆربەی رۆژنامەکانی جیهانیش لەم پێڕەوی ئەوان کەڵک وەردەگرن(١). تاکوو شێوەیەکی یەکدەست بۆ رۆژنامەکانی خۆیان رەچاوبکەن، هەڵبەت ئەم جۆرە شێوانە بۆ هەواڵی ئەلکترۆنیش پێویستن، بەڵام ئەم پێویستییە تەنیا لەپێوەندی لەگەڵ نێرەرێکدا، واتا دەگەیەنێت،نەک لەپێوەندی لەگەڵ کۆی وەرگراندا، لە کۆبوونەوە ئاکادیمیەکانی رۆژنامەنووسیی هاوچەرخدا واباوە کە:

*هەفتەی یەکەم بۆ پێشەکییەك سەبارەت بە هەواڵنووسیی بۆ میدیاکان تەرخان دەکەن، لەم هەفتەیەدا، یەکەم: چەند باسێك دەربارەی هەواڵ چییە؟، [پێناسەکردنی هەواڵ] ، دەفتەری نووسینەکانی پەیامنێر، دوا دەرفەتەکان و بابەتی کات (dead line)، راگەیاندنی بابەتییانە، دروستی (صحت)، کۆکردنەوەی خێرایانەی دێتاو بابەتە بنجییەکان لەهەواڵنووسیدا دەخرێتە بەرباس.

*هەفتەی دووهەم تەرخان دەکرێت بۆ: رەگەزەکانی هەواڵ، لید (lead) و شێوازی قوچەکی سەراوبن.

*هەفتەی سێهەم تایبەتە بە: لیدە جیاوازەکان و شێوازەکانی دیکە.

واتە جۆرەکانی لید و رەگەزە سەرنج راکێشەکانی لید (featur) و تەنانەت هەواڵنووسی بۆ بەشی پێوەندییەکانی دایرەکان و رێکلام و ...دەخرێنە بەرباس.

*هەفتەی چوارەم ئەو باسانەی لەپێوەندی لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاری هەرێمە هەواڵییەکان، وتووێژەکان، و گواستنەوەی گوتەی کەسانی دیکە لە هەواڵدا و رێکخستنی زانیارییەکان و... دان، دێنە ئاراوە.

*هەفتەی پێنجەم و شەشەم تایبەتن بە کاری پراتیکی.

*هەفتەی هەفتەم تایبەتە بەهەواڵنووسی بۆ میدیا ئەلکترۆنییەکان.

لەم هەفتەیەدا چەند بابەتێکی وەك هەواڵنووسی بۆ رادیۆو تەلەفزیۆن، کورتنووسی بۆ ئینتەرنێت و ئامادەکردنی باسی سنووردار بۆ لاپەڕە ئینتەرنێتییەکان دەخرێنە روو.

هەر لەم هەفتەیەدا چەند باسێکی پەڕان پێوەندی (Hyper Links) دەبنە پرۆگرامی کار تاکوو رۆژنامەنووس لەگەڵ شێوەی داڕشتنی هەواڵەکە لە ئینتەرنێتدا ناسیاوی پەیدابکات.

نووسینی پەڕان دەق (Hyper Text)و تێگەیشتن لەم دیاردە تایبەتە کە ئینتەرنێتیش فێری پەیامنێر دەکرێت تاکوو چۆنێتی دانانی باس و بابەتەکانی لەو لاپەڕانەدا کە بە (Web) ناسراون بزانێ.

*هەفتەی هەشتەم تا دوایی هاتنی کۆرسەکە تایبەتە بەکاری پراتیکی.

خۆخەریك کردن بەمەسەلە ئەلکترۆنییەکانەوە چ لە چوارچێوەی نووسین بۆ رادیۆ و چ هەواڵی تەلەفزیۆنی و نووسینی هەواڵ بۆ ئینتەرنێت بێت، هەر کامەیان دەتوانن ببنە چەندین بەرگ کتێبی فێرکاری، بەڵام بنەمای ئەمەی لەخوارەوە وەك وتارێك نووسراوە، لەسەر کورت نووسین دامەزراوە و هەوڵیش دەدرێ ئاماژە بۆ هێندێ لایەنی پراتیکی هەواڵنووسی بۆ میدیا ئەلکترۆنییەکان–و لەم نووسراوەیەدا تەنیا رادیۆ، تەلەفزیۆن و بەکارهێنانەئینتەرنێتییەکان (Usenets)– بکرێت.

خاڵێکی دیکەی کە دەبێ ئاماژەی پێبکەم ئەمەیە کە وەرگرانی من لەم وتارەدا ئەو کەسانەن کەدیاردەی هەواڵ دەناسن و هەر بۆیەش درێژدادڕی لەسەر بنەماکانی هەواڵ و هەواڵنووسی خۆدەپارێزم. سەرەتا ئاماژە بەچەند خاڵێکی گشتی سەبارەت بە هەواڵنووسی ئەلکترۆنی دەکەم و پاشان دێمە سەر نووسینی رادیۆیی و هەواڵی تەلەفزیۆنی و لە ئاکامدا ئاماژە بە هەواڵنووسی بۆ Usenets دەکەم.

یاسا جیهانییەکان

هەواڵی ئەلکترۆنی دەبێ کورت بێت چونکە گران بەهایەو ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو ماوەیەی میدیا ئەلکترۆنییەکان تەرخانی دەکەن بۆ بلاوکردنەوەی بابەتێك، بەگران رادەوەستێ، جیا لەمەسەلەی کات، مەسەلەی گوێزانەوەو جێ گۆڕکێ پێکردنیش لەئارادایە، بۆ نموونە تیمێکی پەیامنێران لەبەر چاوبگرن کە دەبێ بەکامێرا و پرۆژێکتۆر و ...بەرێ بکەون و هەواڵێك لەشوێنێکی شاردا ئامادە بکەن و سەرلەنوێ بگەڕێنەوە ستۆدیۆ و کاری ئامادەکردنی هەواڵ و بلاوکردنەوەی دەست پێ بکەن، ژورنالیستە تەلەفزیۆنییەکان باشتر لەهەموان دەزانن کە هەواڵ، بەنرختترین ژانری تەلەفزیۆنە،یان وەرگێڕانی دەقەکانی هەواڵدەرییەکان لەو رووەوە دژوارە کە ویراستارەکانیان هەوڵ دەدەن تا ئەو جێگەی بکرێ لەبەرکارهێنانی وشەی زیادی و هێماکانی نووسینی زیادە خۆببارێزن تاکوو کاتی گەیاندنی هەواڵ، کورتتر و نرخەکەشی هەرزان رادەوەستێ.

هەواڵی ئەلکترۆنی چون لەبەرچاو و پەنا گوێدا بەسووکی تێدەپەڕێ و بەپێچەوانەی هەواڵی نووسراو، چەسپاو و وەستاو نییە چونکە ناکرێ سەرلەنوێ بگەڕێندرێتەوە، بەواتایەکی دیکە ناکرێ دیسانەوە لەسەرەتای دێرەوە یان پارەگرافەوە دەست پێبکرێتەوە، لەرووی زمانییەوە تارادەیەك لە ئاخاوتن نزیك دەبێتەوە و ئەمەش بەم واتایەیە کە لەهەواڵەی ئەلکترۆنیدا نابێ "قسەی قەڵەمی" بکەین، بەهەڵکەوت ئەگەر بێتو لەپێوەندییە نێوان کەسییەکاندا یەکێکیان لەجیاتی بەکارهێنانی "زمانی ئاخاوتن" بە شێوەیەکی فۆرمی و ئەدەبی بدوێ لایەنی بەرانبەری، خێرا لێی وەدەنگ دێ کە بۆچی "قەڵەمی" دەدوێ! ؟ کەواتە نەرمو نیانییە زمانی و نزیك بوونەوو رێژەییە بەزمانی ئاخاوتن یەکێکە لە پێویستییەکانی هەواڵنووسی ئەلکترۆنی، لە خوێندنگە رۆژنامەنووسییەکانی جیهاندا بەخوێندکارەکان دەگوترێ فۆرمۆلی ئێمە لەنووسیندا (S+V+O) یەو ئەمە فۆرمۆلی نووسینی رستەیە، بکەر(Subject) + کار (Verb) + بەرکار (Object).

ئەوان بەخوێندکارەکانیان دەڵێن ئەگەر بڕیارە بۆمیدیا ئەلکترۆنییەکان هەواڵ ئامادەبکەن دەتوانن رەگەزەکانی ئەم فۆرمۆلە هێندێك جار جێگەیان بگۆڕن و بەمجۆرە دایبڕێژەوە S + O + V.

بەداخەوە رۆژنامەنووسانی ئێمە ئەم گۆڕانانە رەچاو ناکەن و لە نێوان هەواڵنووسی بۆ رۆژنامە چاپییەکان و رۆژنامە ئەلکترۆنییەکاندا لەبواری نەرمی سینتاکسی (النعطاف نحوی)هیچ جیاوازییەك دانانێن.

من زۆرجار دیتوومە کاتێك کە هێندێك لەدۆستان هەواڵە مانیتۆرکراوەکانی رادیۆ فارسییە بیانییەکانییان کە بە مانیتۆرنیگ نووسراونەتەوە– خوێندوەتەوە، ئیرادیان لێ گرتوون کە بۆچی ئەم رادیۆیانە (کار) لەکۆتایی رستە بەکارناهێنن، ئەوان ئەم تەکنیکە کە بە قەست لەلایەن ئەم رادۆیانەوە بەکاردێت، بەخاڵی لاوازی ئەم رادیۆیانە لەقەڵەم دەدەن، کەچی بەتەواوی پێچەوانەی ئەمە راستە، کەواتە لەبیرنەکەین چونکە بیستن لەخوێندنەوە ئاسانترە، دەبێ جۆرێك بنووسین کە قسەدەکەین، نەبەتەواوی ملکەچی رێزمانی نووسین بین و نەبەتەواویش تەسلیمی ئاخاوتنێکی رووت، هەواڵی ئالکترۆنی دەخوازێ کە لە ئاخاوتن نزیك بینەوە.

هەواڵنووسی بۆ رادیۆ

شوێنی رووداو (Where) کاتی رووداوەکەی (Time) لەهەواڵی رادیۆییدا زۆر گرنگن (Immediacy) و هەردووك دەبێ بەخێرایی پێشکێش بکرێن تاکوو بەردەنگ بەخێرایی لەشوێن و کاتی رووداو دانەبڕێ.

دەست پێکردنی هەواڵ لەرادیۆدا وەك شێوازی قوچکی سەراوبن وایە، بەڵام پێویست ناکات کۆتاییەکەشی هەر بەو شێوازەبێت، رەگەزی کات بەتایبەتی ملکی هەواڵی رادیۆییە، لەم رەگەزە نابێ سەرسەرییانە تێپەڕین، لەنووسینی هەواڵی رادیۆییدا سەرەتی دەدرێ بەکاتی ئێستا. بەڵام نابێ کاتی ئێستای تەواو (Present Perfect)یش لەبیربکەین، بۆ تێگەیشتن لەبابەتەکە ئەم نموونەیە یارمەتیما دەکات:

هەڵەیە: مانگرتنی کامیۆنەکان بەردەوامە.

راست: کامیۆندارە مانگرتووەکان هێشتا خەریکی بڕیاردانن بۆ گەڕانەوە بۆ سەرکارەکانیان.

راستتر: ئەم کامیۆندارانەی مانیان گرتبوو، هێشتا بڕیاریان نەداوە، کەی دەگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان.

لەلیدی هەواڵی رادیۆییدا دەبێ لەکاتی رابردوو خۆببوێرین، باشتر وایە لەووشەگەلێکی وەك دوێنێ شەو و دوێنێکە خۆ بپارێزین.

ئەگەر هەواڵەکە هی ئەمڕۆیە، نابێ ووشەی "ئەمڕۆ" بەشێوەیەکی گشتی بەکاربێنین، بەڵکو دەبێ لەهێندێ فرێزی وەك ئەمڕۆ نیوەڕۆ، ئەمڕۆ سەرلەبەیانی، ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ کەڵك وەربگرین کە دەتوانن لە چەند سەعاتێکی جیوازی بلاوکردنەوەی هەواڵدا بەکاربێن تاکوو هەواڵەکە تەڕو پاراو بنوێنێ.

رستەو پاراگرافەکان

رستەو پاراگرافەکان لەهەواڵی رادیۆییدا دەبێ کورتتر لەرستەو پاراگرفەکانی هەواڵنووسی نووسراو (مکتوب) بن تاکوو بیسەر بەراحەتی بیان بیستێ.

ژمارەو رەقەمەکان

ئەگەر هەواڵێکمان لەبەردەستدا بێت کە ژمارەی زۆری تێدابێ، دەبێ سەرەکی ترین ژمارەکان لەبەرکەین و ژمارە نا پێویستەکان لابەرین. بۆنموونە: ئەگەر هەواڵەکەمان پێوەندی بە گوزمە (بودجە) وە هەیە، سەرەڕای تەرک کردنی ژمارە ناپێویستەکان دەبێ ژمارە ماوەکانیش گرد (راست) کەینەوە، بۆنموونە ژمارەی (٢٠١٨٩٧٤) بە "بڕی زیاتر لە دوو میلیۆن" بگۆڕین.

خاڵێکی دیکەی ژمارە نووسین لەرادیۆ و تەلەفزیۆندا کەدەبێ رەچاو بکرێ بەکارهێنانی (رەقمی)یانەی ئەوانەیە لە (١٢ تا ٩٩٩).

خاڵێکی دیکە گۆڕینی دابەشکردەکانە بەپیت، واتە نەنووسین ٣/٢، بنووسین، دوو لەسێ و سەرەنجام هێندێکی دیکەی ژمارەکانیش دەکرێ بەپیت بنووسین: لەجیاتی"٥٠ لەسەدا دابەزی" دەکرێ بنووسین "نیوەیی بوو".

گواستنەوەی گوتە

ئەگەر گوتە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەکاربێنین دەبێ کورتی بکەینەوە، باشترە کە دەنگی گوتەبێژ راستەوخۆ لە رادیۆو لەنێوان هەواڵەکاندا بگا بەگوێی وەرگر.

لەم حاڵەتەدا وەرگر وا هەست دەکات کەشتێکی تایبەتی پێ دراوە، ئەم کارە بەڵگەداری هەواڵێش پتەوتر دەکات، کەواتە بەکارهێنانی دەنگ لەهەواڵی ئاردیۆییی دا گرنە وە هەروەها بەکارهێنانی دەنگە سروشتییەکانیش بەهەمان شێوە.

وێڕای ئەمانەش سەرچاوەی گواستنەوەی لەنێوان وتنەکەدا رادەگەیەنرێ.

نموونەیەک:

"دەبێ میسر پێوەندی دامەزرێنین" ئەمە گوتەی وەزیری دەرەوەیە و دەشڵێ " ئەمە بەقازانجی ئێمەیە".

لەکاتی گواستنەوەی گوتەدا دەبێ چاوەدێری وشەی "من" بین، تاکوو نەکا بیسەر ئەم جێناوی یەکەم کەسی تاکە بگەڕێنێتەوە بۆ وێژەری هەواڵەکە ئەگەر گوتەبێژەکە کەسایەتییەکی گرنگ بێت، دەبێ لەسەرەتای گواستنەوەی گوتەکەدا ناوی بهێنرێت.

ناونیشان

لەبیرمان بێت کە لەهەواڵە رادیۆییەکاندا، ناونیشان لەپێش ناو دا دێت وەک:

نەڵێین: حەمید حەمیدی، بانکدارێکی پایەبەرز، بە سەرۆکی بانکی نیشتمانی هەڵبژێردرا.

بڵێین: بانکدارێکی پایە بەرز بەناوی حەمید حەمیدی بەسەرۆکی بانکی نیشتمانی هەڵبژێردرا.

بەم تەکنیکە، واتە بە پێشخستنی ناوونیشان و دواخستنی ناو، گوێی بەردەنگ بۆ بیستنی ناوەکە ئامادە دەکەین. تەنیا کاتێک ناو دەخەینە پێش ناوونیشان کە زۆر بەناوبانگ بێت.

خاڵێکی دیکەی کە لێرەدا دەبێ بەبیری بێنینەوە ئەوەیە کە ناوونیشانە دوور و درێژەکان بشکێنین.

نەڵێین: رۆژ نووری شاوەیس سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان و جێگری سەرۆک کۆماری عێراقیشە گوتی...

بڵێین: سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، رۆژ نوری شاوەیس کە جێگری سەرۆکی کۆماری عێراقیشە، گوتی...

(دیارە ئەگەر هەواڵەکە و گوتنەکەی تایبەتبێ بە کوردستان، ئەگینا ئەگەر گوتەکەی لەبەر بەرپرسایەتییەکەی لە پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری دابێت، ئەوا ئەم ناونیشانی دووهەمەیان پێشتر دێت).

کورت کراوەکان

وا باوە کە لە هەواڵی رادیۆیی دا کورت کردنەوە (اختصار) بەکار نەیەو ناونیشانە سەرەکییەکە پێشکەش دەکرێ، مەگەر کاتێ کورتکردنەوەکە بەتەواوی ئاشکراو باوبێت وەک ئایدز کە سووک کراوەی ئەم فرێزەی خوارەوەیە:

Acquired Immune Deficiency Synodrome بە واتای: (نەخۆشی لاوازبوونی سیستمی بەرگری لەش)ە.

دروست کردنی وێنە لە هەواڵی رادیۆییدا

چونکە لە هەواڵی رادیۆییدا لە وێنە بێ بەشین، بەکارهێنانی ئەو وشەو گوزارانەی کە وێنەیەک لە زەیندا بیردەخەنەوە، زۆر چارەسازە، وەک:

باش: تیپی تۆپی پێی ئوستراليا لە بەرامبەر ئێران شکا.

باشتر: تیپی تۆپی پێی وڵاتی کانگارۆکان لە بەرامبەر ئێران شکا.

تایبەتمەندییەکانی بەرگەی هەواڵە رادیۆییەکان

١-کاغەزی A4بەکاربهێنن.

٢-کاغەزی هەواڵ دەبێ ناسک بێت (لەبەر ئەوەی دەنگی کاغەزەکە نەگا بە میکرۆفۆن).

٣-٢،٥سانتی لە هەردوو لای کاغەزەکە بە سپێتی بەجێ دەهێڵین (بۆ ئەوەی بە راحەتی بخوێندرێتەوە).

٤-لە رەش کردنەوە خۆبپارێزن (لەبەر ئاسان خوێندنەوەی هەواڵ)

٥-سەرەتای پاراگرافەکان دەبێ چووبێ بە قوواڵدا (واتە ٣ سانتی لە لای راستەوە بەسپێتی بەجێ بهێڵین نەک ٢,٥ سانت) بۆ زاڵ بوونی زیاتر بەسەر خوێندنەوەی هەواڵ.

٦-گۆشەی سەرەوەی کاغەزەکە بۆ ناوونیشانی هەواڵەکەو خوارەوەی لاپەڕەی هەواڵەکەش بۆ ناوی نووسەری هەواڵەکە (بۆ راست کردنەوەی هەڵە گریمانەییەکان).

٧-ئەگەر هەواڵ دەچێتەوە بۆ لاپەڕەی دووەم بەنیشانەی (←) وێژەری هەواڵەکە ڕێبەری بکەین. و ئەگەر هەواڵەکە لە هەمان لاپەڕەی یەکەمدا کۆتایی پێ دێ، نیشانەی کۆتایی هەواڵ بنووسین (=)

هەواڵنووسین بۆ تەلەفزیۆن

کاتی هەواڵ:

هەواڵی تەلەفزیۆنی لەنێوانی ٣٠تا ٩٠ چرکە (ثانیة) دا پێشکەش دەکرێت. لەم مەودایەدا بەکارهێنانی دەنگ وەک هەواڵی رادیۆیی گرنگە.

بەداخەوە تەلەفزیۆنەکانی ئێمە وێڕای ئەوەی کە دەچێ بەدوای بابەت (سووژە) داو وێنەکەشیان بڵاودەکاتەوە، بەڵام لەکاتی بڵاوکردنەوەی دەنگیاندا زۆر جار خۆ دەبوێرێ. کەچی بەکارهێنانی دەنگ ئیمتیازێکی تەلەفزیۆنییە.

تەلەفزیۆنە ئینگلیزییەکان تاکاتێک کە حکوومەتی ئینگلیز لەگەڵ پارتیزانەکانی لەشکری کۆماریخوازی ئیرلەندا نەکەوتبووە وتووێژ، وێنەی وتەبێژانی لەشکری کۆماریخوازی ئیرلەندیان بڵاودەکردەوە، بەڵام لەجیاتی بڵاوکردنەوەی دەنگی ئەوان ژێرنووس (Caption)یان بەکاردێنا.

بەهەرحاڵ، هەواڵی تەلەفزیۆنی بۆ راگرتنی بینەر بەدیارخۆیەوە تەنیا ٥تا ٢٠چرکەی کات هەیە.

بەکارهێنانی وێنە

وێنە بەڵگەو شاهادەی تەلەفزیۆنە و هەواڵە تەلەفزیۆنییەکانیش لەم ڕێسایە جیانین. کەواتە کەسانێک کە بۆ تەلەفزیۆن هەواڵ دەنووسن، دەبێ بۆ وێنە بنووسن.

لە تەلەفزیۆنی ئێمەدا وەک رادیۆ، هەواڵ دەبێ بە رستەی کورتەوە دەست پێ بکرێت تاکوو بەخێرایی تۆرە بگات بەدەنگ یا وێنە.

پاراوی زمان

هەواڵی تەلەفزیۆنیش وەک هەواڵی رادیۆ وێڕای پێڕەوکردنی شێوازی قوچکی سەراوبن دەبێ نووسینی پاراویش ڕەچاو بکات.

سەرەڕای ئەوەی کە زمانی هەواڵ لە تەلەفزیۆندا دەبێ لایەنی فرمانی (Imprative) بەرەو لایەنی ڕاڤەکاری (Descriptive) بچێت.

ئامیانی هێز

هەواڵی تەلەفزیۆنی لە زۆر لایەنەوە پڕ هێزترە لە هەواڵی چاپی و نووسراوە.

چونکە لە هەواڵی تەلەفزیۆنیدا سێ هۆکار بەشدارن کە دەبنە هۆی ئەوە کە تەنانەت لاوازییە پێکهاتەیی و ناوەڕۆکییەکانی هەواڵەکانیش تا ڕادەیەک ناهێنە بەرچاو:

١-وێژەری هەواڵ، راوی (گێڕەر)ی هەواڵەکەیە نەک نووسەری هەواڵەکە (گێڕەری گوتاری حەقیقەت).

هەواڵنامەی کتێب

٢–ویژەری هەواڵ لە ستۆدیۆیە (ئیلقای رەوا بوون (مشروعیەت).
٣–ویژەری هەواڵ لەگەڵ دژایەتی بەرەو روو نابێتەوە (گەیاندنی راستی).

هەواڵی زیندوو

تەلەفزیۆن کاتێ دەتوانێ بەردەنگ بەدیار هەواڵەکانییەوە راگرێ کە بڵاوکردنەوەی راستەوخۆی هەبێت. کەواتە پێشکەشکردنی هەواڵ و بڕوای بەردەنگ لە مەیدانی پێشکەش کردنی راستەوخۆدا دەبێتە مەسەلەیەکی چارەسەرکراو و ئەم کارەش هەر ئێستا قورسایی هێزی هەواڵەکانی رایەڵە تەلەفزیۆنییەکانی (سی.ئێن.ئێن) (CNN) پێکدەهێنێ. ئەم کارە بەلای کەمی بۆ رۆژنامەکان ناگونجێ.

ئەو ویژەوانەی کە لەسەر ئەم شاشە زیندووە هەواڵ رادەگەیەنن، ئاستی لێهاتوویان زۆر لەسەرێیە کە ئاوڕدانەوە لەم ئەدەبە زارەکییەی هەواڵیش باسێکی سەربەخۆی دەوێت. بەتایبەت کە لە هەواڵەکانی CNNدا بەردەنگ لەجیاتی دەق لەگەڵ سەردێڕی هەواڵدا بەرەوروە کە ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەیەکی تایبەتە و ئەمەش کە CNNرەگەزی هەواڵی لەبەرچی (Why) کاڵ و کەم رەنگ پیشان دەدات هەر بەوجۆرە. مەبەست لە سەردێڕی هەواڵ ئەمەیە کە CNNئەگەرچی کاری راگەیاندنی هەواڵە، بەڵام هەواڵەکانی وەکوو سەردێڕەکانی، ئیلقاگەرن.

هەواڵنووسی بۆ یوزێنت (Usent)

هۆکاری کات و هەزینە لە رایەڵە کۆمپیۆتەرییەکاندا دوری ئەکەم دەبینن. ئەمجۆرە هەواڵنووسییە ئەلکترۆنییە ئەوەندە ئابووریی بووە کە ئێستا فەرهەنگێکی تایبەتیش بۆ ئەم بازاڕە ئینتەرنێتییە هاتۆتە ئاراوە(٢). لە گرووپی هەواڵە ئینتەرنێتییەکاندا شێوازی هەواڵنووسی بەمجۆرەی خوارەوە پێناسە کراوە(٣):

١–نزمتر لە ئاستی خوێندەواری خوێنەر بنووسن. کەسانی ئاسایی لە ئەمریکا ئاستی خوێندەواریان پۆلی پێنجی سەرەتاییە (١١ساڵانەکان). ئاستی خوێندەواریی کەسە پسپۆرەکان لە ئەمریکا بەشێوەیەکی ناونجی دەگاتە دیپلۆم (١٨ساڵانەکان).
٢–پاراگرافی کورت و بەتام بەکاربێنن. ئەمە بەواتای بەکورتی نووسینە نەک بە رەمزی نووسین.
٣–بۆشایی (فەزا) لە دەقدا بەکاربێنن، ئەو بۆشاییەی بەسپێتی دەمێنێتەوە، بۆشاییەکی بەفیرۆ چوونییەو یارمەتی دەکات بەرووبی و ئاشکرایی باسەکە. دێڕێک مەودا تەنیا بابەتێک دەخاتەسەر بارستایی فایلەکە، بەڵام دەبێتە مایەی رووبی و تێگەیشتن لە باسەکە.
٤–لە هەڵبژاردنی وشەکاندا زۆر وردبین بن. وشەکان لەم گوتارە ئەلکترۆنییەدا لە گوتارەکانی دیکە گرنگترن.
٥–وەرگران تەنیا هەفت باس (مەتڵەب) لەیەک کاتدا تێدەگەن. ئەم بابەتانە لە پاراگرافەکانی خۆتاندا رەچاو بکەن.
٦–لە کورتکردنەوەو سووک کردنەکان خۆ بپارێزن ئەگەر کورتکراوەکانتان بەکارهێنا، دەبێ بەتەواوی شرۆڤەی بکەن.
٧–رستە بکەر نادیارەکان، نەرێنی و پرسیارییەکان کاتێکی زیاتریان لەباری تێگەیشتن لە باسەکانەوە گەرەکە، لەو جۆرە رستانە خۆ بپارێزن:
٨–هەوڵ بدەن هەڵە نەکەن. ئینتەرنێت رایەڵەیەکی جیهانییە، رەنگبێ فەرمانبەرەکانتان، هاوسەریان دراوسێکانتان (گافەکان) (gaffes)ی ئێوە لە بیری خۆیاندا راگرن!

پەراوێزەکان:

١– The Associated Press Stylebook And Libel Manual
٢–Smileys: کە تێدا بە بەکارهێنانی هێما و نیشانەکانی نووسین پەیام دەنێردرێ. بۆ نموونە بەکەڵک وەرگرتن لە دوو خاڵ، هێڵێک و کەوانەیەک دەڵێن: من خۆشحاڵم –: (لاپەڕەکە ١٨٠ پلە بەرەو لای راست وەرسووڕێنن) یان من خەمبارم–:
3-Usent News Writing Style/ http:/www.Uea. ac. Uk/cpc/ services/comms/newswrit.html.

سەرچاوە:

فصلنامة مطالعاتي و تحقيقاتي وسايل ارتباط جمعی سال دهم. شماره م، پاییز ١٣٧٨.

وەرگێڕانی: رەحیم سورخی

رابەری رۆژنامەنووسیی کوردی

عەبدوللاّ زەنگەنە

هەولێر

رەفیق سالّح ئەحمەد

سلێمانی

بەشی دووەم

گزنگ / چیا

گۆڤار

١٩٦٧

گۆڤارێکی قوتابخانەیی و پەروەردەیی سالانەیە/ قوتابخانەی مەناری کوڕان دەریدەهێنێت

دەستەی نووسەران: عەبدولکەریم باراوی، محەمەد سالّح سەعید، عەبدولسەمیع ئەحمەد، عەبدولکەریم سالّح زەندی، عەبدولقادر مەلا عومەر، عەبدولمەجید محەمەد کەریم.

چۆنیەتی دەرچوون: سالانە

پێوانە: (١٧×٢٤,٥)سم و (٤٧ × ١٨) لاپەڕە، (٧٢ کوردی + ٤٨ عەرەبی) لاپەڕە.

چاپخانە: کامەران

شوێنی دەرچوون: سلێمانی

زمانی: کوردی (کرمانجی خواروو) + عەرەبی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە (١)ی سالّی یەکەم لە سالّی ١٩٦٧دا بەناوی (گزنگ) دەرچووە

–ژمارە (٢)ی سالّی دووەم لە سالّی ١٩٦٨دا بەناوی (چیا) دەرچوو.

ئالاّی کارگەران

بلاّوکراوە

١٩٦٧

بلاّوکراوەی کۆمیتەی مەحەلی حیزبی شیوعی عێراق

شوێنی دەرچوون: سلێمانی

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە (١) لە سالّی ١٩٦٧دا دەرچوو.

–ژمارە(٤)ی لە سالّی ١٩٦٨ دا بلاّوکراوەتەوە.

صوت کردستان ... دەنگی کوردستان

بلاّوکراوە

١٩٦٧

لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق بە کرمانجی لەگوندی گەلەنارکی بەرۆنیۆ دەری کردووە

ژمارە ١: زستانی ١٩٦٧

ژمارە ٤: مارتی ١٩٦٩

نشرة الاخبار

بلاّوکراوە

١٩٦٧

نشرة دورية تصدر مرة في الاسبوع، لقى بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان بەعەرەبی دەری کوردووە

هەوالنامەی کتێب

ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٧ دا بە دوو لاپەڕەی فولسکاب دەرچووە

گوڵستان

گۆڤار
١٩٦٨
گۆڤارەکا تۆرەڤانی و چاندییە
خاوەنی: جگەر خوێن
چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو
پێوانە: (٢٠×٣٢)سم و (١٢– ٢٤) لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: شام، سوید
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: لاتینی
ژمارەکان: ٢٨ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە
– ژمارە (١)ی لە نیسانی ١٩٦٨دا دەرچووە
–ژمارە (٢٨)ی لە ساڵی ١٩٩٦دا بلاوکرایەوە

بانگی کاژیک

ڕۆژنامە
١٩٦٨
ڕۆژنامەیەکی کوردی فەلسەفەو بیروباوەڕی کاژیک
بلاوەدەکاتەوە
ئۆرگانی لقی ئەوروپای کاژیک
چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە (٢)ی لە ٣٠ ئابی ١٩٦٨دا بلاوکراوەتەوە.
– ژمارە (٥) (دواژمارە)ی لە ١٩٦٨/١٠/١٠دا بلاوکراوەتەوە.

کوردیکا Kurdika

١٩٦٨
ئۆرگانی ڕێکخراوی Kak/ بەریتانیا
شوێنی دەرچوون: لەندەن / بەریتانیا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٦٨ دا دەرچووە

کادر

گۆڤار
١٩٦٨
گۆڤارێکی ڕۆشنبیری دەوریپە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات
گۆڤاری تیۆری پارتی دیموکراتی کوردستان
مجلة ثقافية دورية يصدرها الحزب الديمقراطي الكردستاني
مجلة نظرية يصدرها الحزبي الديمقراطي الكرستاني
خاوەنی: پارتی دیموکراتی کوردستان
پێوانە: (١٥×٢٢) سم (٨– ١٢٢) لاپەڕە
چاپخانە: خەبات، دار الحافظ (بغداد)، تایمس، دارالسلام،سلمان الاعظمی
شوێنی دەرچوون: شاخ، هەولێر، بەغدا
زمان: کوردی (زاراوەی کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٦٨دا دەرچوو
–ژمارە ٦ی لە ١٩٧٠دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٧ی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠دا دەرچوو
–ژمارە ٨ی ساڵی سێیەم لە شوباتی ١٩٧١ دا بلاوکراوەتەوە، ژمارە ٢٦ی لە ئاداری ١٩٩٢ دا لەدوای ڕاپەڕین دەرچووە، ژمارە ٣٢ی کە دوا ژمارەیە، لە مایسی ١٩٩٣ دا بلاوکراوەتەوە.
تێبینی: ٦ ژمارەی بەرایی ئەم گۆڤارە لە شاخ دەرچووە، دوای بەیانی ١١ی ئادار کە ژمارە ٧ی بە زمانی عەرەبی و لە بەغدا بلاوکرایەوە لەسەر ڕووی نووسرابوو:
العدد الاول– السنة الاولى– تشرين الثاني ١٩٧٠
بەڵام کە ژمارەی دواتری لە شوباتی ١٩٧١ دەرچوو، ژمارە ٧ی لەسەر ڕووی نووسرابوو، لە لاپەڕە ٢ی لە ژێر ناونیشانی (تنويه)دا نووسراوە:
(لقد وقع سهوا في ترتيب العدد الماضي حيث كتب على الغلاف العدد الاول– السنة الاولى– تشرين الثاني ١٩٧٠بينما هو العدد السابع – السنة الثالثة – تشرين

هەوالنامەی کێبڕکێ

الاول ١٩٧٠ حيث تعتبر المجلة استمراراً لما صدر منها سابقا فنرجو المعذرة).

سلێمانی

گۆڤار

١٩٦٨

بلاوکراوەی شارەوانی سلێمانی مانگی جارێک دەرئەچێ

سەرۆکی نووسەران: جەمال بابان

سکرتێری نووسین: محەمەد مستەفا

سکرتێری نووسین: محەڕەم محەمەد ئەمین

ئەندام: جەمالّ شالّی

ئەندام: نوری وەشتی

پێوانە: (١٤,٥ × ٢١) سم و (٣٢، ٤٨,٦٤,٧٠) لاپەڕە

چاپخانە: ژین، راپەرین، النهضة

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) + عەرەبی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان: ١٧ ژمارەی لێ دەرچووە

–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٦٨ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی ئابی ١٩٦٨ژمارە ٣ ئابی ١٩٦٨ژمارە ٤، ئەیلوولی ١٩٦٨

–ژمارە ٥، تشرینی یەکەم ١٩٦٨

–ژمارە ٦، تشرینی دووەم ١٩٦٨

–ژمارە ٧، سالّی سالّی ١ کانوونی یەکەم ١٩٦٨

–ژمارە ٨ی سالّی ١ کانوونی یەکەمی ١٩٦٩

–ژمارە ٩ی سالّی یەك شوباتی ١٩٦٩

–ژمارە ١٠ی نیسانی سالّی یەك، نیسانی ١٩٦٩

–ژمارە ١١ی سالّی ١، حوزەیرانی ١٩٦٩

–ژمارە ١٢ی سالّی ١، تەممووزی ١٩٦٩

–ژمارە ١ی سالّی ٢، ئابی ١٩٦٩

–ژمارە ٢ی سالّی ٢، ئەیلوولی ١٩٦٩

–ژمارە ٣ی سالّی٢، شوباتی ١٩٧٠

–ژمارە ٤ی سالّی ٢، ١٩٧٠

–ژمارە ٥ی سالّی ٢، ١٩٧٠

سەفین

گۆڤار

١٩٦٧

گۆڤاری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان

پێوانە: (٢١,٥ × ٣٣) سم، (١١–٣٠) لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خوارز)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە

–ژمارە ١٠ی سالّی ٢، لە ئەیلوولی ١٩٦٨ دا بلاّو کراوەتەوە

–ژمارە ٣٥ی لە سالّی ١٩٦٨ دا بلاّو کراوەتەوە

کاری میللی/ العمل الشعبی

گۆڤار

١٩٦٨

خاوەنی وەزارەتی ئیرشاد

چۆنیەتی دەرچوون: نیو مانگانە

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: عەرەبی + کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:١٦

–ژمارە ١ی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨ دا دەرچووە

–ژمارە ١٦ی (دوا ژمارە)ی لە تەممووزی ١٩٦٩ دا بلاّو کراوەتەوە

مەشخەلّ/ الشعلة

گۆڤار

١٩٦٨

گۆڤاری لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان

مجلة الفرع الثالث للحزب الديمقراطي الكردستاني

پێوانە: (٢١×٣٣)سم و ٢٠ لاپەڕە

چاپخانە: رۆنیۆ

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی، تورکمانی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی سالّێ یەکەم لە تشرینی دووەمی ١٩٦٨ دا دەرچووە.

هەواڵنامەی کتێب

تیشك

گۆڤار

١٩٦٩

گۆڤـــاریّکی پـــەروەردەیی ســـالأنەیە، قوتابخانـــەی مامۆستایانی سەرەتایی کوردان لەهەولێر دەری دەات

دەستەی نووسەران: مەجید ئاسنگەر، حەمە کەریم هەورامی، فاتح محەمەد

پێوانە:

–ژمارە ١ی فولسکاب (٢١×٣٣)سم.

–ژمارە ٢ی (١٤ × ٢١) سم و ٦٤ لاپەڕە

چاپخانە: ژمـارە ١ی بـە رۆنیـۆ بـووە، ژمـارە ٢ی لـە چاپخانەی کوردستان/ هەولێر

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە سالّی ١٩٦٩ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لە سالّی ١٩٧٠ دا بلاّوکراوەتەوە

هەڵمەت

گۆڤار

١٩٦٩

ئۆرگـانی یـەکێتی مامۆسـتایانی کوردسـتان (لقـی هەولێر)

نرخ: ٥٠ فلس

وێنە:نییە

پێوانە: نیو فولسکاب و ١٦ لاپەڕەیە

شوێنی دەرچوون: هەولێر

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمـارە ١ی ســالّی ١، نــەورۆزی ٢٥٨١ی کــوردی دەرچووە

چەکی خەبات

گۆڤار

١٩٦٨

گۆڤاری لقی سلێمانی ـ پارتی دیموکراتی کوردستان

نرخ: ٥٠ فلس

پێوانە: نیوفولسکاب (١٠,٥×١٦,٥)سم ٣٦ لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: سلێمانی

زمان: کوردی(کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ( ) دەرچووە.

–ژمارە ٢ی سالّی ١، ئایاری ١٩٦٨

رابەر

بلاّوکراوە

١٩٦٩

بلاّوکراوەیەکی ڕۆشنبیریە، هـەر بـە دووهەفتـە جارێك لێژنەی ناوچەی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بلاّوی دەکاتەوە.

پێوانە: نیو فولسکاب (٥–١٦) لاپەڕە

چاپخانە: ڕۆنیۆ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١، شوباتی ١٩٦٩

–ژمارە ٢، شوباتی ١٩٦٩

–ژمارە ٣، مارتی ١٩٦٩

–ژمارە ٤، مارتی ١٩٦٩

–ژمارە ٦، ئایاری ١٩٦٩

–ژمارە ٨، حوزەیرانی ١٩٦٩

–ژمارە ٩، حوزەیرانی ١٩٦٩

–ژمارە١١، ئابی ١٩٦٩

–ژمارە ١٢، تشرینی یەکەم ١٩٦٩

–ژمارە ١٣، کانوونی یەکەم ١٩٦٩

Dogu
گۆڤار

١٩٦٩

گۆڤارا علمیا مەهانە

پێوانە: (١٥,٧ × ٢٤,٧) سم و ٣٢ لاپەڕەیە

شوێنی دەرچوون: ئەستەمبۆل

زمان: کوردی (کرمانجی سەروو) + تورکی

ڕێنووسی: لاتینی

ژمارەکان:

هەوالنامەی کێبڕکێ

-ژمارە ١ لە چلیاپێشین ١٩٦٩ دا دەرچووە
-ژمارە ٢ی لە چلیا پێشین ١٩٧٠ دا بلاوکراوەتەوە

دەنگی سوێرەك

گۆڤار
١٩٦٩
کۆمەلا خورتین سوێرکی یین خوێندنا بلند
بەرپرسی گۆڤار: فەوزی داگل
پێوانە: (١٩,٧ × ٢٥,٧) سم
شوێنی دەرچوون: ئەستەمبوّل
زمان: کوردی (کرمانجی باکوور)، تورکی
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لە ١٩٦٩/٣/١٥ دا دەرچووە

رزگاری

گۆڤار
١٩٧٠
گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی یە
خاوەنی ئیمتیاز: نەوشێروان مستەفا
سەرنووسەر: شازاد صائب
پێوانە: (٢٣ ×٢٨) سم و ٥٠ لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: سلێمانی
چاپخانە: ژین، دارالحافظ- بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی سالێ یەکەم لە یەکشەممەی ٢٠نیسانی ١٩٦٩ دا دەرچووە
-ژمارە (١٤ ، ١٥)ی لە بەرگێك دایە لە ٢٧ی مارتی ١٩٧٠ دا بلاوکراوەتەوە

رونـاکی..النور

(پاشکۆی رۆژنامەی النور)
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە
چـۆنیەتی دەرچـوون: نـاو بـەناو وەکـو پاشـکۆی رۆژنامەی (النور) دەردەچوو
پێوانە: (٢٣ ×٢٨) سم و ٥٠لاپەڕە
چاپخانە: الزمان- بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمـارە ١ی (١٨٢٠ زنجـیرەی رۆژنامـەی النـور لـە هەینی ٢٣ ئایاری ١٩٦٩دا دەرچووە
-ژمارە ٢ی (٢٩٠ زنجیرەی رۆژنامەی النور) لە هـەینی ٣ی تشرینی یەکەم ١٩٦٩ دا بلاوکراوەتەوە

دەنگ و باس ... بروسکە

بلاوکراوە
١٩٦٩
بلاوکراوەیەکی دەزگای دەنـگ و باسـی سـەر بـە لقـی سلێمانی (پ.د.ك)
چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو
پێوانە: (٢١ ×٣٣) سم و (٦,٥,٤) لاپەڕە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ٢، ١٥ی ئابی ١٩٦٩
-ژمارە ٣، ٢٦ ئابی ١٩٦٩
-ژمارە ٤، ٣١ ئابی ١٩٦٩
-ژمارە ٦، ٢٤ی ئەیلوول ١٩٦٩
-ژمارە ٧، ٧ی تشرینی یەکەم ١٩٦٩
-ژمارە ١١، ٢ی شوباتی ١٩٧٠

رەنج

بلاوکراوە
١٩٦٩
بلاوکراوەیەکی رۆشنبیریە
خاوەنی: لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانە: (١٦,٥ × ٢١,٥) سم و ٣ لاپەڕە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان: ژمارە٣
-ژمارە ٢ی لە ئەیلوولی ١٩٦٩ دا دەرچووە

هەوالنامەی کێبڕکێ

بەیان

گۆڤار

١٩٦٩

گۆڤاریّکی وێژەیی هونەری وەزارەتی راگەیاندن مانگی جاریّك دەریدەکات

گۆڤاریّکی ئەدەبی مانگانەیە (لە ژمارە ـ ٥٩ ـ ٩٥)

ژمارە ١ـ٨:

سەرنووسەر: د.ئەکرەم فازل

سکرتێری نووسین: جەلال میرزا کەریم

ژمارە٩ـ١٣:

سەرنووسەر: د.فازل ئەکرەم

سکرتێری نووسین: مستەفا نەریمان

ژمارە ١٤ـ٢٥:

سەرنووسەر: جەمال بابان

سکرتێری نووسین: مستەفا نەریمان

ژمارە ٢٦ـ٣٥:

سەرنووسەر: جەمال بابان

سکرتێری نووسین: محەڕەم محەمەد ئەمین

ژمارە ٣٦ـ٤٣:

سەرنووسەر: عوسمان محەمەد فایق

ژمارە ٤٤:

بەڕێوەبەری گشتی: محەمەد ئەمین محەمەد

سەرپەرشتیاری گشتی: موسلیح جەلالی

ژمارە ٤٥ـ٥٤:

سەرپەرشتیاری گشتی: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین: سەلاّح شوان

ژمارە٥٥ـ٥٧:

سەرپەرشتیاری گشتی: موسلیح جەلالی

ژمارە٥٨ـ٧٥:

سەرنووسەر: ئیسماعیل رەسول ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین:

ژمارە٥٩ـ٦٢:

سکرتێری نووسین: فوئاد حسێن ئەحمەد

ژمارە ٦٣ـ٧٢:

مەحمود زامدار

ژمارە ٧٣ـ٧٥:

ئەکرەم محەمەد سمین

ژمارە ٧٦:

سەرۆکی نووسین: موسلیح جەلالی

ژمارە ٧٧ـ٩١:

سەرنووسەر: موسلیح جەلالی

جێگری سەرنووسەر: محەمەد ئەمین هەورامی

سکرتێری نووسین: ئەکرەم محەمەد سمین، مەحمود زامدار

ژمارە ٩٤ـ ٩٨:

سەرنووسەر: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین: مەحمود زامدار

ژمارە٩٩:

سەرنووسەر: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین: د. کوردستان موکریانی

ژمارە١٠٠ ـ١٠٣:

سەرنووسەر: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین: موختار فایق

ژمارە ١٠٤ـ١٠٧:

سەرنووسەر: موسلیح حەلالی

سکرتێری نووسین: ئەکرەم محەمەد سمین

ژمارە ١١٥ـ١٣٤:

سەرنووسەر: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین: فوئاد حوسێن ئەحمەد

ژمارە ١٣٥ـ١٥٥:

سەرنووسەر: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین: ئازاد شوان

ژمارە ١٥٦ـ١٦٣:

سەرنووسەر: موسلیح جەلالی

سکرتێری نووسین: فوئاد حوسێن

ژمارە ١٦٤ـ١٦٧:

سەرنووسەر: فوئاد حوسێن

ژمارە١٦٨ـ١٧٤:

سەرنووسەر: د.بەدرخان سندی

جێگری سەرنووسەر: موختار فایق

ژمارە١٧٥ـ١٧٦:

سەرنووسەر: د.بەدرخان سندی

سکرتێری نووسین: نزار بەزاز

ژمارە١٧٧:

سکرتێری نووسین: نزار بەزاز

هەوالنامەی کێبڕکێ


ژمارە ١٧٨:
بەڕێوەبەری نووسین: نزار بەزاز
سکرتێری نووسین: جاسم غەریب
ژمارە ١٧٩ـ ١٨٠:
سەرنووسەر: فوئاد حوسێن
بەڕێوەبەری نووسین: نزار بەزاز
ژمارە: ١٨١ـ١٨٣:
سەرنووسەر: خالید خۆشناو
جێگری سەرنووسەر: نزار بەزاز
بەڕێوبەری نووسین: جاسم غەریب
ژمارە: ١٨٥:
سەرنووسەر: خالد خۆشناو
جێگری سەرنووسەر: نزار بەزاز
سکرتێری نووسین: ئیبراهیم رەحیم بەرزنجی

وەزارەتی کاروباری سەروو
(وزارة شؤون الشمال)
گۆڤار
١٩٦٩

چۆنیەتی دەرچوونی: سالانە
پێوانە: (٢١,٥ × ٢٨,٥) سم و ١٠٦ لاپەڕەیە
چاپخانە: دار الجمهوریه
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) + عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ لە ١٩٦٩ دا دەرچوو
–ژمارە ٣ لە ١٩٧١ / ١٩٧٢

هاوکاری (التضامن)
رۆژنامە
١٩٧٠
رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتیە
چۆنیەتی دەرچوون: هەفتانە / رۆژانە
پێوانە: (٢٧,٥ × ٤٣) سم
ژمارەی لاپەڕە: (٨ ، ٤٣) لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی ساڵی ١ لە هەینی ٩ کانوونی دووەمی ١٩٧٠ دەرچووە

دەفتەری کوردەواری
گۆڤار
١٩٧٠



کۆمەڵە نوسینێکی ئەدەبی و زانستی و بیری کوردی یە، ڕێگای ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆ و سبەینێمان بە پرشنگی بیری نوێ ڕوونا ك ئەکاتەوە بە روخسارێکی نەتەوەیی و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ.
خاوەنی: لە ژێر چاودێری و ئامادە کردنی جەمال خەزنەدار
پێوانە: (١٤ × ٢٢) سم و (١٢٨– ١٦٠) لاپەڕەیە
چاپخانە: ئەسعەد/ بەغدا، زەهرا / بەغدا
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–بەرگی یەکەم: بەغدا ـ کانوونی دووەمی ١٩٧٠
–بەرگی دووەم: مارت ـ نیسانی ١٩٧٠
–بەرگی سێیەم: مایس ـ ئاغستۆسی ١٩٧٠

رێژنە
گۆڤار
١٩٧٠
گۆڤارێکی زانستی و کۆمەڵایەتی بوو، بەکوردی لەهەولێر دەرچووە

هەواڵنامەی کتێب

ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لە کانوونی ١ی ١٩٧٠دا دەرچووە.
-ژمارە ٣ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧١دا بلاوکراوەتەوە.

موژدە
گۆڤار
١٩٧١
گۆڤارێکی زانستی کۆمەلایەتی بووە، لقی هەولێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە کوردی دەری کردووە.
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لەتشرینی دووەمی ١٩٧١دا دەرچووە

بلێسە
بلاوکراوە
١٩٧٠
نشرة داخلية، تصدرها المنظمة الداخلية للحزب الديمقراطي الكردستاني في لجنة محلية بغداد
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی بێ مێژوو بووە بە ٢ لاپەڕە
-ژمارە ٢ی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٠دا بە ٣ لاپەڕە دەرچووە
-ژمارە ٣ی لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠دا بە ٢لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
-ژمارە ٤ی لەکۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠دا بە ٥ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە.

التقدم... پێشکەفتن
بلاوکراوە
١٩٧١
نشرة داخلية تثقيفية، يصدرها الفرع الاول للحزب الديمقراطي الكردستاني لاعضاء و مرشحي الحزب فقط
ژمارەکان:
-ژمارە ٤ی لەناوەڕاستی زستانی ١٩٧١دا بلاوکراوەتەوە

نۆبەرە
گۆڤار
١٩٧٠
کۆمەڵە ووتارو چیرۆک و هۆنراوەیەکی قوتابیانی بەشی کوردی کۆلێجی ئەدەبیاتی دانشگای بەغدایە
چۆنیەتی دەرچوون: سالانە
پێوانە: ( ) سم و ٦٤ لاپەڕەیە
چاپخانە: العربية (بەغداد)
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-تەنیا ژمارە (١)ی لە سالی ١٩٧٠ دا دەرچووە.

ئالای سووری کوردایەتی
بلاوکراوە
١٩٧٠
بلاو کراوەی پاسۆك **Sokse**
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی ناڕێك
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-لە سالانی ١٩٧٠ ـ ١٩٨٠

تیشکی هونەر
گۆڤار
١٩٧٠
لەبلاوکراوەکانی تیپی نواندن و مۆسیقای سلێمانی
سەرنووسەر: فەتاح کاوە
دەستەی نووسەران: عومەر عەلی ئەمین، ئەحمەد دەنگ گەورە
پێوانە: (٢١ × ٢٧) سم و ٢٨ لاپەڕە
چاپخانە: کامەران
شوێنی دەرچوون: سلێمانی
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە (١)ی لە ١٠ مارتی ١٩٧٠ دا دەرچووە

هەوالنامەی کتێب

هەولێر

گۆڤار

١٩٧٠



گۆڤاریکی مانگانەیە شارەوانی هەولێر دەری دەکا

بەڕێوەبەری گۆڤار: سەعدی محەمەد ئەمین

سەرۆکی نووسین: محەمەد مەولود (مەم)

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

پێوانە: (١٥ ×٢١) سم و (٦٤–١٠٠) لاپەڕە

چاپخانە: شارەوانی (هەولێر) کوردستان،؟ شارەوانی کەرکووک

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) + عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١، سالّی ١، مایسی ١٩٧٠ دەرچووە

–ژمارە (٣,٢) سالّی ١ لە حوزەیران و تەممووزی ١٩٧٠ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە (٥,٤) سالّی ١ لە بەرگێک دایە لە کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٧٠ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٦ی سالّی ١ لە نەورۆزی ١٩٧١ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ١ی سالّی ٢ لە مایسی ١٩٧١ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٢ی سالّی ٢ لە ئەیلوول ١٩٧١ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە (٤,٣)ی سالّی ٢ لە بەرگێک دایە لەسەرماوەزی ١٩٧١ دا بلاوکراوەتوە

–ژمار ٥ی سالّی ٢ لە نیسانی ١٩٧٢ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ١ی سالّی ٣ لە حوزەیرانی ١٩٧٢ دا بلاوکراوەتەوە

– لە ژمارە ٢ی سالّی ٢\١٩٧١ لەلایەن دەستەی نووسین بەڕێوە دەبرێ

– لە ژمارە ٥ی سالّی٢\١٩٧٢ دەستەی بەڕێوەبەری نووسین: هاشم عەبدوللاّ ، مەجید عومەر، مەغدید سۆران

– لە ژمارە ١ سالّی ٣ لەلایەن دەستەی نووسەران بەڕێوەدەبرێ

برایەتی

گۆڤار

١٩٧٠

گۆڤاری سیاسی گشتیە (پاشکۆی رۆژنامەی التأخی–یە)

خاوەنی ئیمتیاز: حەبیب محەمەد کەریم

سەرنووسەر: عەلی عەبدوللاّ

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

پێوانە: (٢٠ × ٢٨) سم و ٦٦ لاپەڕە

چاپخانە: الزمان– بەغدا، ژین– سلێمانی

شوێنی دەرچوون: بەغدا ـ سلێمانی

زمان: کوردی (هەردوو زاراوەی سەرەکی)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی سالّی ١ لە ١٩٧٠/٦/١ دا دەرچووە

–ژمارە ١٣ی سالّی ١ لە نیسانی ١٩٧١ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٢ی سالّی ٢ لە حوزەیرانی ١٩٧١ دا بلاوکراوەتەوە

شۆڕشی کشتوکالّ

(الثورة الزراعية)

١٩٧٠

خاوەنی: وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکالّ

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان:عەرەبی + کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٧٠دا دەرچووە

زانیاری

گۆڤار

١٩٧٠

گۆڤارێکی زانستی گشتی یە

خاوەنی ئیمتیاز: د. عەزیز ئەمین و تەلعەت نادر

سەرۆکی لێپرسراوی نووسین: نوری ئەمین

سکرتێری نووسین: د. سامال مەجید فەرەج

دەستەی نووسەران: د. جوامێر مەجید، تاریق ئامێدی ، د.دارا جەودەت، د. سەلاح حەفید

چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی

پێوانە: (١٨ × ٢٤) سم و (٩٦–١٤٠) لاپەڕە

چاپخانە: مەعارف، دارالسلام

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی سالّی ١ لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ دا بلاوکراوەتەوە

چیا

گۆڤار

١٩٧٠

سەرنووسەر و بەڕێوەبەر: بەدرخان سندی

شوێنی دەرچوون: هەولێر

پێوانە: (١٤,٥×٢١,٥) سم و ٢٤ ، ٧٦ لاپەڕە

چاپخانە: شارەوانی کەرکوک، چاپخانەی دهۆک

زمان: کوردی (کرمانجی سەروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی سالّی ١ لە ١٩٧٠/١١ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی سالّی ١ لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧١ دا بلاوکراوەتەوە.

عالم الطوابع

گۆواریکی زانستی و هونەری و ئەدەبیە

نووسەری بەشی کوردی: جەودەت خەزنەدار

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

شوێنی دەرچوون: بەغدا


کۆواریکی زانستی و وەسفەری و ئەدەبی یە

ماڵکی نادار

ژمارە (٢٧) زمارە چواری کوردی

ماڵکی نادار

سالی ١٠

ووتەی ژمارە

پەیوەندی خوێنەرەکان • ئەوا ژمارە (٢٧)ەمی ئۆڤاری ... ئێستا پەیوەندی بەشی کوردی کەوتە دەست ... ئەوەی پەیرێز • ئەم ژمارەیە هەندێک دوا کەوتوو لە کاتی خۆی دەرنەچوو ... هەروەها هەڵبژاردەی سالی تازە. لە پەر ئەو هۆیانە ئەم ژمارەیە لە کاتی خۆی دەرنەچوو • وە ئێمە هەرکات داوای پارەتی پەیوەندی خوازانی گۆڤار دەکەین کە دەستی پارەیمان پێ دەرێ بکەن بۆ ئەوەی بتوانین هەتا ...

پێوانە: (١٦,٥ × ٢٣) سم

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) + عەرەبی + ئینگلیزی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

– لە ژمارە ٢٤ی سالّی ٨ کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ دا دەرچووە بەشە کوردییەکەی بلاوکردۆتەوە.

ژین

رۆژنامە

١٩٧٠

رۆژنامەیەکی وێژەییە لە سلێمانی دەرئەچێت

خاوەنی ئیمتیاز: کاکەی فەلاح

سەرەک نووسین: عەبدولقادر بەرزنجی

چۆنیەتی دەرچوون: هەفتانە

پێوانە: (٢٩ × ٤١) سم و (٢٩ × ٤٥) سم و ٨ لاپەڕەیە

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٠ دا دەرچووە

–ژمارە ١٥٣ی سالّی ٤ لە ٢٨ی مارتی ١٩٧٤ دا بلاوکراوەتەوە

کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە


پێوانە: (٣٠ × ٤٥) سم و (٤ ، ٦) لاپەڕە

هەوالنامەی کتێب

شوێنی دەرچوون: بغدا، کوردستان.
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو + فارسی)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە رێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوی بەرانبەر ژنوای ١٩٧١ دەرچووە

گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات

گۆڤار
زانستگای بەغدا
١٩٧١



بەرهەمی بەشی کوردی کۆلێجی ئەدەبیات
سکرتێری گۆڤار: د. سامی مەکی ئەلعانی
سەرنووسەر: زەکی ئەلجابر
دەستەی نووسەران: د.مارف خەزنەدار، د. خالد ئیسماعیل عەلی، د.عەلائەدین ئەلجبوری، د.عیرفان عەبدولحەمید
چۆنیەتی دەرچوون: سالانە
پێوانە: (١٧ ×٢٣) سم و (٨٦ ، ١٠٠ ، ٨٢ ، ١٢٤ ، ٢٠٠ ، ٩٤ ، ١١٧) لاپەڕە
چاپخانە: معارف، دارالحافظ، علاء
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–بە (٧) بەرگ دەرچووە
–ژمارە ١٥ی لە ساڵی خوێندنی١٩٧١–١٩٧٢ دا دەرچووە.
–(یەکەم ژمارەی کوردییەکەیە)
–ژمارە ٢٢یلە ساڵی ١٩٧٨ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٢٣ی لە ساڵی ١٩٧٩دا بلاوکراوەتەوە

ڕەهێڵە

گۆڤار
١٩٧١

گۆڤارێکی ڕەوشەنبیری و پەروەردەیی ساڵانەیە خوێندنگای دواناوەندی کوڕانی هەولێر دەری دەکات، بەسەرپەرشتی مامۆستایانی زمانی کوردی
دەستەی نووسەران: عەبدوڵڕەحمان ئەلسەعدی
سکرتێری لێژنە: عوسمان دەشتی
ئەندامانی لێژنە: دلشا عەبدوللاّ سنجاوی، تاریق حوسێن، ڕەهبەر جەلال مامش
پێوانە: (١٤,٥ × ٢١) سم و ٥٦ لاپەڕەیە
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانە: کوردستان (هەولێر)
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە ١٩٧١ دا دەرچووە

شۆڕشی کورد


بلاوکراوە
١٩٧١

بلاوکراوەیەکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا/ لقی ئەمریکا
شوێنی دەرچوون: هایدلبێرگ (ئەڵمانیا)
زمان: ئەڵمانی و ئینگلیزی
ژمارەکان:
–ژمارە (١)ی لە ساڵی ١٩٧١ دا دەرچووە
–ژمارە (٢)ی لە ساڵی ١٩٧٢ دا دەرچووە

پەروەردەو زانست

گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستی یە
خاوەنی: بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی کوردی
سەرنووسەر: شوکور مستەفا (لە ژمارە ٣ ـ ٦)
چۆنیەتی دەرچوون: سێ مانگ جارێکی
چاپخانە: دارالسلام، شەفیق، الحافظ، سلمان الاعظمی، سعدون، اجیل، دارالعراف، اشبیلیة

هەوڵنامەی کتێب



شـــــــــوێنی دەرچوون: بەغدا
زمـــان: کـــوردی (کرمـــــــانجی خواروو)
رێنـــــــــووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمـــــــارە ١ی سالّی ١ لە ١٩٧١ دا دەرچووە
–ژمارە ١٨ی لـە ســـالّی ١٩٨١ دا دەرچووە
–تەنیا ئەو(١٨) ژمارەیەی لێ بلاّوکراوەتەوە

دەنگی مامۆستا

گۆڤار

١٩٧١

ئۆرگـانی یـەکێتی مامۆسـتایانی کوردسـتان / لقـی سلێمانی

سکرتێری نووسین و لێپرسراوی گۆڤار: محەمەد نوری تۆفیق

چۆنیەتی دەرچوون: دوومانگ جارێ

پێوانە: (٢١ × ٢٦,٥) سم و ٤٤ ـ ٧٢ لاپەڕەیە

چاپخانە: کامەران، ژین، راپەڕین

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە (١)ی سالّی ١، شوباتی ١٩٧١ دا دەرچووە

–ژمـــارە (١) ســـالّی ٢، لـــە ســـالّی ١٩٧٣ دا بلاّوکراوەتەوە

نووسەری کورد

گۆڤار

١٩٧١

گۆڤارێکی ئەدەبی و رۆشنبیریە، یەکێتی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەری دەکات

سەرنووسەر: د. مارف خەزنەدار

پێوانە: (١٦ ×٢٣) سم و(٦٤ ـ ٩٦) لاپەڕەیە

چاپخانە: دارالسلام (ژمارە١)، دارالزمان(ژمارە ٢ ـ ١١)، چاپخانەی شۆڕش (ژمارە ١٢)

شـوێنی دەرچـوون: بەغـدا (ژمـارە ١ ـ١١)، شـاخ (ژمارە١٢)

زمان: کوردی

ژمارەکان:

–ژمارە (١)ی لە مارتی ١٩٧١ دا دەرچووە

–ژمارە١٢ی لە کانوونی ١٩٧٥ دا لە شاخ دەرچووە

رێگای یەکێتی

رۆژنانە

١٩٧١

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

پێوانە: (٢٩ ×٤١) سم

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمـانجی خـواروو)، فارسی- تـورکی - ئازربایجانی، بلوجی.

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە نیسانی ١٩٧١ دا دەرچووە

–ژمـارە ٣١ی سـالّی سـێیەمی لـە ئـابی ١٩٧٣ دا بلاّوکراوەتەوە.

دەنگی فەلاح .. صوت الفلاح

خاوەنی: یەکێتی جووتیارانی گشتی عێراق

چۆنیەتی دەرچوون: هەفتانە

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: عەرەبی، کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٠ مایسی ١٩٧١ دا دەرچووە

–لـە ژمـارە ١٢١ ەوە بەشـی کوردییەکـەی لەگەڵـدا بلاّوکراوەتەوە

رۆژی کوردستان- شمس کردستان

گۆڤار

١٩٧١

گۆڤـارێکی رۆشـنبیری گـشتی یـە، مـانگی جارێـک بـەکوردی و عـەرەبی لەلایـەن کۆمەڵـەی رۆشـنبیری کوردی لە بەغدا دەردەچێ.

هەواڵنامەی کتێب

سەرنووسەر: سالّح یوسفی
سکرتێری نووسین: سەعید ناکام
بگێری کاروبار: جەمال خەزنەدار
چۆنیەتی دەرچوونی: مانگانەی نارێك و پێك
پێوانە: (٢٣ × ٣٢) سم و (٢٢ × ٢٨) سم و (٦٤ ـ) لاپەڕە.
چاپخانە: الزمان ـ بەغدا
زمان: کوردی (کرمانی خواروو) + عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە حوزەیرانی ١٩٧١ دا دەرچووە
–ژمارە ٨٠ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دا بلاّوکراوەتەوە
*ئەم گۆڤارە عەرەبی و کوردییە

ڕوانگە

گۆڤار
١٩٧١
کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگەیە.. دەنگی نەوەی نوێ رائەگەیەنێت
چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو
پێوانە: (١٤,٥ ×٢٢) سم و (٦٨ ـ ١٠٠) لاپەڕە
چاپخانە: نعمان (نەجەف)، جامعة
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە
–ژمارە ١ی لە ١٩٧١دا دەرچووە.
–ژمارە ٢ی لە ١٩٧١ دا بلاّوکراوەتەوە
–ژمارە ٣ی لە ١٩٧٢ دا بلاّوکراوەتەوە

برایەتی

ڕۆژنامە
١٩٧١
ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی یە، هەفتەی جارێك لە سلێمانی دەرئەچێ
سەرپەرشتیار: ڕەمزی قەزاز
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە شەممەی ١٩٧١/٩/١١ دا دەرچووە
–ژمارە ١٧ی لە ١٨ی مارتی ١٩٧٢دا بلاّوکراوەتەوە

پەیامی کرێکار

گۆڤار
١٩٧١
لێژنەی ڕۆشنبیری یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی دەری دەکات
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانە: (١٣,٥ ×١٩) سم و ٣٦ لاپەڕە
چاپخانە: ڕاپەڕین
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ژمارەکان:
–ژمارە ٤ی لە ئایاری ١٩٧٢ دا بلاّوکراوەتەوە

بیری نوێ

گۆڤار
١٩٧٢
گۆڤارێکی ئەدەبی گشتی سالانەیە، دواناوەندی کوڕانی هەولێر دەری دەکات
دەستەی نووسەران:
عەبدولڕەحمان ئەلسەعدی–**سەرۆکی لێژنە**، کاردۆ گەلاّلی–**سکرتێر**، عەبدوللاّ زەنگەنە–**ئەندام**، تاهیر حوسێن هەمەوەندی–**ئەندام**.
چۆنیەتی دەرچوون: سالانە
پێوانە: (١٤,٥ × ٢١,٥) سم و ٨٨ لاپەڕەیە
چاپخانە: کوردستان / هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٧٢ دا دەرچووە

تێکۆشەر


بلاّوکراوە
١٩٧٢
بلاّوکراوەیەکی ناوخۆیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

هەولنامەی کێبڕکێ

تەشکیلاتی حزبی دیموکراتی کوردستان / ئێران
بەرپرسی سیاسی و ئەدەبی: عەبدوللاّ حەسەن زادە (خولی یەکەم)
کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی حزبی دیموکراتی کوردستان (خولی دووەم)
مانگانە ـ دواتر وەرزی
شوێنی دەرچوون: بەغدا، کوردستان
زمان: کوردی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–جۆزەردانی ۱۳۵۱ (ژوئەنی ۱۹۷۲)

گزنگ

گۆڤار
۱۹۷۱
کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگی نووسەرانی کەرکووکە
ئامادەکردنی: ڕەزا شوان
پێوانە: (۱۵ ×۲۱) سم و ۸۰ لاپەڕەیە
چاپخانە: شیمال/ کەرکووک
شوێنی دەرچوون: کەرکووک
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)



رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ۱، نیسانی ۱۹۷۲

ئەستێرە

گۆڤار
۱۹۷۲
گۆڤارێکی منداڵانە، مانگی جارێ وەکو پاشکۆی (ڕۆژی کوردستان) دەرچووە
سەرۆکی نووسین: سالّح یوسفی
دەستەی نووسەران: ڕزگار شەوقی، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، عەبدولکەریم شێخانی، سدیق مەحمود بەرزنجی
پێوانە: (۲۲ × ۲۹) سم و (۲۳ × ۳۰) سم و (۲۱,٥ × ۲۹) سم و (۲٦ ـ ۳۰) لاپەڕەیە
چاپخانە: کامەرانی
شوێنی دەرچوون: سلێمانی
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ۱ی ساڵی ۱ لە ۱۹۷۲ دا دەرچووە
–ژمارە ۲ی ساڵی ۱ لە ئەیلوولی ۱۹۷۲ دا بلاّوکراوەتەوە
–ژمارە ۳ی لە شوباتی ۱۹۷٤ دا بلاّوکراوەتەوە
–تەنیا ئەو سێ ژمارەیەی لێ دەرچووە

برایەتی

ڕۆژنامە
۱۹۷۲
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە
خاوەنی ئیمتیاز: حەبیب محەمەد کەریم
سەرنووسەر: دارا تۆفیق
پێوانە: (٤٤ × ٦۰) سم و (٦ ـ۸) لاپەڕەیە
چاپخانە: تایمس
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە۱ی لە ۲٦ی مایسی ۱۹۷۲ دا دەرچووە.
–ژمارە۸۱ی لە ۱۹۷۳ دا بلاّوکراوەتەوە

بیری نوێ..الفکر الجدید

ڕۆژنامە
۱۹۷۲
ڕۆژنامەیەکی هەفتەیی ڕۆشنبیری گشتیە، بە زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچێت
خاوەنی ئیمتیاز: فەخری کەریم زەنگەنە

سەرنووسەرو بەرپرس: د. حسین قاسم عەزیز
پێوانە: (٣٠ ×٤٢) سم و(٣٣ × ٥٧) سم (سەرەتای دەرچوون)
دواتر (٣٢ × ٤٦) سم و (٤٥ × ٥٨) سم و (٢٩ × ٤١) سم
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) + عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢ دا دەرچووە
–ژمارە ٣١٩ی ساڵی حەوتەم لە ١٩٧٨/١٢/١٦ دا بلاوکراوەتەوە.

نووسەری نوێ

گۆڤار
١٩٧٢

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی یە، یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر دەری دەکات.



دەستەی نووسەران: عیزەدین فەیزی، کەریم شارەزا، عەزیز گەردی، حەمە کەریم هەورامی، محەمەد مەنگوری، جەمیل رەنجبەر، مەدحەت بێخەو
چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو
پێوانە: (١٣,٥ ×٢٤) سم و ٥٦ لاپەڕەیە
چاپخانە: کوردستان
شوێنی دەرچوون: هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١، ساڵی ١ لە حوزەیرانی ١٩٧٢ دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە حوزەیرانی ١٩٧٤ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٣ی لە حوزەیرانی ١٩٧٨ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٤ی لە حوزەیرانی ١٩٧٩ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٥ی لە ئەیلوولی ١٩٨٠ دا بلاوکراوەتەوە

بەرەو رووناکی

گۆڤار
١٩٧٢

گۆڤارێکی وێژەیی و رۆشنبیری گشتی یە لیژنەی زمان و وێژەی کوردی لە خوێندنگای ناوەندی گەلاڵە دەری دەکات

دەستەی نووسەران:ئیبراهیم سەعید بەرزنجی، نەژاد عەزیز سورمێ، ئازاد جوندیانی، غەفور گەلاڵی
پێوانە: (١٥ × ٢٥) سم و (٤٤ × ٥٢) سم ٧ لاپەڕەیە
چاپخانە: کوردستان ـ هەولێر
شوێنی دەرچوون: گەلاڵە/ هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی تەممزی ١٩٧٢ دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٢ دا بلاوکراوەتەوە

رێگای کوردستان

رۆژنامە
١٩٧٢

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار/ حیزبی شیوعی نەك سوشیالیزمی دیموکراسی
رۆژنامەی لقی کوردستان حیزبی شیوعی عێراقی / قیادەی مەرکەزی
پێوانە: (٢٠,٥ × ٣٠) سم و (٤ ـ٦) لاپەڕەیە
شوێنی دەرچوون: کوردستان/ نهێنی
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی ٢٧ تەممووزی ١٩٧٢ دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی ٢٧ تشرینی یەکەمی ١٩٧٢

هەوالنامەی کێبڕکێ

ئالای سوور

١٩٧٢

ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستانی عێراق

خاوەنی: شەهاب شێخ نوری

چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو

پێوانە: نیو فولسکاپ، فولسکاپ (٣٠ ـ ٤٠) لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: گەڕەکی ئازادی کەرکووک

ژمارەکان:

–تەنیا ٣ ژمارەی لێ دەرچووە

–ژمارە ١ی لە کۆتایی ١٩٧٢ دا دەرچووە

–ژمارە ٣ی لە ساڵی ١٩٧٣ دا بلاوکراوەتەوە

ڕێبازی قوتابیان

گۆڤار

١٩٧٢

یەکێتی قوتابیانی کوردستان / لقی سلێمانی

چاپخانە: ڕۆنیۆ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٩٧٢دا دەرچووە.

–ژمارە ٣ـ٤ی لە ساڵی ١٩٧٣ دا بلاوکراوەتەوە

هۆشیاری کرێکاران

گۆڤار

١٩٧٢

ئۆرگانی یەکێتی کرێکارانی عێراق

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١٨٩ی لە ١٩٧٢/١٢/٧ دا دەرچووە

–بەشە کوردییەکەشی هەر لەم ژمارە ١٨٩یە دەست بە بلاوکردنەوەی کراوە

ڕەوشەن

بلاوکراوە

١٩٧٢

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی دهۆک

ژمارەی لاپەڕە: ١٩٥

چاپخانە: دهۆک

زمان: کوردی (کرمانجی سەروو) + عەرەبی

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٩٧٢ دا دەرچووە

–تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە

خەباتی لاوان

گۆڤار

١٩٧٢

لقی بەغدای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان

تەنیا ژمارە ١ی لەبەغدا دەرکردووە

ڕێگای کوردستان

ڕۆژنامە

١٩٧٢

ڕۆژنامەی لقی کوردستان حزبی شیوعی عێراق/ قیادەی مەرکەزی

پێوانە: (٢١ × ٢٩) سم

نرخ: ١٠٠ فلس

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی ساڵی ٢٧ لەتەممووزی ١٩٧٢دا بە ٢ لاپەڕە دەرچووە

–ژمارە ٢ی ساڵی ٢٧ لەتشرینی یەکەمی ١٩٧٢دا بە ٤ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە

باباگورگور

گۆڤار

١٩٧٣

لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەزمانی کوردی بلاوی کردۆتەوە

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٧٣دا دەرچووە

–ژمارەی ٢ی لەساڵی ١٩٧٣دا بلاوکراوەتەوە

الشعاع...تیشك

بلاوکراوە

١٩٧٣

العلم والنضال من اجل تثبیت الحکم الذاتي لکوردستان/ العراق

هەواڵنامەی کێبڕکێ

یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراق بە زمانی عەرەبی
بەپێوانەی فولسکاب دەری کردووە
ژمارەکان:
ژمارە ٢ی لەمارتی ١٩٧٣دا بە ١٥ لاپەڕە دەرچووە

دەنگی قوتابیان

گۆڤار
١٩٧٣
لقی هەولێری یەکێتی قوتبیانی کوردستان بەزمانی کوردی تەنیا ژمارە ١ی لەساڵێ ١٩٧٣دا بە رۆنیۆ بلاوکردۆتەوە

گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

دواتر
گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق / دەستەی کورد
١٩٧٣
چۆنیەتی دەرچوون: ساڵی بەرگێک، بەیەک بەش یان دووان
پێوانە: (١٧ × ٢٣) سم و(٢٤٦ ـ ٨٠) لاپەڕە
چاپخانە: کۆڕی زانیاری کورد
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی + عەرەبی
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–بەرگی یەکەم ـ بەشی یەکەم لەساڵی ١٩٧٣ دا دەچوە

باباگورگور

گۆڤار
١٩٧٢
یەکێتی قوتابیانی کوردستان / لقی کەرکوک
شوێنی درچوون: کەرکوک، تەوێلە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٧٣ دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە ١٩٧٤ دا بلاوکراوەتەوە

ڕۆشنبیر

گۆڤار
١٩٧٣
گۆڤاری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی / لقی هەولێر
سەرۆکی نووسین: عەبدوڵڕەزاق بێتووشی
سکرتێری نووسین: ئەحمەد شەریف
دەستەی نووسەران: ممتاز حەیدەری، سامیە شاکر، حازم باجەلان، عەبدولقادر حەمەدئەمین
پێوانە: (٢١ × ٢٧,٥) سم
چاپخانە: ڕاپەڕین/ سلێمانی
شوێنی دەرچوون: هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕینووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ساڵی١٩٧٣ دا دەرچووە
–تەنیا ئەم ژمارەیەی لێ دەرچووە

بۆ پێشەوە

گۆڤار
١٩٧٣
گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان/ لقی هەولێر
سەرنووسەر: عوسمان حەسەن دزەیی
سکرتێری نووسین: محەمەد مەنگوڕی
دەستەی نووسەران: عەزیز گەردی، کەمال غەمبار، ئەحمەد نەقشبەندی، یوسف دەرگەڵەیی
لە ژمارە (٢)یەوە
سەرۆکی نووسین: محەمەد مەنگوڕی
سکرتێری دەستە: عەزیز گەردی، یوسف دەرگەڵەیی،ئەحمەد نەقشبەندی،عوسمان حەسەن ڕەسول
پێوانە: ( ) سم و(٣٨ ، ٦٢) لاپەڕە
چاپخانە: کاکەی فەلاح / سلێمانی، حوادث / بەغداد
شوێنی دەرچوون: هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ٢١ شوباتی ١٩٧٣ دا دەرچووە
–ژمارە ٣ی لە ئاداری ١٩٧٤ دا بلاوکراوەتەوە

هەولاتنامەی کێبڕکێ

چوارچرا
گۆڤار
١٩٧٣
گۆڤارێکی رۆشنبیری وێژەیی کۆمەلایەتیە لێژنەی زمان و ئەدەبی کوردی قوتابخانەی ئامادەیی کوردستان/ی کۆران لە هەولێر دەردەکات
سەرۆک: عەبدولرەحمان ئەلسەعدی
سکرتێر: عەبدوللاّ زەنگەنە
ئەندام: جەلال بەرزنجی، دلشاد عەبدوللاّ
پێوانە: (٢٢× ٣٢) سم و ٢٢ لاپەڕە
چاپخانە: بەرۆنیۆ چاپکراوە
شوێنی دەرچوون: هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
تەنیا ئەو ژمارەیی بەم ناوەوە وەکو ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە
وادیاری بە درێژەپێدەری هەردوو گۆڤاری (رەهێڵە)و (بیری نوێ) دانراوە، کە پێشتر باسیان کراوەو هەریەکەیان ژمارەی خۆی بۆ دانراوە.

هیڤی
بلاوکراوە
١٩٧٣
بەلاڤۆکەکا هەیڤانەیە ئێکەتیا مامۆستایێن کوردستانا عێراق / لقی دهۆك بەلاڤ دکەت
پێوانە: (٢١ × ٢٣) سمو ١٧ لاپەڕە
چاپخانە: رۆنیۆ
زمان: کوردی (کرمانجی سەروو) ، عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە گولاّنی ١٩٧٣ دا دەرچووە
–ژمارە ٧ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٣ دا بلاوکراوەتەوە
تەنیا ئەم ٧ ژمارەیەی لێ دەرچووە.

چرایا گەش (المشعل الوچاو)
بلاوکراوە
١٩٧٣
بلاڤۆکەکا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ / لقی دهۆك
خاوەنی: لقی دهۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان
شوێنی دەرچوون: دهۆك، سەرسەنگ
زمان: کوردی (کرمانجی سەروو) ، عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمار ١ی لە هاوینی ١٩٧٣ دا دەرچووە (٢٠٠ دانە)
–ژمارە ٢ی لە هاوینی ١٩٧٤ دا بلاوکراوەتەوە

رۆشنبیری نوێ
بلاوکراوە /گۆڤار
١٩٧٣
بلاوکراوەیەکی رۆشنبیریە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری کوردی ناوبەناو دەری دەکات.
سەرنووسەر: د. ئیحسان فوئاد
سکرتێری نووسین: حوسێن عارف
سەرنووسەر: عوسمان محەمەد فائق
پێوانە: (٣٠ ×٤٤) سم و (٨ ـ٢٤) لاپەڕە
چاپخانە: دار الحرية
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی ، عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە (٠)ی لە ١٩٧٣/١١/١١ دا دەرچووە

رەنجدەر
گۆڤار
ئۆرگانی رێکخراوی رەنجدەرانی کوردستان
پێوانە: فولسکاب ٨ لاپەڕە
چاپخانە: رۆنیۆ
شوێنی دەرچوون: سلێمانی (نهێنی)
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان: ٣ ژمارە

ئامانج
گۆڤار
١٩٧٤
گۆڤاری مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

هەولێر کتێب

پێوانە: (٢١ ×٢٩) بەغدا
زمان: کوردی ، عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤ دا دەرچووە

رۆناهی
گۆڤار
١٩٧٤
شوێنی دەرچوون: ئەڵمانیا

برایەتی
رۆژنامە
١٩٧٤
رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە
خاوەنی ئیمتیاز: حەبیب محەمەد کەریم
سەرنووسەر: دارا تۆفیق
چۆنیەتی دەرچوون: رۆژانە
پێوانە: تابلۆید (٣٠ × ٤٢) سم و ٨ لاپەڕەیە، ژمارە(١)ی ١٠ لاپەڕەبوو
چاپخانە: دارالحافظ (بغداد)
شوێنی دەرچوون: بەغداد
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنوس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە (٠)ی لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ دا دەرچووە
–ژمارە ٢٦ی لە ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ دا بلاوکراوەتەوە
تەنیا ئەو ٢٧ ژمارەیەی لێ دەرچووە، پاشان گەڕانەوە سەر زنجیرەی پێشوو کە هەفتانە دەردەچوو

قەڵادزێ
بلاوکراوە
١٩٧٤
ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکرتی کوردستان بە زمانی کوردی دەری کردووە
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە حوزەیرانی ١٩٧٤دا دەرچووە

رێبازی کرێکاران
گۆڤار
١٩٧٤
لقی هەولێری یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران بە زمانی کوردی تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرکردووە

دەنگی کورد
گۆڤار
١٩٧٤
لقی ٥ی پارتی دیموکراتی کوردستان بەزمانی کوردی تەنیا ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٧٤ دا دەرکردووە

رزگاری
گۆڤار
١٩٧٤
لقی دیالەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان تەنیا ١ ژمارەی لەساڵی ١٩٧٤دا لێ دەرکردووە

دیاری لاوان
گۆڤار
١٩٧٤
ئەمانەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان لەشاخ بەسەرپەرشتی جەمیل رەنجبەر و فەرهاد عەونی بەزمانی کوردی دەریان کردووە
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لەکانوونی دووەمی ١٩٧٥دا بلاوکراوەتەوە

دەنگی مامۆستا
گۆڤار
١٩٧٤
یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە شاخ تەنیا ٢ ژمارەی لێ دەکردووە.
ژمارە ١ بەکوردی ٢ی بەعەربی بووە

هەوالنامەی کتێب

زانکۆ

گۆڤار

١٩٧٥

گۆڤارێکی زانیارییە زانکۆی سلێمانی دەری دەکات

سەرنووسەر: د.تاریق حەسەن ئامێدی

سکرتێری نووسین: د.فاروق یەعقوب

چۆنیەتی دەرچوون: شەش مانگ جارێکی

چاپخانە: زانکۆی سلێمانی

زمان: کوردی (کرمانجی خوارووی) ، عەرەبی، ئینگلیزی

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٧٥ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی بەرگی ٨ لە ١٩٨٢ دا بلاوکراوەتەوە

کاروان

بلاوکراوە

١٩٧٥

بلاوکراوەیەکی ئەدەبی گشتیە

سەرپەرشتکار: مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی لە ئامادەیی کوردستان / هەولێر

پێوانە: فولسکاب (٢١ ×٣٢) سم و ١١ لاپەڕەیە

چاپخانە: ڕۆنیۆ

زمان: کوردی (کرمانجی خوارووی)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٩٧٥/٤/٢٩ دا دەرچووە، تەنیا ئەو ژمارەیی لێ دەرچووە

شۆڕشگێڕ

گۆڤار

١٩٧٧

ڕۆژنامەی ناوخۆی پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

الجریدة الداخلیة للحزب الثوری الکوردستانی

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

پێوانە: (١٥ ×٢٠,٥) سم و (٤٦ ـ٨٠) لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمانجی خوارووی) ، عەرەبی

ژمارەکان:

– ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە ئاداری ١٩٧٧ دا دەرچووە

– ژمارە ٤١ی ساڵی چوارەم لە تشرینی دووەمی ١٩٨٠ دا بلاوکراوەتەوە

برایەتی

ڕۆژنامە

١٩٧٥

پاشکۆی ڕۆژنامەی (التاخی)یە

خاوەنی ئیمتیاز: عەزیز عەقراوی

چۆنیەتی دەرچوون: هەفتانە

پێوانە: (٢٩,٥ × ٤٢) سم و ٨ لاپەڕە

چاپخانە: التاخی

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمانجی خوارووی)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٥ی ئایار ١٩٧٥ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لە پێنج شەممەی ڕێکەوتی ٢٢ی ئایار ١٩٧٥ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمار ١٩٣٥ی لە ١٩٧٥/٦/١٣دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە١٩٤٠ی لە ١٩٧٥/٦/٢٠دا بلاوکراوەتەوە

*وەکو دەبینن ڕۆژنامەکە لە ژمارە (٣ ،٤٠)یدا هەمان زنجیرەی ڕۆژنامە عەرەبییەکەی وەرگرتووە

ئۆزگورلوك یۆلۆ

گۆڤار

١٩٧٥

گۆڤارا سیاسی یا مەهانە

خاوەنی: فاروق ئاراس

پێوانە: (١٥,٥ ×٢٣) سم و (٧٢ ـ١٠٥) لاپەڕەیە

شوێنی دەرچوون: ئەنقەرە

زمان: تورکی، کوردی(کرمانجی باکوور، زاز، دملی)

ڕێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە حوزەیرانی ١٩٧٥دا بلاوکراوەتەوە

هەواڵنامەی گێڕ

–ژمارە ٤٤ی لە چلەیا پاشین ١٩٧٩دا بلاوکراوەتەوە

دەنگی کوردستان

گۆڤار١٩٧٥

گۆڤاری ئێستگەی کوردستانی عێراق

پێوانە: (١٨,٥ ×٢٣,٥) سم و ٢٣٧ لاپەڕەیە

چاپخانە: خەبات (شاخ)

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ دا دەرچووە

تەنیا ئەم ژمارەیەی لێ بلاوکراوەتەوە

صوت کوردستان

گۆڤار

١٩٧٢

لەلایەن ئیسگەی (دەنگی کوردستانی عێراق)ەوە، بەزمانی عەرەبی دەرچووە، بریتی بووە لەهەڵبژاردنی چەند وتاری هەمەجۆر و لێکۆڵینەوەی سیاسی و نووسینی جیاجیا

ژمارەکان:

–تەنیا ٣ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ١ی لەحوزەیرانی ١٩٧٤دا دەرچووە

دەنگ و باسی زانکۆی سلێمانی

بلاوکراوە

١٩٧٥

لقی راگەیاندن و بلاوکردنەوەی سەرۆکایەتی زانکۆ دەری دەکات

پێوانە: (٢١,٥ ×٣٣,٥) سم و ٢٢ لاپەڕەیە

چاپخانە: زانکۆی سلێمانی

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان: پاشکۆی ژمارە ٢، تشرینی یەکەمی ١٩٧٥

ئەستێرە

گۆڤار

١٩٧٥

لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی مانگی جارێك دەردەچێت

سەرۆکی نووسین: د. ئیحسان فوئاد

سکرتێری نووسین: جەمال خەزنەدار

پێوانە: (٢٢ × ٣١,٥) سم و ٢٦ لاپەڕەیە

چاپخانە: مؤسسة کنعان

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

ژمارە ١ی لە مایسی ١٩٧٥ دا دەرچووە

ژمارە ٢ی لە حوزەیرانی ١٩٧٥ دا دەبا دەرچێ، بەڵام حکومەت دەستی بەسەرداگرت و تاك و تەرا ژمارەی گەیشتە دەست خەمخۆرانی رۆژنامەنووسیی کوردی.

گوڵاڵە

بلاوکراوە

١٩٧٦

نشرة مدرسية تصدرها مدرسة زانكو النموذجية الابتدائية

سەپەرشتی: نێرگز نوری مەحمود

پێوانە: (٢٠ ×٢٦) سم و ٣٦ لاپەڕە

چاپخانە: زانکۆی سلێمانی

شوێنی دەرچوون: سلێمانی

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی

ژمارەکان:

ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٧٦ ـ١٩٧٧ دا دەرچووە

کۆڵنەدان

گۆڤار

١٩٧٦

بلاوکراوەی ASSE

چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی ناڕێك

شوێنی دەرچوون: لەندەن

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

ژمارە ١ی لە ١٩٧٦ دا دەرچووە

تریفە

بلاوکراوە

بلاوکراوەیەکی لێژنەی رۆشنبیری مەڵبەندی لاوانی سلێمانی دەری دەکات

هەوالنامەی کتێب

دەستەی نووسەران: حەسەن تەنیا، شەهاب عوسمان، فوئاد محەمەد ئەمین
لە ژمارە (٣)ەوە فاروق محەمەد حەسەن، عەبدولرەحمان عەبدوللاّ، فوئاد حەمەدئەمین، شەهاب عوسمان.
لە ژمارە (٤)ەوە عەبدولڕەحمان عەبدوللاّ، فوئاد محەمەدئەمین، شەهاب عوسمان.
لە ژمارە (٦)ەوە فوئاد عەبدولرەحمان، حەسەن مەحمود، بەیاد عەبدولقادر، زیادبوون
لە ژمارە (٩)ەوە
سەرنووسەر: عەبدولقادر توانا
دەستەی نووسەران: بەیاد عەبدولقادر، ساجد ئاوارە، حەسەن کەریم، یاسین کەریم
پێوانە: (٢١,٥ × ٣٣) سم و (٢٧ ـ٦٠) لاپەڕە
چاپخانە: رۆنیۆ
شوێنی دەرچوون: سلێمانی
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
ژمارە ١ی
ژمارە ٢ی سالّی ١ لە ئابی ١٩٧٦دا دەرچووە
ژمارە ٩ی لە ()دا بلاّوکراوەتەوە.

رۆژا ولات Roja Walat

رۆژنامە
١٩٧٧
رۆنامەیا سیاسی و چاندیا ١٥ رۆژا
خاوەنی: مستەفا ئایدن
بەرپرس: سدیق بوزئارسلان(ژ ١٠)، فکرەت ئاکای (ژ ٢ ـ ٦)، محەمەد چشمە (ژ ٣ ـ ١٢)
پێوانە: (٢٩ × ٤٢,٣) سم و (١٢ ـ١٦) لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: ئەنقەرە، ئەڵمانیا
زمان: تورکی، کوردی (کرمانجی باکوور، دملی)
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
ژمارە ١ی لە ئەیلوولی ١٩٧٧ دا دەرچووە
ژمارە ١٠ی لە ١٩٧٨/٩/٢٩ دا بلاّوکراوەتەوە
ژمارە ٣٨ی لە نیسانی ١٩٨٦دا بلاّوکراوەتەوە.

پێشەنگ بۆ شۆڕش

گۆڤار
١٩٧٧
پارتی کارگەڕی کوردستان (کۆمیتەی ناوەندی)
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانە: (١٤,٨ ×٢١,٤) سم و (٢١ ×٢٩,٦) سم
ژمارەی لاپەڕە: ١٢ ،١٦ ، ٢٠ و ٢٤ ، ١٨ و ٧٠ ، ١٤٠، ١٥٢
زمان: تورکی، هەندێ ژمارەی کوردی (کرمانجی باکوور)ی تێدابوو
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
ژمارە ١ لە حوزەیرانی ١٩٧٧ دا دەرچووە
ژمارە ٦ی لە ١٩٨٨/٥/٢دا بلاّوکراوەتەوە
پاشکۆکانی:
ژمارە ١ی لە ئەیلوولی ١٩٨٦دا بە ١١ لاپەڕە بووە
ژمارە٢ی لە مارتی ١٩٨٧دا بە ٨ لاپەڕە بووە
ژمارە ٣ی لە ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٨٧دا بە ١٢ لاپەڕە بووە
ژمارە ٤ی لە چلیا بێشین ١٩٨٧ دا بە ٢٤ لاپەڕە بووە

ئالاّی شۆڕش

رۆژنامە
١٩٧٧
جەریدەی گشتی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان
سەرپەرشتی: شەهید ئارام (شاسوار جەلال)
ژمارەی لاپەڕە: ٨
چاپخانە: تایپ و رۆنیۆیەکی زۆر سادە
شوێنی دەرچوون: گوندی کوڕباز (شاخ) قەرەداخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
ژمارە ١ی لە ئەیلوولی ١٩٧٧ دا بە تیراژی ١١٤ دانە دەرچووە
ژمارە٢ی ئامادەبووە بۆ چاپ، شەهید بوونی ئارام لە ١٩٧٩/١/٣١ دا بۆتە هۆی چاپ نەکردنی.

هەوالنامەی کتێب

رزگاری Rizgari

گۆڤار

١٩٧٦

گۆڤارا رەزانی و چاندیا مەهانی

خاوەنی: رەوشەن ئەرسەلان

بەرپرسان:

محەمەد ئـوزون (١–٢)، خەدیجـە یەشـار (٣–٧) شەفیق دوندار (٨–٩)

چۆنیەتی دەرچوون: مەهانە، دوومانگ جارێك.

پێوانـە: (١٦,٥ × ٢٤) سـم و (١٣,١٧ × ٢١) سـم و (١٣,٧٤ ×٢٥) سـم و (٨٤–١٤٢) لاپـەڕە، (٢٤–٤٢) لاپەڕە.

چـاپخانە: ئەنقـەرە (١–٢)، ئەسـتەمبۆل (٣–٩)، ئەڵمانیای فیدرال (١٠–١١).

زمان: تورکی، کوردی(کرمانجی باکوور)

رێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

–ژمارە١ی لە ٢١ی مارتی ١٩٧٧ دا دەرچووە

–ژمارە٢ی لە ٢١ی جۆتان ١٩٧٦ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٣ی لە گوڵانی ١٩٧٧ دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ١٥ی لە ئەیلوولی ١٩٨٨دا بلاوکراوەتەوە

پاشکۆکان:

–ژمارە ١ی لەتەممووزی ١٩٧٧ دا بە ٣٠ لاپەڕە بوو.

–ژمار ٥ ی لە تەباخی ١٩٧٧ دا بە ٣٨ لاپەڕە بووە.

ئۆتۆنۆمی- الحكم الذاتي

گۆڤار

١٩٧٦



ئەنجوومـەنی یاسـادانانی ناوچـەی کوردستان دەری دەکرد

چـۆنیەتی دەرچـوون: وەرزی

چـاپخانە: (العانی، اسـعد، دار الحرية، الاديب، دارالافاق، العراقية) – بغداد

شوێنی دەرچوون: هەولێر

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–تەنیا ٦٣ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لەکانوونی دووەمی ١٩٧٦ دا دەرچووە.

–ژمـارە ٦٣ی سـاڵی پازدەهـەم لـە ١٩٩٠ دا بلاوکراوەتەوە

عێراق

رۆژنامە

١٩٧٦

پاشکۆی رۆژنامەی عێراق بەزمانی کوردی دەردەچێت

سەرۆکی دەستەی ئیمتیاز: هاشم حەسەن عەقراوی

ئەندامانی دەستەی ئیمتیاز:

ساڵح حەیدەری– سەرنووسەر

فائیق جەمیل

مەجید رەشید جەباری

عەبدولئیلاە موسا

محەمەد ئەمین محەمەد

چۆنیەتی دەرچوون: هەفتانە

پێوانە: (٢٩ ×٤٢) سم و(٨–١٦) لاپەڕە.

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٩٧٦/١١/٩ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لە ١٩٧٦/١١/٢٣ دا بلاوکراوەتەوە

جارێکی دیکە:

–ژمارە ١ی لە ١٩٧٧/٣/٢١ دادەرچووە.

–ژمارە ٥٣ی لە ()دا بلاوکراوەتەوە.

خەبات

گۆڤار

١٩٧٦

خەبات بونا یەکبوون و رێیا ئازادی

هەوالنامەی کێبڕکێ

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان / تورکیا
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانەی نارێك و پێك
پێوانە: ١٦–٥٠ لاپەڕە
زمان: تورکی و کوردی (کرمانجی سەروو)
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەمارتی ١٩٧٦ دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە نیسانی ١٩٧٦ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٠ی لە تەممووزی ١٩٧٧ دا بلاوکراوەتەوە

رێڕەو... المسيرة

بلاوکراوە
١٩٧٦

بلاوکراوەیەکی رۆشنبیری، پەروەردەیی، ئەدەبی گشتیە، نەقابەی مامۆستایانی ئۆتۆنۆمی لقی سلێمانی دەری دەکات
ئامادەو سەرپەرشتی: محەمەد سالح سەعید محەمەد
پێوانە: (٢١,٥ ×٣٣,٥) سم و ٣٨ لاپەڕەیە
چاپخانە: رۆنیۆ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٧٦ دا

رێبازی نوێ

١٩٧٦

ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
چاپخانە: مطبعة اهلية في بيروت
پێوانە: نیو فولسکاب
شوێنی دەرچوون: سوریا، بیروت، شاخ
زمان: کوردی (کورمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان لە قۆناغی یەکەم:
–ژمارە ١ی لە کانوونی دووەمی سالی ١٩٧٦
–ژمارە ٢٥ی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٦ دا بە ٢٠٠٠ دانە لەسوریا دەرچووە
قۆناغی دووەمی:
١٩٧٧–١٩٧٨ دەرنەچووە، چونکە لەبڕی ئەوە هەوالنامەی کوردستانی عێراق بلاوکراوەتەوە
–١ ژمارە لەتەممووزی ١٩٧٩ دا وەکو خولی دووەم دەرچووە
تا سالی ١٩٩٠ هەریەك لە مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و ئەرسەلان بایز و فەرید ئەسەسەرد و یوسف شەریف سەرپەرشتیان کردووە.
رێبازی نوێ لەدوای راپەڕین وەکو رۆژنامەو دواتر وەکو گۆڤار لە هەولێر و سلێمانی بلاوکراوەتەوە.بۆ پتر زانیاری لەبارەیەوە بنۆڕە کتێبی مادینا.

عێراق

پاشکۆی رۆژنامەی (العراق)ە بەزمانی کوردی دەردەچێت
سەرۆکی دەستەی ئیمتیاز: هاشم حەسەن ئاکرەیی
دەستەی ئیمتیاز: سالح حەیدەری، فائق جەمیل ، مەجید رەشید جەباری، عەبدوللا موسێ محەمەد ئەمین ئەحمەد
سەرنووسەر: سالح حەیدەری
چۆنیەتی دەرچوون: هەفتانە
پێوانە: (٣٩ ×٤٩) سم و ١٦ لاپەڕەیە
چاپخانە: (العراق) بغداد
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە دووشەممەی ١٩٧٧/٣/٢١ دا دەرچووە

مكتبة- زانكۆ
گۆڤار
١٩٧٧


گۆڤارێکی زانستی رۆشنبیری تایبەتە بەزانستی کتێبخانەکان
تصدرها الامانة العامة للمكتبة المركزية في جامعة السليمانية
پاشکۆی گۆڤار ئاسۆی زانکۆیە
سەرنووسەر: د.محەمەد فازیل محەمەد عەزیز
سکرتێر: حەمدی ئیبراهیم عەبدوللا
دەستەی نووسەران: کەریم عەبدوللا، محەمەد مەعروف فەتاح، کامەران موکری، فەخریە کەریم، فاروق عەبدولرەحمان ئەحمەد.
سەرنووسەر: د.هادی عەوز
سکرتێر: عەلی حسین ئەلجابری

هەوالنامەی کتێب

دەستەی نووسەران:
د.محەمەد فازل قەفتان، د. کوردستان موکریانی، د. عەبدولئەمیر مەهدی، سەباح میرزا ئەحمەد.
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی، ئینگلیزی
زاراوە: کرمانجی خواروو
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە نیسانی ١٩٧٧ دا دەرچووە
–ژمارە ٢ی لە تەممووزی ١٩٧٧ دا دەرچووە
–ژمارە ٣ی لە.

رەنجی کرێکار

١٩٧٧



بەرهەمێکی رۆشنبیریە مانگی جارێکی نەقابەی کرێکارانی سلێمانی دەری دەکات بلاوکراوەیەکی وەرزییە یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی دەری دەکات

سەرنووسەر: حسێن جەبار
سکرتێری نووسین: حەسەن عەوالانی
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە، وەرزی
پێوانە: (٢١ ×٣١,٨) سم و(٢٢ × ٢٨,٥) سم و (٢٦ ×٣١,٨) سم
ژمارەی لاپەڕە: ٥٠، ٩٦
چاپخانە: راپەڕین، زانکۆی سەلاحەدین
شوێنی دەرچوون: سلێمانی
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ئایاری ١٩٧٧ دا دەرچووە
–ژمارە ٨ی لە سالی ١٩٨٤ دا دەرچووە
–ژمارە ٩ی لە سالی هەشتەم لە ١٩٨٦ دا دەرچووە.

ئاسۆی زانکۆیی / افاق جامعیة

گۆڤار
١٩٧٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتیە مەڵبەندی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی دەری دەکات
پێوانە: (٢٢ ×٢٨) سم و (٢٣ × ٣٠) سم
ژمارەی لاپەڕەکان: ٦٦، ٩٢، ٩٤، ٢٣٤
چاپخانە: الادیب البغدادیة
شوێنی دەرچوون: سلێمانی ، هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارەی ١ی سالی یەکەم لە ئایاری ١٩٧٧ دا دەرچووە
–ژمارە ٢٩ی لەسالی ١٩٨١ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٣٢٢ی لە سالی ١٩٨٢ دا بلاوکراوەتەوە
–لە ژمارە ٣٠ بەدواوە لەزانکۆی سەلاحەدین لەهەولێر بلاوکراوەتەوە

رۆژا نوو Roja Nu

رۆژنامە
١٩٧٨

رۆژنامەیەکی گشتیە
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانەی نارێك
ژمارەی لاپەڕە: شەش لاپەڕەی وێنەدار
شوێنی دەرچوون: ستۆکهۆڵم
زمان: کوردی (کرمانجی سەروو) ، تورکی
زاراوە: کرمانجی سەروو
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە١٩٧٨/٢ دا دەرچووە
–ژمارە ٤٣ی لە کۆتایی ١٩٨٢ دا دەرچووە

بەلاغی عەسکەری

١٩٧٧

یەکەمین ژمارەی لەتەممووزی ١٩٧٧دا لەکانی کنێری ناوزەنگ، لەلایەن شەهید عەلی عەسکری نووسراوەو

هەواڵنامەی کتێب

حەمەسەعید چاپی کردووە، بە ٢ لاپـەڕەی فولسکاب بووە.
تیراژ: ٦٠٠دانەبووە
چالاکی پێشمەرگەی بلاوکردۆتـەوە، لـەکۆتایی سـاڵی ١٩٨٠ەوە دەرنەچووە.
سەرچاوە:ئازاد خانەقینی، سەرچاوەی پێشوو ل٩٦

زاگرۆس

گۆڤار
١٩٧٨
گۆڤارێکی رامیاری و وێـژەیی و هونەریـە لەلایـەن لقـی ئـەمریکا و کەنـەدای پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەرئەچێت
سەرنووسەر: محێدین رەحیم
شوێنی دەرچوون: ئەمریکا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی
رێنوس: عەرەبی
ژمارەکان: تەنیا ٩ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١ی لە تەمموزی ١٩٧٨ دا درچووە

کوردستان

بلاوکراوە
١٩٧٨
بلاوکراوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانەی ناڕێك
شوێنی دەرچوون: پاریس ، ستۆکهۆڵم
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنوس: عەرەبی
ژمارەکان:
– ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٧٨ دا دەرچووە.
– ژمارە ٨٠ی لە ساڵی ١٩٨١ دا بلاوکراوەتەوە
– ژمارە ١٤٣ی لە ساڵی ١٩٨٨ دا بلاوکراوەتەوە

خەبات ژ بۆ رزگاریا کوردستان

گۆڤار
١٩٧٨
گۆڤارا ناڤەندیا نەتەوەییێن کوردستانێ– کوك
خاوەنی: پارتی دیموکراتی کوردستان / تورکیا
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانـە: (٢٢,٥ ×٣٣,٢) سـم (٢٦,٥ × ٣٢,٧) سـم ،(١٢,٥ ×١٨,٣) سم
ژمارەی لاپەڕە: (٢١ – ٧٥) لاپەڕە
شوێنی دەرچوون:
زمان: کوردی (کرمانجی سەروو)
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تەباخی ١٩٧٨ دا دەرچووە
–ژمارە ١٠–١١ی لە ئاداری ١٩٨٦ دا بلاوکراوەتەوە

پاڵە ... Pale

بلاوکراوە
١٩٧٨
بلاوکـراوەی رێکخـستنا شۆڕشـڤان و وەلاتپـارێزێن کوردستان KAK
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی ناڕێك
شوێنی دەرچوون: ئۆپسالا (سوید)
زمان: کوردی (کرمانجی سەروو) ، تورکی
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٧٨/١١ دا دەرچووە

هەواڵنامەی کوردستانی عێراق

١٩٧٨
هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان
سەرپەرشتی: نەوشێروان مستەفا
چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو
چاپخانە: شەهید ئیبراهیم عەزۆ
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩٧٨/٧ دا دەرچووە
–ژمارە ٣ی لە ١٩٧٨/٨ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمـارە ١٢ی لـە کـانوونی یەکـەمی ١٩٨٠ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٣ی لەساڵی ١٩٨٢ دا بلاوکراوەتەوە

هەواڵنامەی کتێب

-تا سەرەتای ئەو ساڵە بەردەوام بووە

ئاڵا

گۆڤار

١٩٧٨

گۆڤاری لقی ئەمریکای ی.ن.ك

شوێنی دەرچوون: ئەمریکا

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی، ئینگلیزی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

-ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٧٨ دا دەرچووە


-ژمارە ١٢ی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ دا بلاوکراوەتەوە

-تەنیا ١٢ ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە

پاشکۆی گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵ

گۆڤار

١٩٧٨



گۆڤارێکی کشتوکاڵیە، هەر سێ مانگ جارێك دەرئەچێ، لەلایەن ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵیەوە لە قوتری عێراق

سەرنووسەر: د.ع ەبدلوەهاب مەتەر ئەلداهری، عامر مەهدی سالح

جێگری سەرنووسەر: د.سامال مەجید فەرەج

دەستەی نووسەران: د.ئیسماعیل ئیبراهیم، د.نوری عەبدولقادر، د.عەدنان مەردان، رافع سحاب ئەحمەد، د. فاروق یەعقوب ، شاکر سابیر

چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی

پێوانە: (٢٠ × ٢٧) سم و (٥٤-٧٠) لاپەڕە

چاپخانە: المؤسسة العراقية

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی

ژمارەکان:

-ژمارە ١ی ساڵی ١ لە کانوونی دووەمی ١٩٧٨ دا دەرچووە

-ژمارە ١٣ی لە ساڵی ١٩٨١ دا بلاوکراوەتەوە

گڕوگاڵ

گۆڤار

سەرپەرشتی: موحسین شاسواری

شوێنی دەرچوون: کرماشان

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ژمارەکان:

-تەنیا ٢ ژمارەی لێ دەرچووە

تروسکە

١٣٥٧ی هەتاوی

ئۆرگانی کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

زمان: کوردی ، فارسی

ژمارەکان:

-ژمارە ١ی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا دەرچووە

گەلاوێژ Galawej

گۆڤار

١٩٧٩

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی یە

پێوانە: (٢٠ ×٣٢) سم (فولسکاب)

ژمارەی لاپەڕە: (٢٤-٤٤) لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: شام

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

-ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٧٩ دا دەرچووە

-ژمارە (٢٧-٢٨)ی لە ساڵی ١٩٩٦ دا بلاوکراوەتەوە

هەواڵنامە و گێڕانەوە

تیریژ Tirej

گۆڤار

١٩٧٩

گۆڤارا چاندی و پیشەیی

خاوەنی: ئەنوەر ئۆزون (ژ ١–٣)

بەرپرس: ئەحمەد بوزگول

پێوانە: (١٥,٣ ×٢٣) سم (ژ ١–٣)، (١٤,٨ × ٢١) سم ژمارە ٤

ژمارەی لاپەڕە: ٦٤، ٨٠ ، ٨١ ، ١١٢

شوێنی دەرچوون: ئەزمیر (تورکیا)، ستۆکهۆلم (سوید)

زمان: کوردی (کرمانجی باکوور، دملی)

رێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

دەنگیّ کاوە

گۆڤار

١٩٧٩

گۆڤارەکە پازدە رۆژێی یا سیاسی و کولتووریەیە

خاوەنی: رەخۆی ئۆزگوزور

بەرپرسیار: عەباس سوبحی

پێوانە: (٢٩ ×٤٢,٢) سم و ١٦ لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: ئەنقەرە

زمان: تورکی ، کوردی (کرمانجی سەروو)

رێنووس: لاتینی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە شوباتی ١٩٧٩ دەرچووە

–تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووە لەگەڵ ژمارەیەکی تایبەتی لەسەر ژیانی فرات ئۆزون بە ٨ لاپەڕەبووە

ئەستێرە

رۆژنامە

١٩٧٩

خاوەن و سەرنووسەر: ئەحمەد مفتی زادە

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

شوێنی دەرچوون: سنە

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ٥ی لە شەممەی ١٩٧٩/٢/٣ دا دەرچووە

–ژمارە ٧ی لە شەممەی ١٣٥٨/٣/١١ی هەتاوی بلاوکراوەتەوە.

کۆمەڵە

گۆڤار

١٩٧٨

ئۆرگانی ناوەندی کۆمەڵەی مارکس–لینینی کوردستان

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە پاییزی ١٩٧٨دا بە ٣٠ لاپەڕەی پێوانە (١٦ × ١٠,٥) سم دەرچووە

–ژمارە ٢ی لە زستانی ١٩٧٩دا بە ٣٤لاپەڕە و (١٦ × ١٠,٥) سم بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٣٠ی لە زستانی ١٩٧٩دابە ٥٤ لاپەڕەو (١٦ × ١٠,٥)سم بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ١ی خولی دووەم، لەکانوونی دووەمی ١٩٨٢دا و بە ٥٦ لاپەڕە دەرچووە

–ژمارە ٢ی خولی ٢ ل شوباتی ١٩٨٢دا و بە ٦٢ لاپەڕەی پێوانە (٢١ × ١٦,٥)سم بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٣ی خولی دووەم، لە مارتی ١٩٨٢دا بە ٥٨ لاپەڕەو (٢١ × ١٦,٥)سم بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٤ی خولی دووەم، لەنیسانی ١٩٨٢دا بە ٥٨ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٥ی خولی دووەم، لەئایاری ١٩٨٢دا دیسان بە ٥٨ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ٦ی خولی دووەم، لەحوزەیرانی ١٩٨٢دا بە ٦٢ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە

نووسەری کورد

گۆڤار

خوولی دووەم ١٩٧٩

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد

سەرۆکی نووسین: د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ

سکرتێری نووسین: محەمەدی مەلا کەریم (ژ ١–٢)، مومتاز حەیدەری (ژ ٣–١٢)

هەوالنامەی کێژ

چاپخانە: شەفیق ، علاء ، حوادث
شوێنی دەرچوون: بەغدا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ئایاری ١٩٧٩ دا دەرچووە
–ژمارە ٨ی لە حوزەیرانی ١٩٨٢ دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٢ی لە ئابی ١٩٨٣ دا بلاوکراوەتەوە

ژینا نوو Jina nu

گۆڤار
١٩٧٩

گۆڤارێکی سیاسی یە
خاوەنی: محەمەد ئەجەل
چونیەتی دەرچوون: وەرزی، سالانە
شوێنی دەرچوون: ئەورووپا
ژمارەی لاپەڕە: ١٦٤
زمان: کوردی (کرمانجی سەروو)، تورکی
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە مایسی ١٩٧٩ دا دەرچووە
–ژمارە ٦ی لە مایسی ١٩٨٤ دا بلاوکراوەتەوە

پێشەوا

رۆژنامە
١٩٧٩

ئۆرگانی تەشکیلاتی مەهابادی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە نارێك و پێك.
پێوانە: (٢١ ×٣٣) سم و (١٦ – ٢٥) لاپەڕە.
چاپخانە: کۆمیتەی شارستانی مەهاباد.
شوێنی دەرچوون: مەهاباد (ژ ١) گوندی دەرمان، (محالی ئافتاچی)، کونەدێ(دۆڵی لووسێ)، سونجاق (محالی مەهاباد)
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەناوەڕاستی ١٩٧٩ (١٣٥٨)دا دەرچووە
–ژمارە ٣ی لە خەزەلوەری ١٩٧٩ (١٣٥٨) دا بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٢٤ی لە بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٩٨٢ (١٣٦٢) دا بلاوکراوەتەوە
–تەنیا ئەو ٢٤ ژمارەیەی لێ دەرچووە

دەنگی پێشمەرگە

گۆڤار
١٩٧٩

گۆڤاری هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆشیالیستی کوردستان / عێراق
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەناوەڕاستی ١٩٧٩ دا دەرچووە
–ژمارە ٢٨ی لە شوباتی ١٩٨٣ دا بلاوکراوەتەوە

چریکەی کوردستان

گۆڤار
١٩٧٩

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی یە
خاوەنی: ئیبراهیم ئەحمەد
چۆنیەتی دەرچوون: وەرزی نارێك
شوێنی دەرچوون: ئەورووپای رۆژئاوا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تەممووز – ئاب ١٩٧٩ دا دەرچووە
–ژمارە ٨ – ٩ی لە ئەیلوولی ١٩٨٥ دا بلاوکراوەتەوە
–چوار ژمارەی لەنێوان سالانی ١٩٨١–١٩٨٦ بە زمانی عەرەبی وەکو پاشکۆ دەرچووە.

دەنگی ژنانی کوردستان

گۆڤار
١٩٧٩

خاوەنی: تەشکیلاتی ژنانی حزبی دیموکراتی کوردستان (لقی مەهاباد)
شوێنی دەرچوون: مەهاباد
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی

هەوالنامەی کتێب

ژمارەکان:
–ژمارە ٢ی رێبەندانی ١٣٥٨ (فیوریەی ١٩٧٩)

هاواری نیشتمان

گۆڤار
١٩٧٩
ئۆرگانی رێکخراوی لاوانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١
–ژمارە ٣ی لە رەشەمەی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دا بلاوکراوەتەوە

دەنگی کوردستان

گۆڤار
١٩٧٩
خاوەنی: کۆمیتەی تارانی حزبی دیموکراتی کوردستان/ ئێران
شوێنی دەرچوون: تاران
زمان: کوردی
زاراوە: کرمانجی خواروو
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان: زیاد لە (٥)ژمارە
–ژمارە ١ی لە بەهاری ١٣٥٨ / ١٩٧٩ دا دەرچووە

شەهید

گۆڤار
١٩٧٩
ئۆرگانی کۆمیتەی بانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
شوێنی دەرچوون: بانە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە سالّی ١٩٧٩/١٣٥٨ دا دەرچووە
–ژمارە ٩ی لە بەفرانباری ١٩٨١/١٣٦٠ دا بلاوکراوەتەوە

زانیاری پێشمەرگە

ئۆرگانی کۆمیتەی شارستانی سنەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٣٥٨ / ١٩٧٩ دا دەرچووە
–ژمارە ٤ی لە ١٣٥٩/ ١٩٨٠ دا بلاوکراوەتەوە

رۆژا گەل Roja Gel

رۆژنامە
١٩٨٠
پارتی سۆشیالیستی کوردستانی تورکیا
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانە: (٢١ × ٣٣) سم و ٨ لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: کوردستانی ئێران
زمان: کوردی (کرمانجی باکوور)، تورکی
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە چریا پێشین ١٩٨٠ دا دەرچووە
–ژمارە ٦ی لە گولاّنی ١٩٨١ دا بلاوکراوەتەوە

هاوار Hawar

رۆژنامە
١٩٨٠
ژ بۆ سەرخۆ بوون و ئازادیا کوردستان
پێوانە: (٢٩,٧ ×٤٢) سم
شوێنی دەرچوون: دیار بەکر
زمان: کوردی (کرمانجی باکوور)
رێنووس: لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٩ی تەباخی ١٩٨٠ (چاپی ئەڵمانیا ٥ی نیسانی ١٩٨١)
–ژمارە ٢ی لە ٢٦ی تەباخی ١٩٨٠ (چاپی ئەڵمانیا ٢٤ی نیسانی ١٩٨١)
–ژمارە ٢٣ی لە ٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ (چاپی ئەڵمانیا ٥ی گولاّنی ١٩٨١)

هەواڵنامەی کتێب

کاروانی ئافرەت

بلاوکراوە

١٩٨٠

خاوەنی: یەکێتی ئافرەتانی عێراق/ لقی سلێمانی

چۆنیەتی دەرچوون: مانگی دووجار

پێوانە: (٢١ ×٣٢) سم و ٨ لاپەڕەیە

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٩٨٠/٨/١٥ دا دەرچووە

–ژمارە ٥ی لە ١٩٨٠/١٠/١٥ دا بلاوکراوەتەوە

شنرۆ- ئاسۆگە

١٩٨٠

سەرنووسەر: ئەنوەر محەمەد رەشید

سکرتێری نووسین: بەیاد عەبدوللا

بەڕێوەبەری نووسین: جەباری حاجی کەریم

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

شوێنی دەرچوون: سلێمانی

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ناوەڕاستی ١٩٨٠ دا دەرچووە

–ژمارە ٥ی لە ١٩٨٠ دا بلاوکراوەتەوە

– ئەو (٥) ژمارەیە بە ناوی (شنرۆ) بلاوکراوەتەوە.

–ژمارە ٦ی لە (؟)دا بلاوکراوەتەوە.

نەورۆز

گۆڤار

١٩٨٠

گۆڤارێکی منداڵانەیە

خاوەنی: هەڵگورد عەبدولوەهاب

پێوانە: (٢١,٥ ×٣٤) سم

شوێنی دەرچوون: رواندز

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان: ٢ ژمارە

–ژمارەی ١ی لە ئاداری ١٩٨٠ دا دەرچووە

دەنگوباسی کوردستان

١٩٨٠

خاوەنی: بەشی راگەیاندنی پ.د.ک

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٩٨٠/٣/٨ دا دەرچووە

–ژمارە ١٩٣ ی لەت ١/ ١٩٨٢ دا بلاوکراوەتەوە

ڕێبازی پێشمەرگە

١٩٨٠

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٩٨٠/٢/٨ دا دەرچووە

گەلاوێژ

١٩٨٠

ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

شوێنی دەرچوون: مەهاباد

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٣٥٩/ ١٩٨٠ دا دەرچووە

بزوتنەوە

١٩٨٠

ئۆرگانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان

پێوانە: ½ فولسکاب

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

ڕێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لەکانوونی دووەمی ٢٨/١٩٨٠ لاپەڕە

–ژمارە ٢ی لە ١٩٨٠

–ژمارە ٣ی لە زستانی ٣٤/١٩٨٠ لاپەڕە

–ژمارە ٤

–ژمارە ١ی خوولی دووەم

–ژمارە ٢ی خولی دووەمی جۆزەردانی ١٩٨٠ بە ٥٨ لاپەڕە

هەوالنامەی کێبڕکێ

دەنگی لاوان

١٩٨٠

ئۆرگانی یەکێتی لاوانی حزبی دیموکراتی کوردستان

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

شوێنی دەرچوون: مەهاباد

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لەکۆتایی ١٣٥٩/١٩٨٠ دا دەرچووە

ئابووری زان

گۆڤار

١٩٨٠

بلاوکراوەی کۆمەڵی ئابووری زانەکانی عێراق/ لقی هەولێرە

سەرنووسەر: حەسەن ئەلنەجەفی

سەرپەرشتیاری لقی کوردی: عەبدولوەهاب تالەبانی، فەیسەڵ دەباغ

چۆنیەتی دەرچوون: سێ مانگ جارێك

پێوانە: (×)سم و٥٢ لاپەڕە

چاپخانە: علاء، حوادث

شوێنی دەرچوون: هەولێر

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٨٠ دا دەرچووە

–ژمارە ٣ی لە ١٩٨٢ دا بلاوکراوەتەوە

پەیڤ

کۆمەڵە بەرهەم

١٩٨٠

ب هاریکاریا ئێکەتیا نڤیسەڤانێت کورد تایێ دەوکێ هاتە چاپکرن

سەرپەرشتیاری چاپ: ئەحمەد عەبدوللاّ زەرۆ

چاپخانە: حوادث

شوێنی دەرچوون: بەغدا

زمان: کوردی (کرمانجی سەروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٠ دا دەرچووە

هرور

١٩٨١

سریا یەك کەرتی بەهدینایێ حزبا شیوعی عێراقێ

شوێنی دەرچوون: شاخ (دهۆك)

زمان: کوردی (کرمانجی باکوور) ، عەرەبی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

– ژمارە ١ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨١ دا دەرچووە

– ژمارە ؟ی لە هاوینی ١٩٨٣ دا بلاوکراوەتەوە

نەکەرۆز

گۆڤار

١٩٨١

ئۆرگانی کۆمیتەی سەقزی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

شوێنی دەرچوون: سەقز

ژمارەکان:

–ژمارە ؟ی لە ساڵێ ١٣٦٠/١٩٨١ دا دەرچووە

–ژمارە ؟ی لەساڵی ١٣٦٢/١٩٨٣ دا بلاوکراوەتەوە

کێڵەشین

گۆڤار

١٩٨١

ئۆرگانی کۆمیتەی شارستانی شنۆی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

ژمارەکان:

ژمارە ١ی لە زستانی ١٣٦٠/١٩٨١ دا بلاوکراوەتەوە

یەکێتی

گۆڤار

١٩٨١

ئۆرگانی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

هەوالنامەی کتێب

شوێنی دەرچوون: نەغەدە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە کۆتایی ١٣٦٠/١٩٨١ دا دەرچووە

ڕوانگەی لاوان

گۆڤار
١٩٨١
ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران/ بانە
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەساڵی ١٩٨١ دا دەرچووە

لاوان

گۆڤار
١٩٨١
ئۆرگانی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
چۆنیەتی دەرچوون: دوومانگ جارێك
شوێنی دەرچوون: دۆڵی خەراوی (پیرانشار، سەردەشت)
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە گەلاوێژانی ١٣٦٠ دا دەرچووە
–ژمارە ٥٦ی لە ڕەشەمەی ١٩٩٣/١٣٧٢ دا بلاوکراوەتەوە

گرشەی کوردستان

گۆڤار
١٩٨١
گۆڤارێکی مانگانەی سیاسی، کۆمەلایەتی، علمی، ئەدەبی، هونەرییە بەزمانی شیرینی کوردی بلاودەبێتەوەو سەر بەهیچ حیزب و کۆڕ و تاقمێکەوە نییە.



خاوەنی ئیمتیاز و بەڕێوەبەری بەرپرسیار: محەمەد سالح ئیبراهیمی
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
پێوانە: (٢٥ × ٢٧) سم ، (٢٣ × ٢٧) سم
ژمارەی لاپەڕە: ٣٢ ، ٤٦ ، ٥٠ ، ٣٥ ، ٤٦
شوێنی دەرچوون: تاران
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی ساڵی یەکەمی مارسی ١٩٨١ بەرانبەر ڕەشەمەی ١٣٥٩ی هەتاوی دا دەرچووە
–ژمارە (٢ ، ٣) ی ساڵی دووەمی لە خاکەلێوەی ٢٥٩٣ی کوردی بەرانبەر ١٩٨١ بلاوکراوەتەوە
–ژمارە (٤ ، ٥)ی ساڵی دووەمی (١٩٨١)ی لە جۆزەردان و پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٩ی لە بەفرانبار و ڕێبەندان و ڕەشەمەی ١٣٦٠/١٩٨١دا بلاوکراوەتەوە
تێبینی/ تەنیا ئەو نۆ ژمارەیە و چەند پاشکۆیەکی لێ دەرچووە.

نووسەری کوردستان

گۆڤار
١٩٨١
گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان
پێوانە: (٦,٥ ×٢١) سم، (١٤,٥ × ٢٠,٥) سم ، (١٦,٥ × ٢٤)سم، (١٨ ×٢٥,٥) سم
ژمارەی لاپەڕە: (٨٢–٢٢٦) لاپەڕە.

هەوالنامەی کتێب

شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ئابی ١٩٨١ دا
–ژمارە ١٨ی لە زستانی ١٩٩١ دا بلاوکراوەتەوە

رێبازی خوێندکاران

شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەکۆتایی ١٩٨١دا دەرچووە

پێڕوو

گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان – لێژنەی ئامادەکردن
پێوانە: (١٦,٥ ×٢١) سم و ٧٢ لاپەڕەیە
چاپخانە: لە چاپخانەی ی.ن.ك
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ئاداری ١٩٨١ دا دەرچووە

گەل

رۆژنامە
١٩٨١
ئۆرگانی ناوەندی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان
شوێنی دەرچوون: سوریا/ کوردستان
زمان: کوردی / عەرەبی
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لەکانونی یەکەمی ١٩٨١ دا دەرچووە
–ژمارە ٤٩ی ساڵی دەیەمی لەتەموزی ١٩٩٢ دا بلاوکراوەتەوە

پێشەنگ

گۆڤار
١٩٨٢
گۆڤارێکی رامیاری و رۆشنبیرییە، راگەیاندنی ناوەندی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات
پێوانە: (٢١,٥ × ٣٠) سم و ٤٠ لاپەڕەیە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو ، کرمانجی سەروو)
رێنووس: عەرەبی، لاتینی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی ساڵی ١ لە ئەیلوولی ٢٦٨٢/١٩٨٢ك دا دەرچووە
–ژمارە ٢١ی لە ساڵی ٩ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ دا بلاوکراوەتەوە

کاروان

گۆڤار
١٩٨٢
گۆڤارێکی رۆشنبیریی مانگانەیە ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان بەزمانی کوردی و عەرەبی دەری دەکات
سەرنووسەر: محەمەد ئەمین محەمەد، دواتر لە ژمارە (٨٠)یەوە حیکمەت حاجی سەلیم
جێگری سەرنووسەر: حوسێن عارف، حوسێن رەشوانی
سکرتێری نووسین: سەردار حەمید میران
پێوانە: (٢٢ × ٢٨,٥) سم ، (٩٦ ، ١٠٨ ، ١١٢ ، ١٤٤ ، ٨٩ ، ٩٢ ، ١٦٠)
چاپخانە: افاق عربیة، دارالحریة، الادیب، رۆشنبیری و لاوان (هەولێر لە ژمارە ٧٧–ەوە)
شوێنی دەرچوون: هەولێر
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) ، عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەم لە ١٩٨٢ دا دەرچووە
–ژمارە ٩٣ی ساڵی دەیەم لە ئاداری ١٩٩٢ دا بلاوکراوەتەوە
هەندێ جار پاشکۆی لەگەڵدا بووە

هەواڵنامەی کێبڕکێ

خەباتی ماموستا

گۆڤار

١٩٨٢

گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

پێوانە: نیو فولسکاب، (١٦,٥ × ٢١) سم ، (١٠٠,٥ × ٢١) ســـم، ژ ١ی ٣٢ لاپەڕەیـــە، ژمـــارە ٢ی ٢٤ لاپەڕەیەیە،ژمـارە (٣)ی ٣٢ لاپەڕەیـە،ژمـارە ٤ی ٥٨ لاپەڕەیـە، ژمـارە (٥–٦)ی ٥٨ لاپەڕەیـە، ژمـارە (٩–١٠) ٦٨ لاپەڕەیە

چاپخانە: شەهید جەعفەر، شەهید ئیبراهیم عەزۆ

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی خولی یەکەم لە ١٩٨٢ دا دەرچووە

–ژمـــارە ٩ ،١٠ی لـــە کـــانوونی یەکـــەمی ١٩٨٧دا بلاوکراوەتەوە.

را پەڕین

گۆڤار

١٩٨٢

گۆڤارێکی گشتی یـە کۆمیتـەی سـەرکردایەتی هـەولێر دەری دەکات

خـاوەنی: کۆمیتـەی سـەرکردایەتی مەڵبەنـدی سـێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

چاپخانە: شەهید ئیبراهیم عەزۆ

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٨٢ دا لە شێوەی (گۆڤـار) دا دەرچووە

–ژمـارە ٣ی خـولی دووەم لـەحوزەیرانی ١٩٨٣دا لـە شێوەی (گۆڤار)دا بلاوکراوەتەوە

–ژمارە ١ی خولی سێیەم لە ئابی ١٩٩١ دا لە شـێوەی (رۆژنامە) دا بلاوکراوەتەوە

–ژمـــارە ٣ی خـــولی ســـێیەم لـــە ســـاڵی ١٩٩١ دا بلاوکراوەتەوە

کشتوکاڵ

گۆڤار

١٩٨٢

بلاوکراوەیەکی وەرزییە

ئەمیندارییـەتی کـشتوکاڵ و چـاککردنی کـشتوکاڵی ناوچەی کوردستان، دەری دەکات

سەرنووسەر: محەمەد سدیق مەحمود

سکرتێری نووسین: سەعید یەحیا خەتات

دەستەی نووسەران: ئەحمەد محەمەد سەعید، هـادی حەسەن مستەفا، عەلی خدر شێخە، حوسێن عارف.

ژمارەی لاپەڕە: ٥٤

چاپخانە: دارالعراق

شوێنی دەرچوون: هەولێر

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی خولی یەکەم لە ١٩٨٠ دا دەرچووە

–ژمارە١ی (خوولی دووەم) لە ١٩٨٢ بلاوکراوەتەوە

بەربانگ

گۆڤار

١٩٨٢

گۆڤاری فیدراسیۆنی کورد/ سوید، رۆشنبیری گشتی

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

ژمارەی لاپەڕە: ٣٠ – ٤٠ لاپەڕە وێنەدار

شوێنی دەرچوون: سوید

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو، کرمانجی سەروو)

رێنووس: عەرەبی، لاتینی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٨٢ دا دەرچووە

هەتا ئێستا بەردەوامە

دەنگی گەل ...صوت الشعب

گۆڤار

١٩٨٢

گۆڤـارێکی رامیـاری وێـژەیی یـە لەلایـەن پـارتی دیمـوکراتی گـەلی کوردسـتان لقـی ئـەمریکای ژوورو دەردەچێ

هەوالنامەی کێبڕکێ

خاوەنی: حزبی گەل
شوێنی دەرچوون: ئەمریکا
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)، عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی ساڵی یەکەم لە ئایاری ١٩٨٢ دا دەرچووە

هەواڵنامەی پلینگ

بلاوکراوە
١٩٨٢
کۆمیتەی شارستانی پیرانشاری حیزبی دیموکراتی کوردستان
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ١٣٦١ (١٩٨٢) دا دەرچووە
–ژمارە ٦ی لە ١٣٦٢ (١٩٨٣) دا بلاوکراوەتەوە

ژیانی ڕێکخراوەییمان

بلاوکراوە
١٩٨٢
لەلایەن ناوەندەوە دەرئەکرێ، بەتەنیا بۆ ڕێکخراوو کەرت و پۆڵەکان بە ئەندامەکانی ناو دەزگا گرنگەکانی شۆڕشە
پێوانە: (٢١,٥ × ١٦,٥)سم
ژمارەکان:
–ژمارە ٢ی لەسەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٨٢دا بە ٢٢ لاپەڕە دەرچووە
–ژمارە ٥ی لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢دا بە ١٦ لاپەڕە دەرچووە
–ژمارە ٦ی لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ بە ١٠ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٧ی لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ بە ٨ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٨ی لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢ دا بە ١١ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ٩ی لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٢دا بە ٦ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٢ی لەکۆتایی کانوونی دووەمی ١٩٨٣دا بە ١٢ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٣ی لەناوەڕاستی مارتی ١٩٨٣دا بە ٢٨ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٤ی لەسەرەتای نیسانی ١٩٨٣دا بە ١٢ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە
–ژمارە ١٥ی لەناوەڕاستی نیسانی ١٩٨٣دا بە ٢٠ لاپەڕە بلاوکراوەتەوە

٢٦ی سەرماوەز

گۆڤار
ئۆرگانی کۆمسیۆنی پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
دواتر: ئۆرگانی کۆمسیۆنی سیاسی نیزامی (ح.د.ك.م)
چۆنیەتی دەرچوون: ٣ مانگ جارێك
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە پایزی ١٣٦٦ی هەتاوی‌دا دەرچووە
–ژمارە ١٢ی لە زستانی ١٣٦٦ (١٩٨٧) دا بلاوکراوەتەوە

پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
ڕێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
–ژمارە ١ی لە ٣٠ ڕەزبەری ١٣٦٢ دا دەرچووە

پێشەنگ

گۆڤار
کانونی ئەدەبیات و هونەری کرێکاری

هەواڵنامەی پلینگ

نامیلکەی کۆمەڵ

ئۆرگانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی (ح.د.ك.م)

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ١٣٦٢ دەرچووە

–ژمارە ٢ی

ئارارات

کۆمیتەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شیمال کوردستان

زمان: کوردی (کرمانجی سەروو)

ژمارەکان:

٤ ژمارە

تەرەغە

رێکخراوی شارستانی بۆکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

شوێنی دەرچوون: بۆکان (شاخ)

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

کورد

گۆڤار

١٩٨٢

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتییە

خاوەنی: مەکتەبی سکرتارییەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە ئەمریکا و کەنەدا

شوێنی دەرچوون: ئەمریکا

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو) + ئینگلیزی

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان: (١) ژمارە

–ژمارە ١ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٢ دا دەرچووە

ئەدەبی بێگانان

١٩٨١

کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی یە، لە زمانی بێگانەوە کراوەتەوە کوردی

سەرپەرشتی: عەزیز گەردی

چۆنیەتی دەرچوون: ناوبەناو

پێوانە: (١٧ × ٢٣,٥) سم ، (١٦ × ٢٢)سم

ژمارەی لاپەڕە: ١٠٨

چاپخانە: الحوادث (بغداد)

شوێنی دەرچوون: هەولێر، زانکۆی موسڵ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٢ دا دەرچووە

–ژمارە ٢ی لە ساڵی ١٩٨٣ دا بلاوکراوەتەوە

تێکۆشانی قوتابیانی کوردستان

١٩٨٢

ئۆرگانی ناوەندی یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستانی عێراق

ژمارەی لاپەڕە: ٨ لاپەڕە

شوێنی دەرچوون: شاخ

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٢ دا دەرچووە

–ژمارە ٧ی لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٣ دا لە ١٠٨و قەوارەی کتێب لاپەڕە دەرچووە

–ژمارە ١٧ لە ساڵی نۆیەم، حوزەیران و تەممووزی ١٩٩٠ دا بلاوکراوەتەوە

جیهاد

رۆژنامە

١٩٨٢

دەنگی بزوتنەوەی ئیسلامی عێراق

چۆنیەتی دەرچوون: مانگانە

شوێنی دەرچوون: تاران / ئێران

زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)

رێنووس: عەرەبی

ژمارەکان:

–ژمارە ١ی لە ساڵی ١٩٨٢ دا دەرچووە

هەوالنامەی کتێب

-ژمارە ٤٥ی لە ١٩٨٨/٩/٢٧ دا بلاوکراوەتەوە
-ژمارە ١٩٨ ،١٩٩ ، ٢٠٠ ، ٢٠٢ ی لەساڵی ١٩٩٢ دا بلاوکراوەتەوە.

گزنگ

گۆڤار
١٩٨٣

خاوەنی: یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی کەرکووک
بەرپرس: حەمە کەریم عارف، محەمەد موکری، ئەحمەد عارف
پێوانە: (١٦,٥ × ٢١) سم
چاپخانە: لەچاپخانەکانی (ی.ن.ك) دا چاپکراوە (ئیبراهیم عەزۆ ، عەبدولخالیق مەعروف)
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ٢ی لە ئاداری ١٩٨٣ دا دەرچووە
-ژمارە ١٧ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٩١ دا بلاوکراوەتەوە

تێکۆشان

ئۆرگانی سازمانی خەبات
خاوەنی: رێکخراوی خەباتی نەتەوایەتی ئیسلامی کوردستان
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لەمانگی ١ی ١٣٦٣ دا دەرچووە

هەڵوێست

ژمارەی لاپەڕە: ٥ لاپەڕە
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-ژمارە ١ی لە تەممووزی ١٩٨٣ دا دەرچووە

دەنگی شۆڕشی عێراق

گۆڤار
١٩٨٢

دەزگای راگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، مانگانە بە پێوانەی نیو فولسکاپ و بە ٢١ لاپەڕە بە زمانی کوردی دەری دەکرد
شوێنی دەرچوون: بەرگەلو/ سلێمانی
چاپخانە: ئیبراهیم عەزۆ
ژمارەکان: -ژمارە ١ی لە ئەیلوولی ١٩٨٢دا دەرچووە

پێشمەرگە

١٩٨٣

پاشکۆی گۆڤاری (راپەڕین) بە دوو مانگ جارێك دەردەچێ
خاوەنی: مەڵبەندی (٣)ی هەولێری ی.ن.ك
چۆنیەتی دەرچوون: دوومانگ جارێك
ژمارەی لاپەڕە: ٤٠ لاپەڕە
چاپخانە: شەهید جەعفەر
شوێنی دەرچوون: شاخ
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان: ٦ ژمارە
-ژمارە ١ی لە کانونی دووەمی ١٩٨٣ دا دەرچووە
-ژمارە ٥ی لە تەممووزی ١٩٨٣ دا بلاوکراوەتەوە

خەباتی قوتابیان

گۆڤار
١٩٨٣

گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان
شوێنی دەرچوون: سوید
زمان: کوردی (کرمانجی خواروو)
رێنووس: عەرەبی
ژمارەکان:
-**ژمارە** (٠)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٣ دا دەرچووە.

هەوالنامەی کتێب

وێستگەی



رۆژنامەنووس

ڕەوش، سەلامەتی، ئەرك



شێرکۆ حەبیب

هەولێر

رۆژنامەنووس ئەو کەسەیە کە گشت کاتی خۆی بۆ کاروباری رۆژنامەگەریی، هەر لە نووسینی هەواڵ و راپۆرت و ریپورتاژو بلاوکردنەوەی لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن **(رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆن)** تەرخان دەکات.

رۆژنامەنووس بۆی هەیە ڕاو بۆچوونەکانی خۆی بە شێوەیەکی ئازاد دەربڕێ و بلاویان بکاتەوە، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆکاری سەقامگیری ئازادی رۆژنامەگەریی و زامن کردنی ژیانی دیمەکراسی ومافی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵدا.

لە برگەی١ی مادە٢ی ساڵی ١٩٧٨ی ڕاگەیاندراوی بنچینە سەرەکییەکان کە تایبەتە بە بەشداری کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاند لە پشتگیری کردن لە ئاشتی و لێك تێگەیشتنی دەولی و مافی مرۆڤ و لە ناوبردنی ڕەگەزپەرستی دا هاتووە: **(ڕاو بۆچوون و شێوازی دەربڕین و ئازادی ڕاگەیاندن، بەشێکە لە ماف و سەربەستی مرۆڤ، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پشتگیری کردن لە ئاشتی ولێك تێگەیشتنی نێودەوڵەتی).**

لە برگەی ٤ی هەمان مادە دا هاتووە **(بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بتوانن کارکانیان ئەنجام بدەن، بۆ چەسپاندنی ئامانجەکانی ئەم ڕاگەیاندراوە ، رۆژنامەنووسان و کارمەندانی تری ڕاگەیاندن کە چالاکییەکانیان لە ناو وڵاتی خۆیان یا دەرەوەی ئەنجام دەدەن، زامن کردنی پاراستنیان پێویستە بۆ ئەوەی بتوانن لە بارودۆخێکی شیاو و گونجاو ئیش و کاری پیشەیی خۆیان ئەنجام بدەن).**

کاری رۆژنامەگەریی لە وڵاتانی دیموکراسی بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران و تەنانەت هاووڵاتیانیش لەسەر ئەوە کۆکن کە ژیان و بواری دیموکراسی بەبێ ئازادی ڕاو بۆچوون و شێوازی دەربڕین و کاری رۆژنامەگەریی ناڕەخسێت.

هەروەك لە یاسای سەرەکی بەریتانی بۆ رۆژنامەنووسان (Essential Law for Journalists) (لایەڕە١ی بەشی یەکەم)دا هاتووە کە دەڵێ: **(ئەو بارودۆخەو ژیانە دیموکراسییەو تەنانەت ئەو پەرلەمانەش کە لەبەریتانیا لە ئارادایە نەدەڕەخسا ئەگەر ئازادی ڕا دەربڕین و کاری رۆژنامەگەریی ڕاو بۆچوون لەم وڵاتەدا ئازاد و سەربەخۆ نەبووایە).**

هەروەها هەمان یاسا تایبەتمەندییەکی دیکە بە رۆژنامەنووس دەدات وبە چاو و گوێی میللەت ناوزەدی دەکات، کە ئێش و ئازارەکانی میللەت دەبینێ و گوێ بیستیان دەبێت لە کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن بلاویان دەکاتەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەو ئازادیەش رۆژنامەنووس بۆی نییە هەندێك بابەت بلاو بکاتەوە ئەگەر زانیاری دروست و تەواویشی لەسەر ئەو بابەتانە هەبێت، رۆژنامەنووس بە هیچ شێوەیەك بۆی نییە نهێنییەکانی نەتەوەیی

ولأت بلأوبكاتەوە، یا سووك كردن بەئایین وهاندان بۆ كاری رەگەز پەرستی، یاخود سوكایەتی كردن وجنێودان بە هەر كەسێك.

هەروەها رۆژنامەنووس بۆی نییە سەربوردەی ژیانی تایبەتمەندی هیچ كەسێك بلأوبكاتەوە تەنها لە حالەتێكدا نەبێت ئەگەر هەر كەسێك بەمەبەستی سوود وەرگرتنی خۆی بۆ هەر مەبەستێك بێت بەنادروستی باسی خۆی بكات بۆ ئەوەی بگاتە ئەو مەرامەی مەبەستییەتی، لێرەدا رۆژنامەنووس بۆی هەیە بە بەلگە لەسەر ئەو كەسە ئەو زانیاریەی لایەتی بلأوی بكاتەوە، لەم حالەتەشدا ئەو لایەنەی بابەتی دژی بلأوكراوەتەوە دەتوانی هانا بۆ دادگا ببا، بڕیاری كۆتاییش بۆ دادگا دەبێت، ئایا رۆژنامەنووسەكە سزا دەدات یا نەدرێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین لە حالەتی شكات كردن لە رۆژنامەنووس پێویستە پۆلیس ئاگاداری رۆژنامەكە بكات و سەرنووسەرەكەش لێكۆڵنەوەی لەگەڵدا بكرێت، چونكە ئەویش بەهەمان شێوە وەك رۆژنامەنووسەكە بەرپرسە، چونكە بریاری بلأوكرنەوەی ئەو بابەتەی داوە، هەرەوها رۆژنامەنووسەكە بۆی هەیە داوای پاڕێزەر بكات بەر لەوەی دەزگای پۆلیس لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكات، پێویستە ئاگاداری سەندیكا یا یەكێتی یا كۆمەڵەی رۆژنامەنووسان بكرێت كە ئەو رۆژنامەنووسەی تیادا ئەندامە، رۆژنامەنووسەكە ئازاد دەكرێت تاكو رۆژی دادگای كردن كە دادوەر بریاری كۆتایی لێ دەدات، حالەت هەیە دادگا دژی رۆژنامەنووسەكە بریار دەدات و بە مەبلەغێك پارە سزا دەدرێت، لەو حالەتەدا رۆژنامەكەی بابەتەكەی بلأو كردۆتەوە ئەو سزایە دەدات.

لێرەدا چەند پرسیارێك دێنە پێش بۆچی سەرنووسەر لێكۆڵنەوەی لەگەڵ دەكرێت یا سزا دەدرێت؟

هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونكە سەرنووسەر لە هەر بابەتێك بلأودەكرێتەوە بەرپرسەو ئەو بۆی هەیە سانسۆر لەسەر هەر بابەتێك دابنێت و لە رۆژنامەكە بلأونەكرێتەوە.

رۆژنامەنووس لەسەر بابەتێك بلأوی كردبێتەوە بەبێ بریاری دادگاو لێكۆڵینەوە بەند ناكرێت، تەنانەت لە كاتی لێكۆڵینەوەش لە بنكەكانی پۆلیس نابێ بەند بكرێت، لە حالەتێكدا نەبێت كە ئەو رۆژنامەنووسە نهێنییەكانی ولأتی بۆ لایەنی سێیەم ئاشكرا كردبێت كە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت، ئەو كاتە لە لایەن دەزگاكانی تایبەت لێكۆڵینەوەی لەگەڵ دەكرێت ودەتوانن بۆ ماوەیەك بیهێڵنەوە لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكەن و دەبێ ئەو دەزگایەش بەر لە لێكۆڵنەوە ئاگاداری دەزگاكانی راگەیاندن یا ئەو شوێنەی كاری لێ دەكات بكات كە ئەو رۆژنامەنووسە دەسگیر كراوەو لێكۆڵینەوەی لەگەڵ دەكرێت وئەو تومەتەی لەسەری دەسگیر كراوە ئاشكرای بكەن، دواتر ئەنجامی ئەو لێكۆڵینەوە دەخرێتە بەردەم دادگا كە دیارە ئەویش لە بریاری خۆی ئازادە.

بەلأم دوای رووداوەكەكانی ١١ی سێپتەمبەر زۆر ولأت هەر وەك بەریتانیا ئەو دەسەلأتەی داوەتە پۆلیس كە هەر كەسێك گومانی لێ بكرێت لای خۆیان بیهێڵنەوە و دەسگیری بكەن بۆ ماوەیەك لێرەدا گرنگ نییە ئەو كەسە چ كارەیە بەلأم لەم حالەتەشدا دەبێ ئاشكرای بكەن كە ئەو كەسە بۆچی دەسگیر كراوە.

هەروەها پرسیار دەكرێت ئەگەر ئەو رۆژنامەنووسە بەناوی راستی خۆی ئەو بابەتەی بلأو نەكردبێتەوە؟

هیچ رۆژنامەیەك بابەت بۆ ئەو رۆژنامەنووسەی كار لەو رۆژنامەیەدا دا دەكات بلأو ناكاتەوە ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت بە تایبەتی ئەگەر بابەتەكە پەیوەندار بوو بەو بوارانەی كە رۆژنامەنووس بۆی نیە بلأوی بكاتەوە كە ئاماژەمان پێ كرد، بەلأم هەندی حالەت هەیە كە لە بەرژەوەندی گشتی یە كە زیان و هێرش كردنە سەر كەسێك نی یە رۆژنامەنووس دەتوانێ بەناوی خۆی بلأوی نەكاتەوە.

لەوانەیە پرسیار بكرێت ئەگەر ئەو رۆژنامەنووسە لە هیچ رۆژنامەیەك كار نەكات ئایا دەتوانێ بابەت بلأو بكاتەوە و ئەوەی مەبەستییەتی بیلێ؟

ئەو جۆرە رۆژنامەنووسانە كە كاری سەربەخۆ واتە لە هیچ رۆژنامەیەك كار ناكەن كە پیان دەگوترێت (Free lance)دەتوانن بابەت بۆ هەر رۆژنامەیەك بنێرن، بەلأم دەبێ ناوی تەواوی خۆیان و ناونیشانی دروستی لەگەڵ دابێت، بۆ ئەوەی بتوانن لەلایەن

سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە پەیوەندی پێوە بکەن، کە ئەویش مافی بریاری بلاوکردنەوەی بابەتەکە دەدات، لە کاتی تۆش هاتنی کێشە لەسەر ئەم بابەتە پێویستە سەنووسەر ناوی ئەو رۆژنامەنووسە بۆ لایەنی پەیوەندی دار ئاشکرا بکات، لەم حاڵەتەشدا وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد سەرنووسەرەکەش بەرپرس دەبێت.

ئەو رۆژنامەنووسەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە گۆڤارێك یا رۆژنامەیەك دامەزراوە تەنانەت ئەگەر کاتیش بێت بۆی نییە بابەتەکان و هەواڵەکان لە رۆژنامەیەکی دیکە بلاوبکاتەوە

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە رۆژنامەنووس نابێ لەو هێلە سوورانە لابدات یاخود لە یاسای رۆژنامەگەریی لابدات، یا بە پێچەوانەی پەیڕەوو پرۆگرامی سەندیکا یا خود کۆمەڵەی رۆژنامەنووسان بکات، لەو حاڵەتەدا ئەو نەقابە یا سەندیکایە بۆیان هەیە پشتگیری لێ نەکەن، دەبێ هەموو رۆژنامەنووسێك ئەندام بێت لە سەندیکا یا کۆمەڵەی رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی کاری رۆژنامەنووسی بکات، وئەگەر نەبێتەئەندام لەو شوێنانە لە فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنووسانیش ناتوانێت ببێتە ئەندام، و مافی ئەوەی نابێ لە هیچ خولێکی رۆژنامەگەریی بەشدار بێت، ئەو رۆژنامەنووسەی چ لە دەزگاکانی راگەیاندن کار بکات یا کاری سەربەخۆ (فری لانس) و بە گرێبەند کار بۆ چەند رۆژنامەیەك بکات، دەتوانێ بابەتەکانی لە یەك رۆژنامە زیاتر بلاوبکاتەوە، بەڵام ئەو رۆژنامەنووسەی بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە گۆڤارێك یا رۆژنامەیەك دامەزراوە تەنانەت ئەگەر کاتیش بێت بۆی نییە بابەتەکان و هەواڵەکان لە رۆژنامەیەکی تر بلاوبکاتەوە، بەڵام دوای بلاوبوونەوەی لەو شوێنەی کاری لێ دەکات ئەوا رۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکە ماڤی ئەوەیان هەیە بلاوی بکەنەوە بەمەرجێك ئاماژە بە ژمارەو ناوی ئەو گۆڤارە یا رۆژنامەیە بکەن کە بابەتەکەی بلاوکردۆتەوە لە خاوەنی نووسینەکە.

هەروەها ئەو مەرجانە لەسەر ئەو رۆژنامەنووسانەش جێبەجێ دەکرێت کە لە کەناڵەکانی دیکەی راگەیاندن کار دەکەن.

رەوشی رۆژنامەنووس

هەروەك ئاماژەمان بۆی کرد، رۆژنامەنووس رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی بەرچاو لە چەسپاندی دیموکراسی و ئازادی لە کۆمەڵدا دەبینێ، ئەرکێکی گرانی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی سەرکەوتوبێ لەکار و ئەرکەکانی، پێویستە رۆژنامەنووس پابەندی ئەم خاڵانە بێت کە لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٥٤ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان بڕیاری لەسەر داراوە، لە کۆنفرانسی ساڵی ١٩٨٦ دەسکاری کراوە و پەسند کراوەتەوە.

* یەکەم خاڵ کە رۆژنامەنووس پێویستە پابەندی بێت راست گۆییە، و هەروەها رێز گرتنی هەستی هاوڵاتیان.

* رۆژنامەنووس پێویستە هەردەم پشتگیری و بەرگری لە پرۆسەی ئازادی و رادەربڕین بکات، بەئەمانەتەوە هەواڵەکان بگەیێنی، بەشێوەیەکی دروست رەخنەو بۆچوونەکانی بڵێت.

* رۆژنامەنووس لە کاتی ئامادەکردنی هەواڵ و راپۆرت دەبێ بشت بە بەڵگەی دروست و تەواو ببەستێ وگومانی لەو هەواڵە یان بابەتە نەبێت، بەهیچ شێوەیەك خۆی پابەندی هەواڵ و بەڵگەنامەی دور لە راستیدا نەکات.

* پێویستە رۆژنامەنووس لە خۆ بردوو بێ و رەفتاری رێك و پێك و جوان بێ لە کاتی هەوڵ دانی بۆ زانینی هەواڵ یا وەدەست هێنانی وێنە و بەڵگەنامە.

* پێویستە رۆژنامەنووس بە شێوەیەکی ژیرانە و بەوپەڕی توانا چارەسەری گیروکرفتەکان بکات کە لە ئەنجامی بلاوبوونەوەی هەواڵێك کە دەبێتە هۆکاری کێشەو ناکۆکی.

* رۆژنامەنووس دەبێت پاراستن و نهێنی ئەو سەرچاوانە ببپارێزێت کە هەواڵ یا بەڵگەنامەی لێ دەست کەوتووە.

* رۆژنامەنووس دەبێ هوشیار بێت لەو کارانەی کە لەگەڵ پیشەکەی ناگونجێت، بەهیچ شێوەیەکیش نابێت پشتگیری لەو بابەتانە بکات بەڵکو دەبێ دژیان بێت لە بلاّو کردنەوەیان، کە هەندێك لایەن لە دەزگاکانی راگەیاندن بەکاری دێنن وەك هەرەشە کردن لە خەڵك، جنێودان بە خەڵك، هێرش کرنە سەر ناموس، وەرگرتنی بەرتیل(رەشوە)،تومەت خستنە پاڵ کەسانی تر، یاخود پشتگیری کردن لە کاری رەگەزپەرستی، یا بلاّوکردنەوەی بابەتێك کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی و ئاژاوە.

* ئەو خاڵانە پێویستە رۆژنامەنووس پابەندی بێت ونابێت دور لەو خاڵانە کاری رۆژنامەگەریی بکات. سەرەڕای ئەم خاڵانە دەبێ پابەندی یاسای ئەو ولاّتەش بێت کە کاری لێ دەکات.

سەلامەتی رۆژنامەنووس

کاری رۆژنامەگەریی هەروەك ئاماژەمان بۆی کرد کارێکی سەخت و ترسناکە، دەبێ رۆژنامەنووس رۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرقەراربوونی دیموکراسی و ئازادی راو بۆچوون هەبێ، گەیاندنی هەواڵەکان بە شێوەیەکی راست و دروست، زۆر جار کاری رۆژنامەگەریی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە رۆژنامەنووس گیانی خۆی لە دەست بدات و سالاّنە سەدان رۆژنامەنووس دەبنە قوربانی بەرەکانی شەڕ یا لە لایەن رژێمە دیکتاتورییەکان لە سێدارە دەدرێن، هەروەها سالاّنە سەدانی تریش دووچاری نەساغی دێن و دەبنە کەم ئەندام.

بۆ ئەوەی زیان کەمتر رووبدات و رۆژنامەنووس گیانی لە دەست نەدات بەتایبەتی لە بەرەکانی شەڕ، ئەنستیتۆی تایبەتیەکانی سەلامەتی چەندین رێنمایی و ئامۆژگاری دەخەنە بەر دەست رۆژنامەنووسان، لەوانە ئامۆژگارییەکانی ئەنستیتۆی نێودەوڵەتی سەلامەتی هەواڵ (International News Institute)و ئامۆژگاریەکانی پەیامنێرانی بێ سنوور (Reporters Without Borders)و ئەم ئامۆژگاریانەی کە باسیان لێ وەدەکەین پێویستە گشت ئەو کەسانەی خەریکی کاری میدیاکانن پەیرەوی بکەن بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە کارەکانیان لە شوێنی سەخت و مەترسیدار بێ:

ئامۆژگاریەکانی ئەنستیتۆی نێودەوڵەتی سەلامەتی هەواڵ

١- بەر لەوەی بچیتە ئەو شوێنەی پێت راسپێردراوە، پێویستە بە باشی لەو کارە ورد بوو بیتەوەو ئایا لەگەڵ بار و هەستی دەرونی تۆ دەگونجێت؟

٢- پێویستە داو و دەرمانی پێویست لەگەڵ خۆت هەڵبگری، لە گەڵ دەرزی پاك، دەبێ خۆت دژی چەند نەخۆشیەك کوتابێ.

٣- هەندێك شارەزای ئەو شوێنە بی و کەمێك زمانی خەڵکی ناوچەکە بزانی، بەتایبەی چەند وشەیەك لە ئاخاوتنیان، وشەی رۆژنامەنووس فێربە، لە کێشەکەیان کەمێ زانیاریت هەبێ.

٤- ئەو شوێنانەی شەڕ و هەرای زۆر تێدایە پێویستی بەوە دەکات کە رابکەی یا بە شەو بە رێگا دابڕۆی، بۆیە دەبێ بۆ ئەم مەبەستەش توانا و شارەزاییت هەبێ.

٥- لەو ناوچانەی تەنگ و چەڵەمەی لێ یە یا شەڕ و هەرا بەتەنها هاتوو چۆ مەکە، ئەگەر پێویستیت بە ماشێن هەبوو وریا بە لە هەڵبژاردنی شوفێرێك کە شارەزای هەبێ لە ناوچەکە، و باجی یا خود نیشانەی رۆژنامەگەریی لە ماشێنەکە بدە بۆ ئەوەی بزانن کە راگەیاندنە، ئەگەر ئەو کارەش دەبێتە هۆی نیگەرانی ئەو لە گەڵ ماشینی دیکەیە رێگەدا برۆ، پێویستە ئەو ماشێنەی بەکاری دێنی لە رێگا دووجاری گیروگرفتت نەکا و سوتەمەنی تەواوی هەبێت، لە وەرزی هاوین تایەکانی هەوایان زۆر نەبێت کە ببێتە هۆی ئەوەی بتەقنەوە ئەمەش تووشی کێشەت بکات.

٦- کە گەیشتیە ئەو شوێنەی مەبەستە، هاوکارانت ئاگادار بکە، تا دەتوانی لە پەیوەندی دابە لەگەڵیان وبەر لەوەی روو لەهەر شوێنێك بکەی ئاگاداریان بکەوە لە کاتی چوون و گەرانەوەت، نەخشەیەکی ناوچەکەت پێ بێت و بنکە سەربازیەکان نیشان بکە.

٧- چاوپێکەوتن لە گەڵ کەسانێکی نەناسراو با لە شوێنە گشتیەکان بێت، بە تەنها مەچووە شوێنەکانی

مەترسی لێ یە، و بەر لەوەی بچیت پلانێك بۆخۆت دارێژە كە چون دەچیت و چۆن دەگەڕێیتەوە.

٨- بە هیچ شێوەیەك چەك یا هەرشتێك گومانی لێ دەكرێت هەڵێ٘مەگرە، لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسانە سەفەر مەكە كە چەكدارن.

٩- كاتی وێنە گرتن ئاگادار و وریا بە كە وێنەی چی دەگری، لەگەڵ سەربازەكان رێكەوە ئەوساتە وێنەكە وەربگرە.

١٠- ناسنامەی وێنەداری خۆت پێ بێت و ئاشكرا ودیار بێت كە رۆژنامەنووسی، واخۆت نیشان مەدە كە كەسێكی غەیرە رۆژنامەنووسی، ئەگەر باوەڕیان پێ نەكردی زیاتر خۆتیان پێ بناسێنە.

١١- هەندێ شتومەكت پێ بێت لەگەڵ خۆت هەڵی بگرە وەك جگەرەو شیرنایەتی بۆ ئەوەی بیدەی بەخەڵك.

١٢- لە كاتی دەمەقاڵی یا هەڕەشەت لێ بكرێت لە لایەن خەڵكی ئەو ناوچەیە، یا سەرباز و چەكدار، زۆر هێمن و لە خۆبردووبە، بە برادەرانە رەفتار و هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دا بكە، هەردەم روو خۆش بە.

١٣- هەندێ پارەو كۆپی ناسنامەكەت لەشوێنێكی قایم بپارێزەو لەگەڵ خۆت هەڵی بگرە واتە بەر دەست نەبێ، هەندێ پارەشت لە بەردەست دابێت بۆ خەرجی.

١٤- ژمارەی تەلەفۆنی پێویست (ئیمیرجنسی) ٧\٢٤ یا هەر ژمارە تەلەفۆنێك سوودی لێ وەردەگری لە بەر دەست دابێت، شوێنی نەخۆشخانەكانیش شارەزا بە.

١٥- شارەزایيت هەبێ لەو چەكانەی كەبەكاردێن لە بەرەكانی جەنگ بەتایبەتی مەداكەیان چەندە، بۆی بتوانی خۆت بپارێزی، هەروەها شارەزایت هەبێ لە شێوەی مینی سەرزەوی.

١٦- ئەگەر هات و كارەكەت وای خوست كە لە هەردوولای بەرەكانی شەڕ كاربكەی، بە هیچ شێوەیەك زانیاری لایەكیان بە لایەنەكەی دیكە نەگەیەنی.

١٧- جل و بەرگی ئاسایی لەبەربكە، تەنها لە حاڵەتێكدا ئەگەر پەیامنێری جەنگ بووی ئەوساتە پێویستە جل و بەرگی تایبەتت لەبەردابێت و كلاوێكی رەق لەسەرت دابنێ و ماسكی دژ گازیشت پێ بێت، وریا بە لە هەڵبژاردنی ئەو جل و بەرگانە كە نەبێتە جێگای سەرنج راكێشی خەڵك، خۆت بپارێزە لە كەل و پەلی بریقەدار.

١٨- هەندێ زانیاری سەبارەت بە مافی نێودەوڵەتی و كەمێك زانیاری پەیمانی جنێف بزانە.

١٩- زۆر لە رۆژنامەنووسان ئەوانەی مەترسی گەورەیان بەسەردا هاتووە ، یا ڕووداوی دڵ تەزێنیان لە ئاكامی كارەكانیان بینیووە، تووشی هەندێ نەساغی و نەخۆشی دەرونی و خەفەت باری هاتوون، ئەگەر داوای راوێژكاری لە پسپۆران بكەیت لەم بارەیەوە خراپ نییە.

كەسانی دەسەلاتدارو خاوەن كارو لێپرسراوی كاریش بەرپرسن بۆ زامن كردنی سەلامەتی رۆژنامەنووس

دەبێ لێرەدا ئەوەش بگوترێ كە زامن كردنی سەلامەتی هەر لە ئەستۆی رۆژنامەنووسدا نییە بەتەنها، بەڵكو كەسانی دەسەلاتدار وخاوەن كار و لێپرسراوی كاریش بەرپرسن بۆ زامن كردنی سەلامەتی رۆژنامەنووس، هەروەك لە یاسای كاری ئینستیتیوتی نێودەوڵەتی هەواڵ (INSI)دا هاتووە:

١- پێویستە پارێزگاری ژیان و سەلامەتی ئەو كارمەندانە یا ئەوانەی بە شێوەیەكی ئازاد كار دەكەن بخرێتە بەر چاو و بایەخی پێبدرێت و پشت گوێ نەخرێ.

٢- بڕیاری چوونە شوێنی ترسناك و ناوچەی جەنگ دەبێت بە خواست و ئارەزومەندی ئەو كەسە خۆی بێت.

٣- ئەو كەسانەی داوای چوونە ئەو شوێنانە دەكەن دەبێ شارەزاییەكی تەواویان هەبێت لە شێوازی كاركردن لەو ناوچانەدا، یا دەبێ لە ژێر چاودێری شارەزایان دابن.

٤- هەموو رۆژنامەنووسێك یا كارمەندانی دەزگاكانی راگەیاندن پێش ئەوەی رەزامەندی خۆیان دەربڕن بۆ چوونیان بۆ ئەو شوێنانەی كە مەترسی تێدایە ، دەبێ لەمەترسی ناوچەكە و ژینگەی نالەبار ئاگادار كرابن، لەم جۆرە كارانە شارەزایان هەبێت و راهێنراوبن.

٥- پێویستە خاوەن كار لەوە دڵنیابێت كە ئەو رۆژنامەنووسەی ئەو ئەركەی پێ سپێردراوە، زانیاری نوێ و تەواو ودروستی هەیە لە بواری سیاسی و كۆمەلایەتی و سروشتی ئەو شوێنەی كە كارەكەی لێ ئەنجام دەدات، هەروەها دەبێت شارەزایی و زانیاری هەبێت لەسەر یاسای نێودەوڵەتی و شەڕی چەكداری بەو شێوەیەی لە پەیمانی جنێف دا هاتووە، هەروەها لە بەڵگەنامە سەرەكییەكانی یاسای مافی مرۆڤ شارەزایی هەبێت.

٦- پێویستە لەسەر خاوەن كار پێداویستی سەلامەتی و داو دەرمان بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی لای كار دەكەن، یاخود ئەوانەی بە گرێبەند كاری بۆ دەكەن و دەنێردرێنە شوێنی مەترسی ، دابین و مسۆگەر بكات.

٧- پێویستە هەموو ئەو رۆژنامەنووسانە بە بێ جیاوازی لە نێوان هیچ رۆژنامەنووسێك یا كارمەندێكی راگەیاندن كە لە شوێنی ترسناك دان، زامن (ئینشورانس- تەئمین) كرابن، ئەم تەئمینە مردن و زامداریش بگرێتەوە.

٨- داوا لە دەسەلاتدارو سوپای و ئاسایش دەكرێت لەو ناوچانەی لە سنووری ئەوانداید كە گۆڕەپانی عەمەلیاتە، رێز لە رۆژنامەنووسان بگرن، ئەوانەی لەگەڵ هێزەكانی ئەوان یا بەتەنهان، نابی ئازادی و سەربەخۆی هاتووچۆیان لێ قەدەغە بكرێت، یا بەربەست بن لە هەوڵی كۆكردنەوەو راگەیاندنی هەواڵ.

٩- لە كاتێكدا كە رۆژنامەنووسان سەرقاڵی كاری ئاسایی خۆیانن، هێزی ئاسایش بۆی نی یە هەراسان، و هەڕەشەیان لێ بكات، یا هێرشیان بكەن سەر.

دەستوری پەیامنێرانی بێ سنوور بۆ سەلامەتی ئەو رۆژنامەنووسانەی لە ناوچەكانی شەڕ و شوێنەخەتەرناكەكان كار دەكەن.

سەرەڕای ئەوەی یاسا نێودەوڵەتییەكان بە شێوەیەكی تێر و تەسەل باسیان لە سەلامەتی ئەو رۆژنامەنووسانە كردووە كە كاردەكەن لە بەرەكانی شەڕ و ناوچە خەتەرناكەكان و بە شێوەیەكی فراوان بلاوكراوەتەوە و بایەخیان پێداوە، بەڵام زامن كردنی پاراستن و سەلامەتی گیانی رۆژنامەنووسان لە ناوچەكانی شەرو شوێنە خەتەرناكەكان مسۆگەر نی یە.

لەبەر ئەوەی بەرەكانی شەڕ یا ئەو ناوچانەی خەتەرناكن رادەی مەترسی زیاترە كە رۆژنامەنووس دووجاری گیروگرفت بێت تێدایە، پێویستە بەرپرسانی راگەیاندن بایەخیەكی گرنگ بەم بابەتە بدەن، هەروەها ئەركی خودی رۆژنامەنووسیشە كە گرنگی بە سەلامەتی خۆی بدات.

ئەو هەشت خاڵەی لە لایەن پەیامنێرانی بێ سنوور دانراوە بۆ سەلامەتی رۆژنامەنووسان:

١- دەزگاكانی راگەیاندن، رۆژنامەنووسان، پێویستە كارەكانیان وا رێك بخەن بەشێوەیەك بتوانن رادەی دووجاری زیان و مەترسی كەمتر بێت، لە رێگای ئاڵوگۆری كردنی راوبۆچوون لە نێوان كاربەدەستانی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان.

٢- پێویستە رۆژنامەنووس لە وەرگرتنی ئەو جۆرە كارانەی مەترسی تێدایە ئازاد بێت، ومافی خۆیەتی ئەو كارە قەبوڵ بكات، ڕەتكردنەوەی ئەو كارە مانای ئەوە نییە كە رۆژنامەنووسێكی بێ توانایە یا ببێتە هۆی ئەوەی كارەكەی لە دەست بدات، چونكە بەرپرسانی راگەیاندن ناتوانن سەلامەتی ئەو رۆژنامەنووسە زامن بكەن.

٣- ئەو رۆژنامەنووسەی لەو بوارانەدا كار دەكات پێویستە، شارەزایی و توانا و لێ هاتوویی هەبێت، بۆیە مەرجە سەرنووسەر ئەو رۆژنامەنووسەیە هەڵبژێرێت كە شارەزایی و لێ هاتوویی تەواوی هەیە و لەمەوپێشیش ئەو جۆرە ئەركانەی ئەنجام دابێ ، بە هیچ شێوەیەك نابێت ئەو رۆژنامەنووسەی پێشتر ئەم كارانەی نەكردوە بەتەنها ئەو ئەركەی پێ بسپێردرێت، بەڵكو دەبێت لەگەڵ تیمێك یا كەسێكی شارەزا دابێت.

٤- خولی راهاتن و توانای بەرگریکردن لەو ناوچانەدا بۆ رۆژنامەنووس پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێ لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بگونجێ و ئەم ئەرکەش لەئەستۆی سەرنووسەرە کە ئەو جۆرە خولانە بۆ رۆژنامەنووسان ئامادە بکات چ لە ناوەوەی ولات یا لە دەرەوە، هەروەها رۆژنامەنووس پێویستە زانیاری لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی فریاکەوتن (First-aid) هەبێت و بەشداری لەو جۆرە خولانە کردبێت.

٥- پێویستە سەرنووسەر پێداوستییەکانی سەلامەتی ئەو رۆژنامەنووسەی لە ناوچەکانی شەر کار دەکات ئامادە بکات، ئەویش بریتینە لە: چاکێتی گوللەبەند، کڵاو، ئەگەر بکرێت ماشینی دژی گوللە، کەرستەی پەیوەندیکردن، ئەگەر بکرێت ئامێری رادار، لەگەڵ پێداویستیەکانی سەرەکی فریاکەوتن (First-aid kits).

٦- تەئمین (Insurance)، دەبێ ئەو رۆژنامەنووسەی لە ناوچەکانی شەڕ خەتەرناکەکان کار دەکەن، ئینشورەنس کرابێ کە مردن، زامداری، لە دەست دانی ئەندامێکی لەشی کە دەبێتە هۆی ئەوەی ببێتە کەم ئەندام (Disability)، بگرێتەوە.

٧- پێویستە بەرپرسانی راگەیاند زامنی ئەوە بکەن لە کاتی گەڕانەوەی ئەو رۆژنامەنووسە و هاوکارانی ، لە لایەن پزیشك و پسپۆرانی شارەزای دەرونی ببینرێن.

٨- رۆژنامەنووسان و کارمەندانی میدیا لە بەرەکانی شەڕ، دەبێ بە گوێرەی برگەی ٧٩ پرۆتۆکۆلی ١ پەیمانی ژنیف رەفتاریان لەگەڵدا بکرێت، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە رەفتاری ئەو رۆژنامەنووسانە دور بێ لە کاری خۆیان، کاری دژ بە یاسا ئەنجام دا وەك بەشداری کردن لە کاری سەربازی و سیخوڕی. هەر دەست درێژیەك ببێتە هۆکاری گیان لە دەست دانی ئەو رۆژنامەنووسە یا ببێتە هۆی زامدار بوونی، پێچەوانەی ئەو برگەیەیە و بە تاوانی جەنگ دادەنرێت.

باسمان لە رەوش و سەلامەتی رۆژنامەنووس کرد، کە پێویستە رۆژنامەنووس پابەندیان بێت، دەبێ بزانین ئەرکی رۆژنامەنووس چی؟ چ مافێکی هەیە؟ سنوری کارەکەی تا چ رادەیەکە؟

دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە رۆژنامەگەریی دەسەلاتێکی جەماوەرییە، و پێویستە پەیامەکەی بە ئازادی و سەربەستی راگەیەنێ لە پێناو دابین کردن و بەرپابوونی ئازادی دەربڕینی را و بۆچوون، و بیرکردنەوە، و بلاوکردنەوە، ومافی پەیوەندی کردن و دەست کەوتنی زانیاری دروست وبلاوکردنەوەیان بە گوێرەی یاسا و بەرژەوەند و داب و نەریتەکان ی میللەت و، هەروەها رۆژنامەگەریی رۆڵی گرنگی هەیە لە بلاوکردنەوەی بیرو رۆشنبیری و زانست.

رۆژنامەگەریی جکە لەوانە ئامرازێکی میللیە بۆ چاودێری کردنی دەزگاکانی ناو کۆمەڵ لە میانەی را دەربڕین و رەخنەو بلاو کردنەوەی دەنگ و باس و زانیارییەکان لە چوارچێوەی دەستور و یاسا، لەگەڵ ڕێزگرتن لە بنچینە سەرەکییەکانی کۆمەڵ و ماف و ئازادی خەڵکانی دیکە. یاسای سەرەکی بەریتانی بۆ رۆژنامەنووسان (Essential Law for Journalists)، دەڵێ رۆژنامەنووس جیاوازی نی ی لەگەڵ هەر هاوڵاتیەکی تر ، تەنها ئەوە نەبێت رۆژنامەنووس بۆی هەیە داوا لە دەزگاکانی حکومی و غەیرە حکومییەکان بکات بۆ هەر زانیاریەك یا بابەتێك یا هەواڵێك و بلاویان بکاتەوە.

مافی رۆژنامەنووس

- نابێ رۆژنامەنووس بە هیچ شێوەیەك ڕێگای لێ بگیرێ، لە وەدوست هێنانی بابەت و زانیاری، تەنها لەو بابەتانە نەبێت کە پەیوەندی بە پارستن و بەرژەوەندی ئاسایشی و لاتەو نەتەوە هەیە.
- بۆ هیچ لایەنێك نی یە فشار بخاتە سەر رۆژنامەنووس وکاری لێ بکات.
- نابێت فشار لە سەر رۆژنامەنووس بکرێت بەمەبەستی ئاشکرا کردنی سەرچاوەکانی زانیاری کە بلاوی کردۆتەوە تەناتەت ئەگەر لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەش بێت.
- بە هیچ شێوەیەك نابێت رۆژنامەنووس دەسگیر بکرێت یا زیندانی بکرێت بە هۆی ئەنجام دانی کارەکەی.

– نابێت کارێکی وا بە رۆژنامەنووس راسپاردرێت کە لەگەڵ پیشەکەی ناگونجێت، یا لە کارێکەوە بۆ کارێکی نزم تر بگوازرێتەوە تەنانەت لە چوارچیوەی ئەو رۆژنامەیەی کاری لێ دەکات، یا بۆ رۆژنامەیەکی تر بگوازرێتەوە بەبێ رەزامەندی خۆی کە ئەو رەزامەندییەش دەبێت بە نووسین بێت.

نابێت رۆژنامەنووس دووجاری لێ پرسینەوەی ئەدەبی بێت بە هۆی ئە نجام دانی کارێك یا داواکاریەك کە پەیوەندارە بە پیشەکەی

– نابێت رۆژنامەنووس دووجاری لێ پرسینەوەی ئەدەبی بێت بە هۆی ئەنجام دانی کارێك یا داواکاریەك کە پەیوەندارە بە پیشەکەی، تەنها لە حاڵەتێکەدا نەبێت ئەگەر هاتوو رەفتاری بە پێچەوانەی یاسا، یا دەستور ئەنجام دا، وئەم لێ پرسینەوەش تەنها مافی سەندیکا یا نەقابەیە.

– رۆژنامەنووس بۆی هەیە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و، نەقابەو رێکخراوەکان و دانیشتنەکانی دادگاکان ئامادە بێت بەمەرجێك کۆبوونەوەکان نهێنی نەبن.

– جگە لەم مافانەش رۆژنامەنووس مافی تری هەیە کە لە یاسای ئەو وڵاتەدایە کە کاری لێ دەکات، یا یاسای ئەو سەندیکایەی ئەندامە تێیدا.

ئەرکی رۆژنامەنووس

لەسەرەتا کورتەباسێکی ئەرکی رۆژنامەنووس کرد، لێرەدا بە تێرو تەسەڵ باس لە ئەرکەکانی دەکەین و بشت بە چەندین راگەیاندراو پەیمانی نێو دەوڵەتی دەبەستین، لەوانە راگەیاندراوی تایبەت بە رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن

بۆ چەسپاندنی ئاشتی و پشتگیری لە مافی مرۆڤ و لە ناوبردنی رەگەز پەرستی:

١– پێویستە رۆژنامەنووسان رۆڵێکی گرنگ و بەرچاو ببینن لە گەیاندن ئەو بۆچوونانەی دەبنە هۆکاری چەسپاندن و پتەوکردنی مافی مرۆڤ، و ئاشتی، و بەرپەچدانەوەی کاری رەگەزپەرستی لە ناو کۆمەڵدا.

٢– پێویستە رۆژنامەنووسان هەردەم لە کۆشش و هەوڵدان دابن بۆ گەیاندنی دەنگی ئەو میللەتانەی ژێر دەستن و نانوانن بە شێوەیەکی ئازادانە مافی خۆیان دەربڕن .

٣– پێویستە رۆژنامەنووسان هەردەم لە بەرپەرچدانەوەی ئەو کارانە بن کە دەبنە هۆکاری شەڕ و ناخۆشی وپێشیل کردنی مافی مرۆڤ.

٤– پێویستە رۆژنامەنووسان رۆڵی بەرجاو بنوێنن بۆ پەروەردە کردنی لاوەکان بەرەوشتی پڕ لە خۆشەویستی و دادپەروەری و ئازادی و یەکسانی ماف لە نێوان گشت میللەت و نەتەوەکان.

بۆ ئەم بابەتە
سوود لەم سەچاوانە وەرگیراوە.

Essential Law for Journalists
Law and the Media
International News Institute
Reporters without Borders
International Federation of Journalists
رێککەوتنامەی ژنیف
رێککەوتنامەی مافی مرۆڤ
لەندەن ٢٠٠٤

ناساندنی چوار بلاّوکراوەی نەناسراو



نەوزاد عەلی ئەحمەد

سوید

پێشەکی:

ولاّتی سوید یەکێکە لەو ولاّتانەی ژمارەیێکی زۆر کوردی تێدا کۆبۆتەوە، لەنێویشیاندا کەسانی ئەدیب و رووناکبیر و سیاسەتمەدار هەن و زۆربەشیان خاوەنی کتێبخانەی تایبەتین، کە جۆرەها کتێب و رۆژنامە و گۆڤار و بلاّوکراوەی تێدا پارێزراون، منیش وەك ئارەزوویێکی شەخسیم و بەشێك لەو بوارەی کاری تێدادەکەم کە سەردانی هەر مالّە دۆست و خزم و هاوڕێیەك دەکەم یەکسەر سەیری ئەو گۆشەو لادیوارانە دەکەم کە کتێبخانەی لێ دانراوە و تا ئێستا بەهۆی ئەو جۆرە سەردانانەم کۆمەلّێك گۆڤار و رۆژنامەو بلاّوکراوەم دەستکەوتووە کە لە هیچ سەرچاوەیێکدا ئاماژەیان پێنەدراوە، هەولّدەدەم ناوە ناوە چەند ناوێکیان لێ بخەمە روو.

لەم کورتە وتارەدا چوار بلاّوکراوە دەناسێنم کە ئەوەندەی گەڕابم و پشکنینم کردبێت یەکەمجارە بەم شێوەیە بلاّودەکرێنەوە، چوار بلاّوکراوەکەش ئەمانەن:

-الجبهة الكردستانية...العدد(٦)

-صوت الشبيبة الكردستانية...العدد(١٥)

-راستی...ژمارە(١)

-دەنگی خوێندکارانی کوردستان...ژمارە(١-٣)

الجبهه الكردستانيه-العدد(٦)

زۆربەی ئەو وتار و سەرچاوانەی لەمێژووی رۆژنامەگەریی شۆڕشی نوێ دواون کەمتر لایان لە رۆژنامەی (الجبهة الكردستانية) کردۆتەوە، ئەگەر ئاماژەش بە رۆژنامەکە درابێت پێیان وابووە (سێ) یاخود (چوار) ژمارەی لێ دەرچووە، بەلاّم پاش گەڕان و پشکنین بۆمان دەرکەوت (شەش) ژمارەی لێ دەرچووەو هیچ سەرچاوەیەکیش باسی لە ژمارە(شەش) واتە دوا ژمارە نەکردووە. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە یەکەمین ژمارەی (الجبهة الكردستانية) لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٩دەرچووە.

بۆ زانیاری زیاتر وا سەرنێوی بابەتەکانی دوو توێی ژمارە (٦)ی (الجبهة الكردستانية) بەزمانی کوردی دەنووسینەوە، چونکە (الجبهة الكردستانية) بەزمانی عەرەبی لەلایەن بەرەی کوردستانی عێراق لە ولاّتی سوریا دەرچووە.

-تۆکمە کردنی خەبات بۆ رزگار کردنی گەل و نیشتمان...مانشێت، لاپەرە(١)

-خەتەرەکانی جەنگ لەسەر گەلەکەماندا...ل(١)

-بانگەوازێك لەبەرەی کوردستانی عێراقەوە...ل(١)

-بەیاننامەی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق...ل(٢)

-حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری دوو ئەندامی تازە لەبەرەی



الجبهة الكردستانية

لسان حال الجبهة الكردستانية العراقية

العدد ٦٠ شباط ١٩٩١

لنشدد النضال لانقاذ الشعب والوطن

مخاطر الحرب على شعبنا

کوردستانی دا...ل(٢)
-تورکیا پەرە بەقەیرانی کەنداو دەدات، زیاتر لە چۆلەکەیەک بەیەک بەرد- گۆران خالید...ل(٣)
-کێشەی کورد لە دیداری حزبە شیوعی و کرێکارییەکانی ولاتانی عەرەبی...ل(٤)
-ژەندرمەکانی تورکیا تاوانێکی تازە دەکەن...ل(٣)
-کێشەی کورد و بەرپرسیارێتی دەوڵی، کەریم ئەحمەد...ل(٤)
-سەبارەت بە بارودۆخی پەنابەرانی کورد لەتاراوگە...ل(٥)
-هەواڵ وچالاکییەکان ...ل(٦)
-لەچالاکییەکانی بەرەی کوردستانی دا...ل(٦)
-بەیاننامەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق...(٧)
-گەشتێك بە دوو توێی رۆژنامەی حزبەکانی بەرەی کوردستانی دا...ل(٨)
-خوێنەرانی بەڕێز...(٩)
-چاپکراوی نوێ...(٩)
-لەبەرهەمەکانی (دایکی کووڕە)کانەدا، سەلاح بەرواری...ل(٨)
-بانگەوازێك لەهێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، داوای وەستانی جەنگی مالوێرانی دژی گەلەکەمان و روخانی رژێمی عێراق دەکەین...ل(١٢) دوالاپەڕە
-نووسەری کوردستان...دوالاپەڕە
-سەبارەت بە کۆنگرەی یەککگرتنی نووسەرانی کوردستان...دوالاپەڕە
شایانی باسە ئەم ژمارەیەی (الجبهة الکردستانیة) (١٢) لاپەڕە و بێجگە لە رەنگی رەش بۆ لاپەڕەی (١) و دوالاپەڕە، رەنگی سووریش بەکارهێنراوە، لەسەر کاغەزی رۆژنامە بە ئۆفسێت چاپکراوەو قەبارەکەی (تابلۆید)ە.

لەژێر ئەم بلاوکراوەیەدا نووسراوە(رۆژنامەیەکە یەکێتی خوێندکاران و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات) ئەوەندی من شارەزاییم لەو بوارەدا هەبێت، یەکەمجارە رۆژنامەیەك بەو ناوە دێتە بەرچاوم، تا ئەو سەرچاوانەی کە بیبلیۆگرافیایان بۆ رۆژنامەگەریی کردووە ناوی ئەو رۆژنامەیان نەهێناوە، حزبی زەحمەتکێشانیش لە کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆیدا دەست نیشانی ئەو رۆژنامەیەی نەکردووە، ئێمەش بەڕێکەوت لە کاتی گەڕان و پشکنیندا لەیەکێك لە کتێبخانە تایبەتییەکاندا لە شاری ستۆکهۆڵم، ئەو رۆژنامەیەمان کەوتە بەرچاو.
ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە یەکێتی خوێندکاران و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە رێکخراوێکی پیشەیی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانە، لەساڵانی (١٩٨٩-١٩٩١) بلاوکراوەیەکی وەك ئۆرگانی یەکێتیەکەیان بەناوی (ژیانی نوێ) دەرکردووە و توانیویانە (٥) ژمارەی لێ بلاوبکەنەوە، بەڵام لەسەر ئەو (صوت الشبیبة الکردستانیة) نەنووسراوە کە پاشکۆی (ژیانی نوێ) بێت بەزمانی عەرەبی، وەك رۆژنامەی (ئالای ئازادی) کە پاشکۆی بەزمانی عەرەبی هەبوو، مەبەستم (رایة الحریة) کە لەسوریا دەرچووە، راستە (رایة الحریة) لەسەری نەنووسراوە پاشکۆی (ئالای ئازادی)، بەڵام لە ژمارە (سێ) ی ساڵی یەکەم لە حوزەیرانی ١٩٨٦ی رۆژنامەی ئالای ئازادیدا لە لاپەڕە (٦) واتە دوالاپەڕە ئەم پارچە نووسینە نووسراوە: (ملحق رایة الحریة بلاوکراوەی- ملحق رایة الحریة- پاشکۆی ئالای ئازادی-ە کە حزبمان لەدەرەوەی ولاّت بە زمانی عەرەبی دەری دەکات لە رۆژی ١ی ئایاری ئەمسالّ-١٩٨٦- ژمارەی یەکەمی لێ بلاوکرایەوە). لەوەش دەچێت لەیەکێك لە ژمارەکانی (ژیانی نوێ)دا هەمان شت بۆ (صوت الشبیبة الکردستانیة)ش نووسرابێت بەداخەوە ئێمە نەمانبینیوە جا بەڕای ئێمە یەکەمجارە هەڵوەستە لەبەردەم ناوی رۆژنامەیەکی لەو جۆرە دەکرێت.
رۆژنامەی (صوت الشبیبة الکردستانیة) رۆژنامەیەك بووە یەکێتی خوێندکاران و لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان لەدەرەوە بەزمانی عەرەبی دەری کردووە، ئەوەی ئێمە بینیومانە تەنیا ژمارەی (١٥)یەو مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە، رۆژنامەیەکی رێك و پێکەو لە قەبارەی نیو فولسکابی دایە، بە ئۆفسێت چاپکراوەو هەشت لاپەڕەیە، ئەمانەش

صوت الشبیبة الکردستانیة


صوت الشبیبة الکردستانیة
العدد ١٥ - تشرین الاول ١٩٩٠ الثمن ١٥٠ فلساً
شبیبتنا ومهمات المرحلة القادمة
غزو واحتلال الکویت مغامرة بالعراق وشعبه

ناونیشانی چەند بابەتێکی دوو تـوێی ئـەم ژمارەیەیـە (لاوانمـان و ئەرکـەکانی قۆنـاغی داهاتوویـان، بێکـاری لـەعێراق و کوردسـتاندا، یەکێتیەکـەمان پیرۆزبـایی لـە یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق دەکـات، بەیاننامـەی کۆتـایی کـۆنگرەی دووەمـی یـەکگرتنی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان لەئـەورووپا، کـۆنگرەی یەکگرتنی نووسەرانی کوردستان...)

راستی

راستی، راستی گۆڤارێکی سیاسـی دەوریـە لەلایـەن رێکخـراوی حزبـی سۆسیالیـستی کوردسـتان–عێـراق ئیتیحاهی دیمـوکراتی شۆڕشـگێر لـە سـوید دەرچـووە سالّی یەکەم–مانگی (١)–ژمارە(١) بریتـی یـە لـە(١٢) لاپەڕەی قەبارە نیو A4، بابەتەکانی بە تایپی ئاسایی دەستی پیتچنین کـراون، نـاوی بابەتـەکانی دوو تـوێی ئەم ژمارەیە

–یەکخستنی لایەنە سیاسییەکان...ل(١) و ل(٢)

–یـادی سـاڵێك تێپـەڕبوون بەسـەر هەڵوێـستی شۆڕشگێڕانەدا...ل(٣) و ل(٤)


–کـــــەس ناگەڕێتـــــەوە لای بەعـــــسیە عەفلەقیەکان...(ل(٥) و ل(٦)

–کێ تیرۆریستە...ل(٧) و ل(٨)

–لەوەڵامی چەند نامەیەکی هاتوو...ل(٩) تا (١٢)

ئەوەی پێناسەی گۆڤارەکەی ناتـەواو کردووە، لـەهیچ شوێنێکی گۆڤارەکە نەنووسراوە کە ئـەم ژمارەیەیـەی کـەی دەرچـووە؟، بـەڵام بـەجارێکی تـر خوێندنـەوەی بابەتەکانی گۆڤارەکە بۆمـان دەردەکـەوێت کـە سـاڵی ١٩٨٦ چاپککراوەو دەرچووەچونکە بابەتێك بـۆ یـادی سـاڵێك بەسـەر تێپـەڕبوون بەسـەر دامەزرانـدنی "ئیتیجـاهی دیمـوکراتی شۆڕشـگێڕ"دالـە گۆڤارەکـە بڵاوکراوەتـەوە، کـە ئـەو دامەزراندنـەش لـە ١٩٨٥/١٢/١٢ بـووە و لەسـەر گۆڤارەکـەش نووسـراوە مانگی (١) واتە مانگی کـانونی دووەمـی سـاڵی ١٩٨٦ ئەو ژمارەیەی گۆڤاری (راستی)دەرچووە.

ئـەوەی شـایانی ئامـاژە بـۆ کردنـە ئـەم گۆڤـارە وەك گۆڤارێکی سیاسی خۆی پێشکەشکردووە و لـەو چـەند وتـارەی کـە بـڵاوی کردۆتـەوە، وەڵامـی ئـەو تایبەتمەندییـەی خـۆی داوەتـەوەو دەتـوانین بـە تەواوکـەری ئـەو ئەدەبیاتـەی دابنـێین کـە حزبـی زەحمەتکێـشانی کوردسـتان لەخـەباتی چـەکداری و سیاسیدا کاری پێکـردووە، تـا زمـانی نووسـینەکانیش هەمان زمانە، نەخوازەللاّ زمـانی ئـەو سـەرەتایەی کـە تـازە لـە حزبـی سۆسیالیـستی کوردسـتان جیـا ببوونـەوە، بـەڵام ئەوەنـدە نەچـۆتە نـاو قـوڵایی کێـشەکانی دیکـە چـونکە ئـەو گۆڤـارە لـە ئـەورووپا دەرچووە لە زۆر ڕووەوە دەیتوانی تایبەتمەندی خـۆی بپارێزێ، بۆ بواری هونەرکاریش هیچی کەمتر نییە لـەو بڵاوکراوانـەی کـە لـەژیانی پێـشمەرگایەتی ناوشـاخ چاپکراون، بەڵکو (ئاڵای ئازادی) کە لەشاخ دەرچـووە لەم گۆڤارە لەڕووی هونەرییەوە ڕێك و پێکترە.


راستی

ئاوەڕۆك

بابەتی هەڵبژاردە لە گۆڤاری (ڕاستی)دا

ئەم پارچە نووسینەی خوارەوە بەشێکە لە نووسینێك بـەناوی (یەکخـستنی لایەنـە سیاسـیەکان)و لـەو ژمارەیـەی گۆڤـاری راسـتی دا بڵاوبۆتـەوەو خوێنـەر واهەست دەکات کە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆی نەتەوەکـەمان نووسراوە:

(یەکخـستنی راسـتەقینەی هێـزە سیاسـیەکانی سـەرگۆڕەپانی خـەباتی سـەردەمی ئێـستامان وەك زەرورەتێکـی مێـژوویی خـۆی بەسەرگـشت لایـەنێك دائەسـەپێنێ ملدانـە تـەبایی هەمەلایەنـە و وەلانـانی ناکۆکیـەکان وەك ئـەرکێکی مێـژوویی ئەکەوێتـە سەرشـانی هـەموو حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـی یـە نیشتیمانیەکان، ئاشت بوونەوەی گشتی ڕاستەقینەی هەمەلایەنە پێویستیەکە هیچ لایـە نـاتوانێ فەرامۆشی بکات، بنبڕکردن و ساڕێژ کردنی ئەو بڕینە کوشندانەی کەوتۆتـە لەشـی بزوتنـەوەی کوردایـەتی ڕووبـەڕووی هەموو لایەك ئەبێتەوە.

ئێستاکە بۆ هەموو لایەك ئیسپات بـووە هـیچ لایـەنێك بەتـەنها نـاتوانێ تاکـە هێـز و دەسـەڵاتی سـەر ساحە بێت و ناتوانێ خۆی بکا بەدەم ڕاست و ڕیش سپی و نوێنـەری هـەمو جـەماوەر، هـەروەهاش بـۆی نـاکرێ بەتـەنها و یـەك لایەیـەنی داخوازییـەکانی گەلەکـەمان مسۆگەر بکا.

هـەر بۆیـەش کـاتی ئـەوە هـاتووە بەرژەوەندییـە گشتیەکانی گەلەکەمان لەبەرچاو بگیرێت، کاتی ئـەوە هـاتووە ئـەو هەلـە مێـژووییی یـە لەدەسـت نـەدرێت و هیـچی تـر مـاوە نـەدرێت یـاری بەچارەنووسـی نەتەوەکەمان بکرێت، ئیتر کاتی ئـەوە هـاتووە رووی راسـتی بکرێتـە ئامانجـەکانی گـەل، کـە ئێستا هـەر لەپێکهینانی بەرەیـەکی بـەرفراوانی هەمەلایەنـە بـەدی دەکرێـت، ئەگـەر نـا جگـە لـەو ئیحتیمالـە جگـە لـە هاوکاری یەکتری و دابین کردنی جەوێکی دیموکراتیانە و پێکـەوە ژیـانی برایانـەی هەمـە لایـەنی هـیچ ئیحتیمـالات و رێگـاو ئحتیمـالاتێکی وا گونجـاوی تـر لەباردانیـە بـۆ سـەرکەوتنی خـەباتی ئـەو قۆناغـەی ئێستای گەلەکەمان...) لاپەرە(١)

ئەم نووسینەی سەرەوە بـەر لەشـانزە سـاڵ لەمەوبـەر نووسراوە ئایا ئەگەر ئەمڕۆ وەک سـەروتاری بـۆ نمونـە رۆژنامەی (ئالای ئـازادی) بلاّوبکرێتـەوە کـەس هەسـت دەکـات تەمـەنی شـانزە سـاڵە؟ دیـارە باکگراونـدی بزووتنەوەی کوردایەتی یەک باکگراونـدە !ئایـا ئەگـەر دوورتـریش لـەو شـانزە سـاڵە مێـژووی نەتەوەکـەمان دەور بکەینەوە هەمان بانگەواز و هاوار، بەلاّم بە زمان و شـێوازێکی دیکـە بـەدی ناکرێـت؟ ئـەوەی وردتـر سـەرنجی ئێمـەی راکێـشاوە لـەو پارچـە نووسـینەی پێـشەوەدا کـەتا لـەرووی چـنینی رسـتەو دەستەواژەشەوە نزیکە لەو رستەو دەستەواژانەی کـە ئەمڕۆ بابەتی لەو جۆرەی پێ دەنووسرێت.

دەنگی خوێندکارانی کوردستان


دەنگی
خوێندکارانی کوردستان
گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان
لە دەرەوەی وڵات (شەگـا)
کۆمەڵە ڕێکخراوێکی خوێندکاری کوردستانی دێموکراتی سەربەخۆیە لە دەرەوەی وڵات
ژمارە (٢٠١) نۆڤەمبەر-دیسەمبەر ١٩٨٣
سەروتار
کۆنگرەی کۆمەڵە وگرنگیەتی گۆڤارەکەمان
کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی کـورد
لە ١٢تا١٤/١٠/١٩٨٣مەبەستی لێکۆڵینەوە بۆ سیلەتانی بواندەوە (کوردەکان،هولندی یەکان وئەوانەی لـە زۆر لە وڵاتانی ئەوروپـاوە بەوسواو (RIGP) لـە

تا ئێستا زانیاریـیەکی ورد و راست و زانستی سەبارەت بـە گۆڤـاری (دەنگـی خوێنـدکارانی کوردسـتان) بلاّونەکراوەتەوە، بۆیە وامان بەباش زانی لـەم کورتـە وتارەدا وەک هەوڵێکی سەرەتایی ژمـارە(٢/١) (ژمـارە یـەک و دوو)ی گۆڤـاری ناوبراوتـان پـێ بناسـێنین و بـەگوێرەی توانـا هـەوڵ دەدەیـن لـە داهـاتوودا ژمارەکـانی دیکـەش بناسـێنین و ناوەڕۆکیـان بخەینـە ڕوو. دەنگـی خوێنـدکارانی کوردسـتان گۆڤـاری کۆمەڵـەی خوێندکارانی کوردسـتان لـەدەرەوەی وڵات

-ئەکسا-یـە، ژمـارە(١-٢)ی لـەمانگی نۆڤەمبـەر و دیسەمبەری سـاڵی (١٩٨٣) دەرچـووە و بریتییـە لـە (١٨) لاپـەڕەی قـەبارە (A4)، لـەم ژمارەیـەدا ئـەم بابەتانە بلاّوکراوەنەتەوە:

-کـۆنگرەی کۆمەڵـەو گرنگیـەتی گۆڤارەکـەمان- سەروتار...ل(١)

-کۆنگرەیەکی جیهانی دەربارەی کورد...ل(١)

-سـەرکەوتووتر بـێ شۆڕشـی گەلـە قارەمانەکەمان...ل(١)

-ڕێکخـراوی پیـشەیی دیمـوکراتی و مەسـەلەی سەربەخۆیی...گۆشەی پیشیەی...ل(٢)

-بزوتنـەوەی خوێنـدکاری و چـەند هەڵەیـەکی کوشندە...بیری سەربەست...ل(٤)

-کورتەیـەک دەربـارەی کۆنگرەی(٢٤)هەم...بەڵگەنامە...ل(٦)

-چارەنووس -کورتە چیرۆک- نەجمەددینی کـەریمی ...ل(١٣)

-رازی پێـشمەرگەیەک -شـیعر- کامـەران محەمەد...ل(١٣)

-لەگۆرانیـەکانی نـاو پێـشمەرگە... دلێـر رەشید...ل(١٣)

-لەوتەکانی شەهید ئارام...ل(١٦)

-ئاشتی جیهانی... چۆن...؟ ل(١٨)

لـە پـەڕەگرافی دووەمـی سـەروتارەکەیدا نووسراوە(یەکێک لەو خاڵە زۆر بەنرخانەی کۆنگرەمان بایەخی پێدا، هەوڵدان بۆ دەرکردن وبەردەوام بـوون و پەرەپێدانی گۆڤاری دەنگی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بوو، بەجۆرێ کە بتوانێ جێی خـۆی لـەناو خوێندکارانـدا بکاتـەوەو ببێتـە یـەکێک لـەو سەرچـاوە بـاوەڕ پێکراوانـەی خـەباتی گەلەکـەمان وهەوڵـەکانی رابگەیـەنێت و ببێتـە سەرچـاوەیەکی ڕۆشـنبیری و لێکۆڵینـەوەی بـاری سیاسـی، ئـابووری، کولتـووری، کۆمەڵایـەتی گـەلی کوردسـتان و بلاّوکردنەوەی بیروڕای پێشکەوتن خـواز و بـەر پـەرچ دانـەوەی هـەموو جـۆرە بیروڕایـەکی کۆنەپەرستانە و ناسیونالیستی تەسک بـین...) بـۆ شـوێنی دەرچـوونی گۆڤاری (دەنگی خوێندکارانی کوردستان) دەتوانرێت سوود لەم ئاگادارییە وەربگیرێت کـە لەلاپـەڕە (١١)ی هـەمان ژمـارەدا بلاّوکراوەتـەوە(رەخنـە...پێشنیار... تێبینـی...وتـاری بـەجێ... هەرچیـەکت لـەم بابەتانـە هەیە بەم ناونیشانە بۆمانی بنێرە لەگـەڵ سـوپاس و ڕێزماندا:(AKSA: Post fach 1221096 wien-USRIA) واتـە لەشـاری ڤیـەننای پایتـەختی نەمسا دەرچووە.

کورتیەك ل سەر کەتواری رۆژنامەڤانیا کوردی ل سوریێ*

شەلال گەدۆ

کەسەکی گۆمان درۆلێ گرنگێ رۆژنامەڤانیێ دبەلاڤکرنا هشیاریێدا دناڤبەرا مللەتاندا نینە و رۆژنامەڤانی ب دەستەلاتێ چواریێ دهێتە هژمارتن پشتی هەرسێ دەسەلاتێن بجەھ ئینان و یاسادانان و دادوەریێ ودچەرخێ نوودا ب شۆرشەکا بەرفرەھ و هەموو ئالی ڤەگر دهێتە پەسەنکرن، پشتی کوب نیڤ شۆرشەکا یاخیبووی ل سەر کەتواری دهاتە پەسنکرن، هەر وەسان رۆژنامەڤانیێ، وەك فاکتەرەکێ گرنگ وکاریگەر، ژبۆ هشیارکرنا هەست ووێژدانا خەلکی و ڤەژاندنا هەستێن کپ و بێ دەنگ وگوهرینا وان ب هەستێن لڤوك وکاریگەر دگورەپانا خەباتا نەتەوایە تیداخو دیارکر، زێدەباری ڤێ چەندێ رۆژنامەڤانیێ رۆلەك گرنگ گێرایە دواریێ ناساندنا خەلکێ ب دۆزێن وانێن رەواو هەمان رۆلێ ژی گێرایە دپێگەهاندنا هشیاریا جڤاکی و ئابووری ورەوشەنبیری و یێن دیدا، ب ڤی رەنگی رۆژنامەڤانیێ دهەموو دەلیڤێن ژیانێدا ب خورتی و هێزەکا بەرچاڤ جهێ خوە گرتیە و هەتا ئاستەکێ مەزن دتەڤایێ جڤاکاندا بەرپێن نەزانی و تاریێ تەنگ کرینە، هەتا وێ چەندێ کو دڤی چەرخیدا ئاستێ وەرارو پێشکەتنا مللەتان ب ئاستێ وەرار و پێشکەتنا راگەهاندن ورۆژنامەڤانیا وان و ئاستێ هەمبێزکرنا وان بۆ رۆژنامەڤانیێ دهێتە ئەندازەکرن.

زیندووکرنەڤا جەژنا رۆژنامەڤانیا کوردی و ئاهەنگ گێران ب ڤێ هەلکەتێ دڤی سەردەمیدا ل هەموو ناڤەندێن سیاسی و رەوشەنبیریێن کوردێن سوریێ و ل تەڤایی باژێرو باژێر کێن کوردیێن سوریی بوویە کارەکێ نەتەوایەتیێ سالانەیێ بەردەوام، ب تایبەت بیرهاتنا دەرچوونا گۆڤارا هاوار ئەوا ل ۱۵ گولانا ۱۹۳۲یێ ژ ئالیێ میر جەلادەت بەدرخان ڤە ب زمانێ کوردی ل شامێ پایتەختێ سوریێ هاتیە بەلاڤکرن.

ئەڤ گۆڤارە ل دەسپێکا بەلاڤبوونا خوە ب رویەکێ گەشێ ئەدەبی جڤاکی و رەوشەنبیری هاتیە نیاسین وگرنگییەك باش دایە ئەلفابێ و زمانێ کوردی و میر جەلادەت بەدرخان ب یەکەمین کەس دهێتە نیاسین یێ زمانێ کوردی ب تیپێن لاتینی نڤیسی و سیستەم و بنواشێن ڤێ رێنڤیسێ چەسپاندین و دناڤ ناڤەندێن رەوشەنبیری و میللی یێن کوردیدا بەلاڤ کرین.

ب هەر رەنگەکێ هەبیت دیرۆکا رۆژنامەڤانیا کوردی ل تەڤایی پارچێن کوردستانێ و ل ناڤ کوردێن مشەخت ل وەلاتێن بیانی ژی ب دیرۆکا یەکەمین رۆژنامە کوردی (**کوردستان**)ڤە هاتیە گرێدان، ئەو رۆژنامە ب یەکەمین رۆژنامە کوردی دهێتە هژمارتن کو میر میقداد مەدحەت بەدرخانی ل باژێرێ قاهیرە، پایتەختێ مصرێ، ل ۲۲ نیسانا ۱۸۹۸ بەلاڤکری، میر میقداد مەدحەت ئەو کەس بوو یێ ددەمەکێ هەژیدا هەست ب گرنگیا رۆلێ رۆژنامەڤانیێ دهشیارکرنا مللەتاندا و رەوشەنبیرکرنا وان ب رەوشەنبیریا هەڤچەرخ کری و رۆژنامە (**کوردستان**) کریە دەربرا هیڤی و ئومێدێن گەلێ خوە، پتر ژ سەد سالان ل سەر یەکەمین پێنگاڤا رێکا هزار میلیا رۆژنامەڤانیا کوردیدا دەرباز بوون و پرسیارەك خوە دهزرا مە هەموویاندا دوبارە دکەتەڤە.. گەلۆ کاودانێ رۆژنامەڤانیا کوردی ل سوریایێ چاوانە..؟؟ و دڤێ کورتە گۆتارێدا دێ بەرسڤا ڤێ پرسیارێ دەم.

دەسپێك قوربانیا ئێکێ بوو، ئەو قوربانیا میر میقداد مەدحەت بەدرخان یێ ب بابێ رۆژنامەڤانیا کوردی دهێتە نیاسکرن دای، پشتی دەرچوونا رۆژنامە (**کوردستان**) ل کوردستانێ و دەرڤەی کوردستانێ بەردەوام رۆژنامە وگۆڤارێن کوردی دەرکەتن، دڤی واریدا رۆلێ میر جەلادەت بەدرخان ژ رۆلێ مامێ وی میر میقدادی کێمتر نینە، میر جەلادەت بەدرخان

یەکەمین گۆڤارا کوردی ب تیپێن لاتینی ل شامیّ ب ناڤیّ (**هاوار**) ل سالا ١٩٣٢یّ بەلاڤکر و ب ڤیّ چەندیّ ژی تیپێن لاتینی بێن زمانیّ کوردی چەسپاندن وپرانیا شیانێن خوە بۆ گۆڤارا (**هاوار**) و تیپێن لاتینی یێن کوردی و بەلاڤەکرنا وان تەرخانکر بوون.

گۆڤارا (**هاوار**) دەسپێکا سەرهلدانا رەوشەنبیری و نەتەوایەتیا گەلیّ کورد بوو ل سوریا و رۆلەکیّ گرنگ و دامەزراندنا یەکەمین جڤینا رەوشەنبیریا کوردیدا ل سوریا گێرا، کو ئەڤ جڤینە یا پێکهاتی بوو ژ رەوشەنبیرو تۆرەڤان و نڤیسکارێن کورد یێن هەموو دەڤەران، گۆڤارا (**هاوار**) ژ رۆژا دەرچوونا خوە ل ١٥ گۆلانا ١٩٣٢ڤە هەتا ئاستەکیّ باش پشکداری د دەستڤەئینانا ڤان دەسکەفتێن گرنگ بۆ گەلیّ کورد داکر:

١- گوهرینا زمانیّ کوردی ل سوریێ ژ زمانەکیّ سەرزارکی بۆ زمانیّ نڤیسینیّ یێ خوەدی رێزمان و تایبەتمەندی و بنواشە.

٣- داهێنان وچەسپاندنا تیپێن لاتینی یێن زمانیّ کوردی.

٤- جڤینا پرانیا نڤیسکار و رەوشەنبیرو هۆزانڤانێن کوردێن وی سەردەمی ل دورێن مەر جەلادەت بەدرخانی.

٥- سەرهلدان وگەشەپێدانا هەستا نەتەوایەتیا کوردیکو بوویە ئەگەرێ پاراستنا زمانیّ کوردی ژبەرزەبوونیّ، هەروەها ژ بەرسنگ گرتنا هەوێن ب عەرەبکرنیّ دقۆناغێن پاشتردا، کو ئەڤ هەوێن ب عەرەبکرنیّ ب رەنگەکیّ هیستریایی دهاتنە ئەنجامدان.

٦- دانانا بنیاتەکیّ موکمیّ رەوشەنبیری، زمانڤانی و دیرۆکی بۆ نەڤێن کورد دقوناغێن پاشتردا ل سوریێ.

٧- دامەزراندنا پەرتۆکخانەکا کوردی کو د وی چاخیدا دەهان پەرتوکێن کوردی ب ناڤیّ پەرتۆکخانا (هاوار)یّ وەشاندن.

رۆژنامە (**کوردستان**)، دایك وگۆڤارا (**هاوار**) هەر ئێکیّ دچاخیّ خوەدا کاریگەریەك گرنگ ل سەر کوردێن سوریێ هەبوویە و دڤی واریدا مامۆستا جەلیلیّ جەلیل دپەرتۆکا خوەدا (سەرهلدانا کوردان یا رەوشەنبیری ونەتەوایەتی) دبێژیت: (**رۆژنامە کوردستان ئامادە بوونەکا نەتەوایەتی ل سوریا ب تایبەت ل شامیّ هەبوو، چنکو ژ وێرێ بەلاڤکرنا وێ دهاتەکرن بۆ سەرانسەری کوردستانیّ**).

گۆڤارا هاوار کۆڤارەکا جڤاکی، رەوشەنبیری و ئەدەبی بوو، پویتە ددا بابەتێن زمانی و خرڤەکرنا کەلەپور و فولکلوری، ب کومکەرا ستران وکەلەپوریّ کوردیێ سەرزارکی دهێتە نیاسین، هەروەسان ب بنیاتیّ فێربوونا رێزمانا کوردی دهێتە نیاسین، هەروەسان ببوو مینبەرەك و مەلبەندەکیّ جڤیانا پتریا هۆزانڤان و نڤیسکارێن کورد ل بەراهیا هەمیان ژی هۆزانڤانیّ ناڤداریّ کورد (**جەگەر خوین**)، یێ کو هۆزانێن وی مینا خواندنگەهەکا ولاتپارێزی بوون و جهیّ عەشقا شێعریّ و پاراستن و فێربوونا زمانی بوون و ئەڤ هۆزانە دهاتنە ژبەرکرن.

ب وەشانا گۆڤارا (هاوار) پەخشانا کوردی ب زمانەکیّ ئەدەبی و زمانیّ رۆژنامەڤانیّ کوردی هاتنە مەیدانیّ و ڤیّ گۆڤاریّ رۆلەکیّ گرنگ دپێگەهاندنا هەستا نەتەوایەتیا کوردی داگێرا، کو ب راستی ئەم دکارین بێژین خودیکەك بوو کەتواریّ رەوشەنبیری ئەدەبیّ وی سەردەمی تێدا دهاتە خویاکرن.

هژمارا داویّ یا گۆڤارا (هاوار) کو دبیتە هژمارا ٥٧یّ ل ١٥ خزیرانا ١٩٤٣یّ هاتە بەلاڤکرن، زێدەباری ڤیّ چەندیّ میر جەلادەت بەدرخان ل یەکیّ نیسانا ١٩٤٢ پاشبەندەك بۆ ڤیّ گۆڤاریّ ب ناڤیّ (**رۆناهی**) بەلاڤکر، کو گۆڤارەکا نووچەیی وێنە دار بوو، ل سەر رۆپەلێن وێ نووچەیێن جیهانیّ نەمازە یێن شەریّ جیهانیێ دووێ بەلاڤدکرن و دهژمارێن داوییدا پویتەکیّ گرنگ ددا ئالیێ رەوشەنبیری و ببوو پاشبەندەکیّ ئەدەبی سیاسی پتر ژ وێ چەندیّ کو یا سیاسی بیت، ئەڤ گۆڤارە ژی چوار سالان ژیا و٢٨ هژمار ژیّ هاتینە بەلاڤکرن و هژمارا وێیا داویێ ل ئادارا ١٩٤٥یّ هاتە راوەستاندن.

رۆژنامەڤانیا کوردی ب یەکجاری ل سالا ١٩٤٦ ل سوریێ ب داوی هات ئەوژی پشتی کو وەلاتپارێزێن سوری دەستەلات گرتیە دەست، ب ڤیّ چەندیّ ژی چالاکیا رەوشەنبیریا کوردی ژی ب داوی هات.

ڤیّ چەندیّ دومکر هەتا کوردان ل سوریێ دەست ب یەکەمین چالاکیا سیاسی کری و یەکەمین رێکخستنا سیاسیا کوردی ل سەر دەستیّ هژمارەکا بژارە ژ رەوشەنبیرێن کورد مینا ئوسمان سەبری و

عەبدولحەمید دەروێش وحەمزەی نویران ل ١٤ خزیرانا ١٩٥٧یّ ب ناڤیّ پارتیا دیموکراتا کورد ل سوریێ هاتیە دامەزراندن، و ڤیّ پارتیّ بەلاڤۆکەك بناڤیّ (**دەنگیّ کورد– صوت الأكراد**) ب زمانیّ کوردی بەلاڤەکر کو ئورگانیّ ڤیّ رێکخستیا کوردی بوو وپاشتر (**دەنگیّ کورد**) ب بریارا پارتییّ ژ کوردی بوو زمانیّ عەرەبی.

ب هەر رەنگەکیّ هەبیت ئەڤ قوناغە ب قوناغا بەدرخانیان دهێتە نیاسین، داویا پیروز و سەرفرازا دیرۆك وخەباتا مالباتا بەدرخانیانە، یێن هەیی و نەیێن خوە کرینە قوربانی خزمەتا رۆژنامەڤانیا کوردی ل سوریا و پێشڤەبرنا وێ کو ل ئاستیّ گەلیّ کورد و رەوشەنبیریا وی بیت ل سوریا.

قوناغا پشتی قوناغا بەدرخانیان هاتی ژ دامەزراندنا پارتی دیموکراتا کورد ل سوریێ دەسپێدکەت، رۆژنامە پارتیا دیموکراتا کوردی دڤیّ قوناغێدا رۆلەکیّ گرنگ و پێشەنگ دچەسپاندن و روهنکرنا چەندین راستیاندا گێرا یێن بەری هنگی ب رەنگەکیّ بەردەوام هاتینە شێلی کرن وشێواندن (**دەنگیّ کورد**) ب رەنگەکیّ ئاشکرا رۆناهیدا سەر کەتوار و ئەرکێن گەلیّ کورد ل سوریێ، مێرخاسانە بەرگری ژ مافێن بەرزە کرییّن گەلیّ کورد ل سوریێ دکر، د ئەنجامدا کارکەرێن رۆژنامیّ و هندەك خواندەڤان و پویتە پێکەرێن وێ توشی دیڤچوون و زیندان و ئەشکەنەدانیّ بوون.

هەتا سالا ١٩٦٦ (**دەنگیّ کورد**) یا بەردەوام بوو، پاشتر و ژئەنجامیّ دوبەرەکیا ناڤبەرا ڤیّ پارتییّ ناڤیّ وێ بۆ (**دیموکراتی**) هاتە گوهرین وهەتا نهو رۆژنامە (**دیمۆکراتی –الديمقراطي**) یا بەردەوامە و بەلاڤوکەکا نیڤ هەیڤانەیە و ب ناڤیّ پارتیا دیموکراتا پێشڤەرۆیا کوردی ل سوریا دهێتە بەلاڤکرن و خواندەڤان دناڤ رۆپەلێن وێدا ئاگەهداری کاودانیّ کوردان و پێدڤی و خەم وئازارێن وان ل سوریێ و پارچێن دیێن کوردستانیّ دبیت، زێدەباری بەرچاڤکرنا چەندین رویدانێن جیهانییّن گرنگ، هەموو ئەڤ بابەتە ژی دهاتنە ڤەکولین و شروڤەکرن ب بۆچوونەکا کوردی یا وەسان دگەل بەرژەوەندیا بلندا کوردێن سوریێ بگونجن.

زێدەباری ڤان بەلاڤو کان چەندین رۆژنامێن[1] دی یێن کوردان ل سوریێ هەنە کو سەرب پارتێن کوردییّن سوریێڤە نە، هەر ئێك ژ وان پارتان رۆژنامەکیّ وەگ ئورگان بەلاڤ دکەت، ژوانا رۆژناما (**هەڤگرتن–الوحدە**) ئورگانیّ هەیڤانەییّ پارتیا هەڤگرتنا دیموکراتیا کوردی ل سوریێ، رۆژنامە (**التحالف**) ئورگانیّ هەڤپەیمانیا دیموکراتیا کوردی ل سوریێ کو ژچوار پارتێن کوردی پێکهاتیە، رۆژناما (**بەرە–الجبهة**) ئەوا ژ ئالیێ بەرەیا دیموکراتیا کوردی ل سوریێ دهێتە وەشاندن و ئەڤ بەرە ژی ژچوار پارتێن کوردی یێن سوریی پێکهاتیە، زێدەباری رۆژنامێن (**طريق اليسار**)، و(**طريق الشعب**) و(**اتحاد الشعب**) وگەلەکێن دی، بەلێ گازندا ژڤان رۆژنامان دهێتە کرن هەموو سەرب پارتییّن کوردی ڤەنە و ئەڤ پارتە دراڤی ژێرا دمەزێخن ب بەلاڤکرنا وان رادبن.

چنکو رۆژنامەڤانیا کوردی مینا رەوشەنبیریا کوردی ل دەولەتا سوریێ نەیا دەستویردایە و هەتا نهو دەستەلاتداریا سوریێ باوەریێ ب بوونا گەلیّ کورد ل ڤی وەلاتی نائینیت، کو دووەمین مەزنترین گەلە ل سوریێ. لەوما ژی هەتا نهو رۆژنامەڤانیا کوردی ل ڤی وەلاتی ژئالیێ تەکنەلوجیا چاپێڤە هێژ یا ل دەسپێکێ وب ئاوایەکیّ نهێنی ژ ئالیێ کادرێن پارتان دهێتە بەلاڤکرن ژبەر کو ل ژێر سیبەرا کاودان وياسایێ تەنگاڤیان کو ل ڤی وەلاتی کاردکەن بەلاڤکرنا ڤان رۆژنامان ل ڤی وەلاتی قەدەغەیە.

سەرەرای ڤیّ چەندیّ هەمیّ ژی رۆژنامەڤانیا کوردی ل سوریێ مینا خەلکەکیّ دی مفا ژ دەسکەفتییّن زانستییّن جیهانگیریێ وەرگرتیە و ل سەر تورا ئەنتەرنێتیّ ل سەرانسەری جیهانیّ دهێتە بەلاڤکرن وپرانیا رۆژنامێن کوردی جهێن خوە ل سەر تورا ئەنتەرنێتیّ هەنە و ب ڤیّ چەندیّ ژی ژویّ دوورپێچییّ وکاودانیّ بەرتەنگ یێ تێدا دژیت دەربازبوویە وب بەرفەرە بەلاڤدبیت.

بەلێ رۆژنامەڤانیا کوردییا سەربەخو ئەم دکارێن بێژین ل سەر گوهرپانا سیاسی و راگەهاندنا سیاسی یا کوردی ل سوریێ د رێزا نەبوونێدایە، ئەڤە ژی ژبەر وێ سیاسەتا دژوار حکومەتا وی وەلاتی بەرامبەر

كوردان نەمازە تەخا رەوشەنبيران گرتيە بەر، چنكو رەوشەنبيرێن كوردێن سوريێ دو رێك ل بەر سنگێ وانن ئێك ژ يادى تەحلترە، يان دێ بدەستێ بێكارێ ڤەنالن، يان ژى دێ ژ نەچارى بەرەف مشەختيێ چن، ب هەردو رەنگان دێ ژگێرانا رۆلێ خوەيێ پێشەنگ بێ بەهر بن.

هەروەسا هندەك گۆڤارێن كوردى ل سوريێ هەنە ژ ئاليێ پارت وريكخراوێن كوردى ڤە دەينە وەشاندن، يا ژەمووياں بەرچاڤتر گۆڤارا (**المثقف التقدمى**) يا وەرزيە ژئاليێ پارتيا ديموكراتا پێشڤەرۆيا كوردى ل سوريێ ب زمانێ عەرەبى دەيتە بەلاڤكرن، زێدەبارى ئەركێ خوە ئەڤ گۆڤارە چەندين سمينارێن رەوشەنبيرى وهزرى بۆ ناڤدارترين نڤيسكار وهزرڤانێن كورد وعەرەب وييێن دى هەرجارێ ل باژێرەكى كوردى ويێن دى يێن سوريێ دگێريت وپاشتر ژى بابەتێ سمينارێ ل سەربەرپەرێن گۆڤارێ دەينە بەلاڤكرن، وئەڤ چالاكيا رەوشەنبيريا دەورى رەنگە چالاكيا ئێكانەيە ل سەر گورەپانا رەوشەنبيرى و راگەهاندنا كوردى ل سوريێ دەيتە كرن.

هندەك گۆڤارێن دى يێن عەرەبى ل سوريێ ژئاليێن پارتێن كوردىڤە دەينە بەلاڤكرن، ژ وانا گۆڤارا (**الحوار**) يا ناڤدار ل سەر گورەپانا كوردىيا سوريێ كو ژئاليێ پارتيا هەڤگرتنا ديموكراتيا كوردى ل سوريێ ب رەنگەگێ وەرزى دەيتە وەشاندن، هەروەسان گۆڤارێن (**أدب القچيه**) و(**گريق اليسار**) و(**الڤجراس**) زێدەبارى گۆڤارا (**ژين – الحياه**) ژئاليێ پارتيا ديموكراتا كوردى ل سوريێ (**پارتى**) ب زمانێن كوردى وعەرەبى دەيتە وەشاندن وگرنگيێ ددەتە بابەتێن ئەدەبى وئەفراندنێ وڕەوشەنبيريا كوردى.

ژبلى يێن مە ئاماژە پێكرى هندەك گۆڤارێن دىيێن كوردى ل سوريێ دهاتنە بەلاڤكرن يان دەينە بەلاڤكرن ژوانا:

١- **گۆڤارا گولستان**: ژئاليێ هۆزانڤانێ ناڤدار (**جەگەر خوين**) ڤە سەرپەرشتى لێ دهاتە كرن، هژمارا وێ يا ئێكێ ل نيسانا ١٩٦٨ هاتيە وەشاندن، پارتيا ديموكراتا پێشڤەرۆيا كوردى ل سوريێ پێدڤيێن وێ دابيندكرن وژبەركو گۆڤارەكا نە موڵەتداى بوو ئەندام وكادرێن ڤێ پارتێ ب ئەركێ بەلاڤكرنا وێ ب رەنگەكێ نهێنى رادبوون[٢].

٢- **گۆڤارا بهار**: ژئاليێ هەڤپەيمانيا ديموكراتيا كوردى ل سوريێ دهێتە وەشاندن و هژمارەكا نڤيسكارو تۆرەڤانێن راسپاردى ژ ئاليێ حزبێن ڤێ هەڤپەيمانيێ ڤە دهێتە سەرپەرشتيكرن و يەكەم هژمارا وێ ل سالا ١٩٩٤ هاتيە بەلاڤكرن، بچاپەكا جوان وهەژى[٣].

٣- **گۆڤارا گورزەك گول**: يەكەمين گۆڤارا سەربەخويە يەكەمين هژمارا وێ ل ئادارا ١٩٨٩ ژ ئاليێ نڤيسكاران كونێ ڕەش وعەبدولباقى حوسێنى هاتە وەشاندن، گۆڤارەكا رەوشەنبيريا كوردى بوو پويتە ددا ئەدەب ورەوشەنبيرى وفولكلۆرێ كوردى[٤].

٤- **گۆڤارا زانين**: يەكەمين گۆڤارا كوردىيا سوريێيە ب بەرفرەه دهێتە بەلاڤكرن و ب تيراژەكا زور ل چاپخانێ و ب دەرهێنانەكا سپەهى وناڤەرۆكەكێ دەولەمەند وهەمەرەنگ دهێتە چاپكرن. يەكەمين هژمارا وێ ل تيرمەها ١٩٩١ێ هاتيە وەشاندن، نڤيسكارو رۆژنامەڤانێ كوردێ سوريێ فەرهاد چەلەبى نڤيسكارى وسەرپەرشتيا وێ دكر وچاپ وبەلاڤكر، ڤێ گۆڤارێ پويتە ب رەوشەنبيرى وئەدەب ووەرگێران وبەرهەمێن ئەفراندنێن كوردى دكر ول ڤێ داويێ ب رەنگەكێ بەرچاڤ بەرەف پێش دچوو وب بەرفرەهى دەربرين ژ كەتوارێ ئەدەبى ورەوشەنبيريێ كوردێن سوريێ دكر، بەلێ ئەڤ گۆڤارە پشتى ١٢ هژمار ژێ هاتينە بەلاڤكرن ل سالا ١٩٩٧ ل ديڤ بريارا هەڤپەيمانيا ديموكراتيا كوردى ل سوريێ هاتە راوەستاندن[٥].

ژبلى يێن مە ئاماژە پێكرى گورەپانا رەوشەنبيرى و رۆژنامەڤانى ل سوريێ دقوناغێن چوييدا چەندين گۆڤارێن دى هەمبێزكرن وەك گۆڤارا (**ئاسو**) يا تايبەت ب ئەفراندنێن رەوشەنبيرێن كورد، گۆڤارا (**پرس**)، گۆڤارا (**رۆژدا**)، گۆڤارا (**نەوروز**)، گۆڤارا (**رەنگ**) ورۆژنامێن (**هيڤى**)يا قوتابيان، (بەلاڤ)، (**رۆژ**)، (**المنتدى**)و يێن دى[٦].

ل داويێ پێدڤيە بێژم رۆژنامەڤانى ژ دەسپێكا ژيێ خوەڤە نيڤا دووێ وتەمامكەرا خەباتا گەلان نەمازە

گەلێن ژێردەست بوویە، ب ڤی ئاوایی رۆژنامەڤانیا ئازاد وەك سەکویەکێ مایە دەربرینێ ژ بیرو بۆچوون وبیروبۆچوونێن دیتر، ودوزێن رەواییّن گەلێن بەلەنگاز دکەت، هەروەسان رۆژنامەڤانیا ئازاد دچەندین واریّن دندا نەمازە ڤەکرنا چەندین پرسگرێکێن ئاسیّ یێن مللەتاندا سەرکەفتیانە رۆلێ خوە گێرایە زێدەباری رۆلێ وێ یێ گرنگ دپروسێسا پێشڤەبرنێدا، ئەڤە وکەسەك نکاریت حاشایێ ژ رۆلێ رۆژنامەڤانیێ دئاشکراکرنا ستەم وزۆرداریێن حوکمدارێن دکتاتوردا دگەل گەلێن ژێردەستێ وان بکەت.

هەروەسان رۆژنامەڤانیێ رۆلەکێ بنیات ژ بۆ پێگەهاندنا هەستا نەتەوایەتی وبەلاڤکرنا گیانێ برایینی وئاشتیخوازیێ وپەسنێن مرۆڤایەتیێ یێن بلند ل جەم گەلێن جیهانێ گێرایە، گەلێ کورد ژی خوشبەختانە ل داویا سەد سالیا نوزدێ ودەسپێکا بیستێ درێکا مالباتا بەدرخانیان یا پێشەنگ دا ل قاهیرە وئەستەنبۆلێ وشامێ وبەیروتێ وباژێرو پایتەختێن دیێن جیهانێ دگەل رۆژنامەڤانیێ ئاشنا بوویە وڤێ دەسپێکا ئاشنابوونێ ژی کاریگەریەك مەزن دژیانا وی داگێرایە وبووبە فاکتەرەکێ ب هێزێ کومکرنا پێکهاتا گەلێ کورد وجڤاندنا فولکلورو کەلتورو رەوشەنبیریا وی ورەوشتێن دن یێن یێ ژگەلێن دی یێن دەڤەرێ دهێتە جوداکرن.

دئەنجامدا و پاشتر رۆژنامەڤانیا کوردی ل سوریێ بوویە فاکتەرەکێ گرنگێ پێگەهاندنا هەستا نەتەوایەتی ل جەم گەلێ کورد ل سوریێ وناسناما وی‌یا نەتەوایەتی دایە نیاسین هەتا گەهشتیە قوناغا دامەزراندنا پارتیا دیموکراتا کوردی ل سوریێ ل نیڤا دووێ یا سالێن پێنجییان ژ سەدسالیا چوویی، پشتی وێ ژی قوناغەکا دی یا کاریّ رۆژنامەڤانیێ و سەرەدەریەکا نوو دگەل هەستا نەتەوایەتیا کوردی دەسپێکریە ودڤێ قوناغێدا رۆژنامەڤانیا حزبی سەرەرایی کاودانێ وێ یێ دژوار وکێماسیێن وێ وئاستەنگێن دکەڤنە درێکا پێشکەتن و وەرارا وێدا، رۆلەکێ گرنگ درابوونا هشیاریا نەتەوایەتی ورەوشەنبیری ودیموکراتی دهندرێ گەلێ کورد ل سوریێ بگێریت.

ژێدەر:

١- موجز عن مسيرة الصحافة الكردية في الجزء الغربي، سوريا.. عبدالقادر بدرالدين.

٢- صحيفة (Jin) الناطقة باسم اللجنة المنطقية للحزب الاشتراكي الكردي في سوريا، آب، ١٩٩١.

٣- مجلة المثقف التقدمي، العدد ١٨، آذار، ٢٠٠٠.

٤- جريدة الوحدة الناطقة باسم حزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا، العدد، ١١٣، تشرين الثاني ٢٠٠٢.

٥- نهضة الأكراد الثقافية والقومية، جليلي جليل.

٦- حول الصحافة الكردية، د. عز الدين مصطفى رسول.

پەراوێزێن وەرگێر:

١- تەڤایی ئەڤ بەلاڤۆکێن ژئالیێ پارتێن کوردی یێن سوریێ دهاتنە بەلاڤکرن بەلاڤۆکن نەك رۆژنامە وەك نڤیسکاری د دەڤێ عەرەبیدا ب رۆژنامە (صحیفە والصحف) ناڤکرین وهەموو پەسنێن بەلاڤۆکان ژێدگرن، بەلێ دوەرگێرانێدا مەپێگیری ب دەڤی کریە ب رۆژنامە ناڤکرینە.

٢- ژ نیسانا ١٩٦٨-١٩٩٦ هەشت ژمارێن ژڤێ گۆڤارێ ب قەبارێ ٣٢×٢٠سم هاتینە وەشاندن.

٣- بهار: گۆڤارەکا رەوشەنبیری فولکلوری بوویە، هژمارا وێ یا چوارێ وداویێ ل سالا ١٩٩٧ هاتیە وەشاندن.

٤- تنێ ١٥ هژمار ژڤێ گۆڤارێ هاتینە وەشاندن، هژمارا وێ یا داویێ ل بهارا ١٩٩٢ هاتیە وەشاندن.

٥- ل دیڤ گۆتارا نڤیسکار عەبدولقادر بەدرەدین تنێ ٢١ هژمار ژڤێ گۆڤارێ هاتینە وەشاندن.

٦- نڤیسکاری دڤی بابەتیدا ئاماژە ب چەندین گۆڤارێن دی نەکریە مینا:

- گەلاوێژ ١٩٧٩ - ١٩٩٦.
- ستێر ١٩٨٣ - ١٩٩٤.
- خوناڤ ١٩٨٦ - ١٩٩٥.
- رۆهلات ١٩٧٨ - ١٩٨٢.

دگەل چەند بەلاڤۆك و رۆژنامێن دن یێن سیاسی و قوتابیان. بۆ پتر پێزانینان دەربارەی ڤان گۆڤار و رۆژنامان بنێرە:

عبدالقادر بدرالدین، لمحات من تاریخ الصحافة الكردية في سوريا، مجلة دهوك العدد ٣ نيسان ١٩٩٨.

*** ئەڤ گۆتارە ژوان بابەتانە یێن بۆ ڤیستەڤالا بەدرخان ل سلێمانیێ ٢٢-٢٣ نیسانا ٢٠٠٤ هاتینە پێشکەشکرن، ل دیڤ داخازا دەستەکا گۆڤاریّ ژ زمانێ عەرەبی هاتیە وەرگێران بۆ گۆڤارا (رۆژنامەنووس).**

وەرگێڕ

وەرگێڕانی: مسەدەق تۆفی

ئەرشیفێ رۆژنامەڤانی*

ئیسماعیل بادی**

بابەتێ پێزانین و بەلگەنامەیێن رۆژنامەڤانیێ، ژ بابەتێن گەلەك گرنگن دجهانا رۆژنامەڤانیێ و راگەهاندنێ دا.

هەر دەزگایەکێ هەبیت چ رۆژنامەڤانیی، یان راگەهاندن ژ رادیۆ و تێلەفزیۆنان، ئەرشیفەك هەیە و بابەتێن وان (نڤیسار و کاسێتێن دەنگی وبەلگەنامەو خاریتە و ئەتلەس و وێنەو ...) تێدا دهێنە پاراستن. دهەر هەلکەفت و نڤیسینەکێ دا دبیت نڤیسەر پێدڤی ببیتێ و دڤێت ریکێن ب سانا هی هەبن کو ژ وی ئەو تشتێ پێدڤی بەردەست ب بیت.

چنکی هەمی پێزانین دمەژیێ وی رۆژنامەڤانی دا ناهێنە تۆمار کرن و پێدڤی یە لێزڤرینێ دهندەك بابەتاندا بکەت، ژبلی وێنەو خاریتەو بەلگەنامەیان.

ژ بەر هندێ پێدڤی یە، گەلەك پێزانینان کۆم بکەت و ل جهەکی ب پارێزیت، دا کو ل دەمێ پێدڤی دبیتێ، د بەردەست بن.

-دەزگایێن مە بۆ ئەرشیفی چ کرییە؟

جهێ داخێ یە هەتا نوکە دەزگایێن مە، پویتەکێ باش نەدایە لایەنێ کۆمکرنا پێزانینان کو د جهەکێ دا بهێنە پاراستن. کەڤ تشتێ هەی ل هەر دەزگایەکی ب نافێ ئەرشیفی، تشتەکێ گەلەك کێمە و چ جاران نەشیایە پێدڤێ بێن رۆژنامەنڤیس دابین ب کەت.

بابەتێ مە سێ زاراڤان ب خوڤە دگریت، ئەو ژی ئەڤەنە:

١-ئەرشیف.

٢-بەلگەنامە.

٣-پێزانینێن رۆژنامەڤانی.

-ئەرشیف:

دهێتە ب کار ئینان بۆ پشکا کاغەز و نڤیسینێن دهێنە هەلگرتن ل فەرمانگەهێن حکومی و نەحکومی. هندەك ژی بۆ بەلگەنامەیێن دیرۆکی بکار دئینن. هندەکێن دیتر ژی بۆ ئەرشیفێ رادیۆ و تێلەفزیۆنا و دائیران دهژمێرن.

پەیڤا ئەرشیف ژ پەیڤا بیانی **Archives** کو ب هەر دوو زمانێن فەرەنسی و ئنگلیزی واتەیا کۆمەکا بەلگەنامەیێن گشتی ددەت و پەیوەندی ب هەر دەزگایەکێ ڕێڤەبەری ڤە هەیە.

پەیڤا ئەرشیف ژ پەیڤا یۆنانی **Archeion** هاتیە وەرگرتن، کو واتەیا پەرتۆکان ددەت، هەروەسا ژ پەیڤا لاتینی **Archivum** ئانکویا وێ کاغەزان ددەت هاتیە وەرگرتن، دهەمی زمان دا مەرەم ژێ هەر نڤیسین و کاغەزن.

-بەلگەنامە:

پەیڤا بەلگەنامە (**دکیۆمێنت**) ژ وان زاراڤێن نوی یە یێن زانستی، هاتیە ناڤ جیهانا پێزانینداندا، ئەڤ زاراڤە **Documentation** چوویە دناڤ تێگەهێن زانستێن پەرتوکخانا و پێزانینان دا، زێدەباری هەمی یێن دی پێڤە دگرێدایی و هەتا ل دوومامیێ هەر ئێکێ ل دوویڤ پێدڤیا خو، سەربەخۆیا خو هەلبژاردتن، ئەڤ زاراڤە، چەند پێناسا ب خوڤە دگریت، وەك:

١-دکیۆمێنتکرنا وەك جۆرێ بیبلۆگرافیایێ بکار دهێت. یان ژی پۆلینکرنا ناڤەرۆکا هندەك بابەتان، وەك چەوان پەرتووکخانەکێ ل سەر بابەتێن ژێك جودا پۆلین بکەی.

٢-دکیۆمێنتکرن و تۆمارکرن و هێما کرن و بەلاڤکرنا ب رەنگەکێ تەڤایی، ب هاریکاریا رێکێن نوی ژ وێنەکرنێ یا بچویك و سادە کو دبێژنێ (مایکرۆ فیلم) ئەڤە ژی نوکە گەڤن بوویە و رێکێن ب سانا هی تر دەرکەڤتینە.

٣-دکیۆمێنتکرن هونەرەکە بۆ بکار ئینانا پێزانینان ێن دام و دەزگایێن دەولەتێ ب رێکا پێشکێشکرن و کۆپیکرنا و بەلاڤکرن و کۆمکرن و هەلگرتنا وان و ب

سەروبەرکرنا وان و زڤراندنا وان جارەکا دی تر بۆ جهێ وان یێ بەرێ.

- پێزانینێن رۆژنامەڤانی:

پێزانینێن رۆژنامەڤانی، پێکهاتی یە ژ بابەتێن رەوشەنبیری و رۆژنامەڤانی، ژ وان پارچە و بەرپەرێن ژ رۆژنامە و کۆڤارانڤە دهێنە ژێڤە کرن و هەلگرتن، هەروەسا بەلاڤۆک و ژێدەر و وێنە و بابەتێن دیتن و گوهلێبونێ (مرئیة و سمعیة)، ئەڤێن کو دهێنە پاراستن و مرۆڤ دشێت ب سانا هی لێ بزڤریت.

ئەڤ بابەتە دبیاڤێ رۆژنامەڤانی و راگەهاندنێ دا، پتر مفایێ خو هەیەو بۆ نڤیسینا هەر ریپورتاژەکی، دبیت نڤیسەر و بەرهەڤکەرێن وی بابەتی پێدڤی ببنێ.

-ئەرشیف د میژوویێ دا:

سالا ١٦٠٠ێ زایینی بۆ جارا ئێکێ د زمانی ئینگلیزیدا پەیڤا (ئەرکایڤز) هاتە ب کار ئینان. هەروەسا ئەرشیفێ نەتەوی یێ فەرەنسی ل سالا ١٧٨٩ێ هاتە دامەزراندن و ئەڤ پەیڤە (ئەرشیف) ل سەر دانا. کو ئەڤە ژی دبیتە ئێکەمین دەزگەها ئەرشیفی هاتیە دامەزراندن و پاشی ل سالا ١٧٩٦ێ بنگەهێ (ئەرشیفێن هەرێمی) هاتە دامەزراندن.

ل سالا ١٨٤٠ یاسایەکا بنیاتی یا ئەرشیفی هاتە دانان و هەتا نوکە ژی، ژ بلی چەند گهورێنەکێن کێم، هەر دهێتە بکار ئینان کو مەبەستا سەرەکی دڤێ یاسایێ دا، ئەوە **"رێز ل کۆمەلێن بەلگەنامەیان ب هێتە گرتن"**.

-ئەرشیف د سەردەمێن کەڤن دا:

د شارستانیەتا کەڤن دا یا رۆژهەلاتی و ل سەردەمێ ئەفریقی و رومانا دا ژی، ئەرشیف هەبوویە، هەروەسا دهێتە زانین کو نهالا دناڤبەرا دوو روباراندا، وەلاتێ ئێکێ بوویە نڤیسین لێ هاتیە کرن و ب رێیا وێنەکرنێ نڤیسینێن خو دپاراستن. ئەڤە ژی درڤرێتە نیڤا دووێ ژ چەرخێ وەرکاء (اوروك) نێزیکی ٣٥٠٠ سالا بەری زایینی.

دیسان د سەردەمێ ئەغریقیا دا نڤیسین ل پەرستگەهادا هاتینە پاراست، هەروەسا بۆ جارا ئێکێ ل وان پەرستەگەهادا بەلگەنامەیێن نڤیسی و بابەتێن ئەرشیفی ژێك هاتنە جودا کرن.

بەلێ دسەردەمێ رومانیادا ئەرشیف پتر پێشکەفت و شێوازێ هەلگرتنێبەرفەرهتر لێ هات ژ بەر بارێ ئێمناهیێ، هەمی ل جهەکی کوم کرن دا کو بشێن ب پاریزن و زێرەڤانیێ لێ ب کەن، ل شوینا هەر هندەك نڤیساران ل جهەکی بپاریزن.

- جڤاتێن ئەرشیفی:

د درێژیا دیرۆکا رۆژنامەڤانیێ و کارێ رەوشەنبیری دا، گەلەك جڤات و کۆمەلّە هاتینە پێك ئینان. ب کورتی ئەڤە هندەك ژ وان جڤاتانە:

١- جڤاتا دەولی یا ئەرشیفی:

سالا ١٩٤٥ێ، کۆنگرەکێ دەولی ل لەندەن هاتە پێك ئینان ژ بۆ دامەزراندنا رێکخراوا یونکسۆ، ئەڤ جڤاتە پشکەکە ژ ڤێ رێکخراوێ و دهێتە نیا سین ب ناڤێ (ئایکا).

دناڤبەرا هەردوو جەنگێن جیهانێ یێن ئێکێ و دووێ دا ل سالێن ١٩١٤-١٩١٨ و ١٩٣٩-١٩٤٥ێ جڤاتا یونسکۆ رابوو ب دانانا لیژنەکێ یا پێکهاتی ژ وان کەسێن کارێ ئەرشیفی دکرو وان رابەرەك (دلیل) ل سالا ١٩٣٤ێ بەلاڤکربوو.

ئەڤ رابەرە، هێدی هێدی کار ل سەر هاتە کرن و ل سالا ١٩٤٥ێ چەندین خالێن نوی ل دۆر چەوانیا پاراستنا ئەرشیفی دەستنیشانکرن.

٢- لقێ هەرێمی یێ عەرەبی ژ جڤاتا ئەرشیفێ جیهانی:

ئەڤ لقە ب ناڤێ (ئاربیکا) هاتیە نیاسین و ل سالا ١٩٧١ێ ل باژێرێ بەغدا کۆنگرێ خو گرێدایە و ئەو بخو پشکەك بوویە ژ جڤاتا جیهانێ.

- رێکخراوێن دەولی بێن ئەرشیفی:

١- پەیمانگەها دەولی یا هاریکاریا هزری:

پشی جەنگا جیهانیا ئێکێ، ل سالا ١٩٢٣ێ ل پاریس ب چاڤدێریا کۆمبەستا گەلان (عصبة الأمم)، ئەڤ پەیمانگەها دەست ب دانانا لیژنەیەکێ کر ژ کەسێن ئەرشیفی یا پێکهاتی بوو، کارێ رابەرێ جهێن دکیۆمێنتکری ژێرا سپارد و ل سالا ١٩٣٤ێ ئەڤ رابەرە دەرکەفت.

٢- جڤاتا دەولی یا دکیۆمێنتکری:

ل سالا ١٩٥٠ێ هاتە دامەزراندن، یاسایەکا تایبەت دەرێخست و ل سالا ١٩٧٦ێ هندەك گهورینێن دی ل سەر کرن.

- جۆرێن ئەرشیفی:

ئەرشیفی وەك کارەکێ پێزانینی، گەلەك بابەتان ب خوڤە ڤە دگریت و ل سەر چەند جۆرەکا دهێتە دابەشکرن یێن ژ هەمیان بەربلاڤتر:

١–ئەرشیفێ میژوویی.
٢–ئەرشیفێ یاسایی.
٣–ئەرشیفێ سیاسی.
٤–ئەرشیفێ کارگێڕی.
٥–ئەرشیفێ ئەدەب و هونەری.
٦–ئەرشیفێ لەشکری.
٧–ئەرشیفێ دام و دەزگەهێن ئایینی.
٨–ئەرشیفێ نەهێنی.
٩–ئەرشیفێ خاریتەو ئەتلەسان.
١٠–ئەرشیفێ مور و ئارم و پاران.

- ئەرشیفێ رۆژنامەڤانی ژ چ پێك دهێت:

هەر ئەرشیفەکی تایبەتمەندیا خو هەیە، ژ بەر هندێ هەمی ئەرشیف وەکهەڤی ئێك نین و هەر ئێك ب رەنگەکی دهێنە پاراستن لدویڤ جورێ وی.

ئەرشیفێن رۆژنامەڤانی، بارا پتر ژ ئەڤان بابەتان پێك دهێت:

١–کۆمەکا پارچەیێن کاغەزا و بەرپەرێن رۆژنامەو کۆڤاران، ژ بلی کو رۆژنامە یان کۆڤار هژمار لدویڤ هژمارێ بهێتە هەلگرتن وبەرگکرن.
٢–کو مێن وێنەیێن فوتوگرافی.
٣–کۆڤارا رۆژنامە هژمار لدویڤ هژمارێ.
٤–دەنگ و رەنگ (گوهلێبوون و دیتن)، مەرەم پێ کاسێتێن ریکۆردەرێ و ڤیدیۆیێ نە.
٥–خاریتە و ئەتلەس.
٦–بەلاڤۆك و رابەر و کارتێن کەسایەتیان (ژیاننامە).
٧–فەرهەنگ و بیبلۆگرافیا و ئەنسکلۆپیدیا و پەرتوکێن ئاماریێ.
٨–مایکرۆ فیلم/ تەکنیکا نوی ل سالێن حەفتیان یا هەلگرتنێ، ئانکو وێنەکرن ل سەر فلمێن تایبەت.
٩–دیسك (Disk) و (CD)سی دی.

هەر ئێك ژ ئەڤان خالان، گرنگیا خو هەیە و رێکێن تایبەت بێن پاراستنا خوهەنە.

–چەوان دێ پارێزین، یان بێژین دێ ئەرشیف کەین. بۆ باشتر روهنکرنا هەر رێیەکێ، کو گەلەك نڤیسین پێ دڤیت کا هەر خالەکێ، دێ چەوان وان بابەتان هەلگرین، پێدڤی ب راڤەکرنا درێژە، ژ بەر هندێ گەلەك ب کورتی دێ وێنەیان و هەلگرتنا وان کەینە نموونە.

وێنەیێن قەبارە پۆستکارت لدویڤ پۆلێنکرنا (دیوی العشري) کو زانایێ ئێکێ یە سیستەمێ ئەرشیفکرنا پەرتوکان دانای، بڤی رەنگ دەست نیشانکری یە.

هژمارا ٩٢ بۆ دانایەو هژمارێن بەری وێ بۆ هندەك بابەت و روهنکرنێن دیتر چونیە–ژهەر پیتەکا ئەبجەدی، لێ هەکە ناڤەك دوجاران دووبارە بوو هەر جارەکێ بۆ کەسەکی یە و کارێ وان ژێك دویرە، بۆ هەلگرتنێ دو رێکێن هەین.

١–هژمارەکێ ل سەر (٩٢) زێدە بکە و ژ هژمارا (١) دێ دەست پێ کەت و چەند ناڤێن وەك ئێك هەبن هژمارا دێ لدویڤ ئێك چیت وەك: ٩٢/١ ، ٢/[١] ٩٢ ، ٣/[٢] ٩٢، و ناڤ دێ دگەل دا هێتە نڤیسین.

٢–یان ژی کارێ وی چی یە ل بەرامبەر ناڤێ د ناڤبەرا دو کڤانا دا ( ) دێ نڤیسی، بۆ نموونە:

ناڤێ (محمد عارف) مە هەیە.

١–محمد عارف (سترانبێژ).
٢–محمد عارف (شێوەکار).

- پەیڤا دوماهیێ:

بۆ لدویڤچوونا بابەتی. هژمارەکا زۆرا رێکێن دیتر هەنە، لێ یا ژ هەمیان ب سانا هی تر، بەڤ شێوەیە و چەند دەزگەهێ یێ مەزن بیت، ئاشکرایە ئەرشیف بەرفرەهتر دبیت رێکێن بەرفرەهتر پێ دڤێن.

هەروەسا ژ بیر نەکەین، بۆ ڤی کاری ژی، ژوورەکا مەزن و تەی دولاب و رەف و مێزە و رونامی و سار و گەرم وپێ دڤێت، ژ بلی کارمەندێن شارەزا دهەمی بیاڤاندا و پێزانینێن باش هەبن، ئانکو خودان رەوشنبیریەکا باش بیت.

ژێدەر:

بۆ نڤیسینا ڤی بابەتی، مفا ژ گەلك ژێدەران، ژ پەرتووك و کۆڤار و رۆژنامان هاتیە وەرگرتن، بەلێ بارا پتر ئەڤ پەرتوکە بوونە هێڤێنێ ڤێ نڤیسنێ:

١–ف.فریزر بوند: مدخل الی الصحافة/ ترجمة: راجی صهیون/ مراجعة: ابراهیم داغر/ بیروت – ١٩٦٤.

٢–عامر ابراهیم الالقندیلجی، نزار محمد علی قاسم، زاهدة ابراهیم محمد آغا/ المعلومات الصحیفة و تنظیمها–الارشیف الصحفی/ بغداد–١٩٧٨.

٣–سالم عبود الآلوسی، محمد محبوب مالك: الارشیف–تاریخه، اصنافه، ادارته/ بغداد–١٩٧٩.

٤–عامر ابراهیم القندیلجی: المعلومات الصحیفة و توثیقها/ بغداد–١٩٨١.

٥–الدکتور محمد قبیسی: علم التوثیق و التقنیة الحدیثة/ بیروت–١٩٨٢.

*ئەڤ بابەتەوەك سمینار ل خولەکا رۆژنامەڤانی ل لقێ دهۆك سالا ٢٠٠٤ هاتە پێشکێشکرن.

**سکرتێرێ لقێ دهۆك یێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ.

نووسەرو رۆژنامەنووسی ناوداری تورکمانی

عەتا ترزی باشی



ئیسماعیل عەلی

هەوالنامەی کتێب

لە رۆشنبیری تورکمانی هاوچەرخ دا گەلێ کەسایەتی هەن، کە رۆلێکی بەرچاوو گرنگیان بینیوە لە پێشخستنی ئەو رۆشنبیرییە، یەکێ لە دیارترین ئەو کەسایەتیانەش (عەتا ترزی باشی)یە کە بەشێکی زۆری ژیانی لە خزمەتی رۆشنبیری توکرمانیدا خستۆتە گەڕو هەمیشە رێزیشی لە قەڵەمەکەی خۆی گرتووە، کەسێك بووە کە بڕوای بە ئازادی مرۆڤ هەبووە، ئەم بڕوایەی لەو پەیامەدا خستۆتەگەڕ کە ئەو لەژیانی رۆشنبیری و ژیانی تایبەتی خۆیدا بەرحەستە کردووە،بۆیە بەپێی بۆ چوونی لێکۆلەرەوە عەرەبی و تورکمانەکان عەتا ترزی شوێنێکی دیاری خۆی هەیە لە کۆمەڵ و لە میژوی رۆشنبیری تورکمانیدا، لەوانەش پرۆفیسۆر شوکری الجین و حیکمەت دزدار ـ ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری زمانی تورکی لە ئەنقەرەو دکتۆر غەزنفەر یاشاییف کە دەڵێ: عەتا ترزی باشی لەو پسپۆرانەی بواری زمان و ئەدەب و زانستی مرۆڤایەتیە، کە لەو قۆناغی سەرەتاییدا نووسینەکانی خۆی نوسیووە.

لە ساڵی ١٩٥٠ـ شەوە کۆمەڵگەی ئەدەبی زۆر بە دیقەتەوە دەڕوانێتە توانا زانستی ورۆشنبیرییەکانی ئەو پیاوە، بۆیە وەك ئەندامێکی فەخری کۆڕی زانیاری زمانی تورکی لە ئەنقەرە، چونکە عەتا ترزی دەستپێکی بالای هەبووە، لە زمانزانی و زانستی فۆلکلۆر و لەبواری رۆژنامەنووسی و رخنەدا ..

عەتا ترزی کەوتۆتە نێوان ئەدەب و زانست و یاساو مێژوو، لە نێوان فۆلکلۆر و زماندا، لە هەموو ئەم بوارانەدا ئەزموونی بەرچاوی خۆی هەبووە.

عەتا ترزی لە بواری رۆژنامەنووسیدا لەهەردوو رۆژنامەی (الافاق) و (البشیر) دا کە لە پەناجاکاندا لە کەرکوك دەردەچوون کاری کردووە، وێڕای ئەوەی چەندین لە وتارەکانی لە گۆڤارە عەرەبیەکانی وەکو (الرساله المصریه) و (ئەدیب) ی لبنانی و (حدیث)ی سوری و زۆر لە رۆژنامە عێراقیەکاندا بلاوکردۆتەوە لەوانەش (الاقلام، المکتبه، التضامن الثقافة الحدیثة، اخبار المساء، الشعب، العمل، کرکوك، السیاسه، الایام، البلد) .

هەروەها هاوکاری گۆڤارە تورکیەکانی وەکو (تورک دیلی، هونەر تورکی. زمانی تورکی، تورک صنعتی، تورک یوردی، تورک کولتووری) کردووە، بە چەندین لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل پەیوەست بە زمان و ئەدەب و مێژوو.



عەتا تەرزی باشی

عەتا تەرزی- مەعریفەیەکی مرۆیی تێروتەسەلی هەبووە، کە پەیوەست بووە بە زەمینەی تاکی هاوچاخ، لە هەمان کاتدا ئەو پیاوە دەوڵەمەندە لە رۆشنبیری گەنجینەیەکی لە کولتوورو کەلەپووری تورکمانی و فۆلکلۆرەکەی داهێناوە، توانیویەتی وێنەیەکی جوانی ئەدەبی مللی بەهەموو لایەنە هونەرییەکانیەوە ببەخشێ، بە تایبەت لەکێبەکانی (کرکوك هو الری ـ الانغام الکرکوکیە) و کە لەساڵی ١٩٦١ چاپی کردوون، کە تێیدا ئاماژە بە دیارترین ئەو ئاوازە میللی یانە کراوە کە تورکمانی پێ دەناسرێتەوە، لەرووی خەسڵەتە تایبەتیەکانی و شێوازی مۆسیقاکانی ـ کەزۆربەیانی لە دەمی خەڵکی گشتی وەرگرتووە، بە پیر و گەنجیانەوە، بە ئافرەت وپیاویانەوە، بە گەڕانەوە بۆ ئەو شریتە تۆمار کراوو قەوانە کۆنانەی کە دەستی کەوتوون، ئەمانە هەموو وایان کردووە کە کاریگەریەکی نەتەوەیی خۆیان پێوبێت لە رووی رەسەنایەتی و بەهای بە پێزی پەندە باوەکانی کەزادەی رووداوو ئەزمونەکانی ئەو گەلەبوونەو بە شێوەیەکی بەربلاو لەناو چین و تۆێژەکانی گەلدا چەکەرەیان کردووە.

چونکە هەمیشە پەندەکان لە شارەزایی نەتەوەو داب و نەریت و ململانێ و بیر و باوەڕە ئاینی و ئەفسانییەکانی لەدایك دەبێت، رەنگە زۆر لەو پەندانەش لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە لەیەکچوونیان هەبێت، چونکە چالاکی نەتەوەکان لەزۆر حاڵەتدا لێك نزیکن. پەندە تورکمانیەکانیش کە لەبیری خەڵکێکی زۆر لەسەر زمانیاندا تۆمارکراون، بەڵام پێویستیان بە کەسانێکی وەك عەتا تەرزی بووە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجام بدات وپوختیان بکاتەوەو ئامادەیان بکات، بۆ ئەوەی هەمیشە لەبەردەستی رەخنەگرو لێکۆڵەرەوەکان بێت و خزمەتێکیش پێشکەش بە مێژوو بکات، ئەوەتا کتێبی (کرکوك اسکیلرسوزی) کە لەساڵی ١٩٦٢ دا چاپ کراوە، لەو بابەتانەیە کە عەتا ترزی هەموو توانای خۆی بۆی تەرخان کردووە تا چەند پەندێکی رەسەنی تورکمانی ناوەڕۆك جیاجیا کۆبکاتەوە بە شێوازێکی زانستی.

زۆر لەو پەندانە بەراورد بکات لەگەڵ پەندی گەلانی دیکە بەتایبەت ئەو پەندانەی کە لەیەکچوونیان هەیە.

چیرۆکی فۆلکلۆریش وەکو پەندێکی فۆلکلۆری، لقێکی بەهاداری فۆلکلۆرە، کە تێیدا چارە بۆ کێشە و گیرو گرفت و ململانێ و ئاواتەکانی مرۆڤ دادەنێ و بە شێوازێکی ئەمنانەی، یاخود هێمادر یاخود بە شێوازێکی گاڵتەجاڕی، یان کۆمەلایەتی دەری دەبڕێ، لەوانەش ئەمنانەی (ارزی قمبر) کە یەکێکە لە حیکایەتە میللیەکان.

ئەم حیکایەتە لە چەشنی حیکایەتە ناوداراکەی لەیل و مەجنونی ئەدەبی عەرەبی و (شیرین و فەرهادی) کوردیە، تورکمانەکان هەمیشە لە شەوانی دوورو درێژی زستان بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە.

ئەو حیکایەتانەی کە سیمایەکی رۆمانسیانەیان هەیە، پڕن لەمانای کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی بەپێز، ئەو حیکایەتە (ارزی قمبر) لە کۆلێژی ئادابی زانۆی ئەستەنبۆل دەخوێندرا، لەبەر گرنگی حیکایەتەکەش تاوەکو ئێستا چوار جاران چاپکراوە، بۆ یەکەمجار لەبەغدا ساڵی ١٩٦٤ و بۆ دووەم جار لەساڵی ١٩٦٧ لە تاران و ساڵی ١٩٧١ لە باکۆ و لەساڵێ ١٩٧١ جارێکی تر بەلاتینی لەئەستەنبۆل چاپ کراوە.

زۆربەی مێژووی ئەدەبی تورکمانی لە عێراق، بەتایبەتی ئەو کەسایەتیانەی کەرۆڵی خۆیان بینیووە لەو گۆڕانکارییە بەرچاوانەی لەبواری نووسین و فیکردا دایان هێناوە، لەوکێشەی کە بەناوی (کرکوك شعر اسی) دەربارەی شاعیرانی کەرکووك بەلاوی کردۆتەوەو تێیدا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەو شاعیرانە دەکات کە توانیوویانە یەکەم خشتی بونیاتی ئەدەبی تورکمانی دامەزرێنن، بۆ گەشە پێدان و پەرەسەندنی ئەدەبی تورکمانی، ئەم هەوڵەی تەرزی باشی لەکاتێکا هات کە رۆڵی زۆر لەو شاعیرانە ون ببوو، لێرەدا بایەخی تەواوی ئەو کارەی عەتا


كركوك
(الصناعة والتجارة)
افتتاح مجلس النواب الجديد

تـرزی دەردەکـەوێت، لـەرووی دەرخـستنی هەنـدێ بەرهـەمی شـاراوەی شـیعری و پەخـشانی شـاعیرانی وەکـو (بـدری، نورسـی، عرفـی، صـافی قابـل، عـالی، فائض، صالح، قاسمی، شیخ رضا و زۆری تریش).

عـەتا تـرزی باشـی وێـڕای ئەمانـەش چـەندین لێکۆڵینەوەی جیاجیای لە گۆڤـاری (ئـەدیب)ی لبنـانی و رۆژنامەی (بەشیر) ی کـەرکووکی و گۆڤـاری (تـورك یـوردی) ی تـورکی و (الاخـاء)ی بەغـدادی بلاوکردۆتەوەولەیـەکێ لـەو لێکۆڵینەوانـەدا ئـەوەی دەسـەلمێنێکە (فزولّـی) کەرکووکیـە، ئـەم مەسـەلەیە مقۆمقۆیـەکی زۆری لەسـەرکرا، مێـژوو نووسـێکی وەك د.عەبدولقادر قـەرەخان لەگـەڵ ئـەم رایـە دایـە بـەڵام دواتر کاتێ داوای لێکرا کە وتارێك بـۆ ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی بنووسێت کە بـە زمـانی ئینگلیـز دەردەچـوو دەڵێ:

(رەنگـە فزولّـی کـەرکووکی بێـت)، بـە پێـچەوانەی قەرەخان، زۆر لە لێکۆڵەرەوەکان چوونە پاڵ عەتاترزی کە فزولّی کرەکووکیە، لەوانەش عەزیز سامی لەهەندێ وتارەکـانی داو د. حوسـێن مـەجیب میـسری و زۆری تریش.

بۆیە زۆر لەنووسەران و رۆشنبیرانی تورکمان باس لـەو دەسـت پێـشخەریانەی عـەتا تـرزی دەکـەن، ئەوەتاشـاعیری تورکمـانی (عـەلی مـەعروف ئۆغلـۆ) دەڵێ:

ئەگەر لەنیوەی یەکەمی ئەم دە سەدەیەدا حوکمی لـە سێدارەدان بۆ ئەدەبی تورکمانیان درابێت، بەڵام عـەتا ترزی لەنیوەی دووەمی ئەم سەدە ئەم ئەدەبەی سـەر لەنوێ زیندوو کردۆتەوە.

وێـڕای ئەمانـەش عـەتا تـرزی چـەند پرسێکی دیکـەی ئـەدەبی سـەربەخۆی چارەسـەرکردووە، کـەر گرنگیەکـەی لـەوانی پـێش خـۆی کـەمتر نـەبووە، لەوانـەش لەبەرهەمـەکانی (شـیعری بـێ مانـا) و (رەمـەزان و ئەدەبەکـەمان) و تێڕوانینێکـی گـشتی، لەئەدەبی تورکمانی لەعێراقـدا) و (دەربـارەی شـیعری نـوێ) و (چـەند لێکۆڵینەوەیـەك لەسـەر زانـستی تورکمـانی لـەباکووری ئازربیجـان) و (غـەریبی لـە شـاعیرانی هـەولێرە) و ، (ئـەدەب و شۆڕشـی نیشتیمانی)، (کاریگـەری شـۆڕش بەسـەر ئەدەبـەوە) بەڵام لێکڵینەوەکانی دەربارەی زمانی تورکی و ئـەدەب و مێـژوو ناوداره‌کـانی جۆراوجـۆرن، چ بـە زمـانی عەرەبی، چ بە زمانی تورکی، لەوانەش (زمان گوتار) مێـژووی ئـەدەبی تـورکی، سـەردەمی رێکخراوەکـان لەئـەدەبی تـورکی و چـەند بابـەتێکی تـریش، بـەڵام لەڕووی کەسایەتیە ناوداره‌کانی تورك لەبواری فیکـر و ئـەدەب و سیاسـەت و کۆمەڵایـەتی، چـەند لێکۆڵینەوەیەکی تری هەیـە، لەوانـەش کەسـانی وەکـو (فوئـاد کـوپرلی، عەبدولحـەق حامـد، ئاغـا ئۆغلـو ئەحمـەد، نـامق کـەمال، خالـدە نەسـرەت)، (ضیاء کـوك ئـەلب) دەربـارەی ئـەوەی دواییـان عـەتا تـرزی دەڵێت: ئەم رووناکبیرە مەزنە کەوتۆتە نێـوان ئـەدەب و فەلـسەفە، زۆر پەیوەسـت بـووە بـە بـیر و بـاوەڕی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، لە پاڵ شانازی بەخۆکردنی بە بیری نەتـەوەیی، چـونکە ئـەو پیـاوە مەزنـە هەمیـشە بانگهێشتی نەتەوەیی مرۆیی دەکرد، قەت بە چاوێکی نـزم تەماشـای غـەیرە نەتـەوەکانی خـۆی نـەکردووە، بەهەموو هەوڵ و تەقەللایـەکی خۆیـەوە، هێـزی خـۆی بۆ ئەوەی نەرخان کردووە کە کێشەو گیر و گرفتـەکان لەبەردەم کۆمەڵەکەی دا رامالێ.

لـەرووی کۆمەڵایەتیـشەوە عـەتا تـرزی بانگهێـشتی چاکسازی و رەخنـەی بونیاتنـەری کـردووە، هەمیـشە داوای یـەك رێـزی و تـەبایی و هاوکـاری فیکـری و وێژدانی کردووە لـە نێـو رێزەکـانی کۆمەڵدا، لـەبواری مێژووش دا هەوڵی ئەوەی داوە کە خـەڵکی هـان بـدات بـۆ پەیوەسـت بـوون بـە خـاك و شـانازی کـردن بـە کەلـەپووری نەتـەوەو شارسـتانیەت، بەتایبـەت لـە نووسینەکانی (خۆ پەرستیەتی لەلای تاکدا) و (حـەزی دەرکەوتن) و (رۆژی سوپا) و (هەسـت کـردن بـەرەش بینـی)و (هانـدانی پیـشەسازییە نیـشتیمانیەکان) و (بەرەو یەکیەتی)و زۆرانی تریش..

سەرچاوە:

الاستاذ عطا ترزی باشی، حیاتـه و أثـاره ـ ایدن کرکوك، طبع۲۳، سنة ۲۰۰۳ هەولیر.

چەند تیشکێك لەسەر گۆڤاری (نجم بین النهرین)ی وەرزی



مارلین ئەویشا*

هەركەسێك كە لە بزاڤی رۆشنبیری سریانی لە دەیەكانی كۆتایی سەدەی رابردووی وڵات ئاگادارببێت، تێبینی هەڵكشان و داكشان لە گەیاندن یان پاش پەسەندكردنی بڕیاری داننان بە مافە رۆشنبیریەكانی ئەوانەی كە بەسریانی دەدوێن لە ١٩٧٢/٤/١٦، بزاڤی رۆشنبیری جۆرێك لە بوژانەوەی بەخۆوە بینی، ئەوەش بە بەراورد بەحاڵی بزاڤەكە لە سااڵنی پێش ئەو بڕیارە ناوبراوە، پاش ئەوە مەڵبەند و یانە تایبەتەكان دەستیان بە جم و جووڵ كرد و چەند رۆژنامەو گۆڤارێكی سریانی هاتنە دەركردن، كە گرنگییان بە رۆشنبیری و كلتور و هونەری ئاشوری دەدا، بەاڵم هەر زۆر خێرا ئەو بزاڤە دووچاری سستی و راوەستان هات، ئەوە پاش ئەوەی كە دەسەاڵت بڕیاری لەدەست وەرگرت، بەو مەبەستەی كە بزاڤەكە پاشەكشە بكات بۆ قۆناغی ( ) و پاشانیش پوكانەوەو لەناوچوون، بۆ ماوەی زیاتر لە (١٠) سااڵ بزاڤی رۆشنبیری لە جووڵەكەوت و بۆشاییەكی لەنێو سرییانیەكاندا دروستكرد كە كاریگەری سەلبی لە رەوتی رۆشنبیری بە جێهێشت و وای لێكرد كە هەر لە جێی خۆیدا بسۆڕێتەوە، پاشانیش راوەستان لە چەند وێستگەیەكی دیاریكراوداو سەرنەكەوتن بۆ ئاستی هاوشانە رۆشنبیریەكانی تر كە لەو ماوەیەدا لەگەڵیان دەژیا.

بەهۆی ئەو گۆڕانكاریانەوە كە لە رەوشی سیاسیدا، كە لەوڵاتدا رووياندا، لە راپەڕینی سااڵی ١٩٩١ و ئازادكردنی **كوردستان لە ژێر چنگی رژێم، بزاڤی رۆشنبیری سریانی جارێكی دی گیانی بەخوردانی بۆ گەڕایەوەو بەسوود وەرگرتن لەكەش و هەوای ئازادی رادەربڕین و رەخنەی مولتەزیم و چالاكی و بەرهەمی جۆراوجۆری بێ مەرج و دوور لە فشاری دەرەكی (كە رژێم لەگەڵ هەر كۆڕو كۆمەڵێكی رۆشنبیرانی ئاشووری مومارەسەی دەكرد)**، بەو شێوەیە گیان كرایەوە بەبەر دامەزراوە لە دایكبووەكانماندا، باشترین نموونەش كە لێرەدا ئاماژەی پێ بكەین بریتی یە لە (یانەی نوهدرا)ی كۆمەاڵیەتی، كە چاالكی یەكی زۆری پێشكەش كرد و سەركەوتنی گەورەی بەدەست هێنا.

لەگەڵ قسەكردنی ئەو كەشەدا رۆشنبیرانمان بە هاوسەنگی كردن لەگەڵ گیانی نەتەوایەتیاندا دەستیان دایە كاركردن بۆ دامەزراندنی مەڵبەندێكی رۆشنبیری نەتەوەیی لەسەر زەویی نیشتمان لە ١٩٩٢/٣/١٥ لە شاری دهۆكی دێرین، بۆ ئەوەی ونبووی خۆیان بدۆزنەوەو ئەوەش بەدەست بێننەوە كە لەدەستیاندابوو، ئەوەش لە مینبەرێكی رۆشنبیریدا كە كۆیان بكاتەوەو گوزارشت لە بیر و ئاواتەكانیان بكات، نۆبەرەی كارەكان، دەركردنی گۆڤارێكی ئاشووری رۆشنبیری كۆمەاڵیەتی گشتی مولتەزیم بوو بەكێشە نەتەوەییەكان، ژمارەی یەكەمی دوای تێپەڕبوونی نۆ مانگ بەسەر دامەزراندنی ناوەندەكەدا دەرچوو و تا ئێستاش بەشێوەیەكی مانگانە بەزیاتر لە زمانێك لە دەرچوون بەردەوامە.

لێرەدا هەوڵدەدەین لە نزیكەوە تیشك بخەینە سەر ئەم گۆڤارە، بەو ئیعتیبارەی كە نموونەیەكی زیندووی

رۆژنامەنووسیی نەتەوەیی هاوچەرخمانە کە هەڵقوڵاوی دڵی نیشتمانە.



ئەو بۆشایی و کەلێنەی رۆشنبیرییەی کە زادەی ئەو رەوشەبوو لە پێشەوە باسکراو پێویستبوون بە هۆکارێکی رۆژنامەوانی کاراو مولتەزیم بەکێشە نەتەوەییەکانمان لە گشت روویەکەوە، بتوانێ هیواو ئاواتەکانی تۆڕی رۆشنبیر لەنێو کۆران و کچانی گەلەمان هەڵگرێت و ببێتە ئەڵقەی پەیوەندی و رابردوو بە ئێستاوە ببەستێتەوە و تەواوکەری ئەوەبێت کە پێشەواکانمان کردوویانە و هەوڵ بدات شتی تری بخاتە سەر لەوەی کە نوێ و هاوچەرخە، هەموو ئەو هۆکارانەو هۆکاری دیکەش کە پەیوەندییان بەخودی رۆشنبیرانەوە هەیە ئەوانەی کە شەیدای گۆڕەپان و مەیدانێکی ئازادن، کەتیایدا بەهرەکانیان بخەنە گەڕ، وای لەدەستەی یەکەمی کارگێڕی مەڵبەندی رۆشنبیری ئاشووری کرد کە بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری (**کوخوا دبیث نهرین**) نجم مابین (**النهرین**) بدات، ئەوەش لە کۆبوونەوەی دووەمی لە ١٩٩٢/٦/٢٥، پاش چەند مانگێك لە کاری بەردەوام و بێ وچان بۆ دانانی خشتی یەکەمی گۆڤارەکە، بە بازووی دەستەی نووسەران و پشتیوانی رۆڵەکانی گەلەکەمان لە نیشتمان و دەرەوەدا ژمارەی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا دەرچوو، بۆ ئەوەی ئەستێرەیەکی دی لە ئاسمانی رۆژنامەگەریی نەتەوەییماندا بەناوی (**کوخوا دبیث نهرین–نجم مابین نهرین**) بدرەوشێتەوە. کە شوێن پێ هەڵگر و زیندوو راگری دوو رۆژنامەی ئاشووری سەرمەشقەو تەئکید لەسەر پەیوەندی مێژوویی شارستانی ئەم ئوممەتە دەکاتەوە، رۆژنامەکانیش بریتین لە (کوخوا– النجم) کە لە ساڵانی (١٩٠٦–١٩١٨) لە شاری ئورمێیە ئێران دەرچوو، نووسەرو رۆژنامەنووسی بە ناوبانگی ئاشووری (**یوحنا موشی**) دایمەزراند، دووەمیشیان گۆڤاری (**بیث نهرین**)ە، کە مەلفانی گەورە (**نعوم فائق**) دایمەزراند و لەساڵی (١٩١٧) تا ساڵی (١٩٢٩) لە دەرچوون بەردەوام بوو.

لە سەروتاری ژمارەی یەکەمینی (**کوخوا دبیث نهرین**)دا مژدەی لەدایکبوونیەکی بچووك دەدات کە داوای باوەشێکی گەرم دەکات و داوا لە ئەدیب و نووسەر و توێژەرانی گشتی گۆڤارەکان دەکات کە دەوڵەمەندی بکەن بە هەموو شتێك کە رۆشنبیری و فکری نەتەوەیی و ئینسانی پێکەوە دەوڵەمەند بکات، ئەم پەرەگرافەی لێ هەڵدەبژێرین: بەهۆیەوە چەشمەکان ئازاد دەبن.. هەڵقوڵاوێکی روباریانەی تێر کە باخچە رۆشنبیرییەکانمان لە نیشتماندا ئاو بدات، دوای سالانێکی زۆری تینوییەتی... سەرفرازی بۆ هەموولایەکمان بۆ ئەو سەوزاییە رەنگینە.. (**نجم دبیث نهرین**).. مینبەری گشت نووسەرێك، دەنگی گشت شاعیرێك.. کە ئارەزووەکانی خۆی داوە بە چاوەڕوانی هیوا.. کە بەرهەمەکانی بەخوێنەران بگەیەنێت.. (**نجم دبیث نهرین**).. مینبەرێکی ئازادە، تەنها لە یەکینەیەك نەبێ، کە بریتییە لە خستنە سەر خەرمانی بەرهەمی نوێ بۆ ئەوەی کە مامۆستایان و رابەرانی سەرەتا دایاننا، لە رۆشنبیرانی ئاشووری لە مێژووی هاوچەرخدا، لەباڵەخانەی رۆشنبیریمان بە روو مرۆییەکەی.. گشت رۆشنبیرییەکی دروست مرۆییە، ئەوە ئیلتیزامی ئێمە.. ئەوەش کێشەکەمانە.

دەمانەوێ هاوکاری رێبازی رۆشنبیری ئاشووری بکەین، لەگشت بوار و موفرەدەکانیدا، بەوەی کە خزمەت بە ئینسانی ئاشوورییی بکات، لە هەرکوێ بێ، بەتایبەت ئەوەی کە لە نیشتمانی دایکیدایە.

لەتایبەتمەندییەکانی گۆڤاری (**کوخوا دبیث نهرین**) گۆڤارێکی رۆشنبیری نەتەوەیی نیشتمانی ئینسانی بوو کە بەهەردوو زمانی سریانی و عەرەبی سێ مانگ جارێك دەردەچوو، نەتەوایەتی کردە پەیڕەوی خۆی، ئەوەش دوای ئەو گشت داپلۆسین و تووندوتیژی و سەرکوتکردنەی کە دەرهەق بە ئوممەتی ئاشووری و کلدانیمان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کۆن و هاوچەرخدا مومارەسە دەکراو و بووە مایەی لەناوبردنی ئەزموونە رۆژنامەوانییەکانمان، نەتەوایەتی کردە بەرنامەو نەهجی خۆی ئەوەش بۆ ئەوەی چیتر مافەکانی ئومەت نەسرێتەوەو پێشێل نەکرێت.

گۆڤارەکە زیادکردنێکی نەوعی نوێ بوو بۆسەر دۆسیەی رۆژنامەگەریی نەتەوەییمان، کە بەشێوازێکی مولتەزیم و مەسئولیەتێکی مێژوویی گرتە ئەستۆ ئەوەش بە گرتنە بەری رێبازی پاراستنی کێشەی ئومەت، کە واناسراوە بەوەی یەکەمین شارستانیەتەکانە لە ناوچەی (**وادی الرافدین**) و پێشینە بووە لە سەرجەم بوارەکاندا، بەتایبەت لە بواری ئەم باسەماندا– رۆژنامەوانی– کە جەژنی سەد و پەنجا و دووەمین خۆی لەمسالّدا دەگێڕێت، ئەوەش بەلّگەیە لەسەر پێشەنگی لەو ناوچەیەدا.

رێبازی نەتەوەیی گۆڤارەکە روونە لەو بوارانەدا کە تیشکی خستۆتە سەر و گرنگی پێداوە و بابەتی لەسەر دابەزاندووە، هەر لە ژمارەکانی یەکەم و سەرەتایەوە سووربووە لەسەر تەرخانکردنی پانتاییەکی باش بۆ ئەو بابەتانەی کە باسیان لە کۆچ و هۆکار و کاریگەرە سەلبییەکانی لەسەر جەستەی ئومەت کردووە، ئەوە جگە لە بەرهەمە شیعری و ئەدەبییەکان کە بانگەشەیان بۆ خۆشەویستی نیشتمان دەکرد و باسیان لە ئێش و ئازارەکانی ئاوارەیی دەکرد.

هەروەها تێبینی دەکەین– لەژمارەکانی (**کوخوا دبیث نهرین**) ئاراستەیەکی تایبەت هەیە بۆ ناساندنی هێما نەتەوەیی و کلّێساییەکان و دەرخستنی گرنگترین شوێنەوارەکانیان، لەگەلّ ئەوەشدا رۆژنامەکە هەر لەسەرەتای دەرچوونیەوە بایەخی بە پرۆسەی فێرکردنی سریانی داوە لەگەلّ ئاماژەکردن بە گرنگترین ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی کە هاوڕای بوونە، ئیتر ئەو کۆسپانە ئیداری بووبن یان پراکتیکی، رۆژنامەکە هەولّی داوە کە خوێنەر لە دەستکەوتەکانی و شوێنی لە ئاراستە نەتەوەییەکانی سەردەم ئاشنا بکات بۆ ئەوەی ئەو زمانە رەسەنە سەرلەنوێ زیندوو ببێتەوە. (**رۆژنامەکە لە دووتوێی ژمارەکانیدا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر مێژووی کێشە نەتەوەییەکانمان و زیندنجیرەی تراژیدیاو مەگەساتەکانی گەلەکەمان بلّاوکردۆتەوە**) یان ئەو بابەتانەی کە فرۆفیشالّ و لاپەڕە پێچراوەکانی ئەو مێژووە ئاشکرا دەکەن... هەموو ئەوانە تایبەتمەندییەکی بە گۆڤارەکە بەخشی بوویە مەرجەعێکی وەها کە پشتی پێ دەبەسترا بۆ وەرگرتنی زانیاری مێژوویی بەشێوەیەکی ئاسان بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوە ئەسلّیەکان– کە لە وانەیە زەحمەت دەست بکەون– بابەتەکانی زمانەوانیش بایەخی خۆی پێ درابوو، کە بەدواداچوونی بەردەوامی لە سەر بلّاو دەکرایەوە، زۆربەی ژمارەکانی وتار و لێکۆلّینەوەی تێدا بلّاو کراوەتەوە کە باس لە زمانی سریانی دەکەن و لەلایەن پسپۆڕانی تایبەت بەو بوارەوە ئامادەکرابوون و لاپەڕەکانی گۆڤارەکەش بە وێستگەی خوێنەران و کلتوری رەسەن نەخشێنرابوو.

ئەوە چەند نموونەیەك بوو لەسەر ئاراستەو پلّانی گشتی گۆڤارەکە، لەگەلّ ئەوەشدا گرنگی بە لایەن بوارە جیاجیاکانی تر دەدا، بۆ نموونە لە گۆڤارەکەدا چەند لاپەڕەیەك تەرخان کراوە بۆ بایەخدان بە رۆلّی ئافرەتی ئاشووری و لە کۆمەلّگەداو ئەوەی کە لێی چاوەڕوان دەکرێت لە کاری نەتەوەیی، هەروەها چەند لاپەڕەیەکی تایبەت بە ئەدەبی سریانی، کە چەند نووسەرێك سەبارەت بە مەقام و گۆرانی سریانی نوسیویانە، یان دەربارەی درامای سریانی بابەتیان بلّاوکردۆتەوە.

لەگەلّ بایەخ و گرنگیشیدا ئەو وتارانەی کە تایبەت بوون بە منداڵ و جیهانی منداڵ لە گۆڤارەکەدا کەم بوو، بەلّام ناوەندەکە دەکۆشێ بۆ دەرکردنی پاشکۆیەك بۆ گۆڤارەکە، کە راستەوخۆ ئاراستە کراوبێ بۆ منداڵ، ئەو بابەتانەی کە پێشتر بلّاوکراونەتەوە سەبارەت بە منداڵ بوونە، نەك بۆ منداڵ بووبن، بۆیە دەستەی نووسەران ئومێدەوارە کە هەنگاوێك بنێت بۆ خزمەتکردنی منداڵی ئاشوری و بنیاتنانی کەسایەتی بۆی.


کارێکی مەنهەجی یە کە بچینە سەر ئەو فلمانەی کە بوونە سەرچاوەی بابەت و باس و لێکۆلّینەوەی گۆڤارەکە، تەنانەت ئەوانە کە گرنی بەچرپەیەکی موعەبیر دەدەن لەسەر لاپەڕەکانی ئیتر ئەوە بە نووسینی قەسیدەی شیعری بێت یان کورتە چیرۆك کە سەبارەت بە ئەزموون و هەلّویست دەدوێن لە ژیاندا، یان باشێك لە نەهامەتییەکانی گەلەکەمان وێنە دەگرن.

نووسەرانی گۆڤارەکە نوخبەیەکی ناسراون لە رۆشنبیرانمان، ئەوانەی کە دیارن بە ئوسلوبیان، بە داهێنان و هونەرکارییان لە گەیاندنی فکرە و دیاریکردنی بابەت و بەکارهێنانی موفرەدات، بەسەیرکردنێکی خێرای ئیمزای نووسەران

لەلایەڕەکانیدا تێبینی دەکەین کە گرنگی و بایەخی زۆری داوە بەوەی کە نووسەرانی هەمەڕەنگ و قەڵەمی جۆراوجۆر بەشداری تێدا بکەن لە ئاستە جیاجیاکاندا، لەسەرەتایدا تەنها چەند قەڵامێکی لەخۆ گرتبوو، بەڵام لەگەڵ پێشڕەفتیدا توانی کە نووسەری نوێ دەست بخات، تەنها لەنێو نیشتماندا نا، بەڵکو لە دەرەوەی وڵاتیش زۆربەی نووسەرانی (**کوخوا دبیث نهرین**) لە پسپۆڕان و خاوەن ئەزموون و شارەزای ئەو بوارانە بووە کە تیایاندا دەنووسی و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکردو ئەزموونی خۆیان لە جیهانی نووسین و رۆژنامەگەریدا هەبوو.

لە تایبەتمەندییەکانی گۆڤارەکە جوانی لایەنی هونەری بوو، کە لەبەرگەکەیەوە دەست پێ دەکەین، کە بەردەوام دروشمی مەڵبەندی رۆشنبیری ئاشوری و ناوی گۆڤارەکەی بەسریانی و عیبری هەڵگرتبوو، لەگەڵ رەقەمی ژمارەکەدا و هەندێ جاریش رەقەمی ژمارەکەو موجەللەدەکەش، هەر چوار ژمارە موجەللەدێك بوو، لەگەڵ مێژووی دەرچوون (مانگ، ساڵ)، ئەوانە جگە لە وێنە کە ئیلهامبەخشی ئەو بابەتانە بوون کە لەو ژمارەیەدا بڵاو دەکرانەوە، یان وێنەی مێژووی و کەلەپووری ئاشووری. قەبارەی گۆڤارەکە مام ناوەندی بوو، هەر ژمارەکی (٨٠) لاپەڕەی وێنە ئامێز بوو، کە هەندێکیان دەگمەن بوون، هەردوو بەشی گۆڤارەکە (**سریانی – عبری**) چەند دەروازەیەکیان هەبوو: (مێژوو، کلتور– کەلەپور– چیرۆك، زمان) ئەم نووسراوە، شیعر، لە نیشتمانەوە، را، جگەرگۆشەکان، بەدواداچوون، هەواڵ، پێشبڕکێ، پۆستەی گۆڤار و چەندین بابەتی تر لە بواری جیاجیاکاندا، لەوانە نەتەوەی و رۆشنبیری و ئەدەبی، لایەنی هونەری گۆڤارەکە گۆڤارەکە گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی ئەوەش لەجیاتی بەراوردکردنی ژمارە سەرەتاییەکان و ئەوانەی دوایی، کە ئەوەش بەڵگەیە لەسەر پێشکەوتنی تەقەنی و ئامێرە بەکارهێنراوەکان، کە دەبێتە ئەزموونێکی باش بۆ کادیرانی ئەم بواڕە، لەنیازی دەستەی نووسەراندا ئەو فکرەیە هەیە کە یەك نموونە بۆ بەرگی گۆڤارەکە جێ بەجێ بکەن لە گشت ژمارەکانیدا، کە ئەوەش پێناسێکی تایبەت بە گۆڤارەکە دەبەخشێ.

لەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر دەرهێنانی هونەری گۆڤارەکەدا هات لابردنی دەروازەکانی (أبواب) گۆڤارەکەو رێکخستنی بابەتەکانی بوو لە هەمان رێبازی دەروازەکان بێ ئەوەی خۆی پابەند بکات بەناوێکی دیاریکراوەوە، ئەوەش بوار دەڕەخسێنێت بۆ هەڵبژاردنی بابەتی زیاتر و جۆراوجۆرتر، هەروەها جۆری نووسینی جۆراوجۆری لە ناوونیشانەکاندا بەکارهانی کە بەشێوازی جوانی کۆمپیوتەری نووسراون و شێوێنەواری نوێ و جوانکاری بە گۆڤارەکە دەبەخشن.



هەر ئەزموونێکی رۆژنامەگەری کۆسپ و گرفتی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەوەی کە پەیوەستە بە (**کوخوابیث نهرین**) گەورەکە بخرێتە نێوان دوو کەوانەوە، چونکە گۆڤارەکە لەدایکبووی هەلومەرج و کەش و هەوایەکی نائاساییە، راپەڕین رەوشی هەرێمی وەرچەرخا و لەداخرانەوە گواستییە بۆ کرانەوەیەکی ئاوەها کە دەخوازێت بچێتە نێو ئەزموونێکی نوێی باو، بەڵام مومارەسە نەکراو، مومارەسەش–وەك ئەوەی کە زانراوە. نهێنیەکان ئاشکرا دەکات و کۆسپە حساب بۆ نەکراوەکانیش دەخاتەڕوو، ئەوەش بە فیعلی لەگەڵ (**کوخوابیث نهرین**) رووبدا، کە یەکەمین گۆڤاری نەتەوەیی گشتییە لە هەرێم دەربچێت.

دوای ئەو متبوونە رۆشنبیرییەی کە لە سەرەتای بابەتەکەمانەوە ئاماژەمان پێکرد، بەتایبەت لەگەڵ ئەو گرفتانەی کە هاوڕێی چاپکراوی یانەی نوهدرابوو، لەگەڵ دەرچوونیدا چەند کۆسپ و تەگەرەیەك هاتنە پێش، لەوانە:

– لە سەر ئاستی توانای چاپ و دەرهێنانی هونەری، کە ئەوانەی دوایی پەیوەستن بە حاڵی یەکەمەوە کەمبوو لە توانای مادیدا کاریگەرە لەسەر ئامێر بەکارهێنراوەکان لە راپەڕاندنی کاروباری گۆڤارەکە لە

چاپکردن و دەرهێنان و لایەنی هونەری، سەرەڕای ئەو پێشکەوتنەی کە بەسەر ئەو بوارانەدا هات، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نەبوو، کە بەپێی رای دەستەی نووسەرانی دەنالێنێت بەدەست کەمی کادری هونەری کارامەو پسپۆڕ لە دەرهێنانی رۆژنامەوانی.

– کۆکردنەوەو راکێشانی ئەدیب و رۆشنبیران بۆ نووسین لە گۆڤارەکەدا، گۆڤارەکە کۆسپ و لەمپەری خۆی هەبوو لەڕووی کۆکردنەوەو راکێشانی زۆرترین ژمارەی پێنووسی رۆشنبیرانمان لە دەرەوەی وڵات، ئەوەش لەبەر رەوشی پەیوەندیکردن و نەبوونی توانای پێویست بۆ ناساندنی لەگشت ئەو وڵاتانەدا کە رۆڵەکانی گەلەکەمانی لە رۆشنبیران و ئەدیبان و نووسەرانی تێدایە و ئەوانەش کە قوربانیی ستەم و چەوسانەوەکانی رەوشی ناهەموارن لە وڵاتدا، کە بووە مایەی ئەوەی پەراگەندەو ئاوارە ببن و ژیانی غەریبایەتی هەڵبژێرن، بەڵام توانی لەگەڵ ژمارەیەکیاندا جۆش ببێت ئەوەش لەڕێی نامەو نووسینەوە و هۆگری ئەوەش بوو کە پێداویستییە زروورییەکانیان بۆ دابین بکات تا بتوانن لەگەڵیدا بەردەوام بن.

لە ئاسۆدا گرنگی دەرکەوتنی پێنووسیی نوێ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا دیارە، کە دەستەی نووسەرانی توانیویەتی لێیان نزیك بێتەوە و زۆرترین ژمارەی رۆشنبیرانمان لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات لە دەوری گۆڤارەکە کۆ بکاتەوەو لە ریزی ئەوانەدا دایان بنێت کە پسپۆڕن لەباس و لێکۆڵینەوەدا. لەگەڵ بوونی ئینتەرنێت لە ناوەندەکەدا کردەی گەیاندنی بەرهەمەکانیان بۆ گۆڤارەکە ئاسان دەکات، بەڵام لەوڵاتدا، گۆڤارەکە سەرکەوتووانە توانی ژمارەیەك پێنووسی نوێی نوخبەیەك لە نووسەران و رۆشنبیران دەستەبەر بکات.

– دابەشکردن، بەهۆی ئەو هەلومەرجە نائاساییەوە کە ناوچەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت و نەبوونی لایەنێکی بەرپرس لە دابەشکردنی گۆڤارەکە لە دەرەوەی وڵاتدا، نەتوانراوە بەشێوەیەکی باش بگەیەنرێتە دەست گەورەترین رێژە لە خوێنەرانی گۆڤارەکە لە دەرەوەی وڵات لە کاتی خۆیدا، بەڵام ئێستا لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بریکارانەدا کە کردەی دابەشکردنی لە وڵاتانی ئاوارەیی کارەکە بە کەمترین ماندووبوون جێ بەجێ دەکرێت و زەمانەتی گەیشتنی بەدەست خوێنەران زیاترە.

هەر لەمیانەی هەوڵەکانی گۆڤارەکە بۆ تێپەڕاندنی گرفتەکانی دابەشکردن گۆڤارەکە بەم دواییانە توانی بەهۆی بەکارهێنانی (CD)یەوە بە ئاسانی ناوەڕۆکی ژمارەکانی بگەیەنێتە دەست خوێنەرانی بێ ئەوەی پێویست بە چاپکردنی بکات.

گرنگترین شت کە (**کوخوابیث نهرین**) لە گۆڤارە هاوشێوەکانی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە رێبازێکی نەتەوەیی سەربەخۆی پەیڕەو کردووەو بەلای هیچ لایەنێکی حزب یان حکومیدا نەکەوتووە، بۆیە بۆتە مینبەرێکی ئازاد بۆ تەعبیرکردن و بەشداریکردن لە پشتگیری رۆشنبیری نەتەوەیی بێ بوونی هیچ گرفتێك لەو بوارەدا.

هەروەها بە درێژایی مێژووی خەباتی– گۆڤارەکە– لە خزمەت کێشە نەتەوایەکاندا بووە و نکوڵی نەکردووە لە خستنەڕووی ئەو بابەتانەدا کە پێگەکانی ئەو کێشەیە دەچەسپێنن و بەخوێنەرانی غەیرە ئاشووری دەناسێنن. هەر لە تایبەتمەندییکانی تری گۆڤارەکە، ئەوەی کە لەگەڵ هەبوونی ئەو کۆسپانەی کە یەخەیان پێ گرتووە، بەڵام لە دەرچوون نەکەوتووە، لەماوەی نۆ ساڵی بەردەوامدا (٣٢) ژمارەی لێ دەرچووە بەشێوەی دەوری– سێ مانگ جارێك– ژمارەی دووانەو ژمارەی تایبەت. دەستەی نووسەران بەهیوای زمانی تر لەگۆڤارەکەدا بەکاربێنن و پێڕستێك بۆ ژمارەکانی دابنێن، هەروەها توانیویەتی دەلاقەیەك بێت بۆ کۆمەڵێك لە نووسەر و رۆشنبیرانی ئاشووری لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات، لەکۆتاییدا ئەوەی پێشەوە کورتی دەکەینەوە، کە گۆڤارەکە رۆڵ و کاریگەری هەبوو لەو مەیدانەدا کە تێیدا ژیاوە، بەتایبەت لە واقعی نەبووە یان کەمی کادری پسپۆر ئەوەش لەگەڵ ئەوەدا کە توانی پێشخستن و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و دەرهێنانی پێشڕەفتی بەخۆوە بینی، هەروەها لە بواری پسپۆڕی لە بابەت و میحوەرە گرنگەکاندا.. هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە خزمەتکردن بە رۆژنامەوانی نەتەوەییمان.

*** ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان– لقی دهۆك، بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی (بەهرا).**

گەشتێك بەنێو لاپەڕەكانی گۆڤاری سلێمانی

ژمارە (١-٥٠)

عەبدولخالید سابیر

سەرنج:
حەزدەكەین ئامادەكاری ئەم بابەتە ئێمەو خوێنەرانمان سەرچێغ نەبا، ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین پێش بڵاوكراوەی (سلێمانی-١٩٦٨) لە بیست و سییەكانی سەدەی رابردوودا هەردوو رۆژنامەی (ژیان)و (زبان) لە لایەن (شارەوانی) ئەم شارەوە دەرچووە.

لەگەڵ دامەزراننی شارەوانی سلێمانی لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی لەلایەن عوسمانییەكانەوە كە ئەو سەردەمە شاری سلێمانی بەشێك بوو لە ویلایەتی موسل و لەژێر ركێفی عوسمانییەكاندابوو، هیچ رۆژنامەو گۆڤارێك كە لەلایەن خودی شارەوانییەوە دەركرابێت لەئارادا نەبووە[١] تاوەكو ساڵی ١٩٦٨ لەو ساڵەدا ژمارە (١)ی گۆڤاری (**سلێمانی**) كە شارەوانی سلێمانی لەو كاتەدا دەری دەكرد، بڵاوكرایەوە[٢]. ئەم گۆڤارە بۆ ماوەی دووساڵ درێژەی كێشا، بەڵام لەو ماوەیە بەدواوە هیچ رۆژنامەو گۆڤارێك لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە دەرنەچووە. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخانەی كە لەوكاتانەدا لە ئاراداابوون. لەلایەكی دیكەشەوە بوارێكی وا نەرەخساوە بۆئەوەی شارەوانی سلێمانی رۆژنامە یان گۆڤارێك یان بڵاوكراوەیەك دەربكات. كار بەم شێوەیە رۆیشت هەتاوەك هەڵبژاردنی شارەوانی رۆژی ٣-٢-٢٠٠٠)پاش ئەو هەڵبژاردنە بەچەند مانگێك، شارەوانی سلێمانی توانی لەبواری راگەیاندنا بەردێك بخاتە سەربەردێك و بەتیرێك دوو ئامانج بپێكێت، یەكێكیان دەنگ و باس و كارو چالاكییەكانی شارەوانی و ناسینی شارەوانی بەجەماوەری شارەكە بخاتە روو، لەلایەكی دیكەشەوە خزمەتی كەلەپورو مێژووی شارەكە بكات، لەڕێی زیندووكردنەوەیان، ئەویش بەدەرچواندنی گۆڤارێك بەناوی (سلێمانی) كەیەكەم ژمارەی لەیەكی حوزەیرانی ٢٠٠٠ دا بلاوكراوەتەوە[٣]، ئەم گۆڤارە- وەك لەم باسەدا ئاماژەی پێدراوە- لەسەرجەم ژمارەكانیدا رۆڵێكی گرنگی لەزیندووكردنەوەی كەلەپوورو مێژووی دێرینی شارەكە بە بوارەكانی تریشەوە بینیوە. شایانی باسە ئەگەرئەم گۆڤارە نەبوایە ئەوا ئەو هەموو كەلەپوورو یادەوەری و بەڵگەنامانەی ماونەتەوەو لەفەوتان رزگاركراون- و بابەتە جۆربەجۆرانەی تر لەبیر دەچوونەوەو دەفەوتان، كە ئەوەش دەبووە هۆی لەدەستدانی لایەنێكی گرنگ و بایەخداری مێژووی شاری سلێمانی، بەڵام خۆش بەختانە لەڕێی ئەو گۆڤارەوە توانرا بەشێكی زۆری ئەوانە لەخانەی بیرچوونەوەو فەوتان رزگاریان ببێت. ئاشكراشە مێژووی هەرشارێك بەشێكی لەمێژووی نەتەوەیەتی بەگشتی و هەر شارەش رۆڵی خۆی دەگێڕێت، لەهەموو بوارە جیاجیاكاندا لەمێژووی سەرانسەری گەلەكەیدا.

بۆ ناساندنی زیاتری گۆڤارەكە، دەتوانین ئەو باسە لەدوو بەشدا بخرێنە روو، یەكەمیان لەژمارە یەكییەوە هەتا ژمارە (١٠)یەوەی كە ئەم دە ژمارەیە

سەرنووسەرەكەی بەڕێز (شێركۆ مەیرزا مەنگوڕی)بووە، ئەو بابەتانەی كە لەم دە ژمارەیەدا بڵاوكراونەتەوە لەچەند لایەنێكەوە لەهەمان ئەو بابەتانە دەچن كە لەدوای ژمارە (١٠)وە بڵاوكراونەتەوە، بەڵام هەندێك بابەت دەبینرێت كەلەو دە ژمارەیەدا نین، بۆ نموونە وەك بابەتەكانی (لەئەرشیفی شارەوە، ئەو نامانەی كەتا ئێستا گولأویان لێ ئەچۆڕێ، لەئەلبوومی هاولأتیانەوە، قوتابخانەكانی شار.....هتد)، بەڵام لەدوای ژمارە (١٠)وە بەڕێز مامۆستا (محەمەد نوری تۆفیق) بۆتە سەرنووسەری گۆڤارەكەو ناوبراو چەند گۆڕانكارییەكی تێدا ئەنجام داوە، لەوانە بڵاونەكردنەوەی بابەتی وەرگێڕدراو-كە لەهەندێكی ژمارەكانی پێش (١٠)دا دەبینرێن-، كردنەوەی گۆشەی لەئەرشیفی شارەوە، گۆشەی هەرجارەی لەسەر قوتابخانەیەك و چەندانی تریش ، وێڕای ئەو جیاوازییە كەمە، گومانی تیادا نییە سەرجەم ژمارەكانی گۆڤارەكە نزیكن لەیەكەوە، كە چەندین بابەتی هەمە جۆریان تیادا بڵاوكردۆتەوە. دەتوانین بڵێین زۆربەی بابەتەكان مۆركی كەلەپوورییان بەپلەی یەكەم لەخۆ گرتووە و دواتر بابەتەكانی تر كە مێژووین و ئەمیش لەچەندین جۆردا خراونەتە روو، وەك بەڵگەنامەو پیشەكان و وەرزش و...هتد، بەشێكی زۆری بابەتەكانی گۆڤارەكە لەخودی ئەو كەسانەوە وەرگیراون كەبەتەمەنن و شارەزاییان لەو بوارەدا هەیە، كاتی خۆی لەناویدا بوون چ بابەتی پیشەیی یان بابەتی یادەوەری یان هەر جۆرێكی تری لەوشێوانە، ئەم جۆرە بابەتانە سەركەوتنیان بەدەست هێناوە و ئەو كەسە بەتەمەنانە وەك شریتی فیلمی سینەمایی توانیویانە ئەو بابەتەی كە لێوەی دواون لەچاوپێكەوتندا باسی بكەن. شایانی باسە لەهەندێك بابەتدا چاوپێكەوتن لەگەڵ چەند كەسێكی شارەزا كراوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا راستی و دروستی باسەكە دەچەسپێنێت و خوێنەر زیاتر بەلای خۆیدا رادەكێشێت، سەرەڕای ئەوەی بۆ هەر بابەتێك چەندین وێنە بەپێی توانا بڵاوكراونەتەوە، لەو بابەتە گرنگانەی تر، گۆشەی بەڵگەنامەكان كە جارجار بڵاوكراونەتەوە، بەهۆیانەوە لایەنێكی تری شاراوەی مێژووی شاری سلێمانی ئاشكرا دەكەن و بەم كارەش زانیاری نوێ لەمێژووی ئەو شارەدا تۆمار دەكرێت.

لەژمارە (١٤) بەدواوە بابەتێكی نوێ دەبینرێت، ئەویش (**لەئەرشیفی شارەوە**)یە كە لاپەڕەیەك یان دوو لاپەڕەی لەهەندێك جاردا بۆ تەرخان كراوە. ئەوەی ئاشكرایە وێنە خۆی لەخۆیدا مێژووەو سەربوردێكی تایبەتی هەیە، وێنەكانی ئەم ژمارەیەو دواتریش گوڕێك و خاسیەتێكی تری بەگۆڤارەكە بەخشیوە كە بریتین لەدیمەنی دێرینی شاری سلێمانی یان كۆمەڵە كەسانێكی ناسراو و ناودار یان هەر وێنەیەكی تری لەوجۆرانە، ئەو وێنانەش پاش ساغكردنەوەیان بڵاوكراونەتەوەو ناوی ئەوانەی نەزانراون وەك تێبینییەك ئاماژە بەوە دراوە كە ئەوەی زانیاری زیاتری لەسەر هەیە رەوانەی گۆڤارەكە بكات، دیارە ئەوەش راسپاردەیەكی مێژوویە كەدەبێت بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت. هەر سەبارەت بە بابەتی وێنە.



لە ژمارە (١٩) بەدواوە لەلاپەڕەكانی پێش كۆتایی دا، گۆشەی (لەئەلبومی هاولأتیانەوە) بەرچاو دەكەوێت، كە هەرجارەی چەند وێنەیەك دوای ئەوەی زانیاریان لەسەر نووسراوە بلأوكراونەتەوە، ئەوەی دەبێت بوترێت ئەو وێنەكانی ئەم گۆشەیە جیاوازن لەوێنەكانی گۆشەی (**لەئەرشیفی شارەوە**)، ئەوەی (لە **ئەرشیفی شارەوە**)دا وێنەكان دێرینترن و گشتین و زیاتر مۆركی مێژوویان پێوەدیارە و دەچنە خانەی كەلەپوورو مێژووی شارەكەوە، هەر لەهەمان ژمارەی سەرەوە بەدواوە بۆ رۆڵی ئەو قوتابخانە دێرینانەی شار هەر جارەی لەسەر قوتابخانەیەك نووسراوە لەگەڵ مێژووی دامەزراندنی و ناوی بەڕێوەبەر و مامۆستاكانی، دیار ئەو قوتابخانانە دەیان و سەدان

نەوەی بەكەڵكیان لەزۆربەی بواركاندا پێگەیاندووە كەبوونەتە مۆمێك، گەل و نیشتمانەكەیان بەپێی كات و شوێنەكان رووناك كردۆتەوە، لە ژمارە (٢٣) بەدواوە گۆشەیەكی نوێی (**ئەونامانەی تا ئێستاش گولاوێان لێ ئەچڕێ**) دەكەوێتە بەرچاو، كە هەر ژمارەی نامەی كەسێكی ناسراوی شار بۆ كەسێكی دیكەی هاوتای خۆی ناردووە و لەپەنا نامەكەشدا وێنەی هەردوولای تیادا دەرخراوە. سەبارەت بە (**شانۆ**) لەو شارەدا و رۆڵی ئەم بوارە بەهۆشیاركردنەوەی خەڵكی شارەكەدا، لاپەڕەیەك بۆ ئەم باسە تەرخان كراوە، لەژێر ناوی (**شانۆی جارانی شار**)، سەرەڕای بلاوكردنەوەی پیشەی پیاوان بەهەموو جۆرەكانییەوە.


لەسەرجەم ژمارەكاندا. جارناجار ئەو پیشانەی كە ئافرەتان رۆڵیان تێدا هەیە و شارەزان تیایدا بەوێنەوە بلاوكراونەتەوە. لەنموونەی ئەوانە (**چنین، جوانكاری، خواردنە فۆلكلۆرییەكان، كاری ناوماڵ و چەندانی تریش**)، شان بەشانی پیشە خۆماڵییەكان، بابەتی پیشەسازی-ئەو پیشەسازییانەی كەلەناو شاری سلێمانیدا هەبوون و باوبوون، لەچەندین ژمارەدا لەوجۆرە بابەتانە باسیان لێوەكراوەو چ رۆڵێكیشیان هەبووە لە بازرگانی ئەو شارەدا و هەروەها بەستنەوەی ئەو شارە (**سلێمانی**) بەهۆی ئەو پیشەسازییانەوە بەشارەكانی تری كوردستان و دەرەوەیدا.

ئاشكراشە ئەو شارانەی كەدێرینترین و بۆ بژێوی ژیان چەندین (**گوزەر-قەیسەری**)یان هەبووە، چونكە تاوەكو سالانی سەرەتای پەنجاكانی سەدەی بیستەم زۆربەی دوكان و بازاڕەكان لەناو گوزەرەكاندا بوون، ئەمە نەك لەشاری سلێمانیدا بەم شێوەیەیە، بەڵكو لەزۆربەی شارەكانی كوردستان و ناوچەكەشدا هەبووە، بۆ یادكردنەوەو چۆنیێتی شێوازی كاسبی و مامەڵەی هاوڵاتیانی شارەكەو شێوازی دروست كردنی گوزەرەكان، لەگەڵ ئەو كەسانەی لەكاتی خۆی لەو گوزەرانەدا دوكانیان هەبووە، چاوپێكەوتن سازدراوە لەبارەی ئەوشوێنانەوە چەندین شتی لەبیرچووەو نەزانراو كەلەلای بەشێكی زۆری نەوەكانی ئێستا نادیارە خراونەتە روو، گەرچی هەندێك لەو گوزەرانە نەماون، بەڵام نەك باسیان لێوەكراوە، بەڵكو وێنەی جۆراوجۆریشیان لەگەڵ وێنەی گوزەرەكانی تر لەپاڵ باسەكاندا بلاوكراونەتەوە. بەنموونەی ئەو گوزەرە دێرینانە(**وەسمان پاشا، نەقیب، ئاغا فەتحوللاّ، حاجی ئیبراهیم ئاغا، حاجی عەولاّی گەورەو...هتد**).

بواری وەرزش كە ئەمیش مێژوویەكی دێرینی لەوشارەدا هەبووەو هەیە، لەیەكەم ژمارەوە ئەم بابەتە، نەك فەرامۆش نەكراوە، بەڵكو بایەخێكی زۆریشی پێدراوە و توانراوە بەشی زۆری مێژووی دامەزراندن و رەوڕەوەی وەرزش لەوشارەدا لەدووتوێی لاپەڕەكانی بەشی كۆتایی گۆڤارەكەدا بخرێتە بەردیدی خوێنەران بەگشتی و وەرزشكاران بەتایبەتی سەرەڕای ئەوەی كە بەوێنەی جۆراوجۆر بابەتەكانی رازاوەنەتەوە. لەگۆشەكەیەكی تری ئەو گۆڤارەدا كە لەخانەی زیندووكردنەوەی كەلەپووری شارەكەدا جارجار ئەو بابەتانە بلاوكراونەتەوە كە بۆ یەكەم جار شتێك هاتبێتە ناو سلێمانی یان لەو شارەدا دەركەوتبێت، لەنموونەی ئەوانە (**بۆ یەكەم جار سینەما كەی هاتە سلێمانی، سەرگوزشتەی هاتنی ئۆتۆمبێل لەسلێمانیدا و چەندان بابەتی تری لەوجۆرە**).

یەكێك لەو بابەتە پڕ بایەخانە كە گۆڤارەكە لەسەرەتاوە-لەیەكەم ژمارەیەوە بایەخی پێدراوەو دوا لاپەڕەی بۆ تەرخان كردووە، ئەو جۆرە كەسانەی شارەزا كە رۆڵی بەرچاویان هەبووە نەك لەمێژووی ئەو شارەدا، بەڵكو لەمێژووی نەتەوەكەشیاندا، چ لەبواری رامیاری یان زانستی یان ئەوەردەیی یان ئەدەبی یان هەر بوارێكی تردا بێت، ژیاننامەو كارو كردەوەكانیان لەگەڵ وێنەكانیاندا بلاوكراونەتەوە، لەسەرەتاو لەچەند ژمارەیەكدا بەناوی (**لە رۆڵە نەبەزەكانی شار**) و دواتر گۆڕا بۆ (**لە رۆڵە بەئەمەكەكانی شار**) بلاوكراوەتەوە، ئەوەی دەبێت بوترێت ئەوەیە ناكرێت لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی دوو تۆێی گۆڤارەكەدا هەن، یەكەیەكە لەسەریان بدوێین، چونكە باس كردنی لەم جۆرە نەك بەچەند لاپەڕەیەك تەواو نابێت ، بەڵكو كتێبێك لەخۆ دەگرێت، هەر چۆنێك بێت بەشێكی گرنگی ئەو بابەتانە خرایە روو، ئەو بابەتانەی تر كە

ماون لەناو ریزبەندی سەرجەم بابەتەكانی گۆڤارەكەدا وەك لەخوارەوەدا دیارە دەخەمەڕوو، نابێت ئەوەمان لەبیربچێت كەلەبەشی زۆری ژمارەكانی گۆڤارەكەدا، دیوی ناوەوەی بەرگی یەكەم، وێنەی بینا نوێكانی سلێمانی–وەك رووێكی پێشكەوتنی شارەكە– و لاپەڕەی پێش بەرگی كۆتایی وێنەی بینا دێرینەكانی شار–وەك خستنە رووی بینای دێرینی سلێمانی و كەلەپووری نەتەوەیی و پاراستنیان– بلاوكراونەتەوە.



وێڕای هەموو ئەو بابەتانە، لە ژمارە (١–١٢) كارو چالاكییەكانی شارەوانەی سلێمانی لەچەند لاپەڕەیەكدا و لەسەرتای لاپەڕەكانی گۆڤارەكەدا خراونەتەڕوو، بەلأم لەژمارە ١٣ بەدواوە، ئەو بەشە خراوەتە لاپەڕەكانی دوایی گۆڤارەكەوە وەك بەشێك لەرۆڵی شارەوانی لەو شارەدا، ماوەتەوە سەر ئەوەی كەدەتوانین ئاماژە بەوە بدەین كە سەرجەم بابەتەكان وێنەیان لەگەڵدا بلاوكراوەتەوە، بابەتی وەها هەیە چەند وێنەیەكی لەخۆی گرتووە، بەدەگمەن دێتە بەرچاو بابەتێك وێنەی لەگەڵدا نەبێت، ئەمەی خوارەوە ریزبەندی بەشی زۆری بابەتەكانی گۆڤارەكەیە مەبەست لێرەدا ئەو بابەتانەن كە زۆرتر گۆشەیان بۆ تەرخان كراوە[٤].

١.كارو چالاكییەكانی شارەوانی سلێمانی
٢.بەڵگەنامەكان
٣.لەئەرشیفی شارەوە
٤.ئەو نامانەی تا ئێستاش گولأویان لێ ئەچۆڕێ
٥. یادەوەری ئەوانەی ماون دەربارەی **(ژیانی كۆمەلأیەتی شاری سلێمانی، گەڕەكە دێرینەكان، جەژن و بۆنەكان.....هتد)**
٦.فەرمانگەكان **(مێژووی دامەزراندنیان–كاروباری رۆژانەیان–بەرێ كردنی مامەڵەی هاوڵاتییان تیایاندا–بەڕێوەبەرەكانیان....)**
٧.قوتابخانەكان
٨.پیشەو پیشەكاران
٩.پیشەسازییە دێرینەكان
١٠.گوزەرەكان
١١.شانۆی جارانی شار
١٢.ئەوشتانەی بۆیەكەم جار هاتوونەتە سلێمانییەوە
١٣.قسەخۆش كەرەكانی شار
١٤.لەئەلبوومی هاولأتیانەوە
١٥وەرزش لەسلێمانیدا
١٦.لە رۆڵە بەئەمەكەكانی شار
١٧شەجەری بنەماڵەكانی سلێمانی **(تەنها لەچەند ژمارەیەكی كەمدا بلاوكراوەتەوەو دواتر لەبلاوكردنەوەی وەستاوە)**.

پەراوێزەكان:

١.ئەگەرچی جارناجار كتێب یان نامیلكە یان رۆژنامەو گۆڤار تا پێش ساڵی ٢٠٠٠ لە چاپخانەیەكی شارەوانی یان بەیارمەتی شارەوانی دەرچووە، بەلأم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە شارەوانی خودی خۆی دەری كردبێت، بەلأم لەدوای ئەو ساڵە شارەوانی دەیان كتێب و نامیلكەی چاپ كردووە.

٢.ئەم گۆڤارە (١٧) ژمارەی لێ دەرچووە، **(جەمال بابان)** سەرەكی نووسەران و **(محەمەد مستەفا كوردی)** بەڕێوەبەری لێ پرسیار و **(محەڕەم محەمەدئەمین)** سكرتێری نووسین و **(جەمال شالی و نوری وەشتی و مەحمود زێوەر)** ئەندام بوون.

٣.ژمارەی مۆڵەتی گۆڤارەكە (٢٦٤)ی رۆژی ٤–٤–٢٠٠٠، خاوەنی ئیمتیاز بەڕێز **(قادر حەمەجان عەزیز)**ەو ژمارەی لاپەڕەكانی سەرجەم ژمارەكان گۆڤارەكە ٥٢ لاپەڕەیەو لەقەوارەی ٣٠ × ٢٠ سم.

٤.مەبەست لەریزبەندی ئەوەی كە ئەو بابەتانەی بە زۆری و بەردەوام لاپەڕەكانی گۆڤارەكە لەخۆ دەگرێت و وشەی ریزبەندیش لێرەدا بەمانای ئەوە نایەت مە بەڕێز و یەك لەدوای یەك ئەو بابەتانەی ناویان هێنراوە.

سەرچاوەكان:

١.گۆڤاری (**سلێمانی**) ١٩٦٨–١٩٧٠– سەرجەم ژمارەكانی.
٢.مێژووی رۆژنامەگەری كوردی، (**جەبار جەباری**) ١٩٧٠.
٣.گۆڤاری (**سلێمانی**) ٢٠٠٠–٢٠٠٤، ژمارە (١–٥٠).



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵ و چالاکییەکان

کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

لە کۆتایی مانگی ١١-٢٠٠٤ تاکو دەرچوونی ئەم ژمارەو نوێیەی گۆڤاری رۆژنامەنووس ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان حەوت کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامداوە کە لە هەریەکێك لەو کۆبوونەوانە تاوتوێی رەوشی رۆژنامەنووسی و چۆنیەتی پتەوکردنی رۆڵی سەندیکا لەداکۆکی کردن لە رۆژنامەنووسانو پاراستنی ئازادی کارکردنییان و هەروەها بە هێزکردنی رایەڵەکانی سەندیکا بە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و سەندیکا رۆژنامەنووسییەکانی تری جیهان کردووە، هەروەها هەرلەم کۆبوونەوانەدا بەوردی و بە شێوەیەکی بابەتیانە لە لەنامەو داواکاری و سکالای رۆژنامەنووسان کۆڵراوتەوەو لە بەرامبەریاندا هەڵوێست و بڕیاری گونجاو وەرگیراوە، سەرەڕای ئەمەش ئەنجوومەن توانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەشداری بکات لەرەخساندنی زەمینەسازی بۆ سازدانی کۆنفراسی لقی موسڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەروەها راستەوخۆش سەرپەرشتی کرد لە بەڕێوەچوونی کۆنفراسەکەی کە رۆژی ١٨-١-٢٠٠٥ لە شارۆچکەی بەعشیقەی نزیك شاری موسڵ ئەنجامیدا، هەروەها ئەنجوومەنی سەندیکا بەشێوەیکی بەردەوام پشتگیری ماددی و مەعنەوی لقەکانی سەندیکای کردووەو لەهەر حاڵەتێك ئەگەر پێویستی هاوکاریان ویستبێت، ئێستا ئەنجوومەن بەردەوامە لەهەوڵ خۆی بۆ رەخساندنی زەمینەی بەستنی کۆنفراسی دامەزراندنی لقەکانی بەغدا و هەولێر و بۆ ئەم مەبەستەش هەنگاوی باش نراوە.

شاندێکی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەچێتە ئەردەن

بە نوێنەرایەتی فەرمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ هەردوو رۆژنامەنووس حامد محەمەد عەلی و ئەکەد مراد ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا بەشداری ئەو (وۆرك شۆپ)ـەیان کرد، کە لە رۆژانی (٢٢-٢٠٠٤/١١/٢٤) لە ولاتی ئەردەن بەسترا، شاندەکە وێڕای ئەوەی توانییان بە بابەت و سەرنج و تێبینی خۆیان بەشداریەکی باش بکەن لە دەوڵەمەند کردنی (وۆرك شۆپ)ـەکەو هەروەها توانیشیان چەندین دیدارو چاوپێکەوتنی دوو قۆڵی لەگەڵ شاندی سەندیکاو رێکخراوە رۆژنامەنووسییە بەشداربووەکانی ئەم چالاکییە بکەن و لەبارەی چۆنیەتی بوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و پێکهاتەو ئامانجەکانی سەندیکا زانیارییان پێ بدەن.
ئەمەش دەقی راپۆرتەکەیە:

لەسەر داوای (یەکێتی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی Ifj رۆژانی ٢٢-٢٠٠٤/١١ وەفدێکی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسان (ئەکەد مورادو حامد محەمەد عەلی) ئەندامانی ئەنجوومەن بەشداریان کرد لە (وۆرك شۆپ)ـی بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر رەوشی سەندیکاو بەکێتی یە رۆژنامەنووسییەکان لە جیهانی عەرەبی و ئێران..



(وۆرك شۆپ)ەکە لە (عەممان)ی پایتەختی شانشینی ئوردون بەڕێوەچوو، وەفدی سەندیکای رۆژنامەنووسانی هەریەك لە (میسر، تونس، الجزائر، المغرب، یەمەن، بەحرێن، فەلەستین، ئێران، عێراق، کوردستان) هەروەها یەکێتی رۆژنامەنووسان عەرەب، بەشداربیان تێداکرد و بەهاوکاری دەزگای (فردرش ایربرت)ی ئەڵمانی و (مفەوەزیەی ئەوروپی)

بەڕێوەچوو، ڕێکخراوی (کاری نێودەوڵەتی)ش بەشداری تێداکرد..

لەماوەی سێ ڕۆژی پشت سەریەکداو (١٠) دانیشتندا، گفتوگۆ لەسەر سێ تەوەری سەرەکی کرا، کە بریتی بوون لە سێ کوچکەی کاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسی: مافە پیشەییەکان، مافە ئابووریەکان..

سەرەتا ئەزموونی ژمارەیەک سەندیکاو یەکێتی ڕۆژنامەنووسی خرایە ڕوو.. دواتر باسی (تحدیات) و ئاستەنگەکانی بەردەم سەندیکاو ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکان کرا.

هەروەها لە بەشێکی تردا باسی چۆنێتی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان ئەم سەندیکایانە خۆیان و، لەهەمان کاتدا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی دا کرا..

هەر لەو وۆرك شۆپەدا هەریەکە لە نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپاو ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی ڕاو بۆچوونی خۆیان خستەڕوو بۆ هەرچی زیاتر گەشەپێدانی کاری سەندیکایی..

دیسان بەدرێژی گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی سەرکەوتن بەسەر ئاستەنگەکاندا کراو، چەندین پێشنیار تاوتوێکران...

لەهەمان کاتدا لەسەرداوای سەرپەرشتیکارانی وۆرك شۆپەکە پلانی داهاتووی هەر سەندیکایەك پێشکەش کرا.

شیاوی باسە وەفدی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژدا، توانی بەشداریەکی گەرم و گوڕی دانیشتنەکان بکات و، وێنەیەکی گەش و واقیعی سەندیکاو کاری ڕۆژنامەنووسی بەگشتی لە کوردستاندا بخاتەڕوو، چ وەك ئاستەنگ و گرفتەکان و چ وەك دەسکەوتەکانیش، بەمەش توانرا سەرنجی بەشداربوان بۆلای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کێش بکرێت، دواتریش لە چەند دانیشتنێکی لابەلادا توانرا لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی و ئێران و جەزائیر و تونس و مەغریب و بەحرێن، ئاڵوگۆڕی زانیاری بکرێ و داوەتی هەندێکیان کرا بۆسەردانی کوردستان و لەنزیکەوە ئاشنابوون لە ئەزموونی کاری ڕۆژنامەنووسی و سەندیکایی و ئەو پێکهاتە ئیئتلافیەی کە لە سەندیکادا هەیە، مایەی سەرنجی ئەوان بوو.

هەروەها وەفدی سەندیکا داوای لە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کرد، کە زیاتر پشتگیری بکەن لە کردنەوەی خولی پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسە لاوەکان، هەروەها بەشدارکردنی سەندیکا لە گشت کۆڕ و کۆبوونەوەو چالاکییەکانی یەکێتی ناوبراو، ئەوانیش ئامادەیی هاوکارییان دەربڕی.

هەروەها لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبدا ئاڵوگۆڕی بیروڕاکراو، وەفدی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، جارێکی تر هەوڵەکانی یەکێتی ناوبراوی بۆ هەڵپەساردنی ئەندامێتی سەندیکا لە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بەکارێکی ناڕەوا لە قەڵەم داو، نوێنەرەکەشیان دانی بەو ڕاستیەدا ناو، بەڵێنی ئەوەی دا کە لە داهاتوودا داوەتی وەفدی سەندیکا بکەن بۆ بارەگای یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لە (قاهیرە)..

وەفدی سەندیکا توانی تا ڕادەیەکی باش دید و بۆچوونی ئامادەبووان لەسەر سەندیکاو زۆر مەسەلەی تریش ڕاست بکاتەوە..

بەکورتی لەو وۆرك شۆپەدا ڕەوشی ڕۆژنامەنووسان و یەکێتی و سەندیکا ڕۆژنامەنووسییەکان لەم چەند خاڵەدا گفتوگۆیان لەسەر کرا:-

١-ئاستەنگی سیاسی و گرفتی سەربەخۆبوون.
٢-ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی.
٣-چاککردنی باری کارو گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان.
٤-دابین کردنی (حصانە) و (حیمایە) بۆ ڕۆژنامەنووسان.
٥- ڕەوشی یاسادانان و یاسای ڕۆژنامەنووسیی.
٦-ئازادی پەیداکردنی زانیاری و هەواڵ.
٧-مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ ڕۆژنامەنووسان.
٨-سەعاتەکانی کارو مۆڵەت.
٩-لەسەر کارلادانی ڕۆژنامەنووسان.
١٠-گرفتی ڕاگەیاندنی (بینراو و بیستراو) هەروەها وەفدی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چەند داواکارییەکی خستەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی وۆرك شۆپەکە.. لەوانە:-

١-ئەندامێتی سەندیکا لە (IFJ) لە (بەشدار)ەوە بکرێ بە (کارا)...
٢-خولی راهێنانی پیشەیی بکرێتەوە..
٣-سەندیکا لە هیچ چالاکییەك بێ بەش نەکرێ.
لە تەوەری پلانی داهاتووی هەر سەندیکایەکدا، ئێمە ئەم چەند خاڵەمان خستە بەردەم بەشداربووانی وۆرك شۆپەکەوە:
١/داڕشتنی یاسایەك بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا، کە کاری بۆ کراوە.
٢/کردنەوەی خولی پیشەیی و خولی تایبەت بە ناساندنی مافە یاساییەکانی ڕۆژنامەنووس..
٣/بەگەڕخستنی یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستاندا..
٤/کرانەوەیەکی زیاتر بە ڕووی سەندیکاو ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییە هەرێمییەکان، بە مەبەستی زیاتر ئاڵوگۆڕی شارەزایی و هاوکاری و هەماهەنگی.
٥/داڕشتنی پرۆژەیەك بۆ دیاری کردنی ڕەوشتی کاری ڕۆژنامەنووسی (اخلاقیات المهنة) لە کوردستاندا..
بەگشتی بەشداری وەفدی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە وۆرك شۆپەکەدا گەرم و گوڕ و ئیجابی بوو و، واش چاوەڕوان دەکرێ کە کاردانەوەی باشی هەبێت.

٢٠٠٤/١١/٢٩

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان یارمەتی ڕێکخراوێکی بەریتانی بەسەر خانەوادەی شەهیدو بریندارە ڕۆژنامەنووسەکانی کارەساتی ای شوبات دابەش دەکات

سەعات ١ی پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٤/١٢/٢ لە بارەگای سەندیکاو لە مەراسیمێکی شایستەدا ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەو بڕە یارمەتییەی کە ڕێکخراوی **(ڕۆژی پێك ڕاست)**ی بەریتانی تەرخانی کردبوو بۆ خانەوادەی شەهید و بریندارانی ڕۆژنامەنووسیی کارەساتی ١/ شوبات دابەش کرد.. مەراسیمەکە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان و بەتایبەتی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس دەستی پێکرد. ئینجا بەڕێز **(زیرەك کەمال)** سکرتێری ڕۆژنامەنووسان بەخێرهاتنی کەس و کاری شەهیدان و بریندارانی کرد..



دواتر بەڕێز فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ووتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا دروودی بۆ ئەو شەهیدە بەرزەفڕە ڕۆژنامەنووسانە نارد، کە لەو کارەساتە دڵتەزێنە بوونە قوربانی و هیوای چاك بوونەوەشی بۆ ئەو بریندارانە خوست کە تاکو ئێستا لە چارەسەرکردنی پزیشکی بەردەوامن و ئاماژەی بە چالاکییەکانی سەندیکا کرد و هەوڵی بێ وچانی لقی ئەوروپای سەندیکای بەرز نرخان لە دەستەبەر کردنی ئەو یارمەتیە و ناساندنی سەندیکا بە دەرەوە، گوتیشی من دڵنیام برادەران لەدەرەوە لەم جۆرە کارانەدا درێخی ناکەن.



لە درێژەی قسەکانیدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان مژدەی ئەوەی بە خانەوادەی شەهیدان و ڕۆژنامەنووسان دا کە ئەو پرۆژەی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی

کردبوو کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوەو ناردراوە بۆ حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێ کرد بە پێی ئەم بڕیارەش هەموو رۆژنامەنووسێك کە بە فیعلی کاری رۆژنامەنووسی دەکات مافی خانەنشین کردنی دەبێت بەمەرجێ فەرمانبەری حکومی نەبێت و بە پشتیوانی خوا لەو زوانە جێبەجێ دەکرێت..

دواتر بەڕێز **(شێرکۆ حەبیب)** سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لە وتەیەکدا سەرەخۆشی لەکەس و کاری شەهیدان کرد و هیوای چاکبوونەوەی بۆ بریندارانی خواست، کورتە باسێکی لەو یارمەتیە و چۆنیەتی دەستەبەرکردنی کرد و گوتی ئەم یامەتیە لەلایەن رێکخراوی **(رۆژی پێك تراست)**ی بەریتانی کە بریتیە لە ٢٤٠٠ دۆلار بۆ خانەوادەی شەهیدان و ٣٠٠٠ دۆلاریش بۆ بریندارانی کارەساتەکە، ئەم یارمەتیەش بە دوو وەجبە دابەش دەکرێت ئەمە قۆناغێکیانە و قۆناغی دووەمیش لەمانگی ٤ی ساڵی دادێ دابەش دەکرێت ئەو یارمەتیە تەنها ئەو رۆژنامەنووسانە دەگرێتەوە کە ئەندامانی سەندیکای رۆژنامەنووسان بوون.

هەروەها هیوای بەردەوامی ئەو جۆرە یارمەتیەی خواست.. پاشان دیارییەکان لەلایەن نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا دابەش کرا..

شایانی باسە لە کارەساتی ١/ی شوباتی ساڵی پار هەردوو بارەگای مەڵبەندی (٣)ی رێکخستنی هەولێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و لقی (٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەك لە رۆژنامەنووس بوو بوونە قوربانی دەستی تیرۆر..

کۆبوونەوەی گشتیی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێر

رۆژی ١٣-١٢-٢٠٠٤ لەشاری هەولێر و بە ئامادەبوون و سەرپەرشتی نەقیب و جێگری نەقیب و سەرجەم ئەندامەکانی ئەنجوومەنی سەندیکای و هەروەها هەردوو لێژنەی بەرزەفت کردن و چاودێری و ئەندامانی یەدەگی ئەنجوومەن و هەروەهاسکرتێرو ئەندامانی لقەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی گشتی خۆی لەشاری هەولێر ئەنجامدا، سەرەتا نەقیبی رۆژنامەنووسان وێرای بەخێهێنانی رۆژنامەنووسان هەروەها کورتەیەکی لەسەر رەوشی رۆژنامەنووسی و رۆڵی رۆژنامەنووسان لە واقیعی سیاسی ئەمڕۆی ولاّتەکەمان خستەڕوو، هەروەها ئاسوودەیی خۆیشی نیشاندا لەسەر چالاکی و بەرهەمە بەپێزەکانی سەندیکا و هەروەها ئەو کۆشش و رۆڵە کاریگەرەی لقەکانی لە خزمەت کردن بە رۆژنامەنووسان بەرزنرخاند و دواتر رۆژنامەنووس زیرە کەمال سکرتێری سەندیکای و راپۆرتی گشتی سەندیکای لەماوەی شەش مانگی کارکردنی سەندیکا و ئەکەد موراد راپۆرتی داراییان خوێندەوە.

ئینجا دواتر هەر یەك لە سکرتێری لێژنەکانی چاودێری و لێژنەی بەرزەفت کردن و هەروەها سکرتێری هەریەك لە لقەکانی دهۆك و کەرکووك و سلێمانی راپۆرتی شێوازی کارکردن و جێبەجێ کردنی ئەرك و پەیامەکانی خۆیان خستە روو.



سەرەڕای خوێندنەوەی راپۆرتی مەکتەبی دەرەوەی سەندیکا لەلایەن نەقیب و کورتە باسێکی لێژنەی ئامادەکاری لقی بەغدا لەلایەن جێگری نەقیبەوە، جێی باسە ئەو کۆبوونەوە گشتییە هەر شەش مانگ جارێك لەلایەن ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەمەبەستی کاراکردنی رۆڵی نوێ و جێبەجێکردنی ئەرك و پەیامەکانی سازی دەکات.

ئەمەش دەقی بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی گشتییە:



بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی فراوانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

بەبۆنەی تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر بەستنی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٤/١٢/١٣ ئەنجوومەنی سەندیکا بە ئامادەیی سەرجەم ئەندامانی کۆبوونەوەیەکی لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێر گرێدا، بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە رەوتی سەندیکا لە ماوەی ساڵی رابردوویدا و دانانی بەرنامەیەکی تێروتەسەل بۆ ئەو کۆبوونەوە گشتییەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا داوای بەستنی کردووە بە مەبەستی وەرگرتنی بڕیار و راسپاردەی پێویست لەبارەیەوە.

کاتژمێر (١٠)ی سەرلە بەیانی رۆژی (١٢/١٤) ئەنجوومەن کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی لە هۆڵی ریستۆرانتی هەولێر گرێدرا، کە نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەن یەدەگەکانی و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت و یەدەکەکانیان و سکرتێر و ئەندامانی لقەکانی سلێمانی و دهۆك و کەرکووك و سکرتێری لیژنەی ئامادەکاری لقی موسڵ ئامادەی بوون.

سەرەتا رۆژنامەنووس (مستەفا سالح کەریم)ی جێگری نەقیب بەداواکردن لە ئامادەبووان بۆ دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازیی لە عێراق و شەهیدانی وشە لە نووسەر و رۆژنامەنووسانی کوردستان بەخێرهێنانی ئامادەبووانی کرد و ئامانج لەو کۆبوونەوە فراوانەشی بۆ روونکردنەوە، هەروەها رۆڵی پێشەنگی سەندیکای لەم قۆناغەماندا روونکردەوەو ئامادەبوونی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و جیهاندا نرخاند، دواتر کردنەوەی دانیشتنەکەی بەو شێوازە راگەیاند کە لە بڕگەکانی خشتەی کارنامەکەدا هاتووە، کە بەو پێیە رۆژنامەنووس (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسان وتەیەکی بەخێرهاتنی پێشکەش کرد کە تێیدا هاتووە: ئەنجوومەنی سەندیکا سوورە لەسەر گونجان و لێککەیشتنی تەواو- وەك ئەوەی کە هەیە لەنێوان ئەنجوومەن و لقەکانی سەندیکا لەسەر رۆشنایی بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی و خستنەڕووی ئەو

دەسکەوتانەی کە سەندیکا بە دەستی هێناوەو ئەو دەسکەوتانەش کە بۆ ئەندامانی دەستەبەر کردووەو تەئکیدی لەسەر سووربوونی سەندیکا بە ئەنجوومەن و لقەکانیەوە کردەوە بۆ درێژەدان بە تەبایی و یەکگرتنی نیشتمانی لەنێو لیژنە سەرکردایەتیەکان و سەرجەم بەشەکانی تری سەندیکا و ئەندامانی، ئاماژەیی بە بەستنی کۆنفرانس لقەکانی سلێمانی و دهۆك و کەرکوك کرد هەروەها پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری لە هەرێمك لە ئەوروپا و بەغدا و موسلٌ و، پاش ئەوەش کۆنفرانسی لقی هەولێریش دەبەستریٌت.

هەروەها سوپاسی خۆی ئاراستەی بەڕێز (جەلال تالەبانی) سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد، کە بەناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بڕی (١٠،٠٠٠)دە هەزار دۆلاری پێشکەش بە سەندیکا کردووە، هەروەها سوپاسی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی کرد بە یارمەتی دانی بەردەوامیان لە هەردوو بواری ماددی و مەعنەوی بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان، دواتریش رۆژنامەنووس زیرەك کەمال سکرتێری سەندیکا راپۆرتی ئەنجوومەنی پێشکەش کرد کە بریتی بوو لەو چالاکیانەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا لەماوەی پێشوو پێی هەستابوو و رۆلّی کارای لە ناساندنی سەندیکا بەدەرەوەو سەرپەرشتی راستەوخۆی لقەکانی، هەروەها رۆلّی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەولّەتی، لە سەردانی سکرتێری گشتی (ئایدان وایت) بۆ کوردستان تا دەگاتە پێشوازی گەرمی لە وەفدی سەندیکاکەمان لە ئەسینا بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی بیست و پێنجەمینی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەولّەتی، هەروەها ئاماژەی بەو یارمەتیانەیش کرد کە رێکخراوی (روری پیك)ی مرۆیی پێشکەش بە خانەوادەی رۆژنامەنووسە شەهیدەکان کرد، ئەوانەی کە بوونە قوربانی کردە تیرۆریستیەکەی رۆژی (١)ی شوباتی ساڵی رابردوو کە تیرۆریستان لە شاری هەولێر ئەنجامیاندا.

هەروەها بەشداری وەفدەکان لەو خولّەی رۆژنامەنووسییەی کە لە برۆکسل بەڕێوەچوو، لەگەلّ وۆرك شۆپەکانی کار کە لە (عەمان)ی پایتەختی ئەردەن لە (١٠) رۆژی کۆتایی مانگی تشرینی دووەم بەڕێوەچوون.

لە دانیشتنەکەدا هەریەك لە بەرپرسانی لیژنەی (بەرزەفت کردن و چاودێری) رۆژنامەنووسان شەوقی حوسەین و ئاکۆ محەمەد راپۆرتی کاری ماوەی رابردووی لیژنەکانیان پێشکەش کرد و، دواتر نۆرەی لقەکان هات، کە هەریەك لە رۆژنامەنووسان فەرید زامدار راپۆرتی لقی سلێمانی و ئەسعەد جەباری راپۆرتی لقی کەرکووك و ئیسماعیل بادی لقی دهۆك و بە نوێنەرایەتی رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری لیژنەی ئامادەکاریی لقی ئەوروپا رۆژنامەنووس فەرهاد عەونی ئەو راپۆرتەی خوێندەوە کە لیژنەی ناوبراو ئامادەی کردبوو، هەروەها بە نوێنەرایەتی رۆژنامەنووس فریاد رواندوزی سکرتێری لیژنەی ئامادەکاریی لقی بەغدا، رۆژنامەنووس مستەفا سالّح کەریم راپۆرتێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە هەوڵی رۆژنامەنووسان لە بەغدا لەمەڕ پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاری لە بەغدا، پاشان رۆژنامەنووس (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) سکرتێری لیژنەی ئامادەکاریی لقی موسلٌ کاری لیژنەی خوێندەوەو پاش گوێگرتن لەو راپۆرتانەی کە کاری لیژنەو چالاکیی لقەکان و دەستکەوتەکانی لەخۆ گرتبوو، ئامادەبوان گوێیان لە راپۆرتی (مالی) گرت کە بەرپرسی کارگێڕی ئیدارەو دارایی لە ئەنجوومەنی سەندیکا رۆژنامەنووس (ئەکەد مووراد) پێشکەشی کرد، دواتر رۆژنامەنووس عەبدولّلا زەنگەنە سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەنووس) راپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر گۆڤارەکە و ناوەرۆك و پێشنیارە نوێیەکان بۆ بەرەوپێشبردنی لە داهاتوودا پێشکەش کرد. پاش ئەوە رۆژنامەنووس (مستەفا سالّح کەریم) دەرگای لێدوان و گفتوگۆی لەسەر پوختەی ئەو راپۆرتانە کردەوە، کە رۆژنامەنووسان (عەبدولغەنی عەلی یەحیا و ئیسماعیل بادی و رەحمان غەریب و عومەر غەریب و ئەسعەد جەباری و فەرید زامدار و نەبەز رۆستەم و حامد محەمەد عەلی و فەهیم عەبدولّلا بەشداریان تێدا کرد.

دوای گفتوگۆیەکی گەرم و تێروتەسەل لەسەر ناوەرۆکی ئەو راپۆرتانەی کە خرابوونە بەردەستی

کۆبوونەوە بەرفراوانەکە، رۆژنامەنووسان (فەرهاد عەونی و مستەفا سالح کەریم وەلامی پرسیار و بەدواداچوونی ئامادەبووانیان دایەوەو ئەو پرسانەشیان روونکردەوە کە پێویستیان بە روونکردنەوەو تێشك خستنەسەر هەبوو، پاشتریش سکرتێری سەندیکا بەرنامەیەکی سەبارەت بە کاری سەندیکایی لە ساڵی داهاتوو پێشکەش کرد، دوای ئەویش نەقیبی رۆژنامەنووسان دەستکەوتەکانی ئەنجوومەنی بە کورتی خستەڕوو کە بریتین لە:

یەکەم: بەستنی کۆنفرانس لە لقەکانی سلێمانی و دهۆك و کەرکووك بەسەرکەوتوویی.

دووەم: پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکاریی لە ئەوروپا و بەغدا و موسڵ.

سێیەم: بەشداری نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری لیژنەی ئامادەکاری ئەوروپا لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان کە لە ئەسینا بەسترا.

چوارەم: بەشداری کردنی وەفدێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە خولە رۆژنامەنووسییەی کە لە برۆکسل بەڕێوەچوو.

پێنجەم: بەشداریکردنی دوو ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا لەو وۆرك شۆپەی کە لەماوەی مانگی تشرینی دووەمی رابردوودا کە لە (عەمان)ی پایتەختی ئەردەن لەلایەن فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) بەڕێوەچوو، هەروەها بەشداریکردنی دوو ئەندامی ئەنجوومەن لەو وۆرك شۆپەی کە بیستی ئەم مانگە لە عەمان دەبەسترێت و کە لەلایەن فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی ئامادەکراوە.

شەشەم: دەرچوونی یاسای سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

حەوتەم: ڕەزامەندی جێبەجێ کردنی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بۆ بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بە هەژمارکردنی خزمەتی رۆژنامەنووسیی بە خزمەتێکی کرداریی تەواو بۆ رۆژنامەنووسان، ئەوانەی کە پێویستیان پێیەتی بە مەبەستی بەرزبوونەوەی پلە و خانەنشینی لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

هەشتەم: دەستەبەرکردنی پارچە زەوی نیشتەجێکردن بۆ ئەندامان لە هەریەك لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، ئێستاش سەندیکا لەو بوارەدا لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی سەرجەم ئەندامانی موستەحەق بگرێتەوە.

نۆیەم: سەندیکا توانیویەتی پشتیوانی مادی لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و سەندیکای رۆژنامەنووسان لە ئەسینا رێکخراوە مرۆییەکان بۆ خانەوادەی شەهیدانی رۆژنامەنووس پەیدا بکات و، چارەسەری برینداران رووداوە تاوانکاریەکەی (١)ی شوباتی رابردووی هەولێر بکات کە تیرۆریستان پێی هەستان.

دەیەم: سەندیکا لەکاتی پێویستدا هەستاوە بە یارمەتیدانی ئەندامانی.

یازدەیەم: سەندیکا بەرگری لە ئەندامانی خۆی کردووە، کاتێ کە رووبەڕووی هەر لێپرسینەوەیەك بووبنەوە لەسەر کاری پیشەییان.

دوانزدەیەم: ئیدارەی سلێمانی پارچەیەك زەوی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی بکرێتە باڵەخانەیەك بۆ لقی سلێمانی سەندیکا، هەروەها ئیدارەی هەولێریش شوێنێکی تەرخان کردووە، بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەك بۆ سەندیکاو رێکخراوە کوردستانیەکان.

سیازدەیەم: لقی سلێمانی هەستاوە بە کردنەوەی هۆڵی ئەنتەرنێت کە تیایدا ئەندامانی سەندیکا بە پارەیەکی کەم بەشداری تیادا بکەن.

چواردەیەم: لقی دهۆك میواندارێتی وەفدێکی رۆژنامەنووسانی هۆڵەندی کرد کە ئەزموون و موومارەسەیان لە بوارۆ رۆژنامەگەریدا هەیە، ئەوەش بۆ وەتنەوەی وتار و (محاضرات) لەو خولە کورتەی کە لە دهۆك بۆ ئەندامان کرایەوە.

پازدەیەم: هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی تایبەت بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە پەرلەمانی کوردستاندا ئەوەش لەسەر داوای سەندیکا، کە توانرا پرۆژە هەمووارکراوەکە لەلایەن لیژنەیەکی دیاریکراو کە بە بڕیاری کۆنگرەی گشتی دامەزرابوو پێشکەش بکرێن.

سەبارەت پلان بۆ ئایندەو ئەو چالاکیانەی کە سەندیکا لە ساڵی نوێیدا کاریان لەسەر دەکات و ئەو پرس و باسانەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا پەسەندی کردوون بۆ جێبەجێ کردن لە ساڵی داهاتوودا، رۆژنامەنووس (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسان روونکردنەوەی پێویستی پێشکەش کرد، وەك ئەوەی

کە لە راپۆرتەکەی سکرتێری سەندیکا– رۆژنامەنووس (زیرەک کەمال)دا هاتووە:

یەکەم: ئەنجوومەن بەنیازە رۆژنامەیەکی نیومانگ جارێك بە زمانی عەرەبی دەربکات، بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی ئەنجوومەن و لقەکانی و ئەو بیروڕایانەی کە لەلایەن رۆژنامەنووسان و و هاوڵاتیانەوە پێی دەگات.

دووەم: کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی گۆڤاری (رۆژنامەنووس–الصحفی) و دەوڵەمەندکردنی بە باس و لێکۆڵینەوەو وتاری هەڵبژاردە دەرکردنی لە سێ مانگ جارێکدا بەشێوەیەکی رێك و پێك.

سێیەم: پێکهێنانی لیژنەی تایبەت لە سەرجەم لقەکاندا بۆ سازدانی فیستیڤاڵی گەورە لە بیست و دووی نیسان (ابریل)ی داهاتوودا، بەبۆنەی یادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە (١٨٩٨/٤/٢٢).

چوارەم: میواندارێتیکردنی وەفدە سەندیکاییەکانی وڵاتانی دراوسێ و عەرەبی و ئەوروپی و وەڵامدانەوەی سەردانەکانیان لەلایەن ئەو وەفدانەوە کە نوێنەرایەتی سەندیکای رۆژنامەنووسان دەکەن.

پێنجەم: بەگوێرەی بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، پێکهێنانی لیژنەیەك پێکدەهێندرێ بۆ پەیوەندی نێوان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی، ئەوەش دوای بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەندیکای تازەی رۆژنامەنووسانی عێراقی.

شەشەم: داواکردن لە وەزارەتی رۆشنبیری عێراقی و لیژنەی ئۆلۆمپی عێراقی و یەکگرتووی رۆژنامەگەری وەرزشی بۆ بەشدارکردنی ئەو رۆژنامەنووسە کوردانەی کە لە بواری وەرزشدا کاردەکەن لە گەشتە وەرزشییەکاندا بۆ دەرەوەی وڵات.

حەوتەم: هەوڵدان بۆ داشکاندن لە خەرجی (عیادەی پزیشکی و نەخۆشخانەکان لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسان ئەوەش بە هاریکاری لەگەڵ سەندیکای پزیشکانی کوردستان.

هەشتەم: هەوڵدان بۆ داشکاندن لە کرێی ئۆتێل و کەرتە گەشت و گوزارییەکانی سەر بەحکومەت لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بۆ رۆژنامەنووسان.

نۆیەم: پەیوەندیکردن بە گشت دەزگاکانی راگەیاندن بە بیستراوو بینراوو نووسراو، بۆ ئەوەی لانی کەمی مووچەی رۆژنامەنووسانیان مانگانە لە (١٥٠,٠٠٠)هەزار دینار کەمتر نەبێت.

لەنێو چەپڵەی ئامادەبووانداا کۆبوونەوەی بەرفراوان کۆتایی بە کارەکانی هێنا، بەو هیوایەی کە کۆبوونەوەی دووەمی بەرفراوان لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوودا ببەسترێت.

ئەنجوومەنی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر/ ٢٠٠٤/١٢/١٤

بەشداری سەندیکا لە وۆرك شۆپی ئەردەن

بە نوێنەرایەتی فەرمی سەندیکا و لەسەر داوای سەرپەرشتکاری "**وۆرك شۆپ**"ەکە هەردوو رۆژنامەنووس "**سۆزان مامە**" و "**فەهیم عەبدوللا**" ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری ئەو "**وۆرك شۆپ**"ەیان کرد کە لەرۆژانی ٢١–٢٠٠٤/١٢/٢٢ لەوڵاتی ئەردەن سازکرا، لەوێدا کە ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەری چەندین سەندیکا و نێوەندی رۆژنامەنووسی وڵاتانی جیهان ئامادەبوون.

شاندی سەندیکا توانی لەڕێگای بەشداریکردنی ئەو دیالۆگ و کۆڕ و سمینارانەی لەم "**وۆرك شۆپ**"ەدا بەڕێوەچوون بەشداریەکی کارا بکات و لەسەر سەندیکای رۆژنامەنووسان چەندین بابەت و زانیاری بەسوودیان بە ئامادەبووان گەیاند.

سوپاسنامەیەك لەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سوپاسنامەیەکی ئاراستەی هەردوو رۆژنامەنووس "**تاریق کارێزی**" و "**عەدالەت عەبدوللا**" کرد، کەوا لە لیژنەی ئامادەکردنی کۆنفراسی لقی کەرکوکی سەندیکا دڵسۆزانە کاریان تێدا کردو رۆڵی کاریگەریشییان بینی لەسەرخستنی کۆنفراسەکە.

دهۆك

ساخکرنا بیرەوەریا رۆژنامەنڤیش سەلمان کۆڤلی

بەهەلکەفتنا بیرەوەریا ئێک سالیا وەغەکرنا هۆزانڤان و رۆژنامەنڤیس **"سەلمان کۆڤلی"** رێڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری ل دهۆك بهەڤکاری دگەل سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ لقێ دهۆك، ل رۆژا ٢٠٠٤/١٢/٢١ێ، ل هۆلا موزەخانا دهۆك یا فولکلوری بیرەوەریا ئێك سالیا وی ساخکر.

ل بەراهیێ دەقیقەکێ رێزگرتن بۆ گیانێ رۆژنامەنڤیس **"سەلمان کۆڤلی"** راوەستیان و پاشی پەیڤێن رێڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری و سەندیکا رۆژنامەنڤیسان هاتنە خواندن و لدویڤ دا ژیاننامە وی و چەند بیرەوەری و شرۆڤە کرن لدور هۆزانێن وی هاتنە خواندن.



هەژی گۆتنێ یە د پەیڤا سەندیکایێ دا، ئەڤا ژلایێ هێژا **"شوکری شەهباز"** ئەندامێ دەستەکا کارگێریا لقێ دهۆك ڤە هاتیە خواندن، تێدا ئاماژەدا رۆلێ هۆزانڤانی وەك رۆژنامەنڤیسەك پشتی سالا ١٩٩١یێ و هەتا رۆژا وەغەرکرنا وی، کو کارمەندەکێ ب بزاڤ بوویە، ل هەر دەزگایەکێ تێدا کارکربیت و رەحمەتی ژی بۆ زانین، ب تنێ ئەندامێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسان بوویە و ب مالا خو زانی یە.

ل دوماهیێ ژی پشتی پەیڤا بنەمالا وان هاتیە خواندن ژ لایێ کچەکا ویڤە، خێزنا و ی هاتیە خەلاتکرن ب وێنەیەکێ مەزنێ خودێ ژێ رازی و وەك رێزگرتن ژی بۆ چالاکی یێن وی د بیاڤێ رۆژنامەڤانیێ دا رێز لێ هاتە گرتن و هەردوو دەزگەهان پێکڤە خەلاتەك دا بنەمالێ.

خولەکا خوبەر هەڤکرنێ ل دۆرهەلبژارتنان



ژ بۆ خو بەرهەڤکرنێ بۆ هەلبژارتنێن گشتی ل عێراقی، لقێ دهۆك یێ سەندیکایێ ب هەڤاکری دگەل رێکخراوا مافێن مەدەنی ل کوردستانێ، خولەکا رۆژنامەڤانی ل رۆژێن ٣-٢٠٠٥/١/٥ێ ل بارەگایێ سەندیکایێ ڤەکر و کەڤ بابەتێن ل خوارێ تێدا هاتنە شرۆڤە کرن و دان وستاندن ژ لایێ بەشدار بوویانڤە لسەر هاتە کرن:

١- سیستەمێ راگەهاندنێ و هەلبژارتن.

٢- رۆلێ راگەهاندنێ وەك زێرەڤان د هەلبژارتناندا.

٣- رەفتارا کارمەندێن راگەهاندنێ د دەنگدان و ئازارتنا دەنگاندا.

بۆ ب سەر ئێخستنا ڤێ خولێ ژی، هەمی دەزگایێن ل سنووریێ باژێرێ دهۆك، هەر لایەکێ ب چەند رۆژنامەنڤیسان پشکداری تێدا کر کو تا تایبەت بوو، بۆ پەیامنێر ونڤیسەران. ئەوێن پشکداری دخولێ دا ئەڤ رۆژنامەنڤیسێن ناڤێن وان ل خوارێ بوون:

سەعید ئۆسمان عەبدوللاّ، موسلح عەبدولقادر، فەرسەت حاجی، ئیسماعیل تاهر جانگیر، محەمەد سەدیق، عائیشە شەوکەت، هاجەر داود، ناجی نەزیر نەبی، غازی سەعید زوبێر، حسێن حاجی، ئەیاد نەقیب بەرواری، هادی خدێدا دۆبانی، پەروەر محەمەد عەلی، نائیل عودیشۆ بۆترس، ئەترا حکمەت حەنا، رۆمێل شمۆئێل، زەکی قەبلان، کۆڤان رێسان خانکی، عەبدولعەزیز موحسن بارزانی، موسلح یاسین عەلی، ئیبراهیم عەلی دێرگژنیکی، عەبدولرەحیم جەلال محەمەد، ئەکرەم محەمەد ئەحمەد، بەهدین غازی محەمەد ئەمین.

لقی کەرکوک

* پاش بەستنی یەکەم کۆنفراسی لقی کەرکوک–سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەسەرکەوتوویی لە ٢٠٠٤/١٠/١٤ و لەپەراوێزی کۆنفراسەکەدا بە ئامادەبوونی نەقیب و جێگری نەقیب و ئەندامانی لێژنەی بالاّ و تەواوی ئەندام هەلّبژێردراوەکانی لقی کەرکوک کۆبوونەوەیەک سازدرا..



تیایدا وێڕای پیرۆزبایی تەواوبوونی کۆنفراسەکە، ئەندامانی نوێی دەستەی هەلّبژێردراوی لقی کەرکوک کارەکانیان بەسەر دابەشکرا، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئەرک و پەیامی سەندیکای لقەکە راگەیاندرا کەپێویستە لەکەرکوکدا سەندیکا رۆلّێکی گەورە ببینێ بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی رۆژنامەنووسانی شاری کەرکوک بەبێ جیاوازی، هەروەها لەبەشێکی قسەکانیدا بەڕێز نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئێمە لە لێژنەی بالاّ بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لەم لقە دەکەین چونکە پێمان وایە پشتیوانی کردن لەکەرکوک ئەرکێکی پێویست و نەتەوەیی و پیرۆزە.

* دوابەدوای بەستنی کۆنفراسی لقی کەرکوک–سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی سکرتێری یەکەم و جێگرو تەواوی ئەندامانی لق ئێوارەی ٢٠٠٤/١٠/١٦ یەکەم کۆبوونەوەی خۆی گرێ دا.. لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای ئەوەی سوپاسی دام و دەزگا حکومی و رێکخراوەکانی رووناکبیری شارەکە کرا بۆ بەشداری کردنیان لە سەرکەوتنی کۆنفراسی یەکەمی لق، قسەو باس لەسەر بەرنامەو پرۆژەکانی لق کرا، کە بتوانرێ لەگەلّ رەوتی رووناکبیری شارەکەدا هەنگاو بنرێ بۆ سازدانی هەرچی جم و جۆلّە رۆشنبیری و چالاکییەکانی رۆژنامەوانی هەیە.. هەر لەو کۆبوونەوەیدا جەخت لە بەهێزکردنی بەشەکانی لق کرایەوە کە پێویستە لەئاستی بەرپرسیارێتی دا ئەندامانی لق هەنگاو بنێن.

* وەفدی لقی کەرکوک بەڕێزان شێخ سدیق و عومەر غەریب و ئەسعەد جەباری سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٣ بەشداریان لەکۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی دام و دەزگاکانی راگەیاندن و کەناڵەکانی شاری کەرکوک لەبینایەی تەلەفزیۆنی کەرکوک کرد..لەو کۆبوونەوەیەدا بەسەرپەرشتی سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان گفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی کەناڵە ناوخۆیی و ناوەندەکانی راگەیاندنی شاری کەرکوک کرا و ئامرازێک و نەخشەیەک بۆ بەشداری کردنی رۆژنامەنووسانی کەرکوک دانرا..جگە لە تاوتوێ کردنی هەندێ خاڵی گرنگ.

* بەڕێز عومەر غەریب جێگری سکرتێری لقی کەرکوک–سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەر لەبەیانی رۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٦ بەشداریان لەو کۆبوونەوە فراوانە کرد کە (اتحاد اذاعیین)ی لقی کەرکوک سازی دابوو لە بارەگای تەلەفزیۆنی (العراقیة) کەناڵی کەرکوک بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر چاکترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و (اتحاد اذاعین) و سەرجەم رۆژنامەنووسی سەربەخۆی شارەکە..

هەر بۆ هەمان مەبەست رۆژی ٢٠٠٤/١١/١ بەڕێزان شێخ سدیق سکرتێری لق و نەبەز رۆستەم ئەندامی لق بەشداریان لە کۆبوونەوەیەک لە تەلەفزیۆنی ئازادی–کەناڵی کەرکوکدا کرد.

* سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٤/١١/٣ بەڕێزان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و زیرەک کەمال ئەندامی لێژنەی بالاّ سەردانی بارەگای لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد و لەلایەن سکرتێر و ئەندامانی لقەوە بەگەرمی پێشوازیان لێ کرا..

لەمیانەی کۆبوونەیەکدا بەڕێز نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان وتەیەکی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد..لەو کۆبوونەیەدا چەندین مەسەلەی پەیوەست بە

رۆژنامەنووسان و بەرنامەیکاری لقی کەرکوک بەڕێوەچوو کە بەڕێز نەقیبی رۆژنامەنووسان هاوکاری تەواوی بۆ دەربڕی.

* رۆژی ٢٠٠٤/١١/١٠ بەڕێزان سکرتێر و جێگری سکرتێری لقی کەرکوک–سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی کۆنسوڵی گشتی بەریتانیان لەکەرکوک کرد..لەلایەن جێگری بەرپرسەوە پێشوازیان لێ کرا.. لەو دیدارەدا باس لەگرنگی و بایەخی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەگشتی و لقی کەرکوک بەتایبەتی کرا.. هەر لەو دیدارەدا باس لەوە کرا کە لەشاری کەرکوک چەندین ناوەندی رۆژنامەوانی پەیوەندییان بەسەندیکاوە هەیەو ئێمە وەک لقی کەرکوک نوێنەرایەتی زیاتر لە ٢٣ رۆژنامەو ١٣ گۆڤار و پتر لە ١١ کەناڵی ناوخۆیی دەکەین سەر بە هەموو نەتەوەکانی شاری کەرکوک.. هەر لەو چاوپێکەوتنەدا هەندێ مەسەلەی جیاجیا تاوتوێ کرا وابەست بە بزووتنەوەی رۆژنامەوانی و راگەیاندنی ناوخۆیی شاری کەرکوک و پشتگیری کردنیان.

* سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٤/١١/٢١ بەڕێزان شێخ سدیق سکرتێری لقی کەرکوک و کامەران محەمەد ئەندامی لق بە جیاجیا سەردانی هەر یەک لە بەڕێزان عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک و حەسیب رۆژبەیانی یاریدەدەری پارێزگا لە دیوانی پارێزگا کرد.. لەو سەردانانەدا باس لە رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری کەرکوک کراو داوای پشتیوانی کردن لەهەردوو بەڕێزان کرا بۆ سەرخستنی ئیش وکارەکانی سەندیکا لە شاری کەرکوک.

* ئێوارەی ٢٠٠٤/١١/٢٣ بەڕێزان شێخ سدیق سکرتێری لق و ئەسعەد جەباری چاویان کەوت بە بەڕێز دکتۆر کەمال کەرکوکی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە نووسینگەی تایبەتی بەڕێزی.. لەدیدارێکدا بەئامادەبوونی ئەفسەرێکی پایەبڵندی هێزەکانی فرەڕەگەز لەشاری کەرکوک گفتوگۆ لەسەر زیاتر هاوکاری کردنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان–لقی کەرکوک کرا.. هەروەها بەڕێزیان پشتیوانیان بۆ هەنگاوەکانی سەندیکا دەربڕی و بەڵێن هاوکاریان دا.

* رۆژی ٢٠٠٤/١١/٢٥ لە بینایەی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان بەڕێز سکرتێری لق و ژمارەیەک لەئەندامانی لق پێشوازیان لە بەڕێز محەمەد شاهینی سەرۆکی رابیتەی رۆژنامەنووسانی عێراق لەکەرکوک کردو بێستون محەمەد جێگری سەرۆکی (اتحاد اذاعیین) لەکەرکوک لەمیانەی کۆبوونەوەیەکدا قسەو باس لەسەر چۆنیەتی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرسێ دامەزراوەکەی رۆژنامەنووسانی شارەکە کرا و زۆر پێشنیار و بۆچوونی باش بۆ پێشخستنی ئەرکەکانی ئەم رێکخراوانە خرانەروو.. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا کە هەرسێ رێکخراوەکە پێکەوە بەشدار بن لەو سەنتەرە راگەیاندنەی کە بڕیارە بکرێتەوە بۆ شاری کەرکوک لە نزیکترین دەرفەت.

* سەر لەبەیانی ٢٠٠٤/١١/٢٨ نوێنەرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی کەرکوک (شێخ سدیق و کامەران محەمەد و نەبەز رۆستەم و ئیبرهیم جبوری و ئەسعەد جەباری) بەشداریان لەو کۆبوونەوەیەدا کرد کە راگەیاندنی هێزەکانی فرەڕەگەز لەشاری کەرکوک (سیماک) رێکیان خستبوو بۆ هەرسێ ناوەندەکەی رۆژنامەو راگەیاندن لەشاری کەرکوک.

لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی پتر لە ٣ کاتژمێر کفتوگۆ لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی سەنتەری راگەیاندنی شاری کەرکوک کرا کە هاوبەشانە لەژێر چاودێری (سیماک) ببرێ بەڕێوە. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لقی کەرکوک بۆ دەست بەکاربوون دیاری کرا.

* کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٤/١٢/٥ بەئامادەبوونی سکرتێر و ئەندامانی لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و بەڕێز عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک و حەسیب رۆژبەیانی یاریدەدەری پارێزگار و زۆربەی زۆری کەناڵ و ناوەندەکانی راگەیاندنی شاری کەرکوک.. سەنتەری راگەیاندنی کەرکوک کرایەوە.

لەو کەرنەڤاڵەدا بەڕێز پارێزگاری کەرکوک ووتەیەکی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش کردو پیرۆزبایی لەکردنەوەی ئەم سەنتەرە کردو هیوای خواست داهێنانێکی تری شاری کەرکوک بێت و لەخزمەت رەوتی رۆژنامەوانی و راگەیاندنی کەرکوکدا بێت بەبێ جیاوازی.. هەر لەو کەرنەڤاڵەدا سەرۆکی سەنتەرەکە (محەمەد شاهین) ووتەیەکی خوێندەوە.. بەڕێز کامەران محەمەد جێگری سەنتەری راگەیاندن لەکەرکوک ووتەیەکی بەزمانی کوردی پێشکەش کرد و سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە لە پشتی ئەم دەسکەوتەوەیەن!

لقی مووسلْ

کۆنفراسی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی موسلْ

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٥/١/١٨ لەشارۆچکەی بەعشیقە، بەسەرپەرشتی نەقیب و جێگرو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و بەبەشداری دەیان رۆژنامەنووسی کورد و عەرەب و ئاشووری و کلدان و تورکمان ئەندامی سەندیکا، کۆنفراسی دامەزراندنی لقی موسلّی سەندیکا بەسترا، دوای دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رۆژنامەنووسی.

دواتر رۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا وتاری دەستەی ئامادەکاری کۆنفراسی خوێندەوە، ئینجا رۆژنامەنووس ئەنوەر حوسێن ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای وتاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی پێشکەش کرد، پاشان رۆژنامەنووس کونجی خەیرۆ خەلیل راپۆرتی گشتی لێژنەی ئامادەکاری لقی موسلّی پێشکەش کرد، دوای خوێندنەوەی بروسکەی حزب و لایەنە سیاسییەکان و هەروەها رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان کە بەبۆنەی بەستنی کۆنفراسەکە ئاراستە کرابوون، کۆتایی بە دانیشتنی یەکەم هات، دانیشتنی دووەم دەستی پێکرد و سەرەتا فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان چووە سەر مینبەری کۆنفراسەکەو دواتریش داوای لە ئەندامان کرد کە مستەفا سالّح کەریم جێگری نەقیب و زیرەك کەمال سکرتێری سەندیکا وەکو ئەندامی سەرپەرشتی بەڕێوەبەردنی کاروباری کۆنفراسەکە قبوول بکەن، دوای ئەمە دەستکرا بە جێبەجێکردنی برگەو بەرنامەکانی تری کۆنفراس، دواتر کۆنفراسەکە لەدوا وێستەگەکانی کاری خۆی دەستەیەکی بۆ لقی موسلّ هەلّبژارد کە بریتیی بوون لە رۆژنامەنووسان:

١.عەبدولغەنی عەلی یەحیا	سکرتێر
٢.کونجی خەیرۆ خەلیل	ئەندام
٣.دلۆڤان محەمەد سالّح	ئەندام
٤.محەمەد نوری سدیق	ئەندام
٥.تەمەر ئەحمەد عەبدوللاّ	ئەندام
٦.عەدنان ئەحمەد مزوری	ئەندام
٧.تۆفیق سەعید تۆفیق	ئەندام
٨.فەخری محەمەد ئەمین	ئەندام
٩.رۆی ئەحمەد شەوکەت	ئەندام
١١.غەسان ئەلیاس	ئەندام
١٢.نوێنەرێکی تورکمان	ئەندام

ئەمەش دەقی بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی لقی مووسلْ:



لەژێر دروشمی لە پێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان لەکوردستان

بە ئامادەبوونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و جێگری نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لقی (موسلّ)ی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، یەکەمین کۆنفرانسی خۆی لە پارێزگای موسلّ لە کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٥/١/٨بەست.

سەرەتای کۆنفرانسەکە ئامادەبووان دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی رێگای نیشتمان و ئازادی لە عێراق و کوردستان، هەروەها بۆ روحی پاکی شەهیدانی رۆژنامەنووسان وەستان.

دواتر رۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا، وتەی لێژنەی ئامادەکاری لقی موسلّی سەندیکای

خوێندەوەو تیایدا ئەو چالاکیانەی خستەڕوو کە لیژنەکە، لەسەرەتای دروستبوونیەوە کە لە مانگی تەمووزی ساڵی رابردوودا دەست بەکاربوون خستەڕوو.

هەروەها جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە لیژنە هەموو کارێکی سەندیکای بە دڵسۆزی و برایەتی و تەباییەوە لەپێناو کاری رۆژنامەنووسی دا کرد، هەروەها ئاماژەی بەو رووبەڕووبوونەوانەشدا کە لیژنە لەو بارودۆخە نا ئارامەی ئێستا لە موسڵ دا هەیە، سەبارەت بە کردەوەی تیرۆریستی و دوژمنکارانە.

لەکۆتایی وتەکەیدا هیوای ئەوەی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان خواست، کە لەم هەڵبژاردنەی لقی موسڵدا سەرکەوتووبن، بەتایبەتی کە نوێنەری لایەنە سیاسی و پێکهاتە جیاوازەکانی لەخۆگرتووە.

لەم کەشە ئازادییەدا دەبینین کورد و عەرەب و کلدۆ ئاشوری و لایەنە جیاوازە سیاسیەکان، وەکو چەپکە گوڵێك وان، کە بەرهەمی ئەم هاریکاریی و هاوپەیمانیەتیە لەپێناو ژیانێکی ئازاد و ئاسوودەو دواڕۆژێکی رووناك بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان فەراهەم دەکەن.

هەروەها رۆژنامەنووس (ئەنوەر حسێن) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، وتاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی خوێندەوەو بەخێرهاتنی رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد و ئاماژەی بەوەدا، ئەوەی کە ئێستا رۆژنامەنووسان پێی هەڵدەستن، درێژەی ئەو کار و چالاکیانەیە کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی پێدا تێپەڕیوە، هەروەها یەکگرتوویی رۆژنامەنووسان و ئەو هاوپەیمانیەتیەی، کە لە (١٣-١٥-٢٠٠٣/١٢) کۆنگرەی گشتی دا، بووە بناغە بۆ سەرکەوتنی سەندیکاو گرنگی رۆڵی ئەم رێکخراوە.

هەروەها بەستنی کۆنفرانسەکانی لقی (سلێمانی-کەرکوك-دهۆك) خرایەڕوو و ئاماژەی بە بەشداربوونی نەقیب و جێگری نەقیب لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە یۆنان کرد لەگەڵ بەشداربوونی وەفدی سەندیکا لە خولی راهێنان و ئەو سیمینارانەدا کە لە بڕۆکسل وەفدی سەندیکا بەشداریی تێدا کردووە.

لە کۆتاییدا هیوای ئەوەی بۆ لقی موسڵ خواست و جەختی لەسەر پاراستنی ئازادی رۆژنامەنووسی و ئازادی رۆژنامەنووسان کردەوە.

دواتر رۆژنامەنووس (کونجی خەیرۆ خەلیل) راپۆرتی لیژنەی ئامادەکاری بە ئامادەبووان راگەیاند لەبارەی پێکهاتنی ئەو لیژنەیەوە کە لە تەمووزی ساڵی (٢٠٠٣)دا لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە دامەزرا.

پشتگیری ئەو هاوکاریەی کرد کە ئەنجوومەنی سەندیکا پێشکەشی ئەو لیژنەیەی کردووەو ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانیان بەجێ گەیاندووە.

دواتر بروسکەی پیرۆزبایی لقەکانی سەندیکا لە ئەوروپا و سلێمانی و دهۆك و کەرکووك و خوێندرایەوە، هەروەها بروسکەی رادیۆی (ی.ن.ك) موسڵ و مەڵبەندی (ی.ن.ك) لە موسڵ و رۆژنامەی (الافق) لەلایەن الاتحاد الاسلامی (موسڵ و بروسکەی دەزگای خانی بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەو بروسکەی هەردوو رۆژنامەی ئاڵای ئازادی و رێبازی ئازادی و حزبی شیوعی عێراقی- رێکخراوی موسڵ و حزبی شیوعی کوردستان خوێندرایەوە هەروەها بروسکەی پەروەردەی شێخان، لقی لاوانی موسڵ و لقی لاوانی بەعشیقە و ناوەندی لالش رۆشنبیری-رۆژنامەی دەنگی لالش و هەروەها لە ناوەندی رۆشنبیری کوردی لە موسڵ و لقی (١٤)ی (پ.د.ك) لە موسڵ و گوڤاری (زەهرە نیسان) خوێندرایەوە.

دواتر لیژنەی سەرۆکایەتی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی لە بەڕێزان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسان و مستەفا سالّح کەریم جێگر و زیرەك کەمال سکرتێری سەندیکا.

پاشان نەقیبی رۆژنامەنووسان وتەیەکی بە زمانی کوردی لە بارەی گرنگی بەستنی ئەم کۆنفرانسە لە بارودۆخێکی ئاوادا بۆ رۆژنامەنووسان لە موسڵ پێشکەش کرد و لەبارەی کۆبوونەوەیان لە دەوری لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس.

هەروەها هەوڵ و ماندووبوونی لیژنەی ئامادەکاری بۆ بەستنی ئەم کۆنفرانسە بە گەورەیی نرخاند.

جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تیرۆریستان لەناو دەچن و دواڕۆژێکی ڕوناك لەم کەشە دیموکراسیە چاوەڕوانکراوەدا بۆ ڕۆژنامەنووسان بەرقەرار دەبێت.

دواتر ڕۆژنامەنووس مستەفا سالّح کەریم جێگری نەقیب باسێکی لەبارەی دامەزراندنی هەریەکە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێشکەش کرد. ئەو هەوڵانەی کە هەردوو ڕێکخراو لە پێناو یەکگرتن و سەرکەوتنی سەندیکایەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕوونکردەوە.

ئاماژەی بە کۆنگرەی یەکگرتنی ڕۆژنامەنووسان کرد و دواتر تیشکی خستە سەر بەستنی هەرکام لە کۆنفرانسەکانی لقی (سلێمانی–دهۆك –کەرکووك).

هەروەها کارو چالاکییەکانی سەندیکای لە دەرەوە خستەڕوو لەگەلّ بەشداربوونی سەندیکا لە کۆنفرانسەکانی دەرەوەدا بەگشتی و بەتایبەتی ڕۆلّی سەندیکای لە چالاکییەکاندا بەرز نرخاند.

هەروەها باسی لە گرنگی ئەو هاوپەیمانیەتیەی ناو ڕۆژنامەنووسان کرد و بە چەپکە گوڵێکی ڕەنگاو ڕەنگ چواندی.

لەکۆتایی قسەکانیدا سەرکەوتنی بۆ لقی موسڵی ڕۆژنامەنووسان لەم ڕەوتەی ئێستادا خواست و دواتر لە پرۆسەیەکی ئازاد و دیموکراسیدا، هەڵبژاردنی لقی دەستپێکرد بە لیستێکی هاوبەش کە لە (١١) کەس پێکهاتبوو کە بە ئەندامی لقی موسڵ هەڵبژێردران و کەتیایدا ڕۆژنامەنووسانی:

١–عەبدولغەنی عەلی یەحیا بە–سکرتێری لق و ٢–کونجی خەیرۆ خەلیل – یاریدەدەری سکرتێر بۆ کاروباری لق.

هەروەها دەستنیشانکردنی یاریدەدەرانی سکرتێر بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان پێکهات.









چەند دیمەنێك لە کۆنفرانسی لقی مووسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

چالاکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا

لە سەرەتای سالّی تازەوە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە جموجۆلّی و چالاکییەکی بەرچاودایەو کە تێیدا چەندین چاوپێکەوتن ئامادەبوون لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی کە دەربارەی کاری رۆژنامەنووسیی و رەوشی رۆژنامەنووسانی لە کوردستان و عێراق سازدەکرێ، لەسەر بانگهێشتی رەسمی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەولّەتی IFJ سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە رۆژنامەنووس (شێرکۆ حەبیب) ئامادەی کۆبوونەوەکانی رۆژانی ١١ تا ١٧ لە بڕۆکسل کرد، بە نوێنەرایەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە بڕۆکسل–ی پایتەختی بەلژیکا سازکرا لە ژێر دروشمی (**دورة التضامن النقابي والسلامة في العراق**)، ئەمەی خوارەوەش دەقی راپۆرتی ئامادەکراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە:

بەمەبەستی زیاتر بایەخ دان بە کاری رۆژنامەگەری لە عێراق و کوردستان و باس کردنی گیروکرفتەکانی و شێوازی چارەسەرکردن و هەوڵدان بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی بواری رۆژنامەگەری بەتایبەتی لەو بارودۆخەی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، فیدراسیۆنی نێودەولّەتی رۆژنامەنووسان لە درێژەی کارو چالاکی و کۆبوونەوەکانی رۆژانی ١١ تاکو ١٧ لە بروکسل کۆبوونەوەیەکی بۆ نوێنەرانی رۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستان لە بنکەی راگەیاندن لە بەلجیکا کە بارەگای فیدراسیۆنی نێودەولّەتی کە بە شێکە لەو باڵەخانەیە ساز کرد لە ژێر دروشمی (**دورة التضامن النقابي و السلامة في العراق**) **بروکسل ١١– ١٧ شباط/ فبراير٢٠٠٥**

بە ئامادەبوونی:

١- مريم سناطي رئيس تحرير صحيفة القاصد

٢– عالية طالب هيئة تحرير صحيفة النافذة اليومية

٣– زهير الجزائري رئيس تحرير صحيفة المدى

٤– شيركو حبيب نقابة صحفي كوردستان/ فرع اوروبا

٥– جبار طراد نائب النقيب– نقابة الصحفيين العراقيين

٦– اسماعيل زاير رئيس تحريرصحيفة الصباح الجديد

٧– سمير العلي مراسل قناة دبي الفضائية/ بغداد

٨– حسام الصَفار مدير تحرير صحيفة النهضة.

لە فیدراسیونی نێودەولّەتی

ایدان وایت سکرتێری گشتی

حەیات زغیش بەرپرسی بڕۆژکانی فیدراسیۆن لە ولاتانی عەرەبی عەلی هەواری رێکخەری پڕۆژەی عێراقی.

٢٠٠٥/٢/١٢

١١,٣٠–١٠,٠٠

کۆبوونەوەی لێژنەی تەنسیق و مستەشارەکان لەگەلّ سکرتێری گشتی،

پێداچوونەوەی کۆبوونەوەی پێشتر کە لە عمان ساز کرابوو و چی جێ بەجێ کراوە، و گفتوکۆ کردن کە چ پێویستە بکرێت و نیشان کردنی ئەو هەنگاوە زانستییانەی پێویستە بۆ سێ مانگی ئایندە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە ئایدان وایت خۆشحالّی و سوپاسی خۆی ئاراستەی ئامادە بووان کرد، و کۆبوونەوەکەی بە هەنگاوێکی گرنگ نرخاند.

بە تێروتەسەل باسی لە رۆڵی راگەیاندنی کرد لە چەسپاندنی دیمەکراسیەت لە جیهان دا، وگوتی بەلاّم جێگای داخە کە رۆژنامەنووسان لە زۆر و لاّت کە بەدیموکراسی ناسراون گوێ نادەن بە مافی رۆژنامەنووسان بەلّکو دووچاری زۆر تەنگ و جەلّەمە دێن و گوتی بۆ نموونە ئەو رۆژنامەنووسانە کە لە عێراقەوە هاتوون ماوەیەکی زۆە چاوەڕوانی ڤیزە بوون بۆ ولاّتی بەلجیکا کە ولاتێکی دیموکراتییە بەلاّم رەفتاری لەگەلّ ئێوە زۆر دوورە لە دیمەکراسیەت بۆیە من داوای لێبوردن دەکەم و یادداشتێك ئاراستەی بەرپرسان دەکەین.

ئایدان وایت: ئێمە دەزانین بارو دۆخی عێراق چۆنە و لە ژێر چ فشارێکدان بە تایبەتی کارمەندانی میدیا و رۆژنامەنووسان کە بوونەتە ئامانجی تیرۆریستان و هێزەکانی داگیرکەر و حکومەتی عێراقیش ئەو توانایەی نی یە کە پاراستنی سەلامەت

رۆژنامەنووسان لە ئەستۆی خۆی بکرێت، بۆیە ئێمە داوا لە حکومەتی عێراقی و هێزی هاوپەیمان دەکەین کە ئەم خاڵە بە گرنگ وەربکرن.



ئێمە ئەمرۆ لێرە دا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی باس لەو کارانە بکەین کە لە کۆبوونەوەی عمان باسی لێوە کرد تا چ رادەیەک توانیومانە کارەکان بە ئەنجام بکەینین بۆ ئایندە چ پێش نیار دەکەن، چون دەتنوانین سەلامەتی رۆژنامەنووسان دابین بکەین؟ رۆژنامەنووس چ رۆلْیک دەبینێ لە دارشتنی دستوری هەمیشەی عێراق؟

بۆیە لەلای من گرنگە ئەوەی لێرە باسی دەکەین ئێوەش بە نەقەبەکان و هاوکارەکانتان بکەینن، کۆبوونەوە ئەنجام بدەن لە گەلْ رۆژنامەنووسان و سەرنووسەران بۆ ئەوەی بزانن بۆ چوونیان چی یە، ئێوە نوێنەری ئەوان ئێوە وەک مستشارن ئەوەی لێرە فێری دەبن دەبێ بەوانیشی بلْێن، دەبێ ئێوە هەموولایەک پێکەوە هەولْ بدەن بۆ ئەوەی هەر گیروکرفتێک هەبێت بەسەری دا زالْ بن، و ئێمە ئامادەین بۆ هەموو هاوکاریەکتان بەلام نابێت هەموو شتێک بۆ ئێمە واز لێبێنن، خۆتان دەبێ هەولْ بدەن ، رۆژنامەنووسانی کوردستان لەو ماوەی رابردودا توانیان خۆیان یجەسپێنن و زال بن بەسەر هەموو گیروکرفتێک و ئێستا ئەندامی ئێمەن و پەیوەندی رۆژ لە دوای رۆژ بە هێز تردەبێت، ئێوەش پێویستە سود لە ئەزموونی ئەوان وەربکرن من لەو باوەرەدام بەلْکو متەئەکدم کە ئەوان درێغی ناکەن لە هەر هاوکاریەک داوایان لێ بکەن، لەم سەردانەتان چاوتان بە زۆر لایەن دەکەوێت بۆ دابین کردنی سەلامەتی رۆژنامەنووسان چ پێشنیار و داواکاریتان هەیە بیلْێن، دەمانەوەی گروپێکی بەهێز بن لە عێراق، دەزانن ئەوەندەی رۆژنامەنووسان گیان لە دەست داوە لە عێراق زیاترە لە هەموو جیهان لە سالْی رابردوو نیوەی کارمەندانی میدیا چ عێراقی و چ بیانی ئەوانەی گیانیان لە دەست دا لە عێراقە. ئێستاش پێم خۆشە گوێم لە ئێوە بێت ئەوجا بابەتەکان باس بکەین.

باس لە رەوشی رۆژنامەگەری لە عێراق کرا و نوێنەرانی بەغدا ئاماژەیەن بەوە کرد کەوا لێژنەیەکی خۆئامادەکاری لە ٢٧ رۆژنامەنووس پێک هاتووە بۆ هەلْبژاردنی نەقابەی عێراقی. حسام ئەلسەفار کە نوێنەرایەتی بەناو یەکێتی رۆژنامەنووسانی عێراقی دەکرد لە زۆر باسەکانی داوای یەکبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە گەلْ نەقابەی عێراقی دەکرد، بەلام اسماعیل زایر و زهیر جزائیری هەلْوێستیان جیاواز بوو، ئێمەش بۆ ئامادە بوانمان روونکردووە کەوا ئەم کۆبوونەوەیە پەیوەندی بەو باسەوە نی یە، و ئێمە وەک سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆتایمان بەوە باسە هێناوە لە کاتی سەردانی بەرێز ئایدان وایت بۆ کوردستان و پێمان گوتوە ئێمە بە هیچ شێوەیەک ئەو قەبولْ ناکەین و نامانەوێ باسیشی لێوە بکەین، و ئەوانیش کەیشتونە ئەو قەناعەتە کە ئەم بابەتە پێویست ناکات باسی لێوە بکرێت، و لە لایەکی دیکەوە ئێمە ئەندامی بەشداری فیدراسێونی نێودەولْەتین و هیوادارین کە لە ئایندەیەکی نزیک ببین بە ئەندامی کارا.

بەلام وادیارە هاوکارم بەرێز حسام ئاگاداری ئەو رێککەوتنە نی یە کە لە نێوان ئێمە و نەقابەی عێراقی مۆر کراوە بۆ هاوکاری کردن لە نێوان هەردوو لا بۆ زیاتر بەرەو پێشردنی کاری رۆژنامەگەری لە عێراق،

وئێمەش لێرەوە دووپاتی دەکەینەوە هەروەک لە کاتی سەردانی بەرێز وایت بۆ کوردستان ئەنجوومەنی سەندیکا ئامادەی خۆی دەربری بۆ هەموو جۆرە هاوکاریەک، هەروەها بەرێزان نەقیب و جێگری نەقیب لە کاتی چاو پێکەوتنیان لەگەلْ

بەرێز ئایدان وایت لە ئەسینا سالّی پار، دووپاتی هەمان هاوکاریان کردەوە هەروەها پێشنیاری ئەوەشیان کرد کە لە هەولێر کۆبوونەوەیەک رێک بخرێت لە نێوان نوێنەرانی رۆژنامەنووسانی عێراقی بە چاودێری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و سەرپەرشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

ئایدان وایت خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو رێککەوتنە دەربڕی وگوتی هەنگاوێکی ئیجابیە، وسەبارەت بە یەک بوونی سەندیکا رۆژنامەنووسانی کوردستان لە گەڵ نەقابەی عێراقی گوتی لە راستی دا ئەو بابەتە پێویست نی یە باس بکرێت، ئاسایە لە وڵاتێک دوو سەندیکا هەبێت و کوردەکانیش هەوڵ و قوربانەیکی زۆریان داوە ومافی خۆیانە لە دامەزراندنی رێکخراو سەندیکاکانی تایبەت بە خۆیان، و ئەوان ئەندامی ئێمە و جارێکی تر دەڵێم هەوڵی زۆریان دا بۆ بوون بە ئەندام لە گەڵ ئێمە، بۆیە پێشتر ئامارەم پێ کرد کە داوام لە ئێوەش کرد کە سوود لەوان وەربگرن سوور بن لە بەرەوپێش بردنی کاری رۆژنامەگەری لە وڵاتەکەتان بۆ هەموو شتێک پشت بە ئێمە مەبەستن.

١١,٤٥–١١,٣٠

پشوو

١٣,٠٠–١١,٤٥

بەردەوامی کۆبوونەوە

لە بەشی دووەمی کۆبوونەوە باس لە باردودۆخ و تیرۆر کردنی رۆژنامەنووسان کرا، هەروەها باس لە راگەیاندنی سلبی کرا، ئایدان وایت کاری راگەیاندنی لە ئایندەی عێراق بە گرنگ نرخاند و گوتی پێویستە ئێوە بتوان بە شێوەیەکی دروست و رێک پێک رۆڵی خۆتان لە ئایندەی سیاسی عێراق ببینن و بەتایبەتی لە دارشتنی دستوری هەمیشەیی و دەبێ جەخت لەسەر ئازادی رادەربرین بکرێت چونکە ئەو ماوەی ئایندە ئەو ١١ مانگە زۆر گرنگە لە ژیانی سەرجەم عێراقییەکان بۆیە دەبێ ئێوە رۆڵی کاریکەری خۆتان ببینن ئێوە چینی رۆشنبیری و خاوەن ئەزموونن، پێویستە بە شێوەیەکی سیاسی ژیرانە رەفتار بکەن.

باس لە راگەیاندنی سلبی و رۆڵی لەسەر کێشەی عیراق کرا هەندێك لە ئاماده بووان وەك عالیە تالّیب و مریم سناتی پێیان وایە کە ئەوانەی بە دەبابەی ئەمریکی هاتوون هۆیکاری ئەو جۆرە راگەیاندنەن ، عالیە تالیب لەو روانگ ئەو هێرشانەی دە کرێنە سەر هەندێك رۆژنامەنووس لەقەڵەم دا، وباسی هەندێك دەزگاکانی راگەیاندنی عەرەبیان کرد بێ ئەوەی ناوی هیچ لایەنێك بێنن.

اسماعیل زایر لە وەلاّمی عالیە دا گوتی باشە ئەوانی تۆ دەڵێی بە دەبابەی ئەمریکی هاتوون هێرش دەکرێتە سەریان ، زۆر لایەنی تر هێرش کراوەتە سەریان و بە بێ دەبابەی ئەمریکی هەر لە ناو ولاّت بوون وەك التاخی و الاتحاد.

ئێمەش لە سەر ئەو بابەتە گوتمان پێویست ناکان بە ئەلغاز باس لەو کێشەیە بکەین ئەوەتا قەناتی ئەلجەزیرە بە ئاشکرا هاوکاری تیرۆریستان دەکات و دژایەتی کەلانی عێراق دەکات، پێوستە رسوا بکرێت هەموتان قەناتی ئەلفیحاتان بینی کە ئیرهابیەکان گۆڕایەڵی ئەلجەزیرە بوون، بەلاّم ئەوەی لای من جێگای سەرسوورمانە چون فیدراسیونی نێودەوڵەتی پشتگیری لەو قەناتە دەکات داوا دەکەم بەرێز سکرتێری گشتی ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە، بەڵێ ئێمە لە گەڵ رەفتاری حکومەتی عێراقی نین بەو شێوەی ئەو جۆرە گرفتانەی پێ جارەسەردەکات، لەلایەکی ترەوە ئێمە لەگەڵ هەموو هەفتارێکی هێزەکانی ئەمریکی نین بەلکو جیاوازی لە نێوانمان دا هەیە، بەلاّم لە هەمان کات نابێ ئەوەش لە یاد بکەین ئەگەر ئەوان نەبوانە و دەبابەی ئەوان نەبوایە عێراق رزگاری نەدەبوو و ئەو هاوکارە عێراقیانەشم لێرە بەدی نەدەکران.

زهیر الجزائیری و اسماعیل زایر: ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەین پێویستە ئەجەزیرەو ئەوانەی لەسەر هەمان شێوەن چارەسەربکرێن.

ئایدان وایت ئێمەش لەگەڵ ئێوەین مانای وانی یە ئێمە بەیانێکمان دژی دانخستنی نووسنگەکانی ئەلجەزیرە دەرکردووە ئێمە پشتگیریان لێ دەکەین نەخێر بەلاّم ئێمە رەفتاری حکومەتی عێراقیمان

بەدلٌ نەبوو کە هێزەکانی پۆلیس ئەو دەزگایە دابخەن ئێمە باس لە دیمەکراتیەت دەکەین دەتوانرا بە شێمەیەکی تر ئەو بریارە جێ بەێ کرابایە، ئێمە لەگەل ئەلجەزیرە کۆك نین بەلٌکو ناکۆکی لە نێوانمان داهەیە لەسەر شێوازی کارکردنیان و پێمان گوتون ئێوە راست نین ئەو زیان بە راگەیاندن دەدەات.

باس لە بەستنی کۆبونەوەیەکی گشتی بۆ نوێنەری گشت رۆژنامەنووسانی عێراق کرا لە مانگی نیسان پێشنیاری بەغدا و هەولێر کرا، هەندێ لە رۆژنامەنووسان عالیە تالیب و حسام سەفار و مریم سناتی و سمیر العادلی لەگەلٌ ئەوە بوون لە بەغدا ساز بکرێت، من و زهیر و اسماعیل لە گەلٌ ئەوە بووین لە هەولێر ساز بکرێت، ئێمە هەولێرمان بە باشتر زانی لەبەر بارودۆخی ئەمنی، وگوتم ئێمە پێمان خۆشە کە لە بەغدا ساز بکرێت و پایتەختی هەموومانە بەلٌام زەمانەتەی گیانی ئەو رۆژنامەنووسانە کێ دەی کات، ئێمە لە کوردستان هەموو زەمانەتێکتان دەدینێ کە پاراستنتان لە ئەستۆی ئێمە دەبێت تەنها خوانە خواستە ئەوەی لەلایەن خودای گەورەو نەبێت و انشاو خودا هەموو لایەکمان دەپارێزێ، ئەگینا ئەوی تر بۆ ئێمە لێ بگەرێن.

ئایدان وایت گوتی من نامەوێت شتێکی وا زەق و بەرچاو بکەن یا هێزەکانی ئەمریکی بمانپارێزێ، وپێم گوت خۆت باش دەزانی ئەو کاتەی هاتیتە کوردستان هیچ هێزێکی ئەمریکی بەرپرسیار نەبوون لە پاراستنتان بەلکو هێزی پۆلیسی کوردستان بوون و هێزی ئاسیاشی کورد بوون ئەوانەش بەشێکن لە هێزی عێراقی، واتە هەر هەمان هێز ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆی خۆی .

و گوتم ئەگەر لە بەغدا ساز بکرێت بارودۆخەکە وەك ئێستا بێت و نائاسایی بێت کورد سەربرن ئێمە ئامادە نین گیانی یەك رۆژنامەنووس بخەینە مەترسی، تاکو ئێستا بریاری کوتایی لەسەر نەدراوە.



بۆ کۆبوونەوەی دوای نیوەرۆ دوو لێژنە دەست نیشان کران بۆ دارشتنی یاسای رۆژنامەنووسی و دستوری کاری رۆژنامەگەری لە عێراق .

١٧,٠٠-١٤,٠٠

لەو کۆبوونەوەیە پێشنیار و بۆ چوونەکان باس کران سەبارەت بە هەردوو لێژنە، بەلٌام من لە سەرەتا پێم گوتن ئێمە ئەگەر چی بەشداریمان کردوە لەم بابەتە بەلٌام ئێمە پابەندی ئەو یاسایە نابین چونکە ئێمە یاسای سەندیکامان هەیە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و هەر دەسکاریەك هەبێت دەبێت کۆنفرانسی گشتی بریاری لەسەر بدات و دەدرێتە پەرلەمان، ئێمە و هەك هاوکاریەك بەشداریمان لەو گفتوکۆیە کردوە، چونکە خۆتان دەزانن ئێمە ئێستا لە دەولٌتێکی فیدرالٌ دا دەژیەین و بۆ کاروباری دەرەوە و عەسکەری و دارایی و دادوەریی نەبێنت ئێمە یاسای تایبەت بە هەرێمی فیدرالی کوردستان هەیە.

٢٠٠٥/٢/١٣

١١,٠٠-٩,٣٠

سەبارەت بە سەلامەتی رۆژنامەنووسان

سارە دو یونگ جێگری بەرێوەبەری ئەنستیوتی سەلامەتی نێودەولٌەتی

ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەولٌەتی رۆژنامەنووسان

لەم کۆبوونەوەیە هەر یەك لە سارە یونگ و ئایدان وایت باسی گرنگی سەلامەتی و پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسانیان کرد، جەختیان لەسەر ئەو ە کرد کەوا پێویستە دامو دەزگاکانی راگەیاند ئەو دەزگایەی رۆژنامەنووس کاری لێ دەکات کەرەستەی سەلامەتیان بۆ دابین بکەن، هەروەها باسیان لە گرنگی خولی مەشق کردن کرد و

پێویستە رۆژنامەنووس بەشداری لەو خولانە بکات، هەروەها پێویستە رۆژنامەنووس زانیاری لەسەر مافی مرۆڤ و یەکەوتنامەی جنێف هەبێت.، هەر لە میانەی ئاخافتنەکەی خاتوو سارە ئاماژەی بەو خولە کرد کە لە سلێمانی سازکرا لە مانگی ١ رابردوو هەروەها باسی لە سەرکەوتنی ئامانجەکانی کرد.



دواتر هەر یەک لە ئامادە بوان رای خۆی دەربری سەبارەت بە سەلامەتی رۆژنامەنووسان و پێویستی رۆژنامەنووسانی عێراقی بەم جۆرە خولانە،

سەبارەت بەو خولەی لە سلێمانی کرا ئێمە گوتمان شتێکی باش و سەرکەوتوو بوو بەلأم ئەگەر هاوکاری و تەنسیق لەگەلْ سەندیکا کرابایە باشتر وسەرکەوتوو تر دەبوو،وهیوادرین لە ئایندە ئەو جۆرە خول و مەشقانە بە هاوکاری بێت لەگەلْ سەندیکا بۆئەوەی زیاتر سەرکەوتوو بێت وژیانی ئەو پسپۆرانە و رۆژنامەنووسانە دابین بکریت، خاتوو سارە بەلێنی ئەوەی دا کە هەر خولێك لە کوردستان لە لایەن ئەوانەوە ساز بکرێت چ بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان یا عێراقی بە هاوکاری وهەماهەنگی بێت لەگەلْ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

ئایدان وایت لە لای خۆیەوە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە خولی جۆراو جۆر لە کوردستان رێك دەخرێت.

١١,٣٠ــــ١١,٠٠

پشوو

١٣,٠٠-١١,٣٠

بۆ چوونی چەند رۆژنامەنووسێکی ئەوروپی کە لەو ماوەیەدا کاریان لە عێراق کردووە.

دانیل دوموستی وێنەگری تەلەفزیونی ای-تی ڤی بریتانی

رودی فرانکس پەیامنێری ڤی ار تی سوئیتی

سمیر العادلی پەیامنێری قەناتی دبی لە عێراق

١٩,٠٠-١٤,٠٠

تەدریب کردن لە سەر سەلامەتی و پاراستن (تدریب السلامه و الحمایه)

لە راستی دا زۆر بە سوود بوو و سوودمان لێ بینی.

٢٠٠٥/٢/١٤

١٢,٣٠-١٠,٣٠

کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەلْ کۆمەلێك رۆژنامەنووسی ئەوروپی بە ئامادە بوونی جێگری سەرۆکی کۆمسێونی ئەوروپی، ئەو کۆبوونەوەیە زیاتر بۆ باس کردنی کاری رۆژنامەگەری لە ئەوروپا بوو ئێمەش وەك میوان ئامادە بووین.

١٤,٠٠-١٢,٣٠

میواندارى لە لایەن ئایدان وایت

١٦,٠٠-١٤,٠٠

کۆبوونەوە لەگەلْ نقیبی رۆژنامەنووسانی بەلجیکا کە باسی پێکهاتی دەولّەتی فیدرالی بەلجیکا و دامەزراندی نەقابەی رۆژنامەنووسانی کە لە سالّی ١٨٣١ دامەزراوە، باسی لە پێك هاتەی رۆژنامەنووسان و گوتی ٥هەزار ئەندامان هەیە، وباسی لە کێشەی رۆژنامەنووس و پۆلیس کرد کە هەندێك جار تووشی بەربەست دێن. هەر یەك لە ئێمەش باسی سەندیکاو نەقابەی کرد بە تێروتەسەل.

لەم کۆبوونەویە باس لە پێشنیار و کۆبوونەوکان کرا ئەم برارانە دران

١- کۆبوونەوەیەکی گشتی لە عێراق ساز بکرێت لە مانگی نیسان لە دواتر کات و شوێنەکەی دیاردەکرێت.

٢- بایەخ دان بە سەلامەتی رۆژنامەنووسان و رێك خستنی خولی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

٣- ئیدانە کردنی ئەو کارە تیرۆریستانەی دەکرێنە سەر رۆژنامەنووسان.

٤- نارندنی نامەیەك بۆ کوفی ئەنان و سەرۆکی ئەمریکی و سەرۆك وەزیرانی بەریتانی و حکومەتی

عێراق، بۆ زیاتر بایەخ دان بە سەلاّمەتی و پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان، بە تایبەتی حکومەتی عێراقی کە پێویستە رۆلّی کاریکەر ببینێ لە دابین کردن و پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان.

٥- رۆژنامەنووسانی عێراق پێویستە تاکو مانگی نیسان بتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆ ئەوەی ئەو کۆبونەوە گشتیەتە بە ئامادە بوونی نوێنەرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ساز بکرێت.

٦- رۆژنامەنووسانی عێراق بە گشتی پێویستە رۆلّی خۆیان ببینن لە دارشتنی دستوری عێراقی بۆ ئەوەی بتوانن ئازادی را دەربرین بچەسپێنن لە دستوری هەمیشەی عێراق.

٧- دەست نیشان کردنی سێ کەس وەک منەسیق بۆ هەلّسورانی کارەکان و پەیوەندی کردن لە گەلّ فیدراسیۆن و رێکخراوە جیا جیاکانی ، کە بریتین لە (حسام ئەلسفار- جەبار تەراد - شێرکو حبیب) و ئەوانە دەبنە نوێنەری فیدراسیۆن لە عێراق

٨- دەست نیشان کردنی زەیر ئەلجەزائیری وەک جاودێری مافی مرۆڤ- عالیە تالیب بۆ بەشی بلاّوکردنەوە- مریم سناتی بۆ بەشی ئافرەتان - سمیر العادلی بۆ بەشی سەلامەتی.

٩- ئەم لێژنەیە وەک لێژنەیەکی ئیستشاری دەبێت ، بۆ هیچ لایەنێک نی یە خول مەشق کردن لە عێراق ساز بکات بەبێ ئاگاداری ئەوان.

١٠- پێویستە لە سەر ئەندامانی ئەو لێژنەیە هەر یەک لە ناوچەی خۆی لەگەلّ سەندیکاکەی خۆی کۆببێتەوە و هەروەها لەگەلّ سەرنووسەران بۆ وەرگرتنی راو بۆچوونیان سەبارەت بە بارودۆخی کاری رۆژنامەگەری و پێشنیار و راو بۆچوونیان لەم بارەیەوە.

١١- پێویستە لەسەر ئەندامانی ئەو لێژنەیە ئەو خولی مەشق کردنەی فێری بوون بۆ رۆژنامەنووسانی خۆیان باسی بکەن و مەشقیان پێ بکەن.

١٢- کرنەوەی نووسینگەیەک بۆ تەنسیق کردن لە نێوان رۆژنامەنووسانی عێراقی و فیدراسیۆن و بە شێوەیەکی کاتی بارەگاکەی لە عمان دەبێت تا بارودخی بەغدا هێور دەبێتەوە بارەگاکە لە بەدا دەبێت، سەبارەت بە تەنسیق کرد بە سکرتێری گشتی فیدراسیۆن گوتم ئێمە ئەندامی ئێوەین و ئومێدەوارین کە ببینە ئەندامی کارە، بە دروستی نابینم هاوکاری و پەیوەندی ئێمە لە رێگای ئەو نووسنگەیەوە بێت، لە وەلاّمدا گوتی ئێوە پەیوەندیتان راستەو خۆ دەبێت بەلاّم پێم خۆشە بۆ ئەم مەبەستە ئێوەش هاوکاربن.

٢٠٠٥/٢/١٥

١٠,٣٠-٩,٣٠

چاوپێکەوتن لەگەلّ بەرێوەبەری گشتی پرۆژەکانی عێراق لە کۆمسیونی ئەوروپی خاتوو کارین گیت روتیر.

خاتوو کارین گیت روتیر لە کووسنگەی تایبەتی خۆی لە کۆمسیۆنی ئەوروپی پێشوازی لە شاندی رۆژنامەنووسانی عێراق و کوردستان کرد، سەرەتا خۆش حالّی خۆی دەربری بەم دیدارە، دواتر بە تێرو تەسەل باسی لەو یرۆژانە کرد کە لە عێراق ئەنجامیان داواە هەروەها ئەوانەی لە ئاینەدەش ئەنجامی دەدەن، وگوتی لەسەرەتایی کار کردنمان لە کوردستانەوە دەستمان پێکرد چونکە کوردستان ئازاد بوو و هەروەها ئارام و هێور بوو وئێمە تاکو سالانی ٩٢ هیچ پەیوەندیەکمان نەبوو چ لە گەلّ کوردستان یا عێراق.

دواتر خاتوو کارین گوێ رایەلّی شاند ی رۆژنامەنووسان بوو سەرەتا زەیر الجزائیری داوای هاوکاری و یارمەتی بۆ رۆژنامەنووسانی سەرجەم عێراق کرد، دواتر رێگا بە من درا لە سەرەتا سوپاسم کردن بە ناوی سەندیکا و چۆنیەتی دامەزراندنی سەندیکا و پێکهاتەکەیم بۆ باس کردن وگوتم ئەگەر هاوکارانی عێراقیم جارێک پێویستیان بە هاوکاری بێت رۆژنامەنووسانی کوردستان دووجار پێویستیان بە هاوکاری هەیە لەبەر ئەوەی ئێمە لە کوردستان دوو ئابلوقەمان لەسەر بوو یەک سەدامی و ئەوی تریش دەولی بوو، بەلاّم سەرەاری ئەوەش

ئێمە هەر سووربوونی لە سەر چەسپاندنی دیموکراتیەت بەو ئیمکانیەتەی خۆمان ئێستاش داوا دەکەم کەوا یارمەتیمان بدەن بۆ هاتنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ دەرەوە بۆ بینینی ئەو پێشکەتنە گرنگانە کە ماوەی ٣٥ ساڵە سەدام نەهێشتووە کوردێك سەفەری دەرەوەی ولآت بکات، هەروەها پێویستیمان بە خولی فێر کردن و مەشق کردنە لەگەڵ دابین کردنی کەرستەو ئامێری تازە بۆ گشت دەزگاکان کە بریتین لە تەلەفزیون و رادیۆ گۆڤار و رۆژنامە، هەروەها لە بواری مافی مرۆڤیش بێویستیمان بە یارمەتی هەیە.

خاتوو کارین بەڵێنی دا کە هاوکاریمان بکات گوتی: هەردوو کتان پرۆژەیەکمان بۆ بهێنن لە سەر ئەو پێداویست و داواکاریانە یەکتان بۆ عێراق و ئەوی تریش بۆ کوردستان پێشکەشی فیدراسێونی نێو دەوڵەتی بکەن، بەڵآم ئێمە یارمەتی داری نادەین .

١١,٠٠–١٣,٠٠

سەردانی بارەگای رۆژنامەی (لو سوار)ی بەلجیکی

رۆژنامەی لوسوار رۆژنامەیەکی بلجیکیەو بەزوبانی فەرەنسی ١٢٠ هەزار دانە رۆژانە چاپ دەکەن و ١٠٠ هەزاری لێ دەفرۆشێت ، و سەردانی گشت بەشەکانیمان کرد و ئەم رۆژنامەیە لە سالانی ١٨٣٥ دەردەچێت و تاکو ئێستا بەردەوامە و خاونەکەی ئێستا کە ئافرەتێکە لە باوك باپیرانی بۆ ماوەتەوە خۆی سەرنووسیەرە، ئێمە چاومان بە بەرێوەبەری نووسین کەوت بەشەکانی هەمووی پێنیشان داین،

١٤,٠٠–١٧,٠٠

دانیشتنی کۆتایی.

کردنەوەی مالپەڕێك بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەژێر چاودێری IFJ

١– لە ئاکامی کۆبوونەوەکانی فیدراسێونی نێودەوڵەتی لەگەڵ نوێنەرانی رۆژنامەنووسانی عێراق و کوردستان لە عمان ، و دوا کۆبوونەوە لە برۆکسل، بریار درا بە کردنەوەی مالپەڕێك بە هەردوو زوبانی کوردی و عەرەبی لە ژێر چاودێری فیدراسێونی نێودەوڵەتی،و لە کۆبوونەوەی برۆکسل کە لە ١١–١٧ /٢/ ٢٠٠٥ سازکرا، بریاری کردنەوەی ئەو لاپەرەیە لەسەر ئینتەرنێت درا و بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو رۆژنامەنووس (عەدلی هەواری) کە رۆژنامەنووسێکی بەرەگەز فەلستینیە و لە بەریتانیا کار دەکات بۆ بەشی عەرەبی، ورۆژنامەنووس (شێرکو حبیب) بۆ بەشی کوردی دەست نیشان کران.

٢– مەبەست لە کردنەوەی ئەو مالپەرە ئەوەیە کە هەواڵی رۆژنامەنووسانی عێراق و کوردستان، و بابەتەکانی فیدراسێون کە دوای ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەگوردرێت و ، و هەروەها چەندین بابەت کە پەیوەندارن بە کاروباری رۆژنامەنووسی وەك سەلامەتی و رەوشی رۆژنامەنووسان....هتد، تێدا بلاوەکرێتەوە، تکایە هەر بابەتێك کە دەزانن سوود بەخشە بە کاری رۆژنامەگەری بۆمانی بنێرن چ بە زوبانی عەرەبی یا کوردی بۆ ئەوەی لەو لاپەرەدا بلاوببێتەوە.

٣– لە کۆبوونەوەی برۆکسل فیدراسێونی نێودەوڵەتی داوای ئەوەی کرد کە رۆژی ٨ نیسان یادی ئەو رۆژنامەنووسانە بکرێتەوە کە لە عێراق گیانیان لە دەست داوەو ئەم داوەیەشی سەرتاپای ئەندامانی فیدراسێون دەکرێتەوە، دەتوانرێ بە ساتێك راوەستان، یا بە بەیانێك یاد بکرێتەوە؟

ئاگاداری


لە ژمارە (٢)ی رۆژنامەنووس دا ئاگاداری هەموولایەکمان کردبۆوە هەردوو بابەتی (بوونا رۆژنامەگەریيا کوردی...)و (رۆژنامەی کوردستان و کاریگەریی لەسەر هۆشیاری نەتەوەیی)، لەبەر چەند هۆیەکی تەکنیکی و زمانەوانی بخرێتە ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی بابەتەکەی دووەممان لەبەر دانەیەکی چاپکراو بە کۆمپیوتەر تایپ کردبوو، کە زۆر هەڵەی (زمانەوانی) تێدابوو بەبێ دەستنووسەکە راستکردنەوەی مەحاڵە.

سەرەتا ویستمان، بە تەنیا (پێشەکی)یەک، روون کردنەوەیەکی لەسەر بنووسین و بڵاوی بکەینەوە، بەڵام لە دوا ساتەکانی نەخشەسازیدا بە بیرمان هاتەوە کە ئێمە بڕیارمان داوە هیچ بابەتێك بەنیوەچڵی نەخەینە بەردەم توێژەرو خوێنەرانمان، بۆیە داوا لە کاك (شاخەوان مەلا محەمەد) دەکەین لەهەر شوێنێك بێ، با پەیوەندیمان پێوە بکات و دەستنووسەکەی خۆیمان بۆ بنێرێ تا بابەتەکەی بڵاوبکرێتەوە.

* ئامادەکاری (ئیندێکسی گۆڤاری پێشەنگ) ئاگادار دەکەینەوە، لەبەر هۆی تەکنیکی بابەتەکەی ئەویش خراوەتە ژمارەیەکی دیکەی رۆژنامەنووس، ئومێدەوارین بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەی ئامادە بکات تا هەردوو بەشی بابەتەکە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەمان شوێنی خۆیان بگرن.

* توێژەرانمان ئاگادار دەکەینەوە لەمەودوا هەر بابەتێك بۆ گۆڤارەکەمان دێت دەبێ نوسخەی ئەسڵی لەگەڵدابێت، ئەگینا بڵاوناکرێتەوە !

لەگەڵ ڕێزی زۆرمان بۆ هەموو لایەك



شانازی بە کێڵی قەبرانەوە ناکرێ... بەڵام..؟!

ع.ز



گۆڕی شاعیری نەتەوەیی، جوانەمەرگ (دڵدار)



گۆڕی شاعیری جوانەمەرگ محەمەد شەریف میهری هەولێری

لە ناوەندی کانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا بوو، بە بۆنەی ساڵوەگەڕیی کۆچی دوایی (دڵدار)ی شاعیری کوردایەتی، نووسینێکی کاك (سالار عەبدولڕەحمان)م بردە لای کاك (شێرزاد عەبدولڕەحمان) تا لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاوی بکاتەوە، ئەوەبوو لە گۆشەی (پرۆفایل)ی ڕۆژنامەکە بڵاوکرایەوە، سەیرەکە لەوەدابوو بڵاوکردنەوەی نووسینەکە کەوتە دووەم ڕۆژی کۆڕەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری (ئیدارەی هەولێر)، بەڵام وادیاربوو خۆم ئاسایی (خەبات)یش لە کات و ساتی کۆڕەکە ئاگادار نەکرابووەوە، بۆیە هەوڵی دەستپێکردنی لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە جێی خۆی نەکردبۆوە، دوو سێ ڕۆژ دواتر کاك (مەحمود زامدار) گلەیی لێ کردم کە لە کۆڕەکاندا ئامادە نەبووینە، ئەوسا وەڵامی من ئەوەبوو، ئەو برادەرانە بە وەخت و ناوەخت تەنیا ئەو کاتانە پەیوەندیم پێوە دەکەن کە کاریان بە ئەرشیفەکەم هەبێ یان پۆستەچێتییان بۆ شارەکانی دیکە بۆ بکەم.

ئینجا لەگەڵ (زامدار) لەسەر ناوەڕۆکی نووسینەکەی (سالار) دواین و باسی خەونەکەی ئەومان لەمەڕ بنیادنانی (گۆڕستانی مەزنان) لە هەولێر کرد، ئەو گوتی: لە دانیشتنی یەك لە کۆڕەکان باس لەوە کراوە گوایە گۆڕەکەی (دڵدار) چەند ساڵێکە لەگەڵ زەوی تەخت بووەو ئاسەواری نەماوە.

دیارە منیش پێشتر ئاگاداری چۆنیەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم (پرۆفایل)ـەو پەڕۆشی نووسەرەکەی بۆ دۆزینەوەی گۆڕەکەی (دڵدار)و خەونەکانی دیکەی بووینە، بۆیە دەڵێم: برایانم ئاگاداربن بەپێی ئەو وێنەیەی دەیبینن وا گۆڕەکەی (دڵدار) هێشتا لە شوێنی خۆیەتی.

ئەوەتا کاتێك کاك (سالار عەبدولڕەحمان) دەبیستێ ئارامگای (دڵدار) وا لەگەڵ هەزاران گۆڕی دیکە خەریکە ببێتە قوربانی پرۆژەیەکی بازرگانی، ڕۆژی دووەمی جەژنی ڕەمەزان کامێرا بچووکەکەی هەڵدەگرێ و لە بەیانییەوە دەچێتە ناو گۆڕستانی گەورەی هەولێر تا دوای نیوەڕۆ دەمێنێتەوەو بەدوای ئارامگەکەدا دەگەڕێ، بەڵام هەر نایدۆزێتەوە، کە بێ ئومێد دەبێ دەگەڕێتەوە ماڵەوە، کتێبەکەی مامۆستا (عەبدولخالیق عەلائەدین) دێنێتە بەردەست، بەپێی ئەو وەسفەی کە لەناو کتێبەکەدا کراوە، هەنگاو بە هەنگاو دەڕوا تا دەگاتە سەر ئارامگاکە، هەر لە نزیك ئەویش گۆڕەکەی میهری هەولێری دەدۆزێتەوەو وێنەیەکی ئەویش دەگرێ، لەگەڵ وردبوونەوەم لە وێنەکان هەموو ئەو بابەتانەم دەهاتنەوە پێش چاوان کە بە تێروتەسەلی لەسەر لاپەڕەکانی چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (گەلاوێژ)ی چلەکان بڵاوکراونەتەوە، کەچی وا ئێستا لە دوتوێی ئەم کتێبانەدا کە لەبارەی (دڵدار)ن بە نیوەچڵی و ناتەواوی دیانخوێنینەوە..!

ROZHNAMANOOS

Aperiodical magazine specialized in press
Issued by Kurdistan Journalist's Syndicate

